مارتن هایدیگەر

# بوون و کات

وەرگێڕان و پێشەکی

د. محەمەد کەمال

Martin Heidegger

# Being and Time

Translated and introduced by
Muhammad Kamal

سەرچاوە:

Martin Heidegger, *Being and Time*, translated by John Macquarrrie and Edward Robinson, Oxford: Blackwell Publisher, 1997.

# پێشکەشە بە ئەدمۆند هوسرڵ بە ناوی هاوڕێیەتی و ڕێزلێنانەوە

**تۆدناوبەرگ لە بادن، دارستانی ڕەش**

**٨ نیسان ١٩٢٦**

# پێشەکی وەرگێڕ

مارتن هایدیگەر(١٨٨٩-١٩٧٦) لە شارۆچکەی میسکێرش لە ناوچەی (بادن) وڵاتی ئەڵمان لەنێو خێزانێکی سەر بە ئایینی مەسیحایەتی-کاتۆلیک لەدایکبووە. پاش تەواوکردنی ئامادەیی لە زانکۆی فرایبۆرگ لە ساڵی ١٩٥٩ تیۆلۆجی دەخوێنێت، بەڵام زوو واز لە تیۆلۆجی دەهێنێت و لە هەمان زانکۆ دەستدەکات بە خوێندنی ماتماتیک و فەلسەفەی. لە ساڵی ١٩١٣ هایدیگەر و نامیلکەکەی لەسەر(بیردۆزەی دەستەواژە لە سایکۆلۆجیزم)دا ئامادەدەکات و دکتۆرا لە زانکۆی فرایبۆرگ وەردەگرێت. پاش دکتۆراکەی بۆ دامەزراندنی لە زانکۆ لە ساڵی ١٩١٥ نامیلکەیەکی دیکە لەسەر (بیردۆزەی کاتیگۆرییەکان و واتا لە فەلسەفەی دینس سکۆتس)دا دەنوسێت. لە ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ بۆ یەکەمجار لەو زانکۆیە دەبێت بە وانەبێژی فەلسەفە. لە ساڵی ١٩١٦ هاوڕێیەتی لەگەڵ(ئەدمۆند هوسرڵ)، کە لەو زانکۆیە مامۆستا دەبێت دروستدەکات و هوسرڵ دەیکات بە یاریدەدەری خۆی. لە ساڵی ١٩٢٢ لە زانکۆی ماربۆرگ دادەمەزرێت. پاش خانەنشیکردنی هوسرڵ و لەسەر داواکاری هوسرڵ لە ساڵی ١٩٢٨دا هایدیگەر بۆ زانکۆی فرایبۆرگ دەگەڕێتەوە و لە جێگەی ئەو دەبێت بە مامۆستا. لە ساڵی ١٩٣٣دا، کاتێک نازییەکان دەستەڵات وەردەگرن، هایدیگەر دەبێت بە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ، بەڵام لەبەر هۆکاری ڕامیاری دوای نۆ مانگ واز لە کارەکەی دەهێنێت. پاش جەنگی جیهانی دووەم تاکو ساڵی ١٩٥١ هایدیگەر وانەبێژی لێ قەدەخەدەکرێت و لەو ساڵەدا جارێکی دیکە، وەکو(پرۆفیسۆر) لە

زانكۆی فرایبۆرگ دادەمەزرێتەوە. ئەم فەیلەسوفە مەزنە لە تەمەنی هەشتاوحەوت ساڵیدا مردووە و لەو شارەی تێیدا لەدایكبووە نێژراوە.

پەیوەندی نێوان هایدیگەر و هوسرڵ، بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونە فەلسەفییەكانی هایدیگەر گرنگە، كە بە چەند قۆناخێكی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە. لە سەرەتاوە دەردەكەوێت هوسرڵ هەوڵینەدابێت زۆر لە هایدیگەر نزیك بكەوێتەوە. تەنانەت نامیلكەی دكتۆراكەشی بە وردی نەخوێندۆتەوە. بەڵام كاتێك هوسرڵ دەبیسێت هایدیگەر گۆڕانێكی بنەڕەتی لە بیروباوەڕیدا كردوە و لە دۆگمای مەسیحایەتی-كاتۆلیسیزم دوور كەوتۆتەوە، زۆرتر لە هایدیگەر نزیك دەبێتەوە و دواجاریش بە یەكێك لە ئەندامە چالاكەكان و داهاتووی بازنەی فینۆمینۆلۆجی دایدەنێت.[1]

لە سەرەتاوە هایدیگەر لەگەڵ بۆچوونە كانتییە-نوێكانی هوسرڵ، كۆجیتۆی دێكارت و خودی بەرز هاوڕا نەبووە. ئەم جیاوازییانەش دواجار سەریانهەڵدایەوە و بوون بە هۆكاری تێكدانی هاوڕێیەتی نێوان

---

[1] هێنریك ئۆكسنەر، لەلای هوسرڵ خوێندكار بووە و هاوڕێی هایدیگەریش بووە، لە كۆتایی ساڵی ١٩١٧ هەواڵی گۆڕانكاری بۆچوونە ئاینییەكەی هایدیگەری بە هوسرڵ گەیاندووە. هوسرڵیش لە نامەیەكدا ئەم هەواڵە بە پرۆفیسۆر ناترۆب دەگەیەنێت و دەنوسێت، "دكتۆر هایدیگەری لاو خۆی لە دۆگمای كاتۆلیسزم ڕزگاركردوە." بڕوانە:
Thomas Sheehan, ‘Reading a Life: Hedigger and Hardtime’, in *The Cambridge Companion to Heidegger*, (ed.) Charles Guignon, Cambridge: Camdridge Universty Press, 1998. P.76.

هەردووکیان. هەڵبەتە هوسرڵ هایدیگەر و خۆی، وەکو ئەفلاتون و ئەریستۆ بینیوە، بۆیە، کە (بوون و کات)ی هایدیگەر لە چاپدرا هوسرڵ لەسەر بەرگەکەی بە لاتینی دەنوسێت، (ئەمیکوس پلاتۆ، ماگیس ئەمیکا ڤێرتیاس) واتە، (ئەفلاتون هاوڕێمە،[بەڵام] ڕاستی هاوڕێیەکی گەورەترە.)[2] هایدیگەر لەم پەرتووکەیدا ئاشکرا میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکەی خۆی لە فینۆمینۆلۆجی هوسرڵ جیاکردۆتەوە و خۆی لەژێر کاریگەرێتی دێکارت و کانتی-نوێدا ڕزگارکردوە. لەو کاتەوە لەنێو بازنەی فینۆمینۆلۆجیدا دوو بەرەی ناکۆک و دژوەستاو دروستبوون، یەکێکیان نوێنەرایەتی هوسرڵ و ئەوی دی هایدیگەری کردووە. لەمڕووەوە، هەرچەندە پەرتووکی (بوون و کات) فینۆمینۆلۆجییانە توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییەکە دەخاتەگەر بەڵام هوسرڵییانە نییە و فینۆمینۆلۆجییەکی بوونگەرانەیە.

هایدیگەر پەرتووکی (بوون و کات)ی لە ساڵی ١٩٢٧ دا نوسیوە. هۆکاری نوسینی ئەم پەرتووکەش بۆ دامەزراندنی لە زانکۆ، وەکو مامۆستا لە جێگەی هوسرڵ دەگەڕێتەوە. هوسرڵ داوا لە زانکۆ دەکات، پاش ئەو

---

[2] ئەمە گوتەیەکی ئەریستۆیە و لە پەرتووکی (نیکۆماخۆس)دا نوسراوە. گوایە بە ئەریستۆ دەڵێن، ئەفلاتون مامۆستا و هاوڕێت بوو، بۆچی ڕەخنە لە بۆچوونەکانی دەگریت. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت، کە (ڕاستی) لە هاوڕێیەتی گەورەتر و پیرۆزترە:
"*Amicus Plato, magis amica veritas*." Aristotle, 'Nicomachean Ethics', 1096a15, in *The Complete Works of Aristotle*, vol.2, (ed.) Jonathan Barnes, New Jersey: Princeton University Press, 1995.

هایدیگەر لە جێگەی دابمەزرێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی هایدیگەر هیچ نوسراوێکی لەچاپدراوی نەبووە دامەزراندنی کێشە دروستدەکات. ڕاگری کۆلێژی ئاداب داوا لە هایدیگەر دەکات بەرهەمێک لەچاپبدات. ئەویش داوای ساڵێک پشو لە زانکۆ دەکات و لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک شاری فرایبۆرگ ژوورێک لە ماڵە جوتیارێک بەکرێ دەگرێت و(بوون وکات) دەنوسێت. پاش بڵاوکردنەوەی ئەم نوسراوە لە ساڵی ١٩٢٨ هایدیگەر لە جێگەی هوسرڵ دادەمەزرێت. هەرچەندە ئەمڕۆ نوسراوەکانی هایدیگەر لە هەشتاوهەشت بەرگدا کۆکراونەتەوە و لەچاپدراون، بەڵام لەڕاستیدا، هایدیگەر یەک پەرتووکی نوسیوە و لەچاپیداوە ئەویش (بوون و کات)ە.

لە سەرەتاوە هوسرڵ لەو باوەڕەدابووە ئەم پەرتووکەی هایدیگەر دەرچوونە لە بنەماکانی فینۆمینۆلۆجی بۆیە دەبێتە هۆکاری نائومێدبوونی و سەرهەڵدانی جیاوازییەکان لە نێوانیاندا. هەمانکات، (بوون و کات) بۆ خوێندکارە لاوەکانی ئەو سەردەمە و لەنێو بازنەی ئەکادیمی ئەمڕۆ و بوونخوازەکاندا بە کەڵە بەرهەمێکی فەلسەفی ناسراوە، کە توانیویەتی ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ بوون بەگشتی و بوونی مرۆڤ بەتایبەتی بکات. لەمڕووەوە، هەربەرت مارکۆز دەڵێت،

> " (بوون و کات) لە کاتێکدا بڵاوکرایەوە، کە کۆماری وایمەر دوا هەناسەی دەدا و ڕژێمی نازی لە دامەزراندابوو، کاتی هاتنی کارەسات بوو. بەڵام ئەم بەرهەمە فەلسەفییە بە هیچ شێوەیەک ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە نەبوو. بەرهەمەکەی هایدیگەر بۆ من و هاوڕێکانم سەرەتایەکی

نوێ بوو. ئێمە بەرهەمەکانی و وانەکانیمان بە فەلسەفەیەکی
کۆنکریتی دادەنا...هەستمان بە سەربەستی ئەکادیمی
تیایاندا دەکرد. تەفسیری هایدیگەر بۆ فەلسەفەی
یۆنانی و ئایدیالیزمی ئەڵمانیا تێڕوانینێکی نوێی
بە دەقە مردووەکان دەدا."[3]

خوێندنەوەیەکی قوڵ و لەسەرخۆی ئەم بەرهەمە فەلسەفییە بۆچوونەکەی مارکۆز دەسەلمێنێت. تێدەگەین چۆن لەو قۆناخە چەقوەستاوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی لە ئەوروپا هایدیگەر دەیەوێت لە دەقە وشک و ڕاڤەکردنە ناجۆرەکان بۆ بوون یاخیببێت و ئاسۆیەکی بەرفراوان بکاتەوە. تێدەگەین چۆن هایدیگەر دەیەوێت بیرکردنەوەی فەلسەفی لە نامۆبوون ڕزگار بکات. هەوڵدانەکەشی بۆ چارەسەرکردنی نامۆبوونەکە لە گەڕانەوەی بیرکردنەوەدایە بۆ گەورەترین پرسیار سەبارەت بنەڕەتیترین بابەتی فەلسەفی. ئەو بنەڕەتە فەلسەفییەی هەموو شتێکی لەسەر ڕادەوەستێت، دەبێت بە بنەڕەتی هەبووەکان دەبێ بکرێت بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی فەلسەفی. ئایا چ شتێک دەبێت بە بنەڕەتی هەبووەکان؟ ئایا خودی ئەو شتە لە بنەڕەت بەدەرە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هایدیگەر ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ (بوون) دەکات. بەڵام (بوون) شتێک نییە مرۆڤ بتوانێت دەستنیشانی بکات و لە شوێنێکدا، وەکو مێزەکەی نێو ژوورەکەم بدۆزرێتەوە. بوون ئەم یان ئەو شتە نییە، بەڵکو

[3] Richard Wolin, *Heidegger's Children*, Princeton: Princeton University Press, 2001. P. 207.

ڕاستەقینە و بنەمای ئۆنتۆلۆجی هەموویانە. لەنێو هیچ شتێک و لەنێو هیچ شوێنێکدا بوون نادۆزرێتەوە. هەمانکات، شوێن و شتەکانی نێو شوێنیش بەبێ بوون نین و نابن. کەوابوو، بابەتە گرنگە فەلسەفییەکەمان هەرچەندە بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی هەموو هەبووەیەکە، هێشتا بە شاراوەیی ماوەتەوە و دۆزینەوەی ئاسان نییە. لەبەر ئەمەشە، فەیلەسوفەکان لە سەردەمی ئەفلاتونەوە بۆ نیتشە ئاوەڕیان لەم بابەتە نەداوەتەوە یان بوونیان لەبیرچووە و یەکیک لە هەبووەکانیان بە ڕاستەقینە و بنەڕەت داناوە. ئەفلاتون (ئایدیاکان)ی بە بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی هەبووەکان، ئەریستۆ (جوڵێنەری یەکەم)ی بە بنەڕەت داناوە. بۆ دێکارت و سپینۆزا (جەوهەر) بووە بە بنەڕەتی هەبووەکان و دواجاریش، نیتشە (ویستی هێز) دەکات بەو سەرچاوە ئۆنتۆلۆجییە.

هەڵوێستی ئەم فەیلەسوفانە بۆتە هۆکاری (لەبیرچوونی بوون) و بایەخدان بە هەبوویەک، کە خودی ئەم هەبووە ناتوانێت لە بنەڕەت بەدەر بێت. هەروەها، لەبیرچوونی بوون بیرکردنەوەی فەلسەفی لە بابەتە سەرەکییەکەی، کە (بوون)ە نامۆکردوە و خۆی بە بابەتێکی دیکەوە ماندووکردوە. لەمڕووەوە، مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتونەوە دەبێت بە مێژووی نامۆبوونی بیرکردنەوە و لەبیرچوونی بوون.[4] بە دیدی هایدیگەر، کاتی ئەوە هاتووە بیرکردنەوەی فەلسەفی لە

[4] Martin Heidegger, *Contributions to Philosophy (From Enowning)*, translated by Parris Emed and Kenneth Maly, Bloomington and Indianapalis; Indianan University Press, 1999. Pp. 83-85.

نامۆبوون ڕزگار بکەین و جارێکی دی پاش مێژوویەکی درێژخایەن ئاوەڕێکی (جیدی) لە گرنگترین بابەتی فەلسەفی بدەینەوە و پرسیار سەبارەت واتاکەی بکەین. گرنگی ئەم بابەتەش دەکەوێتە ژوور گرنگی هەبووەکانەوە چونکە هیچ هەبوویەک ناتوانێت بەبێ (بوون) هەبێت. (بوون) تەنیا بابەتێکە پێویستی بە بنەڕەت بۆ بوونی نەبێت. کەوابوو، گەورەترین پرسیاری فەلسەفی سەبارەت واتای بوونە. ئێمە لەگەڵ ئەم پرسیارەدا بۆ (بوون) دەگەڕێینەوە و فەلسەفە لە نامۆبوون دەپارێزین. ئایا بوون چ واتایەکی هەیە؟ ئەمە گەورەترین و گرنگترین پرسیاری فەلسەفییانەیە و مامەڵە لەگەڵ بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی هەبووەکان دەکات.

بەکورتی، پڕۆژەی فەلسەفی هایدیگەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، کە لەم پەرتووکەوە (بوون و کات) دەکەوێتەگەر. ئەم بیریارە، بەپێچەوانەی ئەفلاتون، ئەریستۆ، دێکارت و نیتشەوە، دەیەوێت لە واتای بوون تێبگات و بیکات بە بابەتی توێژینەوەکەی. لەگەڵ دیاریکردنی بابەتی توێژینەوەدا گرفتی میتۆدۆلۆجیش سەرهەڵدەدات و یەخەمان دەگرێت. گەیشتن بە واتا و ناوەڕۆکی بابەتەکە پیویستی بە میتۆدێکی لەبارە تاکو لە ڕێگەیەوە بە ئاکامەکان بگەین. ئەو میتۆدەش، بۆ هایدیگەر فینۆمینۆلۆجی هوسرڵە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان (خۆ و بابەت) دروستدەکات. ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەش کرد، کە (بوون) شتێک نییە لە ئاستی هەستکردن و ئاگامەندیدا دابنرێت و ڕۆشنایی بخاتە سەر خەسڵەتەکانی. هەروەها، شتێکی دەرەکی و دووریش نییە؛ تەنانەت هەستکردن و ئاگامەندیش

بەشێکن لە بوون. بەڵام میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکە داوای خاڵی دەستپێکردنی توێژینەوەکەمان لێدەکات. پێویستە لە خاڵێکەوە یان لە هەبوویەکەوە دەست بە توێژینەوەکەمان بکەین. هەموو توێژینەوەیەک لە هەرچ شێوازێکدا بێت، فەلسەفی یان زانستی، دەبێت خاڵی دەستپێکردنی هەبێت. دیاریکردنی خاڵی دەسپێکردن کارێکی لەخۆڕا و بێ مەبەست نییە. دەبێت خاڵێک بێت لە هەموو خاڵەکانی دیکە گرنگتر بێت و ئێمەش بتوانین بە سەرەتایەکی دروست بۆ توێژینەوەکەمانی دابنێین. لەمحاڵەتەدا، بەتایبەتی لە کاتێکدا (بوون) دەکەین بە بنەڕەتی هەبووەکان، هەبوویەک بۆ خاڵی دەستپێکردن هەڵدەبژێژین، کە لە هوو هەبووەکانی دیکە بۆ توێژینەوەکەمان گرنگترە و بە واتای بوونمان دەگەیەنێت. لەم سەرەتایەوە بە کۆتایی دەگەین و وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت واتای بوون مسۆگەر دەکەین.

ئەم خاڵی دەسپێکردن و سەرەتاییە هەبوویەکە پرسیار سەبارەت واتای بوونی خۆی و بوون بەگشتی دەکات. هەبوویەکە ئاگامەندانە هەیە و بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە بوون دەکات. ئەم هەڵوێستە گرنگییەکی ئۆنتۆلۆجی بە بوونی ئۆنتیکی ئەو دەدات و لە هەبووەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. تایبەتمەندێتی بە بوونی دەدات. ئەو هەبووەی پرسیار سەبارەت واتای بوون دەکات دەبێت بە پێشەنگی سەرەتای توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییە-فینۆمینۆلۆجییەکە. بەڵام، ئایا پێویست ناکات بزانین ئەو هەبووە چییە؟ ئێمە چۆن بەبێ شیکردنەوەی ئەم هەبووە و ناسینی بوونی دەیکەین بە خاڵی دەستپێکردنی توێژینەوەکەمان؟ لێرەدا، بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون لەو هەبووە دەستپێدەکەین، کە پرسیار سەبارەت واتای بوون

دەکات. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەش دەبێت لەپێشدا لە واتای بوونی ئەو بکۆڵینەوە. بەبێ تێگەیشتنمان لە واتای ئەو هەبووە یان سەرەتایە ناتوانین بە واتای بوون بگەین. ئۆنتۆلۆجییە-فینۆمینۆلۆجییەکە پێویستی بە شیکردنەوەی بوونی ئەو سەرەتایە هەیە. مادام بوونی شیدەکرێتەوە و هەبوویەکە هەیە، شیکردنەوەکەش دەبێت بوونگەرانە بێت. لەمڕووەوە، شیکردنەوەی بوونگەرانەی ئەم هەبووە دەبێت بە سەرەتای ئۆنتۆلۆجییە-فینۆمینۆلۆجییەکە.

ئایا ئەو هەبووە (کێ)یە، کە دەبێت بە خاڵی دەستپێکردنی توێژینەوەکە؟ ئەو هەبووەیە پرسیار سەبارەت واتای بوون دەکات؛ هەبوویەکی ئاگامەندە، مرۆڤە یان هایدیگەر گوتەنی (دازاین)ە. دازاین، کە واتای بوون-لێرەدا دەبەخشێت ئاماژە بۆ بوونی ئاگامەندانەی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەکات. هەڵبەتە هایدیگەر لە دانانی ئەم چەمکە بۆ بوونی مرۆڤ مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە. ئەو دەیەوێت بەتەواوی لە نەریتی دێکارتی یاخی بێت. لەبەر ئەمە، چەمکی نێو ئەو نەریتە، وەکو گیان، جەوهەری-نەگۆڕ بۆ مرۆڤ بەکارناهێنێت. فینۆمینۆلۆجییانە مرۆڤ، وەکو جەوهەر یان گیان ناناسرێت، بەڵکو بوونێکە-لەوێدا. بۆ دێکارت و شوێنکەوتوانی نەریتە فەلسەفییەکەی بوونی مرۆڤ لە دوو جەوهەری جیاواز (گیان و لەش) پێکهاتووە. جەوهەری گیانەکی، کە بنەڕەتی ئەم هەبووەیە و مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئەو جەوهەرە هەبێت، نەگۆڕە و پاش لەناوچوونی لەش دەمێنێتەوە. هۆکاری مانەوەشی بەستراوە بە سەربەخۆیی و جیاوازییەکەی لە جەوهەری ماتەرەوە، کە لەش پێکدەهێنێت.

له فەلسەفەی دێکارتدا، پەیوەندی نێوان جەوهەری گیانەکی و جەوهەری ماتەری (پێویست) دانەنراوە و ڕووداوە؛ واتە هەریەکێک لەم جەوهەرانە بوونی سەربەخۆیان هەیە و پێکەوە گرێنەدراون. جەوهەری گیانەکی پێش ئاشنابوونی بە جەوهەری ماتەری و یەکگرتن لەگەڵیدا بە ڕووتی هەبووە و پاش چۆڵکردنی لەشیش بوونی بەردەوام دەمێنێتەوە. بێگومان، ئەم بۆچوونە لە مێژووی فەلسەفەدا بۆ بیروباوەڕی مێتافیزیکی ئەفلاتون و ئەریستۆ دەگەڕێتەوە و دێکارت لەژێر کاریگەرێتی ئەواندا ڕاڤەی پەیوەنی نێوان دوو جەوهەرەکەی کردووە. لەسەرو ئەمەوە، جەوهەری گیانەکی نەگۆڕە و هاوشانی گۆڕانکارییەکانی نێو لەش ناڕوات.[5]

خەسڵەتی (نەگۆڕ)، کە لێرەدا بۆ جەوهەری گیانەکی دانراوە ئاماژەکردنە بۆ پڕی و تەواوکۆیی ئەم جەوهەرە. بوونێکی پڕ و تەواوکۆ، نەک هەژار و ناتەواو، وەکو خۆی دەمێنێتەوە و پێویستی بە گۆڕان نابێت. فۆڕمە هەمەکییە بەرزەکانی ئەفلاتون و جوڵێنەری یەکەمی ئەریستۆ، بۆنموونە، پڕ و تەواوکۆن، لەبەر ئەمە هیچ گۆڕانێک تیایاندا ڕوونادات چونکە لەوە زۆرتر بە هیچی دیکە نابن یان کەمی لە بوونیاندا نییە تاکو هەوڵی پڕکردنەوەی بدەن. ئەگەر جەوهەری گیانەکی، کە بنەمای بوونی مرۆڤە، نەگۆڕ بێت ئەوە دەگەیەنێت، کە پڕو تەواوکۆیە و بەو شێوازەوە لەنێو

---

[5] René Descartes, ‘Meditations on First Philosophy’, in *The Philosophical Writings of Descartes*, vol.2, Camdridge: Cambridege University Press, 1999. Sixth meditation, pp. 50-62.

جیهاندا پەیدادەبێت و دەدۆزرێتەوە. بوونی جەوهەری گیانەکی و خەسڵەتی (نەگۆڕ) لەم جەوهەرەدا، هەمانکات، دەبن بە بناخە بۆ دامەزراندنی ناسنامەی مرۆڤ. ئەگەر بناخەیەکی نەگۆڕ و مانەوەیەکی بەردەوام لە بوونی مرۆڤدا نەبێت، ئەوا دژوارە تاکەکان بناسرێنەوە و ناسنامەیان بۆ دیارییبکرێت. بێگومان، ئەم بۆچوونانەی دێکارت کێشەی فەلسەفی زۆرتر دروستدەکەن. بیریارانی، وەکو جۆن لۆک و دەیڤد هیوم ڕەخنەیان لێگرتوە و نیتشەش بە ئاشکرا بوونی سەرچاوە مێتافیزیکییەکەی جەوهەری گیانەکی بۆ مرۆڤ ڕەتدەداتەوە. دواجاریش، هایدیگەر، وەکو نیتشە، لەم نەریتە یاخی بووە و ڕاڕەوی دووەلیستی و مێتافیزیکی جەوهەری گیانەکی هەڵدەوەشێنێتەوە. فینۆمینۆلۆجییانە و بوونگەرانە بوونی مرۆڤی شیکردۆتەوە.

ئەگەر بوونی مرۆڤ ئەوە نەبێت دێکارت باسیدەکات، ئایا جەوهەری ئەو بوونە لە کوێدایە؟ بە دیدی من، ئەمە دووەم پرسیاری گەورەی فەلسەفییە پاش پرسیارکردن سەبارەت بوون بەگشتی سەرهەڵدەدات. ئێمە لە تێگەیشتنمان لە بوونی مرۆڤەوە ڕوو لە تێگەیشتن لە بوون بەگشتی دەکەین. کەوابوو، وەڵامی پرسیاری یەکەم سەبارەت واتای بوون لە ڕێگەی وەڵامی پرسیاری دووەمەوە دەستدەکەوێت. ئێستاش پێویستە خۆمان بە وەڵامی پرسیار سەبارەت جەوهەری مرۆڤەوە ماندووبکەین. بەڵام چۆن جەوهەر بناسین لە کاتێکدا فینۆمینۆلۆجییانە دەڕوانینە بوونی مرۆڤ؟ ئێمە ڕاستەوخۆ بوونی مرۆڤ دەناسین؛ دەزانین هەیە. ئەو هەرشتێک بێت، هەر خەسڵەتێکی هەبێت، ئەو شتە یان خەسڵەتە لە بوونیدایە یان بەبونییەوەیەتی. پێناسەکردنی مرۆڤ

دەکەوێتە سەر بوونی نەک جەوهەری چونکە بەبێ بوون هیچ شتێکی ئەو نادۆزرێتەوە.

لێرەدا، هایدیگەر ڕاڤەکردنێکی جیاواز بۆ بوونی مرۆڤ دەکات و دەڵێت، "جەوهەری لە بوونیدایە"؛ یان جەوهەری مرۆڤ شتێکی نادیار و شاراوە نییە، بەڵکو خودی بوونە. مرۆڤ ئەوەیە، کە هەیە و بە کەمی و ناتەواوییەوە پەیدابووە و بەردەوام هەوڵی پڕکردنەوەی کەمییەکە و گەیشتن بە تەواوکۆیی دەدات. لە ڕێگەی پڕۆژەدانان و هەڵبژاردنەوە سەربەستانە دەیەوێت بوونی خۆی پڕبکاتەوە. مرۆڤ بوونە-لەوێدا (دازاین)ە لەنێو جیهان و لەگەڵ کەسانی دیکەدا. بوونێکە فڕێدراوەتە ئێرە و کەوتۆتە نێو کەسانی دیکەوە.(فڕێدان) بوونی فاکتۆری ئەوە، کە حەتمییەتی کەوتن دەهێنێتەکایەوە. مرۆڤ تاکو فڕێنەدرێتە ئێرە و لەنێو جیهاندا پەیدانەبێت ناکەوێتە نێو کەسانی دیکەوە. لەگەڵ ئەم شیکردنەوەیەدا دەبێت بە بۆچوونەکەی پێشوماندا بچینەوە، کە گوتمان مرۆڤ لە ڕێگەی پڕۆژەدانانەوە سەربەستانە بوونی خۆی تەواودەکات. پێداچوونەوەکەش بێ واتایی و ناڕاستی بۆچوونەکە ناگەیەنێت. مرۆڤ بوونێکی کەم و هەژاری هەیە و پێویستە خۆی پڕبکاتەوە. ئەمە ڕاستەقینەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەیە و مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لێبکات. بەڵام بوونی ئۆنتیکی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە کەوتنەکەیدا بۆ ناو کەسانی دیکە لە ئاکامی فڕێدانی بۆ ئێرە، مەرج نییە بتوانێت سەربەستانە بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بدات. کەسانی دیکە یان(ئەوان) بڕیاری بۆ دەدەن و سەربەستییەکەی داگیردەکەن. فڕێدانی دازاین بۆ نێو جیهان و کەوتنی لەنێو(ئەواندا) دوو شێوازی بوونی دیاریدەکەن: لەلایەکەوە دازاین

ڕەسەنانە دەژی و لەسەر سەربەستییەکەی سوردەبێت، لەلاکەی دیکەوە، (ئەوان) بوونی داگیردەکەن و ناڕەسەنانە دەژی. ئەم دوو شێوازی بوونەی دازاین (ڕەسەن و ناڕەسەن) دەبنە بنەمای سەربەستی و نامۆبوون. دازاینی ڕەسەن سەربەستە و ناڕەسەنیش نامۆکراوە.
ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەکرد، کە دازاین جەوهەرێکی گیانەکی نییە؛ جەوهەری ئەو شتێکی لەپێشتر ئامادەکراو و نەگۆڕ نییە. ئێمە ناتوانین مرۆڤ، بەو جۆرەی دێکارت باسیدەکات، فینۆمینۆلۆجییانە بوونی بناسین. لە میتۆدی فینۆمینۆلۆجییدا بابەتی توێژینەوەکە بەو شێوەیەی خۆی دەردەخات باسدەکرێت و دوایی ناوەڕۆکەکەی دەستنیشاندەکرێت. لە پەیڕەویکردنی میتۆدەکەدا دەبێت بوونی مرۆڤ بەو شێوەیەی خۆی دەردەخات شیبکرێتەوە. تاکو مرۆڤیش نەبێت باسی بوونی ناکرێت. لەمڕووەوە شیکردنەوەکەمان لەنێو میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکەدا بوونگەرانەیە. ئەو پرسیارەی لێرەدا توشمان دەبێت و پێویستە بکرێت سەبارەت بە خەسڵەتەکانی ئەم هەبووەیە. ئەگەر دازاین جەوهەری گیانەکی نەبێت، ئایا چۆنە؟ پرسیارەکە سەبارەت چۆنییەتی نەک چییەتی ئەم هەبووەیە. کاتێک دەپرسین، مرۆڤ چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین، مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیرە. ئەمە پێناسەیەکە بۆ دیاریکردنی جەوهەری مرۆڤ، کە هەمەکی و نەگۆڕە. ئێمە بیرۆکەی جەوهەری نەگۆڕ ڕەتدەدەینەوە و نابێت جارێکی دیکە خۆمان بەم کێشەیەوە ماندووبکەین. مادام جەوهەری مرۆڤ لە بوونیدایە، بوونیشی کەم و ناتەواوە و هەوڵی لەناوبردنی کەمییەکەی دەدات، ئەوا پێناسەی ئەم هەبووە لەوێدا دادەمەزرێت، کە مرۆڤ گەیشتبێتە دوا قۆناخی بوونی و لەوە زۆرتر

بەچی دیکە نەبێت. تاکو مرۆڤ لە ژیاندا بێت و بەردەوام بۆ تەواوکردنی بوونی لە پرۆژە-داناندا بێت پێناسی چییەتی ئەو ناکرێت. کەابوو، پرسیارەکەمان لە ئاستی ناسینی ئەم هەبووەدا سەبارەت چۆنییەتی بوونێتی. ئایا مرۆڤ یان دازاین چۆن بوونێکە؟ مرۆڤ بوونێکە-لەوێدا؛ ئایا مەبەستی هایدیگەر لە واتای (لەوێدا) چییە؟ بوون-لەوێدا+بوونە-لەنێو-جیهان-لەگەڵ کەسانی دیکەدا. ئەمانە دەستەیەک خەسڵەتن بوونی دازاینیان پێدەناسرێت. هەڵبەتە دوا خەسڵەتیش نین، بەڵام لە هەموویان لەپێشترن. تێگەیشتن، بۆنموونە، خەسڵەتێکی دیکەیە. ئەگەر مرۆڤ هەبێت پێویستە بە تێگەیشتنەوە بژی، ئەم خەسڵەتە دەکەوێتە سەر بوونی مرۆڤ لەنێو-جیهاندا. تاکو مرۆڤ لەنێو-جیهاندا پەیدا نەبێت بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە هەبووەکان و دەوروبەری ناکات.

گرنگە ئەوە بزانین، کە هایدیگەر ئەم خەسڵەتانەی بوونی دازاین بە (کاتیگۆری) ناوزەدناکات. کاتیگۆرییەکان بوونی بابەتەکانی دیکە، وەکو درەخت و مێز وەسفدەکەن و بۆ ناسینی بوونی مرۆڤ ناجۆرن. بێجگە لەمە، خەسڵەتەکانی بوونی مرۆڤ لە مرۆڤ دانابڕێن و لە بنەڕەتەوە سەر بە بوونی ئەون. بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ئەم پەیوەندییەش، هایدیگەر خەسڵەتەکانی بە (existentials) ناوزەدکردووە و منیش بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی دایاندەنێم. ئەم خەسڵەتانە بۆ دازاین پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجین و دازاین بەبێ ئەوان نییە. ئەگەر دازاین (لەنێو-جیهان) نەبێت ئەوا نییە؛ کەوابوو (بوون-لەنێو-جیهان) دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ دازاین و خەسڵەتێکیشە فینۆلۆجییانە دەدۆزێتەوە. بەهەمانشێوە، بەبێ کەسانی دیکە بیر لە بوونی دازاین ناکرێتەوە و

بوونێ-لەگەڵ-کەسانی دیکە دەبێت بە پێشمەرجێکی دیکە بۆ بوونی. دیاریکردن و ڕیزکردنی پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجییەکان هەڕەمەکی ڕوونادەن. لە گرنگترین و لە هەموویان هەمەکیترەوە دەستپێدەکەین، بەجۆرێک ئەوانەی لەپێشتر دەدۆزرێنەوە دەبن بە زەمینە بۆ دۆزینەوەی پێشمەرجە لە پاشترەکان. ئەمەش لە سیستەمی دەرهێنانی کاتیگۆرییەکانی لۆجیکی هیگڵ دەچێت. یەکەم کاتیگۆری سیستەمی لۆجیکی دیالیکتیک (بوون)ە، کە لە هەموو کاتیگۆرییەکی دیکە هەمەکیتر و ڕاستەوخۆترە و بووە بە زەمینە بۆ دەرهێنانی هەموو کاتیگۆرییەکانی دیکە.[6] هایدیگەریش لە گرنگترین پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجییەوە بوونی دازاین شیدەکاتەوە و پێشمەرجەکانی دیکە دەدۆزێتەوە. گرنگترین و هەمەکیترین پێشمەرج بوونە-لەنێو-جیهاندا. پێویستە دازاین لەنێوجیهاندا بێت تاکو بتوانین باسیبکەین یان دازاین بوونی خۆی لەنێو جیهاندا دەردەخات و ئینجا دەناسرێت. دەشێ هەندێک ئەو پرسیارەش بکەن، ئایا هەبووەکانی دیکەش ئەم خەسڵەتەیان نییە؟ بێگومان، ئەوەی هەیە و ئێمە دەیناسین لەنێو جیهاندایە، بەڵام بوونی دازاین لەنێو-جیهاندا لە بوونی میزەکەوە جیاوازە و بونیادی ئۆنتۆلۆجی خۆی هەیە. ئێمە پرسیار سەبارەت چۆنییەتی دازاین و چییەتی مێزەکە دەکەین. دازاین خاوەنی جەوهەری نەگۆڕ نییە؛ مێزەکە جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە و لەوە زۆرتر بە چی

---

[6] G.W.F. Hegel, *Science of Logic*, translated by A.V. Miller, Forword by J. N. Findlay, New York: Humanity Books, reprinted 1998. P. 82.

دیەکە نابێت. دازاین بە کەمییەوە پەیدا بووە و بەردەوام بۆ لەناوبردنی کەمییەکەی ڕوو لە داهاتوودەکات و پێش بوونی دەکەوێت. هەبوویەکی داهاتووییە و مێزەکە لە داهاتووبەدەرە چونکە بوونێکی وەستاوی هەیە. هەروەها، بوونی دازاین لەنێو-جیهاندا ئاگامەندانەیە.

لە ڕوانگەی میتۆدی فینۆمینۆلۆجییەوە توێژینەوە بوونگەرانەکەی بوونی مرۆڤ لە شێوازی خۆدەرخستنی ئەم هەبووەوە دەستپێدەکات. مرۆڤیش لەنێو ژیانی ڕۆژانەیدا دەردەکەوێت، کە لە نێویدا بە نیگەرانییەوە نوقم بووە. هەڵوێستی لە ئاستی هەبووەکاندا لەم دەرکەوتنە سەرەتاییەدا بیردۆزەییانە و ئۆنتۆلۆجییانە نییە؛ بەڵکو (پراکتیکی) و پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە. من هەموو ڕۆژێک مێزەکە بۆ نوسین بەکاردەهێنم، دەزانم هەبوویەکە لەنێو ژوورەکەدا و نزیک پەنجەرەکە دانراوە. بەڵام بۆ دۆزینەوەی مێزەکە و نوسین ناپرسم مێز چییە؟ ئەمە دوو هەڵوێستی من دیاریدەکات، یەکەم پراکتیکی و دووەم پێش-ئۆنتۆلۆجی. من بەبێ شیکردنەوەی بوونی مێزەکە و پرسیار سەبارەت چییەتی ئەو هەبووە، لە ژیانی ڕۆژانەمدا بەکاریدەهێنم و سودی لێوەردەگرم. لەم هەڵوێستەوە و فینۆمینۆلۆجییانە دەردەکەوێت لایەنی پراکتیکی پێش بیردۆزە دەکەوێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لایەنی پراکتیکی کوێرانەیە و خاوەنی زانین نییە. هەموو کردەوەیەک، بەدیدی هایدیگەر، جۆرە زانینێکی لەگەڵدایە.

لەپێشتر ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەش کرد، کە هایدیگەر بوونی مرۆڤ دەکات بە خاڵی دەستپێکردن بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون. مادام مرۆڤ ئەو بوونەیە لە بوونیدا بوون بووە بە کێشە و بوونیش بناخەی ئەوە، ئەوا تێگەیشتنمان لە بوونی مرۆڤ یارمەتیمان دەدات لە واتای بوون

بەگشتی تێبگەین. مادام(بوون)یش بناخەی هەموو هەبوویەکە ئەوا توێژینەوەکەمان لە واتای بوون دەبێت بە گەڕان بە دوای بنەڕەتی هەبووەکاندا و (ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی) دادەمەزرێنین. کەوابوو، شیکردنەوە بوونگەرانەکەمان بۆ بوونی مرۆڤ ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی. لە واتای بوونی مرۆڤەوە بە واتای بوون بەگشتی دەگەین یان لە بەشێکەوە (هەموو)مان دەستدەکەوێت. ئەمەش توێژینەوە فینۆمینۆلۆجییەکە دەکات بە هێرمینیۆتیکی. شیکردنەوە بوونگەرایەتییە-فینۆمینۆلۆجییە-هێرمینۆتیکییەکە دەبێت بە پێشەنگی دامەزراندنی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون.

لەشیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەدا بوونی مرۆڤ وەکو جەوهەرێکی گیانەکی خۆی دەرناخات و هەڵوێستیشی لە سەرەتاوە لەگەڵ جیهاندا بیردۆزەییانە نییە. لێرەدا، ئێمە لە نەریتی دێکارتی دووردەکەوینەوە و لەنێو زەمینەیەکی جیاوازەوە گەشتە فەلسەفییەکەمان دەخەینەگەر. چۆن بوونی مرۆڤ دەناسرێت؟ چۆن ڕۆشنایی بخەینەسەر بوونی؟ متیۆدە فینۆمینۆلۆجییەکەمان بوونی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بە چەند پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییەوە گرێدەدات. ئەم پێشمەرجانە خەسڵەتی جەوهەرێکی نادیار و نەگۆڕ نین. ڕاستەقینەی مرۆڤن و مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئەم مەرجانە هەبێت. ئێمە، بۆنموونە، کە باسی مرۆڤ دەکەین دەبێت لەنێو جیهاندا هەبێت. واتە ناتوانین مرۆڤ بناسین و لە واتای بوونی تێبگەین، ئەگەر لەنێو جیهاندا نەبێت. لەمڕووەوە بوون-لەنێو-جیهان پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی مرۆڤ. لەم پێشمەرجەوە بە پێشمەرجەکانی دیکەش دەگەین. مادام مرۆڤ لەنێو-جیهاندایە،

هەمانکات، لەنێو-شوێنیشدایە. بوونی لەنێو جیهانیش تەنیا نییە. هەموو مرۆڤێک لەنێو-جیهاندا لەگەڵ-کەسانی دیکەدا دەژی. بوونی-کەسانی دیکەش دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ئەو. بەمشێوەیە، هایدیگەر لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەیدا دەستەیەک پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ تێگەیشتنمان لە واتای بوونی مرۆڤ باسکردوە. دواجاریش هەموویان لەنێو پێشمەرجی نیگەرانیدا کۆدەکاتەوە. لەو باوەڕەدایە، مرۆڤ بە نیگەرانییەوە لەنێو جیهاندا دەژی و مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات. ئەو بۆ جیهان و کۆمەڵ نیگەران و خەمخۆرە و بایەخیان پێدەدات. ئەم ڕاڤەکردنەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان، هەروەها مرۆڤ و کەسانی دیکە ئاسۆیەکی نوێ و فراوانتر بۆ تێگەیشتن لە سروشت و مێژوو دەکاتەوە. جیهان، بۆنموونە، بە لایەنێکی دەرەکی و بێگانە لە ئاستی ئاگامەندیدا دەرناخات. جیهان دەبێت بە پێشمەرج بۆ بوونی ئاگامەندی و نیشتمانی ئاگامەندی. لەبەر ئەمە، ئاگامەندی بە نیگەرانییەوە ڕوویتێدەکات و نابێت بە ڕوخێنەری. پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیش تەنیا ناکۆکی و زۆرانبازی نییە، کە هیگڵ و مارکس جەختیان لەسەر کردووە، بەڵکو نیگەرانبوونیشە.

دەبینین پرۆژە فەلسەفییەکەی هایدیگەر گەڕانەوەیە بۆ پرسیار سەبارەت واتای بوون، کە لە شیکردنەوەی بوونی مرۆڤەوە بە وەڵامەکەی دەگات. ئەمەش گەڕانەوەیە لە دورگە دوور و نامۆکانی مێتافیزیکەوە بۆ ئۆنتۆلۆجی یان ناخی بوون. شۆڕشکردنە بەسەر نەریتی زاڵبووی ئەفلاتونی و هەڵوێستی تازەگەری لە ئاستی بووندا. شیکردنەوەی بوونگەرانەی بوونی مرۆڤیش شۆڕشکردنە بەسەر نەریتی دێکارتیدا. ئەم

پرۆژە فەلسەفییە، بۆ دامەزراندنی ئۆنتۆلۆجییەکی بنەڕەتی تێگەیشتنێکی نوێیە لە بوونی مرۆڤ و(بوون) بەگشتی. بنەمایەکی بوونگەرانەیە بۆ ئۆنتۆلۆجی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بوونگەرانە و هەڵوێستی مرۆڤ لە ئاستی ژینگەدا. بنەمای فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەشی لەسەر شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین ڕادەوەستێت. بە دیدی من، گرنگترین بۆچوونی هایدیگەر لەم پرۆژەیەدا و لە فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەیدا بۆ شێوازەکانی بوونی دازاین لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەگەڕێتەوە. دازاین لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە دەژی. هەروەها، ئەم دوو شێوازی بوونەی کاردەکەنە سەر تێگەیشتن، زمان و ناسینی ڕاستییەکانیش. ئەو ڕاستەقینەیەش دیاریدەکەن، کە دازاین بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و تاک و تەنیا ناژی. هەڵبەتە، دازاین دەتوانێت تەنیا بژی، بەڵام ژیانی تەنیایی هەڵبژاردنە و هەڵوێستێکی ژیانی ڕۆژانەیە نەک ئۆنتۆلۆجییانە. لە بنەڕەتەوە، دازاین بوونە لەنێو-جیهاندا و لەگەڵ-کەسانی-دیکەدا.

هایدیگەر بەدرێژی باسی گەڕانەوەی دازاینی لە شێوازی ناڕەسەنانە و نامۆی بوونییەوە بۆ شێوازی ڕەسەنانە کردووە. گەڕانەوەکەی بە نیگەرانی، بوون-ڕووەو-مردن، هەست بەتاوانکردن و بانگی ویژدانییەوە بەستۆتەوە. سەربەستی کردووە بە بناخەی بوونی ڕەسەن، کە هەڵبژاردنی پرۆژەکانی بوون و بڕیاردانە بۆ دامەزراندنیان. مادام دازاینیش جەوهەر نییە و بوونە، پرۆژەکانیش بوونی ئەو تەواودەکەن، ئەوا بەردەوام لە پرۆژەدانانندایە و دەیەوێت لە بوونیدا بە پلەی تەواو کۆتایی بگات.

وەکو باسمانکرد، پرۆژە فەلسەفییەکەی هایدیگەر هەوڵی تێگەیشتن لە واتای بوون دەدات. بەڵام (بوون و کات) خاڵی دەستپێکردنی ئەو پرۆژەیەیەو واتای بوونی ئەو هەبووەمان بۆ باسدەکات، کە لە سەرەتای گەشتەکەدا خۆی دەسەپێنێت و ناتوانین ئاوەڕی لێنەدەینەوە. قۆناخی پاش (بوون و کات) لە بیرکردنەوەی فەلسەفی هایدیگەردا بۆ مەبەستی شیکردنەوەی واتای (بوون) نەک دازاین تەرخانکراوە. هایدیگەر لە نوسراوەکانی قۆناخی دووەمیدا بەردەوام باسی واتای بوون دەکات. هەندێک، ئەم گۆڕانکارییە بە پاشگەزبوونەوە و لادان لە قۆناخی یەکەمی دادەنێین لە کاتێکدا بەردەوامییە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی هایدیگەر و هەوڵدانە بۆ تەواکردنی پرۆژەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی.

من پەرتووکی (بوون و کات)م لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. ئاشکرایە ئەم پەرتووکەی هایدیگەر دوو دەقی ئینگلیزی هەیە. یەکەمیان، جۆن ماکوێری و ئێدوارد ڕۆبنسن وەریانگێڕاوە. دووەمیش، جۆوان ستامباو کردوویەتی بە ئینگلیزی. من لە دەقە ئینگلیزییەکەی ماکوێری و ڕۆبنسنەوە کردوومە بە کوردی و بەردەوام سودیشم لە دەقەکەی ستامباو وەگرتوە. ئەو پەراوێزانەی من دامناون لە کۆتاییەکەیدا و لە کەوانەدا (م.ک)م نوسیوە و پەراوێزەکانی دیکەش هایدیگەر دایناون. زۆرجار هایدیگەر دەقێکی فەلسەفی بە لاتینی نوسیوە و لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا بە لاتینی دانراوەتەوە. من دەقە لاتینییەکانیشم پاش نوسینیان بەو زمانە کردوە بە کوردی.

زمانی فەلسەفی هایدیگەر لەم پرۆژە فەلسەفییەدا سەخت و نوێیە. تەنانەت خوێنەری ئینگلیزیش کێشەی لەگەڵدا هەیە. من هەوڵمداوە لە

وەرگێڕانی هەندێک چەمک و دەقدا زۆرتر جەخت لەسەر ڕوونکردنەوەی واتاکەی بکەم و وەریگێڕم.
له کۆتایی ئەم پێشەکییەشدا سوپاسی تابان کەمال بۆ پتیچنینی دەقەکە لەسەر کۆمپیوتەر، ڕوشدی ئەنوەر بۆ نەخشی بەرگەکە و دەستگای سەردەم بۆ لە چاپدانی ئەم شاکارەی مارتن هایدیگەر بە زمانی کوردی دەکەم. هیوادارم خوێنەری کورد سودی لێوەرگرێت.

محەمەد کەمال

زانکۆی مالبۆرن

٢٠١٢

# پێشەکی نوسەر بۆ چاپی حەوتەم بە ئەڵمانی

ئەم نوسراوە لە بەهاری ١٩٢٧دا لە (گۆڤاری ساڵانەی فینۆمینۆلۆجی و توێژینەوەی فینۆمینۆلۆجییانە)، کە سەرنوسەرەکەی ئەدمۆند هوسرڵە، لە ژمارەیەکی تایبەتییدا بڵاوکرایەوە. لەچاپدانی ئەم نوسراوە بۆ حەوتەمین جار گۆڕانکاری نێو دەقەکەی بەخۆوە نەگرتوە، بەڵام بە

خاڵبەندی و دەقە وەرگێڕاوەکانیدا چووینەتەوە. ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم چاپە لەگەڵ چاپەکانی پێشودا یەکن و تەنیا گۆڕانی بچوکیان تێدا کراوە. لەچاپەکانی پێشودا (نیوەی یەکەم) نوسراوە و لێرەدا لابراوە. پاش چارەکە سەدەیەک نیوەی دووەم بەبێ ئامادەکردنێکی نوێی نیوەی یەکەم ناخرێتە سەری. بەڵام ئەو ڕێگەیەی گرتومانە، ئەگەر دازاین بیەوێت خۆی بە پرسیاری بوونەوە ماندووبکات ئەمڕۆش بە پێویستی دەزانین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارەش خوێنەر دەتوانێت بۆ [نوسراوەکەم] پێشەکییەک بۆ مێتافیزیک، کە لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا لەچاپدەدرێت، بگەڕێتەوە. ئەو نوسراوەم دەقی ئەو زنجیرە وانانەیە لە هاوینی ١٩٣٥ دا پێشکەشم کردن.

# بوون و کات

... دەردەکەوێت، تۆ دەمێکە لە بەکارهێنانی واتای چەمکی "هەبوو" تێگەیشتویت. ئێمەش، بەهەرحاڵ، کە هەستماندەکرد دەیزانین، ئێستا سەرمان لێشێواوە ...[7]

ئایا ئێمە لە سەردەمەکەماندا وەڵامی ئەو پرسیارەمان وەدەستهێناوە، کە دەپرسێت واتای ڕاستەقینەی 'هەبوو' چییە؟ هەرگیز نا. کەوابوو، بەجێیە سەرلەنوێ **پرسیار لەبارەی واتای بوون** بکەین. ئایا ئێمە ئەمڕۆش لە ئاستی ناتەواناییمان بۆ تێگەیشتن لە واتای 'بوون' سەرمان لێنەشیواوە؟ هەرگیز نا. کەوابوو، یەکەمجار پێویستە ئاگاییمان لە تێگەیشتن لە واتای ئەم پرسیارە بێداربکەینەوە. لەم نوسراوەدا ئامانجمان کارکردنە لەسەر پرسیار سەبارەت واتای **بوون** بە شێوازێکی کۆنکرێتی. ئامانجی کاتیشمان ڕاڤەکردنی (کات)ە، وەکو ئاسۆیەک بۆ تێگەیشتنمان لە واتای بوون.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی، کە هەموو توێژینەوەیەک ئەم مەبەستە بەخۆوە بگرێت و ڕێگاش بۆ گەیشتن بە مەبەستەکە دیارییبکات، پێویستە داوای ئەم خاڵە سەرەتاییانە بکات.

# پێشەکی

## ئاشکراکردنی پرسیار سەبارەت واتای بوون

---

7. هایدیگەر ئەم چەند ڕستەیەی لە دایەلۆگێکی ئەفلاتون بە ناوی (سۆفست) وەرگرتوە، کە تیایدا یەکێک لە میوانەکان لەگەڵ سوکراتدا لەسەر واتای بوون مشتومڕدەکات. بۆ دەقەکە بڕوانە: Plato, *Sophist*, 244a (م. ک)

# بەشی یەکەم

## پێویستی، بونیاد و لەپێشتردانانی پرسیار سەبارەت بوون

### 1. پێویستی دەربڕینێکی دیکە و ئاشکراکردنی پرسیار سەبارەت بوون

[1] ئەمڕۆ ئەم پرسیارە لەبیرچووە. هەرچەندە لەسەردەمەکەماندا وا بۆی دەچین پێشکەوتنخوازانەیە ڕەزامەندی خۆمان جارێکی دی بۆ 'مێتافیزیک' دەربخەین، بەڵام لەو باوەڕەشداین داوامان لێناکرێت ئاگری جەنگی نێوان دێوەکان (جایگەنتۆماکیا) داگیرسێنینەوە.[8] سەرباری ئەمەش پرسیارەکەمان، وەکو هەموو پرسیارێکی دیکە نییە. پرسیارێکە، کە بۆ توێژینەوەکانی ئەفلاتون و ئەریستۆ هاندەر بوو. دوای ئەوان پرسیارەکە نەبوو بە هەوێنی توێژینەوە ڕاستەقینەکان. دەستکەوتەکانی ئەم دوو بیریارە بە شێواوی و گۆڕانکارییەوە لەنێو 'لۆجیک'ی هیگڵدا بەرجەستەبوون. ئەوەی لەسەر دیاردەکان دەبینرا بە ڕەنجاندنی بیرکردنەوە لێکدەدرایەوە، هەڵبەتە بە پارچەکراوی و دیاریکردنی سەرەتاکانەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە بێبایەخ دانرا.

---

8. جەنگی نێوان دێوەکان (جایگەنتۆماکیا) بە یۆنانی یان (جایگەنتۆماکیا پێری تێس ئاو سیاس) واتە: جەنگی دێوەکان لەسەر بوون. گوتەیەکە هایدیگەر لە دایەلۆگی سۆفستی ئەفلاتونەوە وەریگرتوە. ئەمەش لەخۆیدا بارگرانی و سەختی پرسیاکردن سەبارەت بوون دەردەخات. بۆ ئەم گوتەیەی ئەفلاتون بڕوانە: دایەلۆگی سۆفست، ٢٤٦ – ٢٤٥ .(م. ک)

بێجگه لەمە، لەسەر بنەمای دەستکەوتی یۆنانییەکان بۆ ڕاڤەکردنی بوون، بڕوایەک سەبارەت واتای بوون دامەزراوە، کە نەک پرسیارکردنەکە بە ناپێویست دادەنرێت، بەڵکو بەتەواوی پشت گوێدەخرێت. گوایە 'بوون' هەمەکیترین و بۆشترین چەمکە. لەبەر ئەمە پێناسناکرێت. هەرکەسێک ئەم چەمکە هەمەکیترین و پێناسنەکراوە بەکاربهێنێت دەزانێت چ واتایەکی بۆ دەبەخشێت. لەمڕووەوە، ئەوەی فەیلەسوفە دێرینەکان بە دژوار و تەمومژاوییان دادەنا بووە بە شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویست. لەبەر ئەمە، هەرکەسێک پرسیار لەبارەیەوە بکات تاوانی هەڵەکردنی میتۆدییانەی دەخرێتەپاڵ.

[٢] مەحاڵە لە سەرەتای توێژینەوەکەمان بە درێژی پێشبیرەکان و حوکمدانەکان ڕوونبکەینەوە، کە ڕەگوڕیشەیان لەنێو ئۆنتۆلۆجی دێریندا داکوتاوەو بەردەوامیش بانگەشەی ناپێویستی لێکۆڵینەوە لەسەر بوون دەکەن. ناگونجێت پێش ئاڕاستەکردنی پرسیارەکە سەبارەت بوون و وەڵامدانەوەی ئەوجۆرە ئۆنتۆلۆجییە شیبکەینەوە. ئەگەر ئێمە بمانەوێت لەو زەمینەوە گەشتەکەمان بخەینەگەڕ، چەمکە بنەڕەتییەکانی ئۆنتۆلۆجی تیایدا سەریان هەڵداوە، بەلایکەمەوە دەبێت وەڵامدانەوەکە بکەین بە کلیلی شیکردنەوەکەمان. کەوابوو، بۆ مەبەستی گەڕانەوەمان بۆ پرسیارکردن سەبارەت واتای بوون ئێمە پێشبیرو حوکمدانەکان باسدەکەین. ئەم پێشبیرانەش سێ جۆرن.

یەکەم، گوایە 'بوون' هەمەکیترین چەمکە: (تو ئۆن ئێستی کاتۆلی مالیستا پانتۆن. ئیلیود پریمۆ کادیت سوب ئەپریهێنشینە ئێست ئێنس،

کویوس ئینتلێکتوس ئینکلودیتیور ئین ئۆمنی بوس، کوایکومکیو کویس ئەپریهێندت.)[9] "تێگەیشتن لە بوون هەمیشە و لەپێشتریش لەنێو هەموو هەبووەکاندا هەیە، کە ئێمە دەمانەوێت بیانناسین." بەڵام 'هەمەکیبوونی' 'بوون' لە هەمەکیبوونی جۆری گەورە[جینس] ناچێت. 'بوون' ئەو ئاقارە ناگرێتەوە، کە هەموو هەبووەکانی تێدایە و بەگوێرەی جۆری گەورە و بچوک ڕیزکرابن چونکە بوون جۆری گەورە نییە (ئاوتە تو ئۆن جینۆس)؛ هەمەکیبوونی بوون ژوور هەموو جۆرێکی بەرزی هەمەکی دەکەوێت. لە ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاستدا 'بوون' بە 'بەرزێتی' دادەنرا. ئەریستۆش یەکێتی ئەم بەرزێتییە هەمەکییەی دەزانی و بەرانبەر چەمکە هەمەکییە فرەلایەنییەکانی دیکە دایدەناو بە "یەکێتی ئەنەلۆجی" ناوزەدیکرد. لەگەڵ ئەم دۆزینەوەیەدا، هەرچەندە پشتی بە پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکەی ئەفلاتون دەبەست، ئەریستۆ گرفتی بوونی خستە سەر زەمینەیەکی نوێ. بەدڵنیاییەوە، ئەریستۆش نەیتوانی ڕۆشنایی بخاتەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم چەمکانە. ئەم گرفتە لەنێو ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەنێو فێرگەکانی تۆمیزم و ڕواقییەکاندا، بەدرێژی بەبێ گەیشتن بە ڕوونکردنەوەی بنەماکان، باسکراوە. کاتێکیش هیگڵ پێناسەی 'بوون' وەکو "ڕاستەوخۆیەکی دیارینەکراو" دەکات و لە لۆجیکەکەیدا ئەم پێناسەیە بەبناخە بۆ دیاریکردنی کاتیگۆرییەکان دادەنێت، دەڕوانێتە ئۆنتۆلۆجی دێرین و تەنیا

---

[9] *lllud quod prima cadit sub apprehensiene est ens, cuius intellectus includitur in omnibus, quaecumque quis apprehendit.*

گۆێنەداتە گرفتەکەی ئەریستۆ و دانانی یەکێتی بوون بەرانبەر فرەجۆری کاتیگۆرییەکان. کەوابوو، ئەگەر بوترێت 'بوون' هەمەکیترین چەمکە ئەوە ناگەیەنێت، کە واتاکەی ئاشکرایە و پێویست نەکات لەسەری بدوێین. بەڵکو، لە هەموو شتێک شاراوەترە.

[٤] دووەم، چەمکی 'بوون' پێناسناکرێت. ئەمەش لە خەسڵەتی هەمەکی ئەم چەمکەوە دەرهێنراوە و پێناسەکردن واتە (دێفنیشیۆ فت پێر گینوس پرۆکسیمون ئێت دفرنێتەم سپێسیفیکەم.)[10] 'بوون' وەکو شتێک نابینرێت؛ (ئێنتی نۆن ئەدیتوەر ئەلیکوا ناتورا)[11] تەنانەت بە (شت)بوونیشی پێنادرێت. 'بوون' لە چەمکێکی گەورەترەوە بە پێناسە دەرناهێنرێت، لەنێو چەمکە بچوکەکانیشدا نییە. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە 'بوون' گرفت دروستناکات؟ هەرگیز نا. ئێمە تەنیا ئەوەندە دەزانین، کە بوون خەسڵەتی (شت) وەرناگرێت. کەوابوو، چەمکی (پێناسە) لە لۆجیکی نەرێتیدا بەسەر بووندا ساخنابێتەوە. [لۆجیکی نەریتی] لەسەر زەمینەی ئۆنتۆلۆجی دێرین دامەزراوە، سنورداریێتی خۆی هەیە و بۆ پێناسەکردنی هەبووەکان بەکاردێت. هەروەها، لە پێناسە-بەدەری بوون نابێتە هۆکاری لەناوبردنی پرسیارکردن سەبارەت واتاکەی؛ بەڵکو داوای پرسیارکردنمان لێدەکات. سێیەم، لێکدەدرێتەوە 'بوون' یەکێک بێت لە چەمکە بەڵگە نەویستەکان.

---

[10] *Definitio fit per genus proximum et differentiam specificam.*

[11] *Enti non additur aliqua natura.*

هەرکەسێک زانینێکی هەبێت، داکۆکییەک بکات و بەرەو شتێک بڕوات، تەنانەت ڕووەو خۆی، 'بوون' بەکاردەهێنێت؛ لە دەربڕینەکەشدا بەبێ زۆر ڕۆیشتن لەسەری تێیدەگەین. هەموو کەسێک دەزانێت "ئاسمان شینە."، "من بەختەوەرم." نموونە گەلێکی دیکەش چ واتایەک دەبەخشن. بەڵام ئەم تێگەیشتنە مامناوەندییە تێنەگەیشتن دەسەلمێنێت. لەگەڵ هەموو ڕووەو چوونێک بەرەو شتەکان شاردنەوەیەکی لەپێشتر هەیە. لەڕاستیدا ئێمە[هەرچەندە] تێگەیشتنمان بۆ 'بوون' هەیە هاوکات واتای بوون لەنێو تاریکییدا پێچراوەتەوە. ئەمەش لە بنەماوە پیویستی پرسیارکردنەکە سەر لە نوێ دەسەلمێنیت.

لەنێو دەستەیەک چەمکی بنەڕەتی فەلسەفیانەدا، بەتایبەتی کاتێک مامەڵە لەگەڵ چەمکی 'بوون' دا دەکەین — ئەگەر بەڵگە - نەویست بن (وەکو دەستەواژە هۆشەکییەکانی کانت) یان لە شیکردنەوەکەماندا (وەکو ئەمەش کاری فەیلەسوفەکان بێت)، ئەوا دیاریکردنی[خەسڵەتی] بەڵگە نەویستن دەبێت بە پرۆسەیەکی گومانلێکراو.

سەرنجدانمان لەسەر پێشبیرەکان ئاشکرایدەکات، کە نەک پرسیارەکە وەڵامی نەدراوەتەوە، بەڵکو خودی پرسیارەکەش تەمومژاوی و بێ ئاڕاستەیە. کەوابوو، بۆ گەڕانەوەی پرسیاکردن لەسەر واتای بوون یەکەمجار دەبێت کار لەسەر دروستکردنی پرسیارەکە بەدرووستی بکەین.

### ٢. بونیادی شێوەیی پرسیار سەبارەت بوون

[٥] پێویستە پرسیار سەبارەت واتای بوون دامەزرێت. ئەگەر پرسیارەکە بنەڕەتیی بێت ئەوا پێویستە ڕوون و ئاشکرابێت. کەوابوو، ئێمە دەبێت بەکورتی باسی خەسڵەتەکانی پرسیار، بەتایبەتی پرسیار سەبارەت واتای بوون بکەین و تایبەتمەندێتییەکەی دەربخەین.

هەموو توێژینەوەیەک بەدواداگەڕانە. توێژینەوەکەش ئەو شتە لەپێشتر ڕێنمایی دەکات، کە بەدوایدا دەگەڕێین. توێژینەوە بە گەڕانێکە بەزانینەوە بەدوای شتێکدا، کە هەیە وو بوونی ئەویش، وەکو ئەوەی، کە هەیە. بەدواداگەڕان بەزانینەوە شێوازی"لێکۆڵینەوە" وەردەگرێت، کە کەسێک دەیەوێت بزانێت پرسیارەکە سەبارەت چییە و خەسڵەتەکانیشی بدۆزێتەوە. هەموو توێژینەوەیەک، وەکو توێژینەوە لەشتێک، ئەو بابەتەی هەیە، کەپرسیاری لەبارەوە دەکرێت. هەموو توێژینەوەیەک پرسیارکردنە سەبارەت شتێک لەسەروئەمەوە توێژینەوە خاوەنی بابەتی لێکۆڵینەوەیە. لەپرسیارکردن بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە، لەو پرسیارکردنانەی بیردۆزەیین، ئەوەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێت دیاریدەکرێت و چەمکەکانی بۆ دادەنرێت. هەروەها، لەنێو ئەوەی پرسیاری لەبارەوەدەکرێت ئەو بابەتەشی تێدایە، کە بەپرسیارکردنەکە دەدۆزرێتەوە. ئەمە مەبەستی پرسیارکردنە: لێرەدا توێژینەوە بە ئامانجەکەی دەگات.

توێژینەوە لە هەڵوێستی پرسیارکەرەکەدایە، لەبەر ئەمەیە، وەکو شتێک خەسڵەتی بوونی خۆی هەیە. دەشێ کەسێک بەسەرپێییەوە یان بە ئاشکرایی پرسیارەکە دروستبکات. ئەوەی لەحاڵەتی دووەمدا نائاساییە

ئەوەیە، کە یەکەم پرسیاکردنەکە پێش هەموو خەسڵەتەکانی لەسەرەوە ناوزەدمانکردن ئاشکرا دەردەکەوێت.

دەبێت پرسیار سەبارەت واتای بوون دروستبکەین. پێویستە ڕووبەڕووی ئەو خاڵە بونیادییانە ببینەوە، کە باسمانکردن.

توێژینەوە، وەکو جۆرێک لە بە دواداگەڕان، دەبێت ئەو شتەی بەدواییدا دەگەڕێت، ڕێنمایی بکات. کەوابوو، واتای بوون بەڕادەیەک لەبەردەستی ئێمەدایە. لەچالاکییەکانماندا شێوازێکی تێگەیشتن لە واتای بوون هەیە. ئێمە نازانین 'بوون' چ واتایەک دەبەخشێت. بەڵام، ئەگەر پرسیاریش بکەین، ئایا 'بوون' چییە؟ ئێمە بەبێ ئەوەی لە واتای (هەیە)تێبگەین لە ئاستیدا ڕادەوەستین.

تەنانەت نازانین لە چ ئاسۆیەکدا بەواتاکە دەگەین و دایدەمەزرێنین. بەڵام ئەم تێگەیشتنە ئاساییە ئاڵۆزەی 'بوون' هێشتا فاکتۆرە.

[٦] بەهەرحاڵ، گرنگ نییە چەند ئەم تێگەیشتنەمان لە بوون (ئەو تێگەیشتنەی دەستمان کەوتووە) کاڵدەبێتەوە و خۆی لەنێو سنوری وشەدا دادەنێت، ئەم نادیارییە دیاردەیەکی پۆزەتیڤە و پێویستە ڕوونبکرێتەوە. نابێت لە توێژینەوە لەسەر واتای بوون چاوەڕوان بکرێت و ئەم ڕوونکردنەوەیە لە سەرەتاوە دەستپێشکەرانە دابنێت. ئەگەر بەدوای کلیلێکدا بگەڕێین تاکو ڕاڤەی ئەو تێگەیشتنە ئاساییەی بوون بکات، دەبێت پێشەکی چەمکی بوون بەرەوپێشەوە بەرین. لەبەر ڕۆشنایی ئەم چەمکەدا و ئەو ڕێگایانەی ئاشکرا لێیان دەگەین، دەتوانین بە واتای ئەو تێگەیشتنە ئاساییە و شاراوەیەی بوون بگەین. بۆمان دەرکەوێت چی

بووە بە ڕێگری خۆ دەرخستنەکەی. لەسەرو ئەمەوە، دەشێ ئەم تێگەیشتنە ئاسایی و تەمومژاوییە لە واتای بوون هێندە خۆی خزانبێتە نێو بیردۆزە کۆن و بۆچوونەکان سەرچاوەکانی تێگەیشتنەکە و ئەوەی لە گەڕان بە دوای 'بوون' دەمانەوێت بیتوێژینەوە شاردرابێتەوە. ئەگەر یەکەمجار لە واتاکەشی نەگەین، شتێکی بەتەواوەتی نەناسراو نییە.

لەپرسیارەکەماندا، ئەوەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێت 'بوون'ە. ئەوەیە، کە هەبووەکان، وەکو هەبوو دیاریدەکات و لەسەر بناخەی ئەویش لە هەبووەکان تێدەگەین و باسیاندەکەین. ئەگەر لە گرفتی بوون تێبگەین ئەوا یەکەم هەنگاونانی فەلسەفییانەمان دووکەوتنەوەمانە لە "گێڕانەوەی چیرۆک"، واتە نابێت بنەڕەتی هەبووەکان بە شتێکی دیکە دابنێین و واتێبگەین، کە بوون خەسڵەتی هەبوویەکی ئەگەرانەی هەیە. کەوابوو، بوون، وەکو ئەوەی پرسیاری لەبارەوە کراوە، دەبێت بە جۆرێک دەرکەوێت جیاوازییە بنەڕەتییەکەی لەگەڵ دۆزینەوەی هەبوەکاندا ئاشکرا بێت. بەگوێرەی ئەمە، ئەوەی لە پرسیارکردنەکەدا بەدواییدا دەگەڕێین، کە واتای بوونە، داوامان لێدەکات بەو شێوەیە بیناسین، کە خۆی دەردەخات. ئەو چەمکانەی بۆی بەکاردەهێنین لەو چەمکانەوە جیاوازبن، کە بۆ دیاریکردنی هەبووەکان دادەنرێن. بەو ڕادەیەی پرسیارەکەمان سەبارەت 'بوون'ە بوونیش واتە بوونی هەبووەکان، ئەوا بە دواداگەڕانەکەمان هەبووەکانیش دەگرێتەوە. پرسیار لەبارەی 'بوون' یانەوە دەکرێت. ئەگەر خەسڵەتەکانیان بە دروستی بناسرێت ئەوا دەکرێت بەوجۆرەی لەنێو خۆیاندا هەن بدۆزرێنەوە. کاتێک دەگەین

بەوەی بەدوایدا دەگەڕێین، 'بوون' داوامان لێدەکات بەدروستی هەبووەکان بناسین.

[٧] بەڵام گەلێک شت بە 'هەبوو' ["*seiend*"] دادەنرێن و ئەمەش چەند واتایەکی هەیە. ئەوەی باسیدەکەین، بۆچوونمان لەسەری هەیە و ئەوەی بەرەو ڕووی دەبینەوە هەبووە؛ ئێمەش لە چۆنییەتی و چییەتی بوونماندا هەبووین. فاکتۆری بوون لەوەدایە، کە شتێک هەیە و ئەو شتەش لە بوونیدا بەو جۆرەیە، کە هەیە؛ لەنێو ڕاستەقینەدایە؛ بابەتێکی دەرەکییە؛ بەردەوامە؛ درووستە: دازاینە؛ لەوێدا هەیە.[12] لەنێو چی هەبوویەکدا واتای بوون دەردەکەوێت؟ لە نێو چی هەبوویەکەوە خۆدەرخستنی بوون دەستپێدەکات؟ ئایا دەکرێت خاڵی دەستپێکردنەکە هەڵبژێرین یان یەکێک لە هەبووەکان لەوانی دیکە[بۆ ئەم کارە] لەپێشترە؟ چ هەبوویەک هەڵبژێرین و لەچ ڕوویەکەوە لەوانی دیکە لەپێشترە؟ ئەگەر پرسیار سەبارەت بوونی ئاشکرا بێت و بەتەواوی شەفافییەتی تێدابێت ئەوا پێویستە باس لەو بوونە بکەین، کە ڕووی تێدەکەین؛ دەبێ بزانین چۆن لە واتاکەی تێدەگەین و چەمکەکانی بۆ بەکاردەهێنین. داوامان لێدەکات هەبوویەک بۆنموونەکەمان هەڵبژێرین و ڕێگایەکی دروست بۆ ناسنی بدۆزینەوە.

---

[12] دازاین وشەیەکی لێکدراوی ئەڵمانییە؛ (دا-لێرە) و (زاین-بوون)؛ واتە (بوون-لێرەدا). هایدیگەر ئەم وشە لێکدراوە بۆ بوونی مرۆڤ بەکارهێناوە و لەسەربنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی جیاوازتر لە هەبووەکان دایدەنێت. بە دیدی هایدیگەر، مرۆڤ هەبوو، یان جەوهەرێکی-گیانەکی دێکارتی نییە، بەڵکو بوونێکە لێرەدا. (م.ک)

ڕووکردنە شتێک، تێگەیشتن و بۆچوون، هەڵبژاردن و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ گەیشتن هەموو ئەم هەڵوێستانە پێکهاتەی توێژینەوەکەمانن، کەوابوو، بۆ ئێمەی توێژەر ئەمانە شێوازەکانی بوونن. لەبەر ئەمە، مامەڵەکردنێکی لەبار لەگەڵ پرسیار سەبارەت بوون پێویستی بە شەفافییەتی توێژەرـ لە بوونی خۆیدا -هەیە. خودی پرسیارکردنەکە لەلایەن ئەو هەبووەوە شێوازێکی بوونە؛ خەسڵەتی بنەڕەتی خۆی لە 'بوون'وە وەردەگرێت، کە پرسیاری سەبارەت کراوە. ئەو هەبووەی، کە هەریەکێک لە ئێمە و توێژینەوەش دەبێت بە ئەگەرێکی بوونی، بە 'دازاین' ناوزەدیدەکەین. ئەگەر بمانەوێت پرسیارەکەمان ئاشکرا و بە شەفافییەتەوە بکەین، پێویستە لە سەرەتاوە لە بوونی (دازاین) بکۆڵینەوە.

ئایا ئەمە سوڕانەوە نییە؟ ئەگەر پێناسەی بوونی [دازاین] بکەین و ئەمەش بە زەمینە بۆ دروستکردنی پرسیارەکەمان سەبارەت بوون دابنێین ئایا لەنێو بازنەیەکدا ناخولێینەوە؟ ئایا لەگەڵ پرسیاکردنەکەدا شتێکمان لەپێشتر دانەنا، کە وەڵامەکە بەرجەستەی دەکات؟ هەندێک بەناوی "سوڕانەوەی بەڵگە"وە ئەمە ڕەتدەکەنەوە، کە لەگەڵ توێژینەوەی بنەڕەتەکاندا سەرهەڵدەدات. بەڵام [ئەم ڕەتدانەوانە] بۆ توێژینەوەکەمان دەستنادەن و لە ئاستماندا نابن بە ڕێگر.

[٨] لەڕاستیدا سوڕانەوەی بازنەیی لەدانانی پرسیارەکەماندا، کە باسمانکرد، ڕوونادات. کەسێک بەبێ ئەوەی لە واتای بوون تێبگات دەتوانێت لە سروشتی هەبووەکان بکۆڵێتەوە. ئەگینا هیچ زانینێکی

ئۆنتۆلۆجییانە لەپێش ئێمەوە نەدەبوو. کەس نکۆڵی لە بوونی زانینەکە لە ڕوویەکی فاکتۆرییەوە ناکات. بێگومان 'بوون' لەنێو هەموو ئۆنتۆلۆجییەکدا بەپێشبیر دانراوە، بەڵکو وەکو چەمکێک لەبەردەستدا نابینرێت و ئەوەش نییە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین. پێشترێتی بوون خەسڵەتی تەماشاکردنی لەپێشتری وەرگرتوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەودا هەبووەکان بۆ ئێمە خۆیان دەردەخەن و لە بوونیان دەکۆڵینەوە. ڕێنمایکردنەکە لە تێگەیشتنی ئاساییمان بۆ بوون پەیدا بووە و ئێمەش بەردەوام کاری تێدا دەکەین. لە کۆتاییشدا، بۆ پێکهاتەی بنەڕەتی خودی دازاین دەگەڕێتەوە.

پێشبیرێتی پەیوەندییەکە نابێتە هۆی دامەزراندنی زەمینە تاکو لەوێوە دەستەواژەکان دەربهێنین. مەحاڵە "بەڵگەی سوڕاوە" لە پرسیار سەبارەت واتای بووندا هەبێت چونکە وەڵامەکەی ئاماژە بۆ دانانی شتێک لەسەر دەرهێنانەکە بە ئیندەکشن ناکات. بەڵکو دانانێکی ڕووت و ئاشکرای زەمینەکەیە.

"بەڵگەی سوڕاوە" لە پرسیار سەبارەت واتای بووندا نییە؛ بەڵکو پەیوەندییەکی گرنگ لەنێوان پێشتر و پاشتردا دیاریدەکات. پرسیارەکەمان سەبارەت بوون لەنێو خۆیدا، وەکو شێوازێکی 'بوون' هەبوویەک هەڵدەگرێت.

لێرەدا هاوئاهەنگییەک لەنێوان توێژینەوەکە و ئەوەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێت دروستدەبێت. ئەمەش بۆ واتای پرسیارەکە سەبارەت بوون دەگەڕێنەوە. ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕێگەیەکی تایبەت هەبووەکان بە خەسڵەتی دازاینەوە لەگەڵ پرسیارەکەدا دەبەستێتەوە.

بەڵام هێشتا نەمانسەلماندوە چ جۆرە هەبوویەک لە پرسیارکردنەکەدا لەپێشترە. ئایا ئێمە ئەو هەبووەمان بۆ توێژینەوەکەمان لەنێو پرسیارەکەماندا سەبارەت واتای بوون ئامادەنەکردوە؟ تاکو ئێرە توێژینەوەکەمان گرنگی دازاینی نەسەلماندوە. تەنانەت دیاریماننەکردوە چۆن دازاین دەبێت بە هەبوویەکی لەبار یان پێویست بۆ گەڕانەکەمان. بەڵام بەدڵنیایەوە، پێشترێتی دازاین دەرکەوتوە.

## ٣. پێشترێتی ئۆنتۆلۆجییانەی پرسیار سەبارەت بوون

[٩] کاتێک باس لە خەسڵەتەکانی پرسیارەکەمان سەبارەت بوون کرد، بونیادی فۆرمیی پرسیارەکەشمان بەکلیل دانا، ئەو خاڵەمان ڕوونکردەوە، کە ئەم پرسیارە تایبەتمەندە. پێویستە بەچەند شێوازێک بیری لێبکرێتەوە.

بەهەرحاڵ، خەسڵەتە تایبەتمەندەکانی لەوێدا ئاشکرا دەبن، کە ئێمە بەڕاشکاوی ڕۆشنایی بخەینە سەر کارکردن، ئامانج و هاندەرەکانی.

لێرەوە، یەکێک لە هاندەر بۆ دامازراندنی بەڵگەکانمان بۆ گەڕانەوە لەسەر پرسیارەکە بنەڕەتە ڕێزدارەکەیەتی و لەمەش گرنگتر نەبوونی وەڵامێکی دروست و تەنانەت شێوازی پرسیارکردنەکەش، کە جێی ڕەزامەندی بێت. دەشێ ئەو پرسیارەشمان لێبکرێت، کە مەبەست لە پرسیارکردنەکەمان چییە و چ مەبەستێکی لەدوایە. ئایا لەبنەڕەتە و وادەمێنێتەوە— تێڕامانێکی سەربەستانەیە لەسەر بەگشتیبوونی گشتییدارەکان، لەسەر پرسیارەکان یان سەبارەت بنەڕەتیترین و کۆنکریتریینە؟ بوون هەمیشە

بوونی هەبوویەکە. هەموو هەبووەکان پێکەوە، لە شێوازی جۆراوجۆردا، دەبن بە کێڵگە و تیایدا جۆرێک لە زانین بە بەربڵاوی دادەمەزرێت. ئەو بوارانە، لەلایەن خۆیانەوە (بۆنموونە، مێژوو، سروشت، شوێن، ژیان، دازاین، زمان و هتد)، دەبن بەبابەتی هەریەکێک لە لێکۆڵێنەوە زانستییەکان. لێکۆڵینەوەی زانستانە ئەم بوارانە دیاریدەکات و لەیەکدیان جیادەکاتەوە. بونیادی بنەڕەتی بوارەکانیش بەرێگەی پێش-زانستانە دامەزراوە و لەبووندا لێکدراوەتەوە و بواری زانینەکەش لە ئاستێکدا دیاریکراوە.

گرنگی توێژینەوە هەمیشە لەسەر دامەزراندنی چەمکە بنەڕەتییەکان ڕادەوەستێت. پێشکەوتنیشی بەکۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئامانجەکانی لە دەستنوسەکاندا، نەبەستراوە و دەکەوێتە سەر هێزی پرسیارکردنەکانی سەبارەت پێکهاتەی هەریەکێک لەبوارەکان. پرسیارکردنەکەش بەگشتی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ زۆربوونی زانینە لەبوارەکاندا.

'بزوتنەوەی' ڕاستەقینەی زانستەکان لەگەڵ پێداچوونەوەی چەمکە بنەڕەتییەکاندا ڕادیکاڵانە ڕوودەدات. ئەو پلەیەی زانست پێیدەگات دەکەوێتە سەر تەوانایی مامەڵەکردنی لەگەڵ قەیرانی چەمکە بنەڕەتییەکانیدا. لەنێو قەیرانەکانی زانستدا پەیوەندی پرسیارکردنی پۆزەتیڤانە لەگەڵ ئەو بابەتەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێت بەرقەرار نامێنێتەوە. ئەمڕۆ جۆرەمەیلێک بۆ دانانی توێژینەوە لەسەر زەمینەیەکی نوێ لەهەموو بوارەکاندا سەریهەڵداوە.

[١٠] ماتماتیک، کە بە وردترین و زانستێکی توند دامەزراو دادەنرێت، لە بناخەوە توشی قەیران بووە. ناکۆکی لەنێوان فۆرمەلیستییەکان و

ئینتیوشینیستەکاندا لەسەر گەیشتن بە بابەتەکانی ئەم زانستە هەیە. بیردۆزەی ڕێژەگەرایەتی فیزیا مەیلی دەرخستنی پێوەلکانی سروشتی، وەکو شتێک لەنێو خۆیدا هەبێت، هەیە. وەکو بیردۆزەی بارودۆخەکان بۆ گەیشتن بە سروشت هەوڵدەدات لەسەرو هەموو ڕێژەکانەوە نەگۆڕی یاساکانی گۆڕان بپارێزێت. لێرەدا، دژی بونیادەکەی توێژینەوەکەی خۆی ڕادەوەستێت.

لە بایۆلۆجیدا هەوڵدەدرێت توێژینەوەکان پێناسەکانی فێرگەی میکانیزم و ڤایتەلیزم بۆ ژیان و ئۆرگانیزم ڕەتبکرێت. پێناسەیەکی نوێ بۆ ئەو بوونە بکرێت، کە سەر بە ژیانە. لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەوانەی خەسڵەتی مێژووییان هەیە، ڕووکردنە لە ڕاستەقینەی مێژوویی بە درێژایی کات و لەسەر بناخەی نەریتەکە زۆرتر بووە. مێژووی ئەدەب بووە بە مێژووی گرفتەکان. خواناسی داوای ڕاڤەکردنی بوونی مرۆڤ ڕووەو خوا لەسەر بناخەی بڕواو مانەوەی لەنێو بڕوادا دەکات. ئێستا خەریکە تێدەگات تێڕوانینی (لوسەر)[13] لە دانانی سیستەمی دۆگماکەیدا لەسەر ئەو بناخەیەی لە پرسیارکردنەوە پەیدانەبوە و بڕوا لە پێشتر دادەنێت، بناخەیەکە نەک تەنیا بۆ گرفتەکانی تیۆلۆجی نالەبارە بەڵکو دەیشارێتەوە و لەناویدەبات.

---

[13] مەبەستی هایدیگەر مارتن لوسەرە (١٤٨٣-١٥٤٦)، کە بزوتنەوەی پرۆتستانتی دژی کەنیسەی کاسۆلیسیزم دروستکرد و داوای چاکسازی کرد. (م.ک)

چەمکە بنەڕەتییەکان بوارەکانی زانین بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی زانستێک دیاریدەکەن، کە لەسەری دەکۆڵێتەوە. بەگوێرەی ئەمە، چەمکەکان لەپێشدا دادەمەزرێن و زەمینە وەردەگرن. مادام هەریەکێک لەو بوارانەش سەر بە جۆرێک لە هەبووەکانن چەمکەکانیش لە ڕاڤەکردنی هەبووەکاندا بۆ بوونی ئەوان دەگەڕێنەوە. ئەمجۆرە توێژینەوەیە دەبێت پێش زانستە پۆزەتیڤەکان بکەوێت و دەتوانێت ئەم کارەش بکات. نوسینەکانی ئەفلاتون و ئەریستۆش بۆ سەلماندنی ئەمخاڵە دەبن بە بەڵگە. زەمینە خۆشکردن بۆ زانستەکان، لەمڕووەوە و لە بنەڕەتەوە، لەو 'لۆجیک'ەوە جیاوازە، کە بە شەلی دوایدەکەوێت، لە حاڵەتی زانستێک دەکۆڵێتەوە و 'میتۆد'ەکەی پەیدادەکات. دامەزراندنی بناخەکان، بەوشێوەیەی باسیدەکەین، سەر بە لۆجیکێکی بەرهەمهێنەرە-بەرەو پێش بازدەدات و خۆی بە بوارێکی بوون دەگەیەنێت. بۆیەکەمجار بونیادی بوونی ئاشکرادەکات، خۆی دەگەیەنێتە ناوەڕۆکەکی و لەبەردەم زانستە پۆزەتیڤەکەدا ئامادەیدەکات. بۆنموونە، ئەوەی لە فەلسەفەدا سەرەکییە نە زانینێکی مێژوویی و نەبیردۆزەی مێژووە، وەکو بابەتێکی مێژووناسی؛ بەڵکو ڕاڤەکردنێکی ڕەسەنانەی بابەتە مێژووییەکانە لەنێو سنوری بەمێژووبوونی خۆیاندا. بەهەمانشێوە، ئاکامە پۆزەتیڤەکەی کانت لە (ڕەخنە لەسەر هۆشی ڕەوان)[14] دەکەوێتە سەر ئەوەی بزانین چ شتێک سەر بە سروشتە نەک بیردۆزەی زانین.

---

[14] من لەم وەرگێڕانەدا چەمکی (هۆش)یان (ژیری)م بۆ reason بەکارهێناوە. هەردوو چەمکەکە بەدروست دادەنێم. لە زمانی ئینگلیزیدا چەمکیreason واتای

[١١] لۆجیکی بەرزی کانت لۆجیکێکی لەپێشترە بۆ بوارێک لە بووندا، کە بە (سروشت) ناوزەددەکرێت. بەڵام، ئەو توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی بەگشتی داناوەو بێ ئەوەی ڕووی لە ئاستێکی ئۆنتۆلۆجییانە و بۆچوونێک کردبێت- هەروەها پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرتر هەیە. بێگومان توێژینەوەی ئۆنتۆلۆجییانە لە توێژینەوەی هەبوویەک( ontic)ی زانستێکی پۆزەتیڤ لەپێشترە و[15] بە ساکاری و شاراوەیش دەمێنێتەوە ئەگەر نەتوانێت واتای بوون بەگشتی دەربخات. ئەرکی ئۆنتۆلۆجییانەی ڕەچەڵەکناسی شێوازەکانی بوون(کەبەدیدەکشندەر ناهێنرێن) نموونەیەکە، کە لەپێش هەموو شتێکدا داوای تێگەیشتن لە واتای 'بوون'مان لێدەکات. کەوابوو، پرسیار سەبارەت بوون ڕوو لەو بارودۆخە لەپێشترەی ئەگەرێتی(دەکات) نەک تەنیا بۆ ئەو زانستانەی لە هەبوویەکی دیاریکراو دەکۆڵنەوە- لەوێوە دەیانەوێت لە واتای بوون تێبگەن؛ بەڵکو ڕوو لە بارودۆخی ئەگەرێتی ئۆنتۆلۆجییەکانیش دەکات، کە پێش توێژینەوەی ئۆنتیکی زانستەکان دەکەون. **هەموو ئۆنتۆلۆجییەک، گرنگ نییە سیستەمی کاتیگۆرییەکانی**

---

هۆکاریش دەبەخشێت، بنەڕەتدا لە (هۆش)ەوە نزیکە.(م.ک)

[15] هایدیگەر چەمکی ئۆنتۆلۆجی و ئۆنتیک بەکاردەهێنێت، کە هەردووکیان یۆنانیین. ئۆنتۆلۆجی توێژینەوەیە لەسەر بوون و ئۆنتیک لە هەبوو. من چەمکی (هەبوو)م بۆ ئۆنتیک داناوە. هەموو هەبوویەکی تاک، وەکو مێزەکە، ئۆنتیکە. مەبەستی هایدیگەریش لێرەدا ئەوەیە، کە زانست لە(ئۆنتیک) دەکۆڵێتەوە یان بابەتی لێکۆڵینەوەی زانست هەبووە (ئۆنتیک) نەک بوون بەگشتی.(م.ک)

**بەردەستی چەند ڕێکوپێک دامەزرابێت، لە ئاستی مەبەستە هەرە گرنگەکەیدا کوێرانە ڕادەوەستێت ئەگەر لەپێشەوە واتای بوونی بە دروستی ڕووننەکردبێتەوە و ڕوونکردنەوەکەش بە ئەرکێکی بنەڕەتی دانەنابێت.** کاتێک بە دروستی لە توێژینەوەی ئۆنتۆلۆجییانە تێدەگەین، گرنگی ئۆنتۆلۆجییانەش بە پرسیارەکە سەبارەت بوون دەدات، کە پێش نەرێت دەکەوێت و پێشکەوتنێک لە ئاستی گرفتە شاراوەکەدا دروستدەکات. بەڵام ئەم گرنگییە زانستییە تاکە[خەسڵەت] نییە.

## ٤. پێشترێتی ئۆنتیکی پرسیار سەبارەت بوون

دەکرێت زانست بەگشتی بەو تاقمە دەستەواژە دروستە دامەزراوانە دابنرێت. بەلام ئەم پێناسەیە تەواو نییە و واتای زانستیش بەدەستەوە نادات. وەکو ئەو ڕێگایانەی مرۆڤ دەیانگرێتەبەر، زانستەکان هەڵوێستێکی بوونیان هەڵگرتووە، کە خودی مرۆڤ خاوەنێتی. ئێمە بوونی مرۆڤمان بە 'دازاین' ناوزەدکرد. توێژینەوەی زانستانەش تەنیا هەڵوێستێکی بوون نییە، مرۆڤ بیگرێتەبەر و تەنانەت نزیکترینیشیان نییە. لەسەرو ئەمەوە، دازاین لەبەراوردکرنیدا لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. باسکردنی ئەم تایبەتمەندێتییەش سود بەخشە. لێرەدا باسکردنەکە پێشبینی شیکردنەوەیەکیش دەکات، کە لەدواییدا دەتوانین بیسەلمێنین.

[١٢] دازاین بەتەنیا هەبوویەک لەنێو هەبووەکانی دیکەدا نییە. لە ڕوویەکی فاکتۆریەوە جیاوازییەکی ئۆنتیکی لە بوونیدا هەیە. ئەویش ئەوەیە، کە بوون بۆ ئەو کێشەیە. ئەمەش حاڵەتی پێکهاتوی بوونی دازایینە. دازاین لە بوونیدا پەیوەندی لەگەڵ بووندا هەیە. پەیوەندیەک، کە سەر بە خودی بوونە. ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت دازاین جۆرە تێگەیشتنێکی بۆ بوونی خۆی هەیە و بەڕادەیەکیش دەتوانێت ئەمە بکات. ئاشکراکردنی بوون لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بوونی خۆیەوە تایبەتمەندێتییەکی دازاینە. **تێگەیشتن لە بوون خەسڵەتێکی دیاریکراوی بوونی دازاینە.** دازاین ئۆنتیکییانە تایبەتمەندە چونکە[بوونێکی ئۆنتۆلۆجییانەی] هەیە.

لێرەدا "بوونی-ئۆنتۆلۆجییانە" پێشخستنی ئۆنتۆلۆجی ناگەیەنێت. ئەگەر چەمکی **'ئۆنتۆلۆجی'** بۆ توێژینەوەی واتای هەبووەکان دابنرێت، هەڵوێستی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین دەبێت بە "پێش-ئۆنتۆلۆجییانە".[16]

---

[16] هایدیگەر چەمکی (پێش-ئۆنتۆلۆجی) و چەند چەمکێکی دیکەی، وەکو پێش-تێڕامان و پێش- بیردۆزەی بەکارهێناوە. دەکرێت بە هەڵوێستی سادەی نا-فەلسەفییانە یان پێش-فەلسەفییانەی دازاین لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەبووەکاندا پێناسبکرێت. دازاین ئاگاییەکی ڕاستەوخۆی لە بوونی خۆی و هەبووەکانی دەوروبەری هەیە. ئەم ئاگاییەش پێش هەموو پرسیاکردن و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانە لە واتای بوون دەکەوێت؛ واتە دازاین ئاگاییەکی پێش ئاگایی ئۆنتۆلۆجییانە و پێش-بیردۆزانە لە بوون هەیە. بەڵام ئەو ئاگایی و تێگەیشتنە لە بوون لە ئاکامی پرسیارکردنی ئۆنتۆلۆجییانە و تێڕوانینێکی بیردۆزانەوە پەیدانەبووە

ئەمەش بوونی ئۆنتیکی نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین، "ئەو شێوازی بوونەیە، کە تاکێک دەتوانێت تێگەیشتنی لە واتای بوون تێدا پەیدابکات." ئەو بوونەی دازاین بەردەوام ڕوویتێدەکات و دەیەوێت بیگاتێ ناودەنێین (*Existenz*)[17] لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر (چییەتی) پێناسناکرێت، جەوهەری لە بوونیدایە و بە (دازاین) ناوزەدیدەکەین. ئەم چەمکە[دازاین] بوونی ئەو دەردەخات.

دازاین بەردەوام لە بوونی و ئەگەری بەخۆبوونی تێدەگات: دەیەوێت ببێت یان نەبێت بە خۆی. ئەو دەتوانێت ئەم ئەگەرانە هەڵبژێرێت، هەندێکجار توشیان دەبێت یان لەنێویاندا گەورەدەبێت. بەهەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنیان بوونی خۆی دیاریدەکات. لەڕێگەی بوونەوە پرسیار لە بوون دەکات. تێگەیشتنی لە بوون لەم شێوازەدا ناو دەنێین'*existentiell*'. پرسیار سەبارەت بوون سەر بە هەڵوێستی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاینە. ئەمەش پێویستی بە دەرخستنێکی

---

و تێگەیشتنێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە. ئەرکی فەلسەفەیە ئەم تێگەیشتنە بەرەو تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجییانە بەرێت. (م.ک)

[17] ئەم وشەیە بە ئینگلیزی واتای بوون دەگرێتەوە و دژوارە جیاوازییەکەی بە نوسین ببینرێت و لە کوردیشدا (بوون) یان (هەبوو)مان هەیە. بەڵام بۆ هایدیگەر ئەم وشەیە واتایەکی جیاوازتری هەیە و بە تەنیا (هەبوو) نییە. ئەم هەبووە بەتایبەتی بۆ بوونی دازاین بەکاردێت، کە خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ و لەپێشتر نییە و بوونی لە (هەبوو)ەکانەوە جیاوازە. دازاین چیی بێت، ئەو چییەتییە خودی بونێتی و شتێکی جیاوازتر لە بوونی نییە. ئەمەش بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی دێکارتەوەیە، کە بوونی مرۆڤ لەسەر بنەمایەکی مێتافیزیکی دووەلیستانە ڕاڤەدەکات. (م.ک)

بیردۆزەییانەی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی بوون نییە و پرسیارکردن سەبارەت بونیادەکە داوای شیکردنەوەی چییەتی بوونمان لێدەکات.

بەستێنی بونیادەکەش بە 'existentiality' دادەنیین. شیکردنەوەکەش دەبێت بە جۆرێک لە تێگەیشتن، کە خەسڵەتی '*existentiell*' وەرناگرێت و بوونگەرانەیە. ئەرکی شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاینیش لەپێشتر لەسەر ئەگەرەکان و پێویستی پێکهاتەی ئۆنتیکی دازاین باسکراوە.

[١٣] بەوراِدەیەی بوون دەبێت بە خەسڵەتی دیاریکراوی دازاین شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکە بۆ ئەم بوونە پێویستە بوونگەرانە ئاوەڕی لێبدرێتەوە. مەبەستمان لە 'بوونگەرانە'ش حاڵەتی بوونە، کە هەموو هەبوویەک پێکدەهێنێت. بیرۆکەی بوون لەنێو ئەم بیرۆکەیەشدا هەیە. کەوابوو، شیکردنەوەی دازاین دەکەوێتەسەر ڕوونکردنەوەی واتای پرسیارەکە سەبارەت بوون بەگشتی.

زانستەکان ڕێگاکانن ڕووەوە بوون، کە دازاین بۆ تێگەیشتن بەو بابەتانەی لە بوونی ئەوەوە جیاوازن دەیانگرێتەبەر. بەڵام بۆ دازاین بوون لەنێو جیهاندا بنەڕەتییە. تێگەیشتن لە بوونی دازاین، جیهان و بوونی هەبووەکان هاوتەرازن. ئەو ئۆنتۆلۆجییەی ڕوو لە هەبوویەک دەکات، کە دازاین نییە هاندەر و بناخەکەی لە بونیادی ئۆنتیکی دازایندایە. ئەو بونیادەش تێگەیشتنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە لە بوون. کەوابوو، **ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی**، کە بناخەی هەموو جۆرە ئۆنتۆلۆجییەکانی دیکەیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاینەوە دەکەوێتەگەر. لەمڕووەوە، دازاین

گرنگی زۆرتری لە هەبووەکان پێدەدرێت. یەکەم، گرنگییەکی **ئۆنتیکییە**: دازاین بە بوونی پێناسدەکات.

دووەمیش، **ئۆنتۆلۆجییانەیە**: دازاین هەبوویەکی ئۆنتۆلۆجییانەیە چونکە (بوون) دەناسێت. هەمانکات، بەو شێوەیەی تێگەیشتن لە بوونی لە بونیادی ئەودایە، ئەوا دازاین دەخوازێت لە بوونی هەبووەکانیش تێبگات. لەگەڵ ئەمەدا بە سێیەم گرنگێتی دازاین دەگەین، کە حاڵەتی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانەیە و پێکهاتەی هەموو جۆرە ئۆنتۆلۆجییەکانە.[18]

[١٤]گرنگێتی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین لەپێشتر بەبێ ناسینی بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەم بوونە دەبینرا. ئەریستۆ دەڵێت، "دەروونی مرۆڤ، لەڕوویەکەوە هەبووەکانە. ئەو دەروونەی بوونی مرۆڤ پێکدەهێنێت (*aisthēsis*) و (*noēsis*)ی هەیە. لەنێویاندا هەبووەکان بەو شێوەیەی هەن دەدۆزینەوە".[19] بۆچوونەکەی ئەریستۆ، کە بۆ بیرۆکەی ئۆنیۆلۆجییانەی پارمەنیدس دەگەڕێتەوە، تۆماس ئەکونیۆسیش

---

[18] چەمکی 'ئۆنتۆلۆجییەکان، بە (کۆ)بەکارهێنراوە چونکە چەند جۆرێک ئۆنتۆلۆجی هەیە. هەریەکێک لەو ئۆنتۆلۆجییانە ڕوو لەلایەنێکی بوون یان بوونی هەبوویەک دەکات و هایدیگەر بە ئۆنتۆلۆجی ناوچەگەری دایدەنێت. لەسەرو هەموویانەوە (ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییە)، کە لە واتای (بوون) دەکۆڵێتەوە و لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاینەوە دەست بە توێژینەوەکەی دەکات و پڕۆژەی ئەم نوسراوەی هایدیگەرە. (م.ک)

[19] ئەم دوو وشەیە یۆنانین: (*aisthēsis*)؛ واتە هەستکردن و( *noēsis*)؛ هۆشە. (م. ک)

باسیکردوە. تۆماس هەوڵیداوە بوونی بەرزێتیەک لەژوور هەموو دیاریکردنێکی هەمەکی هەبووەکانەوە بسەلمێنێت. ئەو بەرزێتییەش بەڕاستی داناوە. ئەمکارەش لە ڕێگەی بوونێکەوە دەگرێت، کە تەوانای پێکەوەژیانی لەگەڵ هەبووەکاندا هەبێت. ئەوبوونە تایبەتمەندەش[بۆ ئەو] دەروونە. گرنگێتی دازاین لەسەرو هەموو هەبووەکانەوە و لێرەدا باسکراوە، لایەنە ئۆنتۆلۆجییەکەی دیارینەکراوە و پەیوەندی بە خۆ-کردنی توندی کۆی هەبووەکانەوە نییە.

لەگەڵ ئەم ئاماژەکردنە سەرپێییەی گرنگێتی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانەی دازایندا، بۆچوونەکەمان لەسەر ئەو زەمینە ڕاگرتوە، کە تایبەتمەندێتی بە پرسیارکردن سەبارەت بوون دەدات. بەڵام، کە (لە بەشی دووەمدا) بنەڕەتی پرسیارەکە شیدەکەینەوە دژی تایبەتمەندێتی کارکردنی ئەو هەبووە لەنێو پێکهاتەی پرسیارەکەدا ڕادەوەستین. کەوابوو، دازاین، وەکو ئەو هەبووە خۆی دەردەخات، کە ئۆنتۆلۆجییانە لەپێشترە و دەبێت لە بوونی بکۆڵینەوە تاکو توێژینەوەکەمان شەفافییەت وەرگرێت. ئەوەشمان باسکرد، کە شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین دەبێت بە پێشگەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی. لەبەرئەمە، دازاین دەبێت بەو بوونەی پێویستە لەپێش هەموو شتێکەوە لێیبکۆڵینەوە.

[١٥] ئەگەر ئەرکی ئێمە ڕاڤەکردنی واتای بوون بێت، دازاینیش بە تەنیا ئەو بوونە لەپێشترە بێت لێیبکۆڵینەوە، هەروەها ئەو بوونەش بێت پەیوەندی بە هەبووەکانەوە هەبێت و ڕوو لە بوون بکات، ئەوا پرسیارەکە سەبارەت بوون ڕەوتێکی ڕادیکاڵانە ڕووەو بوون، بێجگە لەوەی لە

تێگەیشتنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی بوونەوە سەرهەڵدەدات، چی دیکە نییە.

# بەشی دووەم

## دوو ئەرکی کارکردن لەسەر پرسیار

## سەبارەت بوون: میتۆد و نەخشەی توێژینەوەکەمان

### ٥. شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین، وەکو دەرکەوتنی ئاسۆیەک بۆ ڕاڤەکردنی واتای بوون بەگشتی

لەگەڵ دانانی پرسیار سەبارەت واتای بوون ئەوەمان باسکرد لە چی هەبوویەکەوە دەستپێبکەین. ئاماژەمان بەوەشدا بۆچی لەوێوە

توێژینەوەکەمان دەخەینەگەڕ. بەڵام چۆن ئەم هەبووە دەستدەکەوێت و لە بوونی دەکۆڵرێتەوە؟

لەگەڵ سەلماندنی گرنگێتی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانەی دازایندا دەشێ خوێنەر توشی ئەو هەڵەیە بێت، کە ئەم هەبووە نەک تەنیا خۆی بەڵکو گرنگییە ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییەکەشی ڕاستەوخۆ دەناسرێت. لەڕوویەکی ئۆنتیکییەوە، بێگومان دازاین هەبوویەکی نزیک لە ئێمەوە یان نزیکترین هەبوو نییە؛ ئێمە خۆمان دازاینین، هەریەکێک لە ئێمە ئەوین. لەگەڵ ئەمەشدا یان لەبەر ئەم هۆکارەیە لەڕوویەکی ئۆنتۆلۆجییەوە دوورترینە. بەدڵنیاییەوە، بوونی دازاین بە جۆرێکە، کە لە بوون تێدەگات و خۆشی وادەردەخات لەو بوونە تێگەیشتبێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تێگەیشتنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین بۆ بوون ببێت بە ڕێنیشاندەرێکی لەبار و بە تێزێکی ئۆنتۆلۆجییانە دابنرێت. بوونی دازاین بە جۆرێکە، کە لەگەڵ تێگەیشتن لە بوونی خۆی بەردەوام پەیوەندی بە 'جیهان'ەوە دروستدەکات. لە بوونی دازاین و تێگەیشتنی لە بوونی خۆی بەو شێوەیەی لە جیهانیش دەگات، ئۆنتۆلۆجییانە بۆ ئەو ڕێگایە دەگەڕێتەوە تاکو بوونی خۆی لەسەر ڕاڤەبکات.

[١٦] کەوابوو، مادام دازاین لەڕووی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییەوە پێشترێتی هەیە، حاڵەتێکی دیاریکراوی بوونی (ئەگەر ئەمە بە بونیادی کاتیگۆرییانەش دابنرێت) بە شاراوەیی لەبەردەمیدا دەمێنێتەوە. دازاین لەڕووی ئۆنتیکییەوە لە بوونی خۆیەوە نزیکترینە و ئۆنتۆلۆجییانەش دوورترینە؛ بەڵام پێش-ئۆنتۆلۆجییانە لەگەڵ خۆیدا بێگانە نییە.

لێرەدا، ئاماژە بەوەدەدەین لەگەڵ ڕاڤەکردنی ئەم بوونەدا توشی دژوارێکی تایبەت دەبین، کە لە چۆنیەتی بوونی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانەوە سەرهەڵدەدات. دژوارییەکە پەیوەندی بە توانای زانین و کەموکورتی شێوازی ناسینەوە نییە تاکو بە ئاسانی بەسەریدا سەرکەوین. دازاین بە تەنیا خاوەنی تێگەیشتن لە 'بوون' نییە. بەگوێرەی خاوەنێتییەکەشی تێگەیشتنی لە بوون لەنێو کاتە جیاوازەکاندا پێشدەکەوێت یان لەناودەچێت؛ لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت دازاین ڕاڤەکردنی فرەجۆری لەبەردەستدایە. ڕەفتارەکان، تەوانایی، دەستەڵات، چارەنوسی دازاین لەنێو سایکۆلۆجی فەلسەفییانە، ئەنترۆپۆلۆجی، ڕەوشت و زانستی ڕامیاری؛ شیعر، ژیاننامە و نوسینەوەی مێژوودا جیاواز لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە. ئەو پرسیارەش دەمێنێتەوە، کە ئایا ئەم ڕاڤەکردنانە بۆ دازاین لەسەر بنەڕەتێکی بوونگەرانە دامەزراون یان نا. هەریەکێک لەوانە ئەوی دیکە لە خۆی دەرناکات، بەڵام پێویستیش ناکات پێکەوە هاوشان بڕۆن. ئەگەر ئێمە زانینی فەلسەفییانە بە پێویست و گونجاو دابنێین ئەوا ڕاڤەکردنی ئۆنتیکی داوای شیکردنەوەی بوونگەرانەشمان لێدەکات. لەوێدا ڕاڤەکردنی دازاینیش خەسڵەتی بوونگەرانە وەردەگرێت، کە لە کاتێکدا بونیادە بنەڕەتییەکانی دازاین بە دروستی لەبەردەم گرفتی بووندا ئاشکرا بکرێن.

کەوابوو، شیکردنەوەی دازاین لە پرسیارکردنەکەماندا سەبارەت بوون یەکەم داواکاریمانە. ئەمەش ڕێگە دۆزینەوەیەکە بەرەو دازاینمان دەبات و گرنگە. نێگەتیڤانە دەڵێین، مافی ئەوەمان نییە دۆگمایەک دامەزرێنین و بیرۆکەی بوون و ڕاستەقینە بەسەر ئەم هەبووەدا بسەپێنین، گرنگیش

نییە ئەو بیرۆکەیە چەند 'بەڵگە-نەویست' بێت؛ بەبێ تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجییانە بۆمان نییە هیچ کاتیگۆرییەک بۆ باسکردن لەسەر دازاین بەکاربهێنین. پێویستە ڕێگە و ڕاڤەکردنێک بۆ ئەم هەبووە هەڵبژێرین، کە تیایدا بوونی خۆی دەربخات. ئەمەش واتە، دەبێت خۆدەرخستنەکەی دازاین لە خۆیەوە نزیک بێت و لەسەرو هەموویەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بێت. لە ژیانی ڕۆژانەدا جۆرە بونیادێک پەیدادەکرێت، کە بە ڕووداو دروستنەبوون، بەڵکو بنەڕەتین و خەسڵەتی بوون دەردەخەن.

[١٧] لێرەوە، لەگەڵ ئاوەڕدانەوەمان لە حاڵەتی سادەی ژیانی ڕۆژانەی دازاین، سەرەتای دەرچوونەکەمان ڕووە و بوونی دازاین دەدۆزینەوە. لەمڕووەوە، شیکردنەوەی دازاین ڕێنمایی پرسیار سەبارەت بوون دەکات. سنورەکانیشی دیاریدەکرێن. بەڵام [ئەم شیکردنەوەیە] ناتوانێت ئۆنتۆلۆجییەکی تەواو بۆ دازاین دروستبکات، کە دەبێت لە دامەزراندنی دڵنیابین، گریمان فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجیش بناخەیەکی فەلسەفییانەی لەباری هەبێت.

ئەگەر مەبەستمان ئەگەری دامەزراندنی ئەم ئەنترۆپۆلۆجییە بێت یان بناخە ئۆنتۆلۆجییەکەی دارِژین، ئەوا ڕاڤەکردنەکەمان تەنیا چەند لایەنێکی دەردەخات هەرچەندە ناگرنگیش نەبن. بەهەرحاڵ، شیکردنەوەکەمان بۆ بوونی دازاین نەک تەنیا ناتەواوە؛ کاتیشە. بوونی ئەم هەبووە بەبێ ڕاڤەکردنی بەرجەستەدەکات. پرۆسەیەکی ئامادەکراوە بۆ گەیشتن بە ڕاڤەکردنی واتای بوون. پێویستە ئەم شیکردنەوە

ئامادەکراوەی بوونی دازاینیش پاش ئەوەی بەم مەبەستەمان گەیشتین، لەسەر بناخەیەکی ڕەسەنی ئۆنتۆلۆجییانەی بەرزتر دابنرێت.

ئاماژە بۆ (کات)، وەکو واتای ئەو بوونەی ناوی (دازاین)مان لێنا، دەکەین. ئەگەر ئەمەش بسەلمێنرێت پێویستە بونیادەکانی دازاین وەکو شێوازەکانی ئەم کاتییەتە لێکبدەینەوە. ڕاڤەکردنی دازاینیش، وەکو بوونێکی کاتی[لەم قۆناخەدا] وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت واتای بوون بەگشتی ناداتەوە.

لەپێشتر گوتمان، کە دازاین لە حاڵەتی ئۆنتیکیدا بوونێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە. دازاین، لەمڕووەوە، لە بوون تێدەگات. پاش ئەم خاڵە، ئەوە نیشاندەدەین، کە دازاین لەگەڵ هەموو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی بۆ شتێکی هەبوو لەنێو (کات)دایە.

پێویستە ڕۆشنایی بخرێتە سەر کات و بە ئاسۆی هەموو تێگەیشتنێک لە بوون و ڕاڤەکردنێکی دابنرێت. بۆ ئەم کارەش **دەبێت (کات) بە ئاشکرا بەو ئاسۆیە بۆ تێگەیشتن لە بوون و بۆ بوونی کاتی دازاین، کە لە بوون تێدەگات، دابنرێت و بناسرێت.** ئەمکارەش داوامان لێدەکات تێگەیشتن لە واتای کات[لەم بۆچوونەدا] لەو کاتە جیابکرێتەوە، کە بەگشتی بەکاردێت. تێگەیشتنە گشتییەکە بۆ واتای کات نەریتییە، لە ئەریستۆوە بەجێماوە و برگسۆنیش لە ئەریستۆوە وەریگرتوە.

[١٨] ئەوەش ڕووندەکەینەوە لە چ لایەنێکەوە ئەم چەمکەی کات و تێگەیشتنە گشتییەکە لە کات سەریانهەڵداوە. ئەمەش تێگەیشتنە گشتییەکە سەربەخۆ دادەنێت و بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی برگسۆنەوە دەردەچێت، کە گوایە کاتی گشتی شوێنە.

"کات" بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بووە بە پێوەرێکی ئۆنتۆلۆجی یان ئۆنتیکی و جیاوازی نێوان جیهانی هەبووەکانی لەسەر دانراوە. جیاوازی لە نێوان هەبووە کاتییەکان (پرۆسەی سروشت و ڕووداوەکانی نێو مێژوو) هەروەها، هەبووە لە کات بەدەرەکان (پەیوەندییەکانی شوێن و ژماردن) دیاریکراوە. فێرکراوین واتای 'لە کات بەدەری' دەستەواژەکان و پرۆسەی داکۆکیکردنی دەستەواژەییە کاتییەکان بەراورد بکەین. کەلێنێکیش لەنێوان هەبووە کاتییەکان و بوونێکی هەمیشەیی و لە کات بەدەر دۆزراوەتەوە و هەوڵدراوە پردێک لەنێوانیاندا دروستبکرێت. لێرەدا، (کاتی) واتە بوون لەنێو کاتدا، کە ئەمەش لە خۆیدا تەمومژاوییە و تاکو ئێستا ڕوونەکراوەتەوە. لەڕاستیدا، کات بەو واتایەی بوون لەنێو کات دەبەخشێت، پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنەکانی بوون. کەسیش هەوڵینەداوە بزانێت چۆن کات ئەم کارە دەکات و ئەم خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییە هەڵدەگرێت؛ کەس نەیپرسیوە چۆن خەسڵەتی ڕەسەنی ئۆنتۆلۆجییانەی کات بەم دەربڕینە بۆ کات دەردەکەوێت. 'کات' ئەم ئەرکە ئۆنتۆلۆجییە بەڵگەنەویستەی تاکو ئەمڕۆ لەو تێگەیشتنە گشتییەوە وەرگرتوە.

[١٩] بەپێچەوانەی ئەمانەوە، کارکردنمان لەسەر پرسیار سەبارەت واتای بوون دەبێت ئەوەمان نیشاندات، کە گرفتی تەوەریی هەموو ئۆنتۆلۆجییەک لەنێو دیاردەی کاتدایە ئەگەر بە دروستی ببینرێت و باسبکرێت. ئێمەش ئەم خاڵە دەسەلمێنین. ئەگەر 'بوون'، وەکو کات بناسرێت، شێوازە جۆراوجۆرەکانی لە پلە جیاوازەکاندا و لەنێو کاتدا

بزانرێن، ئەوا خودی بوون (نەک تەنیا هەبووەکان یان هەبووەکانی نێو کات) لەنێو خەسڵەتی کاتییەتیدا دەردەکەوێت. لەم حاڵەتەدا کاتییەت واتای بوون لەنێو کات نابەخشێت. تەنانەت ئەوەی لە کاتیش بەدەرە یان لە ژوور کاتەوەیە لە بوونیدا کاتییە.[20] لەبەرئەوەی چەمکی (کاتی) بۆ پێش-فەلسەفە و سەردەمی فەلسەفەش دەگەڕێتەوە، بەچەند جۆرێکیش لە توێژینەوەکاندا بەکاردێت و ئێمەش بەکاریدەهێنین. کەوابوو، واتای بوون و شێوازەکانی لە سەرەتاوە لەسەر (کات) ڕادەوەستن و ئێمەش ناویدەنێین کاتییەت. ئەرکی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیش لە ڕاڤەکردنی واتای بووندا کارکردنە لەسەر کاتییەتی بوون. لەگەڵ ئاشکراکردنی کێشەی کاتییەتی بووندا وەڵامێکی کۆنکریتیمان بۆ

---

[20] ئەمە خاڵێکی گرنگی ئۆنتۆلۆجی هایدیگەرە. بەپێچەوانەی بۆچوونی مێتافیزیکییەوە، کە ڕاستەقینەی ژوور هەبووەکان بە کات بەدەر دادەنێت، هایدیگەر هیچ شتێک، تەنانەت بوون بەگشتیش ناخاتە دەرەوەی کاتەوە. بەڵکو بوون بە کات دادەنێت. حەزدەکەم ئاماژەش بۆ لێکچونی ئەم بیرۆکەیەی هایدیگەر و تێگەیشتنی مەلا سەدرا (سەدر ئەلدینی شیرازی)، بکەم. مەلا سەدرا هەمان بۆچوونی هەیە و هیچ شتێک لە کات بەدەر دانانێت. بەڵام کاتی ڕاستەقینەی بەزر و هەبووەکان، کە شێواز و دیاردەی ڕاستەقینەکەن لەیەکدی جیادەکاتەوە و یەکەمیان بە (سەرمەد) و دووەمیان بە (زەمان) ناوزەددەکات. من لە کتێبەکەمدا (لە جەوهەرەوە بۆ بوون) بە زمانی ئینگلیزی ئەم لێکچوونەم ڕوونکردۆتەوە. شایەنی باسە، هایدیگەریش، بە زمانی ئەڵمانی، چەمکی جۆراو جۆری بۆ کات بەکارهێناوە، کە لە زمانی کوردیدا ناتوانین دەریان بڕین. (م.ک)

پرسیارەکە سەبارەت واتای بوون مسۆگەر دەکەین. مادام، بەبێ بیرکردنەوە لە کات لە بوونیش ناگەین، وەڵامی پرسیارەکەش سەبارەت بوون لەسەر دەستەواژەیەکی کوێر و تاکرەو ناوەستێت. نابێت وەڵامەکە دووبارەکردنەوەی ئەوە بێت لە پێشودا 'گوتراوە'، بەتایبەتی ئەو وەڵامەی بێ دەربەستە و  بە ئێمە گەیشتوە. ئەگەر وەڵامەکە نوێش بێت، هێشتا[بۆ ئێمە] بنەرەتی و گرنگ نییە.  تەنیا لایەنێکی پۆزەتیڤ لە وەڵامەکەدا هەبێت، ئەوەیە، کە کۆنە و هەوڵدانە دێرینیەکان بە ئێمەیان گەیاندووە. وەڵامەکە تەنیا ڕێگەمان بۆ دیاریدەکات چۆن توێژینەوەیەکی کۆنکریتی ئۆنتۆلۆجییانە بگرینەبەر. کەوابوو، ئەگەر پرسیارەکە سەبارەت بوون کلیلی توێژینەوەکەمان بێت، دەبێت شێوازێکی ناسراوی بوون هەبێت، کە وەرچەرخانی پرسیار کردنەکە، دۆزینەوەکانی و سەرنەکەوتنی دیاریبکات و ببێت بە خەسڵەتێکی پێویستی دازاین.

### ٦. ئەرکی ڕوخاندنی مێژووی ئۆنتۆلۆجی

هەموو توێژینەوەیەک، ئەوەی بایەخ بە پرسیار سەبارەت بوونیش دەدات، ئەگەرێکی ئۆنتیکی دازاینە. واتای بوونی دازاینیش لەنێو کاتییەتدایە. بەڵام، کاتییەت، لە هەمانکاتدا بارودۆخی ئەگەری مێژووییە، وەکو شێوازێکی کاتیی بوونی دازاین بەبێ ئەوەی بزانین بوونێکە لەنێو کاتدا یان نا. بەمێژووبوون، وەکو خەسڵەتێکی دیاریکراو، پێش مێژوو (ڕووداوە-مێژووییەکانی جیهان) دەکەوێت.

[٢٠] بەمێژووبوون پێکهاتەی بوونی ڕووداوەکانی دازاینە بەوشێوەیەی هەیە؛ لەسەر بناخەی ئەمەش 'مێژووی-جیهان' دێتەکایەوە یان دەبێت بە

بەشێک لە مێژووی جیهان. لەڕووی فاکتۆرییەوە دازاین هەمیشە ئەوەیە، کە هەیە و ئەوەشە، کە هەبووە. ئەو، بە دیار و نادیار، ڕابردووی خۆیەتی. بەو جۆرەش ڕابردووی خۆی نییە، کە ڕابردوو خۆی دەهاوێتە پشت بوونییەوەو دەبێت بە خاوەنی هەموو ئەوانەی لەنێو ڕابردوویدایە و لەبەردەستیدان و کاریگەرن: دازاین ڕابردووی خۆیەتی، بەو جۆرەی، کە بوونی خۆیەتی و لە هەموو ڕووداوێکدا لە دەرەوەی داهاتوودا سەرهەڵدەدات. بەو جۆرەی هەیە، لە هەموو حاڵەتێکدا، لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی بۆ بوون هەیەتی و لەنێو ئەو ڕاڤەکردنە باوەی بۆ بوونی هەیەتی گەورە دەبێت: لەوێوە بەردەوام لە بوونی تێدەگات. ئەم تێگەیشتنە ئەگەرەکانی بوونی ئاشکرا دەکات و ڕێکیشیان دەخات. ڕابردووی، کە واتای 'وەچە' دەبەخشێت، پاش دازاین سەرهەڵدەدات و هەمیشەش پێشیدەکەوێت.

دەشێ ئەم خەسڵەتە مێژووییە لای دازاین ئاشکرا نەبێت و شاراوەبێت. بەڵام ڕێگە بۆ دۆزینەوە و بایەخپێدانی هەیە. دازاین دەتوانێت نەریت بدۆزێتەوە، بیپارێزێت و لێیبکۆڵێتەوە. دۆزینەوەی نەریت و ئاشکراکردنی ئەو شتەی گەیاندوویەتی و چۆنیەتی گەیاندنەکەی ئەرک و مافی دازاینە. لێرەدا، دازاین خۆی دەخاتە بەردەم بوونێک، کە توێژینەوەیەکی مێژووناسانەیە. بەڵام، میژووناسی یان باشترە بڵێین مێژووکردن-لەوێدا دەبێت بە جۆرێک لە بوون، کە دازاینی توێژەر خۆی بکات بە خاوەنی. بەمێژووبوون خەسڵەتێکی دیاریکراوی دازاینە و لە بوونیدایە. ئەگەر بەمێژوو-بوون لای دازاین شاراوەبێت ئەگەری توێژینەوەی مێژووانە و دۆزینەوەی مێژوو و نکۆڵی لێدەکرێت. نەبوونی مێژووناسینیش دژی

بەمێژووبوونی دازاین نابێت بەبەڵگە؛ بەپێچەوانەوە، سەلمێنەرە بۆ ئەو بوونە ناتەواوەی هەیەتی. لەبەر ئەوەی 'مێژوویيە' دەشێ لە سەردەمێکدا مێژووناس نەبێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر دازاین بووبێت بە خاوەنی ئەگەرەکانی، نەک تەنیا بە ئاشکراکردنی بوونی بەڵکو بە گەڕانیش بەدوای واتای بوونگەرانەی خۆیدا (با بڵێین گەڕانی پێشوی بەدوای واتای بووندا)، ئەگەر ئەم توێژینەوەیەش چاوەکانی لە ئاستی بەمێژووبوونی خۆیدا بکاتەوە، ئەوا تێدەگەین، کە بەمێژووبوون تایبەتمەندێتی توێژینەوە لەسەر بوون (ئەو ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییە پێویستییەی ئاماژەمان بۆ کرد) دیاریدەکات.

[٢١] واتای بوون، کە سەر بە توێژینەوەی بوونە، وەکو توێژینەوەیەکی مێژوویی ڕێنیشاندەری توێژینەوەشە لەسەر مێژووی خودی توێژینەوەکە و دەبێت بە مێژوو-ناسین. لەکارکردن لەسەر پرسیارەکە سەبارەت بوون پێویستە بە وریاییەوە گوێ بدەینە ڕێنیشاندانەکە تاکو بە دانانی پۆزەتیڤانەی ڕابردوومان بەتەواوی ببین بە خاوەنی هەموو ئەگەرەکانی توێژینەوەکە. پێویستە پرسیار سەبارەت واتای بوون ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ تێگەیشتن لە بوونی دازاین، وەکو هەبوویەکی کاتی و مێژوویی؛ لەبەر ئەمە پرسیارەکە دەبێت بە پرسیارێکی مێژووناسانە.

ڕاڤەکردنە ئامادەبووەکەمان بۆ بونیادی بنەڕەتی دازاین، وەکو بوونێکی مامناوەندی، کە زۆر لەخۆیەوە نزیکە (بوونێکی مێژوویی هەیە)، تەنیا خۆخەریکردنی دازاین بە جیهانەوە (ئەو جیهانەی لەنێویدایە) دەرناخت بۆ ئەوەی خۆی لەبەر ڕۆشنایەکەیدا ڕاڤەبکات؛ هەمانکات، دازاین لەنێو

نەریتدا گیریخواردوە و بە ئاشکرا یان شاراوەیی دەستی پێوەگرتووە. نەریتەکە ڕێگە لە دازاین دەگرێت سەرپەرشتی توێژینەوەکەی بکات و هەڵبژێرێت. ئەمەش بەتایبەتی کاردەکاتە سەر تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانەو پێشخستنی، کە لە بوونی دازایندا هەیە. کاتێک نەریت باڵادەست دەبێت، ئەوە لەگەڵ خۆیدا دەگوێزێتەوەو ناکەوێتە بەردەست و زۆریشی شاراوە دەمێنێتەوە.

ئەوەی نەریت دەیگوێزێتەوە بە بەڵگەنەویستی دادەنێت؛ ڕێگەی سەرچاوەکانی کاتیگۆری و چەمکەکانمان لێدەگرێت. بنەڕەتەکەمان لەبیردەباتەوە و فێرماندەکات گەڕانەوەشمان بۆ سەرچاوەکان لە تێگەیشتنی ئێمەدا نەبێت. نەریت بەجۆرێک ڕەگوڕیشەی مێژوویی دازاین دەردەهێنێت، کە لەنێو فۆرمە فرەجۆرەکان، ئاڕاستەکردنەکان و بۆچوونە فەلسەفییەکانی کەلتورە دوورەکاندا سنورداریدەکات؛ بەم حەز و ئارەزووەشی زەمینەی خۆی دەشارێتەوە. لەئاکامدا، لەگەڵ حەزو ئارەزووە مێژووییەکەیدا بۆ ڕاڤەکردنێکی بابەتگەرانەی فەلسەفییانە، دازاین ناتوانێت لە بارودۆخە سەرەتاییەکاندا، کە گەڕانەوەیەکی پۆزەتیڤانە بۆ ڕابردوو سازدەکەن و دازاین دەکات بەخاوەنی، تێبگات. [٢٢] ئێمە (لە بەشی یەکەمی ئەم نوسراوەدا) باسمانکرد، کە نەک تەنیا ئاوەڕ لە پرسیارەکە سەبارەت واتای بوون نەدراوەتەوە و پرسیارەکەش بە دروستی نەکراوە، بەڵکو لەگەڵ مەیل و ئارەزوومان بۆ 'مێتافیزیک' لەبیریش چۆتەوە. ئۆنیۆلۆجی یۆنانی و مێژووی ئەم ئۆنتۆلۆجییە، لەگەڵ هەموو وەرچەرخان و گەڕانێکدا، کە تاکو ئەمڕۆش خەسڵەتی فەلسەفە

بیردۆزانە پێناسدەکات، بەڵگەن بۆ تێگەیشتنی دازاین لە بوونی خۆی و بوون بەگشتی، وەکو جیهان.

ئۆنتۆلۆجییە پەیدابووەکە لەنێو نەریتدا لەناودەچێت و بەوجۆرەی لای هیگڵ دەبینرێت دەبێت بە شتێکی ئاشکرا و بابەتێک بۆ بەکارهێنان. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم ئۆنتۆلۆجییە ڕیشەهەڵکێشراوەی یۆنانییەکان بوو بەڕاڕەوێکی چەقوەستاو. سیستەمەکەشی لە ئاکامی تێهەڵکێشکردنی توخمەکانی نەریتەکە و دانانی لەنێو یەک بونیادا دروستنەکرابوو. هەرچەندە چەمکە بنەڕەتییەکانی لەبارەی بوونەوە ڕاستەوخۆ لە یۆنانەوە وەرگیرابوون، بەڵام کارکردنەکە بەرەوپێشەوە نەچوو.

ئۆنتۆلۆجی یۆنانی بە خەسڵەتە تایبەتییەکەیەوە، کە بیریارەکانی [سەدەی ناوەڕاست] سکۆڵەستیک بۆیان دامازراند، لە کێشمەکێشە مێتافیزیکییەکانی (سوارێز)ەوە تاکو مێافیزیک و فەلسەفەی بەرزی سەردەمی تازەگەرییەوە ڕێگەی گرتۆتەبەر.[21] کاریکردۆتە سەر بناخە و ئامانجەکانی لۆجیکی هیگڵیش. بە درێژایی ئەم مێژووە چەند لایەنێکی گرنگی بوون ئاوەڕیان لێدراوەتەوەو بە ڕێنماکەر، وەکو کۆجیتۆکەی دێکارت، خۆ، 'من'، هۆش، گیان و کەس بۆ کێشەکانی پاش خۆیان دانراون. بەڵام بەدوای بوون و بونیادیاندا نەگەڕاون و پرسیارەکەش

---

[21] فرانسیکۆ سوارێز (١٥٤٨-١٦١٧)، فەیلەسوفێکی ئیسپانییە لەژێر کاریگەرێتی ئەریستۆ و تۆماس ئەکویناسدا بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی گەشەپێداوە. لە ساڵی ١٥٩٧دا پەرتووکێکی بە ناوی (کێشمەکێشەکانی مێتافیزیک) بڵاوکردۆتەوە. (م.ک)

سەبارەت بوون پشتگوێ خراوە. کاتیگۆریەکانی ئۆنتۆلۆجییە دێرینەکەش بۆ توێژینەوەیان بەکارهاتوە. هەندێکجاریش بۆ ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بابەتەکە پەنا براوەتە بەر دیالیکتیک.بۆئەوەی پرسیارەکە سەبارەت بوون لەنێو میژووی خۆیدا ئاشکرا بکرێت، پێویستە توندی و ڕەقی نەریتەکە نەرم بکرێتەوەو ئەوەی شاراوەیە ئاشکرابکرێت. ئەم کارەش لەگەڵ ڕوخاندنی ناوەڕۆکی کۆنی ئۆنتۆلۆجییە دێرینەکە، لەبەر ڕۆشنایی پرسیارەکەمان سەبارەت واتای بوون ڕوودەدات. ڕوخاندنەکەش دەکەوێتە سەر ئەزموونە سەرەتاییەکانمان، کە لە ڕێگەیانەوە سروشتی بوون دەردەکەوێت. لە سەلماندنی بنەڕەتی چەمکە ئۆنتۆلۆجییەکاندا، گەڕانەوەیان بۆ "بڕوانامەی لەدایکبوونیان" پەیوەندی بە ڕێژەبوونی بۆچوونە ئۆنتۆلۆجییەکەوە نییە. بەڵکو لایەنێکی نێگەتیڤی بچوکیشی بۆ ڕاوەشاندنی ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە هەیە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، پێویستە ئەگەرە پۆزەتیڤەکانی نەریتەکە دەربهێنین، واتە دەبێت سنورەکانی دیاریبکرێن؛ ئەمانەش فاکتۆرانە لەگەڵ دروستکردنی تایبەتی پرسیارەکەدا و جیاکردنەوەی توێژینەوەکەدا دراون. لە ڕوویەکی نێگەتیڤەوە، روخاندنەکە بە ڕابردووەوە گرێنەدراوە: رەخنە لە ئەمڕۆ و ئەو لایەنەی مێژووی ئۆنتۆلۆجی دەگرێتەوە ئێمە کاری تێدا دەکەین. گرنگیش نییە بە مێژووی بۆچوون، بیرۆکە و گرفتەکان دابنرێت. بەهەرحاڵ، ڕوخاندنەکە نایەوێت ڕابردوو لەنێو (هیچ)دا بنێژێت؛ مەبەستێکی پۆزەتیڤانەی هەیە؛ کارە نێگەتیڤەکەی ناڕاستەوخۆ بە دەرنەبڕاوی دەمێنیتەوە. لەبنەڕەتەوە ڕوخاندنی مێژووی ئۆنتۆلۆجی وابەستە بە شێوەی دروستکردنی پرسیارەکە سەبارەت بوون و تەنیا

لەنێو چوارچێوەی دروستکردنی پرسیارەکەشدا دەگونجێت. لەبواری باسەکەماندا، کە کار لەسەر پرسیارەکە دەکات، ڕوخاندنەکە چەند قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووەکە دەگرێتەوە. لەگەڵ لایەنە پۆزەتیڤەکەدا پێویستە ئەو پرسیارەبکەین، کە تاکو چ ڕادەیەک ڕاڤەکردنی بوون و دیاردەکان بیردۆزەییانە لە مێژووی ئۆنتۆلۆجییدا نزیک کراونەتەوە یان بە چ ڕادەیەک ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە کاتەوە هەیە بەرجەستەبوون. کانت یەکەم کەسە هەوڵی توێژینەوەی لەسەر ڕەهەندی کات داوە یان دیاردەکان زۆریانلێکردوە ڕووی تێبکات. پاش دامەزراندنی کێشەی کات، ئێمە سەرکەوتوانە دەتوانین ڕۆشنایی بخەینەسەر ڕاڕەوە تەومومژاوییە (سکیمەتیزم)ە کەی [کانت].[22] ئەمەش دەریدەخات بۆچی ئەم لایەنە بەداخراوی لەڕووی کارکردنە ئۆنتۆلۆجییە گرنگەکانیەوە بۆ کات ماوەتەوە. کانت دەیزانی ڕووی لەلایەنێکی تەومومژاوی کردووە: "سکیمەتیزمی تێگەیشتنمان بۆ دیاریدەکات و فۆرمەکەیان لەناخی مرۆڤدا بە هونەرێکی شاراوە دادەنێت، داردەستە ڕاستەقینەکانی هەرگیز لە سروشتدا پەیدا نابن و لەبەرچاومان دەرناکەون."

لێرەدا، کانت پاشەکشە لە ئاستی ئەو شتەی دەیکات، دەبێت بیردۆزانە ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەگەر بمانەوێت واتای 'بوون' بسەلمێنین.

---

[22] سکیمەتیزم schematism لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە و بەلاتینیش (سکیمەتیزمۆس)ە. واتای شێوازی بەڕیزدانانی بیرۆکەکان یان میتۆدی ئامادەکردن دەبەخشێت. (سکیمە)؛ لە بنەڕەتدا شێوە یان فۆرمە و (سکیمەتە)ش کۆی وشەکەیە. (م.ک)

لەکۆتاییدا، ئەو دیاردانەی ئێمە لەژێر ناوی کاتدا لە شیکردنەوەکەماندا ڕیزمانکردن، ئەوانەن دەستەواژە ئاشکراکانی "هۆشی گشتی" دیاریدەکەن، کە کانت بە "کاری فەیلەسوفەکان" ناوزەدیاندەکات.

[٢٤] بۆ ڕوخاندنەکەمان و دانانی کێشەی کات، وەکو کلیلێک هەوڵدەدەین بەشێک بۆ ڕاڤەکردنی سکیمەتیزم و ڕاڕەوی کانت لەسەر کات تەرخانبکەین. ئەو بەشە دەکەین بە خاڵی دەرچوونەکەمان. هەمانکات ڕوونیدەکەینەوە بۆچی کانت ناتوانێت لە کێشەی کات تێبگات. دوو شت بوون بە ڕێگر لە ئاستی تێگەیشتنەکەیدا: یەکەم، بایەخپێنادانی گرفتی'بوون'؛ هەروەها کانت لەگەڵ ئەمەدا نەیتوانیوە ئۆنتۆلۆجییەک دابمەزرێنێت، کە دازاین دەبێت بە ناوەڕۆکی باسەکەی یان (بە زمانی خودی کانت) شیکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی سەرەتایی بۆ خۆگەرێتی (خۆ) ئامادەبکات. ئەو بیر وشکانە شوێن دێکارت کەوت و لەبیری چوو، کە توانیویەتی دێکارت ڕەتبکات. سەرەڕای ئەوەی دیاردەی کاتی بۆ (خۆ) گەڕاندەوە، شیکردنەوەکەی نەریتانە بوو. کات بە ئاسایی بیریلێکراوەتەوە؛ دووەم، ئەمەش ڕێگەی پێنەدا لەسەر 'لایەنی بەرز و دیاریکراوی کات' لەنێو بونیاد و کارکردنی خۆدا، بدوێت.

کاریگەرێتی نەریت لە دوو لاوە بووە هۆکاری شاردنەوەی پەیوەندی نێوان کات و 'من بیردەکەمەوە'؛ تەنانەت [پەیوەندییەکە]بوو بەکێشە. بۆ داگیرکردنی هەڵوێستی ئۆنتۆلۆجییانەی دێکارت، کانت وازی لە شتێکی جەوهەری هێناوەو: نەیتوانی ئۆنتۆلۆجی دازاین دابمەزرێنێت. لە ژوور بۆچوونەکانی دێکارتەوە ئەم وازهێنانە جەوهەرییە. لەگەڵ 'کۆجیتۆ

سوم'دا [من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم]، دێکارت لەوباوەڕەدابوو فەلسەفەی خستۆتە سەر زەمینەیەکی نوێی پتەو. ئەو خاڵەی لەم هەنگاوانانە ڕادێکاڵەدا جێیهێشت بوونی 'ڕێس کۆجیتانس'، یان — ئاشکراتر– واتای بوونی (سوم)، بوو.[23]

کارکردن لەسەر بنەما ئۆنتۆلۆجییەکانی 'کۆجیتۆ سوم' قۆناخی دووەمی ڕوخاندنی مێژووی ئۆنتۆلۆجی دیاریدەکات. ڕاڤەکردنەکەمان بەتەنیا نایسەلمێنێت چۆن دێکارت گوێینەداوەتە پرسیارەکە سەبارەت بوون؛ ئەوەش دەردەخات، کە بۆچی دڵنیابوونی ڕەهایانەی لە کۆجیتۆ هانیدا واز لە پرسیار سەبارەت بوونی ئەم بوونەش بهێنیت.

کێشەکە لەگەڵ دێکارتدا تەنیا بایەخدان نییە، بەڵکو دیارینەکردنی ئۆنتۆلۆجییەکی تەواوە بۆ "ئەو شتەی بیردەکاتەوە هۆش یان گیان بێت."[24] ئەو شتە بیرکەرەوەیەی بە بناخەیەکی پتەو داناو

---

[23] کۆجیتۆکەی دێکارت (من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم) بە زمانی لاتینی بەمشێوەیە دەنوسرێت *cogito, ergo sum . sum* مەبەستی هایدیگەر لەم (کۆجیتۆ، ئیرگۆ سوم: واتە"من هەم"). ڕەخنەیدا ئەو خاڵە دیاریدەکات، کە دێکارت نەیتوانیوە ئۆنتۆلۆجییانە باسی بوونی مرۆڤمان بۆ بکات. ئەو زۆرتر بایەخی بە (کۆجیتۆ–من بیردەکەمەوە یان بیرکردنەوە)داوە، نەک (بوونی) ئەوەی بیردەکاتەوە. (م.ک).

[24] ئەم دەستەواژەیە بە لاتینی لەنێو دەقەکەدا بەمجۆرە نوسراوە.
*Res cogitans sive mens sive animus.*

له (تێڕامانەکانیدا)[بۆ ڕاڤەکردنی] ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاستی بەکارهێنا.

(ڕێس کۆجیتانس)ی ئۆنتۆلۆجییانەی بە شت (*ens*) دانا؛ لە ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ڕاوەستدا هەموو شتێک بە ئافەریدکراو *ens creatum*؛ خوا، وەکو هەبوویەکی نەبڕاوەو ئافەریدنەکراو *ens in creatum* دەبینرا. ئافەریدکردنیش وەکو بەرهەمهێنانی شتێک لە دێریندا بۆ بونیادی چەمکی بوون بنەڕەتی بووە. سەرەتا نوێکەی دێکارت بۆ فەلسەفەکاری [25] لایەنگرانەیەکی زیان بەخشە و ڕێگەی نەداوە نەوەکانی پاش خۆی شیکردنەوەیەکی تیەماتیکی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ'هۆش' بکەن، پرسیار سەبارەت بوون ڕینماییان بکات و ڕەخنەگرانە بڕواننە نەریتە ئۆنتۆلۆجییە دێرینەکە.

[٢٥] هەرکەسێک شارەزایی لە[فەلسەفەی] سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبێت تێدەگات، کە دێکارت ڕوویکردۆتە فێرگەکانی ئەو سەردەمە و چەمکەکانی بەکاردەهێنێت. ئەم دۆزینەوەیە دەستکەوتێکی فەلسەفییانەی نییە ئەگەر بە شاراوەی و لەژێر کاریگەرێتی ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە و خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی شتە بیرکەرەوەکە دەرنەخات.

---

[25] من (فەلسەفەکاری)م بەکارهێناوە. هەندێک (فەلسەفاندن) دادەنێن. بە ڕای من (فەلسەفاندن) لە ڕووی ڕێزمانییەوە نادروستە. لە زمانی کوردیدا پاشگری (اندن) ناچێتە سەر (ناو) یان (ئاوەڵناو) بەڵکو دەچێتە سەر (چاوگ)ی کرداری تێنەپەڕ و دیگۆڕێت بۆ کرداری تێپەڕ، بۆنموونە، فڕان- فڕاندن یان سوتان- سوتاندن. (م. ک)

کاریگەرێتییەکەش بەتەواوی ناناسرێت ئەگەر واتای سنورەکانی ئۆنتۆلۆجییە دێرینەکە لەبەر ڕۆشنایی پرسیارەکەمان سەبارەت بوون دەستنیشان نەکرێن. بە واتایەکی دی، لە پرۆسەی ڕوخاندنەکەماندا خۆمان لەبەردەم ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییە دێرینەکە لەبەر ڕۆشنایی کێشەی (کات)دا دەدۆزینەوە. پاش ئەمکارە، ڕووندەبێتەوە چۆن ڕێگە دێرینەکە بۆ ڕاڤەکردنی بوونی هەبووەکان ڕووەو 'جیهان' یان 'سروشت' دەڕوات و لەسەر چەمکی (کات)یش لە بوون تێدەگات. بەڵگە ڕووکەشییەکەشی، بێگومان تەنیا ڕووکەشانەیە، لە دیاریکردنی واتای بوونە، وەکو *parousia* یان *ousia*، کە هەردووکیان لەڕووی کات و ئۆنتۆلۆجییانەش واتای 'ئامادەبوون' دەبەخشن. هەبووەکان لە بوونیاندا بە ئامادەبوو دادەنرێن؛ ئەمەش واتە، لەسەر ڕەهەندێکی کات، کە (ئێستا)یە لێیان تێدەگەین.[26] پێوستە دازاین، وەکو هەموو ئەوانی دی، ڕێنمایی ئۆنتۆلۆجی گرفتداری یۆنان بکات. لەبەکارهێنانی ڕۆژانە و

---

[26] ئەم دوو چەمکە یۆنانین و واتای ئامادەبوون دەبەخشن. چەمکی'*ousia* بەتایبەتی ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا هەیە. لە زمانی کۆنی یۆناندا (ئۆسیا)واتە (هەبوون)بەرانبەر وشەی (being) یان (to be )لە زمانی ئینگیزیدا دادەنرێت بوونێکی (ئۆنتیکی). بەڵام لە زمانی لاتینیدا بووە بە*substantia* یان *essentia* ئەم دوو چەمکەش دواجار لە زمانیئینگلیزییدا بوون بە جەوهەر، کە لە واتای چەمکە یۆنانییەکەوە جیاوازە. بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە بیریاران بوون و جەوهەریان بە دوو شتی جیاواز داناوە. شایەنی باسە، هایدیگەر لەچەند نوسراوێکیدا ئاماژە بۆ وەرگێڕانی چەمکە کۆنە یۆنانییەکان بەهەڵە بۆ لاتینی دەکات و کاریگەرێتی هەڵەکردنەکە بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە باسدەکات.(م.ک)

فەلسەفیانەشدا، دازاین یان بوونی مرۆڤ، بەو بوونە داەنرێت، کە بوونی تەوانای (گوتن)ی هەیە.

[٢٦] گوتن ڕێنیشاندەرە بۆ گەیشتن بە بونیادەکانی بوونی ئەو هەبووانەی لە گفتوگۆکردن و گوتندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە. لەبەر ئەم هۆکارەش ئەفلاتون لەپێش خستنی ئۆنتۆلۆجییە دێرینەکەدا دیالیکتیکی داهێنا. کاتێک کار لەسەر پێشخستنی ئۆنتۆلۆجی دەکرێت بە ناوی (هێرمینۆتیک) یان لۆگۆسەوە ئەگەری تێگەیشتن لە بوونیش ڕادیکاڵانە زۆرتر دەبێت.

دیالیکتیک، کە شێواندنێکی تەواوی فەلسەفەیە، دەبێت بە شتێکی ناپێویست لەبەر ئەمەشە، ئەریستۆ لێیتێناگات و لەسەر زەمینەیەکی ڕادیکاڵتر دایمزراندوە و بەرزتری کردۆتەوە. گوتن یان *noein* تێگەیشتنە لە بابەتێکی لێکۆڵینەوە، کە لە دەرەوەدا ئامادەیە. پارمەنیدس بۆ ڕاڤەکردنی بوون بەکاریهێناوە و بونیادێکی کاتی بۆ ئامادەبوونی هەبووەکەش هەیە. هەبووە دەرکەوتووەکان [لە گوتندا] و لە بوونیاندا ڕەسەنانە تێگەیشتون، لەگەڵ (ئامادەبوون)یاندا ڕاڤەدەکرێن؛ واتە بە شتێک لە (ئێستا)دا دادەنرێن.

بەهەرحاڵ، یۆنانییەکان بەبێ زانینێکی ئاشکرا بۆ ڕێنماییکەرەکە، بێ تێگەیشتنی ئێمە لەکارکردنی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی لەسەر کات، ڕاڤەبوونیان کردوە. بەپێچەوانەوە، ئەوان (کات)یان بە جۆرێک هەبوو داناوە و ویستوویانە لە چوارچێوەی بوونی خۆیدا لە بونیادەکەی تێبگەن، هەرچەندە ئەو تێگەیشتنە لە بوون سادە بوو، هەمانکات بەشاراوەیش ڕووی لە کات کردوە. لەچوارچێوەی کارکردنەکەمان لەسەر

پرسیاری بوون ناکرێت بە درێژی باسی ڕاڤەکردنی کات و بناخەکانی ئۆنتۆلۆجی دێرین بکەین؛ بەتایبەتی قۆناخە زانستییە ڕووتەکەی، کە لەلای ئەریستۆ سەریهەڵداوە. لەجێگەی ئەمە پێویستە نوسراوەکەی ئەریستۆ لەسەر ڕاڤەکردنی بۆ کات شیبکەینەوە، کە بناخە و سنورەکانی زانستی دێرینی بوون دیاریدەکات.

نوسراوەکەی ئەریستۆ لەسەر کات یەکەم ڕاڤەکردنێکی دوورودرێژی ئەم دیاردەیەیە، کە بە دەستی ئێمە گەیشتوە. هەموو باسەکانی[پاش ئەریستۆ] لەسەر کات، باسەکەی برگسۆنیش، لەژێر کاریگەری ئەودایە. لەگەڵ شیکردنەوەی تێگەیشتنەکەی ئەریستۆدا دەردەکەوێت، کە بۆچوونەکەی کانتیش لەسەر کات، لەنێو چوارچێوەی ئەو بونیادانەدا دامەزراوە، کە ئەریستۆ خستونیتە ڕوو؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بناخەی ئۆنتۆلۆجییەکەی کانت بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە.

[٢٧] پرسیار سەبارەت بوون کۆنکرێتییەکی تەواو وەرناگرێت ئەگەر ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە نەڕوخێنین. بەمکارە دەیسەلمێنین، کە ناتوانین خۆمان لە پرسیار سەبارەت واتای بوون بشارینەوە. هەروەها، دەتوانین مەبەستمان لە دووبارەکردنەوەی داکۆکیکردن لە پرسیارەکە بسەلمێنین. لە هەموو توێژینەوەیەکدا و لەم بوارەدا، لەو شوێنەدا، کە خودی بابەتەکە داپۆشراوە، نابێت زیادەڕۆیی لە ئاکامەکانیدا بکرێت. ئەمجۆرە توێژینەوەیە بەردەوام ڕوو لە ئەگەرەکانی دەرکەوتنی بنەڕەت و ئاسۆ هەمەکییەکان دەکات، کە لەوێوە وەڵامی، ئایا بوون چییە؟ مسۆگەر

دەبێت. دەکرێت ئەگەرەکان سەرنجی وردیان لیبدرێت و ئاکامەکانیش پۆزەتیڤانە باسبکرێن ئەگەر جارێکی دیکە پرسیار سەبارەت بوون بکرێت.

## ٧. میتۆدی فینۆمینۆلۆجی بۆ لێکۆڵینەوە

لەگەڵ دەستنیشانکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان (بوونی هەبووەکان یان واتای بوون بەگشتی) دەردەکەوێت میتۆدەکەش دیاریکرابێت. ئەرکی ئۆنتۆلۆجیش باسکردنی بوونە، ئاشکراکردنی بوونی هەبووەکانە بە پڕی. تاکو داوای ڕاوێژکردن لەو ئۆنتۆلۆجییانە بکەین بەدرێژایی مێژوو ماونەتەوە، یان پەنا بۆ نوسراوی دیکە بەرین گرفتەکەش دەمێنێتەوەو پرسیارکردن لەبارەی میتۆدی ئۆنتۆلۆجییەوە نابڕێتەوە. مادام چەمکی 'ئۆنتۆلۆجی' لەم لێکۆڵینەوەیەدا واتایەکی بەرفراوانی هەیە، ئەوا ڕاستەوخۆ هەوڵدانەکەمان بۆ ڕوونکردنەوەی میتۆدەکەی و گەڕان بەدوایدا لەمێژووی میتۆدەکەدا دێتەپێش.

لە بەکارهێنانی چەمکی 'ئۆنتۆلۆجییدا' ئێمە باس لە بەشێکی دامەزراوی فەلسەفە ناکەین، کە پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەوە هەبێت. ئەرکی ئێمە دامەزراندنی بەشێک نییە؛ بەپێچەوانەوە ئەو بەشە لەسەر بناخەی پێویستییەکی دەرەکی جۆرێک لە پرسیار و پرۆسەکان هەڵدەبەسترێت، کە "شتەکان لەنێو خۆیاندا" داوایدەکەن. لێکۆڵینەوەکەمان لەگەڵ پرسیارەکەدا سەبارەت واتای بوون بە پرسیارێکی فەلسەفییانەی بنەڕەتی و گشتی دەگات. پێویستە (فینۆمینۆلۆجییانە)ش کار لەسەر

پرسیارەکە بکرێت. کەوابوو، باسەکەمان نە ڕێنمایکردنە و نە ڕاوەستان؛ فینۆمینۆلۆجی لەم شتانەوە دوورە و نابێت بە ئەوان. واتای سەرەتایی فینۆمینۆلۆجی میتۆدە. چییەتی و ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوە فەلسەفییەکە دیاریناکات، بەڵکو دەیەوێت چۆنیەتی توێژینەوەکە بناسێت. تاکو بەدروستی چەمکی میتۆد کارگێڕبێت و بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە هەڵوێستە بنەڕەتییەکەی زانست بکات، ڕەسەنانەتر لەبەردەم شتەکان لەنێو خۆیاندا ڕادەوەستێت و زۆرتریش لەوەوە دوور دەکەوێتەوە، کە ناوی (ئامێری تەکنیکی) لێدەنێین.

[٢٨] کەوابوو، چەمکی'فینۆمینۆلۆجی' ڕاستی ئەو یاسایە دەردەبڕێت لە شێوازی "گەڕانەوە بەرەو خودی شتەکان" دایدەنێت. دژی هەموو دامەزراوە بێ بناخە و دۆزراوە ڕێکەوتییەکان ڕادەوەستێت.

دژی دەسەڵاتی ئەو چەمکانەیە، کە بە تەواوی نەسەلمێنراون؛ هەروەها پرسیارە نادروستەکان، کە لە کۆنەوە خۆیان، وەکو کێشە نیشاندەدەن. دەشێ، کەسێک ئەو ناڕەزاییەش دەربڕێت و بڵێت، کە ئەم یاسایە بەڵگەنەویستە، دەبێت بە بنەمای هەموو زانینێکی زانستانە و بۆچی ئەم ناوە بە جۆرێک لە لێکۆڵینەوە بنرێت؟ لەڕاستیدا، کێشەکە لێرەدا جۆرێک خەسڵەتی بەڵگەنەویستی هەڵگرتوە بەو ڕادەیەی بۆ لێکۆڵینەوەکەمان گرنگە دەمانەوێت زۆرتر لە نوسراوەکەماندا لێی نزیک بینەوە. پێویستە ئێمە واتای چەمکی فینۆمینۆلۆجی ڕوونبکەینەوە. چەمکەکە لە دوو بەش پێکهاتوە: 'فینۆمینەن' لەگەڵ 'لۆجی' و هەردووکیان بۆ زاراوەی یۆنانی (*phainomenon*) و (*Logos*) دەگەڕێنەوە. بەڕواڵەت ئەم چەمکە، وەکو تیۆلۆجی، بایۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی دروستبووە، کە دەبن بە

زانستی خواناسی، زانستی ژیان و زانستی کۆمەڵ. لەم بۆچوونەوە، فینۆمینۆلۆجی دەبێت بە زانستی فینۆمینە[دیاردەکان]. واتای چەمکی سەرەتایی فینۆمینۆلۆجی لەگەڵ لێکدانی دوو بەشەکەیدا دەردەکەوێت. مێژووی زاراوەکەش، کە دەکرێت بڵێین، لەنێو فێرگەی (وڵفیەن)دا سەری هەڵداوەو هیچ گرنگییەکی بۆ ئێمە نییە.[27]

## ئەلف. چەمکی فینۆمینە

وشەی یۆنانی 'فینۆمینەن'، کە چەمی فینۆمینەی لێوە دەرچووە، لە فرمانی (*phainesthai*) یەوە هاتووە، ئەمەش واتای "خۆ- دەرخستن" دەبەخشێت.[28]

---

[27] مەبەستی هایدیگەر ئەو فێرگە فەلسەفییەیە کرستیان وڵف(١٦٧٩-١٧٥٠) دایمەزراند. ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانییە و پەیڕەوی بۆ چوونەکانی دێکارت و لایبنیزی کردوە. لە زانکۆی (هالە) مامۆستای فەلسەفە و ماتماتیک بووە. لەبەر ئەوەی باوەڕی بە بنەمای ئایینی بۆ ڕەوشت نەبووە لە ساڵی (١٧٣٢) لەو زانکۆیە بە ناوی بێبڕواییەوە دەرکراوە و لە (پروسیا)ش دوورخراوەتەوە. دوایی لە زانکۆی ماربۆرگ بووە بە مامۆستا. (م.ک)

[28] دەتوانین لەجێگەی فینۆمینە و فینۆمینۆلۆجی، دیاردە و دیاردەگەری بەکاربهێنین. بەڵام لەبەرئەوەی هایدیگەر بنەڕەتی چەمکەکە لەزمانی یۆنانییەوە دەهێنێت و شیدەکاتەوە بەباشترم زانی وشە یۆنانییەکان دابنێمەوە. لەشوێنی دیکەدا بێ ئەوەی گۆڕان لەواتاکەیدا دروست بێت لەجێگەی زاراوەی یۆنانی (فینۆمینە) دیاردەم بەکارهێناوە. (م.ک)

کەوابوو، فینۆمینە واتە، ئەو شتەی خۆی دەردەخات، خۆ دەرخستن و بەرجەستە بوون. هەروەها (*phainesthai*) دەنگێکی ناوەندە، کە لە وشەی (*phainō*)وە پەیدابووە و واتای 'لەبەر ڕۆشنایی دانان' دەبەخشێت. (*phainō*) سەر بە چاگی (*pha*)یە، وەکو (*phōs*) واتای ڕووناکی یان تیشکی هەیە، ئەوە دەگەیەنێت، کە شتێک بەرجەستە دەبێت یان دەردەکەوێت. کەوابوو، چەمکی 'فینۆمینە' واتە ئەوەی دەردەکەوێت یان بەرجەستە دەبێت. فینۆمینە[وشەیەکی کۆیە نەک تاک] هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە بەر ڕووناکی ڕۆژ دەکەون و یۆنانییەکانیش ناوی (*ta onta*) هەبووەکانیان لێناون. هەبوویەک دەتوانێت خۆی بە چەند شێوەیەک دەربخات. هەریەکێک لە شێوەکانی دەکەوێتە سەر تەماشکردنی ئێمە بۆ هەبووەکە. هەبوویەک دەتوانێت بەو شێوەیەی لەنیو خۆیدا نییە خۆی [٢٩]دەربخات. لەمحاڵەتەدا، هەبووەکە لە شتێک یان لە هەبوویەکی دیکە دەچێت. ئەو خۆدەرخستنەشی بە ڕواڵەتی دادەنێین. لە زمانی یۆنانیشدا چەمکی فینۆمینە واتای (لە شتێک دەچێت) یان ڕواڵەت دەبەخشێت. چەمکی *phainomenon agathon* واتای شتێک دەبەخشێت، کە چاک دەردەکەوێت، بەڵام لەڕاستیدا وانییە. تێگەیشتنی زیاتر لە واتای چەمکی فینۆمینە دەکەوێتە سەر شیکردنەوەی واتاکانی (فینۆمینە، وەکو خۆدەرخستن و ڕواڵەت) چونکە ئەم دوو واتایە لە بونیادەکەیاندا پێکەوە بەستراون. ئەو کاتە لە واتای هەبوویەک تێدەگەین، کە خۆی-دەرخستبێت یان وەکو خۆی، خۆی دەرنەخستبێت؛ لەمحاڵەتەدا لەم یان لەو شتە دەچێت. واتای

بنەڕەتی (فینۆمینە، وەکو خۆ دەرخستنی هەبوویەک) بناخەی ڕواڵەتە. ئێمە واتای پۆزەتیڤ و بنەڕەتی بە چەمکی فینۆمینە دەدەین و دیاردەی ڕواڵەتەکەش لە چەمکی فینۆمینە جیادەکەینەوە، کە دەبێت بە شێوازێکی بێ بەریکراوی فینۆمینە.

بەڵام ئەم دوو واتایەی فینۆمینە هیچ پەیوەندییەکیان بە (دیاردە) یان (دیاردەی ڕووت)ەوە نییە. ئەمە (دیاردەی نەخۆشییە)، کە کەسێک باسیدەکات، کەسەکە بیر لە جۆرێک ڕووداوی دەرکەوتو لە لەشی نەخۆشەکە دەکاتەوە. دیاردەکان لەگەڵ خۆدەرخستنەکەیاندا ئاماژە بۆ شتێکی دەرنەکەوتو دەکەن. سەرهەڵدانی دیاردەکانیش هاوتەراز لەگەڵ بابەتێکی لێکۆڵینەوەی پەرێشانبوونێک، کە خۆی دەرناخات، دەڕوا. کەوابوو، دیاردە، وەکو دیاردەی شتێک واتای خۆ دەرخستن نابەخشێت؛ بەڵکو بانگەشە بۆ شتێک دەکات، کە خۆی دەرنەخستووە. ئەویش خۆی لە دیاردەیەکدا دەردەخات، کە بتوانێت خۆی دەربخات. دیاردە خۆ دەرخستن نییە. ئەم (نا)یەی لێرەدا بەکاریدەهێنین بێبەریکردن لەنێو پێناسەی بونیادی ڕواڵەتەکەدا نییە. ئەوەی دەردەکەێت خۆی دەرناخات؛ هەرشتێک نەیتوانی خۆی دەربخات، شتێک نییە بە ڕواڵەت هەبێت. هەموو ئاماژەکردن، نوێنەرایەتییەک، نیشانە و هێماکان، هەرچەندە لەیەکدییەوە جیاوازن، بونیادێکی بنەڕەتی دیاردەییان هەیە. لەگەڵ ئەوەی دیاردە، وەکو فینۆمینە شتێک نییە خۆی دەربخات، بوونی لەسەر خۆ دەرخستنی شت ڕادەوەستێت.

بەڵام شتەکەی خۆی دەردەخات و دەبێتە بناخەی ئەگەری دیاردەکەخودی دیاردەکە نییە. دیاردە بانگەشە بۆ شتێکی دیکە دەکات.

دەشێ کەسێک بڵێت، ئەگەر 'دیاردە' ئاماژە بۆ دەرکەوتنی شتێک بکات، کە خودی شتەکە دیاردە نییە ئەوا چەمکی 'فینۆمینە' پێناسناکرێت: تەنیا بە گریمانە دادەنرێت. گریمانەکەش شاراوەیە؛ کاتێک کەسێک لە بارەی دیاردەوە دەدوێت، چەمکی 'دیاردە' بە دووجۆر بەکاردەهێنیت.

[٣٠] "ئەوەی لەنێویدا شتێک خۆی دەردەخات" ئەمەش واتە، شتێک بانگەشە دەکات و خۆی دەرناخات؛ هەروەها لەوێدا، کە دیاردە خۆی دیاردە نییە ئەوە دەگەیەنێت، کە دیاردە خۆدەرخستن بێت. بەڵام خۆدەرخستن لە بنەڕەتەوە سەر بەو شتەیە دەیەوێت بانگەشەی خۆ دەرخستنەکەی بکات. بەگوێرەی ئەمە، هەرچەندە هەموو دیاردەیەک پشت بە فینۆمینە دەبەستێت، بەڵام فینۆمینە دیاردە نییە. ئەگەر پێناسەی 'فینۆمینە' بە یارمەتی وەرگرتن لە 'دیاردەوە' بکرێت، کە هێشتا واتاکەی ڕوون نییە، ئەوا هەموو شتێک سەرەوخوار ڕادەوەستێت. ڕەخنەگرتنیش لە فینۆمینۆلۆجی دەبێت بەکاریکی شیاو. دووبارە دەڵێین، چەمکی 'دیاردە' ئاماژە بۆ دوو لایەن دەکات: یەکەم، دەرکەوتن، بە واتای بانگەشەکردن بۆ ئەو شتەی خۆی دەرناخات: دووەمیش ئەوەی بانگەشەکە دەکات و لە دەرکەوتنەکەیدا ئاماژە بۆ شتێک دەکات، کە خۆی دەرناخات. لەکۆتاییدا، کەسێک دەتوانێت چەمکی 'دەرکەوتن' بۆ چومکی تەواوی فینۆمینە، وەکو خۆ-دەرخستن بەکاربهێنێت. ئەگەر ئەم سێ لایەنە جیاوازە بە دیاردە دابنرێن توشی سەرلێشێوان دەبین. سەرلێشێواندنەکە زۆرتر دەبێت ئەگەر ئاماژە بۆ لایەنێکی دیکەش بکرێت. ئەویش ئەو لایەنەیە، کە ئەوەی بانگەشەکە دەکات، لە

خۆدەرخستنەکەیدا ئاماژە بۆ شتێکی دەرنەکەوتو بکات. ئەمەش بەوە دابنرێت، کە لەنێو شتە دەرنەکەوتوەکەوە بەرجەستەبێت. شتە دەرنەکەوتوەکەش لە بنەڕەتەوە بە نادیار و دەرنەکەوتو دابنرێت. کاتێک ئەوەی بانگەشەکە دەکات بەمشێوەیە بناسرێت 'دیاردە' دەبێت بە بەرهەم یان بەرهەمهێنراو. ئەمەش نابێت بە پێکهاتەی هەبووە بەرهەمهێنەرەکە و دەبێت بە دیاردەیەکی ڕووت.

بێگومان ئەوەی بانگەشە دەکات و بەرهەمهێنراوە خۆی دەردەخات. لەمڕووەوە، وەکو شتێکی دەرچوو لەوەی بانگەشەکە دەکات بەردەوام بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. لەڕوویەکی دیکەوە، خۆدەرنەخستنەکە و شاردنەوەکە ڕواڵەت نین. کانت لەم دوو لایەنەوە چەمکی 'دیاردە'ی بەکارهێناوە. بە دیدی ئەو، 'دیاردەکان' لە یەکەم شوێندا، بابەتی هەستەکین و خۆیان بۆ هەستکردن دەردەخەن. ئەوەی خۆی دەردەخات (فینۆمینە بە واتا تەواوەکەی)، دیاردەیە و لە شتێکی شاراوەوە دەرچووە. بەو ڕادەیەی' فینۆمینە' پێکهاتەی 'دیاردە'یە چونکە لە ڕێگەی خۆدەرخستنەوە دەناسرێت، هەروەها فینۆمینەش دەتوانێت ببێت بە ڕواڵەت ئەوا دیاردەش دەبێت بە ڕواڵەت. لەژێر ڕووناکییەکی تایبەتدا هەندێک سەرگۆنایان سور دەبێت؛ دەکرێت سوربوونەوەکە بە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی، وەکو گەرمەتا دابنرێت؛ گەرمە تاکەش ئاماژە بۆ نەخۆشی یەکێک لە ئەندامەکانی لەش دەکات.

[۳۱] (فینۆمینە)، ئەوەی لەنێو خۆید-خۆی دەردەخات، لە دوورەوە ئاماژە بۆ شتێک دەکات، کە ڕووبەڕووی دەبینەوە. 'دیاردە' لەلایەکی

دیکەوە، پەیوەندییە لە ئاماژە کردنەکەدا، کە لەنێو هەبوویەکدایە. دیاردە و ڕواڵەتیش بە شێوەی جیاواز لەسەر فینۆمینە ڕادەوەستن. سەرلێشێواندن لە بەکارهێنانی چەند چەمکێکی، وەکو فینۆمینە، دیاردە، ڕواڵەت و دیاردەی ڕووت بۆ فینۆمینە لەناودەچێت ئەگەر لە سەرەتاوە فینۆمینە بەوەدابنێین، کە خۆی دەردەخات.

لێرەوە، دەتوانین بەتەواوی بزانین فینۆمینە چییە و بەکراوەیش ئەو کێشەیە جێبهێڵین، کە گوایە ئەوەی خۆی دەردەخات هەبووە یان خەسڵەتێکی بوونی هەبووەکەیە.

ئەگەر مەبەستمان لەوەی خۆی دەردەخات هەبوویەکی بەر ئەزمونی هەستەکی بێت، بەو جۆرەی کانت باسیدەکات، ئەوا چەمکە گشتییە بەکارهێنراوەکەی فینۆمینەمان دۆزیوەتەوە. بەڵام ئەم چەمکە گشتییە ئەوە نییە لە فینۆمینۆلۆجییدا بەکاریدەهێنین. ئەگەر لەنێو ئاسۆی بیرکردنەوەی کانتدا بمێنینەوە ئەوا فینۆمینۆلۆجییانە ئەوەی بە فینۆمینە دادەنرێت ڕووندەکەینەوە، بەڵام بە جیاوازییەکانەوە؛ لەوانەیە بڵێین ئەوەی لە دیاردەیەکی پێشتردا خۆی دەردەخات و بەگشتی لە واتاکەی تێدەگەین، هەرچەندە بیردۆزەییانە نییە، دەتوانین بیردۆزەییانە خۆدەرخستنەکە نیشانبدەین.

ئەوەی لەنێو خۆیدا خۆی دەردەخات (وەکو شێوازەکانی درککردن) دەبێت بە فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجی. بەدڵنیاییەوە دەبێت کات و شوێن

بەمجۆرە خۆیان دەربخەن. دەبێت ببن بە فینۆمینە لە کاتێکدا کانت لەبارەیانەوە دەدوێت و دەڵێت شوێن ڕیزکردنێکی لەپێشترە.[29]

ئەگەر بمانەوێت لە واتای چەمکی فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجی بگەین، گرنگیش نییە چەند بتوانین ناوەڕۆکی ئەوەی خۆی دەردەخات بناسین، پێویستە لە واتای گشتی فینۆمینە تێبگەین.

بەڵام پێش دامەزراندنی چەمکە سەرەتاییەکەی فینۆمینۆلۆجی دەبێت پێناسەی (لۆگۆس)بکەین، تاکو بزانین لە چ ڕوویەکەوە فینۆمینۆلۆجی زانستی هەموو فینۆمینەکانە.

## با. چەمکی لۆگۆس

[٣٢] لای ئەفلاتون و ئەریستۆ چەمکی (لۆگۆس) چەند واتایەکی هەیە و هیچ کام لەم واتایانە لەوانی دی گرنگتر نییە. لەڕاستیدا، ئەم بۆچوونەیان ڕووکەشانەیە و دریژخایەنیش ماوەتەوە، کە نەیتوانیوە بەدروستی ناوەڕۆکی دەربخات. ئەگەر واتای بنەڕەتی لۆگۆس 'گوتار' بێت، ئەوا وەرگێڕانی وشە بە وشە پێش ڕوونکردنەوەمان بۆ 'گوتار'

---

29 کانت لە پەرتووکی یەکەمیدا بە ناوی (ڕەخنە لەسەر هۆشی ڕەوان) لەو باوەڕەدایە، کە کات و شوێن دوو پێشمەرجی ناوەکی پێویستن بۆ هەستکردن بە هەموو فینۆمینەیەک لە جیهاندا بەڵام کات و شوێن ناخرێنە بەر ڕۆشنایی ئەزمونی هەستەکییەوە. (م.ک)

واتابەخش نابێت و بەکارهێنانی ئەم دوایەی چەمکی لۆگۆس لە مێژوودا، بەتایبەتی لە ڕاڤەکردنە فەلسەفییە جۆراوجۆرەکاندا واتای حوکمدان، چەمک، پێناسە، زەمینە و پەیوەندی دەبەخشێت. ئایا چۆن 'گوتار' بۆ ئەم هەموو واتا جیاوازانەی لۆگۆس ئەکادیمییانە بەکاردێت؟ ئەگەر لۆگۆس بە داکۆکیکردنیش یان حوکمدان دابنرێت، هێشتا واتا بنەڕەتییەکەی دەرناکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕوانگەی بیردۆزەیەکی نوێیەوە تەماشای حوکمدان بکرێت. لۆگۆس واتای 'حوکمدان' نابەخشێت، بەتایبەتی ئەگەر حوکمدان بەستنەوەی دوو شت بێت؛ داکۆکیکردن یان ڕەتدانەوە بێت. لۆگۆس، وەکو 'گوتار' دەرکەوتنی شتێکە، کە لەنێو گۆتارەکەدا باسی لەسەر دەکرێت. ئەریستۆ ئەم واتایەی بە (*apophoinesthai*) ناوزەدکردوە.[30]

لۆگۆس ڕێگە بە شتێک دەدات تاکو ببینرێت؛ ئەو شتەش ئەوەیە، کە باسدەکرێت؛ ئەمجا ئەمە بۆ کەسەکەیە، کە دەدوێت یان ئەوانەی لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن. لەنێو گوتاردا ئەوەی باسدەکرێت لەنێو گوتنەکەدا پەیدا بووە. ڕاگەیاندنێکی توێژەراوانەش لە گوتنەکەدا، ئەوەی باسیی لەسەردەکرێت دەردەخات و بە کەسانی دیکەی دەگەیەنێت. ئەمە بونیادی لۆگۆسە، وەکو (*apophansis*) بەڵام هەموو شێوازێکی گوتن ئەم دەرخستنەی تێدا نییە. بۆنموونە، داواکردن (*euche*) بە شێوەیەکی

---

[30] وشەیەکی یۆنانییە واتای (بەو جۆرەی خۆی دەردەخات، دەبینرێت) دەگرێتەوە. (م.ک)

جیاواز شتێک دەردەخات. گوتن (بەو جۆرەی شتێک دەردەخات تاکو ببینرێت)بەپڕی و کۆنکرێتی خەسڵەتی دەنگدارێتی هەیە. لۆگۆس دەنگە (*phone*)، بەدڵنیاییەوە، ئەو دەنگەیە، کە شتێکی لێوە دەردەکەوێت.

[٣٣] مادام ئەرکی لۆگۆس (دەرخستنە) و دەکەوێتە سەر دەرخستنی شتێک تاکو ببینرێت، ئەوا بونیادێکی تێهەڵکێشراوی هەیە. لێرەدا، تێهەڵکێشراوی بەستنەوەی وێنەکان و ڕووداوە سروشتی و کێشەکان نییە.[پێشگری]' *syn* لە چەمکی (*synthesis*) هەیە: لە پەیوەندییەکەیدا بە شتەکانی دیکەوە شتێک دەردەخات تاکو ببینرێت. بێجگە لەمە، لەبەر ئەوەی لۆگۆس دەرخستنی شتێکە، ئەوا ڕاست یان ناڕاستیش دەبێت. بەڵام هەموو شتێک لەسەر چەمکی ڕاستی بە واتای 'ڕێکەوتن' ڕادەوەستێت. ئەم بیرۆکەیەش بۆ چەمکی ڕاستی (*aletheia*) بە هیچ جۆرێک سەرەکی نییە. لۆگۆس، وەکو بوونێکی ڕاست واتە: ئەو هەبووانەی باسیان لەسەر دەکرێت دەرکەون؛ وەکو شتێکی دیار (*alethes*) ببینرێن؛ هەروەها بدۆزینەوە. بەهەمانشێوە، بوونی نا-ڕاست هەڵخەڵەتاندن و شاردنەوەیە: دانانی هەبوویەکە لەبەردەم هەبوویەکی دیکەدا (تاکو ببینرێت) و بەوە دابنرێت، کە نییە. مادام ڕاستی ئەم واتایە دەبەخشێت و شێوازی تەواوی لۆگۆسیش لە دەرخستنی شتێکدایە ئەوا لۆگۆس بە بنەمای ڕاستی دانانرێت. ئەگەر، بەو جۆرەی ئەمڕۆ باسدەکرێت، ڕاستی پەیوەندی بە دەستەواژەوە هەبێت، بانگی ئەریستۆش بۆ پشتگیریکردنی ئەم بۆچوونە بکرێت، ئەم پرۆسەیە و چەمکی ڕاستیش لای یۆنانییەکان بە هەڵە لێکدەدرێنەوە. لە

بۆچوونە یۆنانییەکەدا ئەوەی بەتەواوی ڕاسترە لەو لۆگۆسەی باسیدەکەین، هەستکردنێکی سادەیە. بەوشێوەیەی بینین ڕوو لە ڕەنگەکان دەکات، هەستکردن ڕوو لەو بابەتانە دەکات، کە بۆی دەردەکەون؛ بەمڕادەیە هەستکردن ڕاستە. واتە، بینین هەمیشە ڕەنگەکان دەدۆزێتەوە و بیستنیش گوێی لە دەنگەکان دەبێت. ئەم هەستکردنە ڕاستەوخۆیە ڕاستە؛ شتەکان دەدۆزێتەوە و دایاننناپۆشێت. هەرگیز شت ناشارێتەوە؛ لەبەرئەمە ناڕاست نابێت؛ ئەوپەڕی بەبێ هەستکردن یان گەیشتن بەوشتانە دەمێنیتەوە. کاتێک هەبوویەک لە شێوازی خۆدەرخستندا نامێنێت و خۆی لە پشتی شتێکەوە حەشاردەدات ئەو شتە بە جیاواز دەردەخات؛ بونیادێکی تێهەڵکێشراوی پێدەدرێت. ئەمەش ئەگەری داپۆشین دروستدەکات. ڕاستی نێو دەستەواژەکان بەپێچەوانەی ئەم داپۆشینەوەیە. دیاردەیەکی دووەمی ڕاستییە و بناخەی زۆریشی هەیە. ڕیالیزم و ئایدیالیزم بەتەواوی واتای چەمکی ڕاستی لای یۆنانییەکانیان لە بیرکردوە، کە تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەکرێت لە 'ڕاڕەوی ئایدیاکان' فەلسەفییانە تێبگەین.

[٣٤] لەبەرئەوەی ئەرکی لۆگۆس لە دەرخستندایە، لەگەڵ دەرخستنی شتەکاندا لۆگۆس واتای ژیری دەبەخشێت. هەروەها، لەبەرئەوەی لۆگۆس تەنیا، وەکو گوتن بەکارنەهاتووە و ئەوەش دەگرێتەوە، کە ئاماژەی بۆکراوە؛ ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێت لەنێو گوتن و گفتوگۆکردنەکەدا هەیە، ئەوا لۆگۆس دەبێت بە زەمینە.

دواجاریش، لۆگۆس، وەکو ئەوەی باسدەکرێت و لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ شتێکی دیکەدا دەبێت بە بینراو، دەبێت بە پەیوەندی. ئەم ڕاڤەکردنە بۆ گوتنێک، کە شتێک دەردەخات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەرکی سەرەکی لۆگۆس کۆتایی پێدێت.

## جیم. تێگەیشتنی سەرەتایی لە فینۆمینۆلۆجی

کاتێک بەتەواوی لە ڕاڤەکردنەکەمان بۆ 'فینۆمینە' و 'لۆگۆس' تێدەگەین و دەزانین بە کوێ گەیشتوین، پەیوەندییە ناوەکییەکەشیان لەلامان ئاشکرا دەبێت. فینۆمینۆلۆجی بە یۆنانی واتە *Legein ta phainomena* [گوتن لەسەر ئەوەی خۆی دەردەخات]. کەوابوو، فینۆمینۆلۆجی ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕێگەبدرێت ئەوەی خۆی دەردەخات لەنێو خۆیەوە ببینرێت. ئەمەش واتای شێوەکاری ئەو بەشەیە، کە ناوی 'فینۆمینۆلۆجی' لە خۆی دەنێت. بەڵام، ئەمشێوە دەربڕینە بێجگە لەو یاسا ناسراوەی لەسەرەوە باسمانکرد؛ "بۆ نێو خودی شتەکان" چی دیکە نییە.

[٣٥] واتای چەمکی (فینۆمینۆلۆجی)، کەوابوو لە زانستەکانی دیکەوە، وەکو تیۆلۆجی بۆنموونە، بەتەواوی جیاوازە. زانستەکان بەگوێرەی ناوەڕۆکەکان بابەتی [توێژینەوەیان] هەڵدەبژێرن. 'فینۆمینۆلۆجی' نە بابەتی توێژینەوەکەی دیاریدەکات نە باس لە ناوەڕۆکەکەشی دەکات. چەمکەکە تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن توێژینەوەکە بکرێت و بیر لە

چی بکرێتەوە. زانستی فینۆمینە دەبێت لە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی بە جۆریک تێبگات، کە هەر شتێک لەبارەیانەوە باسبکرێت پێویستە ڕاستەوخۆ دیاریبکرێت و بسەلمێنرێت. (فینۆمینۆلۆجی وەسفی)، کە لەخۆیدا تۆتەلۆجییە هەمان واتا دەبەخشێت. مەبەست لە 'وەسفکردن' ئەو پرۆسەیە نییە لە زانستی پێکهاتنی ڕووەکدا دەیدۆزینەوە. چەمکەکە واتای قەدەخەکردن دەبەخشێت، کە دوورکەوتنەوەیە لەو شتانەی ناسەلمێنرێن. خەسڵەتی وەسفکردن، واتای تایبەتی لۆگۆسیش لەسەر ناوەڕۆکی بابەتە وەسفکراوەکە["*Sachheit*"] دادەمەزرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەوەی زانستانە دیاریدەکرێت فینۆمینانە ڕووبەرووی دەبینەوە. واتای 'فینۆمینە' بەهەردوو جۆرەکەوە، شێوەیی و واتا باوەکەشی، دەیسەلمێنێت هەرچ شتێک لە هەرچ ڕێگەیەکەوە خۆی دەربخات بە 'فینۆمینۆلۆجی' ناوەزەدیبکەین.

ئێستا، دەبێت بیر لە چی بکەینەوە ئەگەر چەمکی شێوەیی فینۆمینە بگۆڕی بۆ نا-شێوەیی و لەچ ڕوویەکیشەوە لە واتا باوەکە جیادەکرێتەوە؟ ئەو فینۆمینۆلۆجییە، کە شتەکان دەخاتە بەر بینین چییە؟ ئەو شتە چییە بە 'فینۆمینە' ناوزاددەکرێت؟ ئەوە چییە لەبنەڕەتدا و لە دەربڕینەکەدا ئاشکرا دەبێت بە تێزێکی پێویست؟ شتێکە، کە خۆی دەردەخات یان هیچ لایەکی خۆی دەرناخات: شتێکە شاراوەتەوە و بەپێچەوانەی ئەوەوەیە، کە چەند لایەنێکی خۆی دەردەخات، هەمانکات سەر بەوەیە خۆی دەردەخات، واتا و بناخەکەی پێکدەهێنێت. هێشتا، لایەنە نائاساییە شاراوەکە یان ئەوەی خۆی دەرخست و جارێکی دیکە

دیارنەما، یان بە شێوەیەکی جیاواز خۆی دەردەخات، ئەم و ئەو شتە نییە، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بوونی هەبووەکانە.
ئەم بوونە بە ڕادەیەک بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، کە لە بیردەچێتەوە و پرسیار سەبارەت واتاکەی ناکرێت. کەوابوو، ئەوەی دەیەوێت بە واتایەکی تەواو یان ناوەڕۆکە گونجاوەکەیەوە ببێت بە فینۆمینە، فینۆمینۆلۆجی بیردۆزەییانە دەستی کەوتووە و کردویەتی بە بابەت بۆ خۆی. فینۆمینۆلۆجی ڕێگەی گەیشتنە بە تێزی ئۆنتۆلۆجی و ڕێگەی سەلماندنی تێزەکەشە. ئۆنتۆلۆجی تەنیا، وەکو فینۆمینۆلۆجی دەگونجێت. چەمکی فینۆمینۆلۆجییانەی 'فینۆمینە'، کە ئەوەیە خۆی دەردەخات، واتا و شێوازە جیاوازەکانی بوونی هەبووەکانە. خۆ-دەرخستنەکەشی ئاسایی و ڕواڵەتی نییە. بوونی هەبووەکان ئەوە نییە لەو دیوەوە، وەکو شتێکی دیکە ڕاوەستێت یان دەرنەکەوێت.

[٣٦] هیچ شتێک لەودیو فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجیانەوە نییە؛ لەلایەکی دیکەوە، فینۆمینە خۆی دەشارێتەوە. لەبەر ئەوەی زۆربەی فینۆمینەکان دەرناکەون، فینۆمینۆلۆجی پێویستە. شاردنەوە لەگەڵ چەمکی فینۆمینەدا ناکۆکە.
شاردنەوەی فینۆمینە فرەجۆرە. یەکەم لەوێدایە، کەهێشتا نەدۆزراوەتەوە؛ نەزانراوە و نەزانراویش نییە. هەروەها، دەشێ فینۆمینەیەک نێژرابێت. واتە، فینۆمینەکە دەناسرا، بەڵام ئێستا بەڕادەیەک لەناوچووە و جارێکی دیکە شاردراوەتەوە. شاردنەوەکەش بەتەواوی ڕوودەدات؛ یان ئەوەی لەپێشتر دۆزراوەتەوە ئێستاش

دەبینرێت، هەرچەندە بە ڕواڵەتیش هەیە. لەهەر شوێنێک ڕواڵەت هەبێت 'بوون'یش هەیە.

داپۆشینەکە، وەکو دەمامککردن، زوو ڕوودەدات و ترسناکترینیشە چونکە ئەگەری هەڵخەڵەتاندن و گومڕایی گەورەتر دەکات. هەڵبەتە لەنێو سیستەمێکدا، بونیادەکانی بوون و چەمکەکان لەبەردەستدان، بەڵام لەنێو ڕەفتاری سروشتیدا داوای مافی خۆیان دەکەن. کاتێک پێکەوە لەنێو سیستەمێکدا گرێدەدرێن، وەکو شتێکی ئاشکرا و ڕوون خۆیان دەردەخەن. لەوە زۆرتر پێویستیان بە سەلماندن نییە. لەبەرئەمە، دەکرێت لە پرۆسەی دیدەکشندا ببن بە خاڵی دەرچوون.[31] خودی داپۆشینەکە، وەکو شاردنەوە، ناشتن و دەمامککردن دوو ئەگەری هەیە. هەندێک داپۆشین ڕووداون؛ هەندێکیش پیویستن و دەکەوێتە سەر دۆزینەوەکە. دەگونجێت ئەو کاتەی چەمکێکی فینۆمینۆلۆجییانە بەکاردێت و بۆ داکۆکیکردنە ڕادەگەیەنرێت شتێک هەڵوەشێنێتەوە. ئەم دەست و ئەو دەستی پێبکرێت و ڕەسەنییەتی خۆی بزربکات و ببێت بە

[31] دیدەکشن پرۆسەیەکی لۆجیکمەندانەیە بۆ سەلماندن؛ بەگشتی لەسێ دەستەواژە پیکهاتوە. دوو پێشەکی و ئامانجێک. مەرجیشە یەکێک لە پێشەکییەکان دەستەواژەیەکی هەمەکی (گشتی)بێت. بۆنموونە: هەموو مرۆڤێک دەمرێت. سوکرات مرۆڤە، کەوابوو سوکرات دەمرێت. ئەریستۆ ئەم پرۆسەیە لە پرۆسەی (ئیندەکشن) بە باشتر دادەنێت، کە لە چەند دەستەواژەیەکی هەندەکییەوە بە ئامانجێکی هەمەکی (گشتی)دەگات. هەروەها ئەریستۆ چەند یاسایەکی بۆ دیدەکشنی دروست و لە هەڵەبەدەر داناوە. (م.ک)

تێزێکی باو. تەنانەت لە کارکردنی کۆنکرێتی فینۆمینۆلۆجییانەشدا ئەوەی لەبەر دەستدایە لەوانەیە نەتوانین لەوە زۆرتر لێیتێبگەین. دژواریتی ئەمجۆرە توێژینەوەیەش لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە دەیەوێت پۆزەتیڤانە ببێت بە ڕەخنەلەخۆگر.
بەوشێوەیەی بوون و بونیادەکانی لەشیوازی فینۆمینەدا دەبینرێن، یەکێکە لەوانەی هێزدەدات بەبابەتی فینۆمینۆلۆجی. کەوابوو، خاڵی دەرچوون بۆ شیکارییەکە، گەیشتن بە فینۆمینە و دەربەندەکەمان ڕووە و داپۆشینە زاڵبووەکە، دەبێت میتۆدەکەیان مسۆگەر بکەن.

[٣٧] بیرۆکەی گەیشتن بە فینۆمینە ئاشکراکردنی ڕەسەنانە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ شێوازی سادە و ڕووداوەکی و ڕاستەوخۆیەکی بێ-تێڕامان، ناکۆک ڕادەوەستێت. ئێستا، سنورەکانی چەمکی سەرەتایی فینۆمینۆلۆجیمان دیاریکردوە. دەکرێت واتای چەمکەکانی 'فینۆمینانە' و(فینۆمینۆلۆجییانە)ش دیارییبکەین. ئەوەی دراوە و بەو شێوەیە بەرانبەر فینۆمینەیەک دەردەکەوێت دەبێت بە 'فینۆمینانە' و لەوڕووەوە ئێمە باسی بونیادی فینۆمیناڵ دەکەین. هەرشتێک سەر بە شێوازی ئاشکراکردنەکەبێت، ئاماژەی بۆ بکات و چەمکەکان، وەکو داردەست [بۆ ناسینی] بەکارنهێنێت توێژینەوەکەی 'فینۆمینۆلۆجیکالە'.
مادام فینۆمینەکان، بەو جۆرەی فینۆمینۆلۆجییانە تێیدەگەین، بێجگە لەوەی ئەوەن، کە بوون پێکدەهێنن، هیچی دیکە نین ، ئەوا بوون لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی هەبوویەکە. بۆ ئەوەی بوون دەربخەین پێویستە هەبووەکان بهێنینە پێشەوە؛ ئەمەش دەبێت بە دروستی جێبەجێ بکرێت

و هەبووەکانیش بەجۆرێک خۆیان دەربخەن، کە ڕێگەیەکی تەواومان بۆ گەیشتن پێیان دیاریبکەن. ئەمەیە چەمکی سادەی فینۆمینە فینۆمینۆلۆجییانە گونجاو دەکات. بۆ ئەوەی شیکارییەکەمان ڕەسەنانە بێت، ئەرکی سەرەتایی و مسۆگەرکردنی ئەو بوونەی فینۆمینۆلۆجییانە لە نموونەکەماندا باسمانکرد و کردمان بە خاڵی دەرچوونەکە، دەبێت بە خودی ئەو ئامانجەی لە شیکردنەوەکەماندا لەپێشتر باسمانکردوە. بەگوێرەی بابەتەکەی، فینۆمینۆلۆجی زانستی بوونی هەبووەکانە و ئۆنتۆلۆجییە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی ئۆنتۆلۆجیدا، دۆزیمانەوە، کە پێویستە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی هەبێت و ئەو بابەتەش هەڵبژێرێت، کە ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانە تایبەتە؛ وەکو دازاین، تاکو ڕووبەڕووی گرفتە بنەڕەتییەکان و پرسیار سەبارەت واتای بوون بەگشتی ببێتەوە. لێکۆڵینەوەکەشمان دەریدەخات، کە میتۆدی وەسفکردنی فینۆمینۆلۆجییانە لەسەر ڕاڤەکردنە. لۆگۆس فینۆمینۆلۆجی دازاین خەسڵەتی (*hermeneuein*)ی هەیە، کە تیایدا واتای ڕەسەنی بوون و بونیادە بناخەیەکانی بوون، کە دازاینیش هەیەتی لە تێگەیشتنی ئەودا بۆ بوون دەناسرێن. بە واتا تەواوەکەی فینۆمینۆلۆجی دازاین هێرمینۆتیکە؛ ئەمەش ئاماژە بۆ ڕاڤەکردن دەکات.

مادام ئاشکراکردنی واتای بوون و بونیادە بنەڕەتییەکانی دازاین بەگشتی دەبن بە ئاسۆ بۆ هەموو توێژینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانە لە هەبووەکانی دیکەدا، کە دازاین نین، ئەم هێرمینۆتیکەی بەردەستمان، هەمانکات بارودۆخی هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانە خۆشدەکات. دواجاریش، مادام دازاین ئۆنتۆلۆجییانە لە هەبووەکانی دیکە لەپێشترە و

بوونێکە ئەگەری هەبووی هەیە، هێرمینۆتیک، وەکو ڕاڤەکردنی بوونی مرۆڤ تایبەتمەندێتی سێیەمی لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەی بووندا هەیە و گرنگییەکی فەلسەفییانەی پیدەبەخشیت. بەو رادەیەی هێرمینۆتیک ئۆنتۆلۆجییانە مێژووی دازاین ڕووندەکاتەوە لایەنی ئۆنتیکی ئەم لە مێژوودا دەردەخات. بەئەنجام وەرگرتنیش ڕەگوڕیشەی ئەو 'هێرمینۆتیکە'ی تێدا دەدۆزینەوە، کە ئاماژەمان بۆ کرد: بۆنموونە، میتۆدۆلۆجی ئەو زانستە مرۆڤناسانەی کە خەسڵەتی مێژووناسییان پێوەیە.

[٣٨] بوون، وەکو بابەتێکی بنەڕەتی بۆ فەلسەفە جۆری گەورەی هەبووەکان نییە؛ هاوکات، پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە. هەمەکیبوونی [بوون] دەبێت بەرز دابنرێت. بوون و بونیادی بوون لەودیو هەبووەکان و خەسڵەتی هەبووەکانەوەیە. بوون **بەرزێتییەکی ڕووت و سادەیە**.[32] بەرزێتی بوونی دازاینیش تایبەتە، چونکە لە بوونیدا ئەگەر و پێویستی (تاک)هەیە. مادام بوونیش بەرزە ئەوا هەموو توێژینەوەیەک لەسەر بوون دەبێت بە زانینێکی بەرز. ڕاستی فینۆمینۆلۆجییانە (دەرخستنی بوون) دەبێت بە (ڤێریاس ترانسێندنتالس)، ڕاستییەکی بەرزە. ئۆنتۆلۆجی و فینۆمینۆلۆجی دوو بەشی جیاوازی فەلسەفە نین.

---

[32] هایدیگەر(بەرزێتی) بۆ بوون لێرەدا بەکاردەهێنێت، بەڵام واتاکەی لە واتای بەرزێتی لە مێتافیزیکی ئەفلاتون یان کانتەوە جیاوازە. مەبەستی هایدیگەر دانانی (بوون) لە جیهانێکی بەرزتردا نییە، بەڵکو ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بوون هەبوو نییە و بوونی هەبووەکانە. (م.ک)

ئەم دوو چەمکە ئاماژە بۆ بابەتی فەلسەفە و گەیشتن بەو بابەتە دەکەن. فەلسەفە ئۆنتۆلۆجییەکی فینۆمینۆلۆجییانەی هەمەکییە و لە هێرمنیۆتیکی دازاینەوە دەستپێدەکات، کە لە شیکردنەوەی بوونەوە ڕێنمایی هەموو توێژینەوەیەکی فەلسەفییانە لە خاڵی دەستپێکردن و گەڕانەوەیدا دەکات.

ئەم توێژینەوەیەش بەبێ ئەو زەمینەیەی ئەدمۆند هوسرڵ دایمەزراندوە مەحاڵە؛ کە لەگەڵ [بەرهەمەکەی] لێکۆڵینەوە لۆجیکمەندانەکاندا فینۆمینۆلۆجی سەریهەڵدا. بۆچوونەکانمان لەسەر چەمکی سەرەتایی فینۆمینۆلۆجی دەریدەخەن، کە گرنگێتییەکەی لە بوونی کردەکیدا، وەکو بزوتنەوەیەکی فەلسەفییانە نییە. لەسەرو کردەکییەوە 'ئەگەر' هەیە. ئێمەش لەو ئەگەرە لە واتای فینۆمینۆلۆجی تێدەگەین. سەبارەت بە ناهەمواری و زبری شێوازی دەربڕینەکەش لەم شیکارییەدا، دەتوانین بڵێین، کە ڕاپۆرت وەسفی لەسەر هەبووەکان و تێگەیشتن لە بوونی وەکو یەکن. لە دووەمیاندا نەک بە تەنیا کەمی وشەکانی پێوە دیارە، کێشەی ڕێزمانیش لەسەرویانەوە بە زەقی دەبینرێت. ئەگەر سەرپێیی ئاماژە بۆ توێژینەوەکانی پێشو لەسەر شیکاری بوون بکەین، دەبێت بەشە ئۆنتۆلۆجییەکانی 'پارمەنیدس' و ئەفلاتون یان کەرتی چوارەمی بەشی حەوتەمی 'مێتافیزیک'ی ئەریستۆ لەگەڵ بەشە وەسفییەکانی (تیۆسیدیس)دا بەراوردبکەین. بەمجۆرە خەسڵەتە نائاساییەکانی [٣٩]پێکهاتەکان دەبینین، کە فەیلەسوفەکان بەسەر یۆنانییەکاندا سەپاندویانە. ئاڵۆزی ڕۆنانی چەمکەکان و دژواریش لە دەربڕینیاندا گەورەتردەبن.

## ٨. نەخشەی نوسراوەکە

پرسیار سەبارەت واتای بوون هەمەکیترین  و پوچەڵترینیشە، بەڵام، هەمانکات دەگونجێت بکرێت بە پرسیاری هەر تاکێک لە دازاین. ئەگەر بمانەوێت لە چەمکی بنەڕەتی 'بوون' تێبگەین، نەخشەی ئۆنتۆلۆجییانەشی بۆ دابنێین و گۆڕانکارییە پێویستیەکانی بناسین، دەبێت ڕێنمایەکی کۆنکرێتی بدۆزینەوە. لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی جۆرێک لە هەبووەوە، کە دازاینە لە واتای بوون تێبگەین. دازاینیش بوونێکی 'مێژوویی' هەیە. لەبەرئەمە، ڕوونکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی دەبێت بە ڕاڤەکردنێکی (میژووییانە).

[٤٠] کارکردنەکەمان لەسەر پرسیارەکە سەبارەت بوون دوو لقی لێدەبێتەوە و نوسراوەکەشمان دەبێت بە دوو کەرتەوە:

**کەرتی یەکەم**: ڕاڤەکردنی دازاین وەکو کات و باسکردنی کاتیش وەکو ئاسۆیەکی بەرز بۆ پرسیار سەبارەت بوون.

**کەرتی دووەم**: خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ڕوخاندنی فینۆمینۆلۆجییانەی مێژووی ئۆنتۆلۆجی لەگەڵ کێشەی کاتدا، وەکو ڕێنمایکەرمان.

کەرتی یەکەمیش سێ دابەشکردن دەگرێتە خۆی.

١. ئامادەکردنە و شیکردنەوەی بنەڕەتیی دازاین.

٢. دازاین و کات.

٣ . کات و بوون.

کەرتی دووەمیش سێ دابەشکردنی هەیە:

١. ڕاڕەوی سکیمەتیزم و کات لای کانت، وەکو سەرەتایەک بۆ کێشەی کات.

٢. بناخەی ئۆنتۆلۆجی 'کۆجیتۆ سوم'ی دێکارت و تێهەڵکێشکردنی ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاست لە کێشەی (ڕێس کۆجیتانس)دا؛

٣. نوسراوەکەی ئەریستۆ لەسەر کات بۆ جیاکردنەوەی بناخە

فینۆمینەییەکان و سنورەکانی ئۆنتۆلۆجی دێرین.

# کەرتی یەکەم

## ڕاڤەکردنی دازاین وەکو کات و باسکردنی کات وەکو ئاسۆیەکی بەرز بۆ پرسیارکردن سەبارەت بوون

### دابەشکردنی یەکەم

#### ئامادەکردنی شیکردنەوەی بنەڕەتیی دازاین

[٤١] ئەو هەبووەی لە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە سەبارەت بوون پێشەنگ دەگرێت خەسڵەتی دازاینی هەیە. بەم تایبەتمەندێتییەوە، ئامادکردنی شیکردنەوەی بوونگەرانە بۆ بوونی دازاین پێویستی بە دیاریکردنی جیاوازییەکانی لە لێکۆڵینەوە لەسەر جۆری هەبووەکانی دیکەش هەیە (بەشی یەکەم). لەگەڵ ڕەچاونەکردنی خاڵی دەرچوونەکەمان، دەبێت بونیادی بنەڕەتی دازاین شیبکەینەوە: بوونی-لەنێو-جیهاندا (بەشی دووەم). ئەم لەپێشترێتییە بۆ ڕاڤەکردنی بوونی دازاین بونیادێکی پیکهاتوو نییە، بەڵکو بونیادێکی گرنگ و هەموویەکی بەردەوامە. بۆچوونی جیاوازمان لەبارەی فاکتۆرەکانەوە دەداتێ، کە بوونی پێکدەهێنن. دەبێت بەردەوام فاکتۆرەکان ببینین و بونیادە لەپێشترە گشتییەکەی بناسین. کەوابوو، بابەتی شیکردنەوەکەمان: جیهانە بەجیهانبوونی خۆیەوە (بەشی سێیەم)، بوون-لەنیو-جیهاندا، وەکو بوونی خۆ و لەگەڵ کەسانی دیکەشدا (بەشی چوارەم)، بوون-لەنێو-وەکوخۆی (بەشی پێنجەم). لەسەر بناخەی شیکردنەوەی ئەم بونیادە

بنەڕەتییە، سەلماندنێکی سەرەتایی بۆ گونجاندنی بوونی دازاین، واتا بوونگەرایەتییەکەی، وەکو نیگەرانی باسدەکەین (بەشی شەشەم).

# بەشی یەکەم

## ئاشکراکردنی ئەرکی ئامادەکردنی شیکردنەوەی دازاین

### ٩. تێزی شیکردنەوەی دازاین.

[٤٢] ئێمە ئەو جۆرە هەبووەین دەمانەوێت بوونی شیبکەینەوە. بوونی هەریەکێک لەو هەبووە خودی منە. لە بوونیاندا ئەم هەبووانە ڕوو لە بوونی خۆیان دەکەن و بە بوونی خۆیان دەگەن. بوون بۆ هەر یەکێک لەم هەبووانە کێشەیە. دیاریکردنی خەسڵەتی دازاینیش بەمشێوەیە دوو ئاکامی لەدوایە:

یەکەم، 'جەوهەر'ی ئەم هەبووە لە'بوون'یدایە. بوونی، وەکو ئەو-چییەتییەی-هەیە (*essentia*)، بەو شێوەیەی باسیدەکەین، لە بوونیدا (*existentin*) دەبێت پەیدابکرێت. ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکەشمان دەرخستنی ئەو خالەیە، کە کاتێک بوونی ئەم هەبووە، وەکو [*Existenz*] دیاریدەکەین دەبێت بزانین واتای ئۆنتۆلۆجییانەی چەمکە نەرێتییەکەی (*existentia*) نابەخشێت. ئۆنتۆلۆجییانە چەمکە نەرێتییەکە ئامادەبوونی بابەتێکی دەرەکی نیشاندەدات و نابێت بە خەسڵەتی دازاین دابنرێت. بۆ دوورخستنەوەی سەرلێشێوان "بابەتی لێکۆڵینەوە" بۆ وشەی

'existentia' دادەنێین. هەروەها وشەی 'existence' بۆ بوونی دازاین بەکاردەهێنین.[33]

**جەوهەری دازاین لە بوونیدایە.** بەگوێرەی ئەمە، خەسڵەتەکانی ئەم هەبووە تایبەتمەندێتی هەبوویەکی دەرەکی نییە، کە بەو جۆرە دەردەکەوێت؛ لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەرەکانی بوونی ئەون و لەمەش زۆرتر چی دیکە نین. هەموو ئەو بوونەی-بەوشێوە-هەیە و ئەم هەبووە خاوەنێتی، لە بنەڕەتەوە بوونە. کاتێک ئەم هەبووە بە 'دازاین' ناوزەددەکەین، چییەتییەکەی (وەکو مێز، خانو یان درەخت) دەرناخەین، بەڵکو باسی بوونی دەکەین.

دووەم، ئەو بوونەی بۆ دازاین دەبێت بە کێشە، لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی خۆیەتی. کەوابوو، نابێ دازاین بە حاڵەت و نموونەی جۆرێکی گەورەی هەبووەکان، وەکو بابەتێکی دەرەکی ئامادەبوو دابنرێت. ئەمجۆرە هەبووانە لە بوونیاندا جیاناکرێنەوە؛ یان بەتەواوی، بەوشێوەیە هەن، کە نەجیادەکرێنەوە نە ئەمکارەش بەپێچەوانەوە دەکرێت. دازاین،

[33] ئەم چەمکانە، کە هایدیگەر بە زمانی لاتینی و ئەڵمانی بەکاریاندەهێنێت و بە ئینگلیزی هەموویان واتای بوون دەبەخشن و بەکوردیش (هەبوو). بەڵام، لەڕوانگەی ئۆنتۆلۆجییانەوە، بوونی هەر یەکێک لە بابەتێکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە و بابەتێکی بەردەست و دازاین جیاوازن. لەبەرئەمە هایدیگەر دەیەوێت جیاوازییەکەیان لە زمانە فەلسەفییەکەشدا بەرجەستەبکات.یەک وشە بۆ بوونی هەموویان بەکارناهێنیت. (م.ک)

له هەموو حاڵەتێکدا و هەمیشە بوونی-منە. کاتێک باسی دازاین دەکەین، پێویستە ڕاناوی، وەکو (من) یان (تۆ)ی بۆ بەکاربهێنین.

[٤٣] بێجگە لەمە، لە هەموو حاڵەتێکدا، کە دازاین بەمجۆرە یان جۆرێکی دیکە، بوونی منە، بڕیاریداوە بوونی من بێت. ئەو هەبووەیە لە بوونیدا بوون دەبێت بە کێشە، وەکو ئەگەرێکی بوونی ڕوو لە بوون دەکات. دازاین ئەگەری بوونی خۆیەتی و خاوەنی ئەگەرەکەیە، بەڵام خاوەنێتییەکەی، وەکو پەیوەندی نێوان خەسڵەت و هەبوویەکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە نییە. مادام دازاین لە بنەڕەتەوە ئەگەری بوونی خۆیەتی، دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بباتەوە؛ یان خۆی بدۆڕێنێت و هەرگیز خۆی نەباتەوە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی هەبوویەکە دەتوانێت **ڕەسەن** بێت و خاوەنی خۆی بێت، لەوانەیە خۆی بدۆڕێنێت. وەکو شێوازەکانی بوون، **ڕەسەنی** و **ناڕەسەنی** (دوو چەمکن بە وردەکارییەوە هەڵیان دەبژێرین) لەسەر زەمینەی فاکتۆری (منێتی) دازاین دامەزراون. ناڕەسەنێتی دازاینیش پلەیەکی (نزم) یان (کەمتر)ی بوون نییە. حاڵەتێکە لەوپەڕی کۆنکرێتی بوونی دازایندایە، کاتێک سەرقاڵی کارێکە، هەڵچوە، حەز لە شتێک دەکات و مەیلیهەیە، گەمارۆی دەدات.

دووو خەسڵەتەکەی بوونی دازاین، وەکو پێشترێتی بوونی بەسەر جەوهەردا و ئەو فاکتۆرەی، کە لە هەموو حاڵەتێکدا من دازاینم، دەریدەخات لە شیکردنەوەی ئەم هەبووەدا ڕووبەڕووی فینۆمینەیەکی تایبەت دەبینەوە. بوونی دازاین، وەکو هەبوویەکی دەرەکی نێو جیهان نییە. بیردۆزەییانە، وەکو بابەتێکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە ئامادە

ناکرێت. ئامادەکردنێکی دروستی ئەم بوونە بابەتێکی بنەڕەتی شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی بوونیەتی. ئامادەکردنی ئەم هەبووە بە شێوەیەکی دروست تێگەیشتنمان لە بوونی مسۆگەردەکات. گرنگ نییە لێکۆڵینەوەکەمان چەند سەرەتایی بێت، پێویستە لە دروستییەکەی دڵنیابین.

دازاین هەبوویەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەگەری بوونیدا خۆی پێناسدەکات. ئەمەش واتای فۆرمی پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاینە. ئاماژەش بۆ ئەو خاڵە دەکات، ئەگەر ڕاڤەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی بکەین، ئەوا دەبێت گرفتی بوونی لەسەر بنەمای بوونگەرایەتییەکەی پێشبخرێت. گوزارەی ئەم بۆچوونەش ئەوە ناگەیەنێت، کە بوونی دازاین لەسەر بیرۆکەی ئەگەرێکی کۆنکریتی دابمەزرێنین. لەسەرەتای شیکردنەوەکەماندا گرنگە بوونی بە جیاواز ڕاڤەنەکرێت، بەڵکو بەبی جیاوازی بەو شێوەیەی هەیە ئاشکرا بکرێت. خەسڵەتی لە جیاوازی بەدەری ژیانی ڕۆژانەی دازاین پوچەڵ نییە و فینۆمینالێکی پۆزەتیڤی ئەوە. لەم شێوازی بوونەدا و گەڕانەوەش بۆ نێوی، هەموو بوونی ئەوە، وەکو هەبوو. ئێمەش ئەم ژیانی ڕۆژانە بێ جیاوازییە بە (مامناوەندێتی) ناوزەددەکەین.

لەبەر ئەوەی مامناوەدێتی ژیانی ڕۆژانە پێکهاتەی ئۆنتیکی دازاینە، لەگەڵ ئاشکراکردنی بوونی دازایندا تێپەڕدەکرێت. ئەوەی ئۆنتیکانە نزیکە و چاک دەناسرێت ئۆنتۆلۆجییانە دوور و نەناسراوە؛ گرنگییە ئۆنتۆلۆجیانەکەی چاوی لێدەپۆشرێت. کاتێک ئۆگستین دەپرسێت: چی ئەوەندەی بوونی خۆم لە منەوە نزیکە؟ پێویستە لە وەڵامدا بڵێت:

بەدڵنیاییەوە، لێرە و لەنێو خۆمدا کاردەکەم، بووم بە زەمینەی گرفت و زیادەڕۆییەکی شیرین بۆ بوونم.[34] ئەمە ش تەنیا شێوەی نادیاری ئۆنتیکی و پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین ناگرێتەوە. بەسەر ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکەی پێش ئەویشدا ساخدەبێتەوە؛ چونکە نەک بە تەنیا دازاین لە ڕووە فینۆمیناڵە نزیکەکەیەوە نابێت لەبیربچێت، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی دیاریکردنی خەسڵەتەکانییەوە بتوانین بە بوونی بگەین.

بەهەرحاڵ، مامناوەندێتی ژیانی ڕۆژانەی دازاین لایەنێکی بوون نییە. لێرەدا و تەنانەت لە ناڕەسەنێتیشدا بوونیادی بوونگەرایەتی ئەو لەپێشترە. لێرەشدا، بوونی دازاین لە شێوازێکی دیاریکراودا دەبێت بە کێشە؛ دازاین لە مامناوەندێتی ژیانی ڕۆژانەیدا بونیادێکی مامناوەندی نادیاری نییە. ئەوەی ئۆنتۆکییانە دەگیرێت و مامناوەندییە لەنێو بونیادەکەدا ئۆنتۆلۆجییانە دەبینرێت، کە لە نێو بونیادەکەدا لە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونی ڕەسەنانەی دازاین جیانابێتەوە.

[٤٥] هەموو ئاشکراکردنێک لە شیکردنەوەی بوونی دازایندا لە بونیادی-بوونگەرانەی ئەوەوە پەیدادەکرێت. مادام خەسڵەتەکانی بوونی دازاین لەسەر تەوەری بوونگەرایەتییەکە پێناسدەکرێن، ئەوا ناویاندەنێین (*existentialin*). پێویستە ئەمانەش لە (کاتیگۆرییەکان) جیابکرێنەوە،

---

[34] Augustine aks: "*Quid autem propinquius meipso mihi?"* And must answer: "ego *certe ladoro hic et laboro in meipsoi: factus sum mihi terra difficaltatis et sudoris nimii*".

که خەسڵەتی ئەو هەبووانەن بوونی دازاینیان پێنەدراوە.[35] لە ئۆنتۆلۆجی دێریندا ئەو هەبووانەی لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە بۆ ڕاڤەکردنی بوون بەکارهێنراون. لەوێدا بیر لە هەبووەکان کراوەتەوە. بەڵام بوونی هەبووەکان لە دوورەوە خۆی دەردەخات و دەدۆزرێتەوە. بوون لەپێشتر و لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر یەکێک لە هەبووەکان دەناسرێت. لەگەڵ هەموو باسکردنێک لە هەبووەکان لەپێشتر گوزارش لە بوون کراوە؛ گوزارشکردنەکەش بە کاتیگۆرکردنە. ئەمە، لە سەرەتاوە، واتە، کەسێک لەنێو خەڵکدا تاوانباربکرێت و لەبەردەم ئەواندا کارێکی ئاشکرابکرێت. لەڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەیەوە واتای ئاشکراکردنی هەبوویەک دەبەخشێت تاکو هەموو کەسێک بوونی ببینێت. ئەوەی ئاشکرا دەکرێت و دەبینرێت کاتیگۆرییەکانە یان ئەو ڕێگایانەیە سروشتی هەبووەکان لەنێو باسکردنەکەدا لەپێشتر دەردەخەن. کاتیگۆرییەکان و *existentialia* دوو ڕێگەی بنەڕەتین بۆ دیاریکردنی بوون. پێویستە بابەتەکانیان بە جیا لەسەریان بکۆڵینەوە: هەموو هەبوویەک 'کێ'، 'بوون' یان 'چی' (بە واتا گشتییەکەی بابەتێکی دەرەکییە). بەبێ

---

[35] من لە نوسراوەکانمدا ئەم خەسڵەتانەی دازاینم بە (پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی) داناوە و چەمکی (ئێگستێنشاڵیا)م بەکارنەهێناوە. مەبەستی هایدیگەریش لەم خەسڵەتانەی دازاین، کە بە کاتیگۆری دانانرێن ئەو پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییانەن، کە بوونی مرۆڤی پێدەناسرێن و هەمانکات ئەم بوونە لە هەبووەکانی دیکەش جیادەکەنەوە. (م.ک)

ڕوونکردنەوەی ئاسۆی پرسیارەکە سەبارەت بوون کار لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم دوو شێوازەی بوونە ناکرێت.

لەپێشەکی ئەم نوسراوەشدا باسمانکرد، کە ئەرکی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ دازاین، لە ئەرکی خودی پرسیارەکە سەبارەت بوون کەمتر نییە: دەرخستنی بناخە لەپێشترەکان پێش پرسیاری (ئایا مرۆڤ چییە؟) دەبێت فەلسەفییانە ڕوونبکرێنەوە.

شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین پێش سایکۆلۆجی یان ئەنترۆپۆلۆجی و بەدڵنیاییشەوە بایۆلۆجی دەکەوێت. لەکاتێکدا ئەمانەش بۆ توێژینەوەی بوونی دازاین ڕێگەن، هێشتا دەتوانین بەتەواوی ناوەڕۆکی شیکردنەوەکەمان پێناسبکەین. هەروەها، پێویستی شیکردنەوەکە کاریگەرانە بسەلمێنرێت.

## ١٠ . چۆن شیکردنەوەی دازاین لە ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی و بایۆلۆجی جیادەکریتەوە

پاش دیاریکردنی پۆزەتیڤانەی تێزی توێژینەوەکەمان پێویستە بزانین چیمان دەوێت. هەڵبەتە بە ئاسانیش باسەکەمان لەسەر ئەوەی ڕوونادات نەزۆک دەردەچێت، بەڵام دەبێت ڕوونیبکەینەوە چۆن ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆ دازاین کراون گرفتە ڕاستەقینە فەلسەفییەکەیان لەبیرکردوە. لەبەر ئەمەشە، کە ناتوانن بە ئامانجەکەیان بگەن. لە جیاکردنەوەی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکە، ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی و بایۆلۆجی لە سنوری

پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکە دەرناچن. جیاوازییەکان لە ڕووی (بیردۆزەی زانستانەوە) نالەبارن چونکە بونیادی زانستانەی ئەو بەشانەی ئاماژەیان بۆ دەکەین [وەکو ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی و بایۆلۆجی] (نەک هەڵوێستی زانستانە)، ئەمڕۆ دەخرێتە بەر پرسیار و پێویستە بە شێوەیەکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی گرفتە ئۆنتۆلۆجییەکەدا هەڵسەنگێنرێت.

[٤٦] لە ڕوانگەیەکی مێژووناسییەوە ئامانجی شیکردنەوەی بوونگەرانە بە ئاماژەکردن بۆ دێکارت ئاسانتر دەبێت، کە توانی بە دۆزینەوەی "کۆجیتۆ سوم" خاڵی دەرچوونی فەلسەفەی نوێ دیاریبکات.[36] ئەو لە (کۆجیتار)ی (ئیگۆ) لە سنورێکی بڕاوەدا دەکۆڵێتەوە. هەرچەندە (من هەم) وەکو (من بیردەکەمەوە) گرنگ دەبینێت، بەڵام بێ ڕوونکردنەوە جێیدەهێڵێت. شیکردنەوەکەمان پرسیاری ئۆنتۆلۆجییانە سەبارەت (من هەم) دەکات. تاکو سروشتی ئەو هەبووە دیارینەکەین لە بیرکردنەوەش ناگەین.

[36] (کۆجیتۆ سوم) پوختەی کۆجیتۆکەی دێکارتە (من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم.) بەڵام لێرەدا، هایدیگەر (کەوابوو-ئیرگۆ)ی لێدەرهێناوە چونکە واتاکەی ناگۆڕێت. دێکارت دەڵێت، (کۆجیتۆ ئیرگۆ سوم) *cogito ergo sum*. کۆجیتۆ-واتە (من بیردەکەمەوە) و سوم-واتە (من هەم). (سوم) لە زمانی لاتینیدا بەرابنەر am یان is ڕادەوەستێت و بەگوێرەی ڕاناوەکانی وەکو (من، ئەو، تۆ، ئەوان و ئێمە) دەگۆڕێت. (م.ک)

هەمانکات، نادروستیشە لەم ڕوانگە مێژووناسییەوە بڕوانینە شیکردنەوەکەمان. یەکەم ئەرکی ئێمە ئەوەیە بیسەلمێنین، کە خاڵی دەرچوونەکە لە (ئیگۆ) یان (خۆ)وە ناتوانێت بە ناوەڕۆکی فینۆمینالی دازاین بگات. **ئۆنتۆلۆجییانە**، هەموو بیرۆکەیەک لەسەر (خۆ) –مەگەر لەپێشتر لەنێو خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکاندا پاڵێورابێت– هێشتا ئاماژە بۆ (خۆیەتی) دەکات، گرنگیش نییە چۆن چالاکییە ئۆنتیکییەکانی کەسێک دژی "ناوەڕۆکی گیانەکی" یان "بەشتکردنی ئاگامەندی" ڕادەوەستێت. پێویستە بناخەی ئۆنتۆلۆجییانەی شتبوون بسەلمێنرێت، تاکو لە واتای بوونی تێبگەین و بزانین مەبەست لە خۆ، دەروون، ئاگامەندی، گیان و کەس چییە. ئەم چەمکانە ناوی چەند لایەنێکی دیاردە دەهێنن ، کە دەبێت بەرەوپێشەوە ببرێن: بێ سەرنەکەوتن و پێویستی گەڕان بەدوای بوونی هەبووەکاندا بەکارنەهێنراون. ئێمە لە خۆڕا خۆمان لە بەکارهێنانی ئەم چەمکانە و دەربڕینەکانی، وەکو (ژیان) و (مرۆڤ) بۆ ئەو جۆرە هەبووەی، کە بوونی خۆمان دەگرێتەوە، دوورنەخستۆتەوە.

[٤٧] لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بە دروستی لێی تێبگەین، لە نێو بیرکردنەوەی زانستانەی هەموو "فەلسەفەیەکی ژیاندا" (ئەم شێوە دەربڕینە، وەکو ئەوە وایە بڵێێن "ڕووەک ناسی زانستی ڕووەکە") جۆرە مەیلێکی دەرنەبڕاو بۆ تێگەیشتن لە بوونی دازاینی تێدایە. ئەوەی لەم فەلسەفەیەدا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە، کە لێرەدا "ژیان"، وەکو جۆرێک لە بوون ئۆنتۆلۆجییانە نابێت بە گرفت. هاندەری توێژینەوەکانی ویلهێلم دیلتی پرسیارکردنی بەردەوام بوو سەبارەت 'ژیان'. ئەو لە ژیانەوە،

بەگشتی ویستی لە 'ئەزمونەکان' لەنێو پێشکەوتنی بونیاد و پەیوەندییەکاندا تێبگات. ئەوەی لە (سایکۆلۆجییە مرۆڤایەتییەکەیدا) دەدۆزرێتەوە لەوەدایە، کە ئەو ڕوو لە توخمە دەروونی و ئەتۆمییەکان ناکات. پارچەکان بۆ ژیانی دەروون پێکەوە گرێنادات، بەڵکو دەڕوانێتە "هەمووی ژیان" و 'گیشتاڵت'. شێوەی لەباری فەلسەفییەکەی لە پرسیارکردنەکەیدا لەسەر 'ژیان' دەبینرێت. بێگومان، هەست بە سنورداریێتی گرفت و چەمکەکانیشی دەکەین. سنورداریێتیەکەش تەنیا لای دیڵتی و برگسۆن نییە، لەنێو هەموو بزوتنەوەیەکی کەسایەتیخوازدا و فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجییدا سەرهەڵدەدات. ڕاڤەکردنی فینۆمینۆلۆجییانەی کەسایەتی لە بنەڕەتەوە ڕادیکاڵتر و شەفافترە؛ بەڵام ناتوانێت کار لەسەر پرسیارەکە سەبارەت بوونی دازاین بکات.

گرنگ نییە هوسرڵ و شیلەر، لە میتۆد و هەڵوێستیان بەرانبەر جیهان بەگشتی، چەند جیاوازن. لەسەر لایەنی نێگەتیڤی ڕاڤەکردنەکانیان بۆ کەسایەتی هاوڕان. ئەوان پرسیار سەبارەت "بوونی کەس" ناکەن. ئێمە ڕاڤەکردنی شیلەر، وەکو نموونەیەک دەهێنینەوە، نەک لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەتەوە و لەبەردەستماندایە، بەڵکو بەو شێوەیە لە بوونی کەس دەدوێت. لەڕێگەی کردەوەکانەوە خەسڵەتەکانی بوونی دیاریدەکات. بۆ شیلەر (کەس) جەوهەر یان شت نییە؛ یەکێتییەکی ژیانە و ڕاستەوخۆ لەنێو ئەزمونەکانی ئێمەدا دەردەکەوێت و لەودیو یان لەدەرەوەی ئەزمونە ڕاستەوخۆکاندا ناژی. هەروەها، بوونی کەسیش لەنێو کردەوە هۆشەکییەکاندا، کە پەیڕەوی چەند یاسایەکی دیاریکراو دەکەن، ناتوێتەوە.

[٤٨] (کەس) شت، جەوهەر یان بابەت نییە. لێرەدا، شیلەر جەخت لەسەر پێشنیارەکەی هوسرڵ دەکات، کە یەکێتی لە بوونی تاکە کەسدا لە یەکێتی نێو شتە سروشتییەکانەوە جیاوازە. بۆچوونەکەی شیلەر سەبارەت تاکەکەس بەسەر کردەوەکانیشدا دەسەپێنرێت: "کردەوە هەرگیز بە بابەت دانانرێت؛ لە بوونی کردەوەکانیشدایە، وەکو پرۆسە هەستی پێبکرێت و بیریلێبکرێتەوە". کردەوەکان فیزیکی نین. بوونی کەسیش پەیوەندی بە کردەوە مەبەستدارەکانییەوە هەیە. لەبەر ئەمە لە بنەڕەتەوە بابەت نییە. هەموو دەربڕینێکی دەروونی تێگەیشتنە لە کردەوە، وەکو شتێکی دەروونی بەناکەسکردنە. لە هەموو حڵەتێکدا کەسەکە کردەوە مەبەستدارەکانی بەرجەستە دەکات و یەکێتی واتاش پێکەوە گرێیاندەدات. لەمڕووەوە، هەبوویەکی دەروونی پەیوەندی بە بوونی کەسییەوە نابێت. کردەوەکان دەکرێن؛ کەسەکە دەیانخاتە گەر. کەوابوو، ئایا واتای ئۆنتۆلۆجییانەی 'کارکردن' چییە؟ بوونی کەسەکە چۆنە تاکو لە ڕێگەیەکی پۆزەتیڤانەوە ئۆنتۆلۆجییانە لێی دڵنیابین؟ لێرەدا پرسیارە گرنگەکە کۆتایی نایەت. پێویستە ڕوو لە بوونی هەمووی مرۆڤ بکات، کە یەکێتی لەش و دەروونە. دەشێ لەش، دەروون و گیان ئاماژە بۆ ئەو لایەنانەی فینۆمینە بکەن، کە لەڕووی بیردۆزەوە بۆ لێکۆڵینەوە جیادەکرێنەوە. کاتێک دێینە سەر پرسیارەکە سەبارەت بوونی مرۆڤ ناتوانین ئەو بوونە بە ژماردنی چەمکەکانی، وەکو بوونی لەش، دەروون؛ یان گیان دابنێین. ئەگەر ئەم کارە ئۆنتۆلۆجییەش بکەین، بیرۆکەی بوونی (هەموو)ی ئەو پێش لێکۆڵینەوەکە دەکەوێت. ئەوەی لەسەر ڕێگای پرسیارە بنەڕەتییەکەی بوونی مرۆڤ

ڕادەوەستێت (یان لە ڕێگا لای دەدات) ئەو هەڵوێستەیە، کە ڕەنگی ئەنترۆپۆلۆجی مەسیحایەتی و جیهانی دێرینی وەرگرتوە. فەلسەفەی ژیان و کەسایەتگەریش ئاوەڕیان لە بناخە ئۆنتۆلۆجییە ناجۆرەکانیان نەداوەتەوە.

[٤٩] ئەم ئەنترۆپۆلۆجییە نەریتییە دوو خەسڵەتی هەڵگرتووە: یەکەم، مرۆڤ وەک (زوم لیگۆن ئیکۆن): بە ئاژەڵێکی ژیر یان ژیانێکی هۆشمەند دانراوە.[37] ئەو بوونەی سەر بە بوونی ئاژەڵە وەکو هەبوویەکی دەرەکی-بۆ لێکۆڵینەوە تەماشاکراوە. ژیری (یان هۆش) بە شتێکی بەرز لەم هەبووەدا دانراوە. بوونی ئەمیش لەگەڵ پێکەوەلکانەکەدا بە نادیاری ماوەتەوە.

دووەم، خەسڵەتی دووەم بۆ دیاریکردنی سروشتی بوونی مرۆڤ و جەوهەر تیۆلۆجییانەیە: خوا گوتی با مرۆڤ بە وێنەی خۆمان ئافەرید بکەین و لە ئێمە بچێت.[38] لێرەوە، کە ئەنترۆپۆلۆجی تیۆلۆجی مەسیحایەتی کردویەتی بە خاڵی دەرچوونی و پاش سودوەرگرتنیش لە

---

[37] ئەم دەستەواژەیە یۆنانییە: *Zoon Logon echon* و بە لاتینی واتە: *animal rationale* (م.ک)

[38] *"Faciamus hominem ad imaginem nostram et aimilitudinem nostrum."* ئەمە دێرێکی نێو پەرتووکی تەوراتە، بەشی ١،٢٦. هایدیگەر بە یۆنانی و لاتینی نوسیویەتی و وەرنەگێڕاوە بۆ ئینگلیزی، من لە لاتینییەوە کردومە بە کوردی. (م.ک)

پێناسه کۆنەکه، به واتای ئەو هەبووه دێت به 'مرۆڤ' ناوزەدیدەکەین. بەو شێوەیەی بوونی خوا بەگوێرەی ئۆنتۆلۆجییه دێرینەکه ئۆنتۆلۆجییانه ڕاڤەدەکرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەودا بوونی هەبوویەکی بڕاوەش لێکدەدرێتەوە. له سەردەمی نوێدا پێناسه مەسیحایەتییەکه له خەسڵەته تیۆلۆجییەکەی ڕووتکراوەتەوە. بیرۆکەی 'بەرزێتی'، که گوایه مرۆڤ بەودیو بوونی خۆی دەگات، ڕەگوڕیشەی لەنێو دۆگمای مەسیحایەتیدا داکۆتاوه و ئاوەڕی له کێشه ئۆنتۆلۆجییەکەی بوونی مرۆڤ نەداوەتەوە. بیرۆکەی بەرزێتی، که مرۆڤ به شتێکی جیاوازتر لەو هەبووه دادەنێت و ژیری پێدەبەخشێت، له چەند شێوازێکدا بەرجەسته بوه. ئەم گوتانەش شێوازەکان به ڕێکوپێکی دەردەخەن: "لەو ڕاستییەوە، که مرۆڤ ڕوو له خوا دەکات، بەگوێرەی گوتەی خواش مرۆڤ به سروشت له خواوه نزیکه و زۆر له خوا دەچێت، بەدڵنیاییەوە هەموو ئەمانه لەو فاکتۆرەوە پەیدا بوون، که مرۆڤ به وێنەی خوا ئافەریدکراوه."

سەرچاوه لەبارەکان بۆ ئەنترۆپۆلۆجی کۆن-پێناسه یۆنانییەکه و تیۆلۆجی ئاماژه بۆ ئەوخاڵه دەکەن، که له هەوڵدانەکەدا بۆ دیاریکردنی جەوهەری مرۆڤ، وەکو هەبوویەک، پرسیارەکه سەبارەت بوونی لەبیرچۆتەوە؛ بوونی، وەکو بابەتێکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوه یان شتێکی ئافەریدکراو به بەڵگەنەویست دانراوه. ئەم دوو جۆره ڕێنمایکەرانه له ئۆنتۆلۆجی نوێدا پێکەوه بادراون، که ئاگامەندی و پەیوەندییەکانی نێو ئەزمونەکان بوون به خاڵی دەرچوون بۆ میتۆدی توێژینەوەکه. مادام ئەمانیش ئۆنتۆلۆجییانه دانەنراون و بەشتێکی دراوی بەڵگه نەویستەکەن

و پرسیار لەبوونیان ناکرێت، ئەوا گرفتە ئەنترۆپۆلۆجییەکە لەسەر بناخە ئۆنتۆلۆجییەکەی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

[٥٠] ئەمە بۆ (سایکۆلۆجی)ش دروستە، کە مەیلە ئەنترۆپۆلۆجییەکانی

بێ هەڵە ئەمڕۆ دەناسرێنەوە. جێگەی بناخە ئۆنتۆلۆجییەکە بە لێکدانی ئەنترۆپۆلۆجی و سایکۆلۆجی بۆ دروستکردنی بایۆلۆجی پڕنابێتەوە. بایۆلۆجی، وەکو "زانستی ژیان"، پاش شوێنکەوتنی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنیش، لەسەر ئۆنتۆلۆجی دازاین دادەمەزرێت. ئەگەر ئەمکارە بەتەواویش ئەنجام نەدرێت خودی ژیان جۆرێکە لە بوون؛ بەڵام لە جەوهەردا دازاین دەیگاتێ. ڕاڤەکردنی بێبەریکردن ئۆنتۆلۆجی ژیان دادەمەزرێنێت؛ کێشەی (ژیانی-ڕووت) دیاریدەکات. ژیان نە بابەتێکە بۆ لێکۆڵینەوە و نە دازاینیشە. لەلایەکی دیکەوە، نابێت دازاین ئۆنتۆلۆجییانە بە ژیان پێناسبکرێت و لەگەڵ ئەمەشدا بە شتێکی جیاوازتر لەسەرو ژیانەوە تەماشابکرێت.

لە پێشنیارەکەماندا و دەرخستنی سەرنەکەوتنی ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی و بایۆلۆجی بۆ ئامادەکردنی وەڵامێکی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ پرسیارەکەمان سەبارەت بوونی ئەو هەبووەی، کە خۆمانین، حوکم بەسەر کارە پۆزەتیڤەکانی ئەم زانستانەدا نادەین. پێویستە بەردەوام ئەو خاڵەشمان لەبیربێت، کە بناخە ئۆنتۆلۆجییەکان لەڕێگەی گریمانەکانی کەرەسە ئەزموونییەکانەوە دەستماننناکەون. ئەگەر کەرەسە ئەزموونییەکانیش کۆبکرێنەوە، ئەوان هەمیشە (لەوێدا) هەن. ئەگەر توێژینەوەیەکی پۆزەتیڤانە نەتوانێت بناخەکان ببینێت و بە بەڵگە

نەویست دایانبنێت، ئەوە دەسەلمێنێت، کە بناخەکان ڕادیکاڵانەتر لە تێزی زانستێکی پۆزەتیڤانەی دیکە گرنگ و گرفتدار نەبێت.

## ١١. شیکردنەوەی بوونگەرانە و ڕاڤەکردنی دازاینی سەرەتایی، گرفتی دەستکەوتنی"تێگەیشتنی سروشتانە لە جیهان"

[٥١] ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانەی دازاین وەسفکردنی قۆناخێکی سەرەتایی ئەم بوونە نییە، کە لە بوارێکی ئۆنتۆلۆجییانەدا و بە ئەزمون ئەم بوونە بناسین: ژیانی ڕۆژانە سەرەتایی نییە، بەڵکو شێوازیکی بوونی دازاینە. تەنانەت لەو کاتەشدایە، کە دازاین لەنێو کەلتورێکی پێشکەوتوی جیاوازدا کاردەکات. بێجگە لەمە دازاینی سەرەتاییش دەتوانێت ئەو ئەگەرانەی هەبێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا نین و ژیانێکی ڕۆژانەی تایبەتیش بەسەربەرێت. بەکارهێنانی شیکردنەوەی دازاین بۆ "مرۆڤە سەرەتاییەکان"، وەکو میتود پۆزەتیڤانەیە، چونکە "فینۆمینەی سەرەتایی" کەمتر شاراوە و ئاڵۆزە. دازاینی سەرەتایی زۆرتر ڕاستەوخۆ لەگەڵماندا لە بارەی خۆخەریکردنی بە دیاردەکانەوە دەدوێت (ئەگەر لە ڕوویەکی پێش-فینۆمینۆلۆجییانەوە تەماشابکرێت). دەردەکەوێت، ناسینی بابەتەکان لە بۆچوونی ئێمەوە ناڕێک و نەگەیو بێت. بەڵام دەکرێت بۆ دیاریکردنی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی دیاردەکان بە ڕەسەنی یاریدەدەرێکی پۆزەتیڤ بێت.

ئێمە لە ئێتنۆلۆجییەوە زانیاریمان سەبارەت مرۆڤە سەرەتاییەکان وەرگرتوە. ئێتنۆلۆجیش لەسەر چەمکە سەرەتایی و ڕاڤەی مرۆڤەکان

بەگشتی ڕادەوەستێت. لە کۆکردنەوەی بابەتە سەرەتاییەکانەوە دەستپێدەکات، شتەکان دەدۆزێتەوە و ڕۆشناییان دەخاتەسەر. ئێمە نازانین سایکۆلۆجی ژیانی ڕۆژانە یان سایکۆلۆجی زانستانە و کۆمەڵناسی، کە زانایەکی ئێتنۆلۆجی دەیهێنێت بەڵگەیەکی زانستیمان بۆ گەیشتن بە دیاردەکان دەداتێ تاکو ئێمە ڕاڤەی بکەین و بە ئاکامێکی نوێ بگەین. لێرەدا توشی هەمان گرفت دەبینەوە، کە لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا باسمانکرد. ئێتنۆلۆجی پێویستی بە شیکردنەوەی دازاین لەپێشتر هەیە. مادام پێویست ناکات زانستە پۆزەتیڤەکان چاوەڕوانی کارێکی ئۆنتۆلۆجییانەی فەلسەفە بکەن، پێکهاتەی توێژینەوە، وەکو "پێشکەوتن" دەستناکەوێت؛ بەڵکو دەبێت بە دووبارەکردنەوە و شەفافییەتکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەوەی ئۆنتیکییە و دۆزراوەتەوە.

[٥٢] گرنگ نییە جیاکردنەوەی کێشە ئۆنتۆلۆجییەکان لە توێژینەوەیەکی ئۆنتیکییەوە چەند ئاسان بێت. هێشتا لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەدا توشی گرفت دەبین، بەتایبەتی لە خاڵی دەستپێکردنەکەدا. ئەم پێویستییە ماوەیەکی زۆرە کێشەی بۆ فەلسەفە دروستکردوە و هەموو جارێک لە هەوڵدانەکەیدا: لە پێشخستنی بیرۆکە "تێگەیشتنی سروشتییانە بۆ جیهان" سەرنەکەوتوە. زەخیرەی زانیاری لەنێو کەلتورەکاندا و شێوازەکانی دازاین یاریدەدەرن بۆ کارکردنەکەمان. بەڵام ئەمە تەنیا ڕووکەشانەیە. دەشێ زانیارییەکە لە گرفتە ڕاستەقینەکە دوورمان بخاتەوە. ڕیزکردنی جۆرەکان لەنێو نەخشەیەکدا تێگەیشتنمان لەوانەی ڕیزکراون مسۆگەر ناکات.

ئەگەر ڕیزکردنەکەش دروست بێت هێشتا ناوەڕۆکی خۆی، وەکو شتێکی هەبوو، کە لە ریزکردنەکەدا لەپێشتر بۆی دانراوە دەرناکەوێت. ئەگەر کەسێک وێنەکانی جیهان ڕیزبکات پێویستە بیرۆکەی جیهانی لابێت. ئەگەر جیهانیش پێکهاتەی بوونی دازاین بێت ئەوا کەسێک دەتوانێت بیرۆکەیەکی لەبارەی بونیادی دازاینەوە هەبێت تاکو لە دیاردەی جیهان تێبگات. لەم بەشەدا هەندێک شتمان نێگەتیڤانە و ئەوانی دی پۆزەتیڤانە وەرگرتوە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، مەبەستمان پێشخستنی تێگەیشتنێکی دروست بۆ ڕاڤەکردنەکە و پرسیارکردنەکەمان بووە. ئۆنتۆلۆجی ناڕاستەوخۆ یارمەتی پێشخستنی زانستە پۆزەتیڤەکان دەدات، کە ئەمڕۆ دۆزیمانەوە. ئامانجی خۆی هەیە ئەگەر بەدڵنیاییەوە لەودیو ئەو زانیارییانەوە بێت، کە سەبارەت هەبووەکان هەمانە. پرسیار سەبارەت بوونیش هاندەری هەموو ویستێکی زانستانەیە.

# بەشی دووەم

## بوون-لەنێو-جیهان بەگشتی وەکو دۆخی سەرەتایی دازاین

### ١٢. باسکردنی سەرەتایی بۆ بوون-لەنێو-جیهان وەکو بەرەو بوون-لەنێو

[٥٣] لە سەرەتای باسەکەماندا (کورتە بەشی نۆیەم) چەند خەسڵەتێکی بوونمان دەرخستوە، کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر ڕێگای توێژینەوەکەمان. هەمانکات، لەڕووی بونیادیشەوە لە بەردەوامی توێژینەوەکەدا دەبن بە کۆنکرێتی. دازاین ئەو هەبووەیە، کە لە بوونیدا، بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە بوونی خۆی دەکات. لەگەڵ ئەمەدا، ئێمە ئاوەڕ لە چەمکی شێوەکاری بوون دەدەینەوە. دازاین هەیە، هەروەها ئەو هەبووەشە، کە لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی منە. ئەم (منێتییە) سەر بە بوونی هەموو دازاینێکە، وەکو مەرجێک بۆ ئەگەری ڕەسەنییەت و ناڕەسەنییەتی ئەو دەگەڕێتەوە. دازاین هەمیشە بە یەکێک لەم شێوازانەوە هەیە یان لە شێوازی گوێ پێنەدانیاندایە.

ئەمانە دوو ڕێگەن بوونی دازاین تیایاندا خۆی ساخدەکاتەوە و پێویستە، وەکو (لەپێشتر) ببینرێن و لێیان تێبگەین و لە سەر زەمینەی پێکهاتەی بوون-لەنێو-جیهان دابنرێن. خاڵی دروستی دەرچوونیشمان بۆ شیکردنەوەی دازاین لە ڕاڤەکردنی ئەو پێکهاتەیەوە دەستپێدەکات. ئەم شێوە دەربڕینە لێکدراوە "بوون-لەنێو-جیهان"، کە ئێمە بەکارمانهێناوە، بۆ دیاردەیەکی خاوەن یەکێتی ڕادەوەستێت و دەبێت، وەکو (هەموو)یەک

ببینرێت. هەرچەندە بوون–لەنێو–جیهان پارچە پارچە ناکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لەنێو بونیادەکەیدا هیچ پێکهاتەیەکی دیکە پەیدا نابێت. بەدڵنیاییەوە، دەتوانین لە سێ ڕووەوە تەماشی دەربڕینەکە بەکەین. ئەگەر بمانەوێت هەموو دەربڕینەکە لەبەردەمماندا دابنێین، پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین:

یەکەم، **"لەنێو–جیهان"**. سەبارەت بەم بڕگەیە دەبێت لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی 'جیهان' بکۆڵینەوە و بیرۆکەی 'جیهانێتی' پێناسبکەین.

دووەم، ئەو هەبووەی هەمیشە بوونی–لەنێو–جیهاندایە، وەکو شێوازی بوونی. لێرەدا دەمانەوێت بیدۆزینەوە چ جۆرە هەبوویەک لێکۆڵینەوەکە دەکات، کە دەپرسین 'کێ'؟ لە ڕێگەی سەلماندنی فینۆمینۆلۆجییانەوە دیاریدەکەین، کە کێ لە شێوازی مامناوەندێتی ژیانی ڕۆژانەی دازایندایە (بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم کەرتە).

سێیەم، **بوون–لەنێو** [*In-sein*] بەگشتی. پێویستە پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی لەنێو[*Inheit*] ڕوونبکەینەوە. جەختکردن لەسەر هەریەکێک لەم بەشانە ئاماژەکردنە بۆ بەشەکانی دیکەش؛ ئەمەش، واتە هەمووی دیاردەکە بەردەوام دەبینرێت. هەڵبەتە، بوون–لەنێو–جیهان حاڵەتی دازاینە و پێویستییەکی **لەپێشترە**، بەڵام هێشتا بۆ دیاریکردنی بوونی دازاین هەموو شتێک نییە. پێش ئەوەی ئەم سێ خاڵانە شیبکەینەوە ڕوو لە خەسڵەتی سێیەم دەکەین و فاکتۆرە پێکهاتووەکانی ئاشکرا دەکەین.

[٥٤] "**بوون–لەنێو**" چ واتایەکی هەیە؟ لە سەرەتاوە ئەم دەربڕینە بە

بڕگەی "لەنێو-جیهان" دەبەستینەوە. لە واتاکەش، وەکو بوون-لەنێو شتێکدا تێدەگەین. ئەمە دەریدەخات، کە هەبوویەک لەنێو هەبوویەکی دیکەدایە، بەو جۆرەی ئاو لەنێو لیوانەکەدا یان جلەکان لەنێو دۆلابەکەدان. 'لەنێو' ئاماژەی پەیوەندی دوو هەبوو لەنێو شوێندا دەکات. لیوان و ئاوەکە، جلەکان و دۆلابەکە بە یەک شێوە لەنێو شوێن یان لە جێگەیەکدان. ئەم پەیوەندییەی بوونیش درێژەی پێدەدرێت: بۆنموونە، کورسییەکە لەنێو پۆلەکەدایە، پۆلەکە لەنێو زانکۆدایە، زانکۆ لەنێو شارە و هتد. تاکو دەڵێین، کورسییەکە لەنێو شوێنێکی جیهاندایە. هەموو ئەو هەبووانەی "بوونی لەنێو" یەکدییان هەیە، بە جۆرێک لە بوون باسدەکرێن، بوونی دەرەکی و شتەکانن لەنێو جیهاندا ڕوودەدەن.

بوونێکی دەرەکی 'لەنێو' شتێکدا، کە ئەویش بوونێکی دەرەکییە، هەروەها بوونێکی دەرەکی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە جێگەیەکی دیاریکراوەوە لەگەڵ شتێکی دیکەدا، کە هەمان بوونی هەیە، ئەو خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییانەن، کە بە "کاتیگۆریانە" ناوزەدیاندەکەین: سەر بەو هەبووانەن، کە خەسڵەتی دازاینیان نییە.

لەلایەکی دیکەوە، بوون-لەنێو حاڵەتی بوونی دازاینە؛ مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی ئەو. واتای ئەمەش تێگەیشتن لەم بوونە، وەکو بابەتێکی دەرەکی 'لەشی مرۆڤ' لەنێو بابەتێکی دەرەکی دیکەدا نییە. تەنانەت چەمکی بوون-لەنێو واتای دوو شتی لەنێو یەک لە شوێنێکدا نابەخشێت. (لەنێو) لە وشەی *innan'* وە هاتووە، کە واتای (نیشتەجێبوون) دەبەخشێت. هەروەها *'An'* [کە پاشگری *inn'* ە] ئاماژە بۆ 'ئاشنابوون' ، 'شارەزابوون' و 'ئاگالێبوون لە شتێک' دەکات و

واتای *'colo'* یان، وەکو *'habieo'* و *'diligo'* هەیە.[39] ئەو هەبووەی لێرەدا خەسڵەتی بوون-لەنێوی هەیە ئەوەیە کە لە هەموو حاڵەتەکاندا بوونی منە[*bin*]. وشەی *'bin'* پەیوەندی بە *'bei'*ەوە هەیە. لەم ڕووەوە، *'Ich bin'* [من هەم] هەمان واتای "من جێنشین دەبم" یان لەگەڵ جیهاندا و شارەزای دەبم دەبەخشێت. (بوون) وەکو کرداری نادیاری *'Ich bin'*ە (کاتێک بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دادەنرێت) واتای "جێنشین بوون لەگەڵ..." دەبەخشێت. **"بوون-لەنێو"، کەوابوو، دەربڕینی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دازاینە، کە بوون-لەنێو-جیهان بۆی بووە بە مەرجێکی بنەڕەتی.**

[٥٥]"بوون لەتەنیشت" جیهانەوە بەواتای نوقم بوون لەنێو جیهاندا (کە پێویستی بە ڕاڤەکردنی زۆرتر هەیە) یەکێکە لە پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان و لە (بوون-لەنێو)ەوە پەیدا دەبێت. مەبەستمان لەم شیکردنەوانەی بینینی بونیادی سەرەکی بوونی دازاینە، ئەو بونیادەی بە هۆیەوە ناوەڕۆکە فینۆمیناڵەکەی چەمکەکانی بوونمان بۆ ئاشکرادەکات؛ لەبەر ئەمە و لەبەر ئەوەش، کە ئەم بونیادە بنەڕەتێکە کاتیگۆرییەکانی ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە نایدۆزنەوە، پێویستە بوون-لەتەنیشت لە نزیکەوە تەماشابکرێت. هەروەها، میتۆدی پێچەوانەدانانی لەگەڵ شتێکدا، کە لە

---

[39] ئەم وشانە لاتینین و پاشگری (ە)یان هەیە، کە چووەسەر کردار واتای (من) دەبەخشێت. (*habito*-واتە جێنشین دەبم) و ( *digilo*- بایەخی پێدەدەم.) (م.ک)

بنەڕەتە ئۆنتۆلۆجییەکەوە جیاوازە و پەیوەندی کاتیگۆری بوونە لە زماندا بەکاردەهێنین. جیاوازییە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆجییەکان بە ئاسانی لەناو دەبرێن؛ ئەگەر فینۆمینانەش لەم ڕێگایەوە بهێنرێنە بەرچاو. ئەمەش دەبێت ئاشکرا ڕوویدات و گرنگیش نییە باسەکە لەسەر ئەو شتە بێت، کە دیارە. پلەی شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکە، بەهەرحاڵ، دەریدەخات ئێمە ئەو شتە دیارانە بەتەواوی ناناسین و نەمانتوانیوە واتای بوونیان ڕاڤەبکەین؛ تەنانەت بونیادی چەمکەکانیشمان بۆ باسکردنیان لە بەردەستدا نییە.

"بوون-لەتەنیشت"، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی هەرگیز لە ئامادەبوونێکی دەرەکی شتەکان لەگەڵ یەکدی ناچێت. "لەتەنیشت بوونەوە" بۆ دازاین لەگەڵ جیهاندا نییە. هەڵبەتە، دوو شتی دەرەکی لەتەنیشت یەکدییەوە دەبن، ئێمەش ڕاهاتووین بەو جۆرە باسیانبکەین، بۆنموونە دەڵێین "مێزەکە **لای** دەرگاکەوەیە" یان "کورسییەکە بەر دیوارەکە دەکەوێت". ئەگەر بەدروستی بۆی بچین، ئێمە هەرگیز ناتوانین باسی بەرکەوتنی کورسی و دیوارەکە بکەین، نەک لەبەر ئەو ڕایەی، کە گوایە هەمیشە بۆشایی لەنێوان کورسی و دیوارەکەدا دەدۆزینەوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە کورسی هەستی بەرکەوتنی بۆ دیوارەکە نییە. ئەنجا گرنگ نییە ئەگەر بەتەواوی و بێ بۆشایی لەنێوانیاندا بەریەکتر کەوتبن. کاتێک دەڵێین، کورسییەکە بەر دیوارەکە دەکەوێت، ئەوە دەگەیەنێت، کە دیوارەکە ئەو شتەیە کورسییەکە (بۆ)ی دەڕوات و ڕوویتێدەکات. ئەو بابەتە دەرەکییەی لەنێوان جیهاندایە بابەتێکی دیکە بەریکەوتوە لەبەر ئەوەیە، کە بابەتی دووەمیان (بوون-لەنێو)ی لە بووونیدا هەیە؛ بوونی-

لێرەدا [دازاین] بۆتە هۆی دەرکەوتی جیهان و لەوێوە ئەو هەبووەش دەردەکەوێت، کە بەرکەوتنەکەی لەگەڵدا ڕوودودات. دوو بابەتی دەرەکی لەنێو جیهاندا، کە جیهانی نین، هەرگیز دەست لە یەکدی نادەن و پێکەوەش نین.

[٥٦] هەروەها، برگەی 'بێ جیهانی' پێویستە ئاوەڕی لێبدرێتەوە و جێ نەمێنێت؛ تەنانەت ئەو هەبووانەی جیهانین، بۆنموونە دازاین، لەنێو جیهاندان. بۆ ئەمەش دەبێت تەماشای پێکهاتەی بوونگەرانەی بوونی-لەنێو نەکرێت. بەڵام لەگەڵ تێگەیشتنمان لە بوونی دازاین، وەکو بابەتێکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە دەشێ خەسڵەتی ئامادەبوونە دەرەکییەکەی پێنەدەین. ئامادەبوونە دەرەکییەکە بە بایەخنەدان بە چەند بونیادێکی دیاریکراوی سەرهەڵنادات و پەیوەندییان بە تێگەیشتنی لەپێشترەوە هەیە. دازاین لەبەر ڕۆشنایی فاکتۆری بوونی دەرەکی خۆی، لە خۆی تێدەگات. فاکتۆربوونی بوونی دازاین لە بنەڕەتەوە ئۆنتۆلۆجییانە لە فاکتۆری بوونی بەردێکەوە جیاوازە. هەرکاتێک دازاین هەبێت، بوونی ئەو فاکتۆرە؛ فاکتۆرێتی ئەم فاکتۆرەش بە (فاکتەسیستی) ناوزەددەکەین. ئەمە بوونێکی دیاریکراوە و بونیادێکی ئاڵۆزی هەیە، کە پێویستە پاش کارکردنمان لەسەر حاڵەتی بوونگەرانەی دازاین هەوڵی تێگەیشتنی بدەین. چەمکی (فاکتەسیستی) ئەو واتایە دەبەخشێت، کە هەبوویەک لەنێو-جیهاندا بوونی لەنێو-جیهانی بە جۆرێک هەیە، کە تێدەگات لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا و لەنێو جیانی خۆیدا بەرەو چارەنوسی دەڕوات. لەسەرەتاوە، ئەوەندە بەسە جیاوازییە

ئۆنتۆلۆجییەکە لە نێوان بوون-لەنێو، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی و کاتیگۆری (لەنێو)، کە سەر بە شتە دەرەکییەکانە، ببینین. ئەمەش بێبەریکردنی دازاین لە پەیوەندی بە شوێنەوە نییە. بەپێچەوانەوە، دازاین بوونی خۆی لەنێو-شوێندا هەیە، کە لەسەر بوونی لەنێو-جیهاندا بەگشتی ڕادەوەستێت. کەوابوو، لە خەسڵەتێکی ئۆنتیکییەوە باسی بوون-لەنێو ئۆنتۆلۆجییانە ناکرێت؛ ناتوانین بڵێین (بوون-لەنێو) جیهان خەسڵەتێکی گیانەکییە و شوێنی مرۆڤیش وابەستە بە بوونی لەشییەوە. ئەمە بوونی ئەو بەردەوام دەشارێتەوە. تاکو بوون-لەنێو-جیهانی دازاین، کە بونیادی بنەڕەتی ئەم هەبووەیە ڕووننەکەینەوە لە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی (شوێن) بۆ دازاینیش تێناگەین. ئەم تێگەیشتنە لە نەبینینی بونیادەکە یان داپۆشینە پێشوییەکەی دوورماندەخاتەوە. ئەو هاندەرەی بوونی مرۆڤ بە گیانەکی دادەنێت 'میتافیزیکییانە' نەک ئۆنتۆلۆجییانەیە و (لەنێو) شوێنیشدا جێگیریدەکات. لە فاکتەسیستیدا بوونی دازاین لەنێو-جیهاندا پەرشوبڵاو، تەنانەت کەرتیش دەبێت. فرەلایەنییەکەش لەم نموونانەدا دەردەکەوێت: کار لەسەر شتێک دەکات، بەرهەمدەهێنێت، ئامادەی شتێک دەبێت و ئاگای لێدەبێت؛ شتێک بەکاردەهێنێت، واز لە شتێک دەهێنیت، کارێک تەواودەکات، دەیسەلمێنێت، دەکۆڵێتەوە، باسدەکات و بڕیاردەدات..... لە هەموو ئەم لایەنانەدا و لەنێو بووندا بەگشتی نیگەرانە، کە لەدواییدا زۆرتر باسیدەکەین. لە کارتەواونەکردن، گوێنەدان، وازهێنان و پشودانیش نیگەرانی بە ڕادەیەکی کەم هەیە. [٥٧] چەمکی'نیگەرانی' لە سەرەتاوە واتاکەیەکی پێش زانستانەی هەیە.

گوزارەی کارکردنێک، جێبەجێکردن و دەرکردنی لە تەنگانەی هەیە. هەروەها، دەشێ واتای "دەستکەوتنی شتێک" ببەخشێت. هێشتا چەمکەکە بەگوێرەی ئەم گوتەیە بە شێوەیەکی دیکەش بەکاردەهێنین، کە دەڵێت "من نیگەرانی سەرکەوتنی پرۆژەکەم." لێرەدا، نیگەرانی واتای (ئاگایی) وەردەگرێت. بەپێچەوانەی ئەم واتا ئۆنتیکی و پێش زانستانەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، نیگەرانی، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دەبینرێت و ئاماژە بۆ ئەو شێوازی بوونە دەکات، کە لەنێو-جیهاندایە. ئێمە ئەم چەمکەمان لەبەر هەڵوێستی پراکتیکی و ئابووری دازاین هەڵنەبژاردووە. بەڵکو بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی دەردەکەوێت. دەبێت ئەم چەمکە بە چەمکێکی نێو بونیادی ئۆنتۆلۆجی دازاین دابنرێت. پەیوەندی بە 'مەینەتی'، 'خەمباری' یان 'گوێدان بە ژیانەوە' نییە؛ هەرچەندە ئەم حاڵەتە ئۆنتیکییانە لە هەموو دازاینێکدا هەن. ئەمانیش بە شێوەی لایەنە پێچەوانەکانیان؛ 'بێ دەربەستی' و 'دڵخۆشی' ئەگەری ئۆنتیکی دازاینن و کاتێک ئۆنتۆلۆجییانە تەماشایاندەکرێت، دەبن بە نیگەرانی. لەبەر ئەوەی بوون-لەنێو-جیهان لە بنەڕەتەوە سەر بە بوونی دازاینە، ئەوا بوونی دازاین ڕووەو جیهان، نیگەرانییە.

بەگوێرەی باسەکەمان، بوون-لەنێو خەسڵەتێکی دازاین نییە، کە کاتێک هەیە و کاتێکی دیکە نییە یان دازاین بتوانێت بەبێ ئەو یان لەگەڵ ئەودا هەبێت و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەیەت. مرۆڤ لەپێشدا نییە و دوایی پەیوەندی بوونی بە جیهانەوە دیارییبکات. دازاین، هەرگیز ئەو بوونە نییە، کە (لەنێو)دا نەبێت. بەڵام هەندێکجار دەکەوێتە نێو حاڵەتێکەوە، کە پێویستە پەیوەندییەکەی بە جیهانەوە دیارییبکات. ئەمەش لەبەر ئەوە

ڕوودەدات چونکە مرۆڤ بوونە-لەنێو-جیهاندا. ئەم پێکهاتەیەی بوونی دازاین لەبەر ئەوە نییە، کە چەند بابەتێکی دەرەکی هەن و دازاین دەیەوێت ڕوویان تێبکات. هەرچ بابەتێکی دەرەکی هەبێت، لەبەردەم دازایندا بەو شێوەیەی لەنێو جیهاندایە خۆی دەردەخات.

[٥٨] ئێستا زۆرجار باس لەوەدەکرێت، کە 'مرۆڤ' خاوەنی ژینگە [*umwelt*]یە؛ ئەگەر خاوەنێتی دیارینەکرێت باسەکە ناوەڕۆکێکی ئۆنتۆلۆجییانە وەرناگرێت. ئەگەر خاوەنێتی لەسەر پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بوون-لەنێودا دەمەزرێت دازاین لە بنەڕەتەوە بوونی-لەنێوی هەبێت، بابەتەکانی نێو ژینگەی دەدۆزێتەوە، دەیانناسێت و سودیان لێوەردەگرێت، بۆیە دەتوانێت جیهانی هەبێت. لە ڕووی ئۆنتیکییەوە خاوەنێتی ژینگە گرنگ نییە، بەڵام ئۆنتۆلۆجییانە توشی گرفتمان دەکات. چارەسەرکردنیشی دەکەوێتە سەر پێناسەکردنی بوونی دازاین بە جۆرێک، کە ئۆنتۆلۆجییانە دروست بێت. هەرچەندە ئەمجۆرە بوونە لە بایۆلۆجیشدا باسکراوە، بەتایبەتی لە سەردەمی (ک. ڤۆن باوەر)ەوە، بەڵام دەبێت بزانرێت ئەم باسکردنە فەلسەفییانە پەیوەندی بە بایۆلۆجیزمەوە نییە. ژینگە بونیادێکە بایۆلۆجیش، وەکو زانستێکی پۆزەتیڤ، نایدۆزێتەوە و ناتوانێت پێناسیبکات. بەڵام بەردەوام کاری لەسەر دەکات و پێش خۆی دایدەنێت. وەکو حاڵەتێکی لەپێشتر و گرنگ بۆ هەموو ئەو بابەتانەی بایۆلۆجی لێیان دەکۆڵێتەوە، ئەم بونیادە تەنیا فەلسەفییانە باسدەکرێت ئەگەر، وەکو بونیادی بوونی دازاین تەماشا بکرێت. تەنیا لەسەر تێگەیشتن و دانانی بە بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی 'ژیان'، وەکو پێکهاتەی بوون بە گرنگ و لەپێشتر دەبینرێت. لە ڕووی

ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییەوە، لەپێشتربوونی بۆ بوون-لەنێو-جیهان، کە نیگەرانییە، دەگەڕێتەوە. لە شیکردنەوەکەمان بۆ دازاین ڕاڤەی بنەڕەتی بۆ ئەم بونیادە دەکەین.

ئایا ئەم حاڵەتەی بوونمان نێگەتیڤانە باسنەکردوە؟ هەرچەندە بوون-لەنێو بنەڕەتییە، هەمیشە ئەو شتە (نییە) دەبیستین. بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، باسکردنیشی نێگەتیڤانە لەخۆڕا و بەڕێکەوت نییە. لەم باسکردنەدا خەسڵەتەکەی دیاریدەکەین. کەوابوو، باسکردنەکەمان، هەمانکات پۆزەتیڤانەیە. کاتێک بوون-لەنێو-جیهان فینۆمینۆلۆجییانە دەردەکەوێت هەموو شاردنەوە و داپۆشینێک ڕەتدەدرێتەوە چونکە ئەم دیاردەیە لای دازاین هەمیشە لە یەکێک لە شێوازەکاندا دەبینرێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی دازاین. لە هەموو حاڵەتێکدا دیاردە خۆی دەخاتە بەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی دازاین. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە هەڵە لێکدەدرێتەوە یان ئۆنتۆلۆجییانە نادروست ڕاڤەدەکرێت. لەلایەکی دیکەوە،'بینین'ەکە بە شێوەیەکی دیاریکراو، کە زۆربەی کات بە هەڵە باسیدەکرێت لەسەر حاڵەتی بوونی دازاین ڕادەوەستێت. واتە، دازاین لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانەی لە بوونی خۆی لەو هەبووانەوە پەیدادەبێت، کە ئەو نین و لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەمحاڵەتە لە بوونی دازاین و دازاینیش هەمیشە ئاشنایە. ئەو زانینەی پەیدا دەبێت (وەکو ناسینی جیهان)، دەبێت بە پەیوەندی نێوان دەروون و جیهان. ناسینی جیهان یان بانگەشەکردنی خود لەنێو جیهاندا و باسکردنەکە دەبن بە شێوازی سەرەتایی بوون-لەنێو-جیهان هەرچەندە هێشتا وەکو خۆی لە بوون-

لەنێو-جیهان تێنەگەیشتوین. لەبەر ئەوەی بونیادی بوون ئۆنتۆلۆجییانە نەدۆزراوەتەوە ئۆنتیکییانە بە پەیوەندی لە نێوان هەبوویەک (جیهان)و هەبوویەکی دیکەدا (دەروون) دانراوە. هەروەها چونکە تێگەیشتن لە بوون بە ڕێگەی هەبووەکانەوەیە و لەوێوە ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکە دەستپێدەکات پەیوەندی نێوان جیهان و دەروون دەبێت لە زەمینەی ئەو دوو هەبووەوە سەرهەڵدات و ئامادەبوونێکی دەرەکییان پێبدرێت. هەرچەندە مرۆڤ دەتوانێت ئەزمونی پێش-فینۆلۆجییانەی بۆ بوون-لەنێو-جیهان هەبێت و بیناسێت، بەڵام ڕاڤەکردنێکی نادروستی ئۆنتۆلۆجییانە دەیشاریتەوە. ئەمەش دەبێت بە خاڵی دەستپێکردنی کێشە ئەپستمۆلۆجییەکان، یان 'زانینە مێتافیزیکییەکان.' چ شتێک لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان خۆ و بابەت یان پێچەوانەیان، ئاشکراترە؟ پەیوەندی نێوان خۆ و بابەت دەبێت لەپێشتر بیریلێبکرێتەوە. هەرچەندە لەپێشتر دانانەکە لە بوونی فاکتۆری خۆیدا بێ زیانە، بەڵام دەبێت بە شتێکی پڕ ژان ئەگەر واتا و پێویستە ئۆنتۆلۆجییەکەی لەنێو تاریکیدا بمێنێتەوە. کەوابوو، دیاردەی بوون-لەنێو لە ناسینی جیهاندا بەرجەستەدەبێت. ئەمەش تەنیا کێشەیەکی ئەپستمۆلۆجی نییە؛ تەنانەت ڕەفتاری پراکتیکیش بە ڕەفتارێکی لە بیردۆزەبەدەر دادەنرێت. هۆکاری ئەمەش بۆ پێشخستنی زانین دەگەڕێتەوە و تێگەیشتنمان لە گرنگترین هەبوو لە ڕێ دەردەکات. لێرەدا پێویستە بوون-لەنێو-جیهان بەتایبەتی لەگەڵ ئامازەکردنی زانین و بەستنەوەی بە جیهانەوە باشتر دەرکەوێت. پێویستە، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی و (شێوان)ێکی بوون باسبکرێت.

## ١٣. نموونەی شێوازی بوونـ‌لەنێو و ناسینی جیهان

[٦٠] ئەگەر بوونـ‌لەنێو-جیهان بۆ دازاین مەرجێکی بنەڕەتی بێت، کە تیایدا نەک بەگشتی بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەیدا کارەکانی هەڵدەسوڕێنێت، ئەوا دەبێت ئۆنتیکییانەش ئەزمون بگرێت. ئەگەر بوونـ‌لەنێو-جیهان لەبەرچاو نەبێت هەمانکات ناناسرێت، بەتایبەتی لەوێدا، کە دازاین دەتوانێت لە بوونی تێبگات، گرنگیش نییە تێگەیشتنەکە چ ڕۆڵێک ببینێت. بەهەرحاڵ، تێگەیشتنەکە لە دیاردەی ناسینی جیهان زووتر لە ڕاڤەکردنی شێوەکی و دەرەکی ڕوونادات. بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو پرۆسەیەیە (تاکو ئەمڕۆش بەکاردێت)، کە زانین بە پەیوەندی نێوان خۆ و بابەت دادەنێت. ئەمەش ئەوەندەی بۆشاییەک ڕاستی هەڵدەگرێت. خۆ و بابەت، وەکو دازاین و جیهان نین.

ئەگەر پێناسەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی "بوونـ‌لەنێو" لەسەر ئەو بوونەی لەنێو-جیهاندا دەزانرێت بگونجێت پێویستە ڕوونیبکەینەوە، کە زانین خەسڵەتی فینۆمینالّی ئەو بوونەی نێوجیهانە و ڕوو لە جیهانیش دەکات.ئەگەر سەرنجی ئەم پەیوەندییەی بوون بدرێت، ئەو هەبووەی بە 'سروشت' ناوزەدەکرێت دەبێت بەوەی دەناسرێت. زانین، بەمشێوەیە، لەنێو ئەم هەبووەدا نییە. زانین لەو هەبووانەدا پەیدادەبێت، کە دەزانن. تەنانەت، لەو هەبووانەدا، کە مرۆڤن زانین بابەتێکی دەرەکی نییە. بەپێچەوانەی خەسڵەتەکانی لەشەوە لە دەرەوەدا نادۆزرێتەوە، کەوابوو، دەبێت ناوەکی بێت. چەند بە ڕوونی تێبگەین لەوەی زانین لە بنەڕەتەوە

و به ڕاستی ناوەکییە، وەکو هەبووە ماتەری و دەروونییەکان نییە باشتر دەگەینە ئەو باوەڕەی پرۆسەکەمان بۆ پرسیارکردن لەبارەی ناوەڕۆکی زانینەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان خۆ و بابەت بەبێ پێشبیرەکان ڕێدەکات. لێرەدا کێشەی دەرچوونی خۆ-زانەرەکە لە ناوەوەی خۆیەوە بەرەو دەرەوە یان چۆن بابەت بۆ زانین پەیدا دەبێت سەرهەڵدەدات. دەبێت بیر لە خودی بابەتەکە بکەینەوە تاکو بۆمان دەربکەوێت چۆن خۆ بەبێ بازدان بەرەو بابەتێکی دیکە دەڕوات تاکو بیناسێت. بەڵام لەم ڕێگا فرەجۆرەوە، کە پرۆسەکە گرتۆتیەبەر، پرسیار سەبارەت بوونی (خۆ) بەجێماوە هەرچەندە زانینەکەی شێوەی بوونیشی تێدا دەردەکەوێت. هەڵبەتە، هەندێکجار ئاگادار دەکرێینەوە، کە لایەنی ناوەکی یان جیهانی ناوەوەی خۆ بە سندوق یان دۆڵاب دانەنێین. کەچی کاتێک پرسیار لەبارەی خەسڵەتێکی پۆزەتیڤی ئەم لایەنە ناوەکییەوە دەکرێت، کە زانین تێیدا دادەنرێت یان لەسەری دەکۆڵرێتەوە، وەڵامەکەی نادرێتەوە. گرنگ نییە چ ڕاڤەیەک بۆ لایەنی ناوەکی دەکرێت، ئەگەر کەسێک بپرسێت چۆن 'زانین' لەنێویەوە دەردەچێت و بەرزێتی وەردەگرێت زانین دەبێت بە کێشە. مەگەر لەپێشتر ڕوونبکرێتەوە چۆنە و چییە.

[٦١] لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کەسەکە لە ئاستی ساخکردنەوەکە و تەنانەت بە وەرگرتنی فینۆمینەی زانینیش، وەکو تێزێکی خۆی، نابینا دەکات. زانین شێوازێکی بوونی دازاینە، وەکو بوون-لەنێو-جیهان و ئۆنتیکییانەش لەنێو ئەم بەستێنەدا پەیدادەکرێت. بەڵام، ئەگەر، بەو جۆرەی ئێمە بۆی دەچین بیدۆزینەوە، کە زانین هەبوویەکی سەر بە

بوون-لەنێو-جیهانە، کەسێک ناڕەزادەبێت لەوەی ئەم ڕاڤەکردنە گرفتی زانین لەناودەبات. ئەو کەسەی خاوەنی ئەو پێشبیرە بێت، کە زانین لەگەڵ جیهاندایە، پاش ئەمە لە (خۆ)وە بە جیهان بگات، چی دەمێنێتەوە؟ لەم پرسیارەدا بۆچوونە دامەزراوەکە، کە فینۆمینەلانە نەسەلمێنراوە، جارێکی دیکە پێشمان دەگرێت؛ کەوابوو، چ پێوەرێک بێجگە لەوەی خودی دیاردەی زانین و بوونی زانەرەکەیە، بڕیار لەسەر گرفتی زانین دەدات؟

ئەگەر پرسیار لەسەر ئەوە بکەین چی لە زانیندا خۆی دەردەخات و دەدۆزێتەوە دەبێت ئەوە لە بیرنەکەین زانین لەسەر زەمینەی بوون-لەپێشتر-لەتەنیشت-جیهانەوە پەیدا دەبێت؛ ئەمەش بنەڕەتی پێکهاتەی بوونی دازاینە. لەسەرەتاشەوە، بوون-لەگەڵدا چاوتێبڕینی بابەتێکی دەرەکی ڕووت نییە. بوون-لەنێو-جیهان، کە نیگەرانییە، لە ئاستی جیهاندا سەرسام ڕادەوەستێت. ئەگەر زانین بینینی سروشتی بابەتێکی دەرەکی بێت، کەمی لە هەیەتیدا بەرانبەر جیهان و نیگەرانبوونیش دێتەکایەوە. لەگەڵ دوورکەوتنەوەی لە هەمووی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانێکەوە نیگەرانبوون بۆ شتەکان لە شێوازی بوون-لەنێودا خۆی دەردەخات، کە لە پاش ماونەتەوە. بەو بوونەوە ڕوو لە جیهان دەکات، ئێمەش ڕووبەڕووی جیهان دەکاتەوە و لەبەردەم ڕواڵەتی هەبووەکاندا ڕاماندەگرێت. تەماشاکردنی بابەتێک بەمجۆرە، هەندێکجار ڕێگەیەکی دیاریکراوە بەرەو بابەتەکە و ڕوانینمان ئاڕاستەی بابەتە دەرەکییەکە دەکەین. 'بۆچوون'یش سەبارەت ئەو بابەتانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە لە سەرەتای پرۆسەکەوە دروستدەکات. خودی تەماشاکردنەکە دەبێت بە

شێوازێکی سەربەخۆی جێنشینی لەگەڵ هەبووەکانی نێو جیهاندا. لەم (جێنشینییەدا)، کە ڕەتدانەوەی هەموو بەکارهێنانێکە (هەستکردن) بە بابەتە دەرەکییە ئامادەبووەکە ڕوودەدات.

[٦٢] لەگەڵ ڕوودانی هەستکردندا کەسێک ڕوو لە بابەتێک دەکات و باسیدەکات. ئەمەش بە واتایەکی گشتی لە ڕاڤەکردن دەچێت؛ لەسەر بناخەی ڕاڤەکردنەکەش هەستکردن دەبێت بە دیاریکردن و پێناسەکردن. ئەوەی هەستی پێدەکرێت و خەسڵەتەکانی دیاریدەکرێت دەخرێتە نێو دەستەواژەوە، دەردەبڕێت و هەڵدەگیرێت. ئەم هەڵگرتنەش لەخۆیدا بوونە-لەنێو-جیهان و نابێت بەو پرۆسەیە دابنرێت، کە خۆ تیایدا خەسڵەتەکانی هەبوویەک کۆدەکاتەوە و لەنێویدا دەریان دەهێنێت. دوایش پرسیار لەبارەی پەیوەندییان لەگەڵ داکەوتی دەرەکیدا دەکات. کاتێک دازاین ڕوو لە هەبوویەک دەکات و لێیتێدەگات، لەنێو قاڵبی خۆیەوە دەرناچێت. بوونی سەرەتایی ئەو لەوەدایە، کە هەمیشە لە دەرەوە لەگەڵ هەبووەکاندایە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. کاتێکیش لەگەڵ هەبووە دەرەکییەکاندایە جیهانی ناوەوەی خۆی چۆڵناکات. ئەو لەناوەوەیە؛ واتە، وەکو زانەر لەنێو-جیهاندایە. هەروەها، هەستکردن بە هەبوویەک گەڕانەوە بۆ نێو دۆڵابی ئاگامەندی نییە، کە لێوەی هاتۆتە دەرێ؛ تەنانەت لەگەڵ هەستکردن و هەڵگرتنی زانینەکەشدا دازاین لە دەرەوەدا دەمێنێتەوە. ئەگەر من تەنیا لەبارەی شتێکەوە بزانم، کە بوونی ئەو شتەی دەرخستوە، منیش نوێنەرایەتی بکەم و زۆرتر بیری لێبکەمەوە هێشتا من لە دەرەوەی خۆمدا و لەگەڵ هەبووەکاندام.

تەنانەت لە بیرچوونیش کە هەموو پەیوەندییەکی بوون لەگەڵ شتە زانراوەکەدا لەناودەبات، گۆرانکارییە لە شێوازی بوون-لەنێودا. ئەمەش بۆ هەموو جۆرە خۆهەڵخەڵەتاندن و هەڵەکردنێک دروستە.

باسمانکرد چۆن شێوازەکانی بووون-لەنێو-جیهان، کە دەبن بە پێکهاتە بۆ ناسینی جیهان لە بناخەوە پێکەوە گرێدراون؛ لە زانیندا دازاین حاڵەتێکی نوێی بوون بەرانبەر جیهان، کە لە بوونی دازایندا دۆزراوەتەوە، دەستدەکەوێت. ئەمحاڵەتە نوێیەی بوون ئۆتۆماتیکی پێش دەکەوێت؛ دەبێت بە کارێکی تەواوکراو، وەکو زانینی زانستانەش دەتوانێت ڕێنمایی بوون-لەنێو-جیهان بکات. بەڵام زانین بۆ یەکمجار پەیوەندی لەنێوان خۆ و جیهاندا دروستناکات. بەو شێوەیەش ڕوونادات تاکو جیهان کار لەسەر(خۆ) بکات. زانین شێوازێکی بوونی دازاینە و لەنێو زەمینەی بوون-لەنێو-جیهاندا دەدۆزرێتەوە. کەوابوو، بوون-لەنێو-جیهان، وەکو دۆخێکی بنەڕەتی دەبێت لەپێشەوە ڕاڤەبکرێت.

# بەشی سێیەم

# جیهانێتی جیهان

## ١٤. بیرۆکەی جیهانێتی جیهان بەگشتی

[٦٣] سەبارەت بە بونیادی ئەو بابەتەی بە 'جیهان' دادەنرێت پێویستە یەکەمجار بوون-لەنێو-جیهان دەربخرێت. وادیارە ئەم کارەش ئاسانە یان ئەوەندە بێبایەخە خۆمانی پێوە ماندوونەکەین. ئایا باسکردنی 'جیهان'، وەکو دیاردە چ واتایەکی هەیە؟ واتە، ئەو هەبووانەی لەنێو جیهاندا خۆیان دەردەخەن نیشان ئێمە دەدرێن. یەکەم هەنگاوی ئێمەش ژماردنی هەبووەکانی نێو جیهانە: خانوەکان، درەختەکان، خەڵکی، چیاکان و ئەستیرەکان. ئێمە دەتوانین باسیانبکەین چۆن دەردەکەون یان ڕووداوەکانیان چۆن سەرهەڵدەدەن. ئەمەش [هەڵوێستی] پێش-فینۆمینۆلۆجییانەیە، کە بۆ فینۆمینۆلۆجی نادروستە. ئەم باسکردنە هەمیشە لە چوارچێوەی بابەتەکە دەرناچێت و ئۆنتیکییە. بەڵام پرسیارەکەمان سەبارەت بوونە. فینۆمینەشمان فینۆمینۆلۆجییانە پێناسکرد و گوتمان، وەکو بوون بونیادی خۆی دەردەخات. کەوابوو، لەگەڵ وەسفکردنێکی فتنۆمینۆلۆجییانەی جیهاندا بوونی هەبووەکان، کە بابەتی دەرەکین لەنێو جیهاندا دەردەخەین و لەنێو چەمکەکاندا (کاتیگۆرییەکان) جێگیریان دەکەین. ئێستا ئەو هەبووانەی نێو جیهان شتە سروشتییەکان و شتە بە نرخەکانن. شتێتییان دەبێت بە

کێشە؛ بەو ڕادەیەی شتێتی شتەکان لەسەر شتە سروشتییەکان نرخێندراوە، ئەوا ئەم شتە سروشتییانە یان خودی سروشت دەبێت بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمان. ئەو خەسڵەتەی بوونی شتە سروشتییەکان هەیانە و لە هەموویاندا دەدۆزرێتەوە جەوهەرێتییە. ئایا واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی چییە؟ بەم پرسیارە ڕێگای توێژینەوەکەمان دیاریدەکەین.

ئایا ئەمە شێوازی ئۆنتۆلۆجییانەی پرسیارکردنە سەبارەت جیهان؟ ئەو کێشەیەی باسمانکرد، بەدڵنیاییەوە ئۆنتۆلۆجییانەیە. ئەگەر ئەم ئۆنتۆلۆجییە لەگەڵ ئاشکراکردنی بوونی جیهاندا ڕێکەوتنی داکۆکیکردنەکان لەبارەی ئەم هەبووەوە دەربخات، کە ماتماتیکی زانستە سروشتییەکان دایدەمەزرێنن، هێشتا بەو دیاردەیە ناگات، کە بە (جیهان) ناوزەدیدەکەین. سروشتیش بابەتێکە لەنێو جیهاندا و ڕووبەڕووی دەبینەوە. بە چەند قۆناخ و لە چەند قۆناخێکدا دەیدۆزینەوە.

ئایا پێویست دەکات ڕوو لەو بابەتانە بکەین، کە دازاین لە سەرەتاوە لەگەڵیاندا جێنیشینە –وەکو ئەو شتانەی نرخیان بۆ دانراوە؟ ئایا ئەمانە ئەو جیهانە دەرناخەن ئێمە تیایدا دەژین؟ هەڵبەتە، لەڕاستیدا جیهانێک دەردەخەن، کە ئێمە زۆرتر لەنێویدا دەژین. بەڵام، هێشتا ئەم شتانەش هەبوون و لەنێو جیهاندان.

[٦٤] نە دۆزینەوەی ئۆنتیکی شتەکانی نێو-جیهان و نە ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونیان بەو دیاردەیەمان دەگەیەنن، کە بە 'جیهان' مان

دانا. ئەم دوو ڕێگایە بۆ گەیشتن بە بوونێکی بابەتی بە جیهان لەپێشتر و بەدڵنیایشەوە لە چەند شێوازێکدا دانراوە.

ئایا دروستە بڵێین، ئێمە ناتوانین ڕوو لە 'جیهان' بکەین و هەبووەکان بناسین؟ ئێمە دەڵێین، هەبووەکان لەنێو جیهاندان. ئایا 'جیهان' خەسڵەتی بوونی دازاینە؟ ئایا هەموو دازاینێک خاوەنی جیهانی خۆیەتی؟ ئایا لێرەدا 'جیهان' نابێت بە شتێکی خۆیی؟ ئەی چۆن بڵێین جیهانێکی هاوبەشمان هەیە و هەمووما‌ن تیایدا دەژین؟ ئەگەر پرسیار سەبارەت بوون بکەین، مەبەستمان چ جۆرە جیهانێکە؟ نە جیهانێکی خۆیی و نە جیهانێکی هاوبەشمان دەوێت، بەڵکو داوای جیهانێتی جیهان دەکەین. ئایا لە چ ڕێگایەکەوە بەم دیاردەیە دەگەین؟

(جیهانێتی) چەمکێکی ئۆنتۆلۆجییە و ئاماژە بۆ بونیادێکی پێکهاتوی بوون-لەنێو-جیهان دەکات. بەڵام بوون-لەنێو-جیهان بە خەسڵەتێکی بوونگەرانەی دازاین دادەنێن. کەوابوو، 'جیهانێتی' دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی [بۆ بوونی دازاین]. ئەگەر ئۆنتۆلۆجییانە لە جیهان بکۆڵینەوە نابێت واز لە شیکردنەوەکەی بوونی دازاین بهێنین. لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە 'جیهان' خەسڵەتی ئەو هەبووانە نییە، کە دازاین نین؛ بەڵکو خەسڵەتی دازاینە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دیاردەیەی 'جیهان'ە لە هەبووەکانی نێو جیهان و بوونیانەوە دەستپێنەکات. باسکردنی فینۆمینۆلۆجییانەی جیهان و دروستی باسکردنەکە پیویستی بە ڕوونکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانە هەیە. باسکردنەکەمان لەسەر وشەی 'جیهان' و مامەڵەکردنمان لەگەڵیدا ئاماژە

بۆ چەندجۆرێک بەکارهێنانی جیاوازدەکەن. ڕوونکردنەوەی جۆری بەکارهێنانەکەش ڕوو لەودیاردەیە دەکات و واتا جۆراوجۆرەکانیشی [٦٥] ئاشکرا دەکات. یەکەم، 'جیهان'، وەکو چەمکێکی ئۆنتیکی بەکاردێت و ئاماژە بۆ بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان دەکات.

دووەم، 'جیهان'، وەکو چەمکێکی ئۆنتۆلۆجی بەکاردێت و ئاماژە بۆ (بوون)ی هەموو بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان دەکات، کە ئێستا باسمانکردن. هەروەها، ئەو چەمکەشە بۆ ناوەندی بابەتە فرەجۆرەکان بەکاردێت: بۆنموونە، کاتێک باسی جیهانی زانایەکی ماتماتیک دەکەین، ئاماژە بۆ ئەو ناوەندەدەکەین، کە بابەتە ماتماتیکییەکانی تێدا کۆدەبنەوە.

سێیەم، 'جیهان' لەلایەنێکی ئۆنتیکی دیکەشەوە لێکدەدرێتەوە، نەک بۆ ئەو هەبووانەی لە دازاینەوە جیاوازن و لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵکو، وەکو ئەو شوێنەی دازاین تیایدا دەژی. لێرەدا واتای جیهان ئۆنتیکی و پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە. هەروەها، ئەمەش چەند ئەگەرێک وەردەگرێت: لەوانەیە 'جیهان' ئەو شوێنە گشتییە بێت، کە تیایدا دەژین یان جێنشینگەیەکی تایبەت بە تاکە کەس بێت.

چوارەم، دواجاریش، 'جیهان' واتایەکی ئۆنتۆلۆجی-بوونگەرانەی وەکو 'جیهان' هەیە. دەکرێت 'جیهانێتی' بۆ 'جیهانە' تایبەتییەکان بگۆڕێت و جیهانبوونی لەپێشتریش بەگشتی وەرگرێت. ئێمە چەمکی 'جیهان' بەو شێوەیەی لە خاڵی سێیەمدا باسمانکرد هەڵدەگرین. ئەگەر بە واتای یەکەمیش دامانبنا وشەکە دەخەینە نێو دوو کەوانەی یەک تاوە. چەمکی دەرهێنراوی 'جیهانی' بۆ جۆرێک لە بوون دادەنرێت، کە سەر بە دازاینە

و هەرگیز بۆ بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان بەکارنایەت. بە بابەتە دەرەکییەکان دەڵێین "سەر بە جیهانن" یان "لە ناوەوەی جیهاندان". ئاوەڕدانەوەیەک لە ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە ئاشکرایدەکات، ئەگەر بوون-لەنێو-جیهان بۆ حاڵەتی دازاین دانەنرێت، دیاردەی 'جیهانێتی' نابینرێت. جیهان بۆ بوونی بابەتە دەرەکییەکان یان سروشت ڕاڤەدەکرێت. سروشت، ئۆنتۆلۆجییانە و کاتیگۆریانەش لێی تێبگەین دەبێت بە سنوری بابەتەکانی نێو جیهان. دازاین تەنیا لە چەند شێوازێکی دیاریکراوی بوونی خۆی لەنێو-جیهاندا بابەتەکان، وەکو سروشت دەدۆزێتەوە. ئەم هەڵوێستی زانینە خەسڵەتی بێبەریکردنی لە جیهانێتی بەدیاریکراوی تێدایە.

[٦٦] 'سروشت'، وەکو ناوەڕۆکی کاتیگۆریانەی بونیادی هەبووە دیاریکراوەکانی نێو جیهان، ناتوانێت 'جیهانێتی' بە ئێمە بناسێنێت. دیاردەی سروشتیش، بەو جۆرەی هەستیپێدەکرێت، بۆنموونە، بەو جۆرەی لە بزوتنەوەی ڕۆمانتیکیدا ئۆنتۆلۆجییانە، وەکو جیهان ناسرا؛ واتە لەنێو شیکردنەوەی بوونی دازاینەوە دەبینرا. ئۆنتۆلۆجی کۆن لە ئاستی کێشەی شیکردنەوەی جیهانێتی جیهان ئۆنتۆلۆجییانە نابینایە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر جیهانێتی دازاین ڕاڤەبکەین لەو حاڵەتانە بدوێین، کە دازاین دەکەن بە هەبوویەکی جیهانی پێویستە بزانین بۆچی دازاین لە زانینەکەیدا سەبارەت جیهان بەسەر دیاردەی جیهانبوون ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییانە بازدەدات. هەمانکات، بازدانەکەی دەریدەخات، کە دەبێت بە وریاییەوە خاڵی دەرچوونەکەمان بەرەو دیاردەی جیهانێتی

پەیدا بکەین تاکو بازی بەسەردا نەدەین. ئێمە، لەپێشتر میتۆدەکەمان دەستنیشانکرد. بوونَ-لەنێوَ-جیهانیش، وەکو خودی جیهان، بیرۆکەی شیکردنەوەکەمانە؛ ئەمەش دەبێت لە ئاسۆی ژیانی ڕۆژانەدا ببینرێت. پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەی بوونَ-لەنێوَ-جیهان بکۆڵینەوە؛ لەو دیاردەیەشەوە دەستپێبکەین، کە بۆ دەرخستنی جیهان یاریدەدەرە. جیهانی ڕۆژانەی دازاین، کە نزیکترینە، **ژینگەیە**. لە خەسڵەتی بوونگەرانەی مامناوەندێتی بوونَ-لەنێوَ-جیهاندا توێژینەوەکەمان بەرەو بیرۆکەی جیهانێتی بەگشتی دەکەوێتەگەر. لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی هەبووەکانی نێو ژینگە، کە نزیکترینن و ڕووبەڕوویان دەبینەوە، دەمانەوێت بە جیهانێتی ژینگە بگەین. چەمکی ژینگە [*umwelt*] بەشی [*um*] ی تێدایە، کە ئاماژە بۆ شوێن دەکات. بەڵام 'دەوروبەر' ["*Unherum*"]، کە ئەمیش [*um*]ی بەسەرەوەیە و بە واتای ژینگەش دێت، کەچی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ شوێن ناکات. خەسڵەتی شوێن، کە بەبێ گرفت بەسەر ژینگەوەیە لەسەر زەمینەی بونیادی جیهانێتی واتاکەی ڕووندەکرێتەوە. لەم دیدەوە، شوێن بۆ دازاین بەو جۆرەی لە کورتەبەشی دوانزەدا باسمانکرد، فینۆمینەلانە دەبینرێت. بەهەرحاڵ، لە ئۆنتۆلۆجیدا هەوڵدراوە لە (شوێن)ەوە دەست پێبکرێت و بوونیش، وەکو شتێکی ڕاکشاو ڕاڤەی بۆ بکرێت. لەلای دێکارت ئەمجۆرە ئۆنتۆلۆجییە بۆ جیهان ئاشکراکراوە و جیهانیش بەرانبەر جەوهەری بیرکەرەوە دانراوە، کە لە ڕووە ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییەکەشەوە لە بوونی دازاین ناچێت. شیکردنەوەی جیهانێتی، ئەگەر لەو ئۆنتۆلۆجییە جیابکرێتەوە، واتاکەشی ڕووندەبێتەوە. هەروەها شیکردنەوەکەشمان بە

سێ قۆناخدا دەڕوا و تەواو دەبێت: ئەلف. شیکردنەوەی ژینگە و جیهانێتی بەگشتی؛ با. ئاشکراکردنی جیاوازییەکانی نێوان شیکردنەوەکەمان بۆ جیهانێتی و ئۆنتۆلۆجی دێکارت بۆ جیهان؛ جیم. دەوروبەرێتی ژینگە 'شوێن' بۆ دازاین.

## ئەلف. شیکردنەوەی ژینگە و جیهانێتی بەگشتی

### ١٥. بوونی هەبووەکان لەنێو ژینگەدا

[٦٧] بوونی ئەو هەبووانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە و لە هەموو شتێک زۆرتر لە ئێمەوە نزیکن، فینۆمینۆلۆجییانە دەدۆزرێنەوە ئەگەر ژیانی ڕۆژانەی بوون-لەنێو-جیهان بکەین بە کلیل، کە بە مامەڵەکردنیش لەگەڵ هەبووەکاندا ناوزەدیدەکەین. مامەڵەکردنەکەش لە چەند شێوازێکی نیگەرانیدا پەرت و بڵاوبۆتەوە. نزیکترین مامەڵەکردن لە ئێمەوە، بەوجۆرەی باسمانکرد، زانینی هەستەکی نییە. بەڵکو ئەو نیگەرانییەیە، کە هەبووەکان بەکاردەهێنێت. ئەم بەکارهێنانەش جۆرێکە لە 'زانین'. پرسیارە فینۆمینۆلۆجییەکە، یەکەمجار، لەبارەی بوونی هەبووەکانەوە دەکرێت، کە لەو نیگەرانییەوە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. بۆ مسۆگەرکردنی ڕوانینەکەش پێویستیمان بە میتۆد هەیە.

لەگەڵ دەرکەوتن و باسکردنی بووندا، هەبووەکان، لە هەموو حاڵەتێکدا، دەبن بە تێزی سەرەتایی و لەگەڵماندا دەمێننەوە؛ بەڵام تێزی ڕاستەقینەمان بوونە. لە بواری ئەم شیکردنەوەیەماندا، ئەو هەبووانەی

دەبن بە تێزی سەرەتایی ئەوانەن لەنێو ژینگەماندا نیگەران نین. ئەم بابەتانەش بۆ زانینی جیهان بیردۆزەییانە دەستنادەن. ئەوانەن بە کاردێن و بەرهەمیان دەهێنن. ئەم ڕاڤەکردنە فینۆمینۆلۆجییە زانین لەبارەی خەسڵەتی هەبووەکانەوە پەیداناکات؛ بەڵکو بونیادی بونیان دیاریدەکات. وەکو توێژینەوەی بوون سەربەخۆ تێگەیشتنمان بۆ بوون ئامادەدەکات، کە هەمیشە سەر بە دازاینە و لە پەیوەندییەکانی بە هەبووەکانەوە زیندووە. ئەو هەبووانەی فینۆمینۆلۆجییانە دەبن بە تێزە سەرەتاییەکەمان-لەمحاڵەتەدا، ئەوانەی بەکاردێن و بەرهەمهێنراون-ئەو کاتە پێیان دەگەین، کە بە نیگەرانییەوە ڕوویان تێدەکەین. لەڕاستیشدا، بەو شێوەیەی دەڵێین، "خۆمان دەخەینە ئەم حاڵەتەوە" ڕێگەمان نیشاننادات؛ چونکە ئەو بوونی خاوەنی مامەڵەکردنە-نیگەرانەکەیە ئەوە نییە ئێمە یەکەم شت خۆمانی پێوە ببەستینەوە. ئەمە حاڵەتێکە هەموو دازاینێک هەمیشە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەیەتی: کاتێک دەرگاکە دەکەمەوە، بۆنموونە، دەستکەکەی بەکاردەهێنم.

دەستکەوت لە بۆچوونە فینۆمینۆلۆجییەکەدا بەرەو هەبووە بەکارهێنراوەکان لە ڕەتدانەوەی ئارەزوومانەوە بۆ ڕاڤەکردنی هەبووەکانی دەوروبەرمان، کە بە زۆر خۆیان دەسەپێنن و لەگەڵماندا دەمێننەوە، دەبات. ئەوانەن بەتەنیا نیگەرانی بەگشتی بەرجەستە ناکەن، بەڵکو بوونی خۆشیان لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا دەردەخەن. هەڵەکردنەکە ئاشکرا دەبێت ئەگەر ئێمە بپرسین چ جۆرە هەبوویەک بکەین بە تیزی سەرەتایی و بناخەیەکی پێش-فینۆمینەلانە بۆ توێژینەکەمان؟

دەشێ کەسێک بەمجۆرە وەڵامبداتەوەو بڵێت: 'شتەکان'. بەڵام لەگەڵ ئەم وەڵامەدا بناخە پێش-فینۆمیناڵەکەی بەدوایدا دەگەڕین لە بیرچووە.

ئێمە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکانی ئەم هەبووانەی بە 'شتەکان' دادەنرێن و کاریان لەسەردەکەین پێشتر دەردەخەین.

[٦٧] کاتێک شیکردنەوەکە لەم هەبووانەوە دەستپێدەکات و دوایش لە بوون دەکۆڵینەوە، ئەوەی توشی دەبین 'شتایەتی' و ڕاستەقینەیە. باسکردنە ئۆنتۆلۆجییەکە خەسڵەتەکانی بوون، وەکو ناوەڕۆکایەتی، ماتەرێتی و ڕاکشان لەتەنیشت یەکدی دەدۆزێتەوە.

بەڵام ئەو هەبووانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە و بایەخیان پیدەدەین پێش-ئۆنتۆلۆجییانە شاراوەن. کاتێک شتەکان بە هەبووە دراوەکان دادەنرێن، ئۆنتۆلۆجییانە وێلدەبین هەرچەندە شتێکی دیکەمان ئۆنتیکییانە لە بیردابێت. ئەوی لە بیردایە دیاریناکرێت. گریمان کەسێک لەو باوەڕەدایە، کە شتەکان خاوەنی 'بەها'ن.

ئایا بەها چ واتایەکی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە؟ چۆن کاتیگۆریانە لەو شتە تێبگەین، کە بەهای هەیە؟ بێجگە لەوەی بونیادی شتە بەهادارەکان ئاڵۆزە، ئایا دەتوانین [لێرەوە] خەسڵەتی فینۆمیناڵی بوونی ئەو شتە بدۆزینەوە، کە ڕووبەڕووی دەبینەوە و بۆی نیگەرانین؟

یۆنانییەکان وشەیەکی دروستیان بۆ 'شتەکان' بەکارهێناوە (پراگماتا)؛ واتە، کەسێک بە نیگەرانییەوە مامەڵە لەگەڵ شتەکان بکات.

بەڵام، ئۆنتۆلۆجییانە خەسڵەتی پراگماتیکی (پراگماتا) لای یۆنانییەکان نادیار ماوەتەوە؛ ئەوان بە شتەکان لێکیانداوەتەوە. پێویستە بەو شتانەی

به نیگەرانییەوە ڕووبەڕوویان دەبینەوەبڵێین 'ئامێر'. [40] ئێمە بۆ نوسین، درومان، کارکردن، گواستنەوە، پێوان بەکاریدەهێنین. پێویستە لێرەدا بوونی ئامێر ئاشکرابکەین. کلیلی ئاشکراکردنەکەش لە پێناسەکردنی ئامێردایە تاکو بزانین چ شتێک خەسڵەتی بەئامێربوون بە ئامێر دەدات. لەڕاستیدا، شتێک نییە ئامێر بێت. هەموو ئامێرەکانی دیکەش لە بوونی ئامێرێکدا هەمیشە هەیە، کە ئەم ئامێرە، وەکو ئامێر دەردەخات. ئامێر لەبنەڕەتەوە (لەپێناوی-ئەوە-)دایە. هەموو ئامێرەکانیش لەسەر (لەپێناوی-ئەوە) جۆراوجۆرەکاندا، وەکو خزمەتگوزاری، یاریدەدەری، سودبەخشین و بەکارهێنان، پێکدێت.

[٦٩] (لەپێناوی-ئەوە)، کە بونیادی [ئامێرە] ئاماژە بۆ شتێکی دیکە دەکات. تەنیا لە شیکردنەوەکەماندا بنەڕەتی ئاماژەکردنەکە ئۆنتۆلۆجییانە دەبینرێت. ئێستا هەوڵدەدەین فرەلایەنەکانی ئاماژەکردنەکە فینۆمینەلانە دەربخەین. بەگوێرەی خەسڵەتی بە ئامێربوون، ئامێر پەیوەندی بە ئامێرەکانی دیکەوە هەیە: پاندان، مەرەکەب، کاغەز، وشکردنەوە، مێز، چرا، کەلوپەلی نێو ژوورەکە، پەنجەرە، دەرگاکان و ژوورەکە ئاماژە بۆ یەکدی دەکەن. ئەم شتانە بە تەنیا خۆیان دەرناخەن و ژوورەکە پڕدەکەن. ئەوەی لە ئێمەوە نزیکە و ڕووبەڕووی دەبینەوە (نەک لە ڕوویەکی بیردۆزانەوە) ژوورەکەیە؛

---

[40] 'ئامێر' م بەرانبەر وشەی ئەڵمانی *das zeug* داناوە. لەڕاستیدا ئەم وشە ئەڵمانییە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەری نییە بەڵام equipment ی بۆ دانراوە. (م.ک)

ژوورەکەش ئەوە نییە، کە لەنێوان چوار دیواردایە و شێوەیەکی ئەندازیاری هەیە، بەڵکو ئامێرێکە بۆ نیشتەجێبوون. لەنێو ئەمەدا 'ڕیزکردن' سەرهەڵدەدات و ئامێرە تاکەکان دەردەکەون. (هەمووی) ئامێرەکان پێش ئامێرە تاکەکان خۆی دەردەخات. ئامێر بە دروستی لە مامەڵەکردندا دەناسرێت (بۆنموونە، چەکوش لە کاتی چەکوشکاریدا)؛ بەڵام بیردۆزەییانە لە مامەڵەکردندا ناناسرێت. تەنانەت بونیادەکەشی لە بەکارهێناندا نازانرێت. چەکوشکاری زانین لەبارەی چەکوشەکەوە، وەکو ئامێر پەیداناکات و بە دروستکردنی شێوە بەکاریدەهێنێت. لە بەکارهێناندا بیر لە (پێناوی-ئەوە) دەکەینەوە و لەو کاتەدا دەبێت بە پێکهاتەی ئامێرە بەکارهێنراوەکە؛ کاتێک کەمتر دەڕوانینە چەکوشەکە و زۆرتر بەکاریدەهێنین پەیوەندییەکەمان لەگەڵیدا زیاتر بنەڕەتانەیە و چەکوشەکەش بە ئامێری دەمێنێتەوە. چەکوشکاری بەکارهێنانی تایبەتی چەکوشەکە دیاریدەکات. بوونێک دەردەخات، کە ئامێر هەیەتی. ئەمەش بە"کەلوپەلی بەردەست" ناوزەدیدەکەین چونکە ئامێرەکان بونیان-لەنێو-خۆیاندا هەیە و ڕوونادەن، لەبەردەستدان و ئێمە بەکاریاندەهێنین. گرنگ نییە چەند تیژ بڕوانینە شتەکان، هێشتا کەلوپەلی بەردەست نادۆزینەوە. ئەگەر بیردۆزەییانە تەماشایان بکەین لە کەلوپەلی بەردەست تێناگەین. بەڵام، کاتێک بەکاریاندەهێنین کوێرانە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەین. بەکارهێنانەکە جۆرێک تێڕوانینی تێدایە، کە ڕێنمایمان دەکات. بەکارهێنانەکە دەکەوێتە سەر لایەنی ئاماژەکردنەکان بۆ (لەپێناوی-ئەوەدا). ئێمە تێروانینەکەش لە بەکارهێنانەکەدا بە 'وریایی' دادەنێین. هەڵوێستی 'پراکتیکی' واتای 'نابینایی' و نا-بیردۆزە ناگرێتەوە.

جیاوازییەکەی لەگەڵ هەڵوێستی بیردۆزەییانە ناکەوێتە سەرئەوەی لەبیردۆزەدا کەسێک تێدەڕوانێ و لە پراکتیکدا کارێک دەکات، یان پێویستە کردەوە بۆ ئەوەی کوێرانە نەبێت داوای زانین بکات؛ لەڕاستیدا تێڕوانین و کردەوە، وەکو یەک گرنگن. هەروەها، کردەوە تێڕوانینی خۆی هەیە. هەڵوێستی بیردۆزەییانە تێڕوانینە بێ وریایی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە پەیڕەوی هیچ یاسایەک ناکات: بەڵکو یاسایەک لە شێوەی میتۆد بۆ خۆی دادەمەزرێنێت.

هەرگیز کەلوپەلی بەردەست بیردۆزەییانە نادۆزرێتەوە، هەروەها خودی کەلوپەلەکەش بابەتی وریایی نییە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە خەسڵەتی خۆ دوورخستنەوەی ئەمجۆرە بابەتەیە تاکو خۆی بکات بە بابەتێکی بەردەست. ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە ئامێرەکانەوە سەرقاڵ نین، بەپێچەوانەوە، ئەوەی بایەخی پێدەدەین کارەکەیە و دەمانەوێت لە کاتی خۆیدا تەواوییبکەین. ئەمەش هەمانکات بابەتەکەی بەردەستە. کارکردنەکە ئاماژە بۆ هەموو ئامێرێک دەکات ئێمە بەکاریان دەهێنین.

[٧٠] 'لەبەرچی' چەکوش و دەرزی جۆرە بوونیکیان هەیە، کە سەربە بوونی ئامێرە. پێڵاوەکە بۆ لەپێکردن دروستکراوە؛ کاتژمێرەکە بۆ ئەوەی کاتمان بۆ بخوێنێتەوە. کارکردنەکەمان ئەو شتانەی بۆ ئێمە گرنگن و بەکاریاندەهێنین ڕووبەڕووی 'لەبەرچی' و سودبەخشینمان دەکاتەوە، کە لەو شتانەدا هەن. ئەو کارەی کەسێک داوایدەکات تەنیا لەسەر بناخەی سودبەخشینەکە هەیە، کە ئاماژەی بۆ دەکات. بەرهەمەکە شتێکە بۆ شتێکی دیکە بەکاردێت. لەکارکردندا ئاماژە بۆ 'بابەتەکان' دەکرێت؛

کارەکە لەسەر چەرم و دەرزی و هتد. ڕادەوەستێت. چەرمیش لە پێستی ئاژەڵەوە وەردەگیرێت. ئاژەڵیش بەخێوکراوە یان کێوییە. هەندێک هەبوو لە دەوروبەرماندا هەن و پێویست ناکات ئێمە دروستیان بکەین. چەکوش، پلایس و دەرزی ئاماژە بۆ ئاسن، پۆڵا، بەرد و تەختە دەکەن. 'سروشت'یش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەلوپەلە سودبەخشەکانەوە و بەرهەمە سروشتییەکانەوە دەدۆزینەوە.

بەهەرحاڵ، نابێت لێرەدا، 'سروشت' بەبابەتێکی دەرەکی یان هێزەکی سروشتی دابنرێت. دارستان تەختەیە و چیا کۆمەڵێ بەردە؛ ڕووبار هێزی ئاوە، 'با'ش بۆ کەشتیوانی بایە. لەگەڵ دۆزینەوەی 'ژینگە' سروشتیش دەناسرێت. ئەگەر ئاوەڕ لە بابەتی بەردەست نەدرێتەوە سروشت، وەکو بابەتێکی دەرەکی دەبینرێت. لەم بینینەدا ئەو سروشتەی ڕووبەڕووی دەبینەوە و بۆ ئێمە دەبێت بە دیمەن خۆی دەشارێتەوە. ڕووەکەکانی زانایەکی ڕووەکناس نابن بە گوڵی نێو پەرژینەکە، ئەو ڕووبارەی زانای جوگرافیا باسیدەکات لەسەر زەوی نابێت بە سەرچاوەی ئاو.

[٧١] کارکردن تەنیا ئاماژە بۆ 'لەبەرچی' و 'لەکوێدا'ی شتە بەکارهێنراوەکان ناکات: پارچەیەکی دروستکراو ئاماژە بۆ کەسێکیش دەکات، کە سودی لێوەردەگرێت یان لەبەریدەکات. پارچە قوماشەکە بۆ بەری ئەو بڕاوە؛ ئەویش لەگەڵ دروستکردنەکەدا لەوێدایە. ئەگەر پارچە قوماشەکە بە دەرزەنیش بەرهەم بهێنرێت ئەم ئاماژەکردنە هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ کەسێکی دیاریکراو نییە. کەوابوو، لەکارکردندا تەنیا ڕووبەڕووی بابەتە بەردەستەکان نابینەوە. دازاینیش، ئەو هەبووەی کەلوپەلەکانی بۆ

دروستدەکرێت، سەرهەڵدەدات و بابەتەکان دەکات بە کەلوپەل. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕووبەڕووی جیهان دەبینەوە، کە ئەوانەی کەلوپەلەکان بەکاردەهێنن تیایدا دەژین. ئەو جیهانەش هەمانکات، جیهانی ئێمەیە. هەموو کارکردنێک بابەتێکی بەردەستی نێو کارگەیەکی تایبەت نییە و لەنێو جیهانێکی گشتیشدایە. ژینگە سروشتییەکە لەگەڵ جیهانی گشتیدا دەدۆزینەوە و هەموو کەسێک دەتوانێت بیگاتێ. بایەخدانمان بەشتەکان سروشتیش لەنێو ئاڕاستەکردنی دیاریکراوی بابەتەکانی، وەکو شەقامەکان پرد و خانووەکان دەناسێتەوە.

هێڵێکی داخراوی شەمەندەفەر ئاماژە بۆ خراپی ئاووهەوا دەکات؛ دانانی گلۆپی سەرشەقامەکان ئاماژە بۆ تاریکی، بوون و نەبوونی ڕووناکی و جێگەی خۆر لە ئاسماندا دەکات؛ خوێندنەوەی کات لەکاتژمێرەکەدا ئاماژە بۆ سیستەمێکی جیهان دەکات؛ کە تەماشای کاتژمێرەکە دەکەین و کاتەکە دەخوێنینەوە، سود لە جێگەی خۆر لە ئاسماندا ئەستێرەناسانە دەکەین و کاتەکەی پێدەپێوین. کاتێک سود لە کاتژمێرەکە وەردەگرین، کە بابەتێکی بەردەستە ژینگە سروشتییەکەشی لەگەڵدایە. خۆ خەریکردن بە نیگەرانییەوە لەکارکردندا لەگەڵ ئەو شتانەی لە ئێمەوە نزیکن ڕۆڵی دۆزینەوە دەبینێت؛ بەگوێرەی خۆخەریکردنەکەمان، شتەکانی نێو جیهان و نێو کارەکەمان (هەموو ئەوانەی ئاماژەشی بۆ دەکەن) لە پلە و شێواز و وریایی جیاوازەوە دەکرێت بدۆزرێنەوە. ئەو بوونەی ئەمجۆرە هەبووانە هەیانە ناودەنێین

'بابەتی بەردەست'.[41] نابێت بە خەسڵەتی سەپێنراو بەسەر ئەم هەبووانە دابنرێت، کە ڕاڤەیان دەکەین و بە جۆرێک لێکبدرێتەوە، کە ئێمە لە ناوەوە بە جیهانی دەرەوەی دەبەخشین. ئەم ڕاڤەکردنە هەبووەکان، کە بابەتی بەردەستن دەکات بە بابەتی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە. ئەمەش لەگەڵ واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی زانین، کە شێوازی دۆزراوەی بوون-لەنێو-جیهانە، نارێک دەردەچێت. زانین بۆ ناسینی بابەتێکی دەرەکی دەبێت یەکەمجار خۆی بەودیو بابەتە بەردەستەکان بگەیەنێت، کە بایەخیان پێدەدات. بوون بە بابەتی بەردەست ڕێگەیەکە هەبووەکان تیایدا، وەکو خۆیانن و ئۆنتۆلۆجییانە و کاتیگۆرییانە پێناسەدەکرێن.

بەڵام لەسەر بناخەی بوونی بابەتە دەرەکییەکان بابەتی بەردەستیش پەیدا دەکرێت. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بابەتەکانی بەردەست ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر بوونی بابەتە دەرەکییەکان دەدۆزرێنەوە؟

---

[41] بۆ دانانی ئەم چەمکە (بابەتی بەردەست) و هەروەها 'بابەتی دەرەکی' سودم لە وەرگێڕانەکەی جۆهان ستامبۆ وەرگرتوە چونکە واتاکانیان باشتر دەردەکەون و لە مەبەستی هایدیگەرەوە نزیکن. هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین بابەتی بەردەستن و ئەوانەی لێیان دەکۆڵینەوە بابەتی دەرەکین. ئەو کاتەی چەکوشەکە بۆ مێخ داکوتان بەکاردەهێنم، بابەتێکی بەردەستە. ئەگەر کەسێک پرسیارم لێبکات و بڵێت، چەکوش چییە؟ چەکوشەکە دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە. ئەم دوو چەمکە بە ئەڵمانی بەمجۆرە دانراون: (بابەتی بەردەست- *Zuhandenheit* ) و (بابەتی دەرەکی- *Vorhandeuheit*). (م.ک)

[٧٢] ئەگەر لە ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەماندا بسەلمێنرێت بابەتی بەردەست بوونێکە یەکەمجار لەنێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە و لەپێشترێتی بوونی دیارییبکرێت، ئایا ڕاڤەکردنەکەمان بۆ تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانە لە دیاردەی جیهان یاریدەدەرە؟ ئێمە لەڕاڤەکردنەکەمان بۆ هەبووەکان لەنێو جیهاندا هەمیشە جیهانمان لەپێشتر داناوە. ئەگەر هەموویان پێکەوە ڕیزبکەین هێشتا بوونی جیهان پێکناهێنن. ئایا هیچ ڕێگەیەک پەیدا دەکەین تاکو بە دیاردەی جیهانمان بگەیەنێت ئەگەر لە بوونی ئەم هەبووانەوە دەستپێبکەین؟

## ١٦. چۆن خەسڵەتی جیهانێتی بۆ ژینگە خۆی لەگەڵ هەبووەکانی نێو جیهان دەردەخات

خودی جیهان هەبوویەکی نێو جیهان نییە؛ لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندە بەسەر هەبووەکانی نێو جیهانەوە کاریگەرە، کە هەبووەکان تەنیا بەهۆی بوونیان لەنێو جیهاندا دەتوانن خۆیان دەربخەن و بدۆزرێنەوە. بەڵام 'جیهان' چۆن هەیە؟ ئەگەر دازاین ئۆنتیکییانە بوون بێت-لەنێو-جیهاندا، تێگەیشتن لە بوونی لەسەر ئەو دامەزرابێت، گرنگ نییە چۆن دیاری بکرێت، ئایا تێگەیشتنێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی بۆ جیهان نییە، کە دەکرێت لەگەڵ تێڕوانینە ئۆنتۆلۆجییەکەدا دابنرێت؟

ئایا لەگەڵ ئەو هەبووانەی لەگەڵ جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە جیهان بۆ نیگەرانی خۆی دەرناخات؟ ئایا سەرنجی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی ئەم دیاردەیەمان نییە؟ ئایا هەمیشە بەبێ ئەوەی ڕوو لە ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانە بکەین ئەمجۆرە سەرنجە نادەین؟ ئایا دازاین لە نیگەرانی

و بایەخدانی بە هەبووەکانی نێو جیهان ئەگەری دەرخستنی هەبووەکان و جیهانی هەبووەکانی هەڵنەگرتووە؟ ئەگەر ئەم ئەگەرانەی بوون بۆ دازاین لە نیگەرانییەکەیدا سەرهەڵدەن ئەوا ڕێگەیەک بەرەو دیاردەکە و لێکۆڵینەوەکەی دەدۆزینەوە.

[٧٣] ژیانی ڕۆژانەی بوون-لەنێو-جیهان چەند شێوازێکی دیاریکراوی نیگەرانی تێدایە. ئەمەش خەسڵەتی جیهانیی ئەو بابەتانەی بە بیگەرانییەوە ڕووبەڕوویان دەبینەوە ئاشکرادەکات. کاتێک بابەتەکانی بەردەستمان، بەجۆرێک دەردەکەون سودیان نەبێت یان بەکەڵک نەیەن نیگەران دەبین؛ ئامێرەکە بە شکاوی دەدۆزینەوە یان بۆ کارەکەمان دەستنادات. لە هەموو حاڵەتەکاندا 'ئامێر' هەیە و بابەتێکی بەردەستە. ئێمە بەبێ کەڵک دایدەنێین، نەک بە تەماشاکردن و دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی، بەڵکو بە کارکردنێکی وریایانە و بەکارهێنانی بەو ئاکامەدەگەین. کاتێک بێ کەڵکییەکەی ئاشکرا دەبێت ئامێرەکە بەرچاو دەکەوێت و دەبێت بە بابەتێکی لەبەردەست نەبوو. ئەوەی بێ کەڵکە لەوێدایە؛ ئامێرێکە بەو شێوەیە هەیە و هەمانکات بابەتێکی دەرەکیشە. بابەتی دەرەکی ڕووت خۆی لەم ئامێرانەدا بەرجەستەدەکات تاکو بگەڕێتەوە بۆ بابەتێکی بەردەست یان بۆ ئەو ئامێرەی بۆ چاککردنەوە دانراوە. بوونی بابەتە دەرەکییەکەی بەکارنایەت بە تەواوی لە بابەتی بەردەست بەدەر نییە؛ ئەو بابەتە بەردەستەی بەو شێوەیە هەیە شتێک نییە تەنیا لە شوێنێکدا دانرابێت. شکاندنەکە تەنیا گۆڕان لە بوونی ئەودا یان لە خەسڵەتەکانیدا دروستناکات بەو جۆرەی لە بابەتێکی دەرەکیدا ڕوودەدات. بەهەرحاڵ، لەنیگەرانیدا ڕووبەڕووی شتە بێ کەڵکەکان لەنێو

بابەتەکانی بەردەستدا نابینەوە: ئێمە هەست بە شتە ونبووەکانیش دەکەین، کە نەک تەنیا بەردەستی نین بەڵکو لەبەردەستیشدا نەماون. ونبوونی شتێک، وەکو ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ بابەتێکی نا-بەردەستدا. کاتێک هەست بە بابەتی نا-بەردەست دەکەین ئەوەی لەبەردەستە دەچێتە شێوازی سەردەرهێنان. دەمانەوێت زۆر زوو بزانین چ شتێک ونبووە، وەکو بابەتێکی نا-بەردەست هەستی پێدەکەین و خەسڵەتی بابەتی بەردەستی پیوە نامێنێت. دبێت بە بابەتێکی دەرەکی نێو بیرکردنەوەمان، کە بەبێ خەسڵەتی ونبوون باسناکرێت. وەستانی بێدەرەتانی ئێمەش لە ئاستیدا شێوازێکی کەمیی نیگەرانییە و بوونی بابەتێکی-دەرەکی ئەو بابەتە-بەردەستەی لەوە زۆرتر چی دیکە نییە، نادۆزرێتەوە.

لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەوجیهانەی بۆی نیگەرانین ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ بابەتە نا-بەردەستەکییەکاندا تەنیا لە شێوازی بێ کەڵکی و ونبووندا نییە. لە شێوازی 'وەستان لە ئاستی' نیگەرانییەکەشماندا پەیدادەبێت. لەوێدا، کە ناتوانین بۆی نیگەران بین یان کاتمان بۆی هەبێت. ئەمحاڵەتەش بۆ ئێمە نا ئاساییە و ملهوڕی ئەو هەبووەمان پێدەناسێت، کە لەپێشدا و پێش ئەوەی هەموو شتێک بکەین بۆی نیگەران نین. لەم ملهوڕییەدا بابەتی دەرەکی-بابەتە بەردەستەکە لە شێوازێکی نوێی بووندا، کە لەوێدا و لە بەردەممانداییە، خۆی دەناسێنێت. [٧٤] شێوازەکانی گرتنەبەرچاو، سەردەرهێنان و ملهوڕی خەسڵەتەکانی بابەتی بەردەست، وەکو بابەتێکی دەرەکی دەردەخەن. بەڵام بابەتە بەردەستەکە تەنیا لەوێدا، وەکو بابەتێکی دەرەکی تەماشای ناکرێت و

نابینرێت؛ ئەو بابەتە دەرەکییەی خۆی دەناسێت هێشتا پەیوەندییەکەی بە بابەتە بەردەستەکەوە، وەکو ئامێر نەپچڕاندوە. ئامێرەکەش لەنێو شتەکاندا خۆی ناشارێتەوە. بابەتی بەردەست بە فرێدانی دەبێت بە شت. بەڵام بە فڕێدانیش بابەتی بەردەست، وەکو بابەتێکی بەردەستی بە دەرەکی نەبوو دەردەکەوێت.

ئێستا، پێشنیاری ئەوەمانکرد، کە بابەتی بەردەست بە گۆرانی بابەتی دەرەکی بەرجەستەدەکات. ئایا ئەمە تاکو چ ڕادەیەک دیاردەی جیهان ئاشکرادەکات؟ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانیشدا نەمانتوانیوە لەنێو جیهان دەرچین. لە جاران زۆرتریش لە دیاردەی جیهان نزیکدەبینەوە. هەرچەندە لەو دیاردەیە تێنەگەیشتوین، بەڵام توانیومانە خۆمان بە خاڵێک بگەیەنین دیاردەکەی تێدا ببینین.

لە گرتنەبەرچاو، سەردەرهێنان و ملهوڕیدا بابەتەکەی بەردەست خەسڵەتی بەبابەتبوونی بەردەستی بە ڕادەیەک وندەکات. بەڵام ئێمە بە مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئەو خەسڵەتەی دەناسینەوە و تێدەگەین. ئەو لەناوناچێت، بەڵام لەبەر بێ کەڵکییەکەی ماڵئاوایمان لێدەکات.

بوونیادی بوونی بابەتی بەردەست، وەکو ئامێر ئاماژە بۆ شتی دیکەش دەکات. بەئاشکرا و تایبەتانەش ئەو شتانەی لە ئێمەوە نزیکن لەنێو خۆیاندا هەن؛ ئێمەش لەو شێوەیەدا بە نیگەرانییەوە ڕووبەڕوویان دەبینەوە و سودیان لێوەردەگرین. کاتێک ئامێر لە کاردەکەوێت و بێ کەڵک دەبێت بناخەی" لەپێناوی-ئەو" هەروەها "بەرەو-ئەم" دەڕوخێت. ئەرکەکانی نابینرێت؛ ئەوان لەوێدا بەرانبەر نیگەرانییەکەمان دادەنرێن. لەگەڵ لەناوبردنی یەکێک لە ئەرکەکانی، ئەو کاتەی شتێک بۆ مەبەستێک

بەکارنەهێنین، ئەرکەکە سەرهەڵدەدات. بەڵام، ئێستاش، وەکو بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی نەهاتۆتە پێش؛ ئۆنتیکییانە، وەکو ئامێرێکی شکاو خۆی دەردەخات. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەرکێکدا ئێمەش ئامێرەکە "بەرەو-ئەو" دەناسین و هەموو شتەکانی دەوروبەری لە کارکردنەکەدا بەوەوە دەبەستینەوە. شوێنی کارەکەش دەبێت بە نیشینگە. بەستێنی ئامێرەکە دەردەکەوێت، نەک وەکو شتێک، کە لەوەوپێش نەدەبینرا، بەڵکو، وەکو سەرهەڵدانێکی گشتی و بەردەوام پێشبین دەکرێت. جیهانیش لەگەڵ ئەم سەرهەڵدانە گشتییەدا بانگەشەی بوونی خۆی دەکات.

[٧٥] بەهەمانشێوە، کە بابەتێکی بەردەست وندەبێت، هەرچەندە ڕۆژانە هەست بە بوونیشی ناکەین، ونبوونەکە ئاماژەکردنەکان دەپچڕێنێت. تەماشاکردنەکەمان بۆ چواردەور ڕوو لە بۆشایی دەکات. بۆ یەکەمجار شتێکی ونبوو بابەتێکی بەردەست لەگەڵ هەروەها لەپێناوی چیدا دەبینێت. ژینگەیەکی نوێش دێتەکایەوە. ئەوەی سەرهەڵدەدات خودی بابەتەکەی بەردەست نییە؛ بەڵکو بابەتێکی دەرەکییە، کە بابەتە بەردەستەکە یان ئامێرەکەی لەسەر دادەمەزرێت؛ ئەو بابەتەش پێش ئەوەی کەس بیبینێت لەوێدایە. خۆی بۆ تەماشاکردنەکەمان دەرناخات. 'دەرخستن'، وەکو چەمکێکی تەکنیکی لەم دەقەی خوارەوەدا بەکاردەهێنین و گوزارش لە 'خۆکردنەوە' یان "خەسڵەتی خۆ کردنەوە" دەکات. واتای "دەستکەوتنی ناڕاستەوخۆ لە ئاماژەکردن" نابەخشێت. جیهان لە بابەتی بەردەست، وەکو فاکتۆرێک لەنێو ئەوانی دیکەدا پێکنایەت، کە لە شێوازی نیگەرانیدا بەوجۆرەی ڕاڤەمان بۆ کرد دەرکەوێت یان بابەتە بەردەستەکە بۆ ئەوەی ببێت بە بابەتێکی دەرەکی،

دەبێت لەنێو جیهان دەربهێنرێت. ئەگەر بمانەوێت ڕووبەڕووی بابەتێکی بەردەستی سودبەخش وەکو خۆی ببینەوە و لە ژیانی ڕۆژانەماندا گرنگی بدەینێ و ئاماژەکردنەکان لە بەستێنیانەوە لەنێو تەماشاکردنەکەماندا بیردۆزەییانە دەرناچێت. ئەگەر بابەتێکی بەردەست لەنێو تەماشاکردنەکەدا سەرهەڵنەدات جیهانیش بانگەشە بۆ بوونی ناکات. لەم بوونە-لەنێو-خۆیەی هەبووەکاندا، کە بابەتی بەردەستن بونیادی فینۆمینالیان پێکدێت.

[٧٦] چەمکەکانی، وەکو سەرهەڵنەدان، نەگرتنەبەرچاو و ناملهوڕی خەسڵەتی پۆزەتیڤانەی بوونی بابەتی بەردەست دیاریدەکەن. لەگەڵ ئەم چەمکە نێگەتیڤانەدا خەسڵەتی بابەتێکی بەردەست دەناسین، کە خۆی دەپارێزێت؛ ئەوەی لەنێو بیرکردنەوەماندایە سەبارەت بوون-لەنێو-خۆ بۆ بوونی بابەتی دەرەکی بەکاریدەهێنین، کە بیردۆزەییانە دەمانەوێت بیسەلمێنین. بەڵام، کاتێک بەتایبەتی ڕووبەڕووی بابەتێکی دەرەکی دەبینەوە لەنێو-خۆیی ئۆنتۆلۆجییانە باسناکرێت. ئەگەر لەنێو-خۆ ئۆنتۆلۆجییانە گرنگ بێت، پێویستە ئاوەڕی لێبدرێتەوە. لە زۆر حاڵەتدا ئۆنتیکییانە باس لە لەنێو-خۆی بوون دەکرێت، کە ئەرکێکی ئۆنتۆلۆجییانەی نییە. شیکردنەوەکەی پێشو ڕوونیدەکاتەوە، کە تەنیا لەسەر بناخەی دیاردەی جیهان بوون-لەنێو-خۆی هەبووەکان لەنێو-جیهاندا ئۆنتۆلۆجییانە دەناسرێت.

ئەگەر ڕۆشنایی بخرێتە سەر جیهان ئەوا دەبێ دەرکەوێت. لەگەڵ گەیشتن بە بابەتێکی بەردەست لەنێو-جیهاندا و لە تەماشاکردنەکەی چواردەورماندا جیهان خۆی دەردەخات. کەوابوو، جیهان ئەوەیە دازاین،

وەکو هەبوویەک لەنێویدا بووە و ڕوو لەهەر شتێکیش بکات بەرەو جیهان دەڕوات.

بەگوێرەی ڕاڤەکردنەکەمان، بوون-لەنێو-جیهان ئاماژەکردن و تەماشاکردنێکی چواردەوری نا-بیردۆزەییانەیە، کە بوونی گشتی بابەتەکانی بەردەست پێکدەهێنێت. نیگەرانیمان پەیوەندی بە ئاشنابوونمان لەگەڵ جیهاندا هەیە. لە ئاشنابوونەکەدا دازاین دەتوانێت خۆی لەنێو جیهاندا ونبکات و سەرسام بێت. ئایا ئەو شتە چییە دازاین ئاشنایدەبێت؟ بۆچی خەسڵەتی جیهانێتی ئەوەی لەنێو جیهاندایە ڕووناکی بەرناکەوێت؟ بوونی دەرەکی هەبووەکان بە پچڕانی لەنێو هەموو ئاماژەکردنەکاندا، کە تەماشاکردنەکەی چواردورمانی دەکەوێتە سەر خۆی دەهێنێتە دەرێ؛ ئایا ئێمە چۆن لە نزیکەوە لەو هەمووە تێبگەین؟

ئەم پرسیارانە مامەڵە لەگەڵ گرفتەکانی دیاردە و جیهانێتی و داوای ڕاڤەکردنی پەیوەندییەکان دەکەن، کە لەگەڵیاندا بونیادە تایبەتەکانیش دێنەکایەوە. بەوەڵامدانەوەیان پێویستە ئەم بونیادانە بە دروستی شیبکەینەوە.

## ١٧. ئاماژەکردن و هێماکان

لە ڕاڤەکردنە کاتییەکەماندا بۆ بونیادی ئەو بوونەی سەر بە بابەتی بەردەست (ئامێر)ە، دیاردەی ئاماژەکردنەکان بینرا؛ بەڵام ئێمە بەکورتی باسمنکرد. ئاشکراشە ئەرک و ئاماژەپێکراوەکان لە ڕوویەکەوە دەبن بە پێکهاتەی جیهانێتی. جیهان بەشێوەیەکی دیاریکراو لە بایەخدانی ئێمەدا

به ژینگەی بابەتی بەردەستەوە دەناسرێت. بەدڵنیاییشەوە، لەگەڵ نیگەرانبوونەکەمان بۆ بابەتە بەردەستەکەدا دەردەکەوێت. چەند بتوانین لە بوونی هەبووەکان لەنێو جیهاندا بگەین ئەوەندەش دیاردەی جیهان بە ڕووتی دەردەکەوێت.

[٧٧] جارێکی دیکە بوونی بابەتی بەردەست دەکەینەوە بە خاڵی دەرچوونمان. بەڵام ئەمجارەیان بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە دیاردەی ئاماژەکردن یان خودی ئەرکەکە بەکاریدەهێنین. بەگوێرەی ئەمەش هەوڵدەدەین ئۆنتۆلۆجییانە بوونی ئەو ئامێرە شیبکەینەوە، کە ئاماژەکردنی تێدا دەدۆزرێتەوە. ئێمە لە ڕێگەی 'هێماکان' وە توشی ئامێر دەبین. وشەی 'هێما'ش چەند واتایەکی هەیە: تەنیا بۆ چەند جۆرێکی هێما ناوەستێت، بوون-بە-هێما بۆ شتێک دەبێت بە جۆرێک لە پەیوەندی گشتی و بونیادی هێماکەش ئۆنتۆلۆجییانە بۆ دیاریکردنی هەبووەکان دەبێت بە ڕێنماکەر.
لە سەرەتاشەوە هێماکان، وەکو ئامێرەکان خۆیان دەردەخەن، کە خەسڵەتی بنەڕەتییان لە ئاماژەکردن و دەرخستندا هەیە. ئەم هێمایانە بەسەر شوێن، ئاڵا و لافیتەی پرسەکان دەبینرێن. نیشانەدانان جۆرێکە لە ئاماژەکردن. واتا ڕووکەشەکەشی 'پەیوەندی' دەبەخشێت. بەڵام پەیوەندی نابێت بە سەرچاوەی ئاماژەکردن، کە وەکو هێما دەربڕین یان دیاریکردن دادەنرێت. پەیوەندی پێناسەیەکی شێوەییە، لە بەستێنەکەیەوە دەخوێنرێتەوە و گرنگیش نییە چ جۆرە بابەت یان شێوازێکی بوونی هەبێت. هەموو ئاماژەکردنێک پەیوەندییە، بەڵام هەموو

پەیوەندییەک ئاماژەکردن نییە. هەموو نیشانەکردنێک ئاماژەکردنە، بەڵام هەموو ئاماژەکردنێک نیشانەکردن نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو نیشانەکردنێک پەیوەندییە، بەڵام هەموو پەیوەندییەک نیشانەکردن نییە. کەوابوو، خەسڵەتی گشتی پەیوەندییمان ڕوونکردۆتەوە. ئەگەر بمانەوێت لە دیاردەکانی ئاماژەکردن، هێماکان و تەنانەت نیشانەکردنیش بکۆڵینەوە، بەبێ ناسینی پەیوەندییەکان هیچ دەستکەوتێکمان نابێت. بێگومان لە دواییدا باسیدەکەین، کە خودی پەیوەندییەکان لەسەر خەسڵەتە گشتییەکەیان چۆن لە ئاماژەکردندا بۆ سەرچاوە ئۆنتۆلۆجییەکانیان دەگەڕێنەوە.

[٧٨] ئەگەر شیکردنەوەکەمان تەنیا بۆ هێماکان بێت و لە دیاردەی ئاماژەکردنیان جیابکەینەوە، ناکرێت لەنێو ئەم ڕووبەرە تەسکەدا لە فرەجۆری هێماکان بدوێین. لەنێو هێماکاندا نیشانە، ئاگادارکردنەوە و هێما بۆ شتەکان هەیە، کە هەبووەکانی پێدەناسرێت؛ گرنگ نین ئەمانە چ جۆرە خزمەتگوزارییەک دەکەن، هەریەکەیان نیشانەکردنی جیاوازی هەیە. بەم هێمایانە ڕێگاکان، جێگاکان، شوێنەوارەکان، فایلەکان، گەواهی و دەربڕینەکان لە یەکدی جیادەکەینەوە. ئەم دیاردانە لەبەر خەسڵەتی پەیوەندییەکەیان بە ئاسانی پێکدێن؛ ئەمڕۆش، ئێمە ئەم پەیوەندییانە بۆ جۆرێک ڕاڤەکردن بەکاردەهێنین، کە دەگونجێت چونکە بێجگە لە ڕەخسانی شێوە و ناوەڕۆک چی دیکەمان پێنالێت.

نموونەیەکمان بۆ هێما لەبەردەستدایە، کە لە شیکردنەوەکەی داهاتووشدا سودی لێوەردەگرین. لەنێو ئۆتۆمۆبیلدا تیرێکی سور دادەنرێت، کە ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبیلەکە بەلای چەپ و ڕاستدا لەسەر دووڕیانەکان

نیشاندەدات. ئاڕاستەکردنی تیرە سورەکە بە دەست شوفێرەکەیە. هێماکە ئامێرە، کە بۆ شوفێرەکە دەبێت بە بابەتی بەردەست. نەک بە تەنیا بۆ ئەو ، بەڵکو بۆ زۆر کەسی دیکەش گرنگە: بۆنموونە ئەوانەی لەگەڵ ئەودا لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکە نین و بەکاریدەهێنن. لەسەر شەقامەکە بۆی ڕادەوەستن. ئەم هێمایە لەنێو جیهاندا و لە بەستێنی هەموو ئەو ئامێرانەوە، کە ئۆتۆمۆبیلن و یاساکانی هاتوچۆن، بابەتێکی بەردەستە. ئامێرە بۆ نیشانەکردن، هەروەها، وەکو ئامێر لە ئاماژەکردن پێکهاتوە. خەسڵەتی "لەپێناوی-ئەو" شتەدا هەیە، خزمەتگوزارە؛ بۆ نیشانەکردن دروستکراوە. نیشانەکردنەکە، کە هێماکە پێیهەڵدەستێت جۆرێکە لە 'ئاماژەکردن'. بەڵام، لێرەدا، پێویستە بزانین، ئەم 'ئاماژەکردنە'، وەکو نیشانەکردن بونیادی ئۆنتۆلۆجی هێمای وەکو ئامێر نییە.

هەرچەندە ئاماژەکردن بەوجۆرەی نیشانەکردنە لەسەر زەمینەی بونیادی ئامێرە خزمەتگوزارەکان ڕادەوەستێت، هێشتا بابەتێکی خزمەتگوزار بەبێ ئەوەی ببێت بە هێما پەیدادەکرێت. چەکوشیش خزمەتگوزاری هەیە و هێما نییە. ئەو نیشانەکردنەی لە ئاماژەکردنی خزمەتگوزارێکی هەبوویەکدا "بەرەو-شتێک" هەیە دەبێت بە هەبوویەکی ئۆنتیکی کۆنکرێتی؛ "بەرەو-شتی" ئامێرەکە دەردەخات. لەلایەکی دیکەوە، ئەو جۆرە ئاماژەکردنەی لە خزمەتگوزارێتی-لەپێناوی شتێکدا هەیە خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجییانەی-کاتیگۆریانەی خودی ئامێرە. "بەرەو-ئەو" شتەی خزمەتگوزاری لە نیشانەکردندایە دەبێت بە شتێکی کۆنکرێتی دیار. ئەمەش ڕوودواوە لە پێکهاتەی بەئامێربوونی ئەودا. لەم نموونەیەدا بۆ هێما جیاوازی نێوان ئاماژەکردنی خزمەتگوزاری و ئاماژەکردنی

نیشانەکردن بەزبری دەردەکەوێت. لێکچونەکەیان کەمە و یەکێتییەکەشیان هەبوویەکی سودبەخش دەهێنێتەکایەوە. ئێستا، دڵنیاین، کە نیشانەکردن لەبنەڕەتەوە لە ئاماژەکردنی پێکهاتوی حاڵەتی ئامێر جیادەکرێتەوە؛ بێ ململانێ دەڵێین هێما بە شێوازێکی تایبەت پەیوەندی لەگەڵ جۆرێک بووندا هەیە، کە سەر بە هەموو لایەنی ئەو ئامێرانەیە بوون بە بابەتی بەردەست لەنێو ژینگە و خەسڵەتی جیهانێتیدا. لەگەڵ کارکردنمان بە نیگەرانییەوە، ئامێر بۆ نیشانەکردن بە شێوەیەکی تایبەت بەکاردەهێنرێت. بەڵام دامەزراندنی ئەم فاکتۆرە لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە کەموکورتی تێدەکەوێت. بناخە و واتای ئەم حاڵەتە تایبەتەش دەبێت ڕوونبکرێتەوە.

[٧٩] ئایا مەبەست چییە، کە دەڵێین، هێما 'نیشانە دەکات'؟ دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بە دیاریکردنی جۆری مامەڵەکردنەکەمان لەگەڵ ئامێردا بۆ نیشانەکردن بدەینەوە. هەروەها، لە بوون بەبابەتی بەردەستی ئامێر تێبگەین. چ ڕێگەیەکی بەکارهێنانی هێماکان هەیە؟ با بۆنموونەی تیرەکە بگەڕێینەوە و بڵێین ئەو بوونەی هەیەتی و بۆ ئێمە دەبێت بە هێما لە "ڕێگەدان" یان "وەستان" دایە بۆ ئۆتۆمۆبیلەکە.

ڕێگەدانەکە، کە ئاڕاستەکردنە بۆ لایەک، سەر بە بوونی دازاینە لەنێو-جیهاندا. دازاین هەمیشە ڕوو لە لایەک دەکات و لەسەر ڕێگەیە؛ وەستان و چاوەڕوانیش حاڵەتی بڕاوەی "چوونە-سەر-ڕێگا"کەیەتی. هێماش بانگەشەی خۆی بۆ بوونێک لەنێو-جیهاندا دەکات، کە خەسڵەتی 'شوێن' وەردەگرێت. لەو هێما ڕەسەنانە تێناگەین ئەگەر تەماشاییبکەین و بەنیشانەکردنی دابنێین. ئەگەر ئاوەڕ بۆ ئەو شوێنە بدەینەوە تیرەکە

نیشانەی بۆ دەکات و بابەتێکی دەرەکی ببینین هێشتا هێماکە ڕەسەنانە نەناسرێت. هێماکە بانگەشەی خۆی لە تەماشاکردنەکەی چواردەورمان و مامەڵەکردنمان بە نیگەرانییەوە دەکات. بەجۆرێکیش بانگەشەکە دەکات، کە تەماشاکردنەکەمان ڕوو لەو لایەنە دەکات ئەو نیشانیدەدات. تەماشاکردنەکە لە بابەتی-بەردەست تێناگات؛ تەنیا ڕووتێکردنەکەی دەستدەکەوێت. ڕێگەیەکی دیکەشمان بۆ ناسینی ئامێر هەیە: دەکرێت تیرەکە، وەکو ئامێرێک ببینن، کە بە ئۆتۆمۆبیلەکەوەیە و نەزانین چ خەسڵەتێکی هەیە: نەزانین تیرەکە بۆ چییە و چۆن بەکاردێت؛ هێشتا ئەوەی ڕووبەڕووی دەبینەوە تەنیا شت نییە. ئەزمونمان لە ئاستی شتێکدا پێویستی بە دیاریکردن و بەراوردکردن لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە هەیە، کە هەندێکجار نادیارە هەرچەندە نزیکیشە.

[٨٠] ئەو جۆرە هێمایەی باسیدەکەین بابەتی بەردەست ئاشکرادەکات؛ یان بەستێنەکەی بە جۆرێک دەردەخات ئێمە دەستمان بیگاتێ و بە نیگەرانییەوە کاری لەگەڵدا بکەین. هێما ئەو شتە نییە لە پەیوەندی نیشانەکردندا بە شتێکی دیکەوە بەسترا بێت؛ بەڵکو ئامێرێکە ئاشکرا هەموو لایەنی بابەت لەنێو تەماشاکردنی دەوروبەرماندا بەرجەستەدەکات و لەگەڵ خەسڵەتی جیهانێتی بابەتی بەردەستدا بانگەشە بۆ بوونی خۆی دەکات. لە حاڵەتی ئاگادارکردنەوەدا، "ئەوەی ڕوودەدات" خۆی نیشاندەدات، بەڵام نەک بەو واتایەی شتێک تەنیا ڕوویداوە یان بەسەر بوونی بابەتە دەرەکییەکەوە زیادەیە؛ ئەوەی ڕوودەدات چاوەڕوانکراوە و ئێمەش بۆی ئامادەین یان بۆی ئامادە نین چونکە کارمان لەسەر شتێکی دیکە کردوە. لەو هێمایانەدا، کە ڕوویانداوە و پەیدابوون ئەوەی لە

چواردەوری تەماشاکردنەکەماندایە ناسراوە. هێمادانان بۆ نیشانەکردنی شتێک ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە هەر کاتێک بێت لەوێدایە. هێماکان هەمیشە ئاماژە بۆ ئەو شوێنانە دەکەن کەسێک تیایاندا دەژی، نیگەرانییەکەی ڕووی تێدەکات و کاریان لەسەردەکات.

لەگەڵ دامەزراندنیدا خەسڵەتی تایبەتی هێماکان، وەکو ئامێر بە ڕوونی دەردەکەون. ئەم چالاکیەش لە 'پێش-بینین' دایە، کە تیایدا دەوروبەری کەسێک خۆی بانگدەکات و دەبێت بە بابەتی بەردەست. بەڵام بوونی نزیکی بابەتی بەردەست لەنێو-جیهاندا خەسڵەتی خۆشاردنەوەی هەیە، کە لەپێشتر باسمانکرد. بەگوێرەی ئەمە، لە تەماشاکردنەکەماندا پێویستیمان بە ئامێرێک هەیە، کە کاتێک کاری لەگەڵدا دەکەین بتوانێت ڕووناکی بخاتە سەر بابەتەکەی بەردەست و ئاشکرایبکات. کاتێک ئەو ئامێرە (هێمایانە) دروستکران ئاشکراکردنەکەش بیری لێدەکرێتەوە. ئەو کاتەی هێماکانیش دەردەکەون کەس لەخۆڕا بە بابەتی دەرەکی دایاننانێت و بە دیاریکراوی دادەمەزرێن تاکو بە ئاسانی بناسرێن. لەگەڵ دامەزراندنی هێمادا، بەهەرحاڵ، پێویست ناکات هەمیشە ئامێریش دروستبکرێت، کە هێشتا نەبووە بە بابەتێکی بەردەست.

هێماکانیش لەوێدا سەرهەڵدەدەن، کە بابەتێکی بەردەست لە جێگەی هێما بەکاربهێنرێت. لەم شێوازەدا دامەزراندنی هێما زۆرتر بنەڕەتییە. لە نیشانەکردندا، لە بابەتی بەردەستی ئامێر و ژینگەش بەگشتی، ئامادەکردن ڕوودەدات؛ نەک تەنیا ئەمە: دامەزراندنی هێما دەرخستنیشە. ئەو کاتە لە واتای هێما تێدەگەین، کە دەبێت بە بابەتێکی بەردەست. ئەگەر، بۆنموونە، جوتیارێک هەوای باشور بە هێمای بارانبارین دابنێت،

ئەوا ئەو بەهایەی بەو هەبووە دراوە شتێکی زیاد-نییە خرابێتە سەر بابەتێکی دەرەکی، کە ڕەوتی هەواکە لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوەوە دیریدەکات. دەکرێت هەوای باشور بە هۆی (زانستی ئاووهەواوە) بخوێنرێتەوە؛ بەڵام هەرگیز بابەتێکی دەرەکی نییە بەو جۆرەی تەنیا لەچەند حاڵەتێکدا دەبێت بە هێمایەکی ئاگادارکەر. بەپێچەوانەوە، بە هۆی تەماشاکردنەکەوە لەنێو کێڵگەکەدا هەوای باشور دەناسرێت.

[٨١] دەشی کەسێک نارەزایی دەربڕێت و بڵێت ئەوەی بە هێما دادەنرێت پێویستە لەپێشدا بناسرێت و لێیتێبگەین. بێگومان ئەمە دروستە و لە چەند حاڵەتێکدا توشمان دەبێت. پرسیارەکەش سەبارەت چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەو بابەتانە لەپێشتر، وەکو شتەکان یان ئامێر دەمێنێتەوە. لێرەشدا، ئەو کاتەی خەسڵەتی بەئامێربوونی بابەتەکانی بەردەست لە تەماشاکردنەکەدا دەرناکەون نابێت بوونیان، وەکو شتێکی ڕووت ڕاڤەبکرێت. بوونی بەردەستی هێما لە کارکردنەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا، هەروەها دەرکەوتنەکەی سەر بە بوونی خۆی  بۆ چەند مەبەستێک دروستکراوە. بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکەشی تەنیا یاریدەی دەرخستنی نادیارەکە نادات؛ خۆدەرخستنی هێما لەسەر بونیادی گشتگری ئامێرە نەدیارەکان ڕادەوەستێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێت بە بابەتێکی بەردەست. کاتیک دەستماڵێک گرێ دەدەین تاکو شتێکمان لەبیر نەچێت، نموونەیە بۆ ئەمە. ئەوەی لەم هێمایەدا دەردەکەوێت لە تەماشاکردنی ژیانی ڕۆژانەدا نیگەرانییە. هێمایەکە ئاماژە بۆ زۆر شت دەکات. چەند ئاماژەکردنەکەشی بەرفراوان بێت، ئەوەندە کەمتر دەناسرێت و سود دەبەخشێت. تەنانەت بۆ ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێت

کەمتر دەردەکەوێت. ئەگەر بەکاربهێنرێت پێویستە لە ڕێگای هێمایەکی دیکەوە بناسرێت. کاتێک گرێکە، وەکو هێما بەکارنایەت خەسڵەتی بەهێمابوون بزرناکات، بەڵکو پێویستی بە خۆ تێهەڵقورتانی بابەتێکی بەردەستی نزیک دەبێت.

[٨٢] دەشێ کەسێک بیەوێت باسی ئەو هێمایانە بکات، کە مرۆڤی سەرەتایی لە جادوکردن و (فیتیشیزم)دا، لە بایەخدانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریهێناون.[42] هەڵبەتە بەکارهێنانی هێماکان بەمجۆرە ناکەوێتەسەر مەبەست و بیرکردنەوەی بیردۆزەییانە و لەنێو-جیهاندا 'ڕاستەوخۆ' دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە سەرنجبدرێت، دەردەکەوێت، کە ڕاڤەکردنی فیتیشیزم و جادو لەبەر ڕۆشنایی بیرۆکەی هێماکان تەواو بۆ ناسینی بەبابەتبوونی ئەو بابەتانە لە جیهانی مرۆڤە سەرەتاییەکەدا ناگونجێت. دەتوانین سەبارەت دیاردەی-هێما ئەم ڕاڤەکردنەی خوارەوەی بۆ بکەین: بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکە جیاوازی لەنێوان هێما و ئاماژە

[42] فیتیشیزم وشەیەکی پورتوگالییە بۆ جۆرە نەریتێکی ئایینی خێڵەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا بەکارهاتووە. ئەم خێڵانە چەند بابەتێکی لە داروبەرد دروستکراویان بە پیرۆز داناوە و لەو باوەڕەدا بوون، کە گیانیان تێدا بەرجەستە بووە. بۆ مەبەستی جیاواز و جادو سودیان لێوەرگرتوە. لە سەدەکانی هەژدەهەمەوە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی، وەکو برۆسس، تایلەر، لۆبوک و شۆڵتز بایەخیان پێداوە و باسیانکردووە. سیگمۆند فرۆید، لە سایکۆلۆجی شیکارییدا، فیتیشیزم بە نەخۆشی دەروونی دادەنێت و بە مەیلی سێکسییەوە گرێیدەدات. ئەگەر کەسێک، بۆنموونە چێژی سێکسی لە دەسماڵ یان پارچەیەک جل وبەرگی خۆشەویستەکەی وەگرێت، فیتیشیستە. (م.ک)

بۆکراوەکەدا نییە. هێماکە جێگەی شتە ئاماژە بۆکراوەکە دەگرێتەوە و هەمیشە ئاماژەشی بۆ دەکات. ئەم لێکچونە گوزارە بۆ بە بابەتبوونی هێماکە ناکات و ئەوە ناگەیەنێت، کە لە ئەزموندا بووە بە شت و لەنێو جیهانی بابەتە دەرەکییەکاندا دانراوە. بە یەکدانانی شتە جیاوازەکان نییە: لەو فاکتۆرە پێکدێت، کە هێشتا هێما نەیتوانیوە خۆی لە هێمابوون ڕزگاربکات. بەکارهێنانەکە لەنێو بوونێک-بەرەو ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێت بە تەواوی تواوەتەوە. بەیەکدانانەکە لەسەر بناخەیەکی پێشتری بەبابەتبوون دامەزراوە و هەمانکات بەبابەتبوونەکە کەمییە لە بوونیدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هێماکان هەرگیز بە ئامێر دانانرێن.

بوونی بابەتی بەردەست لەنێو جیهاندا سەر بە بوونی ئامێر نییە. هەڵبەتە بابەتی بەردەست و ئامێر هیچ کلیلێکی ئۆنتۆلۆجییانەمان بۆ ڕاڤەکردنی جیهانی سەرەتایی نادەنێ؛ بەدڵنیاییەوە، ئۆنتۆلۆجی شتەکانیش بەهەمانشێوە ئەم کارە ناکات. بەڵام ئەگەر تێگەیشتن لە بوون پێکهاتەی دازاینی سەرەتایی و جیهانی سەرەتایش بەگشتی بێت، ئەوا کاتی هاتوە بیرۆکەی 'شێوەیی' جیهانێتی پێش بخەین؛ باسی ئەو دیاردەیە بکەین، کە دەکرێت بە جۆرێک بگۆڕێت هەموو دەستەواژە ئۆنتۆلۆجییەکان، کە داکۆکی لەو بەستێنە دەکەن لە نێویدا شتێک پەیدانەبووە یان لەناوچووە یان پۆزەتیڤانە واتای دیاردەکەی نییە، دەربخەین. ڕاڤەکردنەکەی پێشو بۆ هێماکان دەبێت پشتگیری دیاردەیی بۆ خەسڵەتی ئاماژەکردن دەربڕێت. پەیوەندی نێوان هێما و ئاماژەکردنیش سێ لایەنییە: یەکەم، نیشانەکردن، وەکو ڕێگەیەک تیایدا

"بەرەو-ئەو" شتەی سودبەخشە، کە بەرجەستە دەبێت، لە بونیادی ئامێردا و "لەپێناوی-ئەو" شتەدا دەدۆزرێتەوە. دووەم، نیشانەکردنی لە هێمادا خەسڵەتی بەئامێربوونی بابەتێکی بەردەستی هەیە. لەم ڕووەوە لەنێو سەرجەمی ئامێرەکان و بەستێنی ئاماژەکردن و ئەرکەکاندایە. سێیەم، هێما تەنیا بابەتێکی بەردەست لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا نییە. لە بوونی خۆیدا، وەکو بابەتێکی بەردەست ژینگە لە هەموو حاڵەتێکدا لە ڕێگەیەوە خۆی لەنێو تەماشاکردنەکەدا دەردەخات.

[٨٣] هێما، وەکو شتێکی ئۆنتیکی بابەتێکی بەردەستە، ڕۆڵی ئامێرێکی دیاریکراو و ئاماژەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەش بۆ بونیادی بابەتی بەردەست، سەرجەمی ئاماژەکردنەکان و جیهانێتی دەبینێت. لێرەدا، ڕەگوڕیشەی حاڵەتی تایبەتی هێما، وەکو بابەتی بەردەست لەنێو ژینگەدا و بە نیگەرانیمانەوە دەدۆزینەوە. کەوابوو، ئاماژەکردن و خودی ئەرکەکە هێما نین ئەگەر ئۆنتۆلۆجییانە ببن بەو بناخەیەی هێما لەسەریان ڕادەوەستێت. ئاماژەکردن خەسڵەتی ئۆنتیکی بابەتێکی بەردەست نییە، بەڵکو پێکهاتەی ئەوە.

کەوابوو، بە چ واتایەک ئاماژەکردن ئۆنتۆلۆجییانە پێش بابەتی بەردەست دەکەوێت و دەبێت بە پێکهاتەی جیهانێتی بەگشتی؟

### ١٨. دەورگرتن و ئاماژەکردن: جیهانێتی جیهان

ئێمە لەنێو جیهاندا ڕووبەڕووی بابەتی بەردەست دەبینەوە. بوونی هەبوویەک، کە بابەتێکی بەردەستە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجییانەی لەگەڵ جیهان و جیهانێتیدا هەیە. لەگەڵ دەرکەوتنی هەموو بابەتێکی بەردەستدا

جیهانیش هەیە. لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەمان بەرەو هەرشتێک جیهان دۆزراوەتەوە هەرچەندە دۆزینەوەکە بیردۆزەییانە نییە.
جیهان ئەوەیە لە ڕێگەی بابەتی بەردەستەوە دەناسرێت. بەڵام چۆن جیهان بابەتی بەردەست دەردەخات تاکو ڕووبەڕووی ببینەوە؟
شیکردنەوەکەمان ئاشکرای دەکات، کە ئەو هەبووەی لەنێو جیهاندا ڕووبەڕووی دەبینەوە لە بوونیدا لە تەماشاکردنەکەی دەرورووبەر و وەسفکردنەکەماندا سەربەستە. ئایا ئەم سەربەستییە لەپێشترە چ واتایەک دەبەخشێت و چۆن، وەکو خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجییانەی جیهان لێی تێبگەین؟ ئایا لەگەڵ پرسیارکردن لەسەر جیهانبوونی جیهان توشی چ گرفتێک دەبین؟
ئێمە باسمانکرد، ئاماژەکردن پێکهاتەی بابەتی بەردەستی بەئامێرکراوە. ئایا چۆن ئەم هەبووانە بەم بوونەیانەوە جیهان سەربەستیان دەکات؟ بۆچی یەکەمجار ڕووبەڕووی ئەم هەبووانە دەبینەوە؟ هەروەها، ئێمە باسی خزمەتگوزاری، زیانبەخشی و سودبەخشیمان کرد. "بەرەو-ئەو" شتە بۆ خزمەتگوزاری و "لەپێناوی-ئەو" سودبەخشینەدا ئاماژەکردن کۆنکریت دەکەن. بەڵام، نیشانەکردنی هێما و کوتانی چەکوشەکە خەسڵەتی ئەم هەبووانە نین، بەتایبەتی ئەگەر بە پێکهاتەکانی بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەیان دابنرێن. لە هەموو حاڵەتێکدا، بابەتەکانی بەردەست [بۆ هەڵسوڕانی کارێک] جۆر و ناجۆرن: خەسڵەتەکانیان بە جۆر و ناجۆرییەکەوە بەستراون. خزمەتگوزاریش وەکو حاڵەتی پێکهاتوی ئامێر(هەروەها خزمەتگوزاری ئاماژەکردنیشە)، ناجۆری هەبووەکان ناگرێتەوە؛ حاڵەتێکە پێناسەی شێوازی بوونی هەبوو دەکات. ئایا

'ئامازەکردن' و 'ئەرک' چ واتایەکیان هەیە؟ کاتێک دەڵێین، بوونی بابەتێکی بەردەست بونیادی ئامازەکردن و ئەرک وەرگرتنی هەیە، مەبەستمان ئامازەکردن و ئەرکی ئەو بابەتەیە. بە ئامازەکردن و دیاریکردنی ئەرکێک هەست بە بوونی هەبوویەک دەکرێت و ئامازەی بۆ دەکرێت. لەگەڵ ئەم بوونەدا دەورگرتن دەدۆزرێتەوە. ئەو بوونەی سەر بە بابەتی بەردەستە دەورگرتنە. دەورگرتن واتای ئەوە دەبەخشێت، کە هەبوویەک لەنێو شتێکدا دەوردەبینێت. پەیوەندییەکەی "لەگەڵ...لەنێو" ئامازەکردن و ئەرکەکە دیاریدەکەن.

[٨٤] کاتێک هەبوویەک لەنێو جیهاندا دەردەکەوێت، دەرکەوتنەکەی دەبێت بە دەورگرتن. لەگەڵ هەموو هەبوویەکدا جۆرە دەورگرتنێک هەیە. بوون، دەستەواژەیەکی ئۆنتیکی لەبارەی ئەم هەبووانەوە نییە و بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجییانەی هەبووەکانە. "بەرەو-ئەو" شتە بۆ خزمەتگوزاری و سودبەخشین بەدەورگرتنەکەوەیە: لەگەڵ ئەم هەبووەدا، بۆنموونە، کە بابەتێکی بەردەستە و ئێمە بە 'چەکوشی' دادەنێین، لە چەکوش کوتانەکەدا دەورگرتن دەبینین؛ چەکوش کوتانەکە پەیوەندی بە داکوتانی شتێکەوە هەیە؛ داکوتانی شتەکەش بۆ ئەوەیە خۆمان لە ئاوهەوا ناخۆشەکە بپارێزین؛ خۆپاراستنەکەش بۆ ئامادەکردنی پەناگەیەکە بۆ دازاین یان لەپێناوی گونجاندنی بوونی دازایندایە. هەموو دەورگرتنێکی بابەتێکی بەردەست بە سەرجەمی دەورگرتنەکانەوە بەستراوە. لە کارگەیەکدا، بۆنموونە، سەرجەمی دەورگرتنەکان لە پێکهێنانی بابەتی بەردەستیدا پێش ئامێرێکی تاک دەکەوێت؛ ئەمە بۆ کێڵگە و ئامێرەکانی نێو کێڵگەش دروستە.

بەڵام سەرجەمی دەورگرتنەکان بۆ "بەرەو-ئەو" شتە دەگەڕێتەوە، کە تیایدا لەوە زۆرتر دەورگرتن نامێنێت: "بەرەو-ئەو" شتە هەبوویەک نییە، کە سەر بە بابەتی بەردەستی نێو جیهان بێت؛ ئەوەیە، کە بە بوون-لەنێو-جیهان دادەنرێت و جیهانێتیش سەربە بوونێتی. ئەم "بەرەو-ئەو" شتە سەرەتاییە نابێت بە"بەرەو-ئەو" شتە تایبەتییەی نێو دەورگرتنەکە. ئەم "بەرەو-ئەو" شتە "لەپێناوی-ئەو"ەدایە.

بەڵام "لەپێناوی-ئەو" شتەدا سەر بە بوونی دازاینە، کە بوونی بووە بە کێشە. ئێمە باسمانکرد چۆن پەیوەندییەکانی نێو دەورگرتن، وەکو 'لەپێناوی-ئەو' شتە ڕەسەنانە ڕوو لە بوونی دازاین دەکات؛ لێرەدا زۆر لەسەری ناڕۆین. پێویستە "دەورگرتنی شتێک" ئەوەندە ڕوونبکرێتەوە دیاردەی جیهانێتی دەرکەوێت و بتوانرێت پرسیار لەبارەی بوونیەوە بکرێت.

[٨٥] ئۆنتیکیانە "دەورگرتنی شتێک" ئەو واتایە دەبەخشێت، ئێمە لە چواردەوەری فاکتۆری نیگەرانیماندا بابەتێکی بەردەست، وەکو ئەو-شتە دەردەخەین، کە بەو شێوەیەی هەیە و لەپێناوی ئەوەدا هەیە. تێگەیشتنی ئۆنتیکیمان لە "دەورگرتنی شتێک" لە بنەڕەتەوە ئۆنتۆلۆجییانەیە. لێرەشەوە، دەرکەوتنی سەربەستانەی بابەتێکی بەردەست لەنێو جیهاندا ڕاڤەدەکەین. لەپێشەوە دەڵێین، "دەرکەوتنی شتێک" واتای پەیداکردن و دروستکردنی نابەخشێت؛ بەڵکو گوزارەی دۆزینەوەی بابەتێکی بەردەست دەکات، کە هەبووە و ئێمەش ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئەم"دەورگرتنی شتە" لەپێشترە مەرجە بۆ سەرهەڵدانی ڕووبەڕووبوونەوەکە و ڕووبەڕوونەوەی ئۆنتیکییانەی دازاین لەگەڵ بابەتی

بەردەستدا. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر لە "دەورگرتنەکە" ئۆنتۆلۆجییانە تێبگەین، ئەوە بابەتە بەردەستەکەی دەردەکەوێت، گرنگ نییە ئۆنتیکی دەور وەردەگرێت یان نا، ئەگەر ئەو بابەتەیە دەرنەکەوت بۆی نیگەران دەبین، کاری لەسەردەکەین و چاکی دەکەین و هەمانکات دەیشکێنین.

کاتێک باسی دەرکەوتنی شتێک و دەورگرتن دەکەین، فرمانی تەواوی 'لەپێشتر' بەکاردەهێنێن، کە ئەو بوونەی سەر بە دازاینە دیاریدەکات. ڕێگەدان بە هەبوویەک بۆ دەورگرتن، ئەگەر ئۆنتۆلۆجییانە بیری لێبکەینەوە، خۆدەرخستنێکی لەپێشترە بۆ بەبابەتبوونی بەردەست لەنێو ژینگەدا. کاتێک دەمانەوێت هەبوویەک دەورروەرگرێت، دەبێت دەورگرتنەکەی لە شتێکدا بێت؛ لەبەر ڕۆشنایی چەمکەکانی "لەنێو-شتێکدا" و "لەگەڵ-شتێکدا" ی دەورگرتنەکە دەردەکەوێت. بۆ نیگەرانیشمان دەبێت بە بابەتێکی بەردەست. بەو ڕادەیەی هەبوو خۆی بۆ نیگەرانی دەردەخات-لەبونیدا دەدۆزرێتەوە-لە نێو بەستێنی ژینگەکەیدا بووە بە بابەتێکی بەردەست؛ لەسەرەتاوە نابێت بە بابەتێکی دەرەکی [بۆ توێژینەوە].

بەو جۆرەی بوونی بابەتێکی بەردەست و دەورگرتنەکەی لەنێو بەستێنی سەرجەمی دەورگرتنەکاندا دەدۆزرێتەوە، ئەوا لەگەڵ دەورگرتنی بابەتێکدا ئەوەی بە خەسڵەتی جیهانی بابەتی بەردەست ناوزەدمانکرد لەپێشوەختا دەبینرێت. سەرجەمی دەورگرتنەکانیش پەیوەندی ئۆنتۆلۆجییانەی بە جیهانەوە هەیە. لەگەڵ دەرکەوتنی دەورگرتنی هەبووەکاندا لەنێو سەرجەمەکەش ڕزگاریان دەبێت و دەزانین بۆچی دەورگرتنێک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

بەڵام ئەو بابەتە بەردەستەی نێو ژینگە، کە خۆی لەنێو سەرجەمەکە دەردەهێنێت (خۆی لەنێو بەستێنی جیهانەوە دەخاتە بەردەست)، بەوشێوەیە خۆی نیشاننادات بوونی دۆزرابێتەوە. ناتوانین ئەگەر وشەی 'دۆزینەوە' بۆ هەموو جۆرەکانی هەبوو، کە لە دازاین ناچن بەکاربهێنین.

[٨٦] ئێستا، مەبەستمان چییە لەوەی، کە ئەو هەبووانەی لەنێو جیهاندا ڕزگاردەبن، دەبێت لە پێشتر خۆیان دەرخستبێت؟ تێگەیشتن لە بوون سەر بە بوونی دازاینە. بوونی هەموو تێگەیشتنێک [*Verständnis*] لە کردەوەی تێگەیشتندایە [*Verstehen*]. ئەگەر بوون-لەنێو-جیهان سەر بە بوونی دازاین بێت، ئەوا تێگەیشتن لە بوون-لەنێو-جیهانیش سەر بە ناوەڕۆکی تێگەیشتنی ئەوە لە بوون.

ڕووبەڕووبوونەوە لەپێشترەکەی لەنێو جیهان، لەم لایەنەوە ڕزگارکردنە و تێگەیشتنە لە جیهان؛ ئەو جیهانەی بەردەوام دازاین ڕووی تێدەکات. وەرگرتنی شتێک لەنێو شتێکی دیکەدا لەپێشتر دەکەوێتە سەر تێگەیشتنمان لەو شتانە و دەورگرتنەکەیان، کە "لەگەڵ-ئەو" هەروەها "لەنێو-ئەو" شتەدا دەورەکە وەردەگرن. هەر شتێک بەمجۆرە بێت و ئەوەی دەبێت بە بناخەشی، وەکو "بەرەو-ئەو" شتەی دەورەکەی تێدا وەردەگرێت یان "لەپێناوی-ئەو" شتەدا، کە بەردەوام ڕووی تێدەکات، دەبێت لەپێشتر دەرکەون و بە ڕادەیەک بزانرێن. ئەو شتە چییە دازاین بە هۆیەوە لە بوونی خۆی لەنێو-جیهان پێش-ئۆنتۆلۆجییانە تێدەگات؟

لە تێگەیشتندا بەستێنی پەیوەندییەکان، کە دازاین لەپێناوی-شتێکدا و دیار و نادیار لایەنی هێزەکی بوونی لە پێناویدا پێدەناسێت دەکرێت ڕەسەن و ناڕەسەنانە بێت. "لەپێناوی-ئەو" شتەدا باسی "بەرەو-ئەو"

شته له ئەگەری "لەنێو-ئەو" شته دەکات و دەورگرتنەکەی دیاریدەکات؛ بونیادی دەرکەوتنەکەشی بۆ دەورگرتن ڕوونیدەکاتەوە، که ئەمه دەورگرتنی شتێکه لەگەڵ شتێکی دیکەدا. دازاین بەردەوام له هەموو حاڵەتێکدا، وەکو لەپێناوی-ئەو-شتەی لەگەڵ-ئەوەدا دەوردەگرێت، ئاماژەی بۆ دەکرێت؛ واته، بەو ڕادەیەی هەیه بەردەوام هەبووەکان، وەکو بابەتی بەردەست له شێوازی ئاماژەکردندا بۆ دەرخستنی هەبووەکانه، که لەپێشتر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەمەش شوێنی ئاماژەکردنەکه به تێگەیشتنەوە له دەورگرتنەکەدا به دیاردەی جیهان دادەنێت. بونیادی ئەوەی دازاین ئاماژەی بۆدەکات، دەبێت به پێکهاتەی جیهانێتی جیهان.

لەو شوێنەی دازاین تیایدا له بوونی خۆی بەمجۆره تیدەگات شتێکه له نزیکەوه لەگەڵیدا ئاشنایه. ئاشنابوونەکەشی لەگەڵ جیهاندا پێویستی به دامەزراندنی پەیوەندییەکەی لەسەر بنەمای بیردۆزەیەکی ئاشکرا نییه. بەهەرحاڵ ئەگەری ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی-بوونگەرانه بۆ پەیوەندییەکان دەکەوێته سەر ئاشنابوونی لەگەڵ جیهاندا؛ ئاشنابوونەکەش دەبێتەوە به پێکهاتەی دازاین و تێگەیشتنی دازاین له بوون پەیدادەکات. ئەم ئەگەره دەبێت باشتر بهێنرێته کایەوه له کاتێکدا دازاین خۆی بۆ ڕاڤەکردنی بنەڕەتیی بۆ بوونی و ئەگەرەکانی بوونی ئامادەدەکات و دەیەوێت له واتای بوونیش بەگشتی تێبگات. بەڵام ، تاکو ئێره شیکردنەوەکەمان تەنیا ئەو ئاسۆیەی کردۆتەوه بابەتەکانی، وەکو جیهانێتی و جیهان تیادا دەناسرێن.

[٨٧] ئەگەر بمانەوێت باسەکەمان بەرەوپێشەوه بەرین پێویسته یەکەمجار چۆن ئۆنتۆلۆجییانه له ئاماژەکردنی دازاین بۆ بوونی خۆی

تێدەگەین لە کردەوەی تێگەیشتندا، کە دوایی بە درێژی باسیدەکەین، دەبێت پەیوەندییەکانی سەرەوە لەپێشتر خۆیان دەربخەن؛ تێگەیشتنەکەش لەم دەرخستنەدا دەیانگاتێ. لەگەڵیاندا ئاشنادەبێت؛ بەم کارەش لە پێش خۆیدا دەیانگرێت چونکە لەمەدا ئەرکەکەی دەکەوێتەگەر. تێگەیشتن لەنێو هەروەها لەگەڵ ئەم پەیوەندییانەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت. خەسڵەتی پەیوەندێتی ئەم پەیوەندییە ئاماژەبۆکراوانەش بە "گرنگێتی" ناوزەددەکەین. لەگەڵ ئاشنابوونی بەم پەیوەندییانەوە دازاین ئاماژە بۆ خۆی دەکات: لە سەرەتاوە دەیەوێت لە بوونی خۆی و لایەنی هێزەکی بوونی لەنێو-جیهان تێبگات. "لەپێناوی-ئەو" شتەدا ئاماژە بۆ-ئەو شتە "بەرەو-ئەو" شتە دەکات؛ ئەمەش دەبێت بە "بەرەو-ئەو" شتە و "لەنێو-ئەو" شتەی دەورگرتنەکە ڕوودەدات. ئەم پەیوەندییانەش، وەکو (هەموو)یەک پێکەوە گرێدراون؛ ئاماژەکردنێکن دازاین بۆ تێگەیشتن لە بوونی لەنێو-جیهاندا لەپێشتر دایاندەنێت.

ئێمە سەرجەمی ئەم پەیوەندییانەی ئاماژەیان بۆ دەکرێت ناو دەنێێین"گرنگێتی". ئەمەش بونیادی جیهان پێکدەهێنێت-ئەو بونیادەی دازاینی تێدایە. **ئاشنابوونی دازاین لەگەڵ گرنگییەکەدا مەرجێکی ئۆنتیکییە بۆ ئەگەری دۆزینەوەی هەبووەکانی نێو جیهان و دەورگرتنەکەی (بابەتەکانی بەردەست) ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هەبووەکانیش بەو جۆرەی هەن خۆیان دەناسێنن.** دازاین هەمیشە بەمجۆرەیە؛ لەگەڵ بوونیدا بەستێنی بابەتی بەردەست دەدۆزێتەوە. مادام دازاین هەیە، لەنێو جیهانێکدایە خۆی بە دەستەوە دەدات و تیایدا ڕووبەڕووی شتەکان دەبێتەوە. خۆبەدەستدانەکەش سەر بە بوونێتی.

بەڵام، لە گرنگێتیدا، کە دازاین هەمیشە لەگەڵیدا ئاشنایە، مەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بەخۆوە دەگرێت. بۆ دازاین، لەبەرئەوەی دەیەوێت تێبگات و ڕاڤەبکات، لەدەرخستنی گرنگێتییەکاندا دەبێت بە ڕێگاخۆشکەر؛ لەگەڵ ئەمانەشدا، دواجار بوونی وشەکان و زمان دادەمەزرێت.
گرنگێتییە دیارەکە، کەوابوو دەبێت بە حاڵەتێکی بوونگەرانەی دازاین یان بوونی ئەو لەنێو جیهاندا؛ هەروەها، مەرجێکی ئۆنتیکییە بۆ ئەگەری دۆزینەوەی سەرجەمی دەورگرتنەکان. ئەگەر توانیبێتمان بیسەلمێنین، بوونی بابەتی-بەردەست، وەکو بەستێنی ئەرک و ئاماژەکردنەکان پێناسدەکرێت و تەنانەت جیهانێتیش هەمان پێناسەی بۆ دادەنرێت، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە "بوونی جەوهەریی" هەبووەکان لەنێو-جیهاندا لەنێو سیستەمی پەیوەندییەکاندا تواونەتەوە؟ مادام پەیوەندیش هەمیشە شتێکە بیری لێدەکرێتەوە، ئایا بوونی هەبووەکان لەنێو-جیهاندا نابێت بە "بیرکردنەوەیەکی ڕووت"؟
[٨٨] لەنێو بواری توێژینەوەکەماندا جیاوازی نێوان بونیاد و ڕەهەندەکان، کێشە ئۆنتۆلۆجییەکان، کە چەندجار باسمانکردون، دەبێت بەم جۆرە دیارییبکرێن: یەکەم، بوونی ئەو هەبووانەی لەنێو جیهاندان و لە ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵیاندا دەبن بە بابەتی-بەردەست؛ دووەم، ئەو هەبووانەی بابەتی دەرەکین دەدۆزرێنەوە و بەوجۆرەی هەن دەیانناسین؛ سێیەم، بوونی بارودۆخی ئۆنتیکی، کە دەبێتە زەمینە بۆ دۆزینەوەی هەبووەکان لەنێو جیهاندا بەگشتی و جیهانێتی جیهانیش. بوونی سێیەم پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجیمان بۆ دیاریکردنی سروشتی بوون-لەنێو-جیهان دەداتێ، کە سەر بە بوونی دازاینە.

دوو چەمکەکەی دیکەی بوون کاتیگۆرین و سەر بەو جۆرە هەبووانەن، کە دازاین نین. بەستێنی ئەرک و ئاماژەکردنەکان، وەکو گرنگێتی پێکهاتەی جیهانێتییە. دەکرێت ڕووکەشانەش بە سیستەمی پەیوەندییەکان دابنرێت. بەڵام پێویستە ئەو خاڵە ڕەچاوبکرێت، کە ڕووکەشییەکە ئەوەندە دیاردەکان تەختدەکات ناوەڕۆکی فینۆمینانە بزربکەن.

پەیوەندییەکان و پەیوەندیدارەکانیش "لەپێناوی-ئەو" شتە و "بۆ-ئەو" شتە و"لەگەڵ-ئەو" شتە لەنێو دەورگرتندان. هیچ خەسڵەتێکی ماتماتیکی وەرناگرن؛ ئەوەش نین لەنێو بیرکردنەوەدا زووتر سەرهەڵدەن. ئەو پەیوەندییانەن، کە تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە تیایاندا جێنشین دەبێت. ئەم سیستەمی پەیوەندییەی پێکهاتەی جیهانێتی بوونی هەبووەکانی نێو جیهان ناتوێنێتەوە. بەپێچەوانەوە، هەبووەکان بە ناوەڕۆکیانەوە بەو شێوەیەی هەن دەناسرێن و بە جیهانبوونی جیهانەوە دەیانبەستێتەوە. لەسەر بناخەی بوونەدەرەکییەکان هەبووەکانیش لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکەکاندا ماتماتیکانە خەسڵەتەکانیان دیاریدەکرێن. ئەم چەمکانەش لە ڕوویەکی ئۆنتۆلۆجییانەوە لە پەیوەندییان بە بوونی ئەو هەبووانەی ناوەڕۆکێکی ڕووتیان هەیە مسۆگەر دەکرێن.

بۆ دیاریکردنی کێشەی ئۆنتۆلۆجییانەی بەجیهانبوون بە شێوەیەکی ئاشکراتر پێویستە زۆر نەڕۆین تاکو ڕاڤەکردنەکەمان بۆ جیهانێتی لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکان بەراوردنەکرێن.

**با. جیاوازی نێوان شیکردنەوەی ئێمە بۆ جیهانێتی و ڕاڤەکردنی دێکارت بۆ جیهان**

[٨٩] توێژینەوەکەمان هەنگاو بە هەنگاو چەمک و بونیادی دیاردەی جیهانێتی وەدەستدەهێنێت. لە سەرەتاوە ڕاڤەکردنی جیهان لەهەبوویەکی نێو جیهانەوە دەستپێدەکات. لەبەر ئەمە دیاردەی جیهان بەگشتی نابینرێت؛ پێویستە هەوڵبدەین ئۆنتۆلۆجییانە خاڵی دەرچوونەکە ڕوونبکەینەوە. هەروەها، نامانەوێت بە کورتی لەسەر خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئۆنتۆلۆجی دێکارت بۆ جیهان بدوێین. پێشبیرەکانیش لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکەمان باسدەکەین. ئەمەش یارمەتیماندەدات بزانین چ بناخەیەکی ئۆنتۆلۆجی باسنەکراوە و ڕاڤەکردنەکەی دێکارت بۆ جیهان و پێش ئەویش ئاوەڕیان لێنەدراوەتەوە.

دێکارت درێژبوون بە خەسڵەتێکی بنەڕەتی و ئۆنتۆلۆجییانەی جیهان دادەنێت. بەو ڕادەیەی درێژبوون پێکهاتەی شوێنە (دێکارت لە شوێنی جیاناکاتەوە)، شوێنیش پێکهاتەی جیهانە، ئەوا باس لەسەر ئۆنتۆلۆجی دێکارت بۆ جیهان نێگەتیڤانە بۆ باسکردنێکی پۆزەتیڤانە بۆ شوێنی ژینگە و دازاین پشتگیریمان دەکات.

سێ سەرباسیش لە ئۆنتۆلۆجی دێکارتدا هەن، پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین: یەکەم، پێناسەکەردنی جیهان، وەکو هەبوویەکی درێژەوەبوو. (کورتەبەشی ١٩) ؛ دووەم، بنەماکانی ئەم پێناسە ئۆنتۆلۆجییە (کورتەبەشی ٢٠)؛ سێیەم، شیکردنەوەیەکی هێرمینیۆتیکییانەی ئۆنتۆلۆجی دێکارت بۆ جیهان (کورتەبەشی ٢١). ئەم تێڕوانینانەش زۆرتر لەسەر زەمینەی هەڵوەشاندنەوەی

فینۆمینۆلۆجییانەی "من بیردەکەمەوە" دەردەکەون. (بڕوانە کەرتی دوو، بەشی دوو).[43]

## ١٩. پێناسەی جیهان وەکو هەبوویەکی درێژەوەبوو

دێکارت "من بیردەکەمەوە" و "بوونی لەش" لە یەکدی جیادەکاتەوە. ئەمەش ئۆنتۆلۆجییانە دەبێت بە جیاوازی نێوان 'گیان' و 'سروشت' گرنگ نییە چەندجۆر جیاوازی لەنێوانیاندا بدۆزرێتەوە هێشتا جیاوازییە ئۆنتۆلۆجییەکە و دژایەتی نێوانیان بەتەواوی ڕوونەکراوەتەوە؛ ڕوونەکردنەوەکەش لە نزیکەوە پەیوەندی بە جیاوازییە دێکارتییەکەوە هەیە. ئایا ئەو لە کاتێکدا بوونی هەبووەکان پێناسدەکات بیر لە چ بوونێک دەکاتەوە؟ ئەو چەمکەی بۆ بوونی هەبووەکان بەکاریدەهێنێت 'جەوهەر'ە. هەندێکجار ئەم چەمکە واتای بوونی هەبوویەک، وەکو جەوهەر یان جەوهەرێتی دەبەخشێت. جاری دیکەش، خودی هەبووەکەیە. کاتێک جەوهەر بەم دووجۆرە بەکاردێت نابێت بە ڕووداو. ئەمەش لەکۆندا بەکارهێنراوە.

[٩٠] بۆ ئەوەی سرەشتی 'لەش' ئۆنتۆلۆجییانە دیارییبکرێت پێویستە جەوهەری دەربخرێت. چی دەبێت بە بوون-لەنێو-خۆ بۆ لەش؟ چۆن دەتوانین بەو جەوهەرە بگەین و جەوهەرێتییەکەی بناسین؟ جەوهەر بە هۆی خەسڵەتەکانییەوە دەناسرێت. هەموو جەوهەرێکیش خەسڵەتی ناوەکی هەیە. ئایا خەسڵەتی ناوەکی لە لەشدا هەیە؟ درێژبوونەوە،

---

[43] هایدیگەر ئەم بەشەی بۆ (بوون و کات) نەنوسی و بڵاووینەکردەوە. (م.ک)

پانی، بەرزی و درێژی دەبن بە خەسڵەتاکانی جەوهەویی بۆ لەش، کە ئێمە بە جیهان ناوزەدیدەکەین. ئایا درێژبوونەوە چی تایبەتمەندێتییەکی هەیە؟ درێژبوونەوە حاڵەتی بوونە و پێکهاتەی ئەو هەبووەیە باسدەکرێت. ئەو هەبووەیە پێش دەرخستنی لایەنەکانی بوون دەبێت هەبێت. لەم بۆچوونەوە سەلماندنی درێژبوونەوە و جەوهەرێتی جیهان لەوێدا پەیدا دەبن، کە هەموو خەسڵەتەکانی دیکەی جەوهەر، لە سەروو هەموویانەوە (دابەشبوون، شێوە و جوڵان)، وەکو شێوازاکانی درێژبوونەوە دەبینرێن. درێژبوونەوەش لە ڕێگەی شێوە و جوڵانەوە دەدۆزرێتەوە.

هەبوویەکی (ماتەر)ی و خاوەنی خەسڵەتی درێژبوونەوە بە گۆڕان لە نێو ڕەهەندەکانی بوونیدا تێدەپەڕێت و لە چەند شێوازێکیشدا دەتوانێت خۆی دەربخات "... هەمان شت یان هەمان تەن دەتوانێت بە چەند جۆرێک درێژتر، پانتر یان باریکتر لە جاران خۆی نیشاندات." وەکو خۆشی دەمێنێتەوە. ئەمە شێوەی بوونی درێژبوونەوەیە لە نێو جیهاندا: جوڵانیش لەوێدا دەناسرێت، ئەگەر تەنیا بیر لەو شتە بکەینەوە لەنێو شوێندایە و پرسیار لە بارەی هێزی جوڵانەکە نەکەین. ئەگەر جوڵان سەر بە بوونی هەبوویەکی ماتەری بێت، بۆ ئەوەی بە ئەزمونیش بناسرێت دەبێت بەو بوونەوە بناسرێت؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خۆی، وەکو جوڵانی نێوشوێن نیشاندەدات. هێز هیچ شتێکی زۆرتر ناخاتە سەربوونی. لەگەڵ جیاکردنەوەی خەسڵەتەکانی ڕەقی، گرانی و ڕەنگ تەن، وەکو، خۆی بە ماتەری دەمێنێتەوە چونکە ئەم خەسڵەتانە بوونی ڕاستەقینەی

ئەو پێکناهێنن؛ تەنیا شێوازی درێژبوونەوەن. دێکارت هەوڵیداوە ئەم خاڵە بە درێژی لەسەر خەسڵەتی 'ڕەقی' باسبکات: "هەستەکانمان بێجگە لە بەرگریکردنی لە شتێک لە کاتی دەستلێدان هیچی دیکەمان سەبارەت ڕەقی نادەنێ. ئەگەر دەستمان بەرەو بەشێکی تەنەکە بەرین هەموو بەشەکانی دیکەی تەنەکە بەهەمان هێزەوە بەرەودواوە دەکشێن [لەمحاڵەتەدا]هەست بەڕەقییەکە ناکەین. هەروەها ئەو لەشە خەسڵەتی بەماتەربوونی خۆشی ونناکات؛ کەوابوو، ئەمە لەنێو ڕەقیدا نییە." [44]

ڕەقی بە ڕێگەی دەستلێدانەوە دەدۆزرێتەوە. ئایا ئەم هەستکردنە چیمان دەداتێ؟ بەشەکانی تەنە ڕەقەکە لەژێر دەستماندا و کاتێک پاڵی پێوەدەنێین، بەرگریدەکەن. ئەگەر تەنە ڕەقەکان، ئەو تەنانەی بەرگریدەکەن، شوێنی خۆیان بە خێرایی بۆ دەستەکان بگۆڕن، کە پاڵیان پێوەدەنێن، هیچ شتێک بەردەست ناکەون و ڕەقیش دەرناکەوێت و نابێت. بەڵام هەرگیز ناگونجێت بیر لەوە بکرێتەوە، کە ئەو تەنانە بوونی ماتەرییان لە ناودەچێت. ئەگەر ئەمە بەو خێراییەوە لە جوڵانەکەشیاندا بپارێزن، کە دژوارە خەسڵەتی ڕەقی تیایدا بمێنێتەوە، ئەوا ناکرێت ڕەقی بە خەسڵەتی بوونیان دابنرێت،" بەهەمانشێوە، دەتوانین بیسەلمێنین، گرانی، ڕەنگ و خەسڵەتەکانی دیکەی وەکو ئەمانە، کە هەستەکین و لەنێو تەنی ماتەریدان، لەو تەنە جیادەبنەوە و تەنەکەش، وەکو خۆی دەمێنێتەوە؛ ئەمەش دەریدەخات، کە درێژبوونەوە لەسەر ئەم خەسڵەتانە

---

[44] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت، بەشی دووەم، کورتەبەشی چوارەم. (م.ک)

ڕاناوەستێت". [45] کەوابوو، درێژبوونەوە بوونی هەبووی ماتەری پێکدەهێنێت: ئەوەیە بە دابەشبوون، شێوازوەرگرتن و جوڵان گۆڕانەکان لەبوونیدا دروستدەکات و لەنێو گۆڕانکارییەکانیشدا، وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ڕاستەقینەی هەموو تەنێکی ماتەری ئەو شتەیە، کە دەمێنێتەوە. ئەمەش ناوەڕۆکی ئەو جەوهەرە دیاریدەکات.

## ٢٠. بنەما ئۆنتۆلۆجییەکان بۆ پێناسەکردنی 'جیهان'

[٩٢] بیرۆکەی بوونی درێژبوونەوە، کە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکەی لەسەر دەوەستێت جەوهەرێتییە، "جەوهەر ئەو هەبووەیە، کە پێویستی بە هیچ شتێک بۆ بوونی نییە." [46] خەسڵەتی بوونی جەوهەر لەوەدایە پیویستی بە هیچ نەبێت. هەر شتێک لە بوونیدا پێویستی بە هیچ نەبوو ئەوا ئەو شتە پڕ بە واتا جەوهەرە،"...تەنیا یەک جەوهەر هەیە، کە پێویستی بە هیچ نییە، ئەویش، بەدڵنیاییەوە، خوایە."[47] لێرەدا، خوا چەمکێکی ڕووتی ئۆنتۆلۆجییانەیە، ئەگەر بەو هەبووە تەواوکۆیە

---

[45] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت. (م.ک)

[46] ئەم پێناسەیەی دێکارت لە ئەریستۆوە وەرگیراوە و هایدیگەریش لەهەمان سەرچاوەی دێکارتەوە دەریهێناوە و بەلاتینی بەم جۆرەنوسیویەتی: *Per substantian nihil aliud inte lligere possumus,quam rem quae ut nulla alia re indigeat ad existendum. ita existit,* بڕوانە: هەمان سەرچاوەی دێکارت، بڕگەی ٥١.

[47] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت.

دابنرێت، که پێویستی به هیچ نییه. لەهەمانکاتدا، واتا بەڵگە نەویستەکەی چەمکی بوونی-خوا زەمینە بۆ ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی فاکتۆری پێکهاتوی جەوهەر دادەمەزرێنێت، کە پەیوەندی بە پێویستی نەبوونەکەیەوە هەیە. "بێگومان هەموو هەبووەکانی دیکە پێویستیان بە بوونی خوایە"[48] بۆ بوون و مانەوەیان. واتای بوون لەبەر ڕۆشنایی بابەتە دەرەکییە دروستکراوەکان و ئەوانەی پێویستیان بە دروستکردن نییە دەردەکەوێت. ئەو هەبووەی بە خوا دانانرێت ئافەریدکراوە. بوونی ئەم هەبووەش بەردەوامی لە بوونی هەبووەکەی دیکەوە جیاوازە؛ بەڵام هێشتا ئافەریدکراو بە هەبوو دادەنێین. دەبێت واتای 'بوون' بە جۆرێک بەکاربهێنین ئەو جیاوازییە بەردەوامەش لەنێو خۆیدا بپێچێتەوە. هەبووە ئافەریدکراوەکانیش بە ڕادەیەک جەوهەرن، بەڵام بەرانبەر خوا دەبن بە ئافەریدکراو یان جیهان.

هەندێک هەبوو دەدۆزینەوە کە پێویستیان بە شتەکانی دیکە نەبێت، بۆنموونە مرۆڤ. ئەمجۆرە هەبووانە دووجۆر جەوهەر پێکدەهێنن: بیرکەرەوە و درێژەوەبوو.

[٩٣] بوونی ئەوجەوهەرەی خەسڵەتی درێژبوونەوەی هەیە ئۆنتۆلۆجییانە پێناسەدەکرێت ئەگەر ئێمە واتای بوونە هاوبەشییەکەی نێوان سێ جۆر لە جەوهەر؛ یەکەمیان نەبڕاوە و دووانەکەی دیکەش بڕاوە، ڕوونبکەینەوە. بەڵام، "لەوانەیە چەمکی جەوهەر بۆ بوونی خوا و هاوواتاکان گونجاو

---

[48] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت.

نەبێت؛ بە دیدی بیریارە سکۆڵەتیستییەکانیش، جیاوازی نێوان خوا و ئافەریدکراوی تێدا ئاشکرا نابێت."[49]

لێرەدا دێکارت کار لەسەر ئەو کێشەیە دەکات ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاست پێوەی ماندووبوو. ئەویش ئەو پرسیارەیە، چۆن 'بوون' ئاماژە بۆ ئەو هەبووە دەکات، کە کەسێک بیریلێدەکاتەوە. لە دەستەواژەکانی، وەکو (خوا هەیە) و (جیهان هەیە) ئێمە 'بوون' دەسەلمێنین. هەروەها، (هەیە) بۆ ئەم هەبووانە لە کاتێکدا جیاوازی نەبڕاوە لەنێوانیاندا دەدۆزینەوە هاوواتا نییە؛ ئەگەر ئاماژەکردنی (هەیە) هاوواتایی بێت، ئەوەی ئافەریدکراوە دەبێت بە ئافەریدنەکراو، ئافەریدنەکراویش واتای ئافەریدکراو دەبەخشێت.

بەڵام 'بوون'، وەکو ناوێک بۆ هەردووکیان دەگونجێت و لە هەردوو حاڵەتەکەشدا لە واتای 'بوون' تێدەگەین. ئەم ئاماژەکردنە پۆزەتیڤەی 'بوون' هەیەتی بیریارە سکۆلیستییەکان بە ئەنەلۆجی [شوبهاندن] دایانناو لە هاوواتاییەکە جیایانکردەوە. لەگەڵ شوێنکەوتنی ئەریستۆدا، کە ئەو ئاماژەی بۆ ئەم گرفتە کردووە و لە ئۆنتۆلۆجی یۆنانیشدا بەگشتی باسکراوە، بەگوێرەی جیاوازی فێرگەکان و ڕاڤەکردنیان بۆ بوون، چەند جۆرێک ئەنەلۆجی پەیدابوون. دێکارتیش لە کارکردنەکەی لەسەر ئەم گرفتە زۆر لەدوای بیریارانی سکۆلیستییەوە مایەوە؛ لەڕاستیدا ئەو خۆی لە پرسیارەکە دەدزێتەوە و لەو باوەڕەدایە "هیچ ئاماژەکردنێکی

---

[49] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت.

ئەم ناوە[جەوهەر] بۆ بوونی خوا و ئافەریدکراو نییە جیاواز لێیتێبگەین."[50] خۆدزینەوەکەی دێکارت سەرنەکەوتنێتی لە تێگەیشتن لە واتای بوون، کە جەوهەر یان خەسڵەتی هەمەکی ئاماژەکردن هەیانە. بێگومان، ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاستیش نەیتوانیوە بێجگە لە بۆچوونی کۆن بۆ بوون ڕاڤەکردنێکی نوێ بهێنێتەکایەوە. لەبەر ئەوەی بە "بەڵگە-نەویست" دانراوە واتاکەشی ڕوووننەکراوەتەوە.

[٩٤] دێکارت بەتەنیا خۆی لە پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکە سەبارەت جەوهەرێتی نادزێتەوە؛ بە ئاشکراش دەڵێت، جەوهەر یان جەوهەرێتی لە دەرەوە ناناسرێت. جەوهەر شتێک نییە کارمان تێبکات لەبەر ئەمە[هەست] بە بوونی ناکرێت.(کانت)یش دەڵێت، 'بوون' بارێکی ڕاستەقینە نییە. ئەمەش دووبارەکردنەوەی بۆچوونەکەی دێکارتە. کەوابوو، ئەگەری کێشەی بوون وازلێهێنراوە و ڕێگەش بە گەیشتنی دوورخراوەتەوە. مادام 'بوون'، وەکو هەبوو فاکتۆری نییە، وەکو ئەویش ناناسرێت ئەوا خەسڵەتە دیاریکراوەکانی هەبووەکانی بۆ ناسین و پێناسەکردنی دانراوە.

بەهەرحاڵ،[پێناسەکردنەکەشی] لەسەر خەسڵەتێک نەکراوە لەخۆڕا دانرابێت. بەڵکو ئەو خەسڵەتەی بۆ هەڵبژێردراوە، کە واتای جەوهەرێتی پێدەدات. درێژبوونەوە دراوە بە جەوهەری ماتەری، "بێگومان ئێمە چاکتر

---

[50] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت.

له واتای جەوهەری درێژەوەبوو، هەروەها جەوهەری بیرکەرەوە لە خودی جەوهەر تییێدەگەین."[51] چونکە لە بیرکردنەوەدا جیادەکرێتەوە، بەڵام لە ڕاستەقینەدا جیاناکرێتەوە. تەنانەت ئێمە ناتوانین جەوهەر، وەکو ئەوهەبووانەی جەوهەرێتییان تێدایە ببینین.

کەوابوو، زەمینە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ پێناسەکردنی جیهان، وەکو هەبوویەکی درێژەوەبوو، دۆزیوەتەوە: لەنێو بیرۆکەی جەوهەرێتیدایە، کە نەک بە تەنیا واتای بوونی ئاشکرا نییە بەڵکو بەوەش دادەنرێت، کە ڕوونەکرێتەوە و ناڕاستەوخۆ بناسرێت. لەسەرو ئەمەوە، پێناسەکردنی جەوهەر بە ڕێگەی چەند هەبوویەکی جەوهەرییەوە، دووجۆر بەکارهێنانی چەمکی جەوهەر دیاریدەکات. ئەوەی دەمانەوێت بیگەینێ جەوهەرێتییە؛ بەڵام تێگەیشتنەکەمان بەستراوە بە خەسڵەتی جەوهەرێکەوە، کە هەبووە. لەبەر ئەوەی هەبوویەکی ئۆنتیکی بووە بە ئۆنتۆلۆجییانە ئەوا چەمکی (جەوهەر)یش هەندێکجار ناوەڕۆکێکی ئۆنتۆلۆجییانەی پێدەدرێت. هەندێکجاریش دەبێت بە تێکەڵەیەکی تەماوی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانە. لە پشت ئەم ڕوونکردنەوە کەمەی واتای(جەوهەرەوە) سەرنەکەوتن لە ئاستی تێگەیشتنمان لە گرفتی بوون دەبینین. بۆ ئەوەی بە دروست کار لەسەر ئەم گرفتە بکەین، پێویستە هاوواتاییەکە بە ڕاستی بدۆزینەوە. هەرکەسێک ئەم کارەش بکات تەنیا خۆی بە کێشەی

---

[51] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت، بڕگەی ٦٣.

زمانەوە ماندووناکات؛ دەبێت مامەڵە لەگەڵ گرفتە سەرەکییەکەی "خودی شتەکان" بکات و بە جیاوازییەکی کەم بگات.

## ٢١. لێکۆڵینەوەیەکی هێرمینیۆتیکانەی ئۆنتۆلۆجی دێکارت بۆ جیهان

[٩٥] لێرەدا پرسیارە گرنگەکە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەم ئۆنتۆلۆجییە بۆ 'جیهان' بە دوای دیاردەی جیهاندا دەگەڕێت؛ ئەگەر نا، ئایا پێناسەی چەند هەبوویەکی نێو جیهان دەکات تاکو بە هۆی ئەوانەوە خەسڵەتی جیهانبوونی جیهان دەرکەوێت؟ وەڵامی ئێمە بۆ ئەم دوو پرسیارە نەرێیە. ئەو هەبووەی دێکارت هەوڵدەدات ئۆنتۆلۆجییانە لێی بکۆڵێتەوە لەسەر بنەمای 'درێژبوونەوە' بە هۆی دۆزینەوەی هەبوویەکی نێو جیهان دەبینرێت، کە ئەویش هەبوویەکی بەردەستە یان سروشتە. هەرچەندە ئەمە حاڵەتەکەیە و خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەو هەبووەش لەنێو جیهاندا لەوانەیە بەرەو ئاڵۆزیمان بەرێت، تەنانەت ئەگەر بیرۆکەی جەوهەرێتی جیهان وەرگرین و واتای (هەبوو)شی بدەینێ، دەکرێت لەسەر جیاکردنەوەیەکی بنەڕەتی خوا، بوونی من و جیهان، کێشەی ئۆنتۆلۆجی بوونی جیهان بەڕادەیەک بەرەوپێشەوە بڕوات. ئەگەر ئەمەش نەکرێت، ئەوا پێویستە بیسەلمێنین، کە چەمکی ئۆنتۆلۆجییانەی دێکارت بۆ جیهان نەک تەنیا کەموکورتی تێدایە بەڵکو ڕاڤەکردنەکە و بناخەکانیشی چاوپۆشی لە دیاردەی جیهان و بوونی هەبووەکانی نێو جیهان دەکەن، کە لە نزیکەوە بابەتەکانی بەردەستن. لە باسەکەمان بۆ جیهانێتی (کورتەبەشی ١٤)، پێشنیاری دۆزینەوەی ڕێگەیەکی

دروستمانکرد تاکو بە دیاردەکان بگەین. لە ڕەخنەگرتنمان لە خاڵی دەرچوونی دێکارت پێویستە پرسیار سەبارەت جۆری بوونی دازاین بکەین، ئەو بوونەی ڕێگەیەکی دروستمان بۆ گەیشتن بەو هەبووانەی دێکارت بوونیان بە 'درێژبوونەوە' دادەنێت و لە جیهانیان جیاناکاتەوە، بۆ پەیدادەکات. تەنیا ڕێگەیەکی دروست بۆ گەیشتن بەم هەبووانەش زانینە؛ ئەو زانینەی لە ماتماتیک و فیزیادا دەستمان کەوتووە.

[٩٦] زانینی ماتماتیکی، بە بۆچوونی دێکارت، ڕێگەیەکە بۆ ناسینی ئەو هەبووانەی بوونیان مسۆگەرە. ئەو هەبووەی لە زانینی ماتماتیکدایە، ئەوەیە، کە هەیە. بەگوێرەی ئەمە، ئەوەی خەسڵەتی مانەوە و بەردەوامی هەیە دەبێت بە پێکهاتەی بوونی ڕاستەقینەی هەبووەکان و لەنێو جیهاندا دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئەزمونمان. ئەوەی بەردەوام دەمێنێتەوە شتێکی ڕاستەقینەیە و بابەتی ماتماتیکە. ئەوەی لە هەبوویەکدا هەیە و ماتماتیک دەیەوێت بیزانێت بوونی هەبووەکەیە. کەوابوو، بوونی 'جیهان'، وەکو بیرۆکەیەکی دیاریکراوی بوون دەناسرێت، کە لەنێو چەمکی جەوهەرێتییدا و بیرۆکەی ئەو زانینەی هەبووەکان بەوجۆرە دەناسێت، شاراوەتەوە. بوونی هەبووەکانی نێو-جیهان جۆرێکە، کە خودی هەبووەکان ڕێگەیان پێدراوە بەرجەستەی بکەن؛ بەڵام دێکارت دەیشارێتەوە. لە جێگەی ئەمە لەسەر بنەمای بیرۆکەی بوون (ئەو بیرۆکەیەی بوون بە بابەتێکی دەرەکی بەردەوام دادەنێت) باسی بوونی ڕاستەقینە دەکات. لەبەر ئەمە ئۆنتۆلۆجییەکەی بۆ جیهان ئەوەندە پشت بە ماتماتیک و زانست نابەستێت هەرچەندە دێکارت جێگەیەکی بەرزیان بۆ دادەنێت. لەسەر بنەمای ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە بۆچوونەکانی

دادەمەزرێنێت و جیهان بە ئامادەبوونێکی دەرەکی بەردەوام دادەنێت، کە زانینی ماتماتیکانە بۆ ناسینی زۆر لەبارە. لێرەوە، دێکارت دەیەوێت فەلسەفییانە واز لە ئۆنتۆلۆجی کۆن بهێنێت و ڕوو لە ماتماتیک و فیزیای نوێ و بناخە بەرزەکانیان بکات.

[٩٧] دێکارت پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دروست بۆ گەیشتن بە هەبووەکانی نێو جیهان نییە. لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا ڕێگەی گەیشتن بە ڕاستی هەیە و ئامادەکراوە: ئەو ڕێگەیەش 'درککردنە' (نۆین) یان بەگشتی 'بیرکردنەوە'یە (دیانۆین). 'هەستکردنیش' بەلایەنی دژی 'بیرکردنەوە' دانراوە و یەکێکە لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو هەبووانەی خەسڵەتی هەستەکییان هەیە؛ بەڵام دێکارت ڕەخنەی لێدەگرێت چونکە لەژێر کاریگەرێتی ئۆنتۆلۆجی کۆندا بیردەکاتەوە. دەزانێت لە هەستکردندا هەبووەکان بوونی ڕاستەقینەی خۆیان دەرناخەن. ئەوەی لە نزیکەوە دەبینرێت ئەو شتەیە پێی دەوترێت مۆم، ڕەنگ و تامی هەیە، بەشێوەیەکی دیاریکراویش ڕەق و ساردە. کاتێک لێیدەدرێت دەنگیش دەردەکات. بەڵام ئەمە بەگشتی و ئۆنتۆلۆجییانەش گرنگ نییە و شتێکە هەستکردن گەیاندوویەتی. هەستەکان ناتوانن بوونی هەبوویەک بە ئێمە بناسێنن؛ ئەوان تەنیا سود و زیانی هەبووەکانی نێو جیهان بۆ لەشی مرۆڤ دیاریدەکەن. هیچ لەبارەی بوونی هەبووەکانمان نادەنێ، "دەبینین سروشتی 'ماتەر' یان 'تەن'، کە بەگشتی بۆی دەچین، لەوەدا نییە، کە ئەو شتە ڕەق و گران بێت، ڕەنگی هەبێت و کار لەسەر هەستەکان بکات، بەڵکو لەوەدایە، کە شتێکی درێژەوەبووە و پانی و بەرزی و درێژی

هەیە."[52] ئەگەر ڕاڤەکردنەکەی دێکارت بۆ ئەزمونی ڕەقی هەڵسەنگێنین و ڕەخنەی لێبگرین دەردەکەوێت لە ڕوونکردنەوەی جۆری بوونەکە لەنێو هەستکردندا چەند کەمتوانایە و تەنانەت ناتوانێت خەسڵەتەکەشی دیارییبکات (بڕوانە کورتەبەشی ١٩).

ڕەقی، وەکو بەرگریکردن دەبینرێت. بەڵام هیچ کام لەمانە بەوە دانەنراون لەنێو خۆیاندا بە ئەزمون بناسرێن و سروشتەکەیان دەرکەوێت. بۆ دێکارت، بەرگریکردن ئاڵوگۆڕنەکردنی شوێنە. ئەگەر شتێک بەرگرییبکات ئەوە دەگەیەنێت لە پەیوەندییەکەیدا بەو شتانەوە، کە دەگۆڕێن ئەم شوێنەکەی خۆی ناگۆڕێت، یان ئەوەند بەزەبرە لەگەڵ خۆیدا شتەکانی دیکەش ڕادەماڵێت.

بەڵام کاتێک ئەزمونی ڕەقی ڕاڤەدەکرێت ئەو بوونەی سەر بە ئەزمونە هەستەکییەکەیە دەخرێتە لاوەو بوونی هەبووەکانی نێو ئەزمونەکەش لە پەراوێزدا دادەنرێت. دێکارت بوونی شتێک، کە سەر بە هەستکردنە وەردەگرێت و بەو بوونەی دادەنێت، کە خۆی دەیناسێت: هەستکردن بۆ هەبوویەک دەبێت بە ڕێگەیەکی دیاریکراوی بوونی-دەرەکی-لەگەڵ هەبووەکانی دیکەی دووجۆر لەوانەی جەوهەری درێژبوونەوەیان پێدراوە؛ هەروەها پەیوەندی جوڵانەکەی شێوازێکی درێژبوونەوەیە، کە خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی و ماتەری لەسەر دیاریدەکرێت. بێگومان هەستکردن بە بە دەستلێدان پێویستی بە نزیکی بابەتە دەستلێدراوەکە هەیە. ئەمەش

---

[52] هەمان سەرچاوەی پێشوی دێکارت، بەشی دووەم، بڕگەی ٤.

ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕەقی و دەستلێدان ئۆنتۆلۆجییانە لەنێو هێزی دوو تەندا ئاشکراکراون. ڕەقی و بەرگریکردن هەرگیز خۆیان دەرناخەن ئەگەر هەبوویەکی، وەکو دازاین یان بوونەوەرێکی زیندوو نەبێت هەستیان پێبکات.

[٩٨] گفتوگۆی دێکارت لەسەر دۆزینەوەی ڕیگایەک بۆ گەیشتن بە جیهانی ناوەوەی هەبووەکان لەسەر بیرۆکەی ئەو بوونە ڕاوەستاوە، کە لە خودی جیهانی هەبووەکانەوە کۆکراوەتەوە و وەرگیراوە. بیرۆکەی بوون، وەکو بابەتێکی دەرەکی هەمیشەیی بۆ دێکارت تەنیا هاندەر نییە تاکو هەبووەکانی نێو جیهان بە جیهانە گشتییەکە دابنێت و پێناسەیەکی ڕادیکاڵانەشیان بۆ بکات؛ بۆ ناسینەوەی ئۆنتۆلۆجییانەی هەڵسوکەوتی دازاینیش ڕێگرە. بەمجۆرە، هەموو ڕێگاکان بۆ بینینی خەسڵەتە دۆزراوەکانی هەستکردن و بیرکردنەوەی ئاگامەندانە و تێگەیشتن لە ئەگەرەکانی بوون-لەنێو-جیهان بەستراون. دێکارت بوونی 'دازاین' (کە بوون-لەنیو-جیهان پێکهاتەی بنەڕەتی ئەوە) لە بوونی ئەو هەبووەی خەسڵەتی درێژەوەبوونی هەیە و جەوهەرە جیاناکاتەوە.

بەڵام، ئایا ئێمە لە ڕەخنەگرتنەکەماندا ئەرکێکی زۆرمان نەخستۆتە سەر دێکارت و نەمانسەلماندوە، کە ئەو لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا سەرنەکەوتووە؟ ئەگەر دێکارت دیاردەی جیهان نەناسێت و نەزانێ واتای لەنێو-جیهانێتی چییە، چۆن دەتوانێت بوونی جیهان و هەبووەکانی نێو جیهان بە یەک شت دابنێت؟

لە ناڕەزایی دەربڕین لەسەر بنەماکان پێویستە بابەتگەرییانە بۆ کێشەکە

بڕۆین و دۆکسۆگرافییانه بیری لێنەکەینەوە.[53] دێکارت بە تەنیا هەوڵی دەرخستنی بوونی (خۆ) و (جیهان) ی لەسەر ڕاڕەوی دوو جەوهەریێتی 'بیرکردنەوە' و 'درێژبوونەوە' نەداوە، بەڵکو لە (تێڕامانەکانیدا بەتایبەتی یەکەم و چوارەم) بانگەشەی چارەسەکردنێکی ڕادیکالانەشی بۆ کردوە. پشت بەستنی بە ئۆنتۆلۆجی کۆنەوە و بێ ڕەخنەگرتنێکی پۆزەتیڤانە نەیتوانیوە کێشەی بنەڕەتیی ئۆنتۆلۆجی دازاین ڕوونبکاتەوە؛ ئەمەش لە ئاستی دیاردەی جیهاندا بەرچاوی گرتوە و ئۆنتۆلۆجی جیهانی لەنێو چەند هەبوویەکی نێو-جیهان پەستوە. ئەم باسەی خوارەوەش ئەم خاڵە دەسەلمێنێت. دەشێ کەسێک ناڕەزایی دەربڕێت و بڵێت لەگەڵ گرفتی جیهان و بوونی هەبووەکانی نێو جیهاندا، کە ئاشکرا باسنەکراون هێشتا دێکارت توانیویەتی بناخەی خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی هەبووەکانی نێو جیهان دامەزرێنێت، کە لەوێوە بوونی هەبووەکان لەنێو سروشتە ماتەریاڵەکەدا دەدۆزێتەوە. هەبوویەکی درێژەوەبوو، لەمحاڵەتەدا، دەبێت بە زەمینە بۆ دەرکەوتنی خەسڵەتە دیاریکراوەکان، کە لەهەمانکاتدا شێوازی چەندەکی خودی درێژبوونەوەکەیە. ئەم چۆنییەتییانە، کە

---

[53] دۆکسۆگرافی وشەیەکی لێکدراوی یۆنانییە: (دۆکسۆ) واتە (بۆچوون) و (گرافی) واتە (نوسین). هەروەها لە سەرئەم شێوە زاراوەیە (کالیگراف)یشمان هەیە، کە (کالی- لە وشەی یۆنانی (کالۆس)ەوە هاتوە، واتە (جوان-خۆش) و گرافیش نوسینە. دۆکسۆگراف بەو نوسەرەش دەوترێت بۆچوونی فەیلەسوفە یۆنانییە کۆنەکان کۆدەکاتەوە و پۆلێنیان دەکات. بۆنموونە، دایۆجنیسی لارتێوس (سەدەی سێیەمی زانیین ژیاوە) بە نوسەرێکی دۆگسۆگراف دادەنرێت. (م.ک)

دەکرێت کەمبکرێنەوە، دەبن بە پێگە بۆ 'جوانی، ناشرینی، گونجان، نەگونجان، سودبەخش و زیانبەخش'.

[٩٩] پێویستە ئەم چۆنییەتیيانە بە بەهای چەندەکی بۆ هەبووەکە دانەنرێن، کە هەبوویەکی ماتەری دەکەن بە هەبوویەکی چاک. لەگەڵ ئەم ڕیزکردنەدا بەو هەبووە دەگەین، کە ئۆنتۆلۆجییانە خەسڵەتی بابەتی بەردەستمان پێبەخشی. کەوابوو، شیکردنەوەی دێکارت بۆ 'جیهان' بۆ یەکەمجار، یارمەتیمان دەدات بە دڵنیاییەوە بونیادی ئەو شتە نزیکەی بابەتێکی بەردەستە دامەزرێنین: تەنیا ئەوەندە دەخایەنێت بابەتێکی سروشتی بهێنین و بەتەواوی بیکەین بە شتێکی سودبەخش. بێجگە لە گرفتی تایبەتی خودی جیهان، ئایا لەم ڕێگەیەوە بە بوونی ئەو هەبووانەی لەنێو جیهاندان ئۆنتۆلۆجییانە دەگەین؟ کاتێک باسی هەبوویەکی ماتەری دەکەین جۆرێک بوونمان دیارینەکردوە، کە بەردەوام لە دەرەوەدا هەیە، بەو ڕادەیەی بەهای بۆ دادەنێین، ئۆنتۆلۆجییانە تەماشانەکراوە و بەهاکانیش خەسڵەتی ئۆنتیکییان نییە؟

بەهادانان هیچ زانینێکی نوێمان سەبارەت کەلوپەلەکان ناداتێ، تەنیا بوونێکی دەرەکییان لەپێشتردا بۆ دەردەخات. بەها خەسڵەتی دیاریکراو و دەرەکی هەبووە. لەکۆتاییشدا، بەهاکان سەرچاوەی ئۆنتۆلۆجییانەی خۆیان هەیە، کە لە خاڵی دەستپێکردنی ڕاستەقینەی هەبووەکاندا بنەڕەتییە. تەنانەت ئەزمونی پێش-فینۆمینۆلۆجییانە نیشانیدەدات، کە لە هەبوودا شتێک هەیە بەتەواوی ناناسرێت.

لەبەر ئەمە، پێویستە بوونی هەبووەکان بدۆزرێتەوە. کەوابوو، بوونی بەهاکان یان ڕاستییەکەیان (کە لۆتز بە شێوازێکی سەلماندنی داناوە) چ

واتایەکی ئۆنتۆلۆجییان هەیە؟ بەهادانان بۆ شتەکان چ گرنگییەکی ئۆنتۆلۆجی هەیە؟ تاکو ئەم خاڵانە ڕوونەکرێنەوە بونیادنانی شتێک، وەکو هەبوویەکی سروشتی ئۆنتۆلۆجییانە بەر پرسیار دەکەوێت. ئەگەر ئەم شتەی بەکاریدەهێنین بونیادبنێین، کە یەکەمجار بەبێ توێکڵەکەی بەردەستمان دەکەوێت، ئایا پێویستی بە تێڕوانینێکی پۆزەتیڤانە بۆ هەموو دیاردە دامەزراوەکە و بونیادکراوەکەی نییە؟ ئەگەر ڕاڤەیەکی دروستی بوونی پێش وەخت نەکەین، ئایا بونیادنانەکەمان بەبێ نەخشەدانان دەستپێناکات؟ بەو ڕادەیەی بونیادنانەکە و دەستکەوتنی جیهان لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا لە ئاکامدا بەو هەبووە دەگات ئێمە لە شیکردنەوەکەماندا بە بابەتی بەردەست و ئامێر ناوزەدمانکرد و بە دەورگرتنەوە بەستمانەوە، دەردەکەوێت بوونی ئەو هەبووە ڕوونکراوەتەوە یان بەلای کەمەوە بووە بە کێشە.

بەڵام دێکارت پاش دانانی 'درێژبوونەوە'، وەکو خەسڵەت دژوارە بە بوونی جەوهەر بگات؛ پەنابردنیش بۆ "خەسڵەتی-بەبەهاکردن" ئیمە لە بوونی بابەتەکانی بەردەست دووردەخاتەوە و ڕێگە نادات ببێت بە تێزێکی ئۆنتۆلۆجییانە.

دێکارت بواری پرسیارکردنی سەبارەت بوونی جیهان بۆ بابەتە سروشتییەکانی نزیک ئێمە گەڕاندۆتەوە. ئەو جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردوە، کە ناسینی هەبوویەک بە شێوەیەکی ئۆنتیکی تەنیا ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە بوونی هەبووەکان، کە لەو ناسینەدا بەرجەستە دەبێت. هەمانکات، پێویستە تێڕامانی ئەمەش بکەین، کە لە بنەڕەتەوە

وەدەستهێنانی هەبوویەکیـ‌ئۆنتۆلۆجی لەسەر بناخەی ئەو دۆگمایە دادەمەزرێت دێکارت دووی کەوتوە.

[١٠٠] ئێمە لە (کورتەبەشی ١٤)دا ڕوونمانکردەوە، کە بە ڕێکەوت ڕووبەڕووی هەبووەکانی نێو جیهان نابینەوە. ڕووبەڕووبوونەوەکە بۆ بوونی دازاین بنەڕەتییە. کاتێک شیکردنەوەکەمان بۆ بوونی دازاین شەفافییەت وەردەگرێت و بونیادی بوونی دازاین دەردەکەوێت، کە بۆ ئەم کێشەیە گرنگییەکی زۆری هەیە، کاتێک تێگەیشتن لە چەمکی بوون بەگشتی مسۆگەر دەکرێت، ئەوا بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکانیش ئۆنتۆلۆجییانە بۆ یەکەمجار دەناسرێن. لێرەدا ڕەخنەکەمان لەسەر ئۆنتۆلۆجی دێکارت (ئەو ئۆنتۆلۆجییەی ئەمڕۆش پەیڕەوی دەکرێت) فەلسەفییانە خۆی دەسەپێنیت. بۆ ئەم کارە، پێویستە چەندخاڵێک دەستنیشان بکەین. (بڕوانە کەرتی یەکەم، بەشی سێیەم).[54] یەکەم، بۆچی لە سەرەتاوە لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا دیاردەی جیهان، کە بۆ ئێمە گرنگە (بەتایبەتی لای پارمەنیدس) چاوپۆشی لێکراوە؟ بۆ چی چاوپۆشیلێکردنەکە بەردەوام سەریهەڵداوەتەوە؟ دووەم، بۆچی چاو لە دیاردەی جیهان پۆشراوە و لە جێگەی ئەو لێکۆڵینەوە لەسەر هەبووەکانی نێو جیهان بووە بە تێزێکی ئۆنتۆلۆجییانە؟ سێیەم، بۆچی ئەم هەبووانە لەنێو سروشتدا دۆزراونەتەوە؟ چوارەم، بۆچی ئەم

---

[54] حەزدەکەم خوێنەر بزانێت، هەرچەندە هایدیگەر ئاماژەی بۆ بەشی سێیەمی کەرتی یەکەمی ئەم نوسراوە کردوە، بەڵام ئەو بەشەی نەنوسیوە.(م.ک)

ئۆنتۆلۆجییە بۆ جیهان، وەکو ئەزمونێکی  پێویست بە یارمەتی دیاردەی بەها دامەزراوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تیگەیشتنێکی پۆزەتیڤانە بۆ کێشەی جیهان بۆ یەکەمجار پەیدادەبێت. هۆکارەکانی بۆ سەرنەکەوتنمان لە تێنەگەیشتنیشی دەناسرێن و زەمینەش بۆ ڕەتدانەوەی ئۆنتۆلۆجی کۆن دەدۆزینەوە.

[١٠١] جیهان، دازاین و هەبووەکانی نێو جیهان پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەن و نزیکترینن لە ئێمەوە؛ بەڵام ناتوانین بناخە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەکەمان لەگەڵیاندا فینۆمینەلانە مسۆگەر بکەین ئەگەر لە هەبووەکانی نێو جیهانەوە یان لەو زانینە دروستەی سەبارەت هەبووەکان هەمانە دەستپێبکەین. بۆچوونەکانمان لەسەر دێکارت ئەمەی لا ئاشکرا کردووین. ئەگەر ئەو خاڵەشمان بیرنەکەوێتەوە، کە شوێنمان بە یەکێک لە پێکهاتەکانی هەبووەکانی نێو جیهان دانا، ئەوا شیکردنەوەکەی دێکارتیش بە ڕادەیەک دەپارێزین. کاتێک دێکارت ڕادیکالانە 'درێژبوونەوە'ی بە پێشمەرج بۆ هەموو تەنێک دانا، زەمینەی بۆ تێگەیشتنی شتێکی 'لەپێشتر' خۆشکرد، کە کانت زۆرتر خۆی پێوە ماندووکرد. بە کەموکورتییەکانیشەوە، شیکردنەوەی 'درێژبوونەوە' بە گوێنەدانی بە ڕاڤەکردنی بوونی درێژبوونەوەوە نەبەستراوە. دانانی 'درێژبوونەوە' بە خەسڵەتی بنەڕەتی جیهان بەڵگەی فینۆمیناڵی خۆی هەیە. هەرچەندە پشتبەستن بەمە نە شوێنی جیهان و نەشوێنی ئەو هەبووانەی لە ژینگەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە و تەنانەت شوێنی دازاینیش ئۆنتۆلۆجییانە بە ئێمە ناناسێنێت.

## جیم. دەوروبەرێتی ژینگە و شوێنی دازاین

لە پەیوەندیمانەوە بە باسە سەرەتاییەکەمان بۆ بوون-لەنێو (بڕوانە کورتە بەشی ١٢) دەبێت دازاین بەرانبەر بوون لەنێو جیهاندا بە'لەنێو بوون' ناوزەدبکەین. ئەمەش واتە ئەو هەبووەی درێژبۆتەوە چواردەوری بە سنووره درێژبووەکانی شتەکان گیراوە. ئەو هەبووەی لەنێودایە و ئەوەی چواردەوریداوە لە دەرەوەدا و لەنێو شوێندا هەن. ئەگەر ئەمجۆرە 'لەنێو بوونە'ی شوێن بە دازاینیش بدرێت هێشتا دازاین لە دەرەوەی شوێندا دانانرێت، بەڵکو ڕێگە بۆ تەماشاکردنی ئەو شوێنێتییە ڕووندەکاتەوە، کە سەر بە بوونی دازاینە. ئەمە پێویستە باسبکرێت، بەڵام بەو ڕادەیەی هەموو هەبووەیەک لەنێو جیهاندا دەبێت لە شوێندا بێت ئەوا شوێنبوونی ئەو پەیوەندی ئۆنتۆلۆجییانەی بە جیهانەوە هەیە.

[١٠٢] پێویستە بزانین لە چ ڕوویەکەوە شوێن دەبێت بە پێکهاتەی ئەو جیهانەی بوون-لەنێو-جیهان دیاریدەکات. بەتایبەتی، پێویستە ئاشکرایبکەین چۆن دەوروبەرێتی ژینگە، شوێنی دیاریکراوی ئەو هەبووانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە لەسەر جیهانێتی جیهان دادەمەزرێن، لە کاتێکدا ئێمە ناڵێین خودی جیهان، وەکو بابەتێکی دەرەکی لەنێو شوێندا نییە.

توێژینەوەکەمان بۆ شوێنی دازاین و ئەو شێوەیەی شوێنبوونی جیهان دیاریدەکەین لە شیکردنەوەکەمان بۆ بابەتی-بەردەستی نێو شوێن لەنێو-جیهاندا دەخەینەگەر. بۆ ئەمەش سێ خاڵ باسدەکەین:

١ . شوێنبوونی بابەتی بەردەست لەنێو-جیهاندا (کورتەبەشی ٢٢)؛

٢ . شوێنبوونی بوون-لەنێو-جیهان (کورتەبەشی ٢٣)؛
٣ . شوێن و شوێنبوونی دازاین (کورتەبەشی ٢٤).

## ٢٢. شوێنبوونی بابەتی بەردەست لەنێو-جیهاندا

جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر شوێن پێکهاتەی جیهان بێت و ئێمەش هێشتا دیاریماننەکردبێت. دەبێت بە دوای خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی ئەوەی لە جیهاندا لەنێو شوێندا هەیە بگەڕێین. ئێمە، هێشتا، دیاردەی شوێنبوونی بابەتی بەردەستمان بە ئاشکرا باسنەکردوە؛ تەنانەت لە پەیوەندییەکەی بە بونیادی بونییەوە نەکۆڵیوینەتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین ئەم کارەبکەین. بە چ ڕادەیەک دیاریکردنەکەمان بۆ بابەتی-بەردەست دژی شوێنبوونەکەی ڕادەوەستێت؟ ئێمە باسی ئەو شتە نزیکانەمان کرد، کە بابەتی بەردەستن. ئەمانەش تەنیا ئەو بابەتانە نین لەپێش ئەوانی دیکەوە کاریان پێدەکەین، بەڵکو هەموو شتێکی نزیکە لە ئێمەوە. بابەتەکانی-بەردەست لە ژیانی ڕۆژانەماندا خەسڵەتی نزیکییان هەیە. بە واتایەکی تەواو، نزیکی ئەم ئامێرانە لە ئامێربوونیاندایە. هەریەکێک لە بابەتەکانی بەردەست نزیکبوونەوەی جیاوازی خۆی هەیە، کە بە پێوانی دوورییەکەی دەرناکەوێت. نزیکییەکەی بە بەکارهێنان و سودبەخشییەوە بەستراوە. هەروەها، نیگەرانیش ئامادەبوونی ئامێرەکە بەرجەستەدەکات. کاتێک دەزانین ئامێرێک لە چ ڕوویەکەوە لە ئێمەوە نزیکە تەنیا شوێنی ئەو ئامێرە دەستنیشان ناکەین، بەڵکو بەو بابەتە سودبەخشەی دادەنێین، کە بۆ مەبەستێک لە شوێنێکی دروستدا ئامادەبووە. ئامێر شوێنی خۆی هەیە و لە دەوروبەرمانە. ئەمەش دانانی

بێ سەروبەر لە شوێندا نییە. دانانی ئامێر لە شوێنێکدا بۆ مەبەستێک شوێنی ئەو بابەتە پێناسدەکات. ئەم شوێنە و فرەلایەنی شوێنی دیکەش بە دانانی بێ سەروبەری بابەتە دەرەکییەکان لەنێو شوێندا ڕاڤەناکرێت. شوێن هەمیشە 'ئەو شوێنە' یان 'ئەوێ'یە، وەکو دیاردەیەک شتە سودبەخشەکان تیایدا دانراون.

[١٠٣] بوون لەنێو شوێن یان 'لەوێدا' خەسڵەتی بابەتی بەردەستی سودبەخشەکە لەنێو هەموو بابەتەکاندا دیاریدەکات. بەڵام بەگشتی، چەمکی 'لەوێدا'، کە بۆ شوێنی هەموو ئامێرەکان دادەنرێت، مەرجە بۆ سەربەشوێنبوونی ئامێرێک و دانانی لەو شوێنەدا. ئەم شوێنەش ناودەنێین (ناوچە).

(لەنێو ناوچە) تەنیا واتای (ڕێنمایی) نابەخشێت، بەڵکو لەنێو خولی شتەکەدا ئاڕاستەکردنەکە دەستنیشاندەکات. جۆری ئەو شوێنەی دەبێت بە پێکهاتەی ڕێنمایکردن و دووری (نزیکیش شێوازێکی دوورییە) ڕوو لە ناوچە دەکات و لەنێو ناوچەشدایە. ئەگەر ئاماژە بۆ شوێنی هەموو ئامێرە سودبەخشەکان بکرێت پێویستە لەپێشەوە ناوچەیەک بدۆزرێتەوە. ناوچەگەرێتی فرەلایەنی شوێنەکان بۆ بابەتەکانی بەردەست 'دەوروبەر' پێکدەهێنێت و ئێمە لە جیهانی چواردەورماندا ڕووبەڕووی دەبینەوە. سێ-ڕەهەندێتی فرەجۆری دانانەکانیش بۆ بابەتە دەرەکییەکان هەرگیز پەیداناکرێت. ڕەهەندی شوێن لەنێو شوێنبوونی بابەتی-بەردەستدا شاراوەتەوە. 'سەرەوە' لە بنمیچەکەدایە، 'خوارەوە'ش لەسەر زەوی و 'لەپشتەوە' لە تەنیشت دەرگاکەوەیە. هەموو ئەم ئاماژەکردنانە بۆ شوێن

له مامەڵەکردنی ژیانی ڕۆژانەماندا دەیاندۆزینەوە و دەریاندەبڕین؛ لەسەر پێوەری شوێن نایانخوێنینەوە و لەنێو کەتەلۆگدا دایاننانێین.
بابەتە دەرەکییەکان ناوچەکان پێکناهێنن؛ ئەوان هەمیشە بابەتی بەردەستن و لەنێو شوێنی تایبەتیدان. شوێنەکانیش بە بابەتە بەردەستەکان لەنێو نیگەرانیماندا دەدرێن یان ئێمە توشیاندەبین. کەوابوو، ئەوەی بەردەوام بابەتێکی-بەردەستە و لەنێو جیهاندایە شوێنی هەیە. لە 'کوێ'ی بابەتێکی-بەردەست بە نیگەرانییەوە تەماشادەکرێت و بەرەو هەموو بابەتە-بەردەستەکانی دیکە بە ڕێدەخرێت. ئەو خۆرەی هەموو ڕۆژێک تیشک و گەرماییەکەی بەکاردێت شوێنی خۆی هەیە؛ خۆرهەڵات، نیوەڕۆ، خۆرئاوا و نیوەشەوە؛ دەدۆزرێنەوە و بەگوێرەی سودوەرگرتن لە خۆرەوە دەردەبڕێن. لێرەدا بابەتێکی-بەردەستی بەردەوامان هەیە، هەرچەندە گۆڕانی بەسەردادێت؛ شوێنەکانی ئاماژە بۆ ناوچەی جیاوازدەکەن. ئەم ناوچانەی ئاسمان، کە هێشتا واتا جوگرافییەکانیان ئاشکرا نەکراون، لەپێشوەختا 'ئەوێ' بۆ هەموو ناوچەیەک دیاریدەکات، کە شوێن دەیگرێتەوە. خانوەکە شوێنی بەر هەتاو و سێبەریشی هەیە؛ ژوورەکانی بەگوێرەی ئەمە دروستکراون و بوون بە ئامێر. کەنیسە و گۆڕەکان، بۆنموونە، بەگوێرەی خۆرهەڵاتن و ئاوابوون-ناوچەکانی ژیان و مردن، کە پەیوەندییان بە ئەگەری بوونی دازاین لەنێو جیهاندا هەیە، دامەزراون.
[١٠٤] له بوونی دازایندا بوون بووه بە کێشە؛ نیگەرانییەکەشی لەپێش وەختا ئەو ناوچانە دەدۆزێتەوە، کە دەوریان تیدا دەبینێت. دۆزینەوەکەی

پێشوەختیش لەسەر هەموو دەورگرتنەکان ڕادەوەستێت، کە ئەوەی لەبەردەستدایە تیایدا سەربەستانە وازی لێدەهێنرێت.

ئەو بابەتە-بەردەستەی سەر بە ناوچەیەکە خەسڵەتی شارەزابوونێکی نادیاری هەیە. ئەو کاتە ناوچەکەش ئاشکرادەبێت، کە کەسێک بە نیگەرانییەوە بابەتێکی-بەردەست پەیدادەکات. ئەگەر بابەتێکیش لە شوێنی خۆیدا پەیدانەکەین ناوچەکە خۆی دەردەخات. ئەو شوێنەی لە ڕێگەی بوون-لەنێو-جیهانەوە دەدۆزرێتەوە و دەبێت بە شوێن بۆ هەموو ئامێرەکان هەمیشە سەر بە بوونی شتەکانە. بەڵام، شوێنی ڕووت هێشتا داپۆشراوە و دیار نییە. شوێن بەسەر جێگاکاندا دابەشکراوە. ئەم شوێنەش لە بەستێنی هەموو دەورگرتنەکان بەگوێرەی بوونی بابەتە بەردەستەکانی نێو جیهان یەکێتی خۆی هەیە. ژینگە لە پێشوەختا خۆی لەنێو شوێن ڕیکناخات، کە لەپێشتر دانرابێت؛ بەڵکو جیهانێتییەکی دیاریکراوی ئاماژەکردن و بەستێنە دروست و گشتییەکەی جیهانی دەداتێ. جیهان شوێنی ئەو دەردەخات. ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتێکی بەردەست لەنێو شوێندا ئۆنتیکییانەش ڕوودەدات چونکە دازاین، وەکو بوونی-لەنێو-جیهاندا، سەر بە شوینە.

## ٢٣. شوێنبوونی بوون-لەنێو-جیهان

[١٠٥] ئەگەر خەسڵەتی شوێنبوون بە دازاین بدەین ئەوا دەبێت دازاین بە خاوەنی ئەم بوون-لەنێو-شوێنە دابنرێت. دازاین لە بنەڕەتدا هەبوویەکی دەرەکی نییە؛ شوێنبوونی ئەوە ناگەیەنێت، کە بە ڕووداو لەنێو شوێن یان

جیهاندایە. هەروەها، وەکو بابەتێکی بەردەستیش پەیوەندی بە شوێنەوە نییە. هەردوو ئەم شێوازی بوونە سەر بە هەبووەکانی نێو جیهانن. دازاین بە جۆرێک (لەنێو) جیهانە، کە مامەڵە لەگەڵ هەبووەکانی نێو-جیهاندا دەکات. مامەڵەکردنەکەشی شارەزایانە و بە نیگەرانییەوەیە. شوێنبوونی ئەوە دەگەیەنێت، کە (لەنێو)دایە. بەڵام شوێنبوونی خەسڵەتی نزیکی و ڕێنمایی هەیە. مەبەستمان لە نزیکی بۆ دازاین دووری نێوان نییە. ئێمە ئەم چەمکە بە دوو شێوە؛ کرداری چاک و ناچالاک لێکدەدەینەوە. لەلایەکەوە، پێکهاتەی بوونی دازاینە، کە دوورخستنەوە بە واتایەکی تەواو لە شێوەی فاکتۆردا دەبەخشتێت. هەروەها، نزیکی واتای لەناوبردنی دووریش دەگرێتەوە و شتێک نزیکدەکاتەوە.

دازاین لە بنەڕەتەوە نزیکییە؛ شتەکان بەرەو خۆی دەبات. نزیکی دووریش دەدۆزێتەوە؛ دووری، وەکو نێوان، خەسڵەتی کاتیگۆرییانەی ئەو هەبووانەیە، کە بە سروشت دازاین نین. بەهەرحاڵ، نزیکی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە؛ پێویستە ئەم خاڵەش لەبیرنەکەین. تەنیا لەبەرجەستەبوونی هەبووەکان بۆ دازاین لە نزیکەوە، دووری و نێوانیان لەنێو جیهاندا دەردەکەون. دوو خاڵ، وەکو دوو شت لەیەکدییەوە کەم دوورن چونکە هیچ کام لەو شتانە ناتوانن لە بوونیاندا نزیکی نیشانبدەن. ئەوان نێوانێکیان هەیە، کە دەپێورێت و ئێمەش بە نزیکییەکەمانەوە دەیناسین.

[١٠٦] نزیکی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەمکییە، کە نزیکبوونەوەی شتێک بە واتای ئامادەکردنی و بەکارهێنانی دەخاتەڕوو. لە ڕوویەکەوە، دۆزینەوەی هەبووەکان بە زانینێکی ڕووت خەسڵەتی نزیکبوونەوەی تێدایە. دازاین لە

بنەڕەتەوە مەیلی نزیکبوونەوەی هەیە. پەلەکردن لە کارەکانماندا پاڵنەرە بۆ داگیرکردن و لەناوبردنی دووری. دازاین، بۆنموونە، بە ڕادیۆکەی جیهانی ئەمڕۆ، کە ناتوانێت پێشبینی بکات، لە خۆی نزیکدەکاتەوە. نزیکی بە ئاشکرا پێوانی نێوان بابەتەکانی بەردەست و دازاین نییە. لەسەرو ئەمەشەوە، دووری بە نێوان ناپێورێت. پێوانی دووری لە ژیانی ڕۆژانەی دازاییندا ڕێژەییە. بەگوێرەی ژمێریاری دەشێ پێوانەکە گۆڕانی بەسەردابێت و ناتەواوبێت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەی دازاییندا واتای خۆی هەیە. ئێمە دەڵێێن دووری ئەو شوێنە بە قەد "کاتی پیاسەیەکە"، "بەردێک فڕێدەیت دەگاتە ئەوێ"، یان "ئەوەندەی جگەرەکیشانێکە". ئەم پێوانانە بە تەنیا پێوانەنەکردنەکە ناگەیەنن چونکە دووری نێوان شتەکان بە نیگەرانییەوە بەستراوە. ئەگەر پێوانەیەکی تەواویشی بۆ دیارییبکەین و بڵێین، ماڵەوە نیو کاتژمێر دوورە، ئەوا ئەم پێوانەکردنەش مەزەندە. نیو کاتژمێر سی خولە نییە، بەڵکو بەردەوامییەکە، کە درێژایی لە ڕووی ڕاکێشانی چەندەکییەوە نییە. بەردەوامییەکەش بەگوێرەی شارەزابوون و چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕاڤەدەکرێت.[55] دوورییەکان بەگوێرەی دەوروبەری دەپێورێن. گرنگ نییە چەند لە ژمێریاری و پێواندا شارەزابیت. مادام ئەوەی لە پێوانەکەدا نزیکە و بابەتێکی بەردەستە، ئەوا خەسڵەتی

---

[55] بە بۆچوونی من لەم خاڵەدا هایدیگەر لەگەڵ هێنری برگسۆن هاوڕایە، کە دەڵێت دووری و نزیکی لەنێو کاتی ئاگامەندییدا چەندەکی نییە و هەروەها پەیوەندی بە هەستکردنی ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە. (م.ک)

بوونـ‌لەنێوـ‌جیهانی خۆی ونناکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەو ڕێگایانەی ئێمە بۆ نزیکبوونەوەمان دەیانگرینەبەر لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی دیکە درێژییەکەیان دەگۆڕێت.

بەدڵنیاییەوە ئەو هەبووەی لەنێو دەوروبەردا بابەتێکی بەردەستە بابەتێکیدەرەکی[لێکۆڵینەوە] بۆ تەماشاکەرێکی هەمیشەی بێجگە لە دازاین نییە: بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەی نیگەرانبوونی دازانیدایە. هەروەها، دازاین ڕێگاکان، وەکو شتێکی ماتەری و بابەتێکی دەرەکی ناپێوێت؛ کیلۆمەترەکان ناقرتێنێت؛ دووری و نزیکی هەمیشە بوونێکی نیگەرانی بۆ ئەو شتانە هەیە، کە دوورونزیکن. ڕاڕەوە درێژەکە لەوانەیە زۆر کورت بێت و ئەوەی سەختە و لە بەردەممماندایە درێژترە. ئەوەی دێتە پێشمان بە دروستی بابەتێکی بەردەستە بەڵام نێوانی دەرەکی بابەتە دەرەکییەکان لە دووری و نزیکی بابەتەکانی بەردەستەوە جیاوازن. دەشێ نێوانەکان بەتەواوی بزانین، هێشتا ئەم زانینە کوێرە؛ ژینگەکەمان بۆ نادۆزرێتەوە و نزیکی ناکاتەوە؛ ئەم زانینە بۆ کەسێک بەنیگەرانییەوە، کە درێژەبوونەکە ناپێوێت، بەکاردێت.

کاتێک هەڵوێستی لەپێشتر ناسراو بەرانبەر 'سروشت' دیاریدەکرێت و پێوانەی نێوان شتەکانیش 'بابەتگەریانە' دەکرێت، کەسەکە لەوانەیە ئەم ڕاڤەکردن و پێوانانە بە(خۆگەرانە) دابنێت. لەگەڵ ئەمەشدا (خۆ گەرایەتییەکە) ڕاستەقینەی جیهان دەرناخات؛ هیچ پەیوەندییەکی بە خۆگەرایەتی و حوکمدانی خۆگەرانە بەسەر هەبووەکانەوە نییە، کە لەنێو خودی خۆیاندان. نزیکی لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا بوونـ‌لەنێوـ‌خۆی جیهانی ڕاستەقینە، وەکو شتێکی لەگەڵدا و هەبوو بۆ دازاین بەرجەستە

دەکات. کەسێک فێرکرابێت، کە دووری پێوانەی نێوانەکانە، خەسڵەتی سەرەکی شوێنبوونی بوون-لەنێوی لەلا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. ئەوەی لە ئێمەوە زۆر نزیکە نابێت بەوەی نێوانەیەکی کورتی لەگەڵ ئێمەدا هەیە. نزیکی بەوە دادەنرێت، کە لەژێر دەستدا بێت و ببینرێت.

[١٠٧] دازاین بوونی لەنێو شوێندایە، لە شتەکانەوە نزیکە و پەیوەندییەکانی هەمیشە لە دەوروبەری نێوجیهاندایە، کە لە ڕوویەکەوە لێوەی دوورە. لەبەر ئەمە تەماشاکردن و بیستنمان خۆیان بەودیو نزیکی لەنێو شوێن دەگەیەنن. تەماشاکردن و بیستن نێوانن، نەک لەبەر ئەوەی بەشوێنە دوورەکان دەگەن، بەڵکو دازاین لەنێویاندا، وەکو نزیکی، دەمێنێتەوە. بۆنموونە، کەسێک چاویلکەیەک لەچاودەکات، کە لەوەوە زۆر نزیکە و لەسەر لوتی ڕاوەستاوە، بەڵام لەو تابلۆیە دوورترە، کە بە دیوارەکەی بەرانبەری هەڵواسراوە.

ئەمجۆرە ئامێرە ئەوەندە نزیکبوونەوەیەکی کەمی هەیە، کە زۆرجار مەحاڵە بدۆزرێتەوە. ئامێری بینین و بیستنیش، وەکو تەلەفون، خەسڵەتی شەقامەکەش، کە بۆ پیاسەکردن بەکاریدەهێنین هەمان خەسڵەتی شاراوەیان هەیە. ئەو کەسەی پیاسەدەکات لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا پای بەر شەقامەکە دەکەوێت؛ شەقامەکە نزیکترین و ڕاستەقینەترین بابەتی بەردەستە و خۆی لەژێر پێماندا پارچەپارچە دەکات کەچی لەو کەسە ناسیاوانە دوورترە، کە لەو سەری شەقامەکە دەبینرێن یان بیست هەنگاو دوورن. نیگەرانی بڕیار لەسەر دووری و نزیکی بابەتەکانی بەردەستی نێوژینگە دەدات و نزیکییەکە دیاریدەکات.

ئەگەر دازاین بەنیگارنییەوە شتێک لە خۆی نزیک بکاتەوە، ئەوە ناگەیەنێت ئەو شتە لە شوێنێکدا دەچەقێنێت، کە زۆر نزیکە. نزیکییەکە لەوێدایە، کە ئەو شتە بابەتێکی بەردەستە و [دازاینیش] دەستی دەگاتێ. نزیکبوون ڕووەو بوونی من، وەکو شت ناڕوات، بەڵکو ڕووکردنە لە شتێک لەنێو-جیهاندا بە نیگەرانییەوە. شوێنبوونی دازاین نەبەستراوە بە دیاریکردنی خاڵێک لەنێوان ئەو هەبووانەی جەستەیان هەیە و بابەتی دەرەکین. هەڵبەتە دروستە بڵێین دازاین هەمیشە شوێنێکی داگیرکردوە. داگیرکردنەکەش دەبێت لە بنەڕەتەوە لە داگیرکردنی شوێن لەلایەن بابەتێکی بەردەستەوە جیادابنرێت. داگیرکردنی شوێن بە نزیکییەوە لە ژینگەی بابەتەکانی بەردەست لەنێو ناوچەدا دەناسرێت، کە زووتر دەردەکەوێت. دازاین لە واتای (لێرە) لەبەر ڕۆشنایی ژینگەدا تێدەگات.

[١٠٨] (لێرە) واتای شوێن بۆ بابەتێکی دەرەکی نابەخشێت. ئاماژە بۆ (کوێ)ی نزیکی بوون-لە تەنیشتەوە دەکات. بەگوێرەی شوێنبوون دازاین هەرگیز لە (ئێرە)دا نییە بەڵکو (لەوێ)دایە؛ (لەوێ)شەوە بۆ (ئێرە) دەگەڕێتەوە؛ گەڕانەوەکەشی بۆ (ئێرە) دەکەوێتە سەر ڕاڤەکردنی نیگەرانییەکەی بۆ بوونی ئەو شتانەی لەوێدا بابەتی بەردەستن. ئەمەش لەگەڵ دیاردەی نزیکی لە بونیادی بوون-لەنێودا باشتر ڕووندەبێتەوە.

دازاین، وەکو بوون-لەنێو-جیهاندا، لە بنەڕەتەوە بوونی خۆی نزیکدەکاتەوە. دووری بابەتی بەردەستیش شتێکە، کە دازاین هەرگیز نایبڕێت. بێگومان دوورییەکە نێوانێک دەردەخات ئەگەر پەیوەندی بابەتێکی دەرەکی لەنێو شوێندا بێت. دواجار، دازاین دەتوانێت بەم نێوانەدا بڕوات، بەڵام بە مەرجێک نێوانەکە ببێت بە نزیکی. بڕینی

نێوانەکە چەند کەم بێت ئەوەندەش دەخایەنێت. نزیکبوونەوە خەسڵەتی بنەڕەتی دازاینە چونکە بوونی لەنێو شوێندایە. هەروەها دازاین لەنێو نزیکبوونەوەکەیدا سەرگەردان ناسوڕێتەوە. ئەو دەتوانێت بیگۆڕێت. لە ڕێگەی دۆزینەوەی شوێنەوە بوونی لەنێو شوێندایە و بەردەوام لە نزیکبوونەوەکەیدا پەیوەندی لەگەڵ هەبووەکانی نێو شوێندا دروستدەکات.

دازاین، وەکو بوون-لەنێو خەسڵەتی ڕێنمایکردنی هەیە. هەموو نزیککردنەوەیەک بەرەو ئەو ناوچەیەی شتەکەی تیادا نزیکبۆتەوە ڕێنمایکردنێکی لەپێشتری هەیە؛ کەسەکەش لەنێو شوێندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. نیگەرانیش نزیکبوونەوەیە و ڕێنمایکردنەکە دیاریدەکات.

لە نیگەرانیدا، لە بوونی-نێو-جیهانی دازایندا (هێما)کان ئامادەکراون. هێماکان، وەکو ئامێر، ڕێنمایکردن و بەکارهێنانەکان ئاشکرادەکەن؛ ناوچەکان دەکەنەوە، بەتایبەتی، کە (لەوێدا) دادەنرێت یان لێوەی دەردێت. ئەگەر دازاین هەبێت ئەوا هەمانکات ڕێنمایکردن و نزیکبوونەوەشی هەیە و ناوچەکەی خۆی دۆزیوەتەوە. ڕێنمایکردن و نزیکبوونەوە، کە دوو شێوازی بوون-لەنێو-جیهانن، نیگەرانی پێشیان دەکەوێت. لەنێو ڕێنمایکردنەکەدا ئاڕاستەکردنە دیاریکراوەکانی بۆ چەپ و ڕاست دەردەهێنرێن. دازاین بەردەوام لەگەڵ خۆیدا ئەم ئاڕاستەکردنانە بەکاردەهێنێت. شوێنی دازاین بە لەشە سروشتییەکەیەوە ئەم ئاڕستەکردنانەی لەسەرمۆرکراوە. (لەشی سروشتی هەموو گرفتەکانی بوونی خۆی دەشارێتەوە و ئێمە لێرەدا نامانەوێت باسیبکەین). کەوابوو، ئەو بابەتانەی بەردەست بۆ لەش بەکاردێن، وەکو دەستکێس، لەگەڵ دەستدا دەجوڵێت، دەبێت ئاڕاستەکردنی چەپ و ڕاستی بدرێتێ. ئامێری دەستی وەستایەکیش، کە

لەگەڵ دەستەکەدا دەجوڵێت پەیوەندی بە جۆری تایبەتی دەستەکە و جوڵانییەوە نییە. هەرچەندە چەکوشیش، وەکو دەستکێش بە دەستەوە بەکاردێت، بەڵام چەپ و ڕاستی نییە.

[١٠٩] پێویستە ئەو خاڵە ڕەچاونەکرێت، کە ڕێنمایکردنی سەر بە نزیکبوون لەگەڵ بوون-لەنێو-جیهاندا دەدۆزرێتەوە. چەپ و ڕاست خۆیی نین تاکو کەسێک هەستی بۆیان هەبێت؛ ئاڕاستەکردنی کەسێکن لەنێو جیهاندا. هەستکردن بە جیاوازی هەردوو تەنیشتم ڕێگاکانی خۆم لەنێو جیهاندا پەیداناکەم. (خۆ) بەم هەستە ڕووتەوە بۆ جیاوازییەکە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ پێکهاتەی خۆکەی بکات، دێتەکایەوە. پێویستە دازاین لەنێو جیهاندا بێت تاکو ئەو هەستەی لا دروست بێت و خۆی ئاڕاستە بکات. ئەمەش لە نموونەکەی (کانت)دا بۆ ئاڕاستەکردنی دیاردەکان باشتر ڕووندەبێتەوە. گریمان دەچمە نێو ژوورێکەوە، کە پێشتر بینیومە، بەڵام تاریکە و شوێنی کەلوپەلەکانی نێوی ئەو کاتەی من لەوێ نەبووم گۆڕاوە. هەموو ئەو شتانەی لەلای ڕاستی منەوە دانرابوون ئێستا خراونەتە لای چەپ. ئەگەر من تەنیا پشت بە هەستکردنم بۆ جیاوازی لای چەپ و ڕاستم ببەستم، سودبەخش نابێت. ناتوانم بزانم کەلوپەلەکان لەچ لایەکدا دانراون، وەکو کانت دەڵێت، "لەنێو بیرکردنەوەمدا هەبوون". ئایا ئەمە بێجگە لەوەی من لەنێو ئەو جیهانەی شارەزام دەبێت خۆم ئاڕاستە بکەم چ واتایەکی دیکە دەبەخشێت؟ دەبێت زەمینەی ئامێرەکان لەنێو جیهاندا بۆ دازاین دابنرێت. بوونی من لەنێو جیهاندا لە پێکهاتەی ئەگەری ئاڕاستەکردنەکە و هەستکردنەکەم بۆ لای ڕاست و چەپ کەمتر نییە. هەرچەندە ئەم پێکهاتەیەی بوونی دازاین شتێکی دیارە، بەڵام ئەوە

ناگەیەنێت ڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەی نەشاردراوەتەوە. تەنانەت کانت نایەوێت بیشارێتەوە. لەڕاستیدا، بەکارهێنانی ئەم پێکهاتەیە بە بەردەوام لە ئاستی باسکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی دروستدا ڕێگەگر نییە و لەسەرو ئەمەشەوە داوای ئەو باسکردنەمان لیدەکات. ئەو ڕاڤەکردنە سایکۆلۆجییەی گوایە (خۆ) شتێکی لە بیردا هەیە لە بنەڕەتدا ئاماژە بۆ بونیادی بوونگەرانەی بوون-لەنێو-جیهان دەکات.

[١١٠] لەبەرئەوەی کانت ئەم بونیادەی نەبینیوە و نەیتوانیوە بەتەواوی لە زەمینەی پێکهاتەی ئەگەری ئاڕاستەکردن تێبگات. ئاڕاستەکردن بۆ ڕاست و چەپ لەسەر ئاڕاستەکردنی دازاین بەگشتی و ئەمیش لەسەر بوون-لەنێو-جیهان دادەمەزرێت. هەڵبەتە (کانت)یش ئاڕاستەکردنی نەکردووە بە بابەتی ڕاڤەکردن. ئەو تەنیا ئاماژەی بە (بنەمایەکی خۆگەری) بۆ ئاڕاستەکردن داوە. مەبەستیشی ئەوەیە، کە ئەو بنەمایە شتێکی لەپێشترە. لەگەڵ ئەمەشدا، خەسڵەتی لەپێشتری ئاڕاستەکردن بۆ ڕاست و چەپ لەسەر لەپێشتربوونی (خۆیەتی) بوون-لەنێو-جیهان ڕادەوەستێت، کە هیچ پەیوەندییەکی بە خەسڵەتی دیاریکراوی خۆیەکی سەر بە جیهانی لەپێشوەخت پەیدابووەوە نییە. نزیکبوون و ڕێنمایکردن، وەکو خەسڵەتی پێکهاتەی بوون-لەنێو، شوێنبوونی دازاین دەردەخەن چونکە دازاین ئەو هەبووەیە بە نیگەرانییەوە لەنێو شوێندایە و لەنێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە. تەنیا لەسەر ڕوونکردنەوەی ئێمە بۆ شوێنبوونی بابەتی بەردەست لەنێو-جیهاندا و شوێنبوونی بوون-لەنێو-جیهاندا پێشمەرج بۆ کارکردن لەسەر دیاردەی شوێنبوونی جیهان و دامەزراندنی گرفتی شوێن ئۆنتۆلۆجییانە مسۆگەردەکرێت.

## ٢٤. شوێن و شوێنبوونی دازاین

دازاین، وەکو بوونێک-لەنێو-جیهاندا هەموو ساتێک جیهان دەدۆزێتەوە. دۆزینەوەکەشی، کە لەسەر جیهانێتی جیهان ڕاوەستاوە، پەیوەندی بە بەربڵاوکردنەوەی هەبووەکانەوە بۆ دەورگرتن هەیە. ئەمەش، هەمانکات بۆ ئامادەکردن لە تێگەیشتنی دازایندایە. هەروەها. ئەوەشمان باسکرد، کە دەوروبەری دازاین لەنێو-جیهاندا سەر بە شوێنە. لەبەر ئەوەی بوونی دازاین لە ڕووی نزیکی و ڕێنمایکردنەوە سەر بە شوێنە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بابەتێکی بەردەستدا و لەنێو جیهاندا لەنێو شوێندایە. بەربڵاوی هەموو دەورگرتنەکان ڕێگەدانە بە شتێک بۆ دەورگرتن لە ناوچەیەکدا. ئەمەش بە هۆی نزیکی و ڕێنمایکردنەوە دەکرێت؛ وەکو بەرەڵاکردنی بابەتێکی بەردەستی سەر بە شوێنێک و ڕێنمایکردنی. لێرەدا، ئاماژەکردنەکەی دازاین (وەکو هەبوویەکی نیگەران) پەیوەندی بە دەرکەوتنی شوێنەوە هەیە.

[١١١] هێشتا سێ ڕەهەندەکەی ئەو شوێنەی لەگەڵ جیهانێتی جیهاندا دەردەکەوێت نەناسراون. ئەم دەرکەوتنە، کە زۆر لە ئێمەوە نزیکە و شوێنێکی ڕووتە و بارودۆخەکانی تێدا دەپێورێن بەتەواوی دیار نییە. لە دیاردەی ناوچەییدا ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەش کرد، کە دازاین دەبێت بە بنەمای دۆزینەوەی شوێن. 'ناوچە' ئەو شوێنەیە دەبێت بە بەستێنی ئامێر و بابەتی بەردەست. ناچەگەرێتییەکەش ئاماژەکردنەکە، کە دەبێت بە پێکهاتەی جیهان و 'لێرە' و 'لەوێ' دادەمەزرێێت، دیاریدەکات. بەگشتی، باسکردنی 'لە کوێ' بەستراوە بە ئاماژەکردنێکی سەرتاپاگیر لە پێناوی-

ئەو-شتەی بۆی نیگەرانین و ئەو هەبووەی دیاریدەکەین دەوری تێدا وەردەگرێت. هەموو بابەتێکی بەردەست لەناوچەیەکدا دەوری خۆی دەبینێت. هەموو دەورگرتنەکانیش، ئەوانەی بوونی بابەتی بەردەست لەنێو-جیهاندا پێکدەهێنن، سەر بە شوێنێکن، کە بۆ ئەوان دەبێت بە ناوچە. لەسەر ئەم بناخەیە بابەتی بەردەست دەدۆزرێتەوە و شێواز و ئاراستەکردنەکەشی دەناسرێت. فاکتۆری بوونی دازاینیشە بابەتی بەردەستی نێو-جیهان نزیکدەکاتەوە و ڕێنمایکردنەکەی لەسەر نیگەرانبوونی دەسەپێنێت.

کاتێک ڕوو لە هەبووەکانی نێو-جیهان دەکەین، بەو جۆرەی لەنیو-جیهاندا پێکهاتوون، (شوێن)یان دەدەینێ. شوێندانەکە، کە بە واتای لەنێو ژووردانانیش دێت، بابەتی بەردەست لەنێو شوێندا بەرەڵا دەکات. بەگوێرەی دۆزینەوە و ئامادەکردنی ئەگەری (هەموو)ی شوێن ژوورکردنەوە ڕێنمایکردنەکەش دەگونجێنێت. دازاین بە نیگەرانییەوە لەنێو-جیهاندا هەبووەکان دەجوڵێنێت، ژووریان بۆ دروستدەکات و لەسەر ڕێگا لایاندەبات چونکە ژووردروستکردن، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی سەر بە بوونی ئەوە لەنێو-جیهاندا. بەڵام نە ناوچەکە لەپێشتر دۆزراوەتەوە، نە شوێنە ڕاستەقینەکەش بەگشتی ئاشکرا بینراوە. بەڵکو خۆی لەنێو دەوروبەری بابەتەکانی بەردەستدا، کە بۆیان نیگەرانین ئامادەکردوە. شوێن لە بنەڕەتەوە، لەگەڵ بوون-لەنێو-جیهاندا دەناسرێت.

**نە شوێن لەنێو (خۆ)دایە و نە جیهانیش لەنێو شوێندا،** بەو ڕادەیەی بوون-لەنێو-جیهان دەریدەخات، شوێن لەنێو (خۆ)دا نادۆزرێتەوە و (خۆ)ش بەو جۆرە ناڕوانێتە جیهان، کە لەنێو شوێندا بیبینێت؛ بەڵکو (خۆ) یان دازاین،

بە واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی سەر بە شۆینە. هەروەها، مادام دازاین سەر بە شوێنە، ئەوا شوێن دەبێت بە شتێکی لەپێشتر. چەمکی (لەپێشتر)یش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە هەرکاتێک لە دەوروبەرماندا ڕووبەڕووی بابەتێکی بەردەست ببینەوە، ئەو بابەتە پێشتر لە شوێنێکدا یان لە ناوچەیەکدا دانراوە.

[١١٢] ئەو شوێنەی لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی دەبینەوە دەکرێ ببێت بە بابەتی لێکۆڵینەوە و ژماردن و پێوانی دەوروبەر؛ بۆنموونە لە زەوی پێوان و خانوو دروستکردندا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا شوێن لە شێوەیەکی تایبەتدا خۆی دەردەخات. ئەگەر واز لە ژماردن و زانیارییەکانی پێشو بهێنین ئێمەش دەتوانین بە تەماشاکردنی لەسەری بکۆڵینەوە. ئەگەر ڕاستەوخۆ درک بەشوێن بکرێت پەیوەندییە ڕووتەکانی نێو شوێن دەدۆزرێنەوە. دەشێ ئەوەی ئەم کارەدەکات بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕێت، لەزانستی شێوەکانی نێو شوێنەوە بۆ زانستی پێوانەی شوێن بڕوات. ئیمە، لەم توێژینەوەیەماندا باسی پەیوەندی نێوان ئەم قۆناخانە ناکەین. دەمانەوێت ئۆنتۆلۆجییانە ئەو دیاردانە دەربخەین، کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شوێنی ڕووت دەبن بە بناخە. کاتێک شوێن لەتەماشاکردندا دەدۆزرێتەوە، ناوچەکانی دەوروبەر دەبن بە ڕەهەندەڕووتە بێ لایەنەکان. جێگاکانی-بەدڵنیاییەوە هەموو دەوروبەر ڕێنمایکرانی جێگاکان، کە سەر بە بابەتی بەردەست و ئامێرەکانن دەبێت بەشێوازی دانراوی بێ سەروبەری هەبووەکان. شوێنبوونی بابەتی-بەردەستی نێو-جیهان و بابەتی بەردەستیش خەسڵەتی دەورگرتنی وندەکەن. جیهان دەوروبەرێتی خۆی دەشارێتەوە؛ ژینگەش دەبێت بە (سروشت). 'جیهان'، کە سەرجەمی

بابەتەکانی بەردەستە دەبێت بەشوێن بۆ هەبووە درێژەوە بووە دەرەکییەکان. هاوڕەگەزی شوێن لە سروشتدا لەوێدا، کە هەبووەکان خەسڵەتی بەبابەتبوونی بەردەست وندەکەن و ئەوبابەتانەش لەجیهانێتی بێبەریدەکرێن، بەرجەستە دەبێت.

بەگوێرەی بوونی-لەنێو-جیهاندا، دازاین بەردەوام لەنێو شوێندایە و شوێن دەدۆزێتەوە، هەرچەندە ئەم دۆزینەوەیە بیردۆزەییانە نییە. لەلایەکی دیکەوە، خودی شوێن بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا خۆدەرخستنی شوێن ئەوەندە زانیاریمان سەبارەت بوونی ناداتێ. ئەو پێویستی بە بابەتێکی بەردەست یان دەرەکی نییە. هەروەها، بوونی شوێنیش، وەکو بوونی دازاین نییە. هەمانکات نابێ بە شتیکی درێژەوە بوو، دواییش بە دیاردەی ئەو شتە ئۆنتۆلۆجییانە دابنرێت. بوونی شوێن سەر بە بوونی جەوهەری بیرکەرەوەش نییە و بە خۆیەتی دانانرێت.

[١١٣] لێرەوە دەبینین ڕاڤەکردنی بوونی شوێن ئاڵۆزە. نەک لەبەر ئەوەی ئێمە شوێن ناناسین، بەڵکو هۆی ئەوەیە، کە ئەگەرەکانی بوون بەگشتی ئاشکرا نین و ڕاڤەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەشیان بۆ نەکراوە. ئەگەر بمانەوێت لە گرفتی ئۆنتۆلۆجییانەی شوێن تێبگەین، گرنگە هەوڵبدەین پرسیار سەبارەت بوونی شوێن لەو چەمکە تەسکانەی لەبەردەستماندان ڕزگار بکەین؛ گرفتی بوونی شوێن بەرەو ئەو ڕێگەیە بەرین، کە ئەگەرەکانی بوون بەگشتی تێدا ڕووندەکرێتەوە.

لەنێو دیاردەی شوێندا خەسڵەتی سەرەکی و ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی هەبووەکان لەنێو-جیهاندا بە شتێکی تایبەت یان یەکێک، وەکو ئەوان دانانرێت. هەروەها، شوێن نابێت بە پێکهاتەی جیهان. ئیمە لە

گەڕانەوەمان بۆ جیهان لە واتای شوێن تێدەگەین. بە داماڵینی دەوروبەرمان لە جیهانیش بە شوین ناگەین. شوێنبوون بەگشتی لەسەر بناخەی جیهان دەدۆزرێتەوە. لەسەرو ئەمەشەوە بەو جۆرەی شوێن بۆ دازاین دەبێت بە بنەمای بوونی-لەنێو-جیهان، یەکێکە لەپێکهاتەکانی جیهان.

# بەشی چوارەم

## بوونی-لەنێو-جیهان وەکو بوونی-لەگەڵ و خۆ-بوون: ئەوان

بەردەوام شیکردنەوەکەمان بۆ جیهانێتی دیاردەی بوونی-لەنێو-جیهان دەخاتە بەرچاو. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو توخمە پێکهاتوەکانی وەکو دیاردەی خودی جیهان ڕاناوەستن.

[١١٤] ئێمە ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەمان لەڕێگەی بابەتەکانی بەردەستی نێو-جیهانەوە بۆ جیهان کردوە؛ ئەم ڕاڤەکردنەشمان لەبەردەم داناوە چونکە دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا تەنیا لەنێو جیهاندا نییە، بەڵکو بە شێوازێکی دیاریکراوەوە ڕوو لەو جیهانە دەکات و خولیای جیهانە. دازاین لەنێو جیهاندا تواوەتەوە؛ ئەم شێوازی بوونەی لە بنەڕەتەوە ئەو دیاردەیە سنوردار دەکات، کە ئێمە دەمانەوێت ئێستا لێیبکۆڵینەوە. پێویستە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا کێیە؟ ئەو بونیادی بوونەی سەر بە دازاینە و ئەو دیاردەیەش، کە وەڵامی پرسیارەکە مسۆگەر دەکات هەمیشە پەیوەندیان بە بوونییەوە هەیە. بۆ دیاریکردنی ئەمەش ئۆنتۆلۆجییانە دەبێت بوونگەرانە بیری لێبکەینەوە. کەوابوو، پێویستە پرسیارەکە بە دروستی بکرێت و فراوانتر دیاردە زاڵەکەی ژیانی ڕۆژانەی دازاین بدۆزینەوە. لەگەڵ ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکەش بۆ ئەو دیاردەیەی وەڵامی پرسیاری (کێیە)مان دەداتەوە، ڕوو لە جۆرێک بونیادی دازاین دەکەین، کە بۆ بوونی-لەنێو-جیهاندا بنەڕەتییە؛ ئەوەش بوونی-لەگەڵ یان دازاینی-لەگەڵدایە. (خۆ-بوون)یش لە ژیانی ڕۆژانەدا لەسەر ئەمجۆرە بوونە ڕادەوەستێت؛ یاریدەدەرە بۆ دۆزینەوەی (بکەر)ی ژیانی ڕۆژانە

یان (ئەوان). بەشەکەمان لەسەر (کێ)ی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەمجۆرە دابەشدەبێت: یەکەم، ڕووکردن لە پرسیارە بوونگەرایەتییەکە سەبارەت (کێ) بۆ دازاین (کورتەبەشی ٢٥)؛ دووەم، دازاینَ-لەگەڵ کەسانی دیکە و بوونَ-لەگەڵ لە ژیانی ڕۆژانەدا (کورتەبەشی ٢٦)؛ سێیەم، ژیانی ڕۆژانەی دازاینی خۆَ-بوون و (ئەوان) لە (کورتەبەشی ٢٧)دا.

## ٢٥. ڕووکردن لە پرسیارە بوونگەرایەتییەکە سەبارەت (کێ) بۆ دازاین

دەردەکەوێت وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت دەزاین کێیە لە کورتە بەشی نۆیەمدا، کە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی دازاینمان باسکرد، ئامادەکرابێت. دازاین ئەو هەبووەیە، کە لە هەموو بارودۆخێکدا خودی منە؛ بوونی ئەو بوونی منە. ئەم پێناسەیە ئاماژە بۆ پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەم هەبووە دەکات، بەڵام ئەمە تەنیا ئاماژەکردنە. هەمانکات ئەو خاڵەش ئاشکرا دەکات، کە ئۆنتیکییانە ئەو هەبووە لە هەموو بارودۆخێکدا منم و ئەوان نییە. وەڵامی پرسیارەکە واتای (من)، (بکەر) و (خۆ) دەردەخات. ئەم (کەس)ە ناسنامەی خۆی بەردەوام لەنێو گۆڕانکاری و ئەزموون و ڕەفتارەکانیدا دەهێڵێتەوە و پەیوەندی بە فرەجۆری گۆڕانەکانەوە دروستدەکات. ئۆنتۆلۆجییانە ئەم بوونە بە بابەتێکی دەرەکی بەردەوام دادەنێین و لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێت بە بابەتێک لەنێو شتە فرەجۆرەکاندا؛ وەکو خۆیەتی و خەسڵەتی (خۆ)ی هەیە. ئەگەر کەسێک بوونی جەوهەری گیانەکی، بەشتبوونی ئاگامەندی ڕەتبکاتەوە یان (کەس) بە بابەت دانەنێت هێشتا ئۆنتۆلۆجییانە بە هەبوویەکی دادەنێت، کە لە

دەرەوەدا دەبێت بە بابەت. گرنگ نییە ئەم هەڵوێستەشی ئاشکرا یان نا ئاشکرا بێت. بە جەوهەربوون لە دیاریکردنی ئەو هەبووەی وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت (کێیە) دەداتەوە، کلیلێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە. دازاین لە خۆڕا و لە سەرەتاوە بە بوونێکی دەرەکی ناسراوە. هەر کاتێک بوونی شاراوە و نادیار دەرکەوتبێت ئەم واتایە بە بوونی دراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، بابەتی دەرەکی جۆرە بوونێکە کە سەر بە دازاین نییە.

[١١٥] ئۆنتیکییانە ئاشکرایە، کە من لە هەموو بارودۆخێکدا دازاینم؛ بەڵام نابێت خۆمان توشی هەڵە بکەین و واتێبگەین، کە ئەو بابەتەی لێرەدا باسکراوە بۆ ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەمان گونجاوە. تەنانەت گومان لە گونجاندنی ناوەڕۆکی ئەم باسە ئۆنتیکییە بۆ ژیانی ڕۆژانەی دازاین دەکرێت. دەشێ کەسەکەی ژیانی ڕۆژانە خودی من نەبێت. ئەگەر بە سەلماندنێکی ئۆنتیکی-ئۆنتۆلۆجییانە بگەین ئەوا دەبێت ئەودیاردانە دەرکەون، کە هەبووەکان هەیانە و بیهێڵنەوە. گرفت و پرسیارەکانیش لەوانەوە سەرهەڵدەدەن. لێرەدا پێویستە ڕاڤەکردنە فینۆمینۆلۆجییەکە بۆ دازاین لە تێشکان دووربخرێتەوە.

کاتێک ڕووکردنەکە نەڕوانێتە فاکتۆرە دیارەکانی شتە زانراوەکە دژی بنەماکانی متیۆدێکی دروست ڕاناوەستین؟ ئایا چی لە بوونی (من) زۆرتر لە گومانبەدەرە؟ ئەمەش ئەو واتایە نادات، کە ئەگەر بمانەوێت لەم هەبووە بکۆڵینەوە دەبیت گوێ بە (جیهان) و کەسەکانی دیکەش نەدەین؟ ئەو هەبووە (دراوە)ی لێرەدا هەمانە تەنیا شێوەیی و ئاگاییەکی تێڕامانانەیە لە 'من'؛ بەدڵنیاییەوە دەبێت بە بەڵگە و ڕێگەش بۆ گەیشتن

بەگرفتە فینۆمینۆلۆجییەکە، کە بنەمای چوارچێوەیەکە بۆ "فینۆمینۆلۆجی شێوەیی بۆ ئاگامەندی".

لەم بەستێنەوە، کە سەر بە شیکردنەوەی بوونگەرانەی فاکتۆری دازاینە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ئەو شتە دراوەی بە (من) ناوزەدکراوە دەتوانێت بوونی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەربخات؟ ئایا گەیشتن بە بوونی دازاین لە هەستکردنێکی سادە بە کردەوەکانی من، وەکو بەڵگەنەویستێکی لەپێشترەوە دەستپێدەکات؟ ئەم بەڵگەنەویستەی بوونی دازاین شیکردنەوە بوونگەرانەکەمان توشی هەڵەکردن دەکات؟ ئایا هەڵەکردنەکەش لە خودی بوونی دازایندایە؟ بێگومان، کاتێک دازین لە نزیکەوە دەڕوانێتە بوونی خۆی هەمیشە دەڵێت، "من ئەو هەبووەم." لەدواییدا، ئەو کاتەی دەردەکەوێت ئەو هەبووە نییە، ئەو [ڕاستییە] بە دەنگی بەرز دەڵێتەوە. لە هەموو بارودۆخێکدا دازاین بوونی منە، ئەمەش پێکهاتەی ئەوە؛ چۆنە ئەگەر ئەمە ببێت بە هۆکار بۆ ئەوەی دازاین خودی خۆی نەبێت؟ ئەگەر ڕووکردنەکەی پێشومان لە (من)ەوە بەرەو دازاین بڕوات، لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەماندا توشی هەڵدێرمان دەکات؟ چی دەبێت ئەگەر ئەوەی دراوە و ئاشکرایە نەتوانێت ئۆنتۆلۆجییانە بە بابەتەکەمان بگەیەنێت؟ هەڵبەتە، لە ڕووی ئۆنتیکییەوە دروستە بڵێین، ئەو هەبووە (منم).

[١١٦] بەڵام شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانە لەم دەستە واژەیەوە بەبێ کێشە ناکەوێتەگەر. لە واتای چەمکی (من)، وەکو ئاماژەکردنێکی نادیاری شێوەیی تێدەگەین، کە لەنێو بەستێنی دیاردەی لایەنە دژەکەیەوە دەردەکەوێت. لەمحاڵەتەدا ئەو شتەی، کە (من نییە) نابێت بەوەی، کە

خاوەنی (خۆ) نەبێت. بەڵکو هەبوویەکی دیارە و (من) خاوەنیم چونکە خۆیەکی ونبوە. تەنانەت ڕاڤەکردنە پۆزەتیڤەکەمان بۆ دازاین ڕێگەنادات لە شێوازە فۆرمەلێیەکەی (من)ەوە دەست بە گەشتەکەمان بکەین ئەگەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکە فینۆمینۆلۆجییانە جۆر بێت. لە ڕوونکردنەوەی بوون-لەنێو-جیهاندا ئەوەمان باسکرد، کە (خۆ) بە بێ جیهان نییە و نابێت، لەبەر ئەمە (من)ێکی دابڕاو لە کەسانی دیکەش نییە. ئەگەر کەسانی دیکە لەگەڵ ئێمە لەنێو-جیهاندا بن، ئەم دیاردەیەش ببینرێت، نابێت بەو باوەڕە بگەین، کە بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەو شتەی دراوە ڕوون و ئاشکرایە و پێویست ناکات لەسەری بکۆڵینەوە. ئەرکی ئێمە ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە، کە سەر بە بوونی دازاین-لەگەڵدا و ژیانی ڕۆژانەیەتی. هەروەها ڕاڤەکردنێکی دروستی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ ئەم دیاردەیە. بەو جۆرەی دیاردەی ئۆنتیکی بوون-لەنیو-خۆی هەبووەکان لەنێو-جیهاندا بە هەڵە بەو باوەڕەمان دەگەیەنن، کە توانیومانە بوونی ئەو هەبووانە ئۆنتۆلۆجییانە بناسین و ئەوەندە ئاوەڕ لە جیهان نەدەینەوە، ئەو فاکتۆرە ئۆنتیکییەی دازاینیش، کە بوونی من لە هەموو بارودۆخێکدا دادەنێت، کێشە ئۆنتۆلۆجییەکەی بوونی دەرناخات. ئەم شاردنەوەیەش تەنیا ئۆنتۆلۆجییانە نییە؛ تەنانەت ئۆنتیکییانەشە.

[١١٧] ئایا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت بوونی دازاین لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەدا دەست نەکەوێت؟ بێگومان نا. هەڵبەتە ڕێگای پێشومان لە کورتە بەشەکانی ٩ و ١٢، کە ئاماژەیان بۆ پێکهاتەی بوونی دازاین کرد بوونە و ئەوەندەی ئەو بیرۆکەیەی، کە جەوهەری دازاین لە بوونیدایە نابێت بە کلیل بۆ تێگەیشتنەکەمان. ئەگەر

(من) خەسڵەتی جەوهەریی دازاین بێت ئەوا پێویستە بوونگەرانە ڕاڤەی بۆ بکرێت. لەمحاڵەتەدا پرسیاری (کێ)یە دەبێت لەسەر بنەمای دیاردەی بوونی دازاین وەڵام بدرێتەوە. ئەگەر دازاین لە بوونیدا خودی (خۆ)ی بێت ئەوا بەردەوامبوونی (خۆ)کە و ئەگەری بەردەوامنەبوونیشی داوای پرسیارکردنێکی دروستی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەمان لێدەکات تاکو مامەڵە لەگەڵ گرفتەکەیدا بکەین.

ئەگەر (خۆ) تەنیا شێوازی بوونی دازاین بێت، ئەوا کرۆکی ڕاستەقینەی دازاین دەدۆزینەوە. ترسەکەش لەسەر هەستکردنێکی نادروست دادەمەزرێت، کە لەو باوەڕەدایە ئەو هەبووەی پرسیار لەبارەیەوە دەکرێت بوونێکی دەرەکی هەیە. تەنانەت ئەگەر کەسێک نەیەوێت خەسڵەتەکانی لەشیشی بۆ دابنێت. بەهەرحاڵ، دازاین لە دەروون و لەش پێکنەهاتووە و ئەو بوونە.

## ٢٦. دازاین لەگەڵ-کەسانی دیکە و بوون-لەگەڵ لە ژیانی ڕۆژانەدا

وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت (کێ)یەی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەدا لە شیکردنەوەی ئەو بوونەی دازاین خۆی تێیدا دەپارێزێت دەستدەکەوێت. توێژینەوەکەشمان لە بوون-لەنێو-جیهانەوە دەکەوێتەگەر و شێوازەکانی بوونی دازاینی تێدا بەرجەستە دەبن. ئەگەر بۆچوونەکەمان لەسەر بونیادی بوون-لەنێو جیهان دروستبێت، وەڵامی پرسیارەکەشمان سەبارەت (کێ)یە لەوێوە بۆ ئامادە دەبێت.

[١١٨] له باسەکاماندا بۆ ئەو ژینگەیەی لە ئێمەوە نزیکە جیهانی کارکردنی کارمەندێک، بۆنموونە، لەگەڵ ئامێرەکاندا دۆزرایەوە. ئەوانی دیکەش پەیوەندیان بە کارکردنەکەوە هەبوو. لە بوونی ئەوجۆرە هەبووانەی بابەتی بەردەستن جۆرە ئەرکدانانێک و ئاماژەکردنێک بۆ ئەو مەبەستەی درستکراون، هەیە. بەهەمانشێوە، کاتێک لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێرێکدا ڕووبەڕووی دروستکەرەکە یان هێنەرەکەشی دەبینەوە و بیردەکەینەوە خزمەتگوزارییەکەی چاکە یان خراپ. کاتێک بە تەنیشت کێڵگەکەدا پیاسەدەکەین، کێڵگەکە وا خۆی دەردەخات، کە زەوی کەسێکە و کەسەکەش بەو جۆرە ڕایگرتوە: ئەو کتێبەی کڕیم پەیوەندی بە دوکانی کتێبفرۆشەکە و ئەو کەسە و هتد هەیە. کەشتی کەنار دەریاکە هەرچەندە بۆ ئێمە کەشتییەکی نەناسراوە ئەو کەسەم پێدەناسێنێت، کە گەشتی دەریایی پێدەکات یان ئاماژە بۆ کەسانی دیکە دەکات. ئێمە لەنێو ژینگەی بابەتەکانی بەردەستدا و بەستێنی ئامێرەکاندا ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبینەوە. ئەوان بە بیرکردنەوە نەخراونەتە سەر بابەتە دەرەکییەکان؛ هەبووەکان لەنێو جیهاندا — ئەو جیهانەی بۆ منە بۆ کەسانی دیکەش بابەتی بەردەستن. لە شیکردنەوەکەی پێشوماندا، ئەوانەی لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوویان بوینەوە ئامێرەکان (بابەتەکانی بەردەست) یان سروشت (بابەتی دەرەکی) بوون. ئەمانەش لە دازاینەوە جیاوازبوون. ئەم دابەشکردنە تەنیا بۆ ئاسانکاری نەبوو بەڵکو ئەو بوونەی دازاین بۆ کەسانی دیکە هەیەتی و لەنێو جیهاندا توشی دەبین لە بوونی ئامێر و شتەکانی دیکەوە جیاوازە. جیهانی دازاین تەنیا هەبووەکانی، وەکو ئامێر و شتەکانی دیکە دەرناخات، بەڵکو ئەوانەش دیاریدەکان، کە لەم هەبووانەوە

جیاوازن و دازایەنن (لەنێو) جیهاندا. ئەم هەبووانە بابەتی بەردەست و بابەتی دەرەکی نین؛ بەپێچەوانەوە، وەکو دازاین خۆیان سەربەست نیشاندەدەن، لەوێدان و لەگەڵ دازایندان. ئەگەر جیهان بە بابەتەکانی نێو جیهان دابنرێت، ئەوا پێویستە بڵێین، کە دازاینیش 'جیهان'ە.

کەوابوو، خەسڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەسەر ئەو خاڵە ڕادەوەستێت، کە لە هەموو بارودۆخێکدا دازاین بوونی خۆی هەیە. ئایا کەس ناتوانێت (من) دوورەپەرێز دابنێت و لەو (خۆ)یە دوورەوە کەسانی دیکە بدۆزێتەوە؟ بۆ لەناوبردنی ئەم تێگەیشتنە دەبێت بزانین چۆن باسی کەسانی دیکە دەکەین. مەبەست لە (کەسانی دی) هەموو ئەوانە نین، کە (من) نین یان ئەوانەن (من) دژیان ڕادەوەستم. ئەوان ئەو کەسانەن من زۆرجار لە خۆمیان جیاناکەمەوە و یەکێکم لەنێویاندا. ئەم بوونە-هەروەها-لەوێدا و لەگەڵ ئەواندا خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی-دەرەکی-لەگەڵ-ئەواندا و لەنێو جیهان نییە. 'لەگەڵ' خەسڵەتی بوونی دازاینە؛ 'هەروەها' واتای لێکچونی بوونێک دەبەخشێت، کە بە نیگەرانییەوە لەنێو-جیهاندایە. پێویستە بوونگەرانە لە واتاکانی 'هەروەها' و 'لەگەڵ' تێبگەین. بەگوێرەی بوون لەگەڵ-وەکو ئەوان لەنێو-جیهاندا، جیهان لەنێوان من و کەسانی دیکەدا هاوبەش دەبینرێت. جیهانی دازاین جیهانە-لەگەڵدا. بوون-لەنێو بوونە-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا.

[١١٩] لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانی دیکەدا (خۆ) نابێت بە بابەتێکی دەرەکی و لە ئەوانی دیکە دانابڕێت: هەروەها، ئەوانیش بە تەماشاکردنی خۆ بۆ خۆی و دوایی بۆ ئەوان، وەکو لایەنێکی دژوەستاو جیاناکرێنەوە. لە دەرەوەی (خۆ)دا و لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، کە دازاین بە

نیگەرانییەوە تیایدا دەژی. بەپێچەوانەی سازدان و باسکردنی بیردۆزەییانە بۆ بابەتە دەرەکییەکان، کە بە ئاسانی خۆیان دەسەپێنن، دەبێت خۆمان بەو فاکتۆرە دیاردەییانەوە ببەستینەوە، کە لەپێشتر لە دەوروبەرماندا توشیان بووین. ئەم رێگە سەرەتاییە و نزیکەی دازاین لەنێو جیهاندا بە تەماشاکردن یان تەماشانەکردنی خۆی دەدۆزرێتەوە و کردەوەکانی دەبینرێت. لە سەرەتاوە، دازاین لەنێو کردەوە پێویستییەکان، چاوەڕوانییەکانیدا و بابەتەکانی بەردەستدا، کە بایەخیان پێدەدات خۆی دەدۆزێتەوە. کاتێک دازاین بانگەشەی خۆی، وەکو (من لێرە) دەکات، دەبێت ئەم بانگەشەکردنە بخرێتە بەر ڕۆشنایی پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجییانەی شوێنەوە بۆ بوونی ئەو. لە ڕاڤەکردنی ئەم خاڵەدا (کورتە بەشی ٢٣) ڕوونمانکردۆتەوە، کە (من-لێرە) واتای خۆیەکی تایبەتی، وەکو شت نابەخشێت، بەڵکو بوونە-لەنێو یان لەوێدا. (لەوێدا)ش ئەو شوێنەیە دازاین بە نیگەرانییەوە تیایدا جێنشین دەبێت. هەمبۆڵت لە زمانێکی تایبەتدا ئاماژەی بۆ 'من' بە 'ئێرە' و 'تۆ' 'لەوێ' و 'ئەو' 'ئەوێ' کردوە. ئاوەڵناوەکانی لەسەر شوێن دامەزراندوە. هەڵبەتە ئەمکارەش بێ مشتومڕ لەسەری تێنەپەڕیوە. بەڵام مشتومڕەکە نامێنێت ئەگەر کەسێک بزانێت ئاوەڵکرداری شوێن پەیوەندی بە (من) وەکو دازاینەوە هەیە.[56]

[56] فریدریک ویلهێم کرستین کارڵ فردیناند ڤۆن هەمبۆڵت (١٧٦٧-١٨٣٥) فەیلەسوفێکی ئەڵمانی و دبلۆمات و دامەزرێنەری زانکۆی هەمبۆڵتە. لەسەر فەلسەفەی زمان کاری زۆری کردوە و نوسیویەتی. بە ئەندازیاری سیستەمی فێرکاری ناوچەی پروسیا دادەنرێت. (م.ک)

[۱۲۰] له بنەڕەتەوە 'لێرە' و 'لەوێ' ئاماژە بۆبابەتی دەرەکی نێو جیهان لەشوێندا ناکەن؛ ئەوانە خەسڵەتی شوێنبوونی دازاینن و گرنگێتی بوونگەرانە نەک کاتیگۆریانەیان هەیە. تەنانەت ڕاناویش نین؛ ئاماژەکردنەکەیان پێش جیاوازی ڕاناوی کەس و ئاوەڵکرداری شوێن دەکەوێت. ئەمانە ئاماژەکردنی دازایەنن، کە ڕەسەنانە لەنێو شوێندایە و بوونی دازاینیش بەبێ هەڵەکردنی بیردۆزەییانە لە تەنیشت هەبووەکانەوە ڕاڤەدەکات. 'لێرە'دا دازاین، کە لەنێو جیهاندا نوقم بووە، لەگوتنەکەیدا ڕوو لە خۆی ناکات و ڕوو لەوێ دەکات، کە بابەتێکی بەردەستی تێدایە؛ هەمانکات بوونی خۆی لەنێو شوێندا، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی وندناکات.

زۆربەی کات دازاین لەبەر ڕۆشنایی جیهانەکەیدا لە بوونی خۆی تێدەگات؛ زۆربەی جار، ڕووبەڕووی بوونی دازاین لەگەڵ کەسانی دیکەدا، وەکو بابەتێکی بەردەستی نێو-جیهان دەبینەوە. ئەگەر کەسانی دیکە ببن بە بابەتی توێژینەوەش، کە لەپێشتر بەو شێوەیە دەبینرا، هێشتا بە (کەس-شتەکان) دانانرێن و نابن بە بابەتێکی دەرەکی. ئەگەر کەسێک ببینین لەوێدا وەستاوە هەرگیز، وەکو شتێک نابینرێت. بەڵام وەستانەکەی لە دەوروبەردا شێوازێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونە. بێ گوێپێدان لە تەنیشت شتەکانی دیکە و لە تەنیشت هیچیشەوەیە. کەسانی دیکە لە شێوازی بوونی دازاین-لەگەڵدا و لەنێو جیهاندا ڕووبەڕووی دەبینەوە.

لەسەرەتاوە دەردەکەوێت چەمکی 'دازاین' پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە نەبێت، بەڵام بێگومان دوایی پەیوەندییەکە بە زەقی دەردەکەوێت. هەمانکات هەموو کەسێک دەتوانێت ئەو خاڵەش ببینێت، کە "دازاین-

لەگەڵ" ئاماژە بۆ بوونی کەسانی دیکە لەنێو-جیهاندا دەکات. ئەم دازاین-لەگەڵەی بوونی ئەوان لەنێو-جیهاندا خۆی بۆ دازاین و ئەوانەی لەگەڵ دازاینیشدان نیشاندەدات چونکە بوونی دازاین لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئەواندایە. شێوازی دەربڕینی فینۆمینۆلۆجییانەی بوون-لەگەڵ واتایەکی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە. ئۆنتیکییانە فاکتۆری ئەم بوونەی من بەو جۆرە دانامەزرێنێت، کە من، وەکو بابەتێکی دەرەکی هەبم و کەسانی دیکەش لە جۆری من بن. ئەگەر ئەمە واتای ئەو دەستەواژەیە بێت، کە بوونی دازاین لەنێو-جیهاندا لە بنەڕەتەوە بوون-لەگەڵ نەبێت ئەوا بوون-لەگەڵ نابێت بە خەسڵەتێکی بوونگەرانە بۆ دازاین.

بەڵکو دەبێت بە شتێک و لەگەڵ دەرکەوتنی کەسانی دیکەدا دەناسرێت. ئەگەر کەسانی دیکە فاکتۆریانەش نەبینرێن بوون-لەگەڵ پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دازاینە. تەنانەت بوونی-تەنیایی دازاین بوونە-لەگەڵ ئەواندا و لەنێو جیهاندا. دەشێ کەسانی دیکە بۆ شتێک و لەنێو شوێنێکدا بۆ بوون-لەگەڵدا نەبێت. بوونی-تەنیا شێوازی کەمی بوون-لەگەڵە و هێشتا شێوازی بوون-لەگەڵ دەسەلمێنێت. لەلایەکی دیکەوە بوونی کەسێکی دیکە یان دە کەس لە تەنیشتمەوە بوونی-تەنیام هەڵناوەشێنێت. ئەگەر ئەمانە و زۆری دیکەش لە دەرەوەدا هەبن، هێشتا دەکرێت دازاین تەنیا بێت. کەوابوو، بوون-لەگەڵ و فاکتۆری بوون لەگەڵ یەکیدا بۆ سەرهەڵدانی کەسانی دیکە ناگەڕێتەوە.

[١٢١] هەروەها بوونی-تەنیاش لەنێو ئەواندا پەیوەندی بە ئامادەبوونی جەستەیی ئەوانەوە نییە. ئێمە زۆرجار لەنێو ئەوانداین، ئەوان لەوێدا و لەگەڵ ئێمەدان؛ بەڵام لە ئەوان نامۆین. ونبوون و دوورکەوتنەوە دوو

شێوازی بوونی دازاینن لەگەڵ-ئەواندا و لەنێو جیهاندا. بوون-لەگەڵ لە هەموو بارودۆخێکدا بوونی خودی دازاینە؛ بوون-لەگەڵ بەڕادەیەک دەبێت بە خەسڵەتی دازاینی ئەوان، کە سەربەستانە دەبێت بە بوون-لەگەڵ و لەنێو جیهاندا. لەبەر ئەوەی هەموو دازاینێک لە بونیادە بنەڕەتییەکەیدا بوونە-لەگەڵدا هەمیشە ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبێتەوە.

ئەگەر دازاین-لەگەڵ پێکهاتەی بوون-لەنێو-جیهان بێت، ئەوا بەو جۆرەی مامەڵەمان لەگەڵ دەوروبەر، بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکاندا کرد (بە نیگەرانیش ناوزەدمانکرد)، پێویستە بەگوێرەی چەمکی نیگەرانی ڕاڤەبکرێت (بڕوانە کورتە بەشی شەشەمی ئەم بەشە). نیگەرانی خەسڵەتی ئەو بوونەیە، کە بوون-لەگەڵ ناتوانێت خاوەنی بێت، هەرچەندە بوون-لەگەڵ، وەکو نیگەرانی، بوونێکە ڕوو لە هەبووەکان لەنێو جیهاندا دەکات. بەڵام ئەو هەبووانەی دازاین، وەکو بوون-لەگەڵدا ڕوویانتێدەکات هەبووەکانی بەردەست و ئامێرەکان نین؛ ئەوانیش دازاینن. لەمڕووەوە نابن بە بابەتی بایەخدان، بەڵکو بۆ نیگەرانین.[57] تەنانەت بایەخدان بە

[57] لە زمانی ئەڵمانیدا (*sorge*) و (*fürsorge*)، هەروەها لە ئینگلیزییدا (concern) و (care) هەن، کە یەک واتا دەبەخشن، بەڵام هایدیگەر بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریاندەهێنێت. بایەخدانی مرۆڤ بە کەلوپەلەکانی دەوروبەری لە بایەخدانی بەکەسەکانی دەوروبەرییەوە جیاوازە، وەکو یەک خەمخۆر و نیگەرانیان نییە. بۆ کەلوپەل هایدیگەر (*sorge*) و بۆ کەسانی دیکە (*fürsorge*) ی داناوە. من بەگشتی وشەی (نیگەرانی)م بەکارهێناوە و بەپێی ڕوونکردنەوەکەی هایدیگەریش هەوڵدەدەم واتاکەی لەنێو دەقەکەدا ئاشکرا بکەم. (م.ک)

خواردن، جلوبەرگ و لەش لە کاتی نەخۆشیدا شێوازی نیگەرانین. ئێمەش نیگەرانی بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دادەنێین. بۆنموونە، کاری خزمەتگوزاری، کە فاکتۆرێکی کۆمەڵایەتییە لەسەر بوونی دازاین-لەگەڵ ئەواندا دامەزراوە.

گرنگییە فاکتۆرییەکەی پەیوەندی بەو هاندەرەوە هەیە، کە دازاین لەکەمی نیگەرانی لە بوونیدا دەیدۆزێتەوە. هەموو شێوازوەکانی بوون-بۆ-ئەوان، دژی ئەوان، بەبێ ئەوان و گوێدان و گوێ پێنەدان ئەگەرەکانی نیگەرانین. لەڕاستیدا ئەم شێوازانە ژیانی ڕۆژانەی دازاین دیاریدەکەن و بوونی دەشارنەوە یان ئاشکرایدەکەن. هەروەها شێوازەکانی بوون-لەگەڵ-یەکدیدا ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکە لەڕێ دەردەکەات. ئەم بوونە دەکات بە بابەتێکی دەرەکی لەنێو(خۆ)کاندا. وادەردەکەوێت تەنیا ئەم فرەلایەنە پشتگوێ خراوە خۆی بۆ ئێمە دەرخستوە؛ بەڵام لەڕاستیدا جیاوازی ئۆنتۆلۆخییانە لەنێوان 'گوێنەدان'، کە هەبووەکان تیایدا بێ سەروبن دەردەکەون و ئەو شێوازەی هەبووەکان پێکەوەن، دەدۆزینەوە.

[١٢٢] شێوازی پۆزەتیڤانەی نیگەرانی دوو ئەگەری توندڕەوی هەیە. دەتوانێت 'نیگەرانی' کەسەکەی دیکە لەناوبەرێت، خۆی لە جێگەی دابنێت و باز بەسەریدابدات. لەم ئەگەرەی دووەمدا نیگەرانی فڕێدراوەتە دەرەوە. کەسەکە پاشەکشەدەکات و بە تەواوبوو دایدەنێت یان بە هیچ جۆرێک خۆی لەگەڵدا ماندووناکات. ئەمجۆرە نیگەرانییە کەسی دووەم داگیردەکات هەرچەندە داگیرکردنەکە ئاشکرا نییە و لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی بەردەست دەچێت. بەپێچەوانەشەوە، لە ئەگەری دووەمدا، کە نیگەرانی کەسەکە داگیرناکرێت، نیگەرانییەکە بە ئەو دەدرێتەوە. ئەم خەمخواردنە،

که پەیوەندی بە نیگەرانبوونە بنەڕەتییەکەوە هەیە، واتە بوونی کەسانی دیکە، نەک بەو هەبووەوە خۆی لەگەڵدا ماندوو دەکات؛ یارمەتی کەسەکە دەدات بوونی خۆی شەفاف ببینێت و لەئاستیدا سەربەست بێت. نیگەرانی حاڵەتی بوونی دازاینە، تیایدا ئەگەرە فرەجۆرەکانی بەو جیهانەوە بایەخی پێدەدات دەبەستێتەوە و بوونی ڕەسەنی خۆی دەبینێت. بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا نیگەرانییە لە بووندا. هەندێکجار بوون-لەگەڵ-ئەواندا بۆ هەمان کارکردن دانراون و بەرەو بڕوانەکردن دەڕوات. لەلایەکی دیکەوە، کاتێک هەموویان خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخاندەکەن، خۆ تەرخانکردنەکەیان پەیوەندی بە دازاینی ئەوانەوە هەیە. هەر یەکێک لە ئەوان لە ڕێگەی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لەمڕووەوە هەموویان ڕەسەنانە پێکەوەن. ئەمەش جۆرێکی دروستی بابەتگەری پێکدەهێنێت، کە سەربەستی کەسەکەی دیکە دەپارێزێت.

هەموو ڕۆژێک بوون-لەگەڵ-کەسێکی دیکەدا خۆی لەنێوان ئەم دوو ئەگەرە توندڕەوەی نیگەرانی ڕادەگرێت. لەلایەکەوە کەسەکە دەگرێت و لەلاکەی دیکەوە بەریدەدات. چەند شێوازێکی خەملێو دروستدەکات؛ بەڵام باسکردن و دیاریکردنی ئەم شێوازانە لەدەرەوەی سنوری باسەکەماندایە.

[١٢٣] بەو جۆرەی بایەخ بە دەوروبەرو دۆزینەوەی بابەتەکانی بەردەست دەدرێت، 'خستنەبەرچاو' لەگەڵ 'لێبوردن'یش ڕێنمایی نیگەرانی دەکەن. هەروەها، هەردووکیان لەگەڵ نیگەرانیدا جۆری کەمی و گوێنەدانیان هەیە.

جیهان تەنیا بابەتەکانی بەردەست لەنێو خۆیدا پەرش و بڵاو دانانێت؛ دازاین و کەسانی دیکەش تیایدا بڵاودەبنەوە. لە واتای بوونی دازاینیشدا

دەردەکەوێت، ئەم بوونە، کە لە نێو دەوروبەرەکەیدا سەربەستە لەنێو ئەو جیهانەی کەسانی دیکەی تێدا هەن بوونە-لەنێودا و لەوێدا لەگەڵ ئەواندایە. ئێمە لە ڕاڤەکردنەکەمان بۆ جیهانبوون (کورتە بەشی ١٨) باسمانکرد، کە چۆن جیهانبوونی سەرجەمی ئاماژەکردنەکانە. ئاشنابوون لەگەڵ ئاماژەکردنەکەدا و تێگەیشتنی لەپێشتر لەبارەیەوە دازاین ڕووبەڕووی بابەتەکانی بەردەست دەکاتەوە و لە مامەڵەکردنەکەیدا دەیاندۆزێتەوە. بەستێنی ئاماژەکردنەکان لە بوونی دازایندایە، کە دەتوانێت خۆی لەگەڵیاندا خەریک نەکات یان لە پێناوی شتێکدا بۆ ئەو هەن.

بەگوێرەی ئەم توێژینەوەیەمان، بوون-لەگەڵ سەر بە بوونی دازاینە و کێشەی بنەڕەتی بوونی ئەوە. کەوابوو، دازاین، وەکو بوون-لەگەڵ، لە بنەڕەتەوە بوونێکە بۆ ئەوان. پێویستە ئەم دەستەواژەیەش سەبارەت جەوهەری دازاین بوونگەرانە وەربگیرێت. ئەگەر دازاین لە فاکتۆرێکی بوونیدا ڕوو لە کەسانی دیکەش نەکات، پێویستی بە ئەوان نەبێت و کارەکانی بە تەنیا ئەنجام بدات، هێشتا لەسەر ڕێگای بوون-لەگەڵ ئەواندایە. بوون-لەگەڵ، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی و بوون لە پێناوی ئەواندا، لەپێشتر لە بوونی دازایندا دەردەکەوێت. لەگەڵ بوون-لەگەڵدا ئەوانیش لەپێشتر دەبن بە پێکهاتەی بوونی؛ ئەم پێکهاتەیەش ئاماژە بۆ جیهانبوون دەکات و بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی (لەپێناوی-ئەوەدا) گرێدراوە. مادام بە جیهانبوونی ئەو جیهانەی دازاینەکانی تێدا هەن بەمجۆرە پێکدێت ڕێگەمان دەدات بە نیگەرانیەوە ڕووبەڕووی بابەتەکانی بەردەست لە دەوروبەرماندا ببینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبینەوە. بونیادی جیهانبوونی جیهانیش کەسانی دیکە، وەکو

بابەتی دەرەکی لەنێو هەبووەکانی دیکەدا دەرناخات، بەڵکو لەنێو دەوروبەرێکی تایبەتدا دەبینرێن، وەکو بابەتەکانی بەردەست لەنێو جیهاندا دێنە بەرچاو.

[١٢٤] بوونـ-لەگەڵ کەسانی دیکەدا سەر بە بوونە-لەنێودا؛ ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە بوونی دازاین بوونە-لەگەڵ ئەواندا. تێگەیشتنیش لە بوونی ڕۆشنایی دەخاتەسەر بوونی کەسانی دیکە. ئەم تێگەیشتنە لەسەر ناسینیان ڕاناوەستێت و پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونە و لە هەموو شتێک زۆرتر ئەو ناسینە دەگونجێنێت و مسۆگەری دەکات. خۆناسین لەسەر زەمینەی بوونـ-لەگەڵ دادەمەزرێت، کە تێگەیشتنە. لەسەر نزیکترین هەبوو، کە بوونـ-لەنێو-جیهان، وەکو بوونـ-لەگەڵدا، کاردەکات؛ ئەمەش لەگەڵ ناسینی ئەو شتەی دازاین لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ کەسانی دیکە لەنێو دەوروبەرەکەیدا هەیەتی و نیگەرانێتی پەیدایدەکات. واتای نیگەرانی بەو شتەوە بەستراوە، کە بۆی نیگەرانین. کەوابوو، بوونی کەسانی دیکە لە نیگەرانیدا دەردەکەوێت.

لەبەر ئەوەی نیگەرانی زۆربەی کات لەنێو شێوازی کەمی و گوێپێنەداندایە، جۆری خۆناسینەکە، کە گرنگە، داوا لە کەسەکە دەکات لەگەڵ بوونی خۆی ئاشنابێت. لەوحاڵەتانەدا، وەکو دوورەپەرێزی و خۆشاردنەوە، یان شێوەگۆڕین، بوونـ-لەگەڵ-یەکدیدا بۆ گەیشتن بە کەسێکی دیکە یان بینین بە هۆی ئەوانەوە، ڕێگەی جیاواز وەردەگرێت. بەوجۆرەی خۆدەرخستن و خۆشاردنەوە لەسەر شێوازی بوونی بوونـ-لەگەڵ-یەکدا دادەمەزرێن، لەم شێوازەش زۆرتر چی دیکە نین، بەرجەستەبوونی کەسێکی دیکە لە نیگەرانیدا لە بنەڕەتەوە سەر بە بوونە-لەگەڵ-ئەودا. ئەم بەرجەستەبوونە،

که بیردۆزەییانەیە (نەک بە شێوەی بیردۆزەی سایکۆلۆجی)، بە ئاسانی دەبێت بەو دیاردەیەی یەکەمجار بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەییانە لە گرفتی (ژیانی دەرروونی ئەواندا) دێتە بەرچاو. لەم دیاردەیەوە جۆرێک بوون لەگەڵ یەکدیدا دەناسین؛ لەهەمانکاتیشدا، دەبینرێت، کە لە سەرەتاوە بوون بەرەو کەسانی دیکە پێکدەهێنێت. ئەم دیاردەیە، کە بە (هاوسۆزی) ناوزەدیدەکەین، یەکەم پردی ئۆنتۆلۆجییە کەسێک لە نێوان خودی خۆی و خودەکانی دیکەوە دروستدەکات.

هەڵبەتە بوون بەرەو کەسانی دیکە ئۆنتۆلۆجییانە لە بوون بەرەو شتە دەرەکییەکانەوە جیاوازە. ئەو هەبووەی بەوی دی دایدەنێین دازاینە. بوون لەگەڵ کەسانی دیکە و بەرەو ئەوان پەیوەندی بوون لەنێوان دازاین و دازاینێکی دیکەدا هەیە. دەگونجێت بڵێین ئەم پەیوەندییە لەپێشتر بووە بە پێکهاتەی بوونی دازاین، کە لە بوونی خۆی تێدەگات و لەگەڵ دازاینەکانی دیکەدا پەیوەندیدارە. لەمڕووەوە پەیوەندی بوون لەنێوان دازاینەکاندا دەبێت بە پڕۆژەی بوون بەرەو خودی دازاین و شتێکی دیکەش. کەسانی دیکەش دەبن بە وێنەیەکی وەرگیراوی خۆ.

[١٢٥] هەرچەندە ئەم تێڕوانینانە ئاشکرایە، هێشتا زەمینەیەکی پتەویان بۆ خۆڕاگرتن دانەمەزراندووە. پێشبیرۆکەی ئەم بەڵگەیە دەیسەلمێنێت، کە دانانی بوونی دازاین بەرەوخۆ بە بەرەو کەسانی دیکە دەڕوخێت. تاکو پێشبیرۆکە بەتەواوی نەسەلمێنرێت نازانین چۆن بوونی دازاین بەرەوخۆی بوونی کەسانی دیکەش دەردەخات. بوون بەرەو کەسانی دیکە تەنیا پەیوەندییەکی سەربەخۆ و کەمنەکراوەی بوون نییە، کە بوون-لەگەڵ[هەمانکات] بوونی دازاینیشی تێدا بێت. هەڵبەتە مشتومڕ لەسەر ئەو

خاڵە ناکرێت، کە گوایە ناسینی بەرانبەری [کەسەکان] لە ژیاندا دەکەوێتە سەر بوونـ-لەگەڵ و تێگەیشتنی دازاین لە بوونی خۆی؛ ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کەسێک بە چ ڕادەیەک بوونی خۆی روون نیشاندەدات و خۆی ناگۆڕێت. ئەمەش لەو حاڵەتەدا دەگونجێت، کە دازاین، وەکو بوونـ-لەنێوـ-جیهاندا لەگەڵ کەسانی دیکەدا بێت. هاوسۆزی لەپێشوەختا بوونـ-لەگەڵ پێکناهێنێت؛ بەڵکو هاوسۆزی لەسەر بناخەی بوونـ-لەگەڵدا دێتەکایەوە: شێوازی بوونـ-لەگەڵ دەبێت بە هاندەری.

لەڕاستیدا، هاوسۆزی دیاردەیەکی بوونگەرانەی سەرەکی نییە، ئەمەش لە کێشە و گرفت بێبەشی ناکات. پێویستە هێرمینۆتیکە تایبەتەکەی ڕوونیبکاتەوە چۆن بوونـ-لەگەڵ یەکدی و خۆـ-ناسین کۆسپ دەخەنە بەر ئەگەرە جیاوازەکانی پێکەوەبوونی دازاینەکان، تێگەیشتنێکی ڕەسەنانە دەشارێتەوە و دازاینیش دوای جێگرەکانی دەکەوێت؛ تێگەیشتن لە بێگانەیەک داوای ئەم جۆرە هێرمینۆتیکە، وەکو مەرجێکی بوونگەرانە و پۆزەتیڤانە، دەکات. لە شیکردنەوەکەشماندا دەردەکەوێت بوونـ-لەگەڵ پێکهاتەیەکی بوونگەرانەی بوونـ-لەنێوـ-جیهانە.

دازاینـ-لەگەڵدا سەلماندوویەتی، کە خاوەنی ئەو هەبووانەیە لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. تاکو دازاین هەبێت بوونیشی لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. بوونـ-لەگەڵ-یەکدا لە ئاکامی ڕوودانی پێکەوە ژیانی چەند (خۆ)یەکەوە سەریهەڵنەداوە. بینینی کۆمەڵێک (خۆ) لەگەڵ یەکدیدا مامەڵەکردنە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، وەکو ژمارەکان. ئەم ژمارەیەش لە ڕێگەیەکی دیاریکراوی بوونـ-لەگەڵ و بەرەو یەکدی دەدۆزرێتەوە. دازاینی کەسێک، وەکو بوونـ-لەگەڵی ئەواندا، لە بنەڕەتەوە لەنێو جیهانـ-لەگەڵ

کەسانی دیکە و ئەو دەوروبەرەدا دەدۆزرێتەوە، کە بۆی نیگەرانە. نوقمبوون لەنێو جیهانی ئەو هەبووانەی بە نیگەرانییەوە ڕوویان تێدەکات بوونە بەرەوکەسانی دیکە. دازاین[لەمحاڵەتەدا] خودی خۆی نییە. کەوابوو، ئەو کەسە کێیە، کە بوونی ڕۆژانەی بوونـلەگەڵـیەکدیدا داگیردەکات؟

## ٢٧. ژیانی ڕۆژانەی بە خۆـبوون و 'ئەوان'

[١٢٦] ئاکامی دروستی شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ بوونـلەگەڵ دەریدەخات 'خەسڵەتی خۆیی' دازاین و کەسانی دیکەش پێویستە بوونگەرانە، بەو جۆرەی کەسێک هەیە، پێناسبکرێت. لێرەدا و لەنێو دەوروبەرەکەدا کەسانی دیکە بەو جۆرەی هەن، دەناسرێن؛ ئەوەن، کە دەیکەن.

لە بایەخدان بۆ کەسانی دیکە یان دژی ئەوان جۆرە نیگەرانبوونێکی بەردەوام هەیە و جیاوازی تاکێک لەگەڵ کەسانی دیکەدا دیاریدەکات. بەگوێرەی جیاوازییەکە تاکەکە دەیەوێت خۆی بەرانبەر ئەوان دابنێت، دوایان بکەوێت یان ڕەتیانبکات. نیگەرانبوون بۆ ئەم دوورییە لەنێوانیاندا بۆ بوونـلەگەڵـیەکدیدا پەرێشانی دروستدەکات، هەرچەندە شاراوەش بێت. ئەگەر بمانەوێت بوونگەرانە دەریبڕین بوونـلەگەڵـیەکدیدا خەسڵەتی (دووری) وەردەگرێت. چەند ئەم بوونەی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی دەربخات ئەوەندەش ملهوڕانە خۆی دووردەخاتەوە. لەم دوورییەدا، کە لە ژیانی ڕۆژانەی بوونـلەگەڵـیەکدیدایە، کەسانی دیکە تیایدا دازاین داگیردەکەن. ئەو ناتوانێت ببێت بە خودی خۆی چونکە کەسانی دیکە

بوونیان لێسەندوەو داگیریان کردووە. ئەگەرەکانی بوونی ژیانی ڕۆژانەی دازاین کەوتونەتە بەردەستی کەسانی دیکە. ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان هەڵیاندەسوڕێنن. کەسانی دیکەش بوونێکی دیاریکراویان نییە. بەپێچەوانەوە، هەموو کەسێکی دیکە نوێنەرایەتییان دەکات. ئەوەی ئاشکرایە دازاین لە داگیرکردنەکەی لەلایەن کەسانی دیکەوە و لە بوونی-لەگەڵ ئەواندا بێ ئاگایە. دازاین [لێرەدا] دەبێت بە ئەوان و دەستەڵاتی ئەوان سەقامگیردەکات. 'کەسانی دیکە'، کە دازاین بە خۆی دادەنێت ئەوانەن، کە لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا و بوون-لەگەڵ یەکدیدا لەوێن. نە ئەو، نە ئەم نە خودی دازاین، تەنانەت کۆمەڵێکی دیاریکراویش نین و دەستەیەکی بێ لایەنی وەکو 'ئەوان'ە [*das man*].

[١٢٧] لەپێشتر ڕوونمانکردەوە چۆن ژینگە، ئەو ژینگەیەی لە ئێمەوە نزیکە و گشتییە بووە بە بابەتی بەردەست و بایەخی پێدەدەین. لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی گشتی بۆ گواستنەوە و زانیارییە گشتییەکانی، وەکو ڕۆژنامە کەسانی دیکە وەکو یەکن. ئەم پێکەوە-بوونە بە تەواوی بوونی دازاین لەنێو ئەواندا دەتوێنێتەوە، جیاوازیەکانی ئەوانیش زۆرتر لەناودەچێت. لەنێو ئەم ئاشکرابوونە بێ دڵنیاییەدا دیکتاتۆریەتی 'ئەوان' خۆی دەسەپێنێت. ئێمەش، وەکو ئەوان چێژ وەردەگرین و دڵمان خۆشدەکەین؛ دەخوێنینەوە، تەماشادەکەین، هونەر و ئەدەب هەڵدەسەنگێنین؛ وەکو ئەوانیش پاشەکشە لە جەماوەر دەکەین: ئەوەی ئەوان دەهەژێنێت ئیمەش دەهەژێنێت. ئەوان، کە کەسێکی دیار نین، هەموو ئەوانن، نەک (کۆ)کەیان، شێوازێکی بوونی ژیانی ڕۆژانەن. 'ئەوان' ڕێگەی تایبەتی خۆیان بۆ بوون هەیە. ئەو شێوازەی بە (دووریی)

ناوزەدمانکرد لەسەر زەمینەی ئەو فاکتۆرە ڕادەوەستێت، کە نیگەرانی بوون-لەگەڵ-یەکدیدا دەبەستێت بە ژیانی مامناوەندییەوە. ئەمیش خەسڵەتی بوونگەرانەی 'ئەوان'ە.

'ئەوان' لە بووندا ئەم نیگەرانییە دەکەن بە بنەمایەکی بنەڕەتی. بەم جۆرە 'ئەوان' بە فاکتۆریی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەمێننەوە و بڕیار لەسەر ڕاستی و ناڕاستی، سەرکەوتن و ڕوخان دەدەن. لە شەوێکدا ئەوەی سەرەکییە بریقەداری دەکەن و دەریدەخەن، کە هەمیشە بەو جۆرە ناسراوە. هەموو دەستکەوتەکان بەکاردەهێنن. هەموو نهێنییەکیش هێزی خۆیان دەدۆڕێنن. ئەم نیگەرانییەی ژیانی ڕۆژانە شێوازێکی بوونی دازاین دەردەخات، کە تیایدا هەموو ئەگەرەکانی بوونی تەخت دەکرێن. دووری، مامناوەندێتی و تەختکردنی ئەگەرەکانی شێوازەکانی بوونی 'ئەون' و دەبن بە پێکهاتەی 'بەگشتیکردن'. بەگشتیکردن هەموو شتێکی ڕاڤەکراوی دازاین و جیهان داگیردەکات و هەمیشە خۆی بە ڕاست دادەنێت. ئەمەش لەبەر پەیوەندییەکەی بە بوونەوە یان جۆری ئاشکراکردنەکەوە نییە، بەڵکو لە ئاستی جیاوازییەکاندا و ڕەسەنییەتدا بێ هەستە. لەبەر ئەمە هەرگیز خۆی بە کرۆکی کێشەکان ناگەیەنێت. بەگشتیکردن هەموو شتێک ئاڵۆز و شاراوەدەکات و دوایش شتە داپۆشراوەکان ئاشنادەکات و لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیانخاتە بەردەست. 'ئەوان' لەوێدا لە هەموو شوێنێکدا هەن. هەموو بڕیاردانێکی دازاین دەفڕێنن. مادام 'ئەوان' حوکم بەسەر شتەکاندا دەدەن و بڕیار دەدەن دازاین لە وەڵامدانەوە بێ بەریدەکەن. 'ئەوان' بانگەشەی واڵامدانەوەکان دەکەن. 'ئەوان'، کە ناتوانین بڵێین، کێن، ئەم کارەیان کردوە و ئێستاش دەیکەن. لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا ئەوەی

شتەکان دەهێنێتە پێشەوە کەسێکی ناسراو نییە. کەوابوو، 'ئەوان' باریگران لەسەر شانی دازاینێکی تاک سوکدەکەن. لەمەش زۆرتر؛ لەگەڵ داگرتنی بارەکەدا دازاینیش دەخەنە نێو خۆیانەوە و فێریدەکەن شتەکان ئاسان وەرگرێت. بەمکارەش 'ئەوان' خۆیان دەهێڵنەوە و سەختتر خۆیان دەسەپێنن.

[١٢٨] هەموو کەسێک دەبێت بە 'ئەوان' و کەس نابێت بە خاوەنی بوونی خۆی. 'ئەوان'، کە سەبارەت کێیەتی دازاین وەڵامی پرسیارکردنەکەیە، هیچ کەس نین و دازاین لەنێو بوونید+لەگەڵ-کەسانی دیکەدا خۆی داوە بەدەستیانەوە. لەنێو ئەم خەسڵەتگەلانەدا؛ ژیانی ڕۆژانەی بوون-لەگەڵ-یەکدیدا، 'وورێتی' مامناوەندێتی، تەختکردن، بەگشتیکردن و داگرتنی باری گرانی بوون و هێنانە ناوەوەی دازاین و بەردەوامبوونی دازاینیش پەیدادەکرێت. بەردەوامبوونەکەش خەسڵەتی بوون-لەگەڵی هەیە. (خۆ)ی دازاین و کەسەکەی دیکەش لەم شێوازی بوونەدا بەتەواوی وننەبوون و هەمانکات نەدۆزراونەتەوە. ئەمشێوازە تەنیا بوونێکی ناڕەسەنانە یان بوونێک لە ئاستی خۆناسیندا سەرنەکەوتووە، دیاریدەکات. ئەم شێوازی بوونە لە فاکتۆری دازاین، وەکو 'ئەوان' یان ئەوەی 'کەس' نیە کەمتر دانانرێت. لەم بوونەدا دازاین داکەوتە، ئەگەر مەبەست لە داکەوت خەسڵەتی دازاینی هەبێت.

هەرچەندە 'ئەوان' بە کەمی، وەکو بابەتێکی دەرەکی و دازاینیش دەبینرێن و ناگیرێن، بەڵام ئاشکرا دەور دەبینن. لەگەڵ ئەمەشدا 'ئەوان' هیچ نین. ئەگەر بێلایەنانە و ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانە بڕوانین، 'ئەوان' بە (خۆ)یەکی ڕیالیستانەی ژیانی ڕۆژانە دادەنێین. ئەگەر، وەکو بەردێکیش، کە بابەتێکی

دەرەکییە نەبینرێت ئەوە ناگەیەنێت، کە بوونی شتێکی ڕاستەقینە نییە. کەس لەپێشوەختا حوکمی نەبوونی نادات، هەمانکات ناتوانێت ئۆنتۆلۆجییانە ڕاڤەیبکات، ئەگەر بە سەرەنجامی دەرکەوتنی چەند (خۆ)یەکی پێکەوەبوونی دەرەکی واتاکەی لێکبداتەوە. بەپێچەوانەوە، دەبێت ئەم دیاردە سەپێنراوانە ڕێنمایی بەکارهێنانی چەمکەکانی بوون بکەن.

[١٢٩] بێجگە لەمە، 'ئەوان' خۆیەک نییە لە ژوور خۆیە فرە جۆرەکانەوە هەڵواسرابێت. لەمحاڵەتەدا بوونی (خۆ)کان و دانانیان بە جۆری گەورەش دەبێت خەسڵەتی دازاینیان نەبێت. تێگەیشتنیش لە بوونیان ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر زەمینەی جۆری گەورە و جۆری بچوک ڕادەوەستێت. بەڵام 'ئەوان' جۆرێکی گەورە نین تاکو دازاینی تێدا بێت و لە ڕێگەی ئەم بوونەشەوە نایدۆزینەوە. تەنانەت لۆجیکی کۆنیش ناتوانێت پەیداییکات. جێگەی سەرسوڕمانیش نییە ئەگەر لە ئۆنتۆلۆجی بابەتە دەرەکییەکاندا بیدۆزینەوە؛ ئۆنتۆلۆجیەک، کە توندڕەوە. گرنگ نییە چەند ئەو لۆجیکە پێش بخرێت و گۆڕانکاری بەسەردابێت، لە بنەڕەتەوە نەرمی و خۆگونجانی تێدا نییە. چاکسازی لە لۆجیکدا و وەرگەڕانی بەرەو "زانستەمرۆڤییەکان" دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزی ئۆنتۆلۆجییانە.

(ئەوان) پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجین؛ وەکو دیاردەیەکی سەرەکی سەر بە پێکهاتەی پۆزەتیڤانەی دازاینن. چەند ئەگەرێکیان بۆ بەکۆنکریتکردنی خۆیان هەڵگرتوە. ڕادەی داگیرکردنەکە و خۆسەپاندنەکەش لە مێژوودا دەگۆڕێت. (خۆ)ی ڕۆژانەی دازاین 'خۆی-ئەوان'ە، کە لە خۆی ڕەسەنی

جیادەکەینەوە؛ خۆیەکە ڕێگەی خۆی وننەکردوە. دازاین، ئەو کاتەی دەبێت بە ئەوان خۆی لەنێو ئەواندا پەرتوبڵاودەکاتەوە، بەڵام یەکەمجار دەبێت خۆی بدۆزرێتەوە. پەرتوبڵاوییەکەی ئاماژە بۆ بوونێک دەکات بە نیگەرانییەوە لەنێو جیهاندا نوقم بووە و ئێمەش لە نزیکەوە ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئەگەر دازاین خۆی، وەکو، 'خۆی-ئەوان' بناسێت، ئەوا 'ئەوان' جیهان و بوون-لەنێو-جیهانی بۆ ڕاڤەدەکەن. دازاین دەبێت بەوەی لەپێناوی 'ئەوان'دا ڕۆژانە هەیە و ئەوانیش بەگوێرەی ئاماژەکردنەکان بەرجەستە دەبن. ئاشنابوون و کارکردنی ڕۆژانەی دازاین لەگەڵ شتەکاندا دەکەوێتە سەر ئاشنابوون و کارکردنی 'ئەوان'. دازاین لە ڕووی فاکتۆرییەوە لەگەڵ-کەسانی دیکە-لەنێو جیهاندایە، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەیناسێت. دازاین ئەو(من)ە نییە، کە خودی خۆمم، بەڵکو ئەوانە و ڕێگەی ئەوانی گرتۆتەبەر. من بەگوێرەی ئەوان بوونی خۆم دیاریکردوە. لەم سەرەتایەوە دازاین دەبێت بە(ئەوان) و بەو جۆرەش زۆربەی کات دەمێنێتەوە. ئەگەر دازاین لە ڕێگەی خۆیەوە جیهان بدۆزێتەوە و نزیکی بکاتەوە، بوونی ڕەسەنی خۆی بناسێت، دۆزینەوەی جیهان و خۆناسینەکەی دەبن بە ڕامالینی ڕێگرەکان و کردنەوەی ڕێگاکان، چونکە دازاین[لەوە زۆرتر] لە شێوازی خۆشاردنەوەدا خۆی دەرناخات. لەگەڵ ئەم ڕاڤەکردنەدا بۆ بوون-لەگەڵ و خۆ-بوون لە نێو 'ئەوان'دا، وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت 'کێیە'ی ژیانی ڕۆژانەی بوون-لەگەڵ-یەکدیدا مسۆگەرکراوە. ئەم تێبینییانە هەمانکات تێگەیشتنێکی کۆنکریتی بۆ پێکهاتەی بنەڕەتی دازاین دادەمەزرێنن: بوون-لەنێو-جیهان لە ژیانی ڕۆژانە و مامناوەندیدا دەردەکەوێت. لە شێوازی بوونی(ئەوان)ەوە، شێوازێک،

[١٣٠] که زۆر له ژیانی ڕۆژانەی دازاینەوە نزیکە پێش-ئۆنتۆلۆجییانە ڕاڤەی بوون دەکات. لەحاڵەتی یەکەمدا ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە دوای ئەم شێوازە دەکەوێت: لە سەرەتاوە دازاین بەو بوونە دادەنرێت، کە لەنێو جیهاندایە. بەڵام ئەمەش هەموو شتێک نییە: نزیکترین ئۆنتۆلۆجی لە دازاینەوە لەسەر بناخەی تێگەیشتن لە بوونی (خۆ)کان، جیهان و واتای بوون دادەمەزرێت. بەڵام مادام دیاردەی جیهان لە نوقمبوون لەنێو جیهاندا دەردەکەوێت، ئەوا دەبێت بە بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان. بوونی ئەو شتانەی لەگەڵ ئێمە لەنێو جیهاندا هەن دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی. کەوابوو، لەگەڵ دەرخستنی پۆزەتیڤانەی دیاردەی نزیکی ژیانی ڕۆژانەی بوون-لەنێو-جیهان هۆکاری دەستنەکەوتنی ڕاڤەی ئۆنتۆلۆجییانەی بارودۆخی ئەم بوونە ڕووندەکەینەوە. ئەو بارودۆخەی بوون لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی وندەکات و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

ئەگەر بوونی ڕۆژانەی بوو-لەگەڵ-یەکدیدا لە بنەڕەتەوە لە بوونی دەرەکی ڕووتەوە جیاوازبێت-هەرچەندە ئۆنتۆلۆجییانەش لێوەی نزیک بێت، هێشتا کەمتر بوونی ڕەسەن بە بابەتێکی دەرەکی دادەنرێت. بوونی ڕەسەنی خۆ-بوون حاڵەتێکی تایبەتی خۆ نییە و بە دابڕانی لە 'ئەوان' سەرهەڵنادات؛ بەڵکو شێوازێکی ئۆنتیکی 'ئەوان'ە، لە کاتێکدا 'ئەوان' دەبن بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی. بەڵام، لەمحاڵەتەدا، ئۆنتۆلۆجییانە (وەکو خۆ بوونی) خۆیەکی ڕەسەن و ناسنامەی (من)، کە لەنێو ئەزمونە فرەجۆرەکاندا بەردەوام دەمێنێتەوە، جیادەکرێتەوە.

# بەشی پێنجەم

## بوون-لەنێو وەکو خۆی

### ٢٨. ڕۆڵی شیکردنەوەی بیردۆزەییانە بۆ بوون-لەنێو

[١٣١] لە قۆناخی سەرەتایی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکە بۆ دازاین، بوون-لەنێو-جیهانی ئەم بوونەمان کرد بە پێشەنگ. ئامانجی یەکەممان لەم کارەش دەرخستنی بونیادێکی یەکگرتووی دازاینە بە جۆرێک، کە ئەگەرەکانی بوونی ئۆنتۆلۆجییانە دیارییبکرێن. تاکو ئێرە دیاریکردنی خەسڵەتی بوون-لەنێو-جیهان ڕووبەڕووی جیهان کراوەتەوە و لەوێوە هەوڵمانداوە وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت (کێیەتی) دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا بدەینەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم شیکردنەوەیەی بوونی دازایندا پێشوەخت ئاماژەمان بۆ بوون-لەنێو وەکو خۆی کردوە و لەنێو شێوازی کۆنکریتی زانین لەبارەی جیهانەوە ڕووناکیمان خستۆتە سەر.

ئێمە لەپێشتر ئەم بونیادە گرانەمان بینیوە و لەنێو شیکردنەوەکەمان بۆ شتەکان بەرجەستەبووە. ئێستاش بۆ باسکردنی دەستکەوتەکانمان لە شیکردنەوەکەماندا بۆ جیهان و کێیەتی دازاین دەبێت ڕوو لە دیاردەی بوون-لەنێو-بکەین. لەگەڵ ئەمەدا تەنیا وێنەیەکی بونیادی سەرتاپاگیری بوون-لەنێو-جیهان نابینین، بەڵکو لە بوونی بنەڕەتی دازاینش، وەکو نیگەرانی تێدەگەین. چی دیکە زۆرتر لەنێو جیهاندا بێجگە لە پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی بوون-لەتەنیشت-جیهان، بوون-لەگەڵ و خۆ-بوون هەیە ئاماژەی بۆ بکەین؟ ئەگەر پێویست بکات بەراوردەکەمان لەنێوان

جۆرەکانی نیگەرانی، دەوروبەر و خستنەبەرچاو فراوانتر بکەین؛ دەبێت بەراورد لەنێوان دازاین و ئەو هەبووانەشدا بکەین، کە خەسڵەتی دازاینیان نییە. بەبێ پرسیارکردن [شیکردنەوەکەمان] ڕۆڵی دیکەی هەیە، کە تاکو ئێستا جێبەجێی نەکردوە. ئەوەی لێرەدا کردومانە پێویستە بە چەند جۆرێک کۆبکرێتەوە و لەڕێگەی پێشمەرجێکی بوونگەرانەی فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجییەوە تەماشابکرێت. بەڵام ئەمە ئامانجی توێژینەوەکەمان نییە. **ئامانجی ئێمە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییە**. کەوابوو، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە بوونـ‌لەنێو بکۆڵینەوە ناتوانین خەسڵەتە سەرەکییەکەی لەناوبەرین و لە کەسانی دیکەوە دەریبهێنین، کە ئەمەش شکاندن و توانەوەیەتی. خەسڵەتێکی هەیە، کە لە شتێکی دیکەوە دەرنایەت و هەمانکات بوونگەرانەش لە ئاستی خەسڵەتەکانی دیکەدا هاوتەراز ڕادەوەستێت. زۆرجار هاوتەرازبوونەکە لە ئۆنتۆلۆجییدا باسنەکراوە چونکە هیچ سنورێک بۆ میتۆدی دەرهێنانی زۆر شت لە زەمینەیەکی سەرەتایی و سادەوە دانەنراوە.

[١٣٢] تەماشای کۆی بکەین تاکو فینۆمینانە خەسڵەتی بوونـ‌لەنێو دیاریبکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان لە گەڕانەوەمان بۆ ئەو خاڵە دەستدەکەوێت، کە گوتمان لەوێدا ڕوانینێکی فینۆلۆجییانەمان هەیە، کە دیاردەکە دەخەینە ئاستی ڕوانینەکەمان: بوونـ‌لەنێو لە بوونی بابەتێکی دەرەکی لەنێو شتێکدا، کە ئەویش بابەتی دەرەکییە جیاوازە؛ بوونـ‌لەنێو خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی و ئامادەبوونی لەنێو جیهاندا نییە؛ بەڵکو خەسڵەتی بنەڕەتی خودی هەبووە. ئایا ئەمەش ئامادەبوونی دیاردەیەک لەنێوان بابەتێکی دەرەکی (خۆ) و بابەتێکی دەرەکی (بابەت) ناگرێتەوە؟

ڕاڤەکردنەکەش زۆرتر لە ناوەڕۆکی دیاردەیی نزیک دەبێتەوە ئەگەر بڵێین دازاین بوونەێکە لەنێواندا. بەڵام دەستپێکردنەکەمان لە (نێوان)ەوە توشی هەڵەمان دەکات چونکە لە نێوان ئەو نێوانە و هەبووەکانی دیکەدا نێوانی دیکەش هەیە. ئەمەش لایەنێکی تەمومژاوی ئۆنتۆلۆجییانەیە. (نێوان) گونجاندنی دوو بابەتی دەرەکییە لەگەڵ یەکدا. هەمانکات ئاماژە بۆ جیاکردنەوەیان دەکات و پێکەوەنوسانیان دژوار دەردەچێت. گرنگە ئۆنتۆلۆجی دیاردەکان لە یەکدی جیانەکاتەوە یان ناوەڕۆکی پۆزەتیڤی خۆی بپارێزێت. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بەرفراوانتر هەیە تاکو بیسەلمێنێت ئەوەی ئۆنتیکییانە و لە ڕێگەی نەریتە کۆنەکەوە بەڵگە نەویستە و مامەڵە لەگەڵ گرفتی زانیندا دەکات، ئۆنتۆلۆجییانە شاراوەیە و ئاوەڕی لێنەدراوەتەوە. ئەو هەبووەی بوون-لەنێو-جیهان دەبێت بە پێکهاتە بنەڕەتییەکەی لە هەموو حاڵەتێکدا 'لەوێ'یە. وشەی 'لەوێ' ئاماژە بۆ 'ئێرە' و 'ئەوێ' دەکات. 'ئێرە'ی بوونی (من-لێرە) هەمیشە پەیوەندی 'لەوێ'ی بابەتی بەردەست دەردەخات، کە لەوێدا ڕووبەڕووی دەبینەوە. بوونێکە نزیکە، ڕێنمایکەرە و بۆی نیگەرانین.

پێشمەرجی شوێن بۆ دازاین جێگاکەی دیاریدەکات و لەسەر زەمینەی بوون-لەنێو-جیهان ڕادەوەستێت. 'لەوێ' سەر بە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەنێو جیهاندا. (ئێرە) و (ئەوێ) لەوێدا هەن؛ واتە لەو حاڵەتەدا هەن ئەگەر هەبوویەک هەبێت بوونی خۆی لەنێو شوێندا و لەوێدا دەربخات. ئەمەش دووری ئەو هەبووەیە و (لەوێدا) بوونی ئەو ئاشکرادەکات. لەم ئاشکراکردنەدا ئەم هەبووە (دازاین)، لەگەڵ بوون-لەوێدای جیهان بۆ خۆی لەوێدایە.

[١٣٣] کاتێک ئۆنتیکییانە باسی ڕووناکی سروشتی لە بوونی مرۆڤدا دەکەین، مەبەستمان بێجگە لە بونیادی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانەی ئەم هەبووە چی دیکە نییە و بوونێتی لەوێدا. ڕووناکبوون ئەو واتایە دەبەخشێت، وەکو بوون-لەنێو-جیهان لە ڕێگەی بوونی خۆیەوە نەک بوونێکی دیکەوە کراوەیە و خۆی دەبێت بە کردنەوەکە. هەبوو بۆ ئەو بوونگەرانە دەکرێتەوەو بابەتە دەرەکییەکانیش دەکەونە بەر ڕووناکییەکە یان لەنێو تاریکیدا وندەبن. بەڵام دازاین لەگەڵ خۆیدا هەموو شتێک دەهێنێتە (ئەوێ). لە بنەڕیتەوە دازاین دەبێت لەوێدا بێت، ئەگەر لەوێدا نەبێت بە هیچ جۆرێک دازاین نییە. دازاین خۆ کردنەوەیە. ئەرکی ئێمە دامەزراندنی پێکهاتەی ئەم بوونەیە. بەڵام، بەو ڕادەیەی جەوهەری ئەم لە بوونیدایە، دەستەواژە بوونگەرایەتییەکەی، وەکو (دازاین خودی خۆکردنەوەکەیەتی) هەمانکات ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەم هەبووە لەوێدایە. لەسەرو دیاریکردنی پێکهاتە بنەڕەتییەکەی بوونی کردنەوەکە دەبێت بەگوێرەی شیکردنەوەکەمان ڕاڤەی بوونێک بکەین، کە ئەم هەبووە لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەوێدایە. لەم بەشەدا، کە باسی بوون-لەنێو وەکو خۆی تێدایە دەکەین (واتە بوون لەوێدا) دەکرێت بە دوو کەرتەوە: ئەلف، پێکهاتەی بوونگەرانەی (ئەوێ)؛ با، بوون-لەوێ لە ژیانی ڕۆژانەدا و کەوتنی دازاین.

لە 'تێگەیشتن' و 'مەزاج'دا دوو پێکهاتەی بوون لەوێدا دەبینین؛ هەروەها ئەم دوو پێکهاتەیە سەرەکین. بۆ شیکردنەوەیان پێویستیمان بە دەستنیشانکردنی چەند دیاردەیەک دەبێت؛ ڕاڤەکردنیشیان بەستراوە بە چەند شێوازێکی کۆنکریتییەوە، کە بۆ گرفتەکانی دوایی توشمان دەبن و

گرنگن. به لێکۆڵینەوەش تێگەیشتن و مەزاج دیاریدەکرێن. له یەکەمدا (پێکهاتەی بوونگەرانەی 'ئەوێ') کار لەسەر بوون-لەوێ، وەکو مەزاج دەکەین (کورتەبەشی ٢٩)؛ ترس، وەکو مەزاج (کورتەبەشی ٣٠)؛ بوون-لەوێ، وەکو تێگەیشتن (کورتەبەشی ٣١)؛ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن (کورتەبەشی ٣٢)؛ هەڵهێنجاندنی داکۆکیکردن له ڕاڤەوە (کورتەبەشی ٣٣)؛ بوون-لەوێ، گوتار و زمان (کورتەبەشی ٣٤). شیکردنەوەی خەسڵەتەکانی بوونی بوون-لەوێ بوونگەرانەیە. واته ئەمانه خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی نین و شێوازی بنەڕەتی بوونن. لەبەر ئەمه له سەرەتاوە ئەم خەسڵەتانه له ژیانی ڕۆژانەدا باسدەکەین.

[١٣٤] له دووەمدا (بوون-لەوێ له ژیانی ڕۆژانەدا و کەوتنی دازاین) باسی گوتنی لەکارکەوتوو (کورتەبەشی ٣٥)، خۆتێهەڵقورتاندن (کورتەبەشی ٣٦)، ئاڵۆزی (کورتەبەشی ٣٧) وەکو شێوازەکانی بوونگەرانەی ژیانی ڕۆژانه لەوێدا دەکەین؛ بەگوێرەی گوتارەکەمان شییاندەکەینەوە و ڕۆشنایی تێگەیشتنیان دەخەینەسەر و ڕاڤەیان دەکەین چونکه ڕاڤەکردن سەر به تێگەیشتنه. جۆری بنەڕەتی بوون-لەوێ لەنێو ئەم دیاردانەدا دەردەکەوێت و بەو بوونه دەناسرێت، که له ڕاڤەکردنەکەماندا به (کەوتن)ی دادەنێین؛ کەوتنەکەش جوڵانێک دەردەخات، که له بوونی ئەو [دازاینەوە] جیا نییه.

## ئەلف. پێکهاتەی بوونگەرانەی 'ئەوێ'

### ٢٩. بوون-لەوێ، وەکو مەزاج

ئاماژەکردنه ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ چەمکی 'مەزاج' له ڕووە ئۆنتیکییەکه و

ژیانی ڕۆژانەوە باشتر واتاکەی ڕووندەبێتەوە و لەگەڵیدا ئاشنادەبین؛ ئەویش مەزاجی ئێمەیە یان بوونی ئێمەیە بە مەزاجەوە. پێش بۆچوونە سایکۆلۆجییەکان بۆ تێگەیشتن لە مەزاج پێویستە ئێمە ئەم دیاردەیە بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دابنێین و بوونیادەکەی دیارییبکەین.

لە هێمنییە نەشڵەژاوییەکە و ناڕەزاییەکەی ژیانی ڕۆژانەدا، بەوجۆرەی بەر کەسانی دیکە دەکەوین و توشی مەزاخی خراپ دەبین هەرچەندە زۆرجار نابینرێن و گوێیان پێنادرێت، ئۆنتۆلۆجییانە بە هیچ دانانرێن. هەڵبەتە مەزاج دەگۆڕێت یان لەناودەچێت، بەڵام دازاین هەمیشە بە مەزاجەوە دەمێنێتەوە. مانەوە، هێمنی و ڕەنگزەردی، کە نابێت لەگەڵ مەزاجی خراپ تێکەڵ بکرێن، مەزاجن. بەپێچەوانەوە، لەمەدا دازاین لەگەڵ خۆی ماندوە و بوونی بووە بە بارێکی گران. کەس هۆکارەکەی نازانێت چونکە ئەگەرەکانی دەرکەوتن سەر بە زانینن و مەزاج نایاندۆزێتەوە. لەسەرو ئەمەشەوە، مەزاجی خۆهەڵکێشان بارەگرانەکەی بوون سوکتر دەکات. ئەگەری ئەم مەزاجەش هەمانکات دەرخستنی بارەگرانەکەی سەرشانی دازاینە. مەزاج بوونی مرۆڤ بەو جۆرەی ئەو کەسە هەیە و دێتە پێشەوە بەرجەستەدەکات. بەوجۆرەی کەسەکە هەیە و مەزاجییە دەبێت بە بوونی-لەوێدا.

[١٣٥] بە مەزاجەوە دازاین دەبێت بەو هەبووەی مەزاجییە و لەوێوە بوونی خۆی دەردەخات؛ دەبێت بە هەبوویەکی دەرکەوتوو. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە بەو جۆرە بناسرێت. لە حاڵەتی گوێنەدان و بێ زیانی ژیانی ڕۆژانەشدا بوونی دازاین بە ڕووتی دەردەکەوێت. ئەو شتە

ڕووتکراوەیەی بە بوون [ناوزەدیدەکەین] خۆی دەردەخات، بەڵام شوێنی[خۆدەرخستنەکە] لەنێو تاریکییدا دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا، دازاین خۆی نادات بە دەست مەزاجەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، شوێن ئەو شتانە ناکەوێت مەزاجەکان پەیدایدەکەن و ڕووبەڕوویان نابێتەوە. بەڵام ئەمە دژی دەرخستنەکە لە مەزاجدا نابێت بە بەڵگە؛ بەپێچەوانەوە، بۆ سەلماندنی بەکاردێت. لە ژیانی ڕۆژانە و ئۆنتیکیدا دازاین بەگشتی خۆی لەو جۆرە بوونە لادەدات، کە لە مەزاجدا دەردەکەوێت. بەڵام بە واتای ئۆنتۆلۆجییانەیـ بوونگەرانە دازاین لە مەزاجدا دەرکەوتووە و (لەوێدا) دانراوە. لە خۆلادانەکەشدا (ئەویـ) دەدۆزێتەوە.

ئەم خەسڵەتەی بوونی دازاین، کە دەڵێین "دازاین هەیە" لەنێو (کام شوێن) و (تا ئەو جێیە) شاراوەتەوە و هێشتا لەنێو خۆیدا پەردە لەسەر هەموو شتێک لانادات؛ فڕێدانی ئەم هەبوویە 'لەوێدا'؛ بە جۆرێکیش فڕێدراوە کەوتۆتە نێو جیهانەوە. چەمکی 'فڕێدان' فاکتۆری بوونی [دازاین] دیاریدەکات. ئەو بوونەی دازاین و ئەوەی دەبیـ بیگاتیـ، کە لە مەزاجدا دەردەکەون، وەکو ئەو بوونە نییە ئۆنتۆلۆجییانە و کاتیگۆریانە بۆ فاکتۆری بابەتە دەرەکییەکان دادەنرێت. فاکتۆری بابەتە دەرەکییەکان بە تەماشاکردنێک دەدۆزریتەوە. فاکتۆری دازاین، لەمڕووەوە، کە لەنێو مەزاجدایە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجیی هەبوویەکە بوونـ لەنێوـ جیهان بووە بە شێوازێکی بوونی. فاکتۆری بوونی دازاین، وەکو فاکتۆری بابەتێکی دەرەکی نییە هەرچەندە لە نزیکەوە و بەزۆر خراوەتە لاوە، هێشتا خەسڵەتی بوونی دازاینە. ئەمجۆرە فاکتۆرە بە تەماشاکردنێک ناناسرێت. ئەو هەبووەی خەسڵەتی دازاینی هەیە، بوونی 'لەوێدا' بە ئاشکرا یان

شاراوەیی، جۆرێکە بە فرێدراوی دەدۆزرێتەوە. لە مەزاجدا دازاین لەبەردەم خۆیدا ڕادەوەستێت و خۆی دەبینێت، نەک بەو جۆرەی هەست بە بوونی خۆی دەکات، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە، کە لەنێو ئەو مەزاجەدا خۆی دەدۆزێتەوە. دازاین هەبوویەکە بۆ بوونی نێردراوە و دەبێت بەردەوام خۆی بدۆزێتەوە. خۆدۆزینەوەکەشی زۆربەی کات لە ئاکامی گەڕاندا نییە و لەنێو سۆزدا پەیدادەکرێت. مەزاج لە شێوازی تەماشاکردنی فرێدانەکەدا هیچ دەرناخات؛ لەوێدا دەرکەوتنەکە ڕوودەدات، کە ڕووی تێدەکەین یان خۆمانی لێلادەدەین. زۆربەی کات مەزاج ڕوو لە بارگرانی بوونی دازاین ناکات و هەوڵی کەمکردنەوەشی نادات. خۆلادانەکەش جۆرێکە لە مەزاج.

[١٣٦] بە ڕواڵەت لە ناسینی ئەوەی مەزاج دەریدەخات و لە چۆنیەتی دەرخستنەکە سەرکەوتوو نابین ئەگەر لەگەڵ زانینی دازایندا ئەو کاتەی لە نێو مەزاجدایە بەراورد بکرێت. تەنانەت ئەگەر دازاین سەبارەت شوێن یان ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی هۆشیدا بزانێت لە کۆتایدا دڵنیاش بکرێت، بەرانبەر دیاردەی فاکتۆرەکان هیچ ناگرێتەوە: چونکە مەزاج فاکتۆری دازاین 'لەوێدا' دەخاتە بەردەم و بە ئازارەوە تەماشایدەکات. لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆجییانەی-بوونگەرانەوە هیچ بەڵگەیەک بۆ کەمکردنەوەی مەزاج نادۆزرێتەوە و لەگەڵ زانینی بیردۆزەییدا سەبارەت بابەتێکی دەرەکی بەراورد ناکرێت. هەروەها ئەم دیاردانەش لەناوناچن ئەگەر لەنێو مەڵبەندێکی نا-هۆشیدا دابنرێن. ناهۆشەکی دەڕوانێتە ئەو شتانەی هۆش لە ئاستیاندا کوێرە، بەڵام بە تیلەی چاو تەماشایاندەکات. فاکتۆریانە دەبێت لە ڕێگەی ویست و زانینەوە ببێت بە خاوەنی مەزاجەکانی؛ لە ڕوویەکی دیاریکراوی ئەگەری بوونەوە، کە واتای پێشخستنی ویست و

زانین دەبەخشێت نابێت توشی ئەو هەڵەیە ببین و لەو باوەڕەدابین مەزاج ئۆنتۆلۆجییانە بۆ بوونی دازاین سەرەکی نەبێت. دازاین تیایدا پێش ویست و زانین خۆی نەناسێت. هەروەها، ئێمە بە هۆی دژە-مەزاجەوە دەبین بە خاوەنی مەزاج؛ ئێمە هەرگیز لە مەزاج ڕزگار نابین. ئۆنتۆلۆجییانە مەزاج بوونی فڕێدراوی دازاین دەردەخات، بەڵام لە نزیکەوە و زۆربەی کات لە شێوازی خۆلادانەکەدایە.

لێرەدا تێدەگەین مەزاج لە دۆزینەوەی بارودۆخێکی دەروونییەوە جیاوازە. بێگومان لەمەوە دوورە چونکە (لەوێدا)، کە لە مەزاجدا دەرکەوتووە هەموو تێڕامانەکانی تێدایە. مەزاج بە تەنیا 'لەوێدا' گرنگتر دەردەخات، بەڵام لە هەستنەکردنیش توندڕەوتر دەیشارێتەوە. ئەمەش لە (مەزاجی خراپ)دا دەبینرێت. لەنێو مەزاجی خراپدا دازاین لە ئاستی خۆیدا کوێر دەبێت، دەوروبەرەکەی دادەپۆشرێت و نیگەرانییەکەی بێ ئامانج دەکەوێتەگەر. مەزاج هەڵدەکوتێتە سەر دازاین. نە لەناوەوە نە لەدەرەوە دێت، بەڵکو لەنێو بوون-لەنێو-جیهانەوە، وەکو شێوازی بوون سەرهەڵدەدات. لەگەڵ بەراوردکردنی مەزاج و تێڕامانی ناوەوەدا بە خەسڵەتی پۆزەتیڤی خۆدەرخستنەکە دەگەین. مەزاج هەمیشە هەمووی بوون-لەنێو-جیهان دەردەخات. ئاسانکاری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شتێکدا دەکات. بوون لەنێو مەزاجدا لەسەرەتاوە سایکۆلۆجییانە و بارودۆخێکی دەروونی نییە، لەبەر ئەمە شتێکی نادیارە و لەناوەوە دەردەچێت و مۆرکی خۆی بەسەر تاکەکان و شتەکاندا جێدەهێڵێت. ئەمەش خەسڵەتی دووەمی مەزاجە.

[١٣٧] مەزاج شێوازێکی بنەڕەتی بوونگەرانەی خۆدەرخستنی جیهان و بوون-لەوێدا-لەگەڵدایە چونکە خودی خۆدەرخستنەکە بوونە-لەنێو-جیهاندا. ئەم دوو خەسڵەتە بنەڕەتییەی مەزاج، کە باسمانکردن، دەرخستنی فرێدانەکە و دەرخستنی هەمووی بوون-لەنێو-جیهان لە ئێستادا بەرەو خەسڵەتی سێیەمان دەبەن، کە لە ئەوانی دیکە قوڵتر تێگەیشتنمان لە جیهانبوونی جیهان بۆ ئامادەدەکات. لەپێشتر ڕوونمانکردەوە، ئەو جیهانەی زووتر دەناسرێت دەرگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەبووەکانی نێوی دەکاتەوە. ئەم دەرخستنە لەپێشترەی جیهان سەر بە بوونە-لەنێودا و مەزاجیش بەشێکی پێکدەهێنێت. ڕێگەپێدان لە شتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە تەماشاکردنی دەورووبەرە؛ ئەمەش تەنیا هەستکردن یان چاوخستنەسەر بابەتێک ناگرێتەوە؛ تەماشاکردنە بە نیگەرانییەوە و خەسڵەتی کاریگەرێتی هەیە. ئەم تەماشاکردنە لە مەزاجدا ئاشکرا دەردەکەوێت. بەڵام کاریگەرێتی شتێکی بەکارنەهاتوو، بەرگریکەر یان هەڕەشەکردنی بابەتێکی بەردەست ئۆنتۆلۆجییانە دەگونجێت ئەگەر "بوون-لەنێو" بوونگەرانە بناسرێت و ئەوەی لەوێدا هەیە سەرنجراکێش بێت. لەڕاستیدا، ئەوەی سەرنجراکێشە لەسەر زەمینەی مەزاجی تاکە کەسەکە ڕادەوەستێت؛ بۆنموونە، مەزاج جیهانی، وەکو هەڕەشەکەر دۆزیوەتەوە. تەنیا ئەوەی لەنێو مەزاجی ترس (یان نەترسییدایە) بابەتەکانی بەردەستی دەورووبەر بە هەڕەشەکەر دەبینێت.

مەزاج دەبێت بە پێکهاتەی بوونگەرانەی خۆکردنەوەی دازاین لەنێو جیهاندا. لەبەر ئەوەی (هەستەکان) ئۆنتۆلۆجییانە لەو هەبووەدان، کە بوونی ئەو بە مەزاجەوە بوونێکە-لەنێو-جیهاندا کاریانتێدەکرێت یان هەست

به شتەکان دەکەن ئەوەی دەستیان لێدەدات کاریگەر دەبن. لەژێر بەهێزترین پاڵەپەستۆ و بەرگریکردندا کاریگەرێتی سەرهەڵنادات و بەرگریکردنیش ڕوونادات ئەگەر بوون-لەنێو-جیهان و مەزاج پەیوەندییان بە یەکدی و لەگەڵ شتە سەرنجڕاکێشەرەکانی نێو جیهانەوە نەبێت. لە مەزاجدا بوونگەرانە خۆبەدەستدانەوەیەکی کراوەیی لە جیهاندا دەبینرێت، کە ئێمە تیایدا ڕووبەڕووی شتە سەرنجڕاکێشەرەکان دەبینەوە. بێگومان لە گۆشەنیگای ئۆنتۆلۆجییانەوە دۆزینەوەی سەرەکی جیهان، وەکو یاسایەکی گشتی لە ئاستی (مەزاجی ڕووتدا) جێدەهێڵێن.

[١٣٨] ئەگەر تەماشاکردنێکی ڕووت بچێتە نێو کرۆکی بوونی بابەتێکی دەرەکیشەوە هەڕەشەکردن نادۆزێتەوە. لەڕاستیدا، هەرچەندە مەزاج شتەکان دەردەخات هەمانکات تەماشاکردنی ژیانی ڕۆژانەش توشی هەڵە و(وەهم) دەکات. لەبەر ئەمەش زانینی ڕەها سەبارەت جیهان بیرۆکەی پێ کۆکدەکات. ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنانەی ئۆنتۆلۆجییانە ناسەلمێنرێن بۆ ناسینی خەسڵەتی تەواناییەکەی بۆ دروستکردنی وەهم دابنێین بوونگەرانە سەرناکەوین. کاتێک دەبینین جیهان نارێکانە لەگەڵ مەزاجەکەماندا دەردەکەوێت، بابەتی بەردەست لە شێوازێکی دیاریکراوی جیهانبووندا خۆی ئاشکرابکات، کە لە شێوازەکانی دیکەی ڕۆژانەی ناچێت. لە ڕوانینێکی بیردۆزەییانەدا جیهان دەکەین بە بابەتی یەک کاڵا دەرەکییەکان و شتە نوێکانی تێدا نادۆزرێتەوە. بەڵام ڕەوانترین بیردۆزە واز لە مەزاجەکان ناهێنێت. ئەو کاتەی بیردۆزەییانەش دەڕوانینە بابەتێکی دەرەکی ئەو بابەتە خۆی، وەکو شتێکی دەرەکی ڕووت نیشانناندات ئەگەر بیردۆزەکە ڕێگەی نەدات بابەتەکە بە ئاسودەیی ڕوو لە ئێمە بکات و

بمێنێتەوە. هەموو دیاریکردنێک سەر بە زانین پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەیِ بوونگەرانەی لەنێو مەزاجی بوونِ-لەنێوِ-جیهاندا هەیە؛ بەڵام ئاماژەکردن بۆ ئەم خاڵە کەمکردنەوەی زانست بۆ (هەستکردن)ی ئۆنتیکی نییە.

لەم توێژینەوەیەماندا ناتوانین باسی فرەشێوازەکانی مەزاج و پەیوەندییەکانیان لەنێو زەمینەکانیاندا بکەین. ئەم دیاردانە دەمێکە ئۆنتیکییانە و لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا بە (کارتێکەرەکان) یان (هەستکردنەکان) ناسراون. لەخۆڕا نییە ئەو لێکۆڵینەوەیەی بۆ ڕاڤەکردنی کارتێکەرەکان بەدەست ئێمە گەیشتوە نەخراوەتە نێو سایکۆلۆجییەوە. ئەریستۆ لە بەشی دووەمی پەرتووکەکەیدا (ڕەوانبێژی) باسی کارتێکەرەکانی کردوە. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ڕەوانبێژی دەخەنە نێو خوێندنگاکانەوە، ڕەوانبێژی ئەریستۆ لە ژیانی ڕۆژانەی بوونِ-لەگەڵ-یەکدیدا زانستێکی هێرمینیۆتیکی سیستەمخوازە. ژیانی گشتی، وەکو بوونی 'ئەوان' (بڕوانە کورتەبەشی ٢٧) تەنیا خاوەنی مەزاج نییە، بەڵکو پێویستی بە مەزاجە و دروستیدەکات. ڕەوانبێژ بۆ مەزاج و لە مەزاجەوە دەدوێت. پێویستی بە تێگەیشتن لە ئەگەری مەزاج هەیە تاکو بتوانێت بە دروستی بەرجەستە و ئاڕاستەی بکات.

[١٣٩] ئێمە دەزانین ڕواقییەکان چۆن ڕاڤەی کارتێکەرەکانیان کردوە و دوای ئەوانیش زانایانی تیۆلۆجی سەدیان لێوەرگرتوە و لەوێشەوە بە سەردەمی نوێ گەیشتوە. ئەوەی لەدوای ئەریستۆوە بایەخی پێنەدراوە و پێشنەخراوە ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی بنەڕەتی کارتێکەرەکانە. کارتێکەرەکان و هەستکردنەکانە خراونەتە نێو بابەتەکانی سایکۆلۆجییەوە و لە پلەی سێیەمدا لەگەڵ ویست و بیرۆکەدا دانراون و لەگەڵ دیاردەکاندا

نوقم بوون. شایستەی باسە، کە توێژینەوەی فینۆمینۆلۆجییانە ئەم دیاردانەی جارێکی دیکە خستۆتە بەر ڕۆشنایی. شیلەر بەرهەڵستیکردنەکەی ئۆگەستین و پاسکالی ڕەچاوکردووە و کێشەکەی لەسەر زەمینەی پەیوەندی نێوان (نوێنەرایەتی) و(حەزلێکراوەکان) دروستکردەوە و باسیکردوە. لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا بناخە بوونگەرایەتییە-ئۆنتۆلۆجییەکانی دیاردەی کارکردن بەگشتی لەنێو تاریکییدا ماونەتەوە. مەزاج تەنیا فرێدانی دازاین و خۆبەدەستەوەدانی بۆ ئەو جیهانەی بوونی خۆی تێدا دەبینێت، دەرناخات؛ بەڵکو حاڵەتێکی بوونگەرانەیە و تیادا دازاین بەردەوام خۆی دەدات بەدەست جیهانەوە و بە جۆرێکیش بایەخ بە جیهان دەدات، کە تیایدا بوونی خۆی لەبیردەکات. پێکهاتەی بوونگەرانەی ئەو خۆلەبیرکردنەش لە دیاردەی (کەوتن)دا ئاشکرا دیارە.

[١٤٠] مەزاج ڕێگەیەکی سەرەتایی بوونگەرانەیە و دازاین دەکات بە بوون لەوێدا. بەتەنیا خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجییانە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی توانای دەرخستنی هەیە، لە ڕووی میتۆدۆلۆجیشەوە بۆ شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان گرنگە. بەگشتی، وەکو هەموو ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانە، شیکردنەوەکە بایەخ بەو هەبووانە دەدات، کە پێشتر لە بوونیاندا خۆیان دەرخستوە. بە ئەگەرە دوورەکانی دازاینەوە لە خۆکردنەوەکەیدا خۆی دەبەستێتەوە تاکو لەویوە زانین پەیدابکات. ڕاڤەکردنی فینۆمینۆلۆجییانە دەبێت ئەگەری خۆکردنەوە بدات بە دازاین تاکو بتوانێت ڕاڤەی بوونی خۆی بکات. هاوشانی خۆدەرخستنەکە بکەوێتە ڕێ و بوونگەرانە چەمکەکانی ناوەڕۆکی دیاردەکانی دەستکەوێت.

ئێمە دوایی (لە کورتەبەشی ٤٠)دا ڕاڤەی دوودڵی، وەکو بناخەیەکی مەزاجی دازاین دەکەین. گرنگییەکەی لە ڕوانگەی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەوە ڕووندەکەینەوە. بەڵام ئێستا باسی دیاردەیەکی کۆنکریتی مەزاج لە شێوازی ترسدا دەکەین.

## ٣٠ . ترس، وەکو شێوازێکی مەزاج

لە سێ لاوە دەتوانین بڕوانینە ترس و شیبکەینەوە: یەکەم، لە ئاستی چیدا دەترسێن، دووەم، خودی ترس و سێیەم، ئەو بابەتەی لە باریەوە دەترسین. ئەم سێ لایەنە ڕووداوی جیاواز نین و پێکەوە بەستراون. بونیادی گشتی مەزاج لەگەڵ ئەماندا دەناسرێت. ئێمەش شیکردنەوەکەمان بەگوێرەی گۆڕانکاری لە ترسدا دەگونجێنین و هەریەکێک لەم لایەنانە باسدەکەین.

ئەوەی لە ئاستیدا دەترسین شتێکی ترسناکە. بابەتێکی بەردەست، بابەتێکی دەرەکی یان بوونی دازینێکی دیکەیە. ئێمە نامانەوێت ئۆنتیکییانەش لەم بابەتە[ترسناکە] بدوێین: بەڵکو پێناسەی خودی ترسناکی دەکەین. ئایا لە ئاستی شتە ترسناکەکەدا ڕووبەڕووی چی دەبینەوە؟ ئەوەی لە ترسدا ڕووبەڕووی دەبینەوە هەڕەشەکردنە. لێرەدا چەند خاڵێک هەن پێویستە ئاماژەیان بۆ بکرێت. یەکەم، ئەوەی ڕووبەڕووی دەبینەوە خەسڵەتی زیانبەخشینی هەیە و لەو زەمینەوە خۆی دەردەخات. دووەم، زیانبەخشینەکە لەسەر ئێمە کاریگەرە و لە شوێنێکی دیاریکراوەوە ڕوومانتێدەکات. سێیەم، ئەو شوێنە دیاریکراوە، کە زیانەکەی

لێوە پەیدادەبێت نائاسایی دەبینرێت. چوارەم، ئەوەی زیانبەخشە و هەڕەشەکەرە ئەوەندە نزیک نییە تاکو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە نزیکبوونەوەکەیدا زیانەکە دەردەکەوێت و دەبێت بە هەڕەشەکەر. پێنجەم، ڕووبەڕووبوونەوەکەی نزیکبوونەوەیە. دەشێ شتێک زۆر زیانبەخش بێت، بەڵام مادام دوورە و نزیک نەبۆتەوە مەترسییەکەی دەرناکەوێت. هەڕەشەکردنەکە تەنیا بە نزیکبوونەوەی شتە ترسناکەکە بەرجەستە دەبێت؛ لەوانەیە بگاتە لامان یان نەگات. ئەم ئەگەرونەگەرە لە کۆتاییدا دەبێت بە ئاکامێکی ناخۆش و ترسناک. شەشەم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شتە زیان بەخشەکەی نزیک دەبێتەوە سەرهەڵدان و تێپەڕبوونیشی هەیە. ئەمە ترس کەمناکاتەوە، بەڵکو زۆرتری دەکات.

[١٤١] لە ترسدا هەڕەشەکەرەکە و ئەوەی بە نیگەرانییەوە تەماشای دەکەین بەڕەڵادەکرێت. ئێمە ناتوانین لە خراپەیەکی نێو داهاتوو دڵنیابین و دوایی لێی بترسین. هەروەها، ترس یەکەمجار ئەوەی ڕووبەڕوومان دێت دیاریناکات؛ ئەوشتە لەپێشەوە لەنێو شتە ترسناکەکەدا دادەمەزرێنێت. ترس بە ئاشکرا دەڕوانێتە شتە ترسناکەکە و دەیبینێت. تەماشاکردنی دەوروبەر شتە ترسناکەکە دەدۆزێتەوە چونکە ترس بۆ ئەو مەزاجە. ترس ئەگەری بوونە-لەنێو-جیهاندا. ئێمە ئەم ئەگەرە ناودەنێین 'ترساندن'، کە جیهانی تێدا، وەکو شتێکی ترسناک دەردەکەوێت. نزیکبوونەوەکەشی پەیوەندی بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی شوین لەنێو-جیهاندا هەیە. ئەو هەبووەی ترسی هەیە و دەترسێت دازاینە. تەنیا ئەو هەبووەی بوون لە بوونیدا بووە بەکێشە دەترسێت. ترس ئەم هەبووە لەنێو مەترسیدا و لەئاستی بوونیدا ڕادەگرێت. ترس هەمیشە بوونی دازاین 'لەوێدا'

دەردەخات. ئەگەر لە خانوەکەمان یانماڵەکەمان بترسین دژی ئەو ترسە نییە لە سەرەوە باسمانکرد چونکە دازاین، وەکو ئەو هەبووەی لەنێو-جیهاندایە بە نیگەرانییەوە لە بووندایە.

ترس هەڕەشەکردنە لە بوونی دازاین و ئەو بوونە لە شێوازێکی نەرێدا دەردەخات؛ شپرزەی دەکات و سەری لێدەشێوێنێت. ترس بوون دەخاتە نێو مەترسییەوە، هەمانکات بوونی خۆی نیشاندەدات. کاتێکیش تەواودەبێت دازاین جارێکی دیکە لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەیدۆزێتەوە. گرنگ نییە ترس ئەرێ یان نەرێ لەباری شتێکەوە بێت. بوون-بەترسەوە هەمیشە بابەتەکانی نێو-جیهان و "بوون-لەنێو" تیایدا دەبن بەو شتانەی هەڕەشەکەر و هەڕەشەلێکراون. ترس شێوازێکی مەزاجە.

[١٤٢] بێگومان ترس بۆ کەسانی دیکەش دەکرێت و دەڵێین بۆ ئەوان دەترسین. بەڵام ئەم ترسە ترسەکەی کەسانی دیکە کەمناکاتەوە. دەشی ئێمەش ئەو کاتە ترسمان بۆ کەسەکە هەبێت، کە ئەو ناترسێت و بێ باکانە ڕووبەڕووی هەڕەشەکردن دەبێتەوە. 'ترس-بۆ' شێوازێکی هاومەزاجییە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەڵام مەرج نییە ناوببنرێت ترسان-لەگەڵ ئەواندا یان پێکەوە-ترساندن. کەسێک دەتوانێت ترسی بۆ کەسێکی دیکە هەبێت بەبێ ئەوەی خۆی بترسێت. لەگەڵ ئەمەشدا، سەرنجێکی نزیک ڕوونیدەکاتەوە، کە ترس-لەبارەی شتێکەوە ترسە-بۆ-کەسانی دیکە. ئەوەی لێرەدا، کەسەکە دەیناسێت بوونێتی-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا، کە لەوانەیە لە دەستی بچێت. شتە ترسناکەکە ڕاستەوخۆ ڕوو لەم ناکات و ڕوو لە کەسێکی دیکە دەکات. ئەمجۆرە ترسە کاریگەر نییە و دەشێ هاو-کاریگەر بێت. کەوابوو، ئەم ترسە لە بوونێکی ترساو کەمتر نییە. لێرەدا،

کێشەکە پەتوەندی بە شێوازی بوونەوە هەیە نەک پلەی زۆری و کەمی ترسەکە. ئەگەر بە ترسیش دانەنرێت تایبەتمەندێتی و ڕەسەنێتی خۆی ونناکات. پێکهاتەی جۆراوجۆریش بۆ دیاردەی ترس پەیدادەکرێن. بەگوێرەی ئەمانەش ئەگەری جیاوازی بوون لەنێو ترسدا سەرهەڵدەدەن. بوونـ-لە نزیکەوە سەر بە بونیادی هەڕەشەکردنە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا. ئەگەر شتێکی هەڕەشەکەر کتوپڕ لەنێو ئەو جیهانەی بۆی نیگەرانین دەرکەوێت و لە کاتی خۆیدا سەرهەڵنەدات ترس دەبێت بە ئاگاداری. لێرەدا جیاوازی لەنێوان نزیکترین ڕێگە، کە هەڕەشەکردنەکەی تێدایە و ئەو شێوازەی سەرهەڵدانە کتوپڕیەکەی تێدا دەردەکەوێت دروستدەکەین. خۆمان لەگەڵ ئاگادارییەکەدا ئاشنادەکەین. بەڵام، ئەگەر هەڕەشەکەرەکە ئاشنانەبێت ئەوا ترسەکە دەبێت بە (ترس و لەرز). کاتێک ئەو شتەی توشی ترسولەرزمان دەکات و کتوپڕ ڕووبەڕووی دەبینەوە و ئاگادارمان دەکاتەوە دەبێت بە 'تۆقین'. جۆری دیکەی تریش هەن، وەکو دەستەمۆکردن، شەرمکردن، ڕیەڵە یان گومان و ڕاچڵەکاندن، کە هەموویان ئاماژە بۆ بوونی دازاین لەنێو-جیهاندا بەترسەوە دەکەن. ترس لێرەدا فاکتۆرێکی ئۆنتیکی تاکە کەسێک نییە و ئەگەرێکی بوونگەرانەی دازاینە. بەڵام تاکە ئەگەریش نییە.

## ١٣. بوونـ-لەوێ، وەکو تێگەیشتن

مەزاج بونیادێکی بوونگەرانەیە و بوونـ-لەوێ تیایدا خۆی ڕادەگرێت. لەگەڵ ئەم بونیادەدا تێگەیشتنیش هەمان گرنگێتی هەیە. هەرچەندە مەزاج

خەفەی دەکات بەڵام هەمیشە تێگەیشتنی هەیە. تێگەیشتنیش خاوەنی مەزاجە. ئەگەر ڕاڤەی تێگەیشتن، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بکرێت ئەوا ئەم دیاردەیە دەبێت بە شێوازێکی بنەڕەتی بوونی دازاین. لەلایەکی دیکەوە 'تێگەیشتن'، وەکو جۆرێک لە ئەگەرەکانی زانین (بۆنموونە لە باسکردنەوە جیاوازە)، دەبێت بە بەشێکی دەرهێنراوی بوونگەرانەی ئەو تێگەیشتنە بنەڕەتییە[کە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجییە] و بە یەکێک لە پێکهاتەکانی بوون-لەوێدا بەگشتی دادەنرێت.

[١٤٣] ئێمە لەپێشتر باسی ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتییەمانکرد، بەڵام بە ئاشکرا لە سەری نەدواین. ئەگەر بڵێین دازاین هەیە مەبەستمان ئەوەیە، کە جیهان 'لەوێدا'یە؛ بوون-لەوێدا بوون-لەنێوە. بوون-لەنێو لە پێناوی بوونی دازایندا لەوێدایە. بوون-لەنێو-جیهان لە پێناوی شتێکدا دەردەکەوێت و ئەم دەرکەوتنەش بە'تێگەیشتن' دادەنێین. لە تێگەیشتندا گرنگی ئەو شتە لە پێناویدا ڕوویتێدەکرێت دەردەکەوێت. دەرکەوتنەکەی تێگەیشتن لە پێناوی شتەکەدا پەیوەندی بە بوون-لەنێو-جیهانەوە هەیە. گرنگێتی ئەوەیە، کە جیهان خۆی لەسەری دەردەخات. مەبەستمان لەو خاڵەش، کە دەڵێێن "لەپێناوی-ئەو-شتەدا" و گرنگێتی لە دازایندا دەردەکەون ئەوەیە، دازاین هەبوویەکە بوونی-لەنێو-جیهاندا بۆ ئەو بووە بە کێشە.

کاتێک ئۆنتیکییانە باسی شتیک دەکەین چەمکی 'تێگەیشتن لەو شتە' بۆ کارکردن لەسەری و تەوانایمان بۆ بەکارهێنانی بەکاردەهێنین. لەو تێگەیشتنەی بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی ناوزەدمانکرد، ئەوەی کاری لەگەڵدا دەکەین شتێک نییە، بەڵکو بوونە. شێوازی هێزەکی بوونی دازاین

بوونگەرانە لەسەر تێگەیشتن ڕادەوەستێت. دازاین ئەو بابەتە دەرەکییە نییە لایەنی هێزەکی خرابێتەسەر بوونی؛ ئەو لە بنەڕەتەوە ئەگەرە. دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی توانایییە و ئەگەرەکانی خۆیەتی. بوونی-ئەگەرانە بۆ دازاین جەوهەرییە و پەیوەندی بە نیگەرانییەکەی بۆ کەسانی دیکە و جیهانەوە هەیە. ئەو هەمیشە لەم پەیوەندییەیدا بوونێکی هێزەکییە و لەپێناوی خۆیدا ڕوو لە خۆی دەکات. پێویستە ئەگەری بوونی دازاینیش لە ئەگەری بێ ناوەڕۆکی نێو لۆجیک و بابەتە دەرەکییەکان جیابکرێتەوە، کە بە سەرهەڵدانی ڕووداوەکانەوە بەستراوە. ئەگەر، بەو جۆرەی کاتیگۆرییەکە و بۆ بابەتێکی دەرەکی بەکاردێت، ئاماژە بۆ شتێک دەکات، کە هێشتا پەیدا نەبووە و لە هیچ کاتێکدا (پێویستانە) خۆی دەرناخات. خەسڵەتی گونجاندن بە شتەکە دەبەخشێت.

[١٤٤] ئۆنتۆلۆجییانەش لە کردەکی و پێویست نزمترە. وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی گرنگترین و شێوازێکی پۆزەتیڤی دازاینە و خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە. تێگەیشتن لایەنی هێزەکی بوونە و بناخەیە بۆ بینینی (ئەگەر).

ئەگەر، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی، تەوژمێکی بەرکراوەی بوون و سەربەستییەکی بێدەربەست نییە. لە هەموو حاڵەتێکدا، دازاین لەنێو ئەگەری دیاریکراودا خۆی دەبینێت. بوونی هێزەکی دازاین ڕێگە بە تێپەڕبوونی هەندێک ئەگەر دەدات. بەردەوامیش ڕوو لە ئەگەرەکانی دیکە دەکات و تەنانەت لە دامەزراندنیاندا توشی هەڵەکردنیش دەبێت. ئەمەش واتای بوونی-ئەگەری دازاین دەردەخات، کە بێوەستان بەرەو ئەگەرەکانی دەڕوات.

دازاین بۆ ئەو بوونە هێزەکییەی هەیەتی ئەگەری بوونێکی-سەربەستە. ئەگەری بوونی لە چەند شێواز و ڕێگەی جۆراوجۆردا بە شەفافی دیارە. 'تێگەیشتن' بوونی لایەنی هێزەکی ئەم بوونەیە، کە هێشتا نەبووە بە شتێکی زەقی دەرەکی چونکە ئەو هەرگیز نابێت بەو بابەتە دەرەکییە. بەڵام، تێدەگات، کە دەبێت بە ئەو یان ئەم. بە تێگەیشتنەوە 'دەزانێت' چی ڕوودەدات و چی تەواناییەکی بۆ بوون هەیە. ئەم زانینە لە هەستکردن بە بوونی خۆیەوە سەرهەڵنادات، لەنێو ئەو بوونەدایە، کە لەوێدا هەیە و بە تێگەیشتن دامانناَ. مادام دازاینیش بە تیگەیشتنەوە لەوێدایە، دەشێ توشی هەڵە بێت و نەتوانێت خۆی بناسێت. بەو ڕادەیەی مەزاج و تێگەیشتن هاوشان ڕادەوەستن و خۆیان دەخەنە ژێر دەستەڵاتی (فڕێدان)ەوە، دازاین توشی هەڵە دەبێت و خۆی ناناسێتەوە.[لەمحاڵەتەدا] لایەنی هێزەکی بوونی بۆ خۆناسینەوە و دۆزینەوەی ئەگەرەکانی بوونی دەکەوێتەگەر.

**تێگەیشتن پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بوونی-هێزەکی دازاینە؛ بە جۆرێکە، کە لە ڕێگەیەوە ئەم هەبووە لەنێو بوونیدا تەوانایی خۆی دەردەخات.** پێویستە زۆرتر لە بونیادی ئەم پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییە تێبگەین. تێگەیشتن، وەکو دەرخستن، پەیوەندی بە بناخەی گشتی بوون-لەنێو-جیهانەوە هەیە. وەکو لایەنی هێزەکی بوون و "بوون-لەنێو" لایەنی هێزەکی-بوون-لەنێو-جیهانە. لە تێگەیشتندا جیهان بە تەنیا دەرناکەوێت، ئەوەی لەنێو جیهانیشدایە دەکرێتەوە و بۆ گەیشتن بە ئەگەرەکانیان بەردەدرێن. بابەتەکانی بەردەست بەخزمەتگوزاری و بەکارهێنانەکانیانەوە دەبەسترێنەوە. یەکێتی بابەتە دەرەکییەکانیش یان سروشت بە ڕێگەی

یەکێک لە ئەگەرەکانییەوە دەدۆزرێتەوە. ئایا بەخۆڕایی پرسیارکردن سەبارەت سروشت بە بارودۆخی ئەگەرەکەیەوە گرێدەدەین؟ ئایا ئەم پرسیارە لەسەر چ زەمینەیەک دادەمەزرێت؟ ناکرێت پرسیاری؛ بۆچی ئەو هەبووانەی خەسڵەتی دازاینیان نییە و لەنێو بارودۆخی ئەگەرەکەیاندا دەردەکەون، دەناسرێن؟ بخرێتەلاوە. کانت لەپێشتر بیری لەمجۆرە بە دروستی کردۆتەوە. بەڵام پێویستە ئەم پێشبیرە بسەلمێنرێت.

بۆچی تێگەیشتن، وەکو ڕەهەندێکی بنەڕەتی ئەوە بێت، کە خۆی دەردەخات و خۆی دەهاوێتە نێو ئەگەرەکانەوە؟ هۆکاری ئەمە بۆ بونیادی بوونگەرانەی تێگەیشتن دەگەڕێتەوە، کە بە(پرۆژە) ناوزەدیدەکەین. بە گرنگییەوە تێگەیشتن بوونی دازاین لەپێناوی-شتێکدا و لەسەر بایەخدانەکەی لەو جیهانەی ئێستا تیایدا دەژی دەکات بە پرۆژە. خەسڵەتی بەپرۆژەکردنی تێگەیشتن دەبێت بە پێکهاتەی بوون-لەنێو-جیهاندا چونکە لەوێدا لایەنی هێزەکی بوون دەردەخات. دازاینیش، وەکو هەبوویەکی فرێدراو دەکەوێتە نێو پرۆژەوە. پرۆژە ڕووکردن لەو نەخشەدانانە نییە تاکێک بیریلێدەکاتەوە و خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت. بەپێچەوانەوە، هەموو دازاینێک لەگەڵ پەیدابوونیدا بووە بە پرۆژە؛ تاکو لە ژیاندا بێت هەمانکات دەبێت بە پرۆژەی بوونی خۆی. تاکو دازاین لە ژیاندا بێت لە بوونی خۆی تێدەگات و خۆی بە ئەگەرەکان دادەنێت. بێجگە لەمە، خەسڵەتی بەپرۆژەبوونی تیگەیشتن لەوەدا نییە بیردۆزەییانە لە ئەگەرەکان تێبگەین. تێگەیشتنی بیردۆزەییانە خەسڵەتی ئەگەرێتی لە پرۆژەکە دەسەنێتەوە. لە ئاستی خۆیدا دایدەگرێت و دەیکات بە بابەتێکی خاوەن ناوەڕۆکێکی دراو؛ لە پرۆژەداناندا ئەگەرەکان خۆیان دەخەنە

بەردەم فرێدانەکە و بەوجۆرە دەردەکەون، کە هەن. تێگەیشن، وەکو پڕۆژەدانان شێوازێکی بوونی دازاینە. دازاین لەم شێوازەیدا ئەگەرەکانی بوونی خۆیەتی.

مادام پڕۆژەدانان پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاینە، ئەوا دازاین بەردەوام لەوە زۆرترە، کە ئێستا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، دازاین لە فاکتۆرەکانی زۆرتر نییە چونکە فاکتۆرەکانی لە بنەڕەتەوە لایەنی هێزەکی بوونی ئەون. هێشتا، وەکو بوونێکی خاوەن ئەگەر بوونێکی کەمتری نییە؛ بوونگەرانە ئەوەیە، کە لە شێوازی هێزەکی بوونیدا نەبووە بەوەی دەیەوێت. لەبەر ئەوەی تێگەیشتن و پڕۆژەدانان پێکهاتەی بوونن 'لەوێدا'، دازاین ئەوەیە، کە لە داهاتوودا دەبێت یان نابێت و بە تێگەیشتنەوە بە خۆی دەڵێت: "ببە بەوەی هەیت".

[١٤٦] پڕۆژەدانان پەیوەندی بە دەرکەوتنی تەواوی بوون-لەنێو-جیهان هەیە؛ تێگەیشتنیش، وەکو لایەنی هێزەکی بۆ بوون خاوەنی ئەگەرەکانی خۆیەتی، کە لەپێشتر ئاماژەیان بۆ دەکات. تێگەیشتن دەتوانێت خۆی بۆ دەرخستنی جیهان تەرخانبکات؛ لێرەدا، دازاین هەمیشە و لە نزیکەوە لەنێو ئەو جیهانەی تیایدا دەژی لە بوونی خۆی تێدەگات یان، تێگەیشتن لە سەرەتاوە خۆی دەهاوێتە نێو "ئەو شتەی-لەپێناویدا"یە؛ ئەمەش بوونی دازاینە.

تێگەیشتن ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە نییە.(نا)، کە لەپێش ڕەسەنانەوە دایدەنێین، ئەو واتایە نابەخشێت دازاین لە بوونی خۆی دادەبڕێت و تەنیا بیر لە جیهان دەکاتەوە. جیهان سەر بە بوونی دازاینە و ئەویش بوونە-لەنێو-جیهاندا. هەروەها تێگەیشتنی ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە دەکرێت

ڕاستەقینە یان نا ڕاستەقینەبن. لایەنی هێزەکی بۆ بوون و تێگەیشتن لەگەڵ ئەگەردا تێکەڵدەبن. کەسێک ڕوو لە یەکێک لە ئەگەرەکانی بکات ئەوە ناگەیەنێت، کە وازی لەوانی دیکە هێناوە. تێگەیشتن پەیوەندی بە دەرخستنی تەواوی بوون-لەنێو-جیهاندا هەیە. لادانی تێگەیشتنیش گۆڕانکارییەکی بوونگەرانەیە لە سەرجەمی پڕۆژەداناندا. تێگەیشتن لە جیهان بەردەوام تێگەیشتنە لە بوون-لەنێو. تێگەیشتنیش لە بوون تێگەیشتنە لە جیهان. بوونی فاکتۆری دازاینیش لایەنی هێزەکی-بۆ-بوون دەکات بە ئەگەری تێگەیشتن.

لە خەسڵەتی پڕۆژەداناندا تێگەیشتن بوونگەرانە 'ڕوانین'ی دازاین دروستدەکات. لەگەڵ دەرکەوتن (لەوێدا)؛ ڕوانینەکە و بوونی دازاینیش بەوجۆرە بە نیگەرانییەوە تەماشای دەوروبەری دەکات، کە هەن. ڕوانینەکەش بەگشتی پەیوەندی بە (ڕوون)یەوە هەیە. ئێمە ئەم چەمکە بۆ (زانین لەبارەی خۆوە) هەڵدەبژێرین. گرنگ نییە لێرەدا ڕاستەوخۆ بڕوانینە خۆ و چاوی بخەینەسەر، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە لە دەرکەوتنی بوون-لەنێو-جیهان تێبگەین. لە بووندا، هەبووەکان لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریان ڕوون دەردەکەون؛ بوون-لەتەنیشت شتەکان و بوون-لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئاشکرا دەبێت.

[١٤٧] لەلایەکی دیکەوە، دەرنەکەوتنی دازاین بۆ خۆ هەڵخەڵەتاندنی (ئیگۆ-سێنتەر)ی ناگەڕێتەوە. دەکەوێتە سەر کەمی ئاشنابوونی لەگەڵ جیهاندا. بەدڵنیاییەوە، دەبێت خۆمان لە تێنەگەیشتن لە چەمکی (ڕوانین) بپارێزین. ئەم چەمکە واتای ڕۆشنکردنەوەش، کە خەسڵەتی دەرخستنە لەوێدا دەبەخشێت. (بینین) تەنیا تەماشاکردن بە دوو چاوی فیزیکییەوە و

هەستکردنێکی ناهەستەکی ڕووتی بابەتێکی دەرەکیش نییە. خەسڵەتی تایبەت و بوونگەرانەی ڕوانین لەوەدایە، کە ئەو بابەتانەی ڕوویان تێدەکات دەردەکەون. بێگومان هەموو هەستێک ئەم خەسڵەتەی هەیە. بەڵام، لە نەریتی فەلسەفەدا لە سەرەتاوە ڕوانین بە ڕێگە بۆ ناسینی هەبووەکان و بوون دانراوە. بۆ ئەوەی ئەم نەریتە دانەبڕێت 'ڕوانین' و 'بینین' وەکو چەمکی هەمەکییانە بۆ گەیشتن بە هەبووەکان و بوون بەکاردەهێنین.

بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ڕوانین و تێگەیشتن (بەو جۆرەی تەماشاکردنی دەوروبەر بە نیگەرانییەوە دەبێت بە تێگەیشتن)، لایەنی لەپێشتری حەدەسی ڕەوان، کە سەر بە بابەتە دەرەکییەکانی نێو ئۆنتۆلۆجی نەریتییە لادەبەین. 'حەدەس' و 'بیرکردنەوە' لە تێگەیشتنەوە دەردەچن. حەدەسی فینۆمینۆلۆجییانە بۆ جەوهەرەکانیش لەسەر زەمینەی بوونگەرانەی تێگەیشتن ڕادەوەستێت. ئێمەش ئەو کاتەی چەمکەکانی بوون و بونیادی بوونمان ئاشکرا دەستدەکەوێت و بەتەواوی فینۆمینۆلۆجییانە دەبن بە دیاردە بڕیار لەسەر ئەمجۆرەی بینین دەدەین. دەرکەوتنی 'ئەویَ' لە تێگەیشتندا شێوازێکی لایەنی هێزەکییە-بۆ-بوون. بوون بەگشتی لەو شێوەیەدا، کە بوون بووە بە پڕۆژەو لە پێناوی-شتێکدا گرنگی پێدەدرێت دەردەکەوێت.

تێگەیشتن لە بوون لەنێو پڕۆژەدانان لەسەر ئەگەرەکان سەرهەڵدەدات. لە پڕۆژەداناندا، هەرچەندە ئۆنتۆلۆجییانە بوون ناناسرێت، بەڵام تێیدەگەین. ئەوە هەبووەی، کە بوونی پڕۆژەدانانە و لەنێو-جیهاندایە لە بوون تێدەگات. تێگەیشتنیش پێکهاتەی بوونی ئەوە. ئەوەی لەپێشتر لە شێوازێکی دۆگمایانە دەرمانبڕی ئێستا دەبێت بە پێکهاتەی ئەو بوونەی

دازاین تیایدا؛ وەکو تێگەیشتن (لەوێدا)یە. هەروەها واتای بوونگەرانەی تێگەیشتن لە بوون بەتەواوی لەم توێژینەوەیەدا ئەگەر نەخرێتە سەر ڕاڤەکردنی کاتی بۆ بوون ئاشکرا ناکرێت.

[١٤٨] وەکو دوو پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی، تێگەیشتن و مەزاج خەسڵەتی دەرخستنی بوون-لەنێو-جیهانیان هەیە. دازاین بە مەزاج دەتوانێت ئەگەرەکانی (ببینێت) و لەگەڵ بە پڕۆژەکردنی ئەگەرەکانی لە هەموو حاڵەتێکدا بە مەزاجەوە بژی. پڕۆژەی لایەنی هێزەکیش-بۆ-بوون بەستراوە بە فاکتۆری (فڕێدان)ی (لەوێدا).

ئایا ئەمە زۆرتر بوونی دازاین لە جاران ناشارێتەوە؟ بێگومان. پێویستە لە سەرەتاوە بزانین چۆن بوونی بە شاراوەیی و سەختی دەمێنێتەوە ئەگەر ڕێگەی چارەسەریشمان لێبگرێت و جارێکی دیکە سەر لە نوێ پرسیار سەبارەت بوونی فڕێدراوی-پڕۆژەدانانی نێو —جیهان بکەینەوە. بۆ ئەوەی شێوازی بوونی ژیانی ڕۆژانە بناسین، کە تێگەیشتن و مەزاجی تێدایە پێویستە کار لەسەر ئەم پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییانە بکەین.

## ٣٢. تێگەیشتن و ڕاڤەکردن

دازاین، وەکو تێگەیشتن پرۆژەی بوونی لەسەر ئەگەرەکان دادەمەزرێنێت. ئەم بوونە-ڕووەو-ئەگەرەکان لایەنی هێزەکی دازاینە و لەم ڕێگەیەوە ئەگەرەکان دەردەکەون. پڕۆژەکردنی تێگەیشتنیش خاوەنی ئەگەری بەرەوپێشەوەچوونە. ئەم بەرەوپێشەوەچوونە بە 'ڕاڤەکردن' دادەنێین. لە ڕاڤەکردندا تێگەیشتن بە تێگەیشتنەوە لە بابەتە تێگەیشتراوەکەی

تێدەگات. لە ڕاڤەکردندا تێگەیشتن جیانابێتەوە و بە شتێکی دیکە نابێت، بەڵکو دەبێت بە تێگەیشتن. ڕاڤەکردن بوونگەرانە لەسەر زەمینەی تێگەیشتن سەرهەڵدەدات؛ بەڵام تێگەیشتن لە ڕاڤەکردنەوە پەیدانابێت. تەنانەت ڕاڤەکردن وەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بابەتی تێگەیشتراو نییە؛ بەڵکو کارکردنە لەسەر ئەو ئەگەرانەی پرۆژەی تێگەیشتن ڕوویان تێدەکات. لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوە ئامادەکراوەکەمان بۆ ژیانی ڕۆژانەی دازاین، لەدیاردەی ڕاڤەکردن لەنێو تێگەیشتنی جیهان دەکۆڵینەوە، کە لە شێوازی نارەسەنانەی تێگەیشتندایە. گرنگێتی دەرکەوتن لەنێو تیگەیشتنی جیهاندا بە نیگەرانییەوە کار لەگەڵ بابەتە دەرەکییەکان و ئەوانەی لە تەنیشتمانەوەیە دەکەین.

[١٤٩] کاتێک دەڵێین، "تەماشاکردن شتەکان دەدۆزێتەوە" مەبەستمان ئەوەیە؛ ئەو جیهانەی لێیتێگەیشتوین ڕاڤەی بۆ دەکرێت. بابەتێکی بەردەست ئاشکرا بەرچاودەکەوێت و لێیتێدەگەین. ئامادەکردن، ڕیزکردن، چاککردن و کۆکردنەوە بەجۆرێک ڕوودەدەن، کە تیایاندا ئەو بابەتە بەردەستەی تەماشایکراوە لەپێناوی-شتێکدا و بەنیگەرانییەوە، بەو شێوەیەی دەردەکەوێت ڕاڤەی بۆ دەکرێت. ئەوەی لە تەماشاکردنەکەدا ڕاڤەی بۆ دەکرێت و بەئاشکرا تێیدەگەین، وەکو شتێک هەیە.

ئەو کاتەی لە تەماشاکردنەوە دەپرسین ئەو شتە بۆچی دانراوە، لە وەڵامەکەدا بەو تەماشاکردنەوە دەڵێین، بۆ ئەو یان ئەم مەبەستەیە. ئەمەش ناونان نییە، بەڵکو ئاماژەکردنە بۆ ئەو شتەی تێیگەیشتوین و پرسیاری لەبارەوەکراوە. ئەوەی لە تێگەیشتندا دەردەکەوێت و تێیدەگەین ئەوەیە، وەکو ئەو شتە پێیگەیشتوین و ئاشکرا خۆی دەرخستوە.

[لێرەدا] 'وەکو' دەبێت بە بونیادی دەرکەوتوی بابەتە تێگەیشتراوەکە و پێکهاتەی ڕاڤەکردن. بە ڕاڤەکردنی بابەتێکی بەردەستی دەوروبەر لە تەماشاکردندا ئێمە بابەتەکە 'وەکو' مێز، دەرگا، گالیسکە یان پرد 'دەبینین'؛ پێویستیش ناکات ئەوەی ڕاڤەیدەکەین داکۆکی لەسەر بکرێت، کە خەسڵەتە دیاریکراوەی دەچەسپێنێت. هەموو بینینێکی سەرەتایی و پێش-ڕاگەیاندن لە ئاستی بابەتێکی بەردەستدا تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی تێدایە. ئایا نەبوونی 'وەکو' ئەو شتە بە شاراوەیی هەستکردنێکی ڕووت بۆ بابەتەکەی نییە؟

هەرکاتێک بەم چاوەوە بڕوانینە بابەتەکە ڕوانینەکەمان بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە ڕوودەدات. ڕووبەڕوو بوونەوەی بابەتێک تیگەیشتنە لە هەموو لایەنی کارکردنەکانی؛ ڕوانینەکە لەنێو خۆیدا بە ئاشکرا پەیوەندی دەورگرتنەکە (لەپێناوی-ئەوەدا)، کە سەر بە هەموو لایەنەکانە، هەڵدەگرێت. ڕوونکردنەوەی بابەتە تێگەیشتراوەکە لە ڕاڤەکردندا "ئەو شتە وەکو ئەو شتە" ڕێنمایی دەکات و پێش داکۆکیکردنی بیردۆزەییانە دەکەوێت. بۆ یەکەمجار 'وەکو' لەنێو داکۆکیکردنەکەدا پەیدا نابێت، بەڵکو دەریدەبڕین. ئەمەش لەوێدا ڕوودەدات شتێک لەبەردەمماندا خۆی دەربخات. لەڕاستیدا، کاتێک دەڕوانینە بابەتێک لەوانەیە داکۆکیکردنەکە ئاشکرا ئامادە نەبێت. ئەمەش نکۆڵیکردن لە ڕوونکردنەوە بە ڕاڤەکردنەوە لە بینینەکەدا نییە، کەوابوو، لە بینینەکەدا 'بونیادی-وەکو' هەیە.

بینینێکی سادەی بابەتە نزیکەکان بونیادی ڕاڤەکردنی بابەتە تێگەیشتراوەکەی تێدایە. هەرشتێک 'وەکو' ئەو شتەی نەبێت ناهەموارە و دەبێت ڕێکبخرێتەوە. ئەگینا لە تێگەیشتنی ئەو بابەتەی لەبەردەمماندایە

سەرناکەوین. ئەمجۆرە بینینەی 'وەکو'ی تێدا نییە، بێبەریبوونی بینینە، کە مرۆڤ تیایدا تەنیا تێگەیشتنی هەیە. لە بینینەکەی دیکە گرنگترینە و لەوەوە دەردەچێت. نابێت دەرنەبڕینی 'وەکو' ئۆنتیکییانە بەو باوەڕەمان بگەیەنێت، کە دەبێت بە پێکهاتەی تێگەیشتن و پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی.

[١٥٠] ئەگەر هەست بە ئامێرێک، وەکو بابەتێکی بەردەست بەبێ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن نەکەین، ئەو هەستکردنەش لە تەماشاکردنی دەوروبەرماندا ڕووبەڕووی شتێکمان، (وەکو) شتێک بکاتەوە، ئایا ئەوە ناگەیەنێت، یەکەمجار ئەو شتە دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی لەبەردەمماندا و دوایی 'وەکو' دەرگا یان 'وەکو' خانو دەبینین؟ ئەمە تێنەگەیشتنە لە ئەرکێکی دیاریکراوی ڕەڤەکردن، کە دەرخستنە. لە ڕاڤەکردندا گرنگێتی بە بابەتێکی ڕووتی دەرەکی نادەین و بەهای بەسەردا ناسەپێنین؛ بەڵام ئەو کاتەی ڕووبەڕووی شتێک لەنێو جیهاندا دەبینەوە، ئەو شتە جۆرە کارکردنێکی هەیە، کە لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ جیهان دەردەکەوێت. ئەو کارکردنەشە لە ڕاڤەکردنەکەماندا بەرجەستە دەبێت.

تێگەیشتنمان لە بابەتیَ-بەردەست پەیوەندی بە سەرجەمی کارکردن و بەشداریکردنەکەیەوە هەیە. پێویستە ناکات بیردۆزەییانە ڕاڤە بۆ سەرجەمەکە بکەین. ئەگەر بەوجۆرەش ڕاڤەبکرێت جارێکی دیکە بەرەو تێگەیشتنەکە دەڕوات. ئەمەش ئەو شێوازەیە، کە بناخەی ڕاڤەکردنی تەماشاکردنەکەی ژیانی ڕۆژانەی تیدایە. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم ڕاڤەکردنە دەکەوێتە سەر زەمینەیەکی لەپێشتر ئامادەکراو، کە هەیەتیَ-لەپێشترە. ڕاڤەکردن، کە بەخۆکردنی تێگەیشتنە، ڕوو لەو سەرجەمە لە

بووندا دەکات، کە تێیگەیشتوە. لە کاتێکدا لە شتێک تێدەگەین و شتەکە بە ڕادەیەک بە شاراوەیی دەمێنیتەوە، بەخۆکردنەکە ئاشکرایدەکات. ئەم کارەش بە ڕێنمایی'بۆچوون' ڕوودەدات، کە دەڕوانێتە ئەوەی تێیدەگەین و هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدەین. ڕاڤەکردن لەسەر زەمینەی بینینی لەپێشتر بۆ بابەتێک ڕادەوەستێت، کە بە (پێش-بینین) ناوزەدیدەکەین. ئەوەی هەیەتی-لەپێشتر هەڵیدەگرێتەوە و لە پێش-بینیندا تێیدەگەین لە ڕێگەی ڕاڤەکردنەوە ڕووندەکرێتەوە.

لە ڕاڤەکردندا، بەو جۆرەی ئێمە ڕاڤەکردنەکە دەکەین، چەمکەکان لە بابەتەکانەوە یان لە دەرەوەیاندا بەگوێرەی بوونیان بەکاردەهێنین. ڕاڤەکردن بەمشێوەیە بڕیاری خۆی لەپێشتر بۆ ڕوونکردنەوەکە داوەو بڕیارێکی کۆتایی یان کاتی، کە لەسەر زەمینەیەکی لەپێشتری چەمکەکان (پێش-چەمکەکان) دادەمەزرێت. هەرکاتێک ڕاڤە بۆ شتێک، (وەکو) ئەو شتە بکرێت، ڕاڤەکردنەکە لەسەر هەیەتی-لەپێشتر، پێش-بینین و پێش-چەمکەکان ڕادەوەستێت. ڕاڤەکردن هەرگیز بەبێ پێشبیرەکان ڕوونادات. ئەگەر کەسێک ڕاڤەکردنێکی کۆنکرێتی بۆ بابەتێک یان ڕاڤەی دەقێکی دیاریکراو بکات، ئەوەی لەوێدا دەردەکەوێت بێجگە لە شتێکی بەڵگەنەویست و تێڕوانینێکی تاکڕەوانەی ڕاڤەکەرەکە چی دیکە نییە، کە لەوێدایە و لە هەموو خاڵێکی دەرچوونیدا شتە لەپێشترەکانی، وەکو هەیەتی-لەپێشتر، پێش-بینین و پێش-چەمکەکانی لەگەڵدایە.

[١٥١] ئایا چۆن خەسڵەتی لە 'پێش' بناسین؟ ئایا ئەوەندە بەسە بڵێین شتێکی 'لەپێشترە'؟ بۆچی تێگەیشتن، بەوجۆرەی بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ دازاینمان دانا، ئەم بونیادەی هەیە؟ هەموو شتێکی

ڕاڤەکراو بونیادی 'وەکو'ی هەیە؛ ئایا چۆن 'وەکو' بە لە 'پێش'وە ببەستینەوە؟ ئێمە ناتوانین بونیادی 'وەکو' بشکێنین و بەسەر پارچەکانیدا دابەشیبکەین. بەڵام ئایا توانیومانە شیکردنەوەیەکی بنەڕەتی بۆ بکەین؟ توانیومانە گرنگی ئەم دیاردانە ڕوونبکەینەوە؟ لێرەدا پرسیاری (بۆچی؟)وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئایا بونیادی لەپێشتری تێگەیشتن و بونیادی (وەکو)ی ڕاڤەکردن پەیوەندییەکی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانە لەگەڵ پرۆژەداناندا دروستدەکەن؟ ئایا ئەو دیاردەیە ئاماژە بۆ پێکهاتەی بوونی دازاین دەکات؟

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پیویستە بزانین بونیادە-لەپێشترەکەی تێگەیشتن و بونیادی-وەکو بۆ ڕاڤەکردن لەنێو خۆیاندا یەکیان گرتووە و ئەو یەکگرتنەش لە کێشە فەلسەفییەکاندا بەکارهێنراوە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە هەر شتێک بەو فراوانییە بەکاربێت مەرج نییە دەرکەوتنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی هەبێت. هەبووەکان لەنێو پرۆژەی تێگەیشتندا ئەگەرەکانی خۆیان دەردەخەن. خەسڵەتی ئەگەر، لە هەموو ڕووداوێکدا، ئاماژە بۆ بوونی ئەو هەبووە دەکات، کە تێیدەگەین. هەبووەکان، بەگشتی، لەنێو جیهان دەبن بە پرۆژە؛ واتە لەنێو هەمووی ئاماژەکردنەکاندا پەیوەندی ئاماژەکردن لەپێشتر لەنێو جیهاندا ئامادەیە. کاتێک هەبووەکان-لەنێو-جیهاندا لەگەڵ بوونی دازایندا دەدۆزرێنەوە، دازاین هەوڵی تێگەیشتنیان دەدات و 'واتا'یان دەردەخات. بەڵام ئەوەی لێیتێدەگەین 'واتا' نییە و خودی هەبوو یان بوونە. واتا ئەوەیە، کە تێگەیشتن لە هەبوویەک خۆی ڕادەگرێت و پاش دەرکەوتنەکە ڕووندەکرێتەوە. چەمکی واتا نەخشەی فۆرمەڵی ئەو لایەنە پێویستەی

سەر بە ڕاڤەکردنەیە لە تێگەیشتندا ڕوودەبێتەوە و هەڵدەگیرێت. واتا، لەسەر بناخەی هەیەتی-لەپێش، پێش بینین و پێش-چەمک، هەروەها ئەو پرۆژەیەی، کە شتێک تیایدا دەناسرێت، ڕادەوەستێت. مادام تێگەیشتن و ڕاڤەکردن پێکهاتەی بوونگەرانەی بوونە (لەوێدا)، ئەوا (واتا) دەبێت بە نەخشەیەکی فۆرمەڵی و بوونگەرانەی دەرخستنەکەی، کە لە تێگەیشتندا ڕوودەدات. واتا پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی دازاینە و خەسڵەتێک نییە بە هەبووەکانەوە چەسپابێت، لە پشتیانەوە یان لەنێوانیاندا دانرابێت. تەنیا دازاین خاوەنی واتایە چونکە دەیەوێت بوون-لەنێو-جیهان بە دۆزینەوە و دەرکەوتنی هەبووەکان پڕبکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دازاین بە تێگەیشتن دەبێت بە خاوەنی بوونی خۆی و بوونی هەبووە دەرکەتووەکان یان لێیان تێناگات و نابێت بەخاوەنیان.

[١٥٢] ئەم ڕاڤەکردنە بۆ چەمکی 'واتا' بنەمایەکی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە؛ ئەگەر پەیڕەوی بکەین، ئەوا هەموو ئەو هەبووانەی خەسڵەتی دازانینیان نییە لە واتا بەدەرن و هیچ واتایەکیان نییە. مەبەستمان لە 'بێ واتایی' هەبووەکان بێ بەهایی نییە، بەڵکو ئاماژە بۆ خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییان دەکات. هەروەها تەنیا ئەوەی بێ واتایە بێهودەیە. بابەتێکی دەرەکی، کە دازاین ڕووبەڕووی دەبێتەوە پەلاماری دازاین دەدات؛ بۆنموونە کارەساتە سروشتییەکان دەبن بە وێرانکەری بوونمان.

کاتێک لە واتای بوون دەکۆڵینەوە، توێژینەوەکەمان بە قوڵی خۆی بە ئەودیوی بوون ناگەیەنێت و بەو ڕادەیەی دازاین دەیەوێت لێتێبگات ڕوو لە بوون دەکات. واتای بوونیش لەسەر هەبووەکان یان ئەو بوونەی پشتگیری

هەبووەکان دەکات دانامەزرێت؛ چونکە زەمینە، وەکو واتا دەردەکەوێت تەنانەت ئەگەر واتاکە لە واتا بەدەریش بێت.
تێگەیشتن، کە دەرکەوتنی'لەوێدا'یە پەیوەندەی بە هەموو لایەنەکانی بوون-لەنێو-جیهانەوە هەیە. لەگەڵ هەموو تێگەیشتنێکدا بۆ جیهان لە بوونیش تێدەگەین و بەپێچەوانەشەوە دروستە. هەموو ڕاڤەکردنێکیش لەسەر بونیادە-لەپێشترەکەی باسمانکرد ڕادەوەستێت. هەر ڕاڤەکردنێک، کە تەواوکەری تێگەیشتنە تێگەیشتنی بۆ بابەتە ڕاڤەکراوەکە هەیە. ئەم ڕاستییە هەمیشە زانراوە و تەنانەت لە ڕاڤەکردنە فەلسفییەکانیشدا دەبینرێت، کە سەر بە زانینی زانستانەیە. ئەم جۆرە زانینە لەسەر زەمینەکەی پێویستی بە سەلماندنێکی تەواوە.
لە سەلماندنی زانستیدا پێویستیمان بە پێشبینی زەمینە بۆ ئەرکەکەمان نییە. بەڵام ئەگەر لەو تێگەیشتنەوە بمانەوێت ڕاڤە دەستپێبکەین چۆن بە ئاکامە زانستییەکان بەبێ سوڕانەوە لەنێو بازنەدا بگەین، بەتایبەتی لە کاتێکدا تێگەیشتن دەبێت بە زانینی نێوان دازاین و جیهان؟ بەگوێرەی یاسا سەرەتاییەکانی لۆجیک ئەمە سوڕانەوەیەکی توندە. ئەگەر وابێت، بەهەرحاڵ، ڕاڤەکردنی مێژوو لایەنە لەپێشترەکان لە خۆی دەکاتەوە. زانستی مێژوو ناتوانێت خۆی لەسەر ئەگەرێکی تەواوی زانین دامەزرێنێت تاکو فاکتۆری سوڕانەوەکە لەناونەبرێت. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەمییە ڕێگە بە زانستی مێژوو دراوە گرنگییەکی گیانەکی بە بابەتەکانی باسەکەی بدات. بەڵام، لەگەڵ بۆچوونی مێژوونوسەکەشدا (شێوازی نموونەیی) زۆرتر دەردەکەون ئەگەر سوڕانەوە بازنەییەکە وازلێبهێنرێت و زانستێکی مێژووی

سەربەخۆ، وەکو بۆچوونی بینەرەکە یان زانینمان لەبارەی سروشتەوە ئاوەڕی لێبدرێتەوە.
[١٥٣] ئەگەر سوڕانەوەکە توند ببینین و هەوڵی دەرچوونی تێدابدەین، ناڕێکییەکی کەمیشی تێدا بدۆزینەوە، ئەوا لە بناخەوە لە تێگەیشتن تێناگەین. ئێمە نامانەوێت لێرەدا باسی توانەوەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن لەنێو نموونەی زانیندا بکەین. ئەو نموونەیە جۆرێکە لە تێگەیشتن، کە هەوڵدەدات بابەتی دەرەکی نەناسراو بناسێت. پێویستیشە مەرجە لەپێشترەکان بۆ ئامادەکردنی ڕاڤەکردن لەبیرنەکرێن.
ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دروستە بۆچوونە نێو بازنەکە نەک دەرچوون لەنێویدا. بازنەی تێگەیشتنیش ئەوە نییە هەموو زانینێک بتوانێت خۆی بهاوێتە نێوی؛ دەربڕینی بوونگەرانەی بونیادی-لەپێشتری خودی دازاینە. نابێت بکرێت بە سوڕانەوەیەکی توند یان سوڕانەوەیەک، کە چاوپۆشی لێبکرێت. لەنێو بازنەکەدا ئەگەری پۆزەتیڤی گرنگترین جۆری زانین شاردراوەتەوە. ئێمەش ئەو کاتە بەتەواوی ئەگەرەکەمان دەستدەکەوێت، کە یەکەم ئەرک و دوا ئەرکی ڕاڤەکردن تێگەیشتن لە هەیەتی-لەپێشتر، پێش-بینین و پێش-چەمک بێت. بەجۆرێکیش ڕێگەنەدات بیرۆکەکان بە ڕێکەوت یان چەمکە گشتییە بەکارهێنراوەکان بەسەریدا زاڵبن. دەبێت هەڵبدات تیزێکی زانستانەیان لێوە پەیدا بکات. لەبەر ئەوەی تێگەیشتن، بە واتا بوونگەراییەکەی لایەنی هێزەکی دازاینە بۆ بوون، ئەوا پێشبیری ئۆنتۆلۆجییانەی زانینی مێژوویی لەودیو بیرۆکەی ئەو پەڕی دروستییەوە هەیە، کە لە نێو زۆر لە زانستەکانی دیکەدا دەبینرێت. بازنەی تێگەیشتن سەر بە بونیادی واتایە و ئەمیش لەنێو

پێکهاتەی بوونگەرانەی دازایندایە، کە ئەو تێگەیشتنە دەتوانێت ڕاڤە بکات. هەر هەبوویەک لەنێو-جیهاندا بوونی خۆی بکات بە کێشە ئەوا ئۆنتۆلۆجییانە خاوەنی بونیادێکی بازنەییە. ئەگەر بڵێین 'بازنەیی' ئۆنتۆلۆجییانە سەر بە بوونی بابەتی-دەرەکییە ئەوا نابێت ئەم دیاردەیە بکەین بە خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین.

## ٣٣. داکۆکیکردن، وەکو شێوازێکی دەرهێنراو لە ڕاڤەکردنەوە

هەموو ڕاڤەکردنێک لەسەر زەمینەی تێگەیشتن ڕادەوەستێت. ئەوەی لە ڕاڤەکردنەکەدا ڕوونکراوەتەوە و لە تێگەیشتنەکەدا خراوەتە بەردەم واتایە. بەو ڕادەیەش داکۆکیکردن (لە دەستەواژەکان) لەسەر تێگەیشتن دادەمەزرێت و لە فۆرمێکی دەرهێنراودا، کە ڕاڤەکردنی تێدایە بەرجەستە دەبێت، واتابەخشە. واتاش ئەوە نییە لەنێو خودی دەستەواژەکەدا دروستدەبێت. ئێمە، بۆ گەیشتن بە مەبەست، لەم بەستێنەوە هەوڵدەدەین شیکردنەوەیەکی ئاشکرا بۆ داکۆکیکردن بکەین.

[١٥٤] لەلایەکەوە، دەتوانین بیسەلمێنین چۆن لەنێو دەستەواژەدا بونیادی (وەکو)، کە پێکهاتەی تیگەیشتن و ڕاڤەکردنە بگۆڕین. ئەم کارەش ڕووناکی زۆرتر دەخاتە سەر تێگەیشتن و ڕاڤەکردن. لەلایەکی دیکەوە، شیکردنەوەی دەستەواژە جێگەیەکی دیاریکراوی لەنێو کێشەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیدا هەیە چونکە لە کاتێکدا ئۆنتۆلۆجی کۆن لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بوو (لۆگۆس) ڕۆڵێکی گرنگی لە گەیشتن بە هەبووە ڕاستەقینەکان و دیاریکردنی بوونی هەبووەکان بینی. دواجاریش، لە

کۆنەوە داکۆکیکردن بە بنکەیەکی دروستی (ڕاستی) ناسراوە. دیاردەی ڕاستی بە جۆرێک بە گرفتی بوونەوە گرێدراوە، کە توێژینەوەکەمان ڕاستەوخۆ ڕوو لە کێشەی ڕاستی دەکات؛ ناڕاستەوخۆ، لە دەستپێکردنەکەیەوە کار لەگەڵ ئەو کێشەیەدا دەکات.

شیکردنەوەکەمان بۆ داکۆکیکردن ڕێگەش بۆ کارکردنەکەمان لەسەر کێشەی ڕاستی خۆشدەکات. لەم بۆچوونەوە، ئاماژە بۆ سێ لایەنی گرنگی داکۆکیکردن دەکەین. ئەم سێ لایەنە پەیوەندییان بە یەکدی و دیاریدەکەشەوە هەیە. لە یەکگرتنەکەیاندا بونیادی داکۆکیکردن پێکدەهێنن. یەکەم، گرنگێتی سەرەکی داکۆکیکردن لە ئاماژەکردندایە. لێرەدا مامەڵە لەگەڵ واتای سەرەتایی (لۆگۆس)، وەکو (نیشاندان)دەکەین: ڕێگە دەدەین هەبووەکان، وەکو خۆیان دەرکەون. لە دەستەواژەی (چەکوشەکە زۆرگرانە) ئەوەی لە بینینەکەدا دەردەکەوێت ڕاستی نییە، بەڵکو هەبوویەکە لە شێوازی بابەتێکی-بەردەستدا، هەرچەندە ئەوەندەش لە ئێمەوە نزیک نییە تاکو بیگرین یان بینینین. ئاماژەکردنەکە بوونی دەردەخات، بەڵام نوێنەرایەتی ناکات. لێرەدا نوێنەرایەتی هیچ شتێک نەکراوە. تەنانەت بارودۆخی دەروونی ئاماژەکەرەکەش نوێنەرایەتی ناکات. دووەم، 'داکۆکیکردن' لە 'خەسڵەتدانان' کەمتر نییە. ئێمە خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەبوویەک [لە دەستەواژەکەدا] دیاریدەکەین. لە خەسڵەتی داکۆکیکردندا ئەوەی باسدەکرێت خەسڵەتی هەبووەکە[یان بارەکەی نییە] و خودی چەکوشەکەیە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی داکۆکیکردنەکە بەرجەستەدەکات (کە خەسڵەتە دیاریکراوەکەیە) لە (زۆرگرانی) چەکوشەکەدایە. ئەم دیاریکردنەی خەسڵەتە لە حاڵەتی دووەمدا و لە چاو

دیاریکردنی خەسڵەت لە یەکەمدا جۆرێک بەرتەسکی تێدایە. هەموو خەسڵەتدانانێک نیشاندانە.

[١٥٥] خەسڵەتی یەکەمی داکۆکیکردن دەبێت بە بناخەی خەسڵەتی دووەم. لەنێو نیشانداندا توخمە ڕوونکراوەکان خەسڵەتدانانەکە و هەڵگری خەسڵەتەکە دەردەکەون. لەگەڵ خەسڵەتداناندا یەکەمجار چەکوشەکە خۆی دەرناخات؛ پێش دۆزینەوەی خەسڵەتەکە دەبێت چاو بخەینەسەری و تەنیا ئەو ببینین؛ بەم بینینە سنوردارەوە دەتوانین خەسڵەتەکەی ئاشکرابکەین. لە خەسڵەتداناندا دەبێت هەنگاوێک لە هەبووەکە (چەکوشەکە) بچینەدواوە. بۆ بینینی هەبووەکە دەبێت ڕۆشنایی لەسەر شتەکانی دیکە کەم بکەینەوە و تەنیا بڕوانینە ئەو تاکو خەسڵەتە دیاریکراوەکەی بناسین و بەتەواوی دەرکەوێت. دیاریکردنی هەبووەکە، خەسڵەتەکەی و هەردووکیان پێکەوە، بە هەموو واتایەک (نیشاندانە).
سێیەم، (داکۆکیکردن) واتە (ڕاگەیاندن) و دەنگگەیاندن.

بەمجۆرەش، پەیوەندی ڕاستەخۆ بە داکۆکیکردنەوە لە گرنگێتی یەکەم و دووەمدا هەیە. ڕێگەدەدات لەگەڵ ئێمەدا کەسێکی دیکە هەبووە نیشاندراوەکە ببینێت. بینینی کەسەکە لە گەڵ ئێمەدا بەشداریکردنە لە دیاریکردنی خەسڵەتی هەبووە نیشاندراوەکە. بەشداریکردنەکە بوونی ئێمەیە، کە ڕووە و هەبووە نیشاندراوەکە دەڕوات؛ بوونیکە تیایدا پێکەوە هەبووەکە دەبینین. دەبێت ئەو خاڵەش لەبیرنەکەین، کە بوون-ڕووەو [هەبوویەک] بوونە-لەنێو-جیهاندا. ئێمە ڕووبەڕووی هەبوویەک لەنێو جیهاندا دەبینەوە و ئاماژەی بۆ دەکەین. هەر داکۆکیکردنێک، وەکو

ڕاگەیاندن، بوونگەرانە بناسرێت پێویستە دەرببڕێت. لە ڕێگەیاندندا ئەوەی داکۆکیکردنەکەی بۆ کراوە ئەوەندەش نزیک نەبێت بەدەست بگیرێت، کەسانی دیکە بەشداری تێدا دەکەن. ئەوەی لە داکۆکیکردندا دامەزراوە جارێکی دیکە دەوترێتەوە و پانتایی بەشداریکردنەکە فراوانتردەکرێت. بەڵام هەمانکات، لەوانەیە ئەوەی دەوترێتەوە بە ئاشکرا نەمێنێتەوە و بشاردرێتەوە. لە گوتە گێڕانەوەدا زانینەکە خۆی ناسەپێنێت. هەرچەندە گوتە گێڕانەوەش بوونە-لەنێو-جیهاندا و ڕوو لە هەبووە بیستراوەکە دەکات.

[١٥٦] ئێمە لێرەدا باسی ئەو بیردۆزە باوەی بۆ دروستی دەستەواژەکان دانراوە باسناکەین. تەنیا ئاماژە بۆ دیاردەی (دروستێتی) دەکەین، کە لە سەردەمی (لۆتز)ەوە باسیدەکرێت. ئەو گرفتەی چەمکی دروستێتی پێچاوەتەوە کەمتر تاریک نییە. لەلایەکەوە، دروستێتی بە شێوازێکی ڕاستەقینە دانراوە و بە ناوەڕۆکی دەستەواژەوە بەستراوە. وەکو شتێکی نەگۆڕیش بەرانبەر کایەنە دەروونییە گۆڕینۆکەکان بۆ دروستکردنی دەستەواژە دانراوە. لەبەر ڕۆشنایی پرسیارەکەمان سەبارەت بوون، کە لە سەرەتای توێژینەوەکەمان لە خۆمانکرد ناکرێت دروستێتی بە (بوونێکی نموونەیی) دابنێین و لەو باوەڕەشدابین خەسڵەتی تایبەتی ئۆنتۆلۆجییانەی هەبێت. لەلایەکی دیکەوە، دروستێتی سەر بە واتای دەستەواژەیە، کە بەرانبەر بابەتەکەی دروست دادەنرێت؛ ئەمەش ئاماژە بۆ خەسڵەتی دروستێتی لە دەرەوەی [بیرکردنەوەدا] بەگشتی دەکات. سێیەمجاریش، ئەو واتایەی بە هەبووەکە دراوە و هەموو کاتێک و بۆ هەموو کەسێک دروستە، ئەوانەی ژیرانەش حوکمدەدەن بە دروست

دادەنرێت. لێرەدا، (دروستێتی) واتای (بەستنەوە) یان خەسڵەتی (دروستییەکی هەمەکی) دەبەخشێت. ئەگەر کەسێک شوێن بیردۆزەیەکی ڕەخنەگرانەی زانینیش بکەوێت و لەو باوەڕەدابێت (خۆ) بە تەواوی دەرناچێت و بە (بابەتەکە) ناگات، ئەوا خەسڵەتی دروستێتی بابەتەکە یان بابەتگەرییەکە دەکەوێتە سەر دروستی ناوەڕۆکی واتاکە. سێ لایەنە گرنگەکانی (دروستێتی)، لێرەدا باسمانکردن؛ شێوازی بوونە نموونەییەکە، لایەنی دەرەکی [بابەتگەری] و بەستنەوە نەک نادیار و تاریک دەردەکەن بەڵکو هەندێکجار تێکەڵیش دەکرێن. میتۆدەکەمان داوامان لێدەکات زەمینەیەکی نەرمی چەمکەکان بۆ ڕێنمایان لە ڕاڤەکردندا هەڵنەبژێرین. ئێمە سنورێکی لەپێشتر بۆ چەمکی (واتا) دروستناکەین، کە تەنیا بۆ ناوەڕۆکی دەستەواژەی بگەڕێنێتەوە. بە دیاردەیەکی بوونگەرانەی دادەنێین، کە نەخشەی ئەوانەی لە تێگەیشتندا روونکراونەتەوە و ڕاڤەیان بۆ کراوە تیایدا دەرکەوێت. ئەگەر سێ کایەنە گرنگەکەی داکۆکیکردن کۆبکەینەوە و بەتێکڕا بڕوانینە ئەم دیاردەیە پێناسەی داکۆکیکردن دەبێت بە ئەوەی "نیشاندەدرێت و خەسڵەتی دیاریکراوی شتێک دەردەخات تاکو ڕایبگەیەنێت." ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوەو پێویستە ئاراستەی خۆمانی بکەین سەبارەت داکۆکیکردنە، وەکو شێوازی ڕاڤەکردن.

ئەگەر بەمجۆرە بێت، ئەوا بونیادی بنەڕەتی ڕاڤەکردن لەنێویدا دووبارە دەبێتەوە. نیشانەکردنی نێو داکۆکیکردن لەسەر بنەمایەکی لەپێشتر، کە تێگەیشتن دەریدەخات یان لە تەماشاکردنەکەی دەوروبەردایە، دادەمەزرێت. داکۆکیکردن هەڵوێستێکی لەخۆڕا و بێ مەبەست نییە

لەخۆیەوە هەبووەکان دەربخات. بەپێچەوانەوە، هەمیشە پەیوەندی بە بوون-لەنێو-جیهاندا هەیە. ئەوەی لەپێشتر سەبارەت زانینی جیهان باسمانکرد بۆ داکۆکیکردنیش دروستە. داکۆکیکردن پێویستی بە هەیەتی-لەپێشتر بۆ ئەو شتە هەیە، کە دەیەوێت ئاشکرایبکات؛ ئەمەش خەسڵەتە دیاریکراوەکە نیشاندەدات. بێجگە لەمە، کاتێک دەمانەوێت شتێک دیاریبکەین ڕاستەوخۆ دەڕوانینە ئەوەی لە داکۆکیکردنەکەدا دەریدەبڕین.

دەرکەوتنی خەسڵەتە دیاریکراوەکە دەکەوێتە سەر بینینەکەمان. لەم بۆچوونەوە، داکۆکیکردن پێویستی بە پێش-بینین هەیە؛ لەگەڵ ئەمەدا ئەو خەسڵەتەی لە دەستەواژەکەدا دایدەنێین بەردەدرێت تاکو باسی ئەو بابەتە بکات، کە ناتوانێت لەبارەی خۆیەوە بدوێت. گرنگی ڕوونکردنەوەی نیشاندراوەکە کایەنێکی داکۆکیکردنە، کە بە هۆی چەمکەکانەوە ڕایدەگەیەنێت. ئێمە دەڵێین، چەکوشەکە گرانە، گرانی سەر بە بوونی چەکوشەکەیە و چەکوشەکە خەسڵەتی گرانبوونی هەیە. لەگەڵ داکۆکیکردندا هەمیشە پێش-چەمک هەیە و لە دروستکردنیدا بەشداری دەکات؛ بەڵام بە شاراوەیی دەمێنێتەوە چونکە چەمکەکان لەنێو زماندا هەن. وەکو ڕاڤەکردنیش هەیەتی-لەپێشتر، پێش-بینین و پێش-چەمک بۆ داکۆکیکردن پێویستن و دەبن بە بناخەی بوونگەرانەی ئەو. بەڵام، بە چ ڕادەیەک داکۆکیکردن دەبێت بە شێوازێکی دەرهێنراوی ڕاڤەکردن؟ چ شتێکی تێدا دەگۆڕین؟

ئێمە دەتوانین گۆڕانکارییەکان نیشانبدەین ئەگەر تەنیا باسی ئەو دەستەواژە سنوردارانە بکەین، کە لە لۆجیکدا بۆ دیاردە سادەکان بەکاردەهێنرێن. لۆجیک هەوڵدەدات بیردۆزەییانە خۆی لەسەر دەستەواژە

سادە کاتیگۆرییەکانی، وەکو"چەکوشەکە گرانە"، دابمەزرێنێت، کە لەپێشتر و لۆجیکمەندا پێش شیکردنەوەی لەواتاکەی دەگەین. واتای دەستەواژەکە لەپێشتر بەبێ ئەوەی بزانین دەرکەوتوە؛ ئەو هەبووەی بە چەکوش ناوزەدیدەکەین خەسڵەتی گرانبوونی هەیە.

لە سەرەتای تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە ئەمجۆرە داکۆکیکردنانە نادۆزینەوە. بەڵام ڕێگەی ڕاڤەکردنیش بۆ هەبووەکە هەیە، کە بەرانبەر دەستەواژەیەکی بیردۆزەییانە لەوانەیە بڵێت، "چەکوشەکە زۆر گرانە" یان باشتر دەریدەبڕێت و دەڵێت، "زۆرگرانە" و "چەکوشێکی دیکەم بدەرێ." ڕاڤەکردنی سەرەتایی لە دەستەواژە بیردۆزەییەکاندا نییە و لەگەڵ کردەوەکانی سەر بە تەماشاکردنی دەوروبەرمان بە نیگەرانییەوە سەرهەڵدەدات، کە تیایدا ئامێرێک بێسود لادەبەین و دانەیەکی دیکە بەبێ ئەوەی وشەیەک لە زارمان دەرچێت بەکاردەهێنین. بەکارهێنانی وشەکان نابێتە هۆکاری نەبوونی ڕاڤەکردن. لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕاڤەکردنە لە تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە دەردەبڕێت و بەو جۆرەی پێناسەمان بۆ دانا نابێت بە داکۆکیکردن. ئایا لەنێو چ گۆڕانکارییەکی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەوە داکۆکیکردن لە تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە دادەمەزرێت؟

[١٥٨] ئەو هەبووەی لە هەیەتی-لەپێشتردا هەمانە، بۆنموونە چەکوشەکە، بابەتێکی بەردەست و ئامێرە. ئەگەر بکرێت بە بابەتی داکۆکیکردن لەگەڵ داکۆکیکردنەکەدا گۆڕانکاری لە هەیەتی-لەپێشتری دێتەکایەوە. ئەو بابەتە-بەردەستەی کارێکی پێدەکەین دەبێت بەو بابەتەی داکۆکیکردنەکەی لەبارەوە دروستکراوە. پێش-بینینەکەش ڕوو لە

بابەتێکی دەرەکی دەکات، کە لەوەو پێش بابەتێکی-بەردەست بووە. لەم بینینەدا بابەتی-بەردەست، وەکو بابەتی بەردەست دەشاردرێتەوە و دەبێت بە بابەتی دەرەکی و ئەوەی بەو جۆرە هەیە. لێرەدا بە خەسڵەتەکانی ئەم بابەتە دەگەین. لە داکۆکیکردندا خەسڵەتێکی دیاریکراوی بابەتەکە یان (چییە)ی دەردەخەین؛ ئەو (چییەیە) سەر بە بوونی بابەتی دەرەکییە. بونیادی-وەکو ڕاڤەکردنەکە گۆڕانی تێدا ڕوودەدات. لە دەستگیرکردنی بابەتە تێگەیشتراوەکەوە (وەکو) خۆی هەمووی دەورگرتنەکە ناگەیەنێت. سەبارەت ڕوونکردنەوەی ئاماژەکردنەکەشی لە ئەگەرەکانی دەوروبەری دادەبڕێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەمینە لە یەکچونەکانی بابەتی دەرەکی. تەنیا ئەوەی دەرەکییە دەریدەخات. ئەمەش لەخۆیدا خەسڵەتی داکۆکیکردنە و لەم ڕێگەیەوە نیشاندانەکە لە تەماشاکردنەکەدا مسۆگەردەبێت. کەوابوو، داکۆکیکردن ناتوانێت نکۆڵی لە ناوچە ئۆنتۆلۆجییەکەی خۆی بکات، کە لە ڕاڤەکردنی پاش تێگەیشتندایە. ئەو (وەکو)ە بە بنەڕەتی دادەنێین، کە لە تەماشاکردن و ڕاڤەکردنێکی تێگەیشتوانەوە (هێرمینا) پەیدا دەکات. ئەم (وەکو)ە بوونگەرانە-هێرمینۆتیکە لە نیشاندانی داکۆکیکردنیشەوە جیاوازە.

چەند قۆناخێک لەنێوان ڕاڤەکردنی پاش تێگەیشتن بە نیگەرانییەوە و دەستەواژە بیردۆزییەکان بۆ بابەتە دەرەکییەکان هەیە؛ داکۆکیکردنەکان سەبارەت ڕووداوەکانی دەوروبەرمان لەنێو جیهاندا، باسکردنی ئەو بابەتانەی لەبەردەستدان، "ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخێک"، تۆمارکردنی فاکتۆرێک زانیاریمان لە بارەی ئەو شتانەوە دەدەنێ، کە ڕوودەدەن. ئەم

دەستەواژانە بۆ داکۆکیکردنی بیردۆزەیانە بەبێ لەناوبردنی واتاکانیان ناگەڕێنەوە. ئەمانیش وەکو داکۆکیکردنی بیردۆزەییانە پەیوەندییان بە ڕاڤەکردنی پاش تەماشاکردنەوە هەیە. دوای تێگەیشتن زۆرتر لە بونیادی (لۆگۆس) دیاردەی نیشاندانی (وەکو) لە چەند فۆرمێکی دیکە و جۆراوجۆردا خۆی سەپاند. بەو شێوەیەی لە نزیکەوە دەبینرا بە ڕێکەت ڕووینەدا، هەروەها کاریگەرێتیشی بەسەر مێژووی لۆجیکەوە دەرکەوت.

[١٥٩] لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا (لۆگۆس) هەبووە. لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا بە بابەتێکی دەرەکی دادەنرا. ئەوەی لە سەرەتاوە دەدۆزرایەوە و هەبوو وشەکان و زنجیرەی وشەکان بوو، کە لۆگۆس تیایدا باسدەکرا. کاتێک دەمانەوێت بونیادی لۆگۆس ببینین 'خۆی' لە دەرەوەدا ئامادەدەکات و دەبێت بە ئامادەبوونێکی دەرەکی وشەکان. ئایا چ یەکێتییەک لە پێکەوەبوونی ئەم وشانەدا دادەمەزرێنێت؟ ئەفلاتون دەیزانی، کە یەکێتییەکە لۆگۆس پێکدەهێنێت. سەبارەت ئەو هەبووانەی لەنێو لۆگۆسدا بەرجەستەدەبن وشەکان لە یەکگرتنیاندا هەمووگیری پێکدەهێنن. ئەریستۆ بۆچوونێکی ڕادیکاڵتری هەیە. لەوباوەڕەدایە هەموو لۆگۆسێک تێهەڵکێشە و جیاکردنەوەشە. ئەمەش تەنیا لە دەستەواژەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا نییە. هەموو جۆرە دەستەواژەیەک، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ؛ ڕاست یان ناڕاست تێهەڵکێشە و جیاکردنەوەشە. نیشاندان تێهەڵکێشکردن و لە هەمانکاتدا جیاکردنەوەیە. دروستە، کە ئەریستۆ لەمەزۆرتر لەسەر کێشەی شیکردنەوەی پرسیارەکە نەڕۆیشتوە؛ بەڵام ئایا ئەو دیاردەیەی نێو بونیادی لۆگۆس چییە، کە ڕێگەدەدات هەموو داکۆکیکردنێک بە تێهەڵکێشە و جیاکردنەوە دابنێین؟

ئەوەی لە تێهەڵکێشکردن و جیاکردنەوەکەدا دەبینین دیاردەی "وەکو شتێکە". لەبەر ڕۆشنایی ئەم بونیادەدا لە شتێک، وەکو شتێکی دیکە تێگەیشتوین؛ پێکەوە دانراون و لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی تێگەیشتن، کە ڕاڤەی بۆ دەکات و ڕوونیدەکاتەوە لەهەمانکاتدا شتە ڕاڤەکراوەکەش لەوانی دیکە جیادەکاتەوە.

ئەگەر دیاردەی (وەکو) دابپۆشرێت لەسەرو ئەمەشەوە، سەرچاوە بوونگەرایەتییەکەی هێرمینۆتیکی (وەکو) دیار نەبێت، ئەوا ڕێڕەوە فینۆمینۆلۆجییەکەی ئەریستۆ لە شیکردنەوەی لۆگۆسدا سەرکەوتوو نابێت بە بیردۆزەیەکی ڕووکەشی بۆ دەستەواژەکان، کە تیایاندا داکۆکیکردن دەبێت بە تێهەڵکێشکردن و جیاکردنەوەی نوێنەر و چەمکەکان.

دەتوانین تێهەڵکێشکردن و جیاکردنەوە بە (پەیوەند)یش دابنێین. لەنێو لۆجیکدا داکۆکیکردنەکان دەبن بە سیستەمی (نەخشەکێشان) و ئۆنتۆلۆجییانە. بوون و نەبوونی تێگەیشتنێکی شیکاری بۆ تێهەڵکێشکردن و جیاکردنەوەی پەیوەندییەکە لە داکۆکیکردندا بەگشتی، بەستراوە بە حاڵەتی کێشەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییەوە. چەند ئەم کێشەیە بەسەر ڕاڤەکردنی لۆگۆسەوە کاریگەرە و لەلایەکی دیکەشەوە بە چ ڕادەیەک چەمکی (داکۆکیکردن) کاردەکاتە سەر کێشە ئۆنتۆلۆجییەکە، لە دیاردەی پەیوەندییەکەدا دەبینرێت. پەیوەندییەکە ئاشکرا بونیادە تێهەڵکێشکراوەکە دەردەخات و بۆ ڕاڤەکردنەکەش دەبێت بە زەمینە.

[١٦٠] ئەگەر پەیوەندی و تێهەڵکێشکردنەکە هیچ ڕۆڵێک لە شیکردنەوەی بونیادی لۆگۆسدا نەبینن ئەوا پەیوەندییەکەش بە تێهەڵکێشەکەوە نابەسترێتەوە. ڕاڤەکردنی پەیوەندییەکە بە[وشەی] 'هەیە' چی وەکو خۆی

یان له کۆتایی دەستەواژەدا بەرەو زەمینەی گرفتە شیکارییە بوونگەرایەتییەکەمان دەبات، بە مەرجێک داکۆکیکردن و تێگەیشتن له بوون بۆ دازاین ببن بە ئەگەرێکی بوونگەرانە. کاتێک کار لەسەر پرسیار سەبارەت بوون دەکەین (بڕوانە: کەرتی یەکەم، بەشی سێیەم)، ڕووبەڕووی دیاردەی تایبەتمەندی بوون لەنێو بەستێنی لۆگوسەوە دەبینینەوە.

لەگەڵ دامەزراندنی ئەو خاڵەی، کە داکۆکیکردن لەسەر تێگەیشتن و ڕاڤەکردن ڕادەوەستێت، ئێمە بە ئاشکرا لۆجیکی لۆگۆسمان لەسەر بناخەی شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین بەرزکردۆتەوە؛ لێرەشدا ئەم دامەزراندنە تەواوە. هەمانکات، لەوێدا، کە زانیمان ئۆنتۆلۆجییانە ڕاڤەیەکی دروست بۆ لۆگۆس نەکراوە، ناگرنگی ئۆنتۆلۆجی کۆنمان بۆ ئاشکرا بوو. [لەنێو ئەو ئۆنتۆلۆجییەدا] لۆگۆس بە بابەتێکی دەرەکی دادەنراو ڕاڤەی بۆ کراوە. بەهەمانشێوەش بابەتەکانی دیکە بە دەرەکی دانراون و ڕاڤەیان بۆ کراوە. لێرەدا، واتای بوون بەبێ جیاوازی دەرکەوتوە و بەرانبەر ئەگەرەکانی دانەنراوە. ئەمەش ڕێگەنادات جیاوازی لەنێوان هەردوو لایەنەکانیدا بناسینەوە.

### ٣٤. بوون-لەوێ و گۆتار: زمان

ئەو پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییانەی دەبن بە پێکهاتەی بوون (لێرە) و دەرکەوتنی بوون-لەنێو-جیهان، مەزاج و تێگەیشتنن. له تێگەیشتندا ئەگەری ڕاڤەکردن سەرهەڵدەدات، کە بەخاوەنبوونی بابەتە

تێگەیشتراوەکەیە. بەو شێوەیەی مەزاج هاوشانی تێگەیشتن دادەنێین، ئەویش جۆرە تێگەیشتنێکی هەیە و ڕاڤەشی بۆ دەکرێت.

[١٦١] هەروەها بینیمان، داکۆکیکردن لە ڕاڤەکردنەوە دەردەچێت و لایەنی ئەوپەڕی ڕاڤەکردنیشە. لەگەڵ ئاماژەکردنی گرنگی سێیەمی داکۆکیکردندا، وەکو ڕاگەیاندن ئێمە ڕوو لە چەمکەکانی 'گوتن' و 'دوان' دەکەین، کە بە مەبەستەوە لەپێشتر باسمانکردن. لەڕاستیدا، لێرەدا بۆ یەکەمجار زمان دەبێت بە بابەتی توێژینەوەکەمان. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە دیاردەی زمان ڕەگی بە نێو پێکهاتەی بوونگەرانەی دەرخستنەکەی دازایندا داکوتاوە. **پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ بنەڕەتی زمان گوتار یان گوتنە.** ئەم دیاردەیە بەردەوام لە ڕاڤەکردنی مەزاج و تێگەیشتندا، لە ڕاڤەکردن و داکۆکیکردندا بەکاردەهێنین؛ بەڵام لەنێو شیکارە بیردۆزەییەکەماندا شاردومانەتەوە. گوتار، وەکو مەزاج و تێگەیشتن گرنگە. تێگەیشتن پێش ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن ڕوودەدات. گوتار ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنە. لەبەر ئەمە سەر بە ڕاڤەکردن و داکۆکیکردنیشە. ئەوەی لە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەدا دەناسرێت یان لەنێو گوتاردایە (واتا)یە. ئەوەی لە ڕوونکردنەوەدا باسکراوە سەرجەمی ئاماژەکردنەکانە. دەکرێت ئەم سەرجەمە بۆ ئاماژەکردنەکان شیبکەینەوە. ئاماژەکردنەکان، بەو جۆرەی ڕوونکردنەوەیان لەگەڵدایە واتا هەڵدەگرن. ئەگەر گوتار، وەکو ڕوونکردنەوەی تێگەیشتراوەکەی (لەوێدا)یە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دەرخستن بێت و دەرخستنیش لەسەر بنەمای بوون-لەنێو-جیهان پیکهاتبێت، ئەوا گوتار دەبێت بوونێکی سەر بە جیهانی هەبێت. تێگەیشتن لە بوون-لەنێو-جیهان، ئەو تێگەیشتنەی لە

مەزاجدا ڕوودەدات بە (گوتار) خۆی دەردەبڕێت. سەرجەمی ئاماژەکردنەکان دەخرێتە نێو وشەکانەوە. بۆ ئاماژەکردنەکان وشەکانیش سەرهەڵدەدەن. بەڵام ئاماژەکردنەکان وشەکان ناهێننەکایەوە.

زمان شێوازی دەربڕینی گوتارە و سەرجەمی وشەکانە، کە گوتار بوونی خۆی لەنێو جیهاندا دادەمەزرێنێت؛ وەکو شتێکی نێو-جیهان سەرجەمی وشەکان دەبێت بە بابەتێکی-بەردەست. دەکرێت زمان بۆ وشەکان شیبکەینەوە و بە بابەتێکی دەرەکی[توێژینەوە] دایبنێین. گوتار لە ڕووی بوونگەرانەوە زمانە چونکە ئەو هەبووانەی لە ڕوونکردنەوەدا دەردەکەون و ئاماژەیان بۆ کراوە لەنێو-جیهاندان. ئەو هەبووانەن فڕیدراونەتە نێو جیهان و خۆیان داوەتە دەست جیهان.[58] گوتار پێکهاتەی بوونگەرانەی دەرکەوتنی دازاین و بوونی دازاینیشە. بیستن و نەگوتن ئەگەرەکانی گوتنن. لەم دیاردانەدا کارکردنی گوتار لەسەر بوون بە ئاسانی بۆ یەکەمجار دەردەکەوێت. بەڵام لێرەدا، پێویستە باسی بونیادی گوتار بکەین. لە گوتار یان گوتندا ئێمە تێگەیشتنەکەمان لە بوون-لەنێو-جیهان ڕووندەکەینەوە. بوون-لەگەڵ سەر بە بوون-لەنێو-جیهانە، کە بەردەوام بە

[58] مەبستی هایدیگەر لەم خاڵە ئەوەیە، کە مرۆڤ بەوجۆرەی فڕێدراوەتە نێو جیهانەوە فڕێدراوەتە نێو زمانیشەوە. زمان دیاردەی تاکە کەسی نییە. مادام بوونی جیهان و کەسانی دیکە پێش بوونی تاک دەکەون زمانیش، لەمحاڵەتەدا، پێش بوونی تاک دەکەوێت. کاتێک تاک دێتە جیهانەوە خۆی لە نێو زمانێکی لەپێشتر ئامادەکراودا دەدۆزێتەوە. (م.ک)

نیگەرانییەوە دەبێت بە بوون-لەگەڵ-یەکدا. بوون-لەگەڵ-یەکدا دەبێت بە گوتن سەبارەت ڕەزامەندی ڕازی نەبوون، داواکردن یان هەڕەشەکردن، لێکۆڵینەوە، ڕاوێژکاری یان ناوبژیکردن؛ لەگەڵ داکۆکیکردنیشدا، وەکو گوتن بەرانبەر کەسانی دیکەی لێدێت. گوتن ڕوو لەو بابەتە دەکات، کە گوتارەکەی لەسەر دەکەوێتەگەر. پێویستیش ناکات دەستەواژەی دیاریکراو دروستیبکات؛ لەڕاستیدا زۆربەی کات تەنانەت لە فەرمان دەرکردندا یان خۆزگە بۆ شتێک نییەتی.

[١٦٢] هەروەها لەناوبژیکردنیشدا. گوتار ئەم بونیادە فاکتۆرییە پێویستەی هەیە چونکە پێکهاتەی دەرکەوتنی بوون-لەنێو-جیهانە و لەنێو بونیادەکەی خۆیدا بونیادێکی لەپێشتری لەسەر پێکهاتەی بوونی دازاین بۆ دادەمەزرێت. ئەوەی لە گوتاردا دەگوترێت هەمیشە بۆچوونێکە و سنوری خۆی هەیە. لە هەموو گوتارێکدا شتێک هەیە لە بارەیەوە دەگوترێت، کە کەسێک حەزدەکات بیزانێت، پرسیاری سەبارەت دەکات و بیروڕای خۆی لەسەر دەردەبڕێت. لەم گوتنەدا لە بارەی شتەکەوە گوتار ڕاگەیاندنەکە بە ئاکام دەگەیەنێت. ئێمە لەگەڵ شیکردنەوەکەمان بۆ داکۆکیکردن باسمانکرد، پێویستە لەسەر بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی فراوان لە دیاردەی ڕاگەیاندن تێبگەین. 'ڕاگەیاندن'، کە کەسێک تیایدا داکۆکیکردن دادەمەزرێنێت زانیاری دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەمەدا ڕاگەیاندنی زۆرتر و ڕوونکردنەوەی بوون پێکەوە بە تێگەیشنەوە دروستدەبن.

لەوێوە هاو-مەزاجی و تێگەیشتن لە بوون-لەگەڵ بەشداری تێدا دەکرێت. ڕاگەیاندن هەرگیز گەیاندنی ئەزمونەکانی بۆچوون و ئارەزووەکان لە ناوەوەی (خۆ)یەک بۆ ناوەوەی (خۆ)یەکی دیکە نییە. دازاین-لەگەڵ

کەسانی دیکەدا لە بنەڕەتەوە هاو-مەزاج و هاو-تێگەیشتنی هەیە. بوون-لەگەڵ لە گوتاردا بە ئاشکرا بەشداریکردن دەردەخات؛ واتە ئەو بەشداریکردوە، بەڵام وەکو شتێک، کە هێشتا بە تێگەیشتنەوە نەبووە بە خاوەنی و بەشداری تێدانەکردوە.

هەرکاتێک لە گوتندا ڕاگەیاندنێک هەبێت ئەو گوتنە هەمانکات خەسڵەتی خۆ دەربڕینیشی هەیە. لە گوتندا دازاین خۆی دەدەبڕێت. نەک لەبەر ئەوەی شتێکی ناوەکییە و پێویستی بە هاتنەدەرەوەیە، بەڵکو هەبوویەکە لەنێو-جیهاندا و بە تێگەیشتنەوە لە دەرەوەدایە. ئەم بوونێکە دەرەوە دەردەبڕێت و مەزاج و (بوون-لەنێو)دا دەردەخات.

مەزاج و بوون-لەنێو لە گوتاردا دەناسرێن و لە زمانیشدا بە هۆی خوێندنەوە بە دەنگەوە و بەرزی و نزمی دەنگەکان لە گوتندا ئاشکرا دەبن. لە گوتاری 'شیعر'یدا ڕایگەیاندنی ئەگەرەکانی بوونی مەزاجی کەسێک لەوانەیە ببێت بە ئامانج بۆ خۆی؛ ئەمەش دەرخستنی بوونە. تێگەیشتن لە بوون-لەنێو-جیهان لە گوتاردا بەگوێرەی ئاماژەکردنەکان ڕووندەکرێتەوە؛ لێرەدا گوتار ڕوونکردنەوەیە. توخمەکانی گوتاریش ئەمانەن: ئەو بابەتەی گوتارەکەی لەسەرە (یان لە سەری دەدوێین)؛ ئەوەی لە گوتارەکەدا دەوترێت؛ ڕاگەیاندن؛ هەروەها ئەوەی دەزانرێت. ئەمانە خەسڵەتی زمان نین تاکو بە ئەزمون دیارییبکرێنشێوازی بوونگەرانەن و لە بوونی دازایندان.

[١٦٣] ئەمانە ئۆنتۆلۆجییانە ئەگەری زمان پێکدەهێنن. دەشێ لە حاڵەتێکی فاکتۆری زمانێکی دیاریکراودا چەند توخمێک دەرنەکەون یان دیارنەبن. زۆرجار بە وشە دەریان نابڕین و تەنیا بە پەنجە ئاماژەیان بۆ

دەکەین. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت لەنێو ئەو بونیادەدابن، کە باسمانکرد.

بۆ ناسینی"ناوەڕۆکی زمان"یش ڕوو لەم توخمانە دەکرێت. چەمکەکانی، وەکو 'دەربڕین'، 'شێوازی هێمایی' ڕاگەیاندن، وەکو داکۆکیکردن و ناسینەوەی ئەزمون، دەبن بە کلیل بۆ تێگەیشتن لەناوەڕۆکەکە. ئەگەر کەسێک هەموو ئەم چەمکانە کۆبکاتەوە و لەیەکیان بدات هێشتا ناتوانێت پێناسەی زمانیان پێدروستبکات. پێویستە قوڵتر کاری لەسەربکرێت و لەپێشتر سەرجەمی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی-بوونگەرانە بۆ گوتار لەسەر بنەمای شیکرندوەکەمان بۆ دازاین دیارییبکرێت.

دەتوانین پەیوەندی نێوان گوتار و تێگەیشتن و روونکردنەوە لە ڕێگەی (بیستن)ەوە دروستبکەین. ئەمەش ئەگەرێکی بوونگەرانەی خودی گوتارە. لەخۆڕا ناڵێین لەوە بە دروستی تێناگەین، کە نایبیسین. بیستن پێکهاتەی گوتارە. بەوجۆرەی دەربڕین بە زمان لەسەر گوتار دەوەستێت هەستی بیستنیش پەیوەندی بە بیستنەوە هەیە. گوێگرتنیش شێوازێکی بوونگەرانەی دازاینە لە کردنەوەی-بوونی لەگەڵ-ئەواندا و بۆ ئەوان. بیستن تەنانەت کردنەوەیەکی سەرەکی و ڕەسەنانەی دازاین لەنێو ئەگەرەکانی بوونیدا پێکدەهێنێت؛ بۆنموونە بیستنی دەنگی هاوڕێیەک، کە هەموو دازاینێک لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت.

دازاین دەبیستێت چونکە تێدەگات. وەکو بوون-لەنێو-جیهان و لەگەڵ-کەسانی دیکەدا دازاین بە تیگەیشتنەوە گوێ لە خۆی و کەسانی دیکە دەگرێت. بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکە یەکدی بیستن پێشدەخات، کە بە چەند ڕێگەیەک دەخرێتەگەر: وەکو، شوێنکەوتن، گونجاندن لەگەڵ

یەکدی، هەروەها لە شێوازەکانی گوێنەداندا؛ دژایەتیکردن، بەرەنگاریکردن و پاشگەزبوونەوەدا.

لەسەر بنەمای ئەم تەوانابیە بوونگەرانەیە بۆ بیستن، (گوێگرتن) دێتەکایەوە. گوێگرتن لە ڕووی دیاردەییەوە لەو 'بیستن'ە سەرەکیترە، کە سایکۆلۆجی بە هەستکردنی وەرگرتنی دەنگەکانی دادەنێت. گوێگرتنیش، وەکو شێوازێکی بوونی بیستن خاوەنی تێگەیشتنە. یەکەمجار دەنگە ئاڵۆزەکان نابیستین، بەڵکو گوێمان لە جیرەی گالیسکەکە و ماتۆڕەکە دەبێت. ڕیزە خەڵکەکە، بای باکوور، لێدانی دەنووکی دارکونکەرەکە و قرچەی نێو ئاگرەکە دەبیستین.

[١٦٤] بیستنی (دەنگێکی ڕووت) پێویستە بە هەڵوێستێکی ئاڵۆز و خۆ ئامادەکردن هەیە. لەڕاستیدا، کاتێک گوێمان لە دەنگی گالیسکە و ماتۆڕەکە دەبێت ئەو دیاردەیەمان لا ئاشکرا دەبێت، کە دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا بوونە-لەنێو-جیهاندا و لەگەڵ بابەتەکانی-بەردەست لەنێو جیهاندا جێنشینبووە، جێنشینبووەکەی، بەدڵنیاییەوە، لە تەنیشت 'هەستکردنەکانەوە' نییە. لەسەرەتاشەوە لەنێو هەستکردنەکانییەوە بەرەو جیهان دەرناچێت. دازاین، کە لە بنەڕەتەوە تێگەیشتنی هەیە، لە نزیکەوە لەگەڵ ئەوانەدایە، کە لێیان تێدەگات.

بەهەمانشێوە، کاتێک گوێمان لە یەکدی دەبێت لە نزیکەوە تێدەگەین چی گوتراوە یان ئێمە لەپێشتر لەگەڵ کەسەکە و بابەتەکانی دەوروبەرداین، کە گوتارەکەیان لەسەرە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی گوێمان لێیەتی ئەوە نییە لە دەربڕینەکەدایە. تەنانەت لەو حاڵەتەدا، کە گوتنەکەش ئاشکرا نەبێت یان لە زمانێکی بێگانەدا دەربڕێت ئەوەی دەیبیستین وشە

ڕوونەکراوەکانە نەک دەنگە فرە جۆرەکان. کاتێک ئەوەی لە گوتاردا 'سروشتییانە' دەیبستین هەمانکات، دەتوانین گوێمان لە (دەقە گوتراوەکە) بەو جۆرەی دەگوترێت ببێت. ئەمەش دەکەوێتە سەر تێگەیشتنێکی هاوبەشی پێشتر لەگەڵ ئەوەی باسی لەسەر دەکرێت؛ ئەمە ڕێگەدەدات بزانین ئەوەی باسیدەکرێت لەگەڵ بابەتی گوتارەکەدا لە ڕووی بیردۆزەییەوە دەگونجێت. هەروەها، وەڵامدانەوەش لە تێگەیشتن لە بابەتی گوتارەکەوە دروستدەبێت، کە لەگەڵ-کەسانی دیکەدا بەشداری تێدادەکەین.

تەنیا لەسەر بنەمای ئەگەری بوونگەرانەی گوتن و بیستندا کەسێک دەتوانێت گوێبگرێت. ئەوەی ناتوانێت ببیستێت و دەبێت هەستبکات لەوانەیە تەوانای گوێگرتنی هەبێت. ئەمەش لەوەدەچێت کەسێک هەموو شتێک ببیستێت بەڵام نەتوانێت لێیتێبگات. تێگەیشتن لە زۆرگوتن و زۆربیستنەوە پەیدا نابێت. ئەوەی تێبگات دەتوانێ ببیستێت.

بێدەنگی ئەگەرێکی بنەڕەتی گوتارە و هەمان بناخەی بوونگەرانەی هەیە. لە گفتوگۆکردندا ئەوەی بێدەنگە دەیەوێت تێبگات. ئەم کەسە بێدەنگە ڕەسەنتر لە کەسێکی زۆرەبڵێ خاوەنی تێگەیشتنە. زۆرگوتن لەسەر بابەتێک تێگەیشتن مسۆگەرناکات. بەڵکو، بەپێچەوانەوە، زۆرگوتن بابەتەکە دەشارێتەوە و ڕوونکردنەوەیەکی ساختەی بۆ دەکات. بێدەنگی گەمژەیی نییە.

مرۆڤی گەمژە دەتوانێ بدوێت و نایسەلمێنێ، کە دەتوانێت بێدەنگ بێت. کەسێکیش بە سروشت کەمدووبێت، بێدەنگی ناسەلمێنێت. تەنانەت ئەوەی هیچ نەڵێت لەوانەیە لە کاتێکی دیکەدا نەتوانێت بێدەنگ بێت.

بێدەنگی ڕەسەنانە لەسەر گوتاری دروست دادەمەزرێت. پێویستە [١٦٥]بێدەنگی دازاین گوتن بێت و بوونی ڕەسەنی دەوڵەمەندانە دەربخات. کەوابوو، کەمدوویی دەرخستنە و(گوتنی لەکارکەوتوو)ش لەناودەبات. وەکو شێوازێکی گوتار بە گرنگییەوە تێگەیشتنی دازاین بەرجەستەدەکات و ڕەسەنانە دەبێت بە بنەمای گوێگرتن و شەفافییەتی بوون-لەگەڵ-یەکدی.

مادام گوتار پێکهاتەی بوونە-لەوێدا(پەیوەندی بە مەزاج و تێگەیشتنەوە هەیە)، کاتێک دەڵێین دازاین لەنێو-جیهاندایە مەبەستمان بوونێتی بە گوتار لەوێدا خۆی دەردەبڕێت؛ ئەو خاوەنی زمانە. یۆنانییەکان ژیانی ڕۆژانەیان بە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکدا بەسەربردووە. بەڵام چاویان بۆ بینینیش هەبووە. ئایا بە ڕێکەوت پێش سەرهەڵدانی فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەوان مرۆڤیان(بە زیندەوەرێکی گوتەبێژ) پیناسکردوە؟ پێناسەکەی دیکەشی بۆ مرۆڤ(وەکو ئاژەڵێکی ژیر)، زیندەوەرێک، کە خاوەنی هۆش بێت نادروست نییە، بەڵام ئەو بنەمایە دەشارێتەوە، کە پێناسەکەی لێوە دروستدەبێت. مرۆڤ خۆی بە بوونەوەرێکی گوتەبێژ دادەنێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تەنیا مرۆڤ خاوەنی دەنگە بەڵکو مرۆڤ هەبوویەکە بوونی خۆی و جیهان دەدۆزێتەوە. یۆنانییەکان وشەی(زمان)یان بەکارنەهێناوە؛ ئەم دیاردەیەیان بە 'گوتار' ناوزەدکردوە. لەبەر ئەوەی لە بۆچوونە فەلسەفییەکانیاندا(لۆگۆس) بە (داکۆکیکردن) دانراوە، پێشخستنی بونیاد و شێوازی ئەوانەی گوتاریان پێکهێناوە پەیوەندییان بەم واتایەی لۆگۆسەوە هەبووە. ڕێزمان لەنێو لۆجیکی ئەم(لۆگۆس)ەدا بەدوای

بناخەکانی خۆیدا گەڕاوە. بەڵام ئەم لۆجیکە لەسەر ئۆنتۆلۆجی ئامادەبوونی دەرەکی هەبووەکان دادەمەزراوە. ئەو کاتیگۆرییانەی لەنێو زانستی زمانەوانیدا ماونەتەوە و تاکو ئەمڕۆش بە بنەما دادەنرێن پەیوەندییان بە تێگەیشتن لە گوتار و داکۆکیکردنەوە هەیە. ئەگەر ئێمە ئەم دیاردەیە بە بنەمایەکی گرنگ و پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دابنێین، ئەوا پێویستە زمان لەسەر بناخەی ئۆنتۆلۆجی دابمەزرێنین. ڕزگارکردنی ڕێزمانیش لە لۆجیک پێش هەموو شتێک داوای تێگەیشتنمان لە بونیادی بنەڕەتی و لەپێشتری گوتار بەگشتی، وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی لێدەکات. ئەمەش بە چاکسازی و دەستکاریکردنی نەریتەکە نایەتەکایەوە. پێویستە لەبیرمان نەچێت دەبێت لە فۆرمە گرنگەکان، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین ئەوەی تێیگەیشتوین ڕوونیبکەینەوە، بکۆڵینەوە؛ نابێت ڕوونکردنەوەکە تەنیا بۆ هەبووەکانی-نێو-جیهان، کە زانینێکی بیردۆزەییمان لەبارەیانەوە هەیە و لە دەستەواژەکاندا باسیاندەکەین، بکرێت. ڕاڕەوی ئاماژەکردن لە خۆیەوە و لە بەراوردکردنی زمانەکان تەنانەت زمانە بێگانەکانیش پەیدانابێت. هاوڕابوون لەگەڵ ڤۆن هەمبۆڵت لەسەر کێشەی زمان لە ڕوانگە فەلسەفییەکەشییەوە چارەسەری گرفتەکە ناکات. ڕاڕەوی ئاماژەکردن ڕەگی بە نێو ئۆنتۆلۆجی دازایندا داکوتاوە. مان و نەمانی دەکەوێتە سەر ئەم ئۆنتۆلۆجییە.[59]

---

[59] هایدیگەر لە پەراوێزەکەدا ئاماژەی بۆ دوو نوسراوی ئەدمۆند هوسرڵی مامۆستای کردوە، کە تیایاندا باسی (ڕاڕەوی ئاماژەکردنی)کردوە. ئەم نوسراوانەی هوسرڵ ئەمانەن:

[١٦٦] دواجار، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی پێویستە بپرسێت زمان چ شێوازێکی بوونی هەیە. ئایا ئامێر یان بابەتێکی بەردەستی نێو-جیهانە، شێوازی بوونی، وەکو شێوازی دازاینە یان هیچیان نییە؟ ئەگەر زمانی مردوو هەبێت، ئایا چ شێوازێکی بوونی هەیە؟ ئایا سەرهەڵدان و نەمانی زمان چ واتایەکی ئۆنتۆلۆجییان هەیە؟ بوونی زانستی زمانەوانی و بوونی هەبووەکان بۆ بابەتەکەی شتێکی ئاشکرا نین؛ تەنانەت پرسیارکردن سەبارەت لێکۆڵینەوەکەش شاراوەیە. ئایا بە ڕێکەوت ئاماژەکردنەکان لە نزیکەوە سەر بە جیهانن، لەپێشتر نەخشەیان بۆ کێشراوە و لەنێو 'شوێن'دان؟ ئایا ئەم فاکتۆرە پێویستییەکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونگەرانەی هەیە؟ ئەگەر ئەو پێویستییەی هەبێت، دەبێت بپرسین بۆچی؟ ئەگەر توێژینەوەی فەلسەفی بە دوای هەبووەکان-لەنێو خۆیاندا بگەڕێت و بیەوێت گرفتەکان لە ڕێگەی چەمکەکانەوە ڕوونبکاتەوە، دەبێت واز لە فەلسەفەی زمان بهێنێت.

ڕاڤەکردنەکەمان بۆ زمان هەوڵدانە بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەم دیاردەیە لەسەر پێکهاتەی بوونی دازاین. لەسەرو ئەمەوە خۆ ئامادەکردن بۆ شیکردنەوەکەمان، کە تیایدا گرنگترین هەبوو، ئەوەی سەر بە گوتارە دەکەین بە ڕۆشنکەری ڕیگاکەمان. بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی دیکەش بە دیاردەکانەوە جەخت لەسەر ژیانی ڕۆژانەی دازاین و گرنگییە ئۆنتۆلۆجییەکەی دەکەین.

---

Edmund Husserl, *Logische Untersuchungen*, vol.2; and *Ideen*, Section 123ff. (م.ک)

## با. بوونی ژیانی ڕۆژانە لەوێدا و کەوتنی دازاین

[١٦٧] گەڕانەوەمان بۆ بونیادی دەرکەوتنی بوون-لەنێو-جیهان لە ڕاڤەکردنەکەماندا ژیانی ڕۆژانەی دازاینمان لەبەرچاو لادەبات. پێویستە شیکردنەوەکەمان ڕوو لەم دیاردەیە بکات و بیکات بە خاڵی دەرچوونی. ئەو پرسیارانەی لێرەدا خۆیان دەسەپێنن ئەمانەن: ئایا خەسڵەتی بوونگەراییەکانی دەرکەوتنی بوون-لەنێو-جیهان، بەو جۆرەی جیهان لە شێوازی بوونی (ئەوان)دا و لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی ڕادەگرێت، چین؟ ئایا (ئەوان) مەزاجێکی دیاریکراو، تێگەیشتن، گوتن و ڕاڤەکردنیان هەیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەوێدا پێویست و سەرەکین، کە دەبینین دازاین لەنێو (ئەوان) ونبووە و بوونی داگیرکراوە.

ئایا دازاین بە فڕێدانی بۆ نێو جیهان ناکەوێتە شوێنی گشتی ئەوانەوە؟ ئایا مەبەستمان لە شوێنی گشتی لەگەڵ دەرکەوتنی (ئەوان) چییە؟ ئەگەر تێگەیشتن بە تەوانایی و لایەنی هێزەکی دازاین بۆ بوون دابنرێت، ئەوا لە شیکردنەوەی شێوازی تێگەیشتن و ڕاڤەکردندا، کە (ئەوان) بۆی دەچن، دەبێت ئەو ئەگەرانە بناسین، کە دازاین لە ونبوونەکەیدا لەنێو ئەواندا هەیەتی. ئەم ئەگەرانە وەکو هاندەری بوون لە ژیانی ڕۆژانەدا گرنگن. دواجاریش، بە دەرخستنی هاندەرەکە لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆجییانەوە دەبێت شێوازی بوونی دازاین بەو جۆرەی گرێدراوە لە نێو ژیانە کۆنکرێتییەکەیدا بناسرێت.

یەکەمجار پێویستە (ئەوان)، وەکو گوتار، بینین و ڕاڤەکردن لە ژیانی ڕۆژانەدا دەربخەین. هەروەها، نابێت بۆچوونەکەمان ڕووکەشی بێت و

تەنیا لایەنی ئۆنتۆلۆجی ڕوونبکاتەوە و لەسەر خواستی (فەلسەفەی کەلتوور) ڕەخنە لە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی دازاین بگرێت.

## ٣٥. گوتنی لە کارکەوتوو

[١٦٨] چەمکی (گوتنی لە کارکەوتوو) لێرەدا بۆ سوکایەتیکردن بەکارنەهاتوە. ئاماژەکردنە بۆ دیاردەیەکی پۆزەتیڤی لایەنی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا. زۆربەی کات، گوتار لە ڕێگەی گوتنەوە دەردەبڕێت و زمانە. لەمحاڵەتەدا، تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەکە لەنێو خودی ئەوەدایە دەریدەبڕین. لە زماندا، کە دەربڕینی تێدا دروستبێت، تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی دازاین دەشاردرێتەوە. ئەمجۆری ڕاڤەکردنە، وەکو زمان دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی؛ بەپێچەوانەشەوە، بوونی خەسڵەتی دازاین هەڵدەگرێت. لە نزیکەوە و بە چەند کەموکورتییەکەوە دازاین بەردەوام ڕوو لەم ڕاڤەکردنەدەکات، کە ئەگەرەکانی تێگەیشتنی مامناوەندی و مەزاج تیایدا سەرهەڵدەدەن. لەنێو زەمینە گشتییەکەی ڕوونکردنەوە و ئاماژەکردنەکەدا دەربڕینەکە تێگەیشتن و جیهان و بوونی دازاین لەگەڵ-کەسانی دیکە و بوونی نێو دەپارێزێت. ئەو تێگەیشتنەی لە دەربڕیندا هەیە و بایەخ بە دۆزینەوەی هەبووەکان دەدات، هەروەها تێگەیشتنێکی دروست لە بوون و ئەگەرەکان، کە دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاڤەکردنی نوێ، لەڕاستیدا گەیەنراوە.

بەڵام لەسەرو ئەم ڕاڤەکردنەی دازاینەوە پێویستە پرسیار لە شێوازی بوونگەرانەی ئەو گوتارە بکەین، کە لە دەربڕینەکەدا بوونی خۆشی

دەردەبڕێت. ئەگەر، وەکو بابەتیکی دەرەکی نەناسرێت، ئایا چ جۆرە بوونێکی هەیە؟ ئایا چی سەبارەت ژیانی ڕۆژانەی دازاین بە ئێمە دەگەیەنێت؟ ئەو گوتارەی خۆی دەردەبڕێت ڕاگەیاندنە. مەبەستی بوونی ڕاکێشانی بیسەرە بۆ بەشداریکردن لە دەرخستنی ئەو هەبووەی باسی لەسەر دەکرێت.

لە زماندا، بەتایبەتی لە کاتی بەکارهێناندا، ڕوونکردنەوەیەکی مامناوەندی لەگەڵ دەربڕینەکەدا پەیدادەبێت؛ بەگوێرەی ئەم ڕوونکردنەوەیە لە گوتارە ڕاگەیەنراوەکە بە ڕادەیەک تێدەگەین ئەگەر بیسەریش خۆی نەخاتە ئاستی ئەوەی باسیدەکرێت. ئێمە زۆر لە هەبووە باسکراوەکان تێناگەین؛ تەنیا گوێ لە باسەکە دەگرین. تێدەگەین لەوەی باسیدەکرێت؛ بەڵام تێگەیشتنەکەمان ڕووکەشییە و ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە چونکە تێگەیشتنەکە بۆ بابەتە باسکراوەکە مامناوەندییە.

بیستن و تێگەیشتن پێشتر خۆیان بە گوتن لەنێو باسەکەدا دەبەستنەوە. پەیوەندی بنەڕەتی لەگەڵ بوونی ئەو هەبووەی باسدەکرێت ڕاگەیاندن بەشی ناکات؛ بەڵکو بوونەکەیە، کە لە گوتنەکەدا باسدەکرێت. لە گوتندا بوون-لەگەڵ-یەکدیدا و گوێگرتن لە باسەکە دەردەکەوێت. ئەو هەبووەی باسیدەکرێت (گوتە) و دەرهێنانی دەنگەکانی وشە دەبن بە خاوەنی و دروستی گوتارەکە و تێگەیشتن مسۆگەردەکەن. کاتێکیش گوتارەکە پەیوەندییەکەی لەگەڵ بابەتە باسکراوەکە وندەکات یان نایگاتێ، ناتوانێت بەخاوەنێتییەوە ڕاگەیاندنەکە بگەیەنێت،[لەمحاڵەتەدا] ڕاگەیاندن دەبێت بە 'دەمەتەقێ' یان هێنان و بردنی باس. ئەوەی باسیلێدەکرێت

بەنێو خەڵکێکی زۆردا بڵاودەبێتەوە و خۆی دەسەپێنێت. [بۆنموونە] دەڵێین، ئەمە وایە چونکە هەموو کەسێک باسیدەکات.

[١٦٩] گوتنی لەکارکەوتوو لە دەمەتەقێ و هێنان و بردنی باس پێکدێت. پرۆسەیەکە بێ بناخەبوونی بەرەو زیادبوون دەڕوات و بەبێ زەمینە دەمێنێتەوە. ئەمەش تەنیا لە دەمەتەقێدا ناوەستێت و دەکەوێتە نێو نوسینیشەوە. لێرەدا دەمەتەقێ پێویستی بە بیستن نامێنێت و خۆی بەسەر خوێندنەوەی ڕووکەشیدا ساخدەکاتەوە. تێگەیشتنی مامناوەندی خوێنەر ناتوانێت سەرچاوە سەرەکییەکان بدۆزێتەوە، تاکو دەمەتەقێکە دەستنیشانبکات. بێجگەلەمە، تێگەیشتنی مامناوەندی نایەوێت جیاوازی بناسێت چونکە هەستدەکات لە هەموو شتێک تێدەگات.

بێ بناخەیی گوتنی لەکارکەوتوو نابێت بە ڕێگر بۆ بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکدا؛ بەڵکو هاندەری بڵاوبوونەوەیەتی. گوتنی لەکارکەوتوو ئەگەری تێگەیشتنە لە هەموو شتێک بەبێ ئەوەی زانینی لەبارەوە هەبێت. گوتنی لەکارکەوتوو دژی ئەو زانینە و خاوەنێتی بابەتە باسکراوەکەیە. گوتنێکە هەموو کەسێک دەتوانێت شەنەی تێدابکات؛ ئەمجۆرە گوتنە باری گرانی تێگەیشتنی ڕەسەنانە کەمناکاتەوە، ڕوونکردنەوەش بەبێ دیاریکردنی جیاوازییەکان دەهێنێتەکایەوە، کە تیایدا هیچ شتێک بە داخراوی نامێنێتەوە.

دەشێ گوتار، کە سەر بە بوونی بنەڕەتی دازاینە و پێکهاتەیەکی دەرخستنی بوونی ئەوە، ببێت بە گوتنی لەکارکەوتوو. لەم گۆڕانەدا [گوتار] ناتوانێت بوون-لەنێو-جیهان بۆ ئێمە بە تێگەیشتنەوە ڕوونبکاتەوە، بەڵکو هەبووەکان لەنێو جیهاندا دەشارێتەوە. بۆ ئەم کارە

پێویست ناکات مرۆڤ هەوڵی هەڵخەڵەتاندن بدات. گوتنی لەکارکەوتوو خەسڵەتی گەیاندنی هەبووەیەکی لەخۆنەچووی نییە. دروستکردنی باسێکی بێ بناخە و گەیاندنی شاردنەوە و داخستنە چونکە ئەوەی تێیدەگەین شتێکی باسکراوە یان پەردە لەسەرلابراوە. گوتنی لەکارکەوتوو بە سروشت پەردە لەسەردانانە و شاردنەوەیە و نایەوێت بۆ بناخەی بابەتی باسکردنەکە بگەڕێتەوە. شاردنەوە لەنێو تێگەیشتنی گوتنی لەکارکەوتوو گەورەتردا دەبێت. لەبەرئەمە، گوتنی لەکارکەوتوو ڕێگە بە توێژینەوەی نوێ و گفتوگۆکردن نادات و خەفەیاندەکات.

ئەم ڕاڤەکردنە بۆ گوتنی لەکارکەوتوو لە بوونی دازایندا جێگەی خۆی دەکاتەوە. ئێمە زۆرشت لەم جۆرە گوتنەدا فێردەبین و لە زۆرشتی دیکەش هەرگیز تێناگەین. دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەنێو ئەم ڕاڤەکردنەدا گەورە دەبێت. هەموو تێگەیشتن، ڕاڤەکردن و ڕاگەیاندنێکی ڕەسەنانە، دۆزینەوە و خاوەنێتی نوێ تیایدا وندەبن و ئەویش دژیان ڕادەوەستێت. ئەمجۆرە ڕاڤەکردنە بەردەوام دازاین بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، جیهانی بۆ ئاوەڵا دەکات و ڕووبەڕووی دەکاتەوە. داگیرکردن لەلایەن خەڵکەوە و ڕاڤەکردنییان بۆ هەبووەکان ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی مەزاجیش دەهێنێتەکایەوە و دازاین تیایدا جیهان دەبینێت. 'ئەوان' بڕیار لەسەر مەزاجەکەش دەدەن و چۆنییەتی و چی بینینی دازاین دیاریدەکەن.

[١٧٠] گوتنی لەکارکەوتوو، بەوجۆرەی شتەکان دەشارێتەوە، سەر بەو شێوازی بوونەی دازاینە، کە دازاین تیایدا تێگەیشتنی نییە. بەڵام گوتنی لەکارکەوتوو بارودۆخێکی هەڵکەوتوو نییە، کە بابەتێکی دەرەکی تیایدا

وەکو خۆی دەردەکەوێت: ئەو لە ڕوویەکی بوونگەرانەوە بەردەوام ڕەگوڕێشەی هەڵدەکێشرێت و نییەتی. ئەمەش ئۆنتۆلۆجییانە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە کاتێک دازاین دەبێت بە خاوەنی گوتەی لەکارکەوتوو، بوونی لەنێو-جیهاندا بەرەو جیهان و کەسانی دیکە و بوونی-لەنێو دادەبڕێت. بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە و هێشتا پەیوەندییەکەشی بە جیهان و کەسانی دیکەوە بەتەواوی کۆتایی نایەت.

بێ ڕەگوڕێشەیی دازاین بەمجۆرە شێوازێکی بوونە، کە تەنیا ئەو هەبووەی تێگەیشتنی هەیە و بە مەزاجەوە ڕوو لە کردنەوەی شتەکان دەکات و ئۆنتۆلۆجییانە (لەوێدا) لە نێو-جیهاندایە توشی دەبێت. دوور لە پێکهێنانی نەبوونی دازاین، ئەم بێ ڕەگوڕیشەبوونە لە ژیانی ڕۆژانەیدا سەختترین 'ڕاستەقینەی' بوونی دازاینە.

بەهەرحاڵ، لە سروشتی خۆسەپاندنی ڕاڤەکردنی شێوازی بوونی ژیانی ڕۆژانەدایە، کە لەژێر دەستەڵاتیدا ساخنەکردنەوە و بێ بناخەیی زۆرتر تەشەنەدەکەن و شتەکان لە دازاین دەشارنەوە.

## ٣٦. خۆتێهەڵقورتان

لە شیکردنەوەکەمان بۆ تێگەیشتن و دەرکەوتن بەگشتی (لەوێدا)، باسی (ڕووناککردنەوەیەکی سروشتی)یمان کرد و دەرخستنی بوون-لەنێوی دازاینمان بە 'کردنەوە' ناوزەدکرد، کە تیایدا بۆ یەکەمجار ئەگەری 'بینین' سەرهەڵدەدات. چەمکی 'بینین' [بەوجۆرەی باسمانکرد] لە تەماشاکردندا بوو، کە شتەکان بۆ دازاین دەردەخات. دازاینیش بە تێگەیشتنەوە

خاوەنێتییان دەکات و لەسەر بنەمای ئەگەرەکانی بوون خۆی لەگەڵیاندا دەگونجێنێت.

[١٧١] بنەڕەتترین بارودۆخی 'بینین' خۆی لەنێو هەڵوێستی-بوون لە ژیانی ڕۆژانەدا دەردەخات. ئەم هەڵوێستە بە 'خۆتێهەڵقورتان' ناوزەددەکەین، کە تەنیا لە بینیندا نییە و هەڵوێستی هەستکردن بەرانبەر جیهانیش دەدۆزێتەوە. ئێمە دەمانەوێت ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانە ڕاڤەی ئەم دیاردەیە بکەین. هەروەها بۆ زانین ناگەڕێینەوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە (لە فەلسەفەی یۆناندا) لەخۆڕا زانین و ئارەزووکردنی بینینیان پێکەوە نەبەستۆتەوە. لە یەکەم بەرهەمی ئەریستۆ لەسەر ئۆنتۆلۆجی لە سەرەتاوە نوسراوە، کە بینین بۆ بوونی مرۆڤ بنەڕەتییە.[60] لەم خاڵەدا ئەریستۆ هەوڵدەدات بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستییانە لەسەر هەبووەکان بدۆزێتەوە و لە بوونی هەبوویەکەوە گەشتەکەی دەستپێبکات، کە بە دازاین دایدەنێین. ئەم ڕاڤەکردنەی یۆنانییەکان بۆ بنەمای بوونگەرانەی زانست ڕێکەوت نییە. ڕۆشنایی دەخاتە سەر گوتەکەی پارمەنیدس، کە دەڵێت، (بیرکردنەوە و بوون یەک شتن). لەنێو هەستکردندا خۆی دەردەخات و تەنیا لە بینیندا بوون دەردەکەوێت. ڕاستی بنەڕەتی و دروست لە درککردندایە. لەو

---

[60] ئەم نوسراوەی ئەریستۆ، کە هایدیگەر ئاماژەی بۆ دەکات پەرتووکەکەیەتی بە ناوی(مێتافیزیک)، لە بەشی یەکەمی ئەم پەرتووکەدا لە سەرەتاوە ئەریستۆ ئاماژە بۆ گرنگی بینین لەنێو هەموو هەستەکانی دیکەدا دەکات.(م.ک)

سەردەمەوە، ئەم تێزە بووە بە بناخەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا. دیالێکتیکی هیگڵ کاتیگۆرییەکانی لەسەر دامەزراندوە و لەسەر بناخەی ئەم تێزە بوونیان مسۆگەر کراوە.

ئۆگەستین ئاشکرا لە ئارەزووکردنی جوتبووندا، باسی گرنگی بینینی کردوە. (بینین بۆ چاو دەگەڕێتەوە)، (ئێمە، کە باسی زانین دەکەین وشەی 'بینین' بۆ هەستکردنەکانی دیکەش بەکاردەهێنین)، (ئێمە ناڵێین، 'ببیسە چۆن دەدرەوشێتەوە'، 'تامی ڕووناکییەکە بکە'، یان' دەست لە شەوقەکەی بدە'؛ بەڵام بۆ هەریەکێک لەمانە دەڵێین، 'ببینە'؛ یان 'دەبینرێن؛)، (ئێمە ناڵێین، 'ببینە ئەوە چۆن شەوقدارە'، تەنیا چاو دەیبینێت؛)، (بەڵام دەتوانین بڵێین، 'ببینە چۆن دەنگێکی هەیە'، 'ببینە چۆن بۆنێکی هەیە'، 'ببینە چۆن تامێکی هەیە'، 'ببینە چەند ڕەقە'). (کەوابوو، ئەزموونە هەستەکییەکان بەگشتی حەزکردنی بینینن چونکە هەرکاتێک بمانەوێت شتێک بزانین، هەستەکانی دیکە خۆیان، وەکو بینین دەنوێنن-کارکردنی چاو لە پێش هەموویانەوەیە.)

[١٧٢] ئایا چی دەتوانین سەبارەت هەستکردن بڵێین؟ چ حاڵەتێکی بوونی دازاین لە خۆتێهەڵقورتاندا ڕووندەبێتەوە؟ بوون-لەنێو-جیهان لەنێو نیگەرانیدا نوقم بووە. تەماشاکردنی دەوروبەریش ڕێنمایی نیگەرانی دەکات، کە بابەتەکانی بەردەست دەدۆزێتەوە. کاتێک دەمانەوێت کارێک یان بەشدارییەک بکەین تەماشاکردنی دەوروبەر ڕێگا، بوار و کاتێکی گونجاومان بۆ دیاریدەکات. لە پشوداندا نیگەرانی لەناوناچێت. بەڵکو تەماشاکردنەکە ئازادانە ڕوودەدات و لەوە زۆرتر خۆی بە جیهانی کارکردنەوە گرێنادات. لەپشوداندا نیگەرانی ڕوو لە تەماشاکردنە ئازادەکە

دەکات. تەماشاکردنەکەی جیهانی کارکردنەکە لە دوورەوە خۆی ڕادەگرێت و تەماشاکردنە ئازادەکەش هیچ بابەتێکی بەردەست ناهێنێتە پێشەوە. دوور وەستانی تەماشاکردنی ئازاد ئەگەری نوێ پێکدەهێنێت.
ئەو بابەتە بەردەستانەی زۆر نزیکن لە دوورەوە و لەنێو جیهانێکی نامۆدا دادەنێت. نیگەرانیش خەمی ئەگەرەکانی پشودان و بینینی 'جیهان' بە ڕواڵەت دەخوات.
دازاینیش دەیەوێت بە ڕواڵەت شتە دوورەکان لە خۆی نزیک بکاتەوە. ئەو تەنیا ڕواڵەتی دەرەکی جیهان دەبینێت؛ لەم شێوازی بوونەدا دەیەوێت خۆی لە جیهان و بابەتە نزیکەکانی بەردەستی دابڕێت. خۆتێهەڵقورتان زۆرتر پشت بە بینین دەبەستێت، نەک بە نیازی تێگەیشتن لەو بابەتەی دەیبینێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە تەماشاییبکات. چاوگۆڕینەکەشی لە پێناوی دۆزینەوەی بابەتێکی دیکەدایە. لەمجۆرە بینینەدا گەیشتن بە بابەتەکە بۆ تێگەیشتن و ناسینی ڕاستییەکەی نییە. کەوابوو، خۆتێهەڵقورتان خەسڵەتی دوورکەوتنەوەی لە بابەتە نزیکەکەوە هەیە. لە ئاکامدا، بە تێڕمانەوە ناڕوانێت، بە هەڵچوونەوە و ئۆقرنەگرانە لە بابەتێکەوە هەڵدەکوتێتە سەر بابەتێکی دیکە. لەم جوڵانەشیدا دۆزینەوەی ئەگەرە نوێکان توشی سەرلێشێوانی دەکات. خۆتێهەڵقورتان لە بوون تێناگات و لە ئاستیدا بە سەرسوڕمانەوە ڕاناوەستێت.
[١٧٣] هەڵبەتە دەیەوێت زانین پەیدا بکات، بەڵام زانینەکەی تەنیا لە پێناوی زانیندایە. نەمانەوەی لەگەڵ بابەتەکە و سەرلێشێوانی بە ئەگەرەکان دەبن بە پێکهاتەی خۆتێهەڵقورتان؛ لەسەر ئەم دوو خەسڵەتەش خەسڵەتی سێیەم "جێگیرنەبوون لە هەموو شوێنێکدا"

دەدۆزینەوە. خۆتێهەڵقورتان ڕوو لە هەموو شوێنێک دەکات و لە هیچ شوێنێکیشدا نامێنێتەوە. ئەم بوونە-لەنێو-جیهاندا بوونی ڕۆژانەی دازاین دەردەخات-کە بەردەوام تیایدا ڕەگوڕیشەی بوونی خۆی دەردەهێنێت.

گوتنی لەکارکەوتوو بەسەر خۆتێهەڵقورتانەوە دەستەڵاتمەدارە. ئەوەی پێویستە بگوترێت و ببینرێت باسدەکات.

خۆتێهەڵقورتان بەگوێرەی بوونی لە هەموو شوێنێک و هیچ شوێنێکدا گوتنی لەکارکەوتوو بەکاردەهێنێت. ئەم دوو شێوازی بوونەی ژیانی ڕۆژانەی گوتار و بینین، وەکو بابەتێکی دەرەکی لە تەنیشت یەکدییەوە خۆیان دەرناخەن، هەریەکێک لە ئەوان ئەوی دیکەش بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت. خۆتێهەڵقورتان، کە هیچ شتێک لە نزیکەوە نابینێت و گوتنی لەکارکەوتووش، کە تیایدا هیچ شتێک بە تێنەگەیشتویی نامێنێتەوە، خۆیان وانیشاندەدەن، کە ژیانی ڕاستەقینە[بۆ دازاین] مسۆگەردەکەن. بەڵام لەگەڵ خۆنیشاندانیاندا دیاردەی سێیەم لە دەرخستنی ژیانی ڕۆژانەی دازایندا دێتەکایەوە.

## ٣٧. ئاڵۆزی

کاتێک لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لەگەڵ کەسانی دیکەدا توشی ئەو شتانە دەبین، کە هەموو کەسێک دەیانناسێت و دەتوانێت لەسەریان بدوێت دژوارە بزانین چ ڕاستەقینەیەک خۆی دەرخستوە و تاکو چ ڕادەیەک تێیگەیشتوین. ئەم ئاڵۆزییە لە ئاستی جیهاندا ڕوونادات بەڵکو بوون-لەگەڵ-یەکدی و تێگەیشتنی دازاین لە بوونی خۆشی دەگرێتەوە.

وادەردەکەوێت بە دروستی لە هەموو شتیک تێدەگەین ، کە باسدەکرێن، بەڵام لەبنەڕەتەوە بەپێچەوانەوەیە؛ یان وادەرناکەوێت، کە چی وایە. ئاڵۆزی کاردەکاتە سەر تێگەیشتن و بەڕێوەبردنیش؛ وەکو تەوانایی بۆ تێگەیشتن و دامەزراندنی پرۆژەکانی دازاین لە بووندا خۆی دەردەخات. هەموو کەسێک لەگەڵ بابەتی باسکردنەکەدا ئاشنایە و دەتوانێت بەشداری لە باسکردنەکەدا بکات؛ هەموو کەسێک دەزانێت لەسەر ڕووداوەکان یان ئەوانەی هێشتا ڕوویاننەداوە بدوێت و پێشنیاری چارەسەرەکەیان بکات. هەموو کەسێک، وەکو کەسانی دیکە بۆ شتەکان دەچێت و بۆنیان دەکات. ئەمجۆرە بۆچوونە لەسەر بناخەی گوتەی خەڵک دادەمەزرێت و ئەگەرەکانی دازاین ئامادەدەکات.

[١٧٤] هەرچەندە ئەوەی (ئەوان) بۆی دەچن و هەستیپێدەکەن بە کردەوە دابمەزرێت، بەڵام ئاڵۆزبوونەکە دەیسەلمێنێت، کە ئەوەی دەناسرێت زوو دەمرێت و لەناودەچێت. هەڵبەتە ئارەزووی ئەوان لە گوتنە لەکارکەوتووەکە و خۆتێهەڵقورتاندا دەمێنێتەوە و بە مەرجێک لێپرسینەوەی تێدا نەبێت و لە گوتن زۆرتر نەڕوات. کاتێک مرۆڤ شوێن گوتن و بۆچوونی کەسانی دیکە دەکەوێت ڕێگەی پێنادرێت لەگەڵ خۆی دڵسۆزبێت. ئەمەش زۆر لە دازاین دەکات بەرەو خۆی بگەڕێتەوە. گوتنی لەکارکەوتوو، هەروەها خۆتێهەڵقورتان دەستەڵاتیان دەدۆڕێنن و دەکەونە تۆڵەسەندنەوە. لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونە باوەکەدا، گوتنی لەکارکەوتوو بەپەلە هەوڵدەدات بیسەلمێنێت، کە ئەوانیش دەتوانن ئەو کارەبکەن چونکە هەمان بۆچوونیان هەیە. دواجاریش، گوتنی لەکارکەوتوو خۆی لە بۆچوونەکە تووڕەدەکات و داوای دامەزراندنی ڕووداوەکە دەکات.

لەمحاڵەتەدا، بەدڵنیاییەوە، ئەگەری هێشتنەوەی بۆچوونەکە لەدەست دەردەچێت.

کاتێک دازاین بەکەمدووییەوە بەرەو شتێک دەڕوات و بە دروستی دەریدەخات، کاتەکەی بوونێکی جیاوازی هەیە و خەڵکی بە کاتێکی خێرای دانانێن، کە لە گوتنی لەکارکەوتوودا دەبینرێت. گوتنی لەکارکەوتوو بە خێرایی بەسەر شتە نوێکاندا دەگوزەرێت. زوو بۆچوونەکان لە ئاستی ڕووداوە نوێکاندا کۆندەبن. گوتنی لەکارکەوتوو و خۆتێهەڵقورتان بە ئاڵۆزییەکە دەیسەلمێنن هەرشتێکی نوێ بکەوێتە بەرچاوی خەڵکی زوو کۆن دەبێت. شتە نوێکەش لەوێدا بە خەسڵەتە پۆزەتیڤەکانییەوە ئازاددەکرێت، کە گوتنی لەکارکەوتوو لەوە زۆرتر بەسەرییەوە کاریگەر نییە و خەڵکیش ئارەزوومەندی نین.

بەو شێوە ئاڵۆزییەی خەڵکی هەبووەکان ڕاڤەدەکەن، پێش پەیدابوونیان باسیاندەکەن و خۆیان لە باسەکە تێهەڵدەقورتێنن، کە دێنە سەرکارکردن بایەخییان پێنادەن. کەوابوو، دازاین بەردەوام لەنێو(ئەوان)دا لە دامەزراندنی پڕۆژەکانیدا هەڵدەکات چونکە ئەگەرە ڕەسەنەکانی خۆی وندەکات. ئەو[دازاین] بە ئاڵۆزی(لەوێدا)یە؛ واتە لە دەرکەوتنی بوونی-لەگەڵ-یەکدیدا، کە گوتنی لەکارکەوتوو تیایدا باڵادەستە خۆتێهەڵقورتان شتەکان دەجوڵێنێت: واتە لەوێدایە، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەموو شتێک ڕوودەدات و هاوکات هیچیش پێکنایەت.

ئاڵۆزی هەمیشە بەرەو خۆتێهەڵقورتان دەڕوات و ئەمیش بەدوای هەبووەکاندا دەگەڕێت؛ بڕیاردانەکانیش دەدات بە گوتنی لەکارکەوتوو. ئەم شێوازی بوونە-لەنێو-جیهاندا خۆی بەسەر شێوازی بوون-لەگەڵ-

یەکدیدا دەسەپێنێت. کەسانی دیکە لە نزیکەوە (لەوێدا)ن و هەموو شتێک سەبارەت دازاین دەبیستن، دەیبینن و باسیدەکەن دەزانن چی دەکات.

[١٧٥] گوتنی لەکارکەوتوو خۆی دەخزێنێتە نێو بوون-لەگەڵ-یەکدیدا. تاکەکەسەکان چاودەبڕنە یەکدی و گوتەکانی یەکدی لێکدەدەنەوە و وەڵامی یەکدی دەدەنەوە. بوون-لەگەڵ-یەکدی لە شێوازی بوون لەنێو (ئەوان)دا، حاڵەتێکی لە جیاوازی بەدەر و لە کێشەبەدەر نییە، ناکۆکی و چاوبڕینە یەکدییە بە ئاڵۆزییەوە و گوێگرتنە لە یەکدی بە نهێنی. کایەکردنە بە دەمامەوە (لەپێناوی-یەکدی) و (دژی-یەکدی).

لەم پەیوەندییەدا دەبینین ئاڵۆزی لە سەرەتاوە بۆ شێواندن بە ئاشکرا سەرهەڵنادات. ئەمەش شتێک نییە دازاین لەپێشوەختا بانگەشەی بۆ بکات. لە بناخەوە لەنێو بوون لەگەڵ یەکدیدا و فرێدانی بوون-لەگەڵ-یەکدی لەنێو-جیهاندایە.

لەنێو خەڵکیدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە؛ (ئەوان) بەردەوام بەرگری لە خۆیان دژی ئاڵۆزی دەکەن و ڕاڤەکردنەکەیان بە دروست دادەنێن. مەحاڵە داوا لە (ئەوان) بکرێت ئەم دیاردانەمان بۆ ڕوونبکەنەوە. دیاردەکانی گوتنی لەکارکەوتوو، خۆتێهەڵقورتان و ئاڵۆزی بە جۆرێک ڕیزکراون، کە بە بوونی ئەوانەوە گرێدراوە. ئێستاش پێویستە ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانە لەو هەبووە بکۆڵینەوە، کە گرێدانەکە دروستدەکات. دەبێت لەو هەبووە سەرەتاییەی ژیانی ڕۆژانە لەبەر ڕۆشنایی بونیادی بوونی دازاین تێبگەین، کە تاکو ئێستا هەوڵمانداوە ڕوونیبکەینەوە.

## ٣٨. کەوتن و فڕێدان

گوتنی لەکارکەوتوو، خۆتێهەڵقورتان و ئاڵۆزی دەبن بە خەسڵەتی ژیانی ڕۆژانەی دازاین و دەرکەوتنی بوونی (لەوێدا) و لەنێو-جیهاندا. وەکو خەسڵەتی بوونی دازاین نابن بە بابەتی دەرەکی بەڵکو بوونی پیکدەهێنن. لەگەڵ ئەماندا و لە پێکەوەبەستنیان شێوازی بوونی ژیانی ڕۆژانەی[دازاین] دەردەکەوێت؛ ئەمە ناودەنێین 'کەوتن'ی دازاین. ئەم چەمکە هەڵسەنگاندنێکی نێگەتیڤانە نییە و ئاماژە بۆ نیگەرانبوونی دازاین لە نزیکەوە و لە تەنیشت هەبووەکانەوە لەنێو جیهاندا دەکات. ئەم "نوقم بوونە..." خەسڵەتی ونبوونی لەنێو (ئەوان)دا هەیە. دازاین بە تەواناییەکەیەوە بۆ بوونی ڕەسەنی خۆی دەکەوێتە نێو جیهانەوە.'کەوتن' واتە، بەربوونەوە بۆ نێو جیهان و نوقمبوون لە نێو ئەواندا، کە تیایدا گوتنی لە کارکەوتوو، خۆتێهەڵقورتان و ئاڵۆزی ڕێنماییکەرن.

[١٧٦] لەبەر ڕۆشنایی'کەوتن'دا دەتوانین چاکتر لە شێوازی 'ناڕەسەنی' دازاین تێبگەین. بە هیچ جۆرێک چەمکەکانی 'ناڕەسەنی' و 'ڕەسەن-نەبوون' واتای 'نا-ڕاستەقینە' نابەخشن چونکە لەم شێوازەدا دازاین بوون لەدەستنادات. ناڕەسەنی واتای نەمان لەنێو-جیهاندا نییە، بەپێچەوانەوە، بوونە-لەنێو-جیهاندایە، کە دازاین تیایدا خۆی لەنێو (ئەوان)دا دەبینێت. هەروەها خۆ-نەبوون ئەگەرێکی پۆزەتیڤی هەبوویە، کە بە نیگەرانییەوە لەنێو جیهاندا نوقم بووە. ئەم شێوازی بوونە لە دازاینەوە نزیکە و دازاینیش زۆربەی کات دەیەوێت تیایدا بمێنێتەوە. ئێمە 'کەوتن'ی دازاین لە شێوازێکی بەرزەوە بەرەو نزم دانانێین. نەک لەبەر ئەوەی ئۆنتیکییانە خاوەنی ئەمجۆرە ئەزمونە نین، تەنانەت ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەشی

بۆ ناکرێت.[61] لەسەر فاکتۆری بوون-لەنێو-جیهاندا دازاین، کە دەبێت بە نێچیری کەوتن، لە بوونی خۆیەوە دەکەوێتە خوارەوە؛ هەروەها ناکەوێتە سەر هەبوویەک، کە یەکەمجار دەیدۆزێتەوە. ئەو دەکەوێتە نێو جیهانەوە، کە بوونیشی سەر بە ئەوە. کەوتن خەسڵەتێکی دیاریکراوی بوونی دازاینە و دازاینیش ناکات بە بابەتێکی دەرەکی یان پەیوەندییەکی ڕووت بەهەبووەکانی دیکەوە، کە لە دازاینەوە دەردەکەون یان دازاین کاریان لەسەر دەکات. هەروەها، لە بونیادی ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانەی کەوتن تێناگەین ئەگەر واتایەکی خراپی بۆ دابنێین و دوایی لەگەڵ پێشکەوتنی کەلتووری کۆمەڵدا خراپییەکە لەناوبەرین.

لەگەڵ یەکەم ئاماژەکردنمان بۆ بوون-لەنێو-جیهان، وەکو پێکهاتەی بنەڕەتی دازاین و دیاریکردنی خەسڵەتەکانیدا ناتوانین لە شیکردنەوەکەمان خۆمان بە ئەودیوی پێکهاتەکە بگەیەنین. دروستە توانیمان بنەماکانی نیگەرانی و بوون-لەنێو ڕوونبکەینەوە. بەڵام پرسیارمان سەبارەت ئەم خەسڵەتانە لە ژیانی ڕۆژانەدا نەکردوە. ئەو خاڵەشمان باسکرد، کە بوون-لەنێو ڕووبەڕووبوونەوە لە تەماشاکردن و

---

[61] ئاماژەکردن بۆ ئەم خاڵە گرنگە. هایدیگەر نایەوێت چەمکی 'کەوتن' بە بۆچوونی ئاینییەوە، وەکو 'کەوتن'ی ئادەم ببەستێتەوە، کە دابەزینە لە ئاستی پاکی و شێوازی بوونەوە. بۆ هایدیگەر مادام مرۆڤ لەنێو-جیهاندایە و لەگەڵ-کەسانی دیکە دەژی دەکەوێتە بەر کاریگەری دەرەکی و لە هەندێک بارودۆخدا نامۆدەبێت و ناتوانێت بوونی ڕەسەنی دابمەزرێنێت. ئەم شێوازی بوونە وابەستە بە بوونی لەنێو-جیهاندا. (م.ک)

کارکردندا نییە؛ بوونی خۆ و بابەتیش لەگەڵ یەکدا نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، بوون-لەنێو-جیهان چوارچێوەیەکی دامەزراوە، کە دازاین لەنێویدا ڕوو لە جیهان دەکات بەبێ ئەوەی دەست لە چوارچێوەکە بدات. چوارچێوەکەش یاریدەدەرە بۆ خۆ دروستکردنی دازاین. شێوازی بوونگەرانەی بوون-لەنێو-جیهان لەسەر دیاردەی کەوتن دەنوسرێتەوە.

[١٧٣] گوتنی لەکارکەوتوو بوونێک بەرەو جیهانی دازاین و کەسانی دیکە دەناسێنێت، کە تێگەیشتنەکە لە بارەیانەوە لە زەمینە بەدەرە و بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. خۆتێهەڵقورتان هەموو شتێک دەردەخات و دەیشارێتەوە. لێرەدا بوون-لەنێو لە هەموو شوێنێکدا و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە. ئاڵۆزی هیچ لە دازاین ناشارێتەوە و هەمانکات بوون-لەنێو-جیهان لە پێناوی تێگەیشتندا دەخاتە ژوور هەموو شوێنێک و هیچ شوێنێکەوە. ڕوونکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەو بوونەی بەم دیاردانەوە سەر بە ژیانی ڕۆژانەیە لەنێو-جیهاندا بە دروستی بە بارودۆخی دازاینمان بوونگەرانە دەگەیەنێت. ئایا ئەو بونیادە چییە، کە ڕووداوی 'کەوتن' دەردەخات؟

گوتنی لەکارکەوتوو هەروەها بەوجۆرەی خەڵکی ڕاڤە بۆ شتەکان دەکەن لەنێو بوون-لەگەڵ-یەکدیدا پێکدێن. گوتنی لەکارکەوتوو بابەتێکی دەرەکی نێو جیهان نییە و لە بوون-لەگەڵ-یەکدی جیاناکرێتەوە. بە دیاردەیەکی 'هەمەکی'ش دانانرێت، کە سەر بە هیچ تاکێک و ڕاستەقینەیەک نەبێت. لەڕاستیدا، لەگەڵ گوتنی دازاینی تاکدا سەرهەڵدەدات. گوتنی لەکارکەوتوو سەر بە بوونە-لەگەڵ-یەکدیدا؛ لە دەرەوەی دازاین و لەپێشتر ڕوونادات تاکو کاریگەریێتی خۆی بنوێنێت.

بەڵام، ئەگەر دازاین لە گوتنی لەکارکەوتوودا، لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەکردنی خەڵکی بۆ شتەکان خۆی لەنێو (ئەوان)دا ونبکات و زەمینەی وەستانی بدۆڕێنێت ئەوا خۆی بۆ (کەوتن) هاندەدات. خودی بوون-لەنێو-جیهان **هاندانە**.

لەلایەکی دیکەوە، مادام ڕاڤەکردنی خەڵکی بۆ شتەکانیش دەبێت بە هاندەر، ئەوا دازاین بەرەو 'کەوتن' ڕادەکێشێت. ئاڵۆزی و گوتنی لەکارکەوتوو، بینینی هەموو شتێک و تێگەیشتن لە هەموو شتێک[لە ژیانی ڕۆژانەدا] هانی دازاین دەدەن بەو باوەڕە بگات هەموو ئەگەرەکانی بوونی مسۆگەر دەکرێن و بە پڕی دێنە بەردەستی. بەڵێن و بڕیاردانی (**ئەوان**) ئەوەندە تەشەنەدەکات، کە دازاین پێویستی بە تێگەیشتنی ڕەسەنانەی خۆی نامێنێت. ئەم بەڵێن و بڕیاردانەی ئەوان ئاسودەیی بە دازاین دەبەخشێت و دەرگاکانی بۆ دەکەنەوە. کەوتن لەنێو-جیهاندا، کە هەندەرە هەمانکات دەبێت بە '**ئاسودەبوون**'.

[١٧٨] بەهەرحاڵ، ئەمجۆری ئاسودەبوونە ناڕەسەنانەیە. دازاین بەرە و هێمنی و پشودان نابات. بەڵکو سەرقاڵی دەکات چونکە کەوتنە نێو-جیهان بەردەوام دەمێنێتەوە. ئاسودەبوونە هاندەرەکە کەوتن ئاستەنگ دەکات. لەوانەیە لێرەدا، بەشیکردنەوە و تێهەڵکێشکردنی تێگەیشتن لە کەلتوورێکی نامۆ لەنێو ڕاڤەکردندا دازاین بگاتە ئاستێک ڕۆشنایی بخاتە سەربوونی خۆی. گۆڕانکاری لە خۆتێهەڵقورتان و ئۆقرەگرتن بۆ ناسینی هەموو شتێک دەبێت بە تێگەیشتنی هەمەکی بۆ دازاین. بەڵام، هێشتا لە بنەڕەتەوە تێگەیشتنەکە ڕوونادات و پرسیارکردنیش سەرهەڵنادات. دازاین تێناگات، کە تێگەیشتن تواناییە و پێویستە بۆ بوون ڕزگاربکرێت.

کاتێک دازاین ئاسودەیە و لە هەموو شتێک تێدەگات، بەراوردی خۆی لەگەڵ شتەکانی دیکەدا دەکات و بەرەو(**نامۆبوون**) دەڕوات، کە تیایدا هەموو تواناکانی بۆ-بوون دیارنامێنێت. کەوتن لەنێو-جیهان هاندان و ئاسودەبوون نییە، هەمانکات نامۆبوونیشە.

نامۆبوونەکە واتای دابڕانی دازاین لە خودی خۆی فاکتۆرانە نابەخشێت. بەپێچەوانەوە، ئەم نامۆبوونە بەرەو جۆرێک لە بوون پەلکێشیدەکات، کە سنورە زەقەکانی 'خۆ-کەرتکردن' دەبن بە هاندەری ئەگەرەکان بۆ ڕاڤەکردن. بەشێوەیەکیش دەریاندەخات، کە نەتوانرێت لەسەریان بکۆڵینەوە. ئەم نامۆبوونە، کە دەرگای ڕەسەنیەتی بوون و ئەگەرەکان لەسەر دازاین دادەخات بەزۆر ناڕەسەنییەتییەکە دەسەپێنێت و دەیکات بە ئەگەرێکی ئەو هەبووە. نامۆبوونی-کەوتن ڕاستەوخۆ بە هاندان و ئاسودەبوونەوە-دازاین لە بوونی خۆیدا **'تەگەراوی'** دەکات. ئەم دیاردانەی ئاماژەمان بۆ کردن، وەکو هاندان، ئاسودەبوون، نامۆبوون و تەگەرە یان (خۆ-ئالۆزان) خەسڵەتەکانی هەبوویەکی کەوتوون. ئەم (جولان)ەی بوونی دازاین ناودەنێین 'بەرەوهەڵدێر'. دازاین لەنێو بوونی خۆیدا بەرەوهەڵدێر، بەرەو بێ ناوەڕۆکی، بێ بناخەیی و ناڕەسەنبوونی ژیانی ڕۆژانەی دەڕوات. بەڵام کەوتنی بەرەوهەڵدێر لەنێو ڕاڤەکردنی خەڵکی بۆ شتەکان ئەوەندە نادیارە بە ژیانێکی بەرز و کۆنکرێتی ناوزەددەکرێت.

کەوتن بەرەو هەڵدێر و گیرسانەوە لەنێو بوونێکی ناڕەسەنی لە بناخەبەدەری(ئەوان)دا بەردەوام ئەگەری تێگەیشتنی ڕەسەنانە لە پرۆژەکان لەناودەبات. دازاین ئاسودەدەکات و بەو باوەڕەی دەگەیەنێت، کە ئەو هەموو شتێکی هەیە یان دەستی بە هەموو شتێک دەگات. مادام

تێگەیشتن لە بوونی ڕەسەندا بەردەوام لەناودەچێت، دازاین ناڕەسەن دەبێت و دەبێت بە (ئەوان)، بەردەوام لە ئاستی ڕەسەنییەتی خۆیدا هەست بە شەرمەزاریدەکات و کەوتن خەسڵەتی (**شڵەژاندن**) وەردەگرێت.

[١٧٩] کەوتن بە تەنیا بوونگەرانە بوون-لەنێو-جیهان دیاریناکات، بەڵکو شڵەژاندنیش فڕێدان بەرجەستە دەکات و کاردەکاتە سەر مەزاجی دازاین. فڕێدانیش فاکتۆرێک نییە تەواو بووبێت و دامرکابێتەوە. فاکتۆری دازاین لەوەدایە، کە تاکو هەبێت و ئەو شتە بێت ئێستا هەیە، لە فڕێدان ڕزگاری نابێت و گەردەلوولی (ئەوان) و ناڕەسەنییەتی هەڵیدەگرێت و دەیبات. فڕێدان، کە دیاردەی فاکتۆربوونی دازاین دەردەخات، سەر بە بوونی دازاینە و لە بوونیدا دەبێت بە کێشە. دازاین فاکتۆرانە هەیە.

لەگەڵ باسەکەمان لەسەر کەوتن ئایا ئێمە دیاردەیەکمان دەرنەخستوە، کە ڕاستەوخۆ دژی پێناسەکەی پێشومان بۆ بوون ڕادەوەستێت؟ ئایا دەکرێت دازاین بەو هەبووە دابنرێت، کە بۆ بوونی و لە بوونیدا تەوانایی-بۆ-بوون کێشەیە، ئەگەر ئەم هەبووە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بوونی خۆی ونبکات و بە کەوتن لە بوونی خۆی دووربکەوێتەوە؟ بەڵام کەوتن لەنێو جیهان دەبێت بە 'بەڵگە' دژی بوونی بوونگەرانەی دازاین ئەگەر دازاین بە (خۆ)یەکی دابڕاو لە جیهان دابنرێت. لەمحاڵەتەشدا، جیهان دەبێت بە بابەت. کەوتنیش لەنێو جیهان دەبێت سەر لە نوێ ڕاڤەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی بۆ بکرێت و وەکو بابەتێکی دەرەکی بناسرێت.

ئەگەر دازاین بوونی-لەنێو-جیهاندا بێت، بەو جۆرەی ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوا کەوتن، وەکو شێوازێکی بوون، دەبێت بە بەڵگە بۆ بوونی بوونگەرانەی دازاین. لە کەوتندا بێجگە لە توانابیمان-بۆ-بوون هیچی دیکە

نابێت بە کێشە. دازاین لەبەر ئەوە دەکەوێت چونکە بوونی-لەنێو-جیهاندا بە مەزاج و تێگەیشتنەوە کێشەیە. لەلایەکی دیکەوە، بوونی ڕەسەنانە ناکەوێتە ژوور کەوتنی نێو ژیانی ڕۆژانەوە؛ لەڕوویەکی بوونگەرانەوە شێوازێکی گۆڕاوی بوونە لە ژیانی ڕۆژانەدا. دیاردەی کەوتن ڕوانینێکی تاریکەشەوی سەر بوونی دازاین نییە و خەسڵەتێکی ئۆنتیکی ئەم هەبووەیە؛ بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین دەردەخات. بێجگە لە دیاریکردنی لایەنە تاریکەکان هەموو ڕۆژەکانی ژیانی ڕۆژانەی دازاین پێکدەهێنێت.

[١٨٠] ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییە-ئۆنتۆلۆجییەکەمان ئۆنتیکییانە داکۆکی لەسەر(گەندەڵبوونی سروشتی مرۆڤ) ناکات. نەک لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکمان بۆ داکۆکیکردنەکە لەبەردەستدا نییە، بەڵکو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمە کێشەکە پێش داکۆکیکردن لەسەر گەندەڵی و ناگەندەڵی دەکەوێت. ئۆنتۆلۆجییانە کەوتن جوڵانە. لەڕووی ئۆنتیکییەوە مرۆڤ بە سەرخۆشێکی تاوانکەر دانانێین و نایخەینە نێو حاڵەتی گەندەڵبوونەوە. ئەگەر سیستەمێکی بڕوا یان ئایدۆلۆجی ئەم بانگەشەیە بکات و بوونی دازاین-لەنێو-جیهان لەو داکۆکیکردنەوە باسبکات، دەبێت بۆ بونیادی بوونگەرانە بگەڕێتەوە، کە ئێمە دامانمەزراند و لەو باوەڕەشدا بێت داکۆکیکردنەکە چەمکییە.

پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم بەشە سەبارەت بوون 'لەوێدا' بوو. تێزەکەمان لەبارەی پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی دەرخستنی بوونی دازاین بوو. بوونی دەرخستنەکەش لەسەر مەزاج، تێگەیشتن و گوتار دامەزرا. خەسڵەتەکانی بوونی لە ژیانی ڕۆژانەدا گوتاری لەکارکەوتوو، خۆ

تێهەڵقورتان و ئاڵۆزی بوون. ئەمانە 'کەوتن'یان بە هاندان، ئاسودەبوون، نامۆبوون و شڵەژاوییەوە دەرخست و بوون بە خەسڵەتەکانی. بەڵام، لەم شیکردنەوەیەدا هەموو لایەنەکانی پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاین لەسەر خەسڵەتەکانی دەرکەوتوە. ئێمەش بناخە دیاردەکەمان بۆ ڕاڤەکردنێکی فراوانی بوونی دازاین بە نیگەرانی دانا.

# بەشی شەشەم

## نیگەرانی وەکو بوونی دازاین

### ٣٩. پرسیار سەبارەت گرنگی سەرجەمی بونیادی دازاین

بوون-لە-نێو-جیهان بونیادێکی سەرەکی و سەرجەمییەکی بەردەوامە. لە بەشەکانی پێشوی ئەم نەسراوەدا (کەرتی یەکەم، بەشی ٢ –٥) باسی سەرجەمی ئەم بونیادەمانکردوە. لێرەدا، هەرچ بۆشاییەکی تیدا ببینرێت پڕپیدەکەینەوە. بەدڵنیاییەوە، پێکهاتەی سەرجەمی ئەم بونیادە و بوونی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەوەندە فرەلایەنە هەندێکجار نەتوانین فینۆمینۆلۆجییانە تەماشای یەکبوونەکەی بکەین. بەڵام دەکرێت ئەو تەماشاکردنە لەسەر ئەو پرسیارە دامەزرێنین، کە بۆ چ مەبەستێک هەوڵی شیکردنەوەی سەرجەمی بوونی دازاین دەدەین: چۆن سەرجەمی ئەو بونیادە بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانە پێناسدەکرێت؟

[١٨١] بوونی دازاین فاکتۆرییە. دەبێت بزانین ئاخۆ ئەم بوونە فاکتۆری و بوونگەرایەتییە خاوەنی یەکێتییەکی ئۆنتۆلۆجییانەیە یان لە بنەڕەتەوە بوونێکی فاکتۆری هەیە. مادام دازاین مەزاجییە ئەوا دەبێت بە ئەو هەبووەی ڕووبەرووی بوونی خۆی دەبێتەوە و تێدەگات، کە فڕێدراوەتە ئێرە. بەڵام، فڕێدان، وەکو جۆرێکی بوون، سەر بەو هەبووەیە، کە بەردەوام دەبێت بە ئەگەرەکانی بوونی و دەیانکات بە پڕۆژە. بوون-لەتەنیشت بابەتەکانی بەردەستەوە بەهەمانشێوە لەگەڵ بوون-لەگەڵدا سەر بە بوونە-لەنێو-جیهاندا؛ بوون-لەنێو-جیهانیش لە هەموو بارودۆخێکدا لەپێناوی بوونی خۆیدایە. (خۆ) زۆربەی کات و لە نزیکەوە

ناڕەسەنە و دەبێت بە خۆی-ئەوان. بوون-لەنێو-جیهان هەمیشە کەوتنە. **بەگوێرەی ئەمەش ژیانی ڕۆژانەی دازاین دەبێت بە ئەو "بوون-لەنێو-جیهانەی، کە دازاین تێی دەکەوێت، دەردەکەوێت فڕێدەدرێتە ئەوێ و پرۆژەکانی دادەمەزرێن، تەوانایی بوونی لەتەنیشت هەبووەکانی نێو جیهان و بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا دەکەوێتەگەر."** ئایا لە تێگەیشتنمان بۆ سەرجەمی بونیادی بوونی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا سەرکەوتوو دەبین؟ ئایا بوونی دازاین، وەکو یەکێتییەک دەردەکەوێت تاکو ئێمەش بوونگەرانە شیبکەینەوە؟ ئایا بۆچوونە بوونگەرانەکەمان بۆ ئەم کارە دەگونجێت؟

ئەگەر نێگەتیڤانە بیربکەینەوە، ئەوا سەرجەمی بونیادەکە لەژوور پرسیار کردنەکەمانەوە ناتوانین باسیبکەین و وەکو کۆشکێک بەکەرەسەکان دروستیبکەین چونکە دروستکردنی کۆشکەکە پێویستی بە نەخشەدانانی ئەندازیارانە هەیە. ئەو بوونەی دازاین، کە ئۆنتۆلۆجییانە سەرجەمی بونیادەکەی لەسەر دادەمەزرێت، بۆ ئێمە لەوێدا دەردەکەوێت ئەگەر بۆ دیاردەیەکی یەکگرتووی بگەڕێنینەوە. دیاردەکەش دەبێت لەنێو سەرجەمی بوونی دازایندا بێت. کەوابوو، ناکرێت ڕاڤەکردنەکەمان کۆکردنەوە و تێهەڵکێشکردنی ئەو لایەنانە بێت ئاماژەمان بۆ کردوون. پرسیارکردن سەبارەت خەسڵەتی بوونگەرانەی بوونی دازاین لە بنەڕەتەوە لە پرسیارکردن سەبارەت بوونی بابەتێکی دەرەکییەوە جیاوازە.

[١٨٢] ئەزمونی ڕۆژانەمان لەنێو ژینگەدا، کە ئۆنتۆلۆجییانە و ئۆنتیکییانە کار لەسەر هەبووەکانی نێو جیهان دەکات، ناتوانێت ئۆنتیکییانە دازاین بۆ شیکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانە ئامادەبکات.

بەهەمانشێوەش، هەستکردنی ناوەوەی ئەزمونەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئۆنتۆلۆجییانە سەرکەوتوو نابێت و ناجۆرە. لەلایەکی دیکەوە، نابێت بوونی دازاین لە بیرۆکەی مرۆڤەوە دەربهێنین. ئایا ئەو ڕاڤەکردنەی بۆ دازاینمان کردووە ڕێگەمان دەدات بوونی دازاین بەرجەستە بکەین و لە بوونی خۆیەوە ڕێگەیەکی ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییانە بۆ ناسینی بدۆزینەوە؟ تێگەیشتن لە بوون سەر بە بونیادی ئۆنتۆلۆجی دازاینە. دازاین، وەکو هەبوویەک بوونی خۆی دەبینێت. ئەو جۆری بوونەی خۆی پێدەبینێت بە مەزاج و تێگەیشتنەوەیە. ئایا دازاین دەتوانێت لە مەزاجی خۆی، کە تیایدا بە شێوەیەکی تایبەت دەردەکەوێت، تێبگات؟

ئەگەر شیکردنەوەی بوونگەرانە بۆ بوونی دازاین خاوەنی ڕوونکردنەوە بێت و لە ئۆنتۆلۆجییە بنەڕەتییەکەدا یاریدەدەرمان بێت، ئەوا بۆ دەرخستنی بوونی دازاین خۆی دەگەیەنێتە سنورە دوورەکان و ئاشکراکردنی ئەگەرە سەرەکییەکانی دازاین مسۆگەر دەکات. ئەو دەرخستنەی دازاین لە بوونیدا بەرجەستەی دەکات دەبێت بە ئاسانی بدۆزرێتەوە و سەرجەمی بوونیشی لەوێوە بە ئێمە بگات.

ئێمە دیاردەی (دوودڵی)، کە جۆرێکە لە مەزاج بۆ میتۆدەکەمان دەکەین بە بناخەی شیکردنەوەکە. بۆ کارکردن لەسەر ئەم مەزاجە و دەرخستنی خەسڵەتەکانی ئۆنتۆلۆجییانە دیاردەی (کەوتن) دەکەین بە خاڵی دەرچوونمان. هەروەها دوودڵی لە (ترس) جیادەکەینەوە، کە لەپێشتریش باسمانکرد. دوودڵی، کە ئەگەرێکی بوونی دازاینە، لەگەڵ ئەو بوونەی دازاین تیایدا دەردەکەوێت دیاردەیەکە دەتوانێت سەرجەمی بوونی دازاین نیشانبدات. بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی خۆی دەردەخات. بۆ باسکردنی

ئەم دیاردە بوونگەراییە بنەڕەتییەش پێویستە لە دیاردەکانی ویست، ئارەزوو، خۆگرتن و هاندەر جیابکرێتەوە. نیگەرانی لەمانەوە دەرناچێت چونکە بوونی ئەم دیاردانە دەکەونە سەر نیگەرانی.

[١٨٣] وەکو هەموو شیکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانە ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی نیگەرانی لە بوونی دازایندا و بەگوێرەی دەستکەوتەکانمان لە ڕاڤەکردنەکەدا، پەیوەندی بە تێگەیشتنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەی بوون و تەنانەت ناسینی ئۆنتیکییانەمان بۆ هەبووەکان هەیە. جێگەی سەرسوڕمانیش نییە، کە تێگەیشتنی گشتی و ئەوەی ئۆنتۆلۆجییانە زانراوە پەیوەندی بە ناسینی ئۆنتیکییانەوە هەبێت. ئەو ڕێگرتنە ئۆنتیکییەی بۆ ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی دەیگرینە بەر دەشێ درێژخایەن بێت و بیردۆزەییانە کارەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت. ئێمە لێرەدا باسی توندوتیژی کەسێک ناکەین بەرانبەرمان بەکاریدەهێنێت چونکە ئەو پێناسە باوەی بۆ مرۆڤ کراوە دەخەینە لاوە. شیکردنەوە بوونگەرانەکەمان بۆ بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی پێویستی بە بڕیاردانێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانە هەیە. ئەمەش لەوێدایە، کە ئەو کاتەی دازاین بوونی خۆی دەردەبڕێت ڕاستەوخۆ ئەو بوونە بە (نیگەرانی) دادەنێت، هەرچەندە ئەم دەربڕینە پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە. شیکردنەوەی دازاین لەگەڵ ڕووکردنی لە دیاردەی نیگەرانی ڕێگە بۆ کێشەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی ئامادەدەکات و **پرسیار لە واتای بوون بەگشتی دەکات**.

بۆ ئەم مەبەستە و مانەوەمان لەسەر ڕێگاکە بوونگەرانە خۆمان بە ئەودیو زانستی مرۆڤناسی لەپێشتر دەگەیەنین. پێویستە بۆ دواوە

بگەڕێینەوە و سەرنجێکی قوڵتر لە پرسیارە سەرەکییەکە سەبارەت بوون بدەین. ئەو شێوازی بوونانەی باسمانکردن ئەمانەن: بابەتی-بەردەست، بابەتی-دەرەکی، کە هەبووەکانی نێو جیهان دیاریدەکەن و خەسڵەتی (دازاین) وەرناگرن. لەبەر ئەوەی تاکو ئەمڕۆ گرفتی ئۆنتۆلۆجییانە بوونی بە بابەتێکی دەرەکی داناوە (بۆنموونە، وەکو ڕاستەقینەیەکی دەرەکی تەماشاکراوە)، بوونی دازاینیش خراوەتە پەراوێزەوە. پێویستە باسی پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکانی نێوان نیگەرانی، جیهانبوون، بابەتی بەردەست و بابەتی دەرەکی (ڕاستەقینە) بکەین. ئەمەش زۆرتر خەسڵەتی ڕاستەقینە لەنێو بەستێنی پرسیارە ئەپستمۆلۆجییەکانمانەوە، کە فێرگەکانی ڕیالیزم و ئایدیالیزم وروژاندویانە، دەردەخات.

هەبووەکان بەبێ ئەزموونی ئێمە، زانین و تێگەیشتنمان هەن و دەردەکەون؛ ئێمە دەیاندۆزینەوە و خەسڵەتەکانیان دیاریدەکەین. بەڵام هەبوویەک لەنێو تێگەیشتنی ئەو هەبووەدا (هەیە)، کە خاوەنی تێگەیشتنە. لەبەر ئەوە هەبوویەک بەبێ چەمکبوون دەبێ هەبێت، بەڵام شتێک نییە نەتوانین بەتەواوی تێیبگەین. لە کۆنەوە، لەنێو کێشە ئۆنتۆلۆجییەکاندا، هەرچەندە بوون و ڕاستی بە یەک شت دانەنراون، پێکەوە باسکراون. ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەلمامدنی پەیوەندییەکی پێویست لەنێوان بوون و تێگەیشتندا ئەگەر خۆمان بۆ پرسیارەکە سەبارەت بوون ئامادەبکەین. دەبێت دیاردەی (ڕاستی) ئۆنتۆلۆجییانە ڕوونبکەینەوە. ئەمەش لەسەر بنەمای ڕاڤەکردنەکەی پێشومان بۆ دیاردەکانی، وەکو دەرخستن، دۆزینەوە، ڕاڤەکردن و داکۆکیکردن دروستدەبێت.

[١٨٤] له شیکردنەوە ئامادەکراوەکەماندا بۆ دازاین بەم ئاکامە دەگەین: دوودڵی ئەو مەزاجە تایبەتییەیە دازاین بوونی خۆی تیایدا دەردەخات (کورتەبەشی٤٠)؛ بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی (کورتەبەشی ٤١)؛ سەلماندنی ڕاڤەکردنی بوونگەرانە بۆ دازاین، وەکو نیگەرانی خۆی (کورتەبەشی ٤٢)؛ دازاین، جیهانێتی و ڕاستەقینە (کورتەبەشی٤٣)؛ دازاین، دەرخستن و ڕاستی (کورتەبەشی٤٤).

## ٤٠. مەزاجی بنەڕەتیی دوودڵی، وەکو ڕێگەیەکی تایبەت بۆ خۆدەرخستنی دازاین

یەکێک لە ئەگەرەکانی بوونی دازاین ئەوەیە، کە دازاین سەبارەت بوونی خۆی زانیاری، ئۆنتیکیمان بداتێ. ئەم زانیارییە پەیوەندی بە خۆ-دەرخستنی دازاینەوە هەیە و لەسەر مەزاج و تێگەیشتنی ڕادەوەستێت. لە چ لایەنێکەوە دوودڵی بە مەزاجێکی تایبەت دادەنرێت؟ چۆن لە دوودڵیدا دازاین لەبەردەم بوونی خۆیدا ڕادەوەستێت و ئێمەش لەوێوە فینۆمینۆلۆجییانە پێناسەی دەکەین یان خۆمان بۆ پێناسەکردنی ئامادەدەکەین؟

مادام دەمانەوێت سەرجەمی بونیادەکە پەیدابکەین پێویستە لە شیکردنەوەیەکی کۆنکرێتییەوە بۆ (کەوتن) خاڵی دەرچوونمان دیارییبکەین. نوقم بوونی دازاین لەنێو جیهان و (ئەوان)دا بە نیگەرانییەوە جۆرە هەستێک لە ناخی دازایندا بەرانبەر خۆی، وەکو توانایییەکی ڕەسەنانە بۆ-بوونی-خۆی، دێنێتەکایەوە. دیاردەی ئەم هەستە بەرانبەر بوونی خۆیی و ڕەسەنییەتی بۆ توێژینەوەکەمان سەرەتاییەکی شیاوە.

بەڵام کاتێک دازاین لە بوونی خۆی هەڵدێت [دووردەکەوێتەوە] نایەوێت ڕووبەڕووی خۆی ببێتەوە لە خۆی دووردەکەوێتەوە. لێرەدا پێویستە دیاردەکانی ڕۆژانە و ئۆنتیکی لە دیاردە ئۆنتۆلۆجی و بوونگەراییەکان جیابکەینەوە و ڕاڤەی جیاوازیان بۆ بکەین.

[١٨٥] لە ڕوانگەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، ڕەسەنییەتی بوون لەگەڵ ڕوودانی کەوتنەکەدا دوورخراوەتەوە و دەرگاکانی لەسەر داخراوە؛ داخستنەکەش بێبەربوونە لە دەرخستنی هەڵهاتنی دازاین لە بوونی خۆی بەرانبەر ئەوەی دازاین لێی ڕادەکات و لەپشتییەوە دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی دازاین لە بنەڕەتەوە و ئۆنتۆلۆجییانە لەبەردەم بوونی خۆی و خۆدەرخستندایە دەتوانێت لەوە ڕابکات، کە لێیڕادەکات. بەدڵنیاییەوە، لەم ڕاڤەکردنەدا ئەوەی لێیڕادەکات نەناسراوە؛ لە وەرگەڕان و ڕووتێکردنیشدا لەنێو ئەزموندا نییە. بەڵکو کاتێک (دازاین) هەڵدێت، ئەوەی لێیڕادەکات (لەوێدا) دەردەکەوێت. ئەم ڕاکردنە ئۆنتیکییەی ژیانی ڕۆژانە، کە جۆرێکە لە دەرکەوتن بۆ ناسینی هەڵهاتنەکە ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانەش سودی لێوەردەگرین. لە هەڵهاتنی ژیانی ڕۆژانەدا دەتوانین ئەوەی دازاین لە دەستی ڕادەکات و لێی دووردەکەوێتەوە یان وەرگێڕانەکە بخەینە نێو ڕاڤەکردنێکی فینۆمینۆلۆجییانەوە.

کەوابوو، شیکردنەوەکەمان بۆ دیاردەی کەوتن بەبێ دیاردەی خۆدەرخستنی دازاین ئۆنتۆلۆجییانە دەستپێناکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە لێرەدا، ڕاڤەکردنەکەمان خۆی داوەتەدەست ئەو ڕێگە دروستکراوەی دازاین خۆی تێدا دەناسێت؛ باسکردنەکە لەسەر ئەو شێوازە ئۆنتیکییەی دازاینە، کە خۆی تێدا دەردەخات. ئەگەری ڕووکردن لە بوونی دازاین لەم

ڕێگەیەوە دەکەین بە ڕاڤەکردن بە تێگەیشتن و مەزاجییەوە. بۆ دەرخستنی مەزاجەکە دازاین دەبێت بە دیاردەیەکی گرنگی میتۆدەکەمان. لێرەدا، بەڕاشکاوی دەڵێین، دوودڵی ئەم ڕۆڵە دەبینێت.

ئێمە خۆمان بۆ شیکردنەوەی دوودڵی ئامادەکردوە. هەڵبەتە، هێشتا پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکەی لەگەڵ ترسدا ئاشکرا نییە. بێگومان ئەم دیاردانە لە یەکدییەوە نزیکن. زۆرجار لە یەکدی جیاناکرێتەوە: ترس بە دوودڵی دادەنرێت و دوودڵیش بە ترس. لێرەدا هەنگاو بە هەنگاو دیاردەی دوودڵی باسدەکەین.

ئێمە کەوتنی دازاینمان بۆ نێو جیهان و(ئەوان) بە هەڵهاتن لە بوونی خۆی ناوزەدکرد. بەڵام مەرج نییە هەموو ڕوو وەرگێڕانێک هەڵهاتن بێت. گرژبوونەوە لەنێو ترسدا بابەتە مەترسیدارەکە دەردەخات، کە لێی دەترسین؛ ئەم گرژبوونەوەیە[چوونەوە نێو خۆ] خەسڵەتی هەڵهاتنی تێدایە. ڕاڤەکردنەکەمان بۆ ترس، وەکو مەزاج دەریدەخات هەموو جارێک لە ئاستی شتێکدا توشی ترس دەبین، کە لەنێو جیهاندایە و لەلایەنێکی دیاریکراوەوە ڕوومانتێدەکات، خۆی نزیکدەکاتەوە و کەچی دووریشە. لە کەوتندا دازاین لە بوونی خۆی دووردەکەوێتەوە. ئەوەی لە ئاستیدا گرژدەبێتەوە پێویستە هەبوویەک بێت بە خەسڵەتی هەڕەشەکردنەوە ئامادەبێت؛ بەڵام ئەو هەبووە خودی ئەوەیە خۆی گرژدەکاتەوە: خودی دازاینە. ئەوەی خۆی لە ئاستیدا گرژدەکاتەوە بە ترسناک دانانرێت؛ چونکە ئەوەی ترسناکە لەنێو جیهاندا ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئەوەی هەڕەشەکەر و ترسناکە لەنێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە.

[١٨٦] کەوابوو، ڕووەرگێڕان لە کەوتن هەڵهاتن لە ئاستی هەبووەکانی نێو-جیهاندا نییە. هەر هەڵهاتنێک لەسەر ترس دامەزرابێت لە هەبوویەک ڕادەکات و خۆی لەنێو هەبووەکانی دیکەی نێو جیهان نوقم دەکات. ڕووەرگێڕان لە کەوتن لەسەر بناخەی دوودڵی دادەمەزرێت، کە ئەگەری ترسیش پێکدەهێنێت.

بۆ تێگەیشتن لە هەڵهاتنی دازاین لەژێر باری کەوتندا پێویستە بۆ بوون-لەنێو-جیهان بگەڕێینەوە. **ئەوەی [دازاین] لەئاستیدا دوودڵە بوونە-لەنێو-جیهاندا**. ئایا چ جیاوازییەکی دیاردەیی لەنێوان دوودڵی و ترس لەئاستی بابەتەکانیاندا هەیە؟ ئەوەی کەسێک لەئاستیدا دوودڵە بابەتێکی نێو-جیهان نییە و لایەنە هەڕەشەکەرەکە دیاریکراو نییە. ئەوەی لەئاستیدا دوودڵە بەتەواوی دیاری نەکراوە. لەبەر ئەمە هەبووەکانی نێو جیهان نابن بە بابەتی دوودڵی. مرۆڤ لەئاستی بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکاندا دوودڵ نابێت. ئێمە لە کارکردنمان لە جیهاندا لەئاستی ئەم یان ئەو شتەی هەڕەشەکەرە دوودڵ نابین.

بەگوێرەی ئەمە، دوودڵی پەیوەندی بە ئەو شتە هەڕەشەکەرەی (لێرە) یان (لەوێدا)یە نییە. لەڕاستیدا، ئەوەی لە دوودڵیدا هەڕەشەکەرە لە هیچ شوێنێکدا نادۆزرێتەوە. دوودڵی نازانێت بۆچی دوودڵە. هەروەها، لە (هیچ شوێنێک) لە واتا بەدەر نییە: ئاماژە کردنەکەی هەموو ناوچەیەک دەگرێتەوە و واتای بوون-لەنێو دەبەخشێت، کە جیهانی تێدا دەردەکەوێت. کەوابوو هەڕەشەکەرەکە لە هیچ شوێنێکی دیاریکراوەوە سەرهەڵنادات و لەلایەکەوە نزیک ناکەوێتەوە؛ ئەو (لەوێدا)یە و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە؛ ئەوەندە نزیکە خۆی دەسەپێنێت و هەناسەمان تەنگ

دەکات، کەچی لە هیچ شوێنێکیشدا نابینرێت.

[١٨٧] لە دوودڵیدا (هیچ و هیچ شوێنێک) بەرجەستەدەبێت. ملهوڕی (هیچ و هیچ شوێنێک لەنێو-جیهاندا) ئەو واتایە دەبەخشێت، کە دیاردەی جیهان دەبێت بەوەی لەئاستیدا دوودڵی پەیدا دەبێت. هیچ و هیچ شوێنێک ئامادەنەبوونی جیهان ناگرێتەوە، بەڵکو بێبایەخی هەبووەکانی نێو-جیهان دەچەسپێنێت و لەوێوە جیهانبوونی جیهان خۆی دەسەپێنێت.

ئەوەی بەسەرمانەوە کاریگەرە ئەم یان ئەو شتە نییە، تەنانەت سەرجەمی بابەتە دەرەکییەکانیش نییە؛ ئەگەری بابەتی بەردەستە بەگشتی؛ واتە، خودی جیهانە. کاتێکیش دوودڵی هێوردەبێتەوە، لە ژیانی ڕۆژانەماندا وادەریدەبڕین و باسیدەکەین، کە هیچ نییە. ئەم جۆرە باسکردنە لایەنێکی ئۆنتیکی نیشاندەدات. گوتاری ڕۆژانە سەبارەت بابەتەکانی بەردەستە بەنیگەرانییەوە. بەڵام دوودڵی لەئاستی بابەتێکی بەردەستی نێوجیهاندا سەرهەڵنادات. ئەو "هیچ و بابەتی بەردەستە"ی لە تەماشاکردنی دەوروبەرمان، لە ژیانی ڕۆژانەدا تێیدەگەین و باسیدەکەین بەتەواوی بە 'هیچ' دانانرێت. 'هیچ'ی بابەتێکی بەردەست بە'شتێک'ی نێو جیهانەوە گرێدراوە. ئۆنتۆلۆجییانە، جیهان سەر بە بوونی دازاینە، وەکو بوون-لەنێو-جیهان. ئەگەر ئەوەی دوودڵی ڕوویتێدەکات (هیچ) بێت یان جیهان بێت بەگشتی ئەوا بابەتی دوودڵی دەبێت بە خودی بوون-لەنێو-جیهاندا. دوودڵی لە سەرەتاوە و ڕاستەوخۆ بوونی جیهان وەکو خۆی دەردەخات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئێمە بە مەبەستەوە ڕوو لە هەبووەکان ناکەین و تەنیا تەماشای جیهان دەکەین، کە دەبێتە هۆکاری

سەرهەڵدانی دوودڵی. دوودڵی جۆرێکە لە مەزاج و یەکەمجار جیهان، وەکو جیهان دەناسێت. بەهەرحاڵ، نامانەوێت ئەوەش بڵێێن، کە لەنێو دوودڵیدا جیهانبوونی جیهان دەبێت بە بیرۆکە.

دوودڵی تەنیا لەئاستی شتێکدا ڕوونادات، وەکو مەزاج لەبارەی شتێکیشەوەیە. ئەوەی دوودڵی لەبارەیەوە سەریهەڵداوە شێوازێکی بوونی دیاریکراو یان ئەگەرێکی بوونی دازاین نییە و هەڕەشەکردنەکە نادیارە. لەبەر ئەمە کارناکاتە سەر ئەم یان ئەو فاکتۆرە کۆنکرێتییەی[دازاین] لە تەواناییدا بۆ بوون هەیەتی. ئەوەی دوودڵی لەبارەیەوە هەیە خودی بوون-لەنێو-جیهانە. لە دوودڵیدا بابەتەکانی بەردەستی دەورووبەرمان و هەموو ئەو شتانەی لەنێو جیهاندا هەن وندەبن. جیهان و بوونمان لەگەڵ-کەسانی دیکەدا لەوە زۆرتر هیچ ئاشکراناکەن. لەبەر ئەمە، دوودڵی ئەگەری تێگەیشتن  لە خۆ و کەوتنەکەی و ڕاڤەکردنە باوەکەی لە خەڵکەوە دازاین وەریگرتوە، دەسەنێت. دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بابەتەی لە بارەیەوە دوودڵە-ئەویش تەواناییەکی ڕەسەنانەیە بۆ بوون-لەنێو-جیهان. دوودڵی بوونی دازاین لەنێو جیهاندا دەکات بە ئەو تاکەی لە خۆی تێدەگات و ئەگەرەکانی بوونی دەکات بە پرۆژە.

[١٨٨] کەوابوو، دوودڵی بەبابەتەکەیەوە ئەگەری بوونی دازاین دەردەخات و تاکە کەسییەکەی بەرجەستەدەکات. دوودڵی بوونی دازاین، وەکو بوونێک بەرەو تەوانایی-بۆ-بوون و سەربەستییەکەی دیاریدەکات. دازاین بەرانبەر بوونی-سەربەستانە و ڕەسەنانەی دادەنێت. بوونی ڕەسەنی دەکات بەو ئەگەرەی کە بەردەوام دەیەوێت. ئەمە ئەو شێوازی بوونەیە دازاین لە بوونی-لەنێو-جیهاندا باوەڕی پێدەکات.

دوودڵی لەئاستی بابەتەکەیدا ئەوەش دەردەخات، کە بۆچی دوودڵە: ئەویش بوونە-لەنێو-جیهاندا. لێکچونی بابەتەکە و ئەوەی بۆی دوودڵە خودی دوودڵیش دەگرێتەوە. دوودڵی، کە مەزاجە لەنێو-جیهاندایە. لێرەدا دەرخەر و دەرخراو بوونگەرانە بە جۆرێک وەکویەکن، کە لە دووەمیاندا جیهان، وەکو بوون-لەنێو، تەوانایی بۆ-بوون لە تاکە کەسدا و لە فرێدانەکەدا دەرخراون؛ ئەمەش ڕوونیدەکاتەوە چۆن لە دیاردەی دوودڵیدا مەزاجێکی تایبەت دەبێت بە تێزی توێژینەوە. کەوابوو، دوودڵی دازاین دەکات بە تاکە کەس و خودی خۆی. بەڵام ئەم (خۆ-ویستییە)بوونگەراییە خۆیەکی بەشتکراو لەنێو بۆشایی ڕووداوەکانی جیهاندا ساخناکاتەوە. ڕۆڵی لەوەدا دەبینرێت، کە جیهان و بوون لەنێو-جیهان ڕووبەڕووی دازاین دەکاتەوە.[62]

هەموو گوتار و ڕاڤەکردنێکی ڕۆژانەی دازاینیش باسەکەمان لەسەر دوودڵی بێ لایەنانە دەسەلمێنێت. ئێمە لەپێشتر گوتمان، کە مەزاج شێوازی بوونی تاکەکەی دەردەخات. لە دوودڵیشدا مرۆڤ هەست بە بێفێڵی دەکات. لێرەدا ئەوەی دازاین لە ئەزمونی دوودڵیدا دەریدەبڕێت: "هیچ و لە هیچ شوینێکدا" توشمان دەبێتەوە. هەروەها 'بێفێڵ' واتای

---

[62] گرنگە لەم خاڵەی هایدیگەر تێبگەین چونکە نایەوێت، وەکو دێکارت (خۆ) بە جەوهەرێکی-گیانەکی یان شتێک دابنێت و لە (لەش)ی جیابکاتەوە. خۆ-ناسینی دازاین دۆزینەوەی جەوهەرێکی گیانەکی نییە، بەڵکو ناسینەوەی تایبەتمەندێکی بوونی دازاین و جیاوازییەتی لەگەڵ دازاینێکی دیکەدا. (م. ک)

(نەبوون-لەنێو-نیشتمان)یش دەبەخشێت. لە ڕوونکردنەوەکەمان بۆ بارودۆخی بنەڕەتی بوونی دازاین بوونگەرانە (بوون-لەنێو)مان لە کاتیگۆری (لەنێو) جیاکردەوە. (بوون-لەنێو)مان بە"جێنشین-بوون" یان "ئاشنابوون-لەگەڵ" دانا.

خەسڵەتی ئەم دیاردەیەمان زۆرتر لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی دازاین لەنێو (ئەوان)دا ڕوونکردەوە، کە جۆرێک لە ئاسودەیی (بوون-لەنێو-نیشتمان) بە دازاین دەبەخشێت. لەلایەکی دیکەوە، دوودڵی دازاین لە خنکاندن لەنێو جیهاندا ڕزگاردەکات. ئاشنابوونی ژیانی ڕۆژانەی دەڕوخێنێت. لەنێو جیهاندا دەبێتەوە بە تاکە کەس. بوون-لەنێو شێوازی بوونگەرانەی (نەبوون-لەنێو-نیشتمان) وەردەگرێت. باسەکەی ئێمەش لەسەر بێفێڵی ئەم واتایەی هەیە.

لێرەدا فینۆمینەلانە دەبینین کەوتن، وەکو هەڵهاتن لە شتێک هەڵدێت. هەڵهاتنەکە لەئاستی بابەتەکانی نێو-جیهاندا نییە؛[بەپێچوانەوە] هەڵهاتن ڕوو لەو بابەتانە دەکات، بەرەو ئەوان دەڕوات و بایەخیان پێدەدات؛ لە هەڵهاتنەکەدا دازاین لەنێو کەسانی دیکەدا وندەبێت و بە ئاشنابوونیان ئاسودە و جێنشین دەبێت. لە کەوتندا ئێمە بەرەو نیشتمانێک ڕادەکەین، کە بێ نیشتمانمان دەکات؛ لێرەدا، ئیمە لە دەست بێفێڵی هەڵدێین، کە لەنێو بوونی فرێدراوی دازایندایە و دازاینیش ئەو شێوازەی بەسەر بوونی خۆیدا هێناوە. بێفێڵی بەردەوام شوێن دازاین دەکەوێت و هەڕەشە لە ونبوونی لەنیو (ئەوان) لەژیانی ڕۆژانەیدا دەکات. دەشێ هەڕەشە کردنەکەش شانبەشانی دڵنیایی و خۆشگوزەرانی ژیانی ڕۆژانەی بڕوات. دوودڵی لەنێو هەڵوێستە بێ زیانەکانیشدا سەرهەڵدەدات. کەسێک هەست

به بێفێڵی بکات پێویستی بە تاریکی نییە. لە تاریکییدا هیچ شتێک نابینرێت هەرچەندە جیهان لەوێدا دەمێنێتەوە و خۆی دەسەپێنێت.

ئەگەر ئێمە ڕاڤەکردنێکی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانە بۆ بێفێڵبازی دازاین بکەین و بە هەڕەشەیەکی دابنێین، کە لە خودی بوونی دازاینەوە پەیدادەبێت، ئەوا ناتوانین تێگەیشتنەکەمان بۆ دوودڵییەکەی ژیانی ڕۆژانەش لەگەڵیدا مسۆگەر بکەین. دازاین لە ڕوووەرگێڕان لەئاستیدا و لە کەوتنەکەیدا لە ژیانی ڕۆژانەدا لێیتێدەگات؛ لەم ڕوووەرگێڕانەی ژیانی ڕۆژانەدا بێ-نیشتمانییەکە بەرەو کزبوون دەڕوات.

هەمانکات، لە ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت دوودڵی مەزاجێکی سەرەکی دازاینە و سەر بە بوونە-لەنێو-جیهاندا؛ پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە و هەرگیز نابێت بە بابەتێکی دەرەکی و لە شێوازی بوون-لەوێدایە. ئاسودەیی و ئاشنابوون لەنێو-جیهاندا شێوازی بێفێڵی بوونی دازاینن و بەپێچەوانەوە ئەم کێشەیە دانانرێت. لە ڕوانگەی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەوە "بێ-نیشتمانی" دەبێت بە دیاردەیەکی سەرەکی. لەبەر ئەوەی دوودڵی هەمیشە لەنێو-جیهاندایە و لەگەڵ هەبووەکانی نێو جیهانە، کە بۆیان نیگەرانین، ئەوا دەبێت بە ترس. ترس ئەو دوودڵییەیە کە بووە بە نێچیری بوون لەنێو جیهاندا و ناڕەسەنانەش لە خۆی شاراوەیە.

[١٩٠] بەهەرحاڵ، لە ڕووی فاکتۆری و ژیانی ڕۆژانەدا لە مەزاجی بێفیڵبازی تێناگەین. هەروەها، کەوتن و شێوازی ژیان لەنێو خەڵکدا ڕێگە نادەن دوودڵی کەم ببێتەوە. هەندێکجار دوودڵی بە فاکتۆرە فزیۆلۆجییەکانەوە بەستراوە و کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجییانە دروستدەکات.

بەڵام لە کاتێکدا هۆکارە فزیۆلۆجییەکان دازاین دوودڵ دەکەن، کە دازاین لەنێو زەمینەی بوونیدا دوودڵی هەڵگرتبێت. بێجگە لەمە، ناکرێت فاکتۆریانە هەوڵبدەین ڕاڤەی ئەم دیاردەیە لە بنەڕەتەوە بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانە بکەین و پێکهاتە و کارکردنەکانی دیارییبکەین. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم نەکردنەش بۆ بایەخنەدانی نێو شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەی بوونی دازاین، بەتایبەتی بۆ سەرنەکەوتن لە ناسینەوەی دیاردەی مەزاج دەگەڕێتەوە.

هێشتا، کەمی دوودڵی لە ڕووی فاکتۆرییەوە لەئاستی میتۆدەکە و بنەمای شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەدا نابێت بە ڕێگر. بەڵکو، بەپێچەوانەوە، کەمی دیاردەکەی ئاماژەکردنە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە دازاین زۆربەی کات لەنێو خەڵکدا بوونی ڕەسەنی شاراوەیە و دەتوانێت بە هۆی ئەم مەزاجە سەرەکییەوەی خۆی بناسێت.

[١٩١] بەدڵنیاییەوە، دروستە، کە مەزاج بوون-لەنێو-جیهان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە (وەکو، خودی جیهان، بوون-لەنێو هەروەها خۆ) دەردەخات. بەڵام لە دوودڵیدا دەرکەوتنێکی تایبەت سەرهەڵدەدات؛ چونکە دوودڵی بوونی تاکە کەسی بەرجەستەدەکات. بەرجەستەکردنی تاکە کەسی بوونی دازاین لە کەوتنەکەوە بەرەو خۆی دەهێنێتەوە. لەئاستی ئەگەرەکانی بوونی ڕەسەن و ناڕەسەنیدا ڕایدەگرێت. ئەم ئەگەرانە لە دوودڵیدا خۆیان دەردەخەن و بابەتەکانی نێو جیهان ڕوخساریان ناشارنەوە. ئایا تاکو ڕادەیەک ئەم ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییە بۆ دوودڵی توانیویەتی بناخەکانی دیاردەکە دەستنیشانبکات و ئێمەش وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت سەرجەمی بونیادی بوونی دازاین بدەینەوە؟

## ٤١. بوونی دازاین وەکو نیگەرانی

مادام مەبەستی ئێمە تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە لە سەرجەمی بونیادەکە پێویستە بپرسین، کە دیاردەی دوودڵی لە توانایدایە سەرجەمی بوونی دازاین و ئەوەی تیایدا دەردەکەوێت بە ئێمە ڕاگەیەنێت؛ هەروەها ڕاگەیاندنەکەشی لە ڕووی دیاردەییەوە دەبێت بە بنەڕەتی و ئێمەش بە تەماشاکردنی لەسەرجەمەکە تێدەگەین؟ ناوەڕۆکی ئەمەش بەم جۆرە دەبینرێت: دوودڵی، وەکو مەزاج شێوازی بوونە-لەنێو-جیهاندا؛ ئەوەی لەبارەیەوە دوودڵین تەوانایمانە-بۆ-بوون-لەنێو-جیهاندا. لەبەر ئەمە دیاردەی دوودڵی بوونی دازاین بە ڕاستی لەنێو-جیهاندا دەردەخات. بوونگەرانە، فاکتۆرانە و کەوتن دەبن بە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییە بنەڕەتییەکانی ئەم بوونە. ئەم خەسڵەتە بوونگەرایەتییانەش سەر بە بوونێکی تێکەڵکراو نین، کە بتوانین یەکێکیان دەربهێنین یان ونبکەین؛ بەڵکو پێکەوە ئاڵۆسکاون و لە ڕێگەیانەوە بە سەرجەمی بونیادەکە دەگەین. لەنێو یەکێتی ئەم خەسڵەتانەی بوونی دازایندا، ئەم بوونە دەبێت بەوەی ئێمە بتوانین ئۆنتۆلۆجییانە تێیبگەین. ئایا خودی یەکێتییەکە چ خەسڵەتێکی هەیە؟

دازاین ئەو هەبوویە، کە بوون بۆی بووە بە کێشە. واتای "بووە بە کێشە"مان لە باسەکەدا لەسەر مەزاج و تێگەیشتن ڕوونکردەوە. بە پرۆژەدانان و تەوانایی بەرەو بوونی خۆی دامانا. تەواناییەکەشی لەپێناوی ئەوەدایە هەموو دازاینێک خواستی گەیشتنی دەکات. لە هەموو حاڵەتێکدا دازاین بوونی خۆی لەگەڵ ئەگەرەکانیدا بەراوردەکات. لە دوودڵیشدا بوونی-سەربەستانەی خۆی ڕووەو تەوانایی بۆ بوون، ڕەسەنانە

و نارەسەنانە لەگەڵ توخمە کۆنکریتییەکانیدا دەردەکەوێت. بەڵام لەڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەوە تەوانایی بەرەو بوون واتای ئەوە دەبەخشێت، کە دازاین بوونی خۆی ڕەتدەکات و پێشیدەکەوێت. دازاین هەمیشە پێش خۆی دەکەوێت، لەم پێشکەوتنەدا ڕوو لەو بابەتانە ناکات، کە بوونی ئەو پێکناهێنن، بەڵکو بەرەو بوونی خۆی ڕێدەکات. ئەم بونیادە، کە پەیوەندی بە "بووە بە کێشە"وە هەیە، بە "بوونی-خۆ-ڕەتکەر" ناوزەددەکەین.

[١٩٢] ئەم بونیادە هەموولایەنەکانی بوونی دازاین پێکدەهێنێت. "بوونی-خۆ-ڕەتکەر" واتای دابڕانی (خۆ) لە جیهان نابەخشێت و ئاماژە بۆ خەسڵەتی بوون-لەنێو-جیهان دەکات. بوون-لەنێو-جیهان ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات، کە دازاین فڕێدراوەتە نێو جیهانەوە و لەبەردەم بوونیدا ڕاوەستاوە. فڕێدانی دازاین لە دوودڵییەکەدا بەرجەستەدەبێت. "بوونی-خۆ-ڕەتکەر" ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم بوونە "لە خۆ-ڕەتکردنەکەیدا-لەپێشەوە-لەنێو-جیهاندایە." هەرکاتێک دیاردەی ئەم بونیادە یەکگرتوە ببینرێت توێژینەوەکەی پێشومان بۆ جیهانێتی جیهان باشتر خۆی دەچەسپێنێت. ئێمە لەو توێژینەوەیەماندا باسمانکرد، کە ئاماژەکردنەکان پەیوەندییان بەو هەبووانەوە هەبوو لە پێناویاندا ڕوویان تێدەکەین. لەڕاستیدا سەرجەمی ئاماژەکردنەکان لەپێناوی-ئەوانەدا پەیوەندییان بەو هەبووانەوە هەیە، کە دازاین بایەخیان پیدەدات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت جیهانی بابەتە دەرەکییەکان بە (خۆ)وە چەسپاوە. بەڵکو، پێکهاتەی بوونی دازاین، کە لە "بوونی-خۆ-ڕەتکەر لەنێو-بوون-لەنێو...."دا دەرکەوتوە. سەرجەمێکی سەرەکییە. ئەگەر ئەمەش هەڵگێڕینەوە،

دەتوانین بڵێین، بوون هەمیشە فاکتۆرییە. بوونێکی بوونگەرانە لە بنەڕەتەوە بە فاکتۆرەوە گرێدراوە.

لەسەرو ئەمەوە، بوونی فاکتۆرانەی دازاین، بەگشتی و ڕووتکراوی، تەواناییەکی فڕێدراو بۆ-بوون-لەنێو-جیهاندا نییە؛ بوونێکە لە نێو جیهاندا بە نیگەرانییەوە نوقم بووە. لەم کەوتنەدا و هەڵهاتن لە بێفێڵبازی (کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەنێو دوودڵیدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە چونکە ژیان لەنێو خەڵکیدا و 'ئەوان' بەردەوام ڕێگەنادەن نا-ئاشنابوون سەرهەڵدات)، بانگەشە بۆ بوونی خۆی دەکات و گرنگیش نییە بانگکردنەکە ئاشکرا یان شاراوەبێت؛ بناسرێت یان نەناسرێت. بوونی-خۆ-ڕەتکەر-لەنێو-جیهاندا کەوتن و بوونی[دازاین] لەگەڵ بابەتەکانی بەردەستی-نێو-جیهان و نیگەرانییەکەشی دەگرێتەوە.

پێویستە بوونگەرانە سەرجەمی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین بەمجۆرە وەربگرین: بوونی دازاین ئەو بوونە-خۆ-تێپەڕکەرەی-نێو-جیهانە، وەکو بوون-لەگەڵ (ئەو شتانەی لەنێو-جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە). ئەم بوونەش ئاماژە بۆ 'نیگەرانبوون' دەکات، کە ئێمە ئۆنتۆلۆجییانە بەکاریدەهێنین. لەم ئاماژەکردنەوە هەموو هەڵوێستێکی بوون، کە مرۆڤ ئۆنتیکییانە بیریلێدەکاتەوە، وەکو دوودڵی و گوێنەدان، لەئەمەوە پەیدادەبن.

[١٩٣] لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتەوە بوون-لەنێو-جیهان نیگەرانییە، بوون-لەتەنیشت بابەتەکانی-بەردەستدا، لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەکەی پێشومان دەبێت بە (گرنگیدان)، بوونی دازاینیش-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا

و لەنێو-جیهاندا (نیگەرانییە). [63] بوون-لەتەنیشت شتێکەوە گرنگیدانە و بناخەکەشی نیگەرانییە. نیگەرانی بەتەنیا خەسڵەتی بوونگەرانەی (کەوتن) لە فاکتۆر جیاناکاتەوە و دیاریناکات؛ هەموو ئەو لایەنانەش کۆدەکاتەوە، کە بوون دەردەخەن. لەبەر ئەمەشە، نیگەرانی سەر بە (خۆ)یەکی تەنیا و دابڕاو نییە. ئەگەر کەسێک باسی "نیگەرانبوون بەرانبەر خۆی" بکات، لەسەر پەیوەندی نێوان گرنگیدان و نیگەرانی ڕۆشنایی بخاتەسەر، ئەوا توشی (تۆتەلۆجی) دەبێت. [64] نیگەرانی بەرانبەرخودی (خۆ) ڕاناوەستێت: چونکە (خۆ) ئۆنتۆلۆجییانە بوونی خۆی

---

[63] هایدیگەر چەمکی (نیگەرانی) بۆ پەیوەندی نێوان دازاین و بابەتەکانی بەردەست بەکارناهێنێت. لەو باوەڕەدایە (نیگەرانی) پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دیاریدەکات و (گرنگیدان)یش هەڵوێستی مرۆڤە بەرانبەر کەلوپەلەکانی. بەڵام چەمکی (گرنگیدان)یش شێوازێکی نیگەرانییە. ئەمەش لەوێدا دەردەکەوێت، کە نیگەرانبوونم بۆ هاوڕێیەکم لە گرنگیدان بە مێزەکەی بەردەستم، کە بۆ نوسین بەکاریدەهێنم جیاوازە. هەرچەندە هەردوو هەڵوێستەکە نیگەرانییە، بەڵام جیاوازی نێوان بابەتەکانیان هەڵوێستەکانیش دەگۆڕێت. (م. ک)

[64] تۆتەلۆجی بە دامەزراندنی ئەو دەستەواژەیەدا سەرهەڵدەدات، کە جیاوازی لەنێوان بارو بارهەڵگرەکەیدا نییە و بارەکە هیچ زانیارییەکی نوێ ناخاتە سەر بارهەڵگرەکە و پێناسەی ناکات. هەروەها ڕەتدانەوەشی یان گۆڕینی دەستەواژەکە بۆ نێگەتیڤ ناکۆک دەردەچێت. لە دەستەواژەی (ئەگەر سوکرات مرۆڤ بێت، ئەوا سوکرات مرۆڤە.) بارەکەی زانیاری نوێ ناخاتە سەر بارهەڵگرەکە و ئەگەر بکرێت بە دەستەواژەیەکی نێگەتیڤی ناکۆک دەردەچێت. (تۆتەلۆجی) زاراوەیەکی یۆنانییە (تۆتەلۆجیا) لە دوو وشە پێکهاتوە؛ تۆتە، واتە (چوونیەک) و لۆجیا (گوتار)

تێپەڕدەکات. ئەمەش ئەو خەسڵەتەیە، کە هەردوو لایەنی نێو بونیادی نیگەرانی (بوون-لەنێو هەروەها-لەتەنیشت)تێدایە.

بوونی-خۆ-تێپەڕکەر، وەکو تەوانایی-بۆ-بوون لەنێو زەمینەی بارودۆخی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانەی ئەگەری بوونە بەرەو سەربەستی ڕەسەنێتی. هەموو دازاینێک لەم تەواناییەیدا-بۆ-بوون فاکتۆریانەش هەیە. بەڵام، مادام ئەم تەواناییە-بۆ-بوون خەسڵەتی سەربەستی هەڵدەگرێت، ئەوا دازاین بەبێ ویستی خۆشی ڕوو لە ئەگەرەکانی دەکات؛ دەگونجێت لە ڕووی فاکتۆرییەوە ناڕەسەنانە بژی. ئەو ناتوانێت ڕەسەنانە (لەپێناوی-ئەوەی-دەیەوێت) خۆی ڕابگرێت؛ تەوانایی خۆی-بۆ-بوون دەخاتە بەردەستی (ئەوان). لەمڕووەوە، کە باسی (بونی-خۆ-تێپەڕکەر) دەکەین ئەو (خۆ)یەی ئاماژەی بۆ دەکەین دەبێت بە (ئەوان). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ژیانی ناڕەسەنیشدا دازاین بەو شێوەیەی لە خۆی ڕادەکات و دەکەوێت، خۆی تێپەڕدەکات. هەروەها، بەو جۆرەش خۆی دەردەخات، کە بوون لەلای بووە بە کێشە.

(نیگەرانی) سەرجەمی بونیادی سەرەکی بوونی دازاینە، (پێش) هەموو ڕەفتارێکی فاکتۆری و هەڵوێستی دازاین دەکەوێت و پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە؛ واتە دەبەخشێت، کە هەڵوێست و ڕەفتارەکان هەمیشە بە نیگەرانییەوەن. ئەمەش زاڵبونی لایەنی کردەکی بەسەر بیردۆزەدا نییە.

---

دەگرێتەوە. هەرگوتارێک خۆی دووبارە بکاتەوە و هیچی نوێ نەسەلمێنێت بە تۆتەلۆجی دادەنرێت. (م. ک)

بیرکردنەوە لە بابەتێکی دەرەکی و کردەوەیەکی ڕامیاری ئەوەندەی یەکدی نیگەرانیمان ڕوویانتێدەکات. لایەنەکانی بیردۆزەیی و کردەکی (پراکتیکی) ئەگەرەکانی ئەو هەبووەن، کە ئێمە بە نیگەرانی ناوزەدمانکرد.

[٢٩٤] دیاردەی نیگەرانی لە شیوازە هەمووگیرییەکەدا دابەش ناکرێت؛ هەوڵدانیش بۆ گەڕانەوەی ئەم دیاردەیە بۆ شتێکی دیکەی، وەکو ویست و خۆزگە، هاندەر و خۆگرتن و دەرهێنانی لەوانەوە سەرکەوتوو نابێت. ویست و خۆزگە ئۆنتۆلۆجییانە ڕەگوڕیشەیان لەنێو نیگەرانیدا داکوتاوە؛ ئەوان نەک بەتەنیا ئۆنتۆلۆجییانە بە دوو ئەزمونی جیانەکراوە دادەنرێن لەنێو ئەو تەوژمەدا پەیدادەبن، کە ناتوانێت واتایەکی تەواو بە بوون بدات. ئەمە بۆ هاندەر و خۆگرتنیش دروستە. ئەوانیش لەنێو زەمینەی نیگەرانیدان. ئەمەش لەئاستی بە ئۆنتۆلۆجیکردنیان لەسەر ژیان ڕێگر نییە. بەڵام بە ئۆنتۆلۆجیکردنی (ژیان) کێشە دروستدەکات چونکە دەتوانین لەسەر ئۆنتۆلۆجی دازاین دایبمەزرێنین.

(نیگەرانی) ئۆنتۆلۆجییانە پێش ئەم دیاردانە دەکەوێت. لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکەمان بۆ ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی، کە ئۆنتۆلۆجییەکی بیردۆزەیی تەواو بۆ دازاین و زانستی مرۆڤناسی دانامەزرێنێت بۆمان دەردەکەوێت چۆن ئەم دیاردانە بوونگەرانە لەسەر زەمینەی نیگەرانی دامەزراون. هەموو تەواناییەک-بۆ-بوون و لەپێناوی-شتێکدا بوونە-لەنێو-جیهاندا. ئەمەش پەیوەندی ئۆنتۆلۆجییانەی نێوان دازاین و هەبووەکان دیاریدەکات.

نیگەرانی هەمیشە گرنگیدان و خەمخۆرییە. لە (ویست)دا، ئەو بابەتەی

هەوڵی تێگەیشتنی دەدرێت و بە پڕۆژەکراوە، وەکو بابەتێک گرنگی پێدرابێت یان [دازاین] نیگەرانێتی، دەستدەکەوێت. لەمڕووەوە بۆ ویست بابەتێک هەیە، کە ڕوویتێدەکات و خۆی، وەکو ئەو-شتەی ویستراوە دەرخستوە. ئەگەر(ویست) ئۆنتۆلۆجییانە هەبێت پێویستە ئەم توخمانەی تێدابێت: یەکەم، دەرکەوتنی لەپێشتری شتە ویستراوەکە بەگشتی (ئەمەش خۆ تێپەڕکردنە)؛ دووەم، دەرکەوتنی ئەو شتەی گرنگی پێدەدرێت(ئەو جیهانەی هەبووەکەی تێدایە)؛ سێیەمیش، پڕۆژەی دازاین بۆ تێگەیشتن لە تەوانایی-بۆ-بوون ڕووەو ئەگەری ئەو شتەی دەیەوێت. لە دیاردەی ویستدا سەرجەمی نیگەرانی خۆی ئاشکرادەکات.

پڕۆژەی بوونی دازاین، وەکو فاکتۆر بەردەوام بە تێگەیشتنەوە و لە هەموو حاڵەتێکدا لەنێو جیهانی دۆزراوەدایە. لەنێو جیهاندا ئەگەرەکانی پەیدادەکات و لەسەرەتاشەوە بەگوێرەی ڕاڤەکردنی(ئەوان) کاریان لەسەردەکات. ڕاڤەکردنەکەش لەئاستی هەڵبژاردندا ڕێگابەستە و نایەڵێت [دازاین] بە دروستی خۆی لەگەڵیاندا ئاشنابکات. کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی دازاین بۆ ئەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا دێنە بەردەستی دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی ئەگەرەکان. نیگەرانبوونی نێو ژیانی ڕۆژانە لە ئاستیاندا کوێردەبێت و خۆی لەگەڵ شتە هەبووەکاندا سازدەکات. ئەم ئاسودەییە نیگەرانی لەنێو نابات، بەڵکو دەیوروژێنێت. لەم بارودۆخەدا، [دازاین] بەرەو ئەگەرێکی نوێ ناڕوات. ئەگەرەکەی بەردەستی دەگۆڕێت و واتێدەگات ڕووداوێکی نوێی هێناوەتەکایەوە.

[١٩٥] هەمانکات، ئەم ویستە ئاسودەیە بەڕێنمایکردنی(ئەوان) کۆتایی بە تەوانایی-کەسەکە بۆ بوون ناهێنێت، تەنیا گۆڕانەکە دروستدەکات.

لێرەدا، زۆربەی کات تەواناییی کەسەکە بۆ-بوون دەبێت بە خۆزگە. لە خۆزگەدا دازاین بوونی خۆی لەسەر ئەو ئەگەرانە دەکات بە پڕۆژە، کە لە نیگەرانییەکەیدا دەستی نەکەوتوون و هێشتا هەوڵی دەستکەوتنیشی بۆ نەداون. لە شێوازی خۆزگەدا بوونە-خۆ-تێپەڕکەرەکە کەمتر لە ئەگەرە فاکتۆرییەکانیش تێدەگات. کاتێک جیهان دەبیت بە پڕۆژەیەکی خۆزگەخوازی، ئەو بوونِ-لەنێو-جیهانەی لەبەر دەستدایە وندەبێت؛ ئەمەش بە جۆرێک ڕوودەدات، کە لەبەر ڕۆشنایی بابەتی خۆزگەکەدا ئەوەی هەیە پڕوتەواو دەرناکەوێت. خۆزگە گۆڕانکاری بوونگەرانەیە لە پڕۆژەی تێگەیشتن لە بوونی خۆ، بەتایبەتی لەو کاتەدا، کە خۆ-بە پڕۆژەکردن فرێدەدرێتە ئەویَ، دەکەوێت و تامەزرۆی ئەگەرەکانی دەکات. تامەزرۆکردن دەرگا لەسەر ئەگەرەکان دادەخات؛ ئەوەی لە خۆزگەدا لەوێدایە و تامەزرۆی دەکرێت، دەبێت بە جیهانی ڕاستەقینە. ئۆنتۆلۆجییانەش، خۆزگە پێویستی بە نیگەرانییە و لەسەر ئەو دادەمەزرێت.

لە تامەزرۆکردندا بوونەکەی لە تەنیشتەوەیە خۆی لەپێشتر دادەنێت. بوونە-خۆ-ڕەتکەرەکەیَ-لەتەنیشتەوەیە دەگۆڕێت. خۆزگەی دازاین خوگرتن بە ژیانەوە بەرجەستەدەکات. خوگرتنیش دەریدەخات دازاین لە دەرەوەدایە و بەدوای شتێکدا دەگەڕێت. بوونیَ-خۆ-ڕەتکەر لەنێو ئەو بوونەیَ-لەپێشەوە و هەمیشە-لەتەنیشتەوەیە وندەبێت. لە خۆگرتندا دازاین شوێن ئەو بابەتە دەکەوێت خۆزگەی بۆ دەخوازێت. ئەگەر دازاین توشی خوگرتن بێت، ئەوا هەموو بونیادی نیگەرانبوون گۆڕانی بەسەردا

دێت. دازاین کوێردەبێت و هەموو ئەگەرەکانی بۆ خزمەتگوزاری خوگرتن بەکاردەهێنێت.
[١٩٦] لەلایەکی دیکەوە، هاندەری ژیان دەبێت بەوەی کەسەکە بەخۆوەی دەگرێت و بە هەموو شێوەیەکیش دەیەوێت بیگاتێ. هاندەر ئەگەرەکانی دیکەش لە خۆی کۆدەکاتەوە. لێرەشدا، بوونە-خۆ-تێپەڕکەرەکە ناڕەسەنە و گرنگ نییە هاندەرەکە لەو بابەتەشەوە بێت، کە کەسەکە دەیەوێت. هاندەر دەتوانێت بەسەر مەزاج و تێگەیشتندا زاڵ بێت. بەڵام، دازاین بە هیچ شێوەیەک بەتەنیا هاندەری نییە تاکو ڕەفتار و کردەوەکانی دیکەی جاروبار-بخرێنەسەر. بەڵکو بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی بوونی-لەنێو-جیهاندا هەمیشە نیگەرانییە.
هەرچەندە ئۆنتۆلۆجییانە نیگەرانی دەبێت بە زەمینەی هاندەر بۆ دازاین بەڵام لە هاندەری ڕووتدا هێشتا نیگەرانی سەربەست نییە. هەروەها، لە خۆگرتندا نیگەرانی سنورداردەکرێت. خوگرتن و هاندان دوو ئەگەرن، کە ڕەگوڕیشەیان بەستراوە بە فڕێدانی دازاینەوە. ئێمە ناتوانین هاندەر بۆ ژیان و خوگرتنمان بە جیهانەوە لەناوبەرین. مادام ئەمانە ئۆنتۆلۆجییانەش پەیوەندییان بە نیگەرانییەوە هەیە لە ژیانی ڕۆژانە و ئۆنتیکییانە گۆڕانیان بۆ نیگەرانی بە بوونی ڕەسەنەوە دەگەڕێتەوە.
چەمکی (نیگەرانی) ئاماژە بۆ دیاردەیەکی بنەڕەتی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانە دەکات، کە بونیادێکی سادەی نییە. بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی بە توخمێکی سەرەکی ئۆنتیکییانەوە گرێنەدراوە. ئەمەش لەوەدەچێت، کە ناتوانین واتای بوون بەگشتی بە هەبووەکانەوە ببەستینەوە. لە پێناسەکردنی (نیگەرانیدا)، وەکو (بوونێکی-خۆ-تێپەڕکەر-

له بوون-له‌نێودا...و بوون-له‌گه‌ڵدا...) باسمانکرد، بونیادی ئه‌م دیارده‌یه ده‌بێت زۆرتر ڕوونبکرێته‌وه. ئایا ئه‌مه ئاماژه‌کردنێکی دیارده‌یی نییه، که ده‌بێت پرسیاره ئۆنتۆلۆجییه‌که زۆرتر له‌سه‌ری بکۆڵرێته‌وه تاکو ئه‌و دیارده سه‌ره‌کییه ئاشکرابێت، که ده‌بێت به پشتگرێکی ئۆنتۆلۆجی و بونیاده یه‌کگرتوه هه‌موو لایه‌نییه‌که‌ی نیگه‌رانی له‌سه‌ر داده‌مه‌زرێت؟ پێش شوێنکه‌وتنی ئه‌م پرسیاره پێویسته بۆ باسه‌که‌ی پێشومان بگه‌ڕێینه‌وه تاکو واتای بوون به‌گشتی باشتر تێبگه‌ین. یه‌که‌م، ده‌بێت ڕوونیبکه‌ینه‌وه، که ئه‌وه‌ی ئۆنتۆلۆجییانه له ڕاڤه‌کردنه‌که‌دا (نویێ)یه ئۆنتیکییانه کۆنه. له‌گه‌ڵ ئاشکراکردنی بوونی دازاین، وه‌کو نیگه‌رانی به زۆر بیرۆکه به‌سه‌ر دازایندا ناسه‌پێنین، به‌ڵکو بوونگه‌رانه له چه‌مکی ژیانی ڕۆژانه و ئۆنتیکی ئه‌م بوونه‌وه نزیک ده‌بینه‌وه.

## ٤٢. سه‌لماندنی ڕاڤه‌کردنی بوونگه‌رانه‌ی دازاین، وه‌کو نیگه‌رانی له ڕووی ڕاڤه‌کردنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانه‌ی دازاینه‌وه بۆ بوونی خۆی

[١٩٧] له ڕاڤه‌کردنماندا، که نیگه‌رانیمان به بوونی دازاین داناوه، هه‌موو شتێک ده‌که‌وێته سه‌ر بنه‌مایه‌کی ئۆنتۆلۆجییانه‌ی ئه‌و هه‌بووه‌ی له هه‌موو حاڵه‌تێکدا بوونی ئێمه ده‌گرێته‌وه و به بوونی 'مرۆڤ' ناوزه‌دیده‌که‌ین. بۆ ئه‌م کاره‌ش پێویست بوو پێناسه نه‌ریتییه‌که بۆ بوونی 'مرۆڤ' بگۆڕین چونکه ئۆنتۆلۆجییانه ناسه‌لمێنرێت و پرسیاری له‌باره‌وه ده‌کرێت. به‌راوردکردنی ڕاڤه‌کردنه بوونگه‌راییه-ئۆنتۆلۆجییه‌که له‌گه‌ڵ ئه‌و پێناسه‌یه‌دا ده‌ریده‌خات ڕاڤه‌که‌مان به ڕاده‌یه‌ک جێگه‌ی سه‌رسوڕمان بێت، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر نیگه‌رانی له شێوازێکی ئۆنتیکیدا ببینرێت و به

خەم و خەفەت لێکبدرێتەوە. لەبەر ئەمە ئاماژە بۆ دەقێک دەکەین، هەرچەندە مێژووییانەیە و خەسڵەتی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەشی هەیە. پێویستە لە بیرماننەچێت، دازاین لەو دەقەدا بوونی خۆی بە جۆرێک دەردەبڕێت کاریگەری ڕاڤەکردنی بیردۆزەییانەی بەسەرەوە دیار نییە و داواشی ناکات. گرنگە ئەوەش بزانین، کە بوونی دازاین خەسڵەتی مێژوویی هەیە و دەبێت ئۆنتۆلۆجییانە بسەلمێنرێت. ئەگەر دازاین لە قووڵایی بوونیدا مێژوویی بێت، هەر گوتەیەک لەنێو مێژووی ئەودا سەرهەڵدات و بۆ ئەوێ بگەڕێتەوە پێش زانیارییەکی زانستانە دەکەوێت. ئەگەر گرنگی ئۆنتۆلۆجییانەشی نەبێت قورسایی خۆی هەیە. ئەو تێگەیشتنەی بوون لای دازاین دەربڕینێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە.

[١٩٨] دەقەکەی لێرەدا باسیدەکەین ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکەمان ساختە و دروستکراو نییە و بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە. لە یەکێک لە چیرۆکە دێرینەکاندا دازاین لە ڕاڤەکردنەکەیدا بوونی خۆی بە 'نیگەرانی' دادەنێت:

ڕۆژێک خاتو خواوەند 'نیگەرانی' لە ڕووبارێک پەڕییەوە و تۆپەڵە
قوڕێکی بینی؛ بە سەرنجەوە هەڵیگرتەوە و شێوەیەکی پێدا.
لەو کاتەدا خوداوەند (جوبیتەر) هات. نیگەرانی داوای لێکرد،
گیان بە بەریدا بکات. ئەویش بە خۆشییەوە گیانی پێبەخشی.
بەڵام کاتێک (نیگەرانی) ویستی ناوی خۆی بۆ دابنێت.
(جوبیتەر) ڕازی نەبوو. داوایکرد ناوی (جوبیتەر)ی لێبنرێت.
ئەم دوو خوداوەندە کەوتنە مشتومڕ و زەوی

بەرزبوەوە و داوایکردی ناوی زەوی لێبنرێت چونکە
ئەو هەبووە ئافەریکراوە پارچەیەک بوو لە لەشی ئەو.
لە دوایدا هەموویان داوایان لە (ساتورن) کرد ناوبژییان بکات و
ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە. ئەویش ئەم بڕیارە دادوەرانەیەی
دا: مادام جوبیتەر گیانی پێبەخشیوە، لە کاتی مردندا
گیانەکە بۆ لای جوبیتەر دەگەڕێتەوە؛ مادام زەوی لەشی
داوەتێ، لاشەکەی بۆ زەوییە. مادام خاتو خواوەندی
نیگەرانی یەکەمجار شێوەی بۆ دروستکرد، دەبێت تاکو ئەو
[ئەم هەبووە] لە ژیاندا بێت بۆ نیگەرانی بێت.
مادام ئێوەش لەسەر ناوەکەی ڕێکناکەون من ناوی
(هۆمۆ)ی لێدەنێم، چونکە لە (هیومس) زەوی دروستکراوە.

ئەم دەقە پێش-ئۆنتۆلۆجییە گرنگە نەک لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە درێژایی ژیانی بۆ 'نیگەرانی' دەگەڕێتەوە، بەڵکو گرنگی نیگەرانی پەیوەندی بەو بۆچوونەشەوە هەیە، کە مرۆڤ بە تێکەڵەی گیان و لەش دادەنێت. "کیۆرا پریما فینکست": [واتە] سەرچاوەی ئەم هەبووە لە نیگەرانیدایە. "کیۆرا تێسنیەت، کوامدیو فیکسێریەت"؛ ئەم هەبووە لەم سەرچاویە دوورناکەوێتەوە و توند پێوەی گرێدراوە و تاکو لەنێو جیهاندا بێت داگیریدەکات. بوون-لەنێو-جیهان مۆری 'نیگەرانی' لەسەر تۆمارکراوە. ناوەکەشی (هۆمۆ) لەبەر ئەوە نییە، کە ئەو توخمە لە بوونیدایە، بەڵکو لەو دروستکراوە. بڕیاردان لەسەر بونیادی ئەم هەبووە خراوەتە بەردەست (ساتورن) یان 'کات'. کەوابوو، ئەو ناوەڕۆکەی لەم دەقە پێش-

ئۆنتۆلۆجییەدا بۆ مرۆڤ دانراوە ئەوە دەخاتە بەرچاو، کە ئەم هەبووە بوونێکی تەمەن کورت و کاتی لەنێو جیهاندا هەیە.

[١٩٩] گرنگی ئۆنتیکییانەی چەمکی'نیگەرانی' ڕێگەمان دەدات بونیادێکی بنەڕەتی دیکەی دازاین ببینین. بورداخ ئاماژە بۆ دوولایەنی واتای 'نیگەرانی' دەکات، کە نەک تەنیا 'دوودڵی' بەڵکو 'ئاگاداری' و 'خۆتەرخانکردن'یش دەگرێتەوە.[65] سنیکا لە دوا نامیلکەیدا (نامیلکەی ١٢٤) دەنوسێت: لە نێو چوار هەبووە سروشتییەکاندا (درەخت، ئاژەڵ، مرۆڤ و خوا). دووانەکەی دواوە جیاکردنەوەکەیان لەیەکدی لەوێدایە، کە خوا نەمرە و مرۆڤیش دەمرێت.[66] پاش ئەمە، چاکە بۆ خوا سروشتی لە خودی خۆیدایە و بۆ مرۆڤیش نیگەرانییە.

تەواوکۆیی مرۆڤ لەوێدایە چۆن مرۆڤ لە بوونی سەربەستیدا بە نیگەرانییەوە ئەگەرەکانی دەکات بە پرۆژە و دایاندەمەزرێنێت. 'نیگەرانی'

---

[65] کارل فریدریک بورداخ (١٧٧٦-١٨٤٧) زانا و پزیشکێکی ئەڵمانییە. لە دوو زانکۆدا مامۆستایەتی کردوە. لەساڵی ١٨٠٠ چەمکی (مۆرفۆلۆجی) بەکارهێناو دوای ئەم بە جیهاندا بڵاوبوەوە. شایەنی باسە گۆیتە لە یاداشتەکانیدا لە ساڵی ١٧٩٦ پێش بورداخ ئەم چەمکەی بەکارهێناوە. (م. ک)

[66] لۆکیۆس ئەنایۆس سنیکا (ساڵی دووەمی پێش زاینی-ساڵی ٦٥ دوای زاینی) فەیلەسوفێکی ستۆیکی (ڕواقی) و مامۆستای (نیرۆ)ی پاشای ڕۆم بووە. دە پەرتووک و ١٢٤ نامیلکە و نزیکەی نۆ شانۆگەری تراجیدی نوسیوە. لە ساڵی ٦٥ دوای زاینی، بۆ ئەوەی خۆی لە گەندەڵی ڕژێمی نیرۆ پاک بکاتەوە خۆی کوشتوە. (م. ک)

بڕیار لەسەر شێوازی بوونی فڕێدراوی لەنێو جیهاندا دەدات. لە واتا دوو لایەنییەکەی نیگەرانیشدا یەک حاڵەت دەردەکەوێت. لە بەراودکردنی ڕاڤەی ئۆنتیکییانە و بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانەدا ڕووندەبێتەوە، کە دووەمیان نابێتە هۆی دامەزراندنی بیردۆزە و بەگشتیکردنی بۆچوونێکی ئۆنتیکییانەش نییە. ئەوەندە دەڵێین، مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە نیگەرانییەوە ڕەفتاردەکات و خۆتەرخانکردنەکەی بەرەو ئەوەی مەبەستێتی ڕێنمایی دەکات. بەگشتیکردن ئۆنتۆلۆجییانە و لەپێشترە. ئەوەی باسیدەکەین دەستەوتاقمێک خەسڵەتی ئۆنتیکی نییە، کە بەردەوام سەرهەڵدەدەن، بەڵکو شێوازی بوونە و لە هەموو حاڵەتەکاندا زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆجی خۆشدەکات، تاکو ئەم هەبووە بتوانێت بوونی خۆی ئۆنتیکییانە، وەکو نیگەرانی بدۆزێتەوە. مەرجی بوونگەرانە بۆ 'نیگەرانی بۆ 'ژیان' و 'خۆتەرخانکردن' لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە بە نیگەرانی دادەنرێن.

[۲۰۰] بەرزێتی و بەگشتبوونی نیگەرانی و هەموو پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی دیکە ئەوەندە کراوەن، کە بتوانین بە هۆیانەوە بنەماکان بۆ ڕاڤەکردنی دازاین پەیدابکەین و لایەنە ئۆنتیکییەکانی پێدەستنیشان بکەین. یارمەتیمان دەدات بزانین دازاین بۆ ژیان نیگەرانە، پێویستی پێیە یان بە پێچەوانەوەیە.

بۆشایی نێو بونیادە بوونگەرایەتییەکەمان و بەگشتیکردنی، کە دەبن بە بنەما بۆ [ڕووداوە] ئۆنتیکییەکان خەسڵەتی دیار و پڕی ئۆنتۆلۆجییانەیان هەیە. کەوابوو، سەرجەمی بوونی دازاین لەنێو یەکێتییەکەیدا سادە نییە؛ لەبەر ڕۆشنایی چەمکی بوونگەرانەی

نیگەرانیدا خۆی بەرجەستەدەکات. ئێمە توانیمان لە ڕاڤەکردنی پێش-ئۆنتۆلۆجییانەوە بۆ نیگەرانی و ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەش بۆ بوونی دازاین چەمکی بوونگەرانەی نیگەرانی دیاریبکەین. هاوکات، نامانەوێت بە شیکردنەوەی بوونی دازاین بناخەی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ زانستی مرۆڤ [ئەنترۆپۆلۆجی] دابمەزرێنین؛ مەبەستی ئێمە **ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییە**. بۆ ئەم مەبەستە ڕێگاکەمان گرتۆتەبەر و دیاردەکانمان هەڵبژاردوە و کەموکورتییەکانمان لە شیکردنەوەکەدا نیشانداوە. ئێستاش، لە پرسیارە سەرەکییەکەمانەوە سەبارەت واتای بوون و هەوڵدانمان لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا پێویستە بزانین توێژینەوەکەمان چ دەستکەوتێکی هەیە. ئەمەش لە ئاکامی لێکدانێکی ڕووکەشانەی خاڵەکانی توێژینەوەکەمان ڕوونادات. خودی دەستکەوتەکە یارمەتیمان دەدات و ئەوەی لە سەرەتای شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بە سادەیی باسمانکرد دەبێت ئێستا بە وردی سەرنجی بدەین و قوڵتر تێی بگەین.

## ٤٣. دازاین، جیهانێتی و ڕاستەقینە

پرسیارکردن سەبارەت واتای بوون لەوێدا دەگونجێت، کە جۆرە تێگەیشتنێکمان لە بوون هەبێت. تێگەیشتن لە بوونیش بۆ ئەو هەبووە دەگەڕێتەوە بە 'دازاین' ناوزەدمانکرد. چەند بە وردی و لە نزیکەوە ئەم هەبووە بناسین ئەوەندەش بەدڵنیاییەوە لە کارکردنمان لەسەر ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی سەرکەوتوو دەبین.

[٢٠١] لە سەرەتای شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ دازاین باسی

ڕاڤەکردنی تێگەیشتن، واتا و خودی ڕاڤەکردنمان کرد. دەرکەوتنی دازاین لە شیکردنەوەکەماندا بوونی دازاینی لەنێو-جیهاندا، لەنێو هەروەها بوونی خۆی [ئەوان] ڕوونکردەوە. بێجگە لەمە، لە دەرکەوتنی فاکتۆریانەی جیهاندا هەبووەکانی دیکەی نێو جیهانیش دۆزرانەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئێمە بە هەرجۆرێک بێت لە بوونی ئەم هەبووانە تێدەگەین تەنانەت، ئەگەر ئۆنتۆلۆجییانەش تەماشانەکرێن. بەدڵنیاییەوە، تێگەیشتنی-ئۆنتۆلۆجییانەی بوون هەموو ئەو بابەتانەش دەگرێتەوە، کە دازاین ئاشکرایان دەکات؛ بەڵام هێشتا تێگەیشتن لە بوون بەوجۆرە ئامادە نەبووە تاکو فرە شێوازەکانی بوون خۆیان تیایدا دەربخەن.

هەروەها، ڕاڤەکردنەکەمان بۆ تێگەیشتن ڕوونیکردەوە چۆن بەگوێرەی جۆرە کەوتنێکی بوون ڕاڤەکردنەکە ڕوو لە تێگەیشتن لە جیهانیش دەکات. ئەمەش تەنیا ئەزمونێکی ئۆنتیکی نییە و تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجییانەشە. ڕاڤەکردنی بوون یەکەمجار ڕوو لە هەبووەکانی نێو جیهان دەکات. لەبەر ئەمە توشی بوونی بابەتەکانی بەردەست دەبین، هەبووەکانیش، وەکو (شت) دەبینرێن و دەبن بە بابەتی دەرەکی. "بوون"یش واتای "ڕاستەقینە" وەردەگرێت. ناوەڕۆک گەرایەتی دەبێت بە خەسڵەتی بوون. لەم لایەنەدا، تێگەیشتن لە بوون، تەنانەت تێگەیشتنی ئۆنتۆجییانە لە بوونی دازاین بەرەو ئەم چەمکەی بوون دەڕوات. دازاینیش، وەکو هەبووەکانی دیکە دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی و شتێکی ڕاستەقینە. لەم ڕووەوە، "بوون بەگشتی" واتای 'ڕاستەقینە'ی بۆ دادەنرێت و چەمکی (ڕاستەقینەش) ئۆنتۆلۆجییانە گرنگی پێدەدرێت. لەم گرنگی پێدانەدا، شیکردنەوەی بوونگەرانەی دروست و ڕەسەن بۆ

بوونی دازاین و بۆچوونەکانیشمان بۆ بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. دواجاریش بە زۆر کێشەی بوون لەسەر ڕێگاکەی لادەدات. شێوازەکانی بوونیش بەرانبەر ڕاستەقینە نێگەتیڤانە پێناسەدەکرێن. لێرەدا پێویستە، نەک بە تەنیا شیکردنەوەی دازاین بەڵکو پرسیارەکەش سەبارەت واتای بوون بەگشتی لە تاکڕەوی ئەو بۆچوونەی بوون بە ڕاستەقینە دادەنێت ڕزگاربکرێت. دەبێت بیسەلمێنین، کە ڕاستەقینە تەنیا یەک جۆر بوون لەنێو ئەوانی دیکەدا نییە، ئۆنتۆلۆجییانەش لە بناخەوە پەیوەندییەکی دیاریکراوی لەگەڵ دازاین، جیهان و بابەتەکانی بەردەستدا هەیە. بۆ سەلماندنەکەش پێویستە باسی گرفتی ڕاستەقینە، مەرجەکان و کەموکورتییەکانیشی بکەین. لەژێر سەردێری (گرفتی ڕاستەقینە) چەند پرسیارێک کۆدەکەینەوە: ئایا هیچ هەبوویەک لە ژوور بیرکردنەوەوە هەیە؟ ئایا دەتوانرێت بە دروستی ڕاستەقینەی "جیهانی دەرەکی" بسەلمێنرێت؟ ئەو هەبووەی بە (ڕاستەقینە) دادەنرێت بە چ ڕادەیەک لەنێو-جیهاندا دەناسرێت؟ ئایا ئەم هەبووە (ڕاستەقینەیە) بەگشتی چ واتایەک دەبەخشێت؟

[٢٠٢] ئەم باسەی لە خوارەوە لەسەر گرفتی ڕاستەقینە ئامادەیدەکەین پەیوەندی بە پرسیاری ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییەوە هەیە و سێ ناونیشان وەردەگرێت: (ئەلف) ڕاستەقینە وەکو گرفتی بوون، هەروەها سەلماندنی "جیهانی دەرەکی"؛ (با) ڕاستەقینە وەکو گرفتی ئۆنتۆلۆجی؛ (جیم) ڕاستەقینە و نیگەرانی. (ئەلف) ڕاستەقینە وەکو گرفتی بوون، هەروەها سەلماندنی "جیهانی دەرەکی".

لەنێو ئەم پرسیارانەدا سەبارەت ڕاستەقینە لە هەموویان گرنگتر پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکەیە لەبارەی واتای ڕاستەقینە بەگشتی. تاکو کێشە ئۆنتۆلۆجی و میتۆدۆلۆجییەکەمان لەبەردەستدا نەبێت ئەوا پرسیارەکە ڕوو لە باسکردن لە گرفتی جیهانی دەرەکی دەکات؛ توێژینەوە لەسەر ڕاستەقینە لەو ڕێگەیەوە دەکەوێتەگەڕ، کە ئێمە بە بوونە ڕاستەقینەکە دەگەیەنێت. لە کۆنەوە ئەو بۆچوونە خۆی سەپاندوە، کە تێگەیشتن لە ڕاستەقینە دەکەوێتە سەر ئەو زانینەی هەیە. زانینیش ڕەفتار و هەڵوێستی (خۆ) یان ئاگامەندییە. بەو ڕادەیەی ڕاستەقینە سەر بە (خۆ)یە و لەنێو خۆیدایە ئەوا پرسیارکردنیش سەبارەت واتای ڕاستەقینە دەکەوێتە سەر ئەوەی ڕاستەقینە سەر بە (خۆ)یە و لە جیهانێکی ژوور ئاگامەندیدایە یان نا. مسۆگەرکردنی شیکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی دروست لەسەر بە خۆیی و بەرزێتی ڕاستەقینە ڕادەوەستێت. ئەو بوونە بەرزەش ئۆنتۆلۆجییانە هەوڵی ناسینی دەدرێت. پێویستە بزانین چ ڕێگەیەکیش بەرەو ڕاستەقینە دەگرینەبەر.

ئەم توێژینەوانە، کە پێش ئەگەری پرسیارکردنی ئۆنتۆلۆجییانە سەبارەت ڕاستەقینە دەکەون، لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەماندا کارمان لەسەر کردوون. لەم شیکردنەوەیەدا، زانین بووە بە شێوازێکی گەیشتن بە ڕاستیەقینە و ڕاستەقینەش بە بابەتەکانی نێو-جیهان. گەیشتنیش بەو بابەتانە ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر حاڵەتی بنەڕەتی دازاین و بوونی-لەنێو-جیهاندا دادەمەزرێت؛ ئەمەش بە نیگەرانییەوە (حاڵەتی بوونی دازاین)، وەکو بوونیکی (خۆ-تێپەڕکەر-بوونێک-لەنێو-جیهاندا و لەگەڵ هەبووەکانی نێو-جیهان)ەوە بەستراوە. پرسیارکردنەکە سەبارەت بوونی جیهان و

سەلماندنی هیچ واتایەک نابەخشێت ئەگەر دازاین، کە بوونێکە لەنێو-جیهاندا ئاڕاستەی بکات؛ ئایا کێ، بێجگە لە دازاین، ئەم پرسیارە دەکات؟ لەسەرو ئەمەوە، لە دوولایەنەوە سەرلێشێوانە. ئەو جیهانەی (هەموو شتێک لەنێویدایە) و(هەبووەکانی نێو-جیهانیش، کە لەنێو بایەخداندا نوقمبوون) تێکەڵکراون یان جیانەکراونەتەوە. بەڵام بوونی جیهان لەگەڵ بوونی دازایندا خۆی دەردەخات؟ لەگەڵ دەرکەوتنی جیهاندا، جیهان لە هەموو حاڵەتێکدا دەدۆزرێتەوە. بەڵام بابەتەکانی نێو-جیهان، ئەو بابەتانەی ڕاستەقینەن و دەرەکین مەرج نییە خۆیان دەربخەن. لەگەڵ ئەمەشدا، دەرکەوتنەکەیان لەگەڵ دەرکەوتنی جیهاندا ڕوودەدات. لەم بەستێنەشەوە، بابەتێکی ڕاستەقینە دەتوانێت بە شاراوەیی بمێنێتەوە. پرسیارکردن سەبارەت 'ڕاستەقینە'ی جیهانی دەرەکی بەبێ ڕوونکردنەوەی دیاردەی جیهان سەرهەڵدەدات. لە ڕووی فاکتۆرییەوە، گرفتی بوونی جیهانی دەرەکی بەردەوام بە بابەتەکانی نێو جیهانەوە گرێدراوە. ئەمجۆرە باسکردنانە ڕوو لەو کێشانە دەکەن، کە مەحاڵە ئۆنتۆلۆجییانە گرێکانیان بکەینەوە.

[٢٠٣] "ڕەتدانەوەی ئایدیالیزم"ی کانت ئاڵۆزی پرسیارەکان دەردەخات و کانت بە (ئابڕووچوونی فەلسەفە و ژیری مرۆڤ بەگشتی) ناوزەدیدەکات. [لەو باوەڕەدایە] هیچ بەڵگەیەک بە زانینەوە بۆ سەلماندنی بابەتە دەرەکییەکان دروستنەکراوە تاکو گومانکاری لەناوبەرێت. ئەو داوای دامازراندنی بەڵگەکە دەکات و دەیەوێت زەمینە بۆ بیردۆزەکەی دابمەزرێنێت و بڵێت "ئاگامەندی دازاینی من لە ئەزمونەکەیدا بوونی هەبووەکانی نێو شوین لە دەرەوەی مندا دەسەلمێنێت."

پێویستە ئەو خاڵە ڕوونکەینەوە، کە کانت لێرەدا چەمکی (دازاین) بۆ ئەو هەبووانە بەکاردەهێنیت ئێمە بە بابەتی دەرەکی دامانینان. (ئاگامەندی دازاینی من) بۆ کانت واتە ئاگامەندی بوونی من، وەکو بابەتێکی دەرەکی بەو واتایەی دێکارت باسیکردوە. کانت چەمکی دازاین بۆ بوونی-دەرەکی ئاگامەندی، وەکو بوونی-دەرەکی هەبووەکان دادەنێت.

بەڵگەش بۆ بوونی دازاینی شتەکان لە دەرەوەی مندا لە گۆڕان و هەڵسوڕانیاندا و گرنگیپێدانی یەکسان لە ناوەڕۆکی (کات)دایە. بوونی دەرەکی من، کە بوونی وێنە جۆراوجۆرەکانی نێو بیرکردنەوەمە پرۆسەی گۆڕانە لە بابەتە دەرەکییەکاندا. هەموو خەسڵەتێکی کاتی پێویستی بە بابەتێکی دەرەکی نەبڕاوە هەیە. ئەم بابەتەش لەنێو ئێمەدا نییە چونکە بە هۆی ئەوەوە من خەسڵەتی کاتی وەردەگرم. ئەگەر گۆڕانکارییەکان، کە بابەتی دەرەکین، لەنێو مندا و لە ئەزموونمدا ڕوودەدەن دەبێت لەگەڵیاندا و لە دەرەوەی مندا بابەتێکی دەرەکی نەبڕاوەش هەبێت. [٢٠٤] کەوابوو، ئەو شتە نەبڕاوەیە گۆڕان لەنێو مندا مسۆگەردەکات. ئەزموونی وێنەکانی بیرکردنەوەی نێو-کات ئاماژە بۆ شتێکی گۆڕاو لەنێو مندا و شتێکی نەبڕاوەش لە دەرەوەی مندا دەکەن و هەردووکیان بە گرنگ دادەنێت. بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی کانت بیرۆکەی هەبوویەکی کاتی دێنێتە پێشەوە.

لە سەرەتاوە لەوەدەچێت کانت وازی لە (خۆ)ی دابڕاوی دێکارت هێنابێت. بەڵام وازهێنانەکە تەنیا لە دامەزراندنەکەدایە. بۆ سەلماندنی هەبووەکانی دەرەوەی بوونی من لەو (خۆ)یەوە دەکەوێتە ڕێ، کە لەنێو مندایە و لەو گۆڕانکارییانەوە دەستپێدەکات، کە لە ئەزموونی مندان. لە بوونی مندا

هەست بە بوونی (کات)کراوە و کاتیش باری گرانی بەڵگەکە هەڵدەگرێت. کات بازدەداتە دەرەوەی بوونی من تاکو بناخەکە دابمەزرێنێت. هەروەها، کانت جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکات، کە (گرفتی ئەو جۆرە ئایدیالیزمە، کە باوەڕ بە بێ تەواناییی ئێمە بۆ سەلماندنی بابەتە دەرەکییەکان لە ئەزمونداندا دەهێنێت، گونجاوە و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانەی لەباری هەیە: ئەویش ڕێگەنەدانە بە داکۆکیکردنی لە بەڵگەبەدەر). ئەگەر واز لە پێشخستنی (خۆ)ی دابڕاوی نێو ئەزمونەکان بهێنین هێشتا دەکرێت ئۆنتۆلۆجییانە بۆچوونەکەی دێکارت بهێڵینەوە.

ئەوەی کانت دەیەوێت بیسەلمێنێت، گریمان سەلماندنەکەی دروستە، ئەوەیە کە بابەتە نەبڕاوە و گۆڕاوەکان دەرەکین. ئەمەش نایسەلمێنێت، کە (خۆ) و (بابەت) هەردووکیان بابەتی دەرەکین. ئەگەر بەمجۆرەش هەبن، ئەوەی ئۆنتۆلۆجییانە گرنگە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە؛ واتە، حاڵەتی بنەڕەتی (خۆ) یان دازاین، وەکو بوونێک-لەنێو-جیهاندا. بوونی بابەتێکی-دەرەکی هەبوویەکی فیزیکی و دەروونی بە تەواوی لە ڕووی ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییانەوە لە دیاردەی بوون-لەنێو-جیهانەوە جیاوازە. کانت بوونی (نێو من) و (دەرەوەی من) لەیەکدی جیادەکاتەوە. فاکتۆریانە کارەکەی دروستە. بەڵام بەڵگەکەی نادروستە. نەیسەلماندوە چۆن بابەتە دەرەکییە نەبڕاوە و گۆڕاوەکانی نێو کات پەیوەندی لە نێوان لایەنی ناوەوە و دەرەوەی من دروستدەکەن. ئەگەر کەسێک جیاوازییەکەی نێوان ئەم دوو لایەنە ببینێت و پەیوەندییەکەیان بەو جۆرەی کانت باسیدەکات بدۆزێتەوە، چەمکێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بۆ بۆچوونەکەی کانت هەبێت، هێشتا سەلماندنی بوونی دازاینی شتەکان لە دەرەوەی مندا، کە

پێویستە، دەڕوخێت. ئابڕووچوونی فەلسەفە لە نەبوونی بەڵگەکەدا نییە، بەڵکو لە دووبارە کردنەوەیدایە. ناجۆری هەوڵدان و ئامانجەکەشی لە نادروستی ئۆنتۆلۆجییانەی خاڵی دەستپێکردنەکەدایە. ئەو هەبووەی هەوڵی سەلماندنەکە دەدات و بۆ سەلماندنەکە پێویستە بە تەواوی ئاوەڕی لێنەدراوەتەوە. ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەندێشاوی و [نادروستە] لە سەلماندنەکەدا. ئەگەر بە دروستی لە بوونی دازاین تێبگەین پێویستی بەو جۆرە سەلماندنە نابێت چونکە لە بوونیدا ئەوەی دەسەلمێنرێت هەیە. ئەگەر کەسێک لەو باوەڕەدابێت سەلماندنی بوونی بابەتە دەرەکییەکان مەحاڵ بێت، ئەوا دەبێت تەنیا بڕوا بە بوونیان بکەین. ئەمەش گرفتەکە لەناونابات. ئەم بۆچوونە ناجۆرە بۆ گرفتەکە کەسەکە بە بڕواکردن بە ڕاستەقینەی جیهانی دەرەکییەوە دەبەستێتەوە و بەردەوام داوای سەلماندنیشی لێدەکات.

[٢٠٦] ئەگەر کەسێک باوەڕی بەو فێرگەیەش هەبێت، کە گوایە (خۆ) بە ئاگاوە یان بەبێ ئاگا، پێیی وایە بابەتەکانی نێو جیهانی دەرەکی هەن، لە (خۆ)یەکی دابڕاوەوە دەست بە گەشتەکەی دەکات. لەگەڵ ئەم باوەڕە لەپێشترەدا (دازاین) پاش دەکەوێت؛ مادام ئەو باوەڕە لەپێشترەکە دروستدەکات، هەبوویەکە لەپێشتر لەنێو جیهاندایە. پێش دروستکردنی باوەڕ و هەڵسوکەوتێکی دازاین، خەسڵەتی 'لەپێشتر'ی حاڵەتی بوون هەیە، کە نیگەرانییە.

بڕواکردن بە ڕاستەقینەی جیهانی دەرەکی دروست یان نا دروستانە؛ سەلماندنی ئەو ڕاستەقینەیەش بە شێوەیەکی جۆر یان ناجۆر؛ پێویستیان بە (خۆ)یەک هەیە، کە لە جیهان بەدەرە یان لە جیهان دڵنیا

نییه و دەبێت بوونی جیهان بسەلمێنێت. کەوابوو، لە سەرەتاوە بوونـ لەنێو-جیهان بۆ بڕواکردن بە بوونی هەبووەکان، دڵنیابوون و هەڵوێست بەرانبەریان پێش دەکەوێت.

(گرفتی ڕاستەقینە) بەو واتایەی ئاخۆ جیهانی بابەتێکی دەرەکییە یان دەکرێت بوونی بسەلمێنرێت، دەردەکەوێ مەحاڵە بێت چونکە ئەو هەبووەی دەبێت بە تێزەکەی نکۆڵی لە زانیاری لەبارەی پرسیارکردنەکەوە دەکات. کاری ئێمەش سەلماندنی ئەو خاڵە نییە، کە جیهان بابەتێکی دەرەکییە یان نیشانیبدەین چۆن دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی. دەمانەوێت باسیبکەین بۆچی دازاین، وەکو بوونێک-لەنێو-جیهاندا حەزدەکات جیهانی دەرەکی پێش سەلماندنی بوونی لەنێو خۆیدا ئەپستمۆلۆجییانە بنێژێت و دەرینەخات. هۆکارەکەشی لە (کەوتن)ی دازایندایە، کە تیایدا تێگەیشتنی سەرەکی لە بوون ڕوودەکاتە بابەتە-دەرەکییەکان. ئەگەر پرسیارەکە (ڕەخنەگرانە) بەم هەڵوێستە ئۆنتۆلۆجییانەوە دروستبکرێت، ئەو بابەتە دەرەکییەی دەدۆزرێتەوە و لە نزیکەوە دڵنیای دەبین، دەبێت بە شتێکی (ناوەکی). پاش دەرگا داخستن لە ئاستی بوونـ لەنێو-جیهاندا (خۆ)یەکی دابڕاو دەمێنێتەوە و دەبێت بە بناخەی پەیوەندی بە جیهانەوە.

[٢٠٧] لەم توێژینەوەیەدا ناتوانین باسی هەموو هەوڵدانەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ڕاستەقینە لەنێو هەڵوێستی جیاوازی ڕیالیزم و ئایدیالیزمدا بکەین. هەڵبەتە لە هەریەکێک لەو هەوڵدانانەدا جۆرێک ڕاستی تێدایە؛ دروستیش نییە کەسێک بە کۆکردنەوە یان خۆی بە چارەسەرکردنی گرفتەکە بگەیەنێت. پێویستە بە تێڕامانێکی قوڵەوە

بڕوانینە شێوازە ئەپستمۆلۆجییە جیاوازەکانیان و بزانین بۆچی نەیانتوانیوە لەوە دوورتر بڕۆن. لەوێوە تێدەگەین، کە گوێنەدان بە شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین گرفتەکەی بەتەواوی پێنەناسدوین. ئێمەش بە چاککردنەوەی هەوڵدانەکە لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکەکانی (خۆ) یان ئاگامەندی بە ئاکامێکی دروست ناگەین. هیچ گەرەنتییەکیشمان بۆ ئاڕاستەکردنی پرسیارەکە بە شێوەیەکی گونجاو ناداتێ.

لەگەڵ بوونی دازایندا هەبووەکانی دیکەش لەنێو-جیهاندا دەردەکەون. ئەم داکۆکیکردنە بوونگەرانە-ئۆنتۆلۆجییە لەگەڵ بۆچوونی ڕیالیزمانەدا، کە جیهانی دەرەکی بە بابەت دادەنێت کۆکە. کۆکبوونی لە دانانی هەبووەکان لەنێو-جیهاندایە. بەڵام، لە بنەڕەتەوە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن؛ ڕیالیزم لەو باوەڕەدایە بوونی جیهان پێویستی بە سەلماندنە و سەلماندنەکەشی دەکەوێتە سەر خودی بوونی جیهان. لە داکۆکیکردنە بوونگەرایەتییەکەدا ئەم دوو شتە ڕەتدراونەتەوە. هەروەها لە ڕیالیزمدا تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجییانە لە کێشەکە پەیدانەبوە. بێگومان، ڕیالیزم هەوڵیداوە ئۆنتیکییانە، بە بەستنەوەیەکی ڕاستەقینەی هەبووەکان باسی ڕاستەقینە بکات.

ئایدیالیزمیش، گرنگ نییە چەند لە ئاکامەکانیدا لە ڕیالیزمەوە جیاوازبێت، لەبنەڕەتەوە خاڵێکی باشتری هەیە ئەگەر بە هەڵە لە خۆی تێنەگات و ڕوو لە ئایدیالیزمی سایکۆلۆجییانە نەکات. ئەگەر ئایدیالیزم جەخی لەسەر(بوون) و(ڕاستەقینە)، وەکو دوو شتی نێو ئاگامەندی بکات، ئەوە دەسەلمێنێت، کە ناتوانین لە ڕێگەی هەبووەکانەوە

باسی (بوون) بکەین. سەرنەکەوتنی ئایدیالیزمیش لە ئاستی ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانە لە واتای بوون یان گەیشتن بەو تێگەیشتنە، کە لە حاڵەتی بوونی دازایندایە، ڕاڤەکردنەکەشی بۆ ڕاستەقینە بێ ناوەڕۆک نیشاندەدات. لەڕاستیدا، ڕاڤەکردنی واتای بوون لە ڕێگەی هەبووەکانەوە و دامەزراندنی ڕاستەقینە لەسەر تێگەیشتن لە بوون ئێمە لە پرسیارکردن سەبارەت بوونی ئاگامەندی ئەو هەبووەی بیردەکاتەوە ڕزگارناکات.

ئەگەر بەردەوام شوێن تێزەکەی ئایدیالیزم بکەوین شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانەی ئاگامەندی دەبێت بە کارێکی گرنگ و حەتمی. مادام بوون لەنێو ئاگامەندی و تێگەیشتنی دازایندایە، ئەوا دازاین تێیدەگات و خەسڵەتی سەربەخۆیی بوون، لەنێو-خۆ یان ڕاستەقینە بەگشتی دەخاتە نێو چەمکەکانەوە. لێرەدا و لەبەر ئەمە بە هەبووە سەربەخۆکان دەگەین و تەماشایان دەکەین.

[٢٠٨] ئەگەر چەمکی 'ئایدیالیزم' ئەو واتایە ببەخشێت، کە تێگەیشتن لە بوون هەرگیز لە هەبووەکانەوە دەستپێناکات و بوونێکی بەرزە، ئەوا گرفتێکی فەلسەفییانە دەهێنێتەکایەوە. ئەگەر ئەمە دروست بێت ئەریستۆ لە کانت کەمتر ئایدیالیست نییە. بەڵام، ئەگەر ئایدیالیزم گەڕانەوەی هەبووەکان بۆ ئاگامەندی بێت و ئاگامەندیش لە بوونیدا نادیاربێت و خەسڵەتی نەرێیی هەبێت لەبەر ئەوەی (شت-نییە) ئەوا ئایدیالیزم، وەکو ڕیالیزمی توندڕەو دەبێت بە خاوەنی ڕێچکەیەکی سادە و ساکار. دەکرێت گرفتی ڕستەقینە پێش هەموو بۆچوونێک بخرێت و ئەو تێزەی دەڵێت هەموو (خۆ)یەک بۆ بابەتەکەی هەیە بهێڵرێتەوە. بەڵام لەم

هەڵوێستەدا چەمکی پەیوەندی و خودی پەیوەندییەکەش ئۆنتۆلۆجییانە دەرناکەون. پەیوەندییەکە بە هەبوو دادەنرێت و بە بیرۆکەی بوونێکی دیاریکراوەوە گرێدەدرێت. ئەگەر بناخەی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانە پێشتر لەگەڵ دەرکەوتنی بوون-لەنێو-جیهاندا مسۆگەربکرێت، لە دواییدا پەیوەندییەکەش ئۆنتۆلۆجییانە و بەبێ دیاریکردنی جیاوازی دەدۆزینەوە. باسەکەمان لەسەر پێشبیرە دەرنەبڕاوەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ڕاستەقینە لەسەر زەمینەی ئەپستمۆلۆجییانە ئاشکرایدەکات، کە دەبێت ئەم گرفتە بۆ شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین بگەڕێنینەوە و بە گرفتێکی ئۆنتۆلۆجییانەی دابنێین.

## با. ڕاستەقینە، وەکو گرفتێکی ئۆنتۆلۆجی

[٢٠٩] ئەگەر چەمکی 'ڕاستەقینە' واتای بوونی هەبووە دەرەکییەکانی نێو-جیهان بگرێتەوە، ئەوا کاتێک ئەم شێوازی بوونە شیدەکرێتەوە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکرێت، کە لەگەڵ هەستکردن بە بوونی هەبووەکانی-نێو-جیهان ئۆنتۆلۆجییانە دەبێت دیاردەی لەنێو-جیهانبوونیش ڕوون بکرێتەوە. بەڵام دیاردەی لەنێو-جیهانبوون پشت بە جیهان دەبەستێت و ئەویش پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بوونی دازاینە. بوون-لەنێو-جیهان ئۆنتۆلۆجییانە بە سەرجەمی بونیادی دازاینەوە بەستراوە و ئێمە ئەو بونیادەمان بە نیگەرانی ناوزەدکرد. لێرەوە ئاماژە بۆ ئەو بنەما و ڕەهەندانە دەکەین، کە پێویستە لە شیکردنەوەکەمان بۆ ڕاستەقینە ڕوونیانبکەینەوە. ئەمە ڕۆشنایی دەخاتەسەر (لەنێو-خۆ) و ئۆنتۆلۆجییانە

دەیناسێنێت. دەرچوونمان لەم بۆچوونەوە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، کە لە پێشتر لە ڕاڤەکردنمان بۆ بوونی هەبووەکان لەنێو-جیهاندا باسمانکرد. بەدڵنیاییەوە، لە بوارێکی سنورداردا خەسڵەتی فینۆمینۆلۆجییانەی ڕاستەقینەی ئەو شتەی ڕاستەقینەیە بەبێ دیاریکردنی بناخەیەکی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانە دەدۆزرێتەوە.

دیڵتی، لە نوسراوەکەی پێشودا، کە ناومانبرد، ئەم هەوڵدانەیداوە.[67] لەو باوەڕەدایە ڕاستەقینە لە ئەزمونەکانی ویست و بەرەنگاریکردندا پەیدادەکرێت. ڕاستەقینە[لێرەدا] دەبێت بە بەرگریکردن یان خەسڵەتی بەرگری. پاش ئەمە هەوڵدەدات دیاردەی بەرگریکردن شیبکاتەوە.

ئەمەش دەستکەوتێکی بەجێی نوسراوەکەی و ناوەڕۆکێکی کۆنکرێتی "سایکۆلۆجی وەسفی و شیکارییە". بەڵام نەیتوانیوە بە دروستی لە ڕێگەی ئەپستمۆلۆجی گرفتی ڕاستەقینەوە ئەم دیاردەیە شیبکاتەوە. بنەمای دیاردەیی لە ئاستی ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ بوونی ئاگامەندی ئاستەنگی هێناوەپێش. ئەو دەنوسێت، "لەنێو هەمان ئاگامەندییدا، ویست و ئەوانەی تێیدا جێگیربوون سەرهەڵدەدەن". چ جۆرە بوونێک سەر بەم سەرهەڵدانەیە؟

---

[67] ویلهێلم دیڵتی (١٨٣٣-١٩١١) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە. هێرمینۆتیک و میتۆدی (کانت)ی بۆ توێژینەوەی کەلتوور پێشخستوە. لەو باوەڕەدابووە زانستە کەلتوورییەکانی دەکەونە سەر ئەزمونی ژیان، دەربڕین و تێگەیشتن. مێژوو، هونەر و ئایین شێوازی دەربڕینی داهێنەرەکەیانن. واتای ژیانیش ڕەهەندێکی تاکڕەوی نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە. (م. ک)

چ پەیوەندییەکی بوون لەنێوان ئاگامەندی و ڕاستەقینەدا هەیە؟ ئەم پرسیارانە دەبێت ئۆنتۆلۆجییانە وەڵام بدرێنەوە.

[٢١٠] دیلْتی نەیتوانیوە ئەمکارە بکات چونکە 'ژیان' لە ڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەوە جیانەکراوەتەوە؛ هەڵبەتە ناکرێت لەودیو 'ژیان'ەوە ڕاوەستین. بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین پێویست ناکات ئۆنتیکییانە بچینە ئەودیو هەبووەکەوە. ڕەتدانەوەی بۆچوونەکەی دیلْتی ئەپستمۆلۆجییانە ڕێگە لە ئێمە بۆ شیکارییەکی بەردار و پۆزەتیڤ ناگرێت، کە لە ڕەتدانەوەکەدا تێینەگەیشتوین.

لەم دواییەدا شیلەر ڕاڤەکردنەکەی دیلْتی بۆ ڕاستەقینە دووبارە کردۆتەوە.[68] بانگەشە بۆ "بیردۆزەی سەربەخۆبوونی دازاین" دەکات. لێرەدا، دازاین بوونیکی دەرەکییە و ئەو واتایەی هەیە کانت بۆیدانا. بوونی بابەتەکان ڕاستەوخۆ لە پەیوەندییەکەیان بە ویست و هاندەرەوە [لە ئەزموندا] دەدرێت. شیلەر، وەکو دیلْتی، لەو باوەڕەدایە ڕاستەقینە لە سەرەتاوە لەنێو بیرکردنەوە و تێگەیشتندا دەرناکەوێت؛ هەروەها ئەو خاڵەش ڕووندەکاتەوە، کە زانین داکۆکیکردن نییە و پەیوەندییە لەگەڵ

---

[68] ماکس شیلەر (١٨٧٤-١٩٢٨) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە. کەلتوور، ڕەوشت و ئایینی لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی هوسرڵدا شیکردۆتەوە. دژی بۆچوونەکانی کانت سەبارەت بابەتگەرێتی بە ها ڕەوشتییەکان وەستاوەو لەو باوەڕەدا بووە (بەها) زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە و نەگۆڕ نییە. مرۆڤیش (خۆ)یەکی لە جیهان بەدەر نییە، بەڵکو سەرجەمی کردەوەکانییەتی. (م. ک)

بووندا. نەبوونی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی، کە لە بۆچوونەکەی دیڵتیدا دۆزیمانەوە، بەسەر ئەم بیردۆزەیەشدا دەچەسپێت. ئێمە ناتوانین لە دواییدا شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ (ژیان) بخەینەسەری.
شیکردنەوەکە دەبێت بە پاڵپشت بۆ سەرهەڵدانی بەرگریکردن و دیاردە لەپێشترەکانی ئێمە ڕووبەڕووی بەرگریکردنەکە، وەکو شتێکی تێپەڕنەکراو دەبینەوە و دەمانەوێت ڕەتیبکەین. لەگەڵ ئەم ویستەدا شتێک ئاشکرا دەبێت، کە ویست و هاندەری کەسەکە بۆی دەچن. بۆچوونەکەیان ڕووەو شتێکی ئۆنتیکی نییە و ئەم شتە دیارینەکراوەش ئۆنتۆلۆجییانە بە هیچ دانانرێت. کاتێک بوون-لە دەرەوەدا ڕوو لە شتێک دەکات و توشی بەرگریکردن دەبێتەوە، بێجگە لە بەرەنگاریکردن چی دیکەی پێنەکرێت، هێشتا خۆی لە تەنیشت سەرجەمی شتەکانەوە دەبینێ و کاریان لەسەردەکات. لەڕاستیدا سەرجەمی شتەکان لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ هەموو ئەوانەی لە دەوروبەردایە بەرجەستەدەبێت. ئەزمونی بەرگریکردن، کە دۆزینەوەی بەرگریکردنە لەلایەن شتێکەوە هەوڵی بۆ دەدرێت، ئۆنتۆلۆجییانە لەگەڵ دەرکەوتنی جیهاندا ڕوودەدات. خەسڵەتی بەرگریکردن سەر بە هەبووەکانی نێو-جیهانە. فاکتۆرییانەش، ئەزمونی بەرگریکردن ڕەهەندی ئەو بابەتانە دیاریدەکات، کە لەنێو جیهاندا دەدۆزرێنەوە. کۆی ئەزمونەکانیش خۆدەرخستنی جیهان ناسەلمێنێت، بەڵکو جیهان دەبێت بە پێشمەرج بۆ سەرهەڵدانیان. دژایەتی، وەکو بەرەنگاری و ئەگەری ئۆنتۆلۆجی لەسەر خۆدەرخستنی جیهان ڕادەوەستێت.
[٢١١] بەرگریکردنێک لەگەڵ ئەزمونی ویست و هاندەرەوە سەرهەڵدەدات

و له خۆیەوە ڕوونادات. ویست و هاندەر شێوازی نیگەرانین. تەنیا ئەو هەبووانەی بەمجۆرە هەن بەرەنگارییانە ڕووبەڕووی شتەکانی نێو جیهان دەبنەوە. ئەگەر ڕاستەقینە بە بەرەنگاری دابنێین، پێویستە ئاوەڕ لە دوو شت بدەینەوە: یەکەم، بەرەنگاری خەسڵەتێکی ڕاستەقینەیە. دووەم: خەسڵەتی بەرەنگاریکردن پێویستی بە دەرکەوتنی جیهانە لەپێش خۆیدا. بەرەنگاری هەبووەکانی نێو جیهان دیاریدەکات، بەڵام پێش خودی جیهان ناکەوێت. ئاگامەندی لە ڕاستەقینەش جۆرێکە لە بوون-لەنێو-جیهان. هەموو گرفتێکی "جیهانی دەرەکی" بۆ ئەم دیاردە بوونگەرایەتییە دەگەڕێتەوە.

ئەگەر کۆجیتۆ (من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم) بکرێت بە خاڵی دەرچوون بۆ شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەی دازاین، دەبێت هەڵبگیردرێتەوە و ناوەڕۆکەکەشی [لەم حاڵەتەدا] پێویستی بە دڵنیابوونێکی دیاردەیی و ئۆنتۆلۆجییانەی نوێ دەبێت. دەبێت (من هەم) پێش بخرێت. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە "من لەنێو جیهانم". بەمجۆرە من دەبم بەو هەبووەی " لە ئەگەری بوونمدا بە چەند شێوازێک ڕوو لە خۆم دەکەم، بۆنموونە بە زانین، کە بوونە لەتەنیشت هەبووەکانی نێو جیهانەوە".

دێکارت، بەپێچەوانەی ئەمەوە، زانین بە بابەتی دەرەکی دادەنێت. لەگەڵ ئەمەدا (خۆ)ش، وەکو بابەتێکی دەرەکی دەکات بە هەبوویەکی بیرکەری لە جیهان بەدەر.

## جیم. ڕاستەقینە و نیگەرانی

ڕاستەقینە، وەکو چەمکێکی ئۆنتۆلۆجی، بە هەبووەکانی-نێو-جیهانەوە بەستمانەوە. ئەگەر ئەمە دروست بێت ئەوا بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان دەبن بە شێوازی ڕاستەقینە. ئەگەر لە ڕوانگەی نەریتەوە بڕوانینە جیهان ڕاستەقینە دەبێت بە بوونی ڕووتی بابەتە دەرەکییەکانی (شتەکان). بەڵام هەموو بابەتێکی دەرەکی شت نییە. ئەو سروشتەی چواردەوری داوین هەبوویەکە لەنێو جیهاندا؛ بەڵام بوونی سەر بە بابەتی بەردەستە و بە بابەتە دەرەکییەکانی (بە شتەکانی نێو سروشت)ی دانانێین. گرنگ نییە چۆن بوونی سروشت ڕاڤەدەکرێت، هەموو هەبووەکانی نێو جیهان ئۆنتۆلۆجییانە لەگەڵ جیهانبوونی جیهاندا دەدۆزرێنەوە و سەر بە دیاردەی بوون-لەنێو-جیهانن. لێرەوە بەو باوەڕە دەگەین لەنێو شێوازەکانی بوونی هەبووەکانی نێو جیهان ڕاستەقینە نابێت بە شتێکی لەپێشتر و شتێکیش نییە ئۆنتۆلۆجییانە ببێت بە خەسڵەتی جیهان یان دازاین.

[٢١٢] بۆ ئەوەی لەسەر بناخەیەکی ئۆنتۆلۆجی پەیوەندی نێوان شتەکان بناسین و کاتیگۆریانە و بوونگەرانە بیانسەلمێنین پێویستە (ڕاستەقینە) بۆ دیاردەی نیگەرانی بگەڕێنینەوە. کاتێکیش دەڵێین ڕاستەقینە ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر بوونی دازاین ڕادەوەستێت، ئەوە ناگەیەنێت، کە تەنیا لەگەڵ بوونی دازایندا ڕاستەقینە هەیە و تاکو دازاین هەبێت ڕاستەقینەش بەردەوام دەبێت.

بێگومان، تاکو دازاین هەبێت (تاکو تێگەیشتن لە بوون ئۆنتیکییانە

هەبێت) بوونیش هەیە. کاتێک دازاین نەبێت سەربەخۆیی و (لەنێو-خۆ) نابێت. لەمحاڵەتەدا ئەوەی هەیە نە تێیدەگەین نە تێیناگەین. هەبووەکانی نێو-جیهانیش نە دەدۆزرێنەوە نە دەشاردرێنەوە. ناتوانین بڵێین هەبووەکان هەن یان نین. بەڵام، تاکو تێگەیشتن لە بوون هەبێت ئەوا تێگەیشتن لە بابەتە دەرەکییەکان سەرهەڵدەدات و دەتوانین بڵێین ئەم بابەتانە بەردەوام دەمێننەوە. وەکو باسمانکرد، بوون (نەک هەبووەکان) لەسەر تێگەیشتن لە بوون ڕادەوەستێت؛ واتە ڕاستەقینە (نەک شتێکی ڕاستەقینە) بە نیگەرانییەوە بەستراوە. ئەم پەیوەندییە شیکردنەوەکەمان بۆ دازاین لە ڕاڤەکردنێکی لە ڕەخنەبەدەر بۆ هەوڵدانە بەردەوامەکەی دازاین و ئەو ڕاڤەکردنە لەنێویدا بۆ بیرۆکەی ڕاستەقینە دەبێت بە کلیل بۆ کردنەوەی بوونی دازاین.

ئەگەر ڕێگەکەمان لەو ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییە-پۆزەتیڤەوە بوونگەرانە دەستپێبکات شیکردنەوەی فاکتۆریش بۆ ئاگامەندی یان ژیان دادەمەزرێنین و جۆرە بۆچوونێک بۆ ڕاستەقینەش ناکەین بە بناخە. نابێت چەمکی ڕاستەقینە یان جەوهەرێتی بۆ ئەو هەبووانە بەکاربهێنرێن، کە دازاینن؛ ئێمە ڕوونمانکردەوە جەوهەری مرۆڤ بوونە.

ئێستاش ئەگەر بوونگەرانە لە ڕاڤەکردنەکەماندا ئەو بوونە بە نیگەرانی دابنیین و لە ڕاستەقینەی جیابکەینەوە ئەوە ناگەیەنێت شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بە کۆتایی گەیشتوە؛

ئێمە تەنیا پرسیارەکەمان سەبارەت بوون کردوە، شێوازەکانیمان باسکردوە و پرسیاریش لەسەر واتای ئەم شێوازانە سەرهەڵدەدەن:

لەگەڵ تێگەیشتن لە بوون دەتوانین خۆمان بە هەبووەکانیش بگەیەنین؛ هەروەها تێگەیشتنیش لەوێدا پەیدا دەکرێت ئەگەر هەبووەکان دازاین بن.

## ٤٤. دازاین، دەرکەوتن و ڕاستی

لە سەردەمە دێرینەکانەوە فەلسەفە ڕاستی بە بوونەوە بەستۆتەوە. پارمەنیدس یەکەم کەس بوو، کە بوونی هەبووەکانی دۆزییەوە و لەگەڵ تێگەیشتن لە بوون بە یەک شتی دانا و [69] دەڵێت؛ "بوون و بیرکردنەوە یەک شتن". [70] ئەریستۆ لە باسەکەیدا لەسەر مێژووی بنەڕەتی هەبووەکان جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکات، کە فەیلەسوفەکانی پێش

---

[69] پارمەنیدس (٤٨٠پ ز ژیاوە) فەیلەسوفێکی یۆنانی سەردەمی پێش سوکراتە. لەو باوەڕەدابوو ئەوەی هەیە بوونە و نەبوون نییە. بوون ڕاستەقینەیەکی تەنیا و ڕەهایە. لەم بۆچوونەشەوە بەو باوەڕە گەیشت، کە مادام (نەبوون) نییە و گۆڕانیش لە بوونەوە بۆ نەبوون یان لە نەبوونەوە بۆ بوونە، ئەوا گۆڕان نییە و ڕاستەقینە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە. (م. ک)

[70] پارمەنیدس لە هۆنراوە فەلسەفییەکەیدا دێری (ب٣-) بانگەشەی چوونیەکی نێوان بوون و بیرکردنەوە دەکات. ئەوەی لەنێو بیرکردنەوەدایە بوونە و خودی بیرکردنەوەش هەر بوونە چونکە هیچ شتێک لە دەرەوە یان ئەودیو بوونەوە نییە. شایەنی باسە هایدیگەر لە نوسراوەکەیدا لەسەر پارمەنیدس بەدرێژی ئەم چوونیەکییەی نێوان بوون و بیرکردنەوەی ڕوونکردۆتەوە. (م. ک) بڕوانە:
Martin Heidegger, *Parmenides*, translated by Andre Schuwer and Richard Rojcewicz, Indiana University Press, Indianapolis,1998.

ئەو لەژێر کاریگەرێتی خودی هەبووەکان زۆریان لێکراوە پرسیاری زۆرتر سەبارەت نەژاد و بنەڕەتی هەموو شتێک بکەن.[71]

[٢١٣] هەروەها خەسڵەتی ئەم فاکتۆرەش بەم شێوەیە دەردەبڕێت و "دەڵێت، بۆ پارمەنیدس بوون هەبووە، نەبوونیش نەبووە. لە بەشێکی دیکەی نوسینەکەدا دەڵێت: ئەم بیریارانە زۆریان بۆ هات لە ڕاستی بکۆڵنەوە و بەوانە ناوزەدیاندەکات، کە لەبارەی ڕاستییەوە خەریکی فەلسەفەکاری بوون و هەوڵیانداوە ئەوەی هەیە ببینرێت. لەم ڕووەوە فەلسەفە، وەکو زانستی ڕاستی پێناسکراوە.[72] بەڵام، هەمانکات فەلسەفە بەو زانستەش پێناسکراوە، کە بە دوای بوونی هەبووەکاندا دەگەڕێت.[73]

ئایا لێرەدا مەبەست لە توێژینەوەی ڕاستی و زانستی ڕاستی چییە؟ ئایا ڕاستی لە داکۆکیکردن و ئەپستمۆلۆجیدا بە هۆی ئەم توێژینەوەیەوە لەنێو بیردۆزەدا دادەمەزرێت؟ بەئاشکرا دەڵێین، نا، چونکە ڕاستی واتە شت یان ئەوەی خۆی دەردەخات. ئایا چەمکی ڕاستی چ واتەیەک دەبەخشێت ئەگەر بۆ شت یان بوون بەکاربهێنرێت؟

ئەگەر ڕاستی پەیوەندی بنەڕەتی لەگەڵ بووندا هەبێت، ئەوا دیاردەی ڕاستی لەنێو گرفتەکانی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییەوە دەردەکەوێت. ئایا ئەم

---

[71] ئەریستۆ ئەم خاڵەی لە پەرتووکەکەیدا دەربڕیوە. بڕوانە: ئەریستۆ، مێتافیزیک، وەرگێڕانی د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، بەشی ئەلفا، ل ٢٤.

[72] هەمان سەرچاوەی ئەریستۆ، بەشی ئەلفای بچوک، ل ٤٦

[73] هەمان سەرچاوەی ئەریستۆ، بەشی گاما، ل ٧٣.

گرفتەشمان لەنێو شیکردنەوەکەمان بۆ دازاین باسنەکردوە؟ ئایا ڕاستی چ پەیوەندییەکی ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییانەی لەگەڵ دازایندا هەیە لە کاتێکدا ئەو خەسڵەتە ئۆنتیکییە بە تێگەیشتن لە بوون دادەنێین؟ ئایا دەکرێت هۆکاری ئەم پەیوەندییە پێویستییەی نێوان ڕاستی لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتندا ڕوونبکەینەوە؟

ناتوانین ئەم پرسیارانە وەڵامنەدەینەوە. بەدڵنیاییەوە بوون و ڕاستی هاوتەراز ڕادەوەستن. دیاردەی ڕاستیشمان لەپێشتر باسکردوە هەرچەندە بە ئاشکرا ئاماژەمان بۆ نەکردوە. بۆ کارەندازی لە گرفتی بوون دەبێت دیاردەی ڕاستی ئاشکرا بکرێت و نابێت ئەو بەشانەی جیامانکردنەوە لەیەکیان بدەین. توێژینەوەکەمان پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ هەیە.

[٢١٤] لە توێژینەوەکەماندا لە چەمکی ڕاستییەوە لەنێو نەریتی [فەلسەفییدا] ڕێدەگرین. یەکەم، هەوڵدەدەین بناخە ئۆنتۆلۆجییەکانی چەمکەکە دەربخەین. دووەم، لەم بناخەیەوە دیاردەی ڕاستی دەردەخەین و پەیوەندی لەگەڵ بناخەکەدا ڕووندەکەینەوە. سێیەم، توێژینەوەکەمان ئەو خاڵەش ئاشکرادەکات، کە پرسیار سەبارەت (ناوەڕۆک)ی ڕاستی پەیوەندییەکی پێویستی بە پرسیار سەبارەت ئەو بوونەوە هەیە، کە ڕاستیزانە. هەروەها واتای ئۆنتۆلۆجی ئەو گوتەیەی دەڵێت،"ڕاستی هەیە" لێکدەدەینەوە. ئەو پێویستییە لە پێشترەش دەدۆزینەوە، کە گوتەکەی لەسەر دادەمەزرێت.

## ئەلف. چەمکی نەریتی ڕاستی و بنەما ئۆنتۆلۆجییەکانی

سێ جۆر تێز لەنێو نەریتدا هەن، کە خەسڵەتی ڕاستی دیاریدەکەن و پێناسیدەکەن: یەکەم،[گوایە] ڕاستی لە داکۆکیکردندایە (دەستەواژەیە)؛ دووەم، ناوەڕۆکی ڕاستی لە ڕێکەوتنی دەستەواژەکەدایە لەگەڵ بابەتەکەیدا؛ سێیەم، ئەریستۆ، کە دامەزرێنەری لۆجیکە، نەک تەنیا ڕاستی بۆ داکۆکیکردن و دەستەواژە گەیاندۆتەوە لەو باوەڕەشدا بووە ناوەڕۆکەکەی دەکەوێتە سەر ڕێکەوتنی داکۆکیکردن لەگەڵ بابەتەکەیدا.[74] ئێمە نامانەوێت باسی مێژووی چەمکی ڕاستی بکەین. ئەم کارە تەنیا لەسەر بنەمای مێژووی ئۆنتۆلۆجی دەکرێت. بەڵام شیکردنەوەکەمان لە چەند کێشەیەکی ناسراوەوە دەستیپێدەکەین. ئەریستۆ دەڵێت:

---

[74] ئەمە یەکێکە لە بیردۆزەکان لەسەر ڕاستی و بە (پەیوەندیدارێتی) یان (گونجاو لەگەڵ) ناوزەددەکرێت. بۆنموونە، ئەگەر من لە دەستەواژەیەکدا بڵێم، (پشیلەکە ڕەشە) و پشیلەکەش، کە بابەتی داکۆکیکردنەکەیە ڕەش بێت ئەوا ڕێکەوتن لەنێوان داکۆکیکردنەکەم و بابەتەکەدا دەدۆزرێتەوە و گوتەکەم لەو دەستەواژەیەدا ڕاستە، بە پێچەوانەشەوە ڕاست نییە. لێرەدا، هایدیگەر لە ئەریستۆوە ئەمجۆرە نەریتە باسدەکات، بەڵام پێش ئەریستۆ ئەفلاتون و سۆفستیەکانیش کێشەیان لەگەڵ ئەم تێزەدا هەبووە. لەبەر ئەمەشە، گومانیان لەو ڕاستییە و زانینە کردوە، کە لە ئەزمونی هەستەکیدا پەیدادەبن. شایەنی باسە، هایدیگەریش ئەم تێزە ڕەتدەکات و بۆچوونی خۆی لەسەر پێناسەکردنی ڕاستی هەیە، کە کارێکی قوڵی کردۆتە سەر فەلسەفەی هونەریش. (م. ک)

(ئەزمونەکان)ی دەروون لە (نوێنەرایەتییەکاندا) پەیوەندیدارن بە بابەتەکانەوە.[75] ئەم بۆچوونە پێناسەیەکی تەواوی ناوەڕۆکی ڕاستیمان ناداتێ و زەمینەی بۆ دامەزراندنی بیرۆکەی ناوەڕۆکی ڕاستی، وەکو چوونیەکی نێوان بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوە خۆشکردوە. تۆماس ئەکویناس، کە ئەم پێناسەیە بۆ ئیبن سینا دەگەڕێنێتەوە، لە پەرتووکەکەی ئیسحاق ئیسرائیلی سەدەی دەیەم بە ناوی (پەرتووکی پێناسەکردن) وەریگرتووە، چەمکی (چوونیەک) لەجێگەی (پەیوەندیدارێتی) و (نزیکبوونەوە) بەکاردەهێنێت.[76]

[٢١٥] ئەپستمۆلۆجی کانتییەتی-نوێی سەدەی نۆزدەهەم زۆرجار ئەم

---

[75] ئەم پەیوەندییەی نێوان تۆماس ئەکویناس و ئیبن سینا لە مێژووی فەلسەفەدا بۆ توێژینەوە

لەسەر بوون و جەوهەریش گرنگە. تۆماس ئەکویناس لەژێر کاریگەرێتی ئیبن سینا لەو باوەڕەدابووە، کە (بوون) ڕووداوە و دەخرێتە سەر جەوهەر. ئیبن سینا ئەم بۆچوونەی لە پەرتووکی (الشفا_بەشی الاهیات) دەربڕیوە. گوایە، بوونی هەموو هەبوویەک بێجگە لە خوا (ئەگەر)ە و لە کاتی ئافەریدکردنی ئەو هەبووەدا خراوەتە سەر ناوەڕۆکەکە. هەرچەندە تۆماس ئەکویناس لە نوسراوەکەیدا (لەسەر بوون و جەوهەر) زۆر سودی لەم بۆچوونە وەرنەگرتوە، بەڵام لە نوسراوێکی دیکەیدا (سوما تیۆلۆجیکا) لە بەشی (ئافەریدکردن)دا لەژێر کاریگەرێتی ئیبن سینا باسی سەرهەڵدانی هەبووەکان لەنێو جیهاندا دەکات. (م.ک)

هایدیگەریش ئاماژەی بۆ ئەم نوسراوەی تۆماس ئەکویناس کردووە:

Thomas Aquinas, *Quaestiones Disputatae de Veritate*, 9 u. I, art.i.

پێناسەیە بۆ (ڕاستی) بە دەربڕینێکی لە کارکەوتوی میتۆدی ڕیالیزمی سادە دەبینێت. لەو باوەڕەدایە لەگەڵ شۆڕشە کۆپەرنیکۆسییە- کانتییەکەدا ناگونجێت. بەڵام خودی کانت هێندە مامەڵەی لەگەڵ ئەم چەمکەدا کردوە و نەیویستوە مشتومڕی لەسەر بکات؛ برینتانۆ ئەمەی باسکردوە، بەڵام کەسی دیکە ئاوەڕی لێنەداوەتەوە.[77] ئەو پرسیارە کۆنەی دەبوایە بکرێت و لۆجیکناسەکانی توشی کێشەدەکرد ئەوەیە: ڕاستی چییە؟ لێرەدا باسکردن لەسەر ناوی ڕاستی؛ واتە ڕێکەوتنی زانین لەگەڵ بابەتەکەیدا دەبێت بەپێشبێر.[78] ئەگەر ڕاستی ڕێکەوتنی زانین لەگەڵ بابەتەکەیدا بێت پێویستە لە بابەتەکانی دیکە جیابکرێتەوە؛ زانینیش ناڕاستە ئەگەر لەگەڵ بابەتەکەیدا نەتوانێت پەیوەندی دروستبکات. کانت لە پێشەکییەکەیدا بۆ (دیالێکتیکی بەرز) دەڵێت:

---

[77] فرانز برینتانۆ (١٨٣٨-١٩١٧) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لە زانکۆکانی بەرلین، میونخ و میونیستەر خوێندویەتی. دکتۆراکەی لە زانکۆی تیوبنگن لە ساڵی ١٨٦٢ وەرگرتوە و دوایی بووە بە کەشیش. لە ساڵی ١٨٧٤ لە زانکۆی ڤیەنا دەبێت بە مامۆستای فەلسەفە. پاش ئەوە وازی لە کەنیسەی کاسۆلیک هێناوەو بە مامۆستایەتی مایەوە. دوا تەمەنی ژیانیشی لە شاری زیوریخ (سویسرا) بردۆتەسەرو لەو شارەش مردوە و نێژراوە. شایەنی باسە هایدیگەر لە تەمەنی لاوێتیدا پەرتووکەکەی برینتانوێ لەسەر واتاکانی بوون لە فەلسەفەی ئەریستۆدا خوێندۆتەوە و کاری تێکردوە. برینتانۆ ئەم پەرتووکەی لە ساڵی ١٨٦٢ دا بڵاوکردۆتەوە. (م. ک)

[78] Immanuel Kant, *Critique of Pure Reasan*, p. 82.

"ڕاستی و وەهم لەنێو بابەتی نێو ئەزمونەکەدا نین، بەڵکو لەنێو داکۆکیکردنەوەکەدا و لەنێو بیردا سەرهەڵدەدەن." [79]

بێگومان دیاریکردنی ڕاستی لەسەر(ڕێکەوتن) و(گونجاندن) یان نزیکبوونەوە(هۆمۆیۆسس) زۆر گشتی و لە ناوەڕۆک بەدەرە. بەڵام دەکرێت بەگونجاو دابنرێت ئەگەر بتوانێت بێلایەن لەنێو ڕاڤەکردنەکاندا خۆی بهێڵێتەوە. ئێستاش، ئێمە هەوڵدەدەین لە بنەماکانی ئەم 'پەیوەندییە' بکۆڵینەوە. ئایا لە ڕووی تاکتیکییەوە چی لە دەرخستنی پەیوەندییەکەدا لەنێوان زانین و بابەتەکەدا هەیە؟ ئەم دەرکەوتنەی [پەیوەندی نێوان زانین و بابەتەکە] چ خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجی هەیە؟ ئایا، بەگشتی، چۆن بیر لە واتای پەیوەندی(ڕێکەوتن) دەکرێتەوە؟ ڕێکەوتنی نێوان دوو شت پەیوەندییەکی فۆرمەڵی نێوانیان دیاریدەکات.

لەمڕووەوە، هەموو ڕێکەوتنێک و ڕاستییەک دەبێت بە پەیوەندی. هاوکات هەموو پەیوەندییەک ڕێکەوتن نییە. هێمایەک ئاماژە بۆ شتێک دەکات ئەو ئاماژەکردنە پەیوەندییە، بەڵام ڕێکەوتن نییە. ئاشکراشە هەموو ڕێکەوتنێک گونجاندن لەنێو پێناسەکەدا بۆ ڕاستی هەڵناگرێت. ژمارە شەش لەگەڵ(١٦-١٠) ڕێدەکەوێت. ئەم ژمارانەش ڕێدەکەون؛ لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکەدا "چەند دەکات؟" یەکسانن. یەکسانی جۆرێکە لە ڕێکەوتن. پەیوەندی لەنێو بونیادەکەیدا دەردەکەوێت. لە گونجاندنیشدا پەیوەندی دەدۆزرێتەوە؛ ئایا لەسەر چی ڕێدەکەون؟ لە ڕوونکردنەوەی

---

[79] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

(پەیوەندیِ ڕاستی)یدا دەبێت بزانین چەمکی پەیوەندی چ خەسڵەتێکی هەیە. چ پەیوەندییەک لەنێوان زانین و بابەتەکەیدا هەیە؟ ئایا لەنێو جۆری بوون و ناوەڕۆکەکەیاندا ڕێکەوتنەکەمان بۆ ئاشکرادەکەن؟ ئەگەر یەکسانی بیرکردنەوە و بابەتەکەی، لەبەر ئەوەی دوو هەبووی جیاوازن، مەحاڵ بێت، ئایا دەتوانین بڵێین، لەیەکدی دەچن؟ بەڵام زانین بابەتەکە ناگۆڕێ و وەکو خۆی ئاشکرایدەکات. ئەم ڕێکەوتنە خەسڵەتی پەیوەندی (وەکو ئەوشتە) هەیە. چۆن ئەم پەیوەندییە دروستدەبێت؟

لەم پرسیارانەوە تێدەگەین، کە بڕیاردانی پێشوەخت لەسەر پەیوەندی بۆ ناسینی بونیادی ڕاستی هەموو شتێک نییە. پێویستە بۆ دواوە بگەڕێینەوە و لەسەر زەمینەی بوون، کە دەبێت بە پاڵپشت بۆ سەرجەمی پەیوەندییەکە، توێژینەوەکەمان بخەینەگەڕ.

[٢١٦] پێویست دەکات ئێمە گرفتەکە ئەپستمۆلۆجییانە سەبارەت پەیوەندی نێوان خۆ و بابەت باسبکەین یان ڕاڤەکردنەکەمان تەنیا جەخت لەسەر ڕاستی نێو ئاگامەندی بێت و لەنێو چوارچێوەی (خۆ)دا بمێنێتەوە؟ بەگوێرەی بیروڕای گشتی، ڕاستی زانینە. بەڵام زانین داکۆکیکردنە. لە دەستەواژەدا دەبێت ئەوەی داکۆکیلێدەکرێت لە خودی داکۆکیکردنەکە، وەکو پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی ناوەکی[دەروونی] جیابکرێتەوە. هەروەها ئەوەی داکۆکیلێکراوە بە ڕاست دادەنرێت. پرۆسە دەروونییە ڕاستەقینەکەش بابەتێکی دەرەکییە یان ئەو نییە. بەگوێرەی ئەم بیروڕایەش، ناوەڕۆکی داکۆکیکردنەکە [مادام ڕاستە] لەگەڵ بابەتەکەیدا ڕێدەکەوێت. ئەم پەیوەندییە ناوەڕۆک و بابەتەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئایا ئەم ڕێکەوتنە ڕاستەقینە یان ناڕاستەقینەیە یان

هیچیان نییه؟ ئایا چۆن ئۆنتۆلۆجییانه پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکێکی نێو بیر و بابەتێکی ڕاستەقینەی دەرەکی دیارییبکەین؟ بێگومان ئەم پەیوەندییە بەرقەرار دەبێت؛ لە دەستەواژەی فاکتۆریشدا تەنیا لەنێوان بیرۆکە و بابەتەکەدا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەنێوان ناوەڕۆکە بیرۆکەییەکە و داکۆکیکردنە ڕاستەقینەکەشدایە. ئایا پەیوەندییەکە لەنێو داکۆکیکردنەکەدا دەمێنێتەوە؟ ئایا پێویست ناکات ئۆنتۆلۆجییانە ئەم پەیوەندییەی نێوان بیرۆکە و ڕاستەقینە بدۆزینەوە؟ لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییەکە دەبێت بەردەوام بێت. ئایا 'مانەوە' ئۆنتۆلۆجییانە چ واتایەکی هەیە؟

[٢١٧] بۆچی ئەمە پرسیارێکی ڕەوا نەبێت؟ ئایا بە ڕێکەوت بە درێژایی دووهەزار ساڵ ئەم ڕێگەیە نەدۆزراوەتەوە؟ ئایا ڕێگاکە لە کاتی دۆزینەوەیدا گۆڕاوە و ئۆنتۆلۆجییانە هیچ جیاوازییەک لەنێوان بیرۆکە و ڕاستەقینەدا دانەنراوە؟ ئایا جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی داکۆکیکردن لەگەڵ خودی داکۆکیکردنەکەدا ڕەوایە؟ ئایا بیرۆکەی نێو داکۆکیکردن و داکۆکیکردن ئۆنتۆلۆجییانە دوو شتی جیاوازی هەمیشە لەیەکدی دابڕاو نین؟ ئایا وەستانی سایکۆلۆجیزم دژی ئەم دابڕانە نادروستە، هەرچەندە ئۆنتۆلۆجییانەش ڕوونی ناکاتەوە؟

ئەگەر بۆ جیاوازی نێوان داکۆکیکردن و ناوەڕۆکی بگەڕێینەوە پێویستە باسەکەمان ڕوو لەو پرسیارە سەبارەت بوونی 'ڕێکەوتن' نەکات؛ دەبێت جەخت لەسەر بوونی زانین بکات. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت باسی ئەو هەبووە بکەین خەسڵەتی زانینی هەیە و دیاردەی ڕاستییە. کەی ڕاستی لەنێو زانینیدا پەیدا دەبێت؟ ئەو کاتەی زانین بانگەشەی ڕاستی دەکات.

لەگەڵ دامەزراندنی خۆیدا ڕاستییەکەش دەردەخات. ئەمەش ناوەڕۆکی دامەزراندن و سەلماندنە، کە تیایدا پەیوەندی ڕێکەوتنەکە دەبینرێت. ئێمە ڕێگە دەدەین کەسێک پشتی لە دیوارێەکە بێت و بڵێت، تابلۆکە بەسەر دیوارەکەدا بە خۆاری هەڵواسراوە.
ئەم دەستەواژەیە لەوێدا داکۆکی لە ڕاستی دەکات، کە کەسەکە ئاوەڕ بۆ دیوارەکە بداتەوە و تابلۆکە بەسەر دیوارەکەوە بەخواری ببینێت. چی لەم سەلماندنەدا دەبینرێت؟ ئایا واتای 'دڵنیابوون' لەم داکۆکیکردنەدا چییە؟ ئایا جەخت لەسەر ڕێکەوتنێک لە نێوان زانینەکە یان ئەوەی دەیزانین و بابەتی سەردیوارەکە دەکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرێ و نەرێیە؛ دەکەوێتە سەر ڕاڤەکردنمان بۆ چەمکی "ئەوەی دەیزانین". ئەگەر ئەو کەسە بەبێ ئەوەی تەماشای دیوارەکەی کردبێت و تابلۆکەی بینیبێت، تەنیا بیرۆکەکەی هەبێت، چ پەیوەندییەک دروستدەکات؟ ئایا پەیوەندییەکەی لەگەڵ بیرۆکەکەیدایە؟ بێگومان، نا بەتایبەتی کاتێک نوێنەرایەتی ئاماژە بۆ پرۆسەیەکی دەروونی بکات. نوێنەرایەتییەکەشی لەوەدا نییە، کە ئاماژە بۆ شتێکی ڕاستەقینە لەسەر دیوارەکە بکات. بەڵام داکۆکیکردن، کە نوێنەرایەتیکردنە پەیوەندی بە تابلۆ ڕاستەقینەکەی سەر دیوارەکەوە هەیە. ئەوەی کەسەکە بیریلێدەکاتەوە بێجگە لە تابلۆیەکی ڕاستەقینە چی دیکە نییە.
[٢١٨] سەلماندن ڕێگەیەکی بوونە بەرەو ئەو شتەی هەیە. ئایا کەسێک بە هەستکردن چی دەسەلمێنێت؟ بێجگە لەوەی، کە ئەو شتە ئەوەیە لە بیرکردەنەوەدا دەسەلمێنرێت چی دیکە نییە.

ئەوەی لە سەلماندنەکە لەلایەن بوونێکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەو شتەیە لە سەلماندنەکەدا دەرکەوتوە؛ کەوابوو، دڵنیابوونەکە لە ئاشکراکرادنی هەبوویەکی ڕووتێکراوە. سەلماندنەکەش داکۆکیکردنی ئەو هەبووەیە شتەکە ئاشکرادەکات. لەم سەلماندنەدا زانین پەیوەندییەکی تاکرەوانەی لەگەڵ شتە زانراوەکەدا دروستدەکات و سەلماندنەکە پەیدادەبێت. بابەتەکەی نێو بیرۆکەکە، وەکو بابەتێک لەنێو خودی خۆیدا دەردەکەوێت؛ واتە هەبوویەکە، وەکو خۆی و ئەوەشە لە داکۆکیکردنەکەدا بوونی ئاشکرا دەکرێت. نوێنەرایەتیکردنەکان لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ ئەو بابەتانەی نوێنەرایەتی دەکەن بەراوردناکرێن. ئەوەی دەسەلمێنرێت ڕێکەوتنی بیرۆکە و بابەتەکانی نییە. تەنانەت ڕێکەوتنی ناوەڕۆکەکانی نێو ئاگامەندیش ناگرێتەوە. ئێمە ئەو هەبووەی ئاشکرا نییە لە سەلماندنەکەدا ئاشکرایدەکەین. لە ئاشکراکردنەکەش دڵنیادەبین لە کاتێکدا بابەتەکە لە سەلماندنەکەدا دەردەکەوێت. سەلماندنەکە دەریدەخات هەبووەکە بەو شێوەیەی هەیە خۆی ئاشکرا کردوە.[80] خۆدەرخستنی هەبووەکە سەلماندن مسۆگەر دەکات. ئەمەش لەوێدا دادەمەزرێت، کە ئەو زانینەی داکۆکیدەکات و دەسەلمێنرێت، بە واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی، بوونێکە ڕوو لە هەبووە ڕاستەقینەکان بکات و ئاشکرایان بکات. ڕاستی داکۆکیکردن دەرخستنی هەبووەکە، وەکو خۆی

---

[80] بۆ بیرۆکەی (سەلماندن) و (وەکوخۆیەتی) بڕوانە نەسراوەکانی هوسرڵ:
*Logische Untersuchungen*, vol. 2, Rart 2, *Untersuchung*, 4, section 36-39, p.115 ff.

دەسەلمێنێت. داکۆکیکردنە لەسەر ئاشکراکردنی هەبووەکە تاکو بناسرێت. بە ڕاستیبوونی-داکۆکیکردن ئاشکرا-بوونە. کەوابوو، ڕاستی بونیادی ڕێکەوتنی لەنێوان بیرۆکە و بابەتەکەیدا نییە.

[٢١٩] بەڕاستی-بوون، وەکو ئاشکرا-بوون ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر بنەمای بوون-لەنێو-جیهان دروستدەبێت. دیاردەی بوون-لەنێو-جیهان، کە بە بونیادێکی بنەڕەتی دازاینمان دانا، بناخەی ڕاستییە. لێرەدا ئەم خاڵەش بەدرێژی باسدەکەین.

## با. دیاردەی سەرەکی ڕاستی و خەسڵەتی دەرهێنراوی چەمکی ڕستی لەنێو نەریتدا

بوونی ڕاستی واتە ئاشکرا-بوون. ئایا ئەمە پێناسەیەکی بێبناخە نییە؟ بەم پێناسەیە دەتوانین بیرۆکەی ڕێکەوتن بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی لەناوبەرین. ئایا بەم کارە نەریتە 'چاکە' کۆنەکەش ناڕوخێنین؟ هەڵبەتە پێناسەکەمان بەبێ بناخە دادەنرێت، بەڵام ئەو ڕاڤەکردنە پێویستەشی تێدایە، کە فەلسەفەی کۆن و نەریتی بۆی چووە و پێش-فینۆمینۆلۆجییانەش هەوڵی تێگەیشتنی داوە. بەڕاستی-بوونی (لۆگۆس)، وەکو ئاشکرابوون بەو شێوەیەی [هەبوویەک] خۆی دەردەخات بۆ ئەوەی بناسرێت، ڕاستییە (ئەلەتیا). ئەمەش ئەریستۆ بە (پراگما) و (فینۆمینە)ی دادەنێت و لە دەقەکەی سەرەوەدا بە هەبووەکان-لەنێو-خۆیاندا ناوزەدمانکرد. بە ڕێکەوتیش لەنێو دەقێکی هیراکلیتسدا، کە کۆنترین دەقی فێرگەیەکی فەلسەفییە، مامەڵە لەگەڵ (لۆگۆس)دا کراوە و دیاردەی

ڕاستی بە دەرکەوتن پێناسکراوە. ئەوانەی لەمە تێناگەن ڕووبەڕووی لۆگۆس دەبنەوە و تێیاندەگەیەنێت. لۆگۆس بۆیان باسدەکات چۆن هەبووەکان هەن. بەپێچەوانەشەوە، ئەوانەی تێناگەن و هەموو ئەو هەبووانەی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە فەرامۆش دەکەن. کەوابوو، ئاشکراکردن (ئەلەتیا) خەسڵەتی لۆگۆسە. بۆ پێناسەکردنی 'ڕاستی' و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی بیردۆزەییانە بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی دەبێت واتای ڕاستی، وەکو بەڵگەنەویست، کە یۆنانییەکان دایانمەزراندوە و بۆچوونە پێش-فەلسەفییەکەیان بۆ چومکی (ئەلەتیا)، باسبکەین. بۆ ئەم کارە دەبێت هیچ چەمکێکی نادیار یان پەیوەندیدار بە نادیارگەرییەوە بەکارنەهێنین. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەرکی فەلسەفە پاراستنی هێزی چەمکە بنەڕەتییەکانە، کە دازاین لە ڕیگەیانەوە بوونی خۆی دەردەبڕێت.

[٢٢٠] ئێستا باسەکەی پێشومان لەسەر (لۆگۆس) و (ئەلەتیا) چاکتر دامەزراوە. پێناسەکەمان بۆ ڕاستی بناخەی نەریت هەڵناتەکێنێت، بەڵکو هەوڵی تێگەیشتنی دەدات؛ ئەمەش باشتر ڕوودەدات ئەگەر بتوانین بیسەلمێنین بیرۆکەی ڕێکەوتن یەکێکە لەو بناخانەی بیردۆزەکە بۆ دیاردەی ڕاستی بەکاریدەهێنێت. هەروەها، "پێناسەکردنی ڕاستی"، وەکو ئاشکرابوون، تەنیا ڕوونکردنەوەی واتای چەمکەکە نییە. چەند ڕێگەیەک لە هەوڵدانەکانی دازایندا بۆ تێگەیشتن لە بوونی خۆی هەن ئێمە بە 'ڕاستی' ناوزەدیاندەکەین؛ پێناسەکەمان لەنێو شیکردنەوەی ئەمانەدا سەرهەڵدەدات. بەڕاستی-بوون، وەکو ئاشکرا-بوون شێوازی بوونی دازاینە. گرنگترین دیاردەی ڕاستی یەکەمجار لەگەڵ بناخەکانی ئاشکراکردنی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجییانەدا دەردەکەوێت.

ئاشکرا-بوون بۆ بوون-لەنێو-جیهان شێوازی بوونە. تەماشاکردنی دەوروبەر بە نیگەرانییەوە یان تەماشاکردنێکی بێ باکانەش بابەتەکانی نێو جیهان ئاشکرادەکات. ئەو بابەتانە دەبن بە ئەوانەی ئاشکرابوون. بە واتایەکی دیکە ڕاستن. ئەوەی لە بنەڕەتەوە ڕاستە- بۆ دازاین ئاشکرابوونە. 'ڕاستی' بە واتایەکی دیکە 'ئاشکرایی-بوون' نییە، بەڵکو ئاشکرا-کراوە.[81]

[۲۲۱] لە شیکردنەوەکەماندا بۆ جیهانێتی جیهان و هەبووەکانی نێو جیهان باسمانکرد، کە دەرکەوتنی هەبووەکان لەنێو جیهاندا بۆ دەرکەوتنی خودی جیهان دەگەڕێتەوە. دەرکەوتنیش خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوونی دازاینە 'لەوێدا' و لە پێکهاتەی مەزاج، تێگەیشتن و گوتاردایە و ڕوو لە جیهان، بوون-لەنیو یان (خۆ) دەکات. نیگەرانی، لە بونیادەکەیدا، پێش خۆی دەکەوێت، بوونە لەنێو جیهان و لەگەڵ هەبووەکاندا؛ لەنێو ئەم بونیادەدا دازاین شاراوەتەوە. ئاشکراکردن لەگەڵ ئەو هەروەها لەنێو ئەودایە؛ کەوابوو، ڕاستی لەگەڵ بوونی دازایندا سەرهەڵدەدات. لەپێشتر باسی پێکهاتەی بوونگەرانەی (ئەوێ)مانکرد. بەو ڕادەیەی دازاین خاوەنی خۆدەرخستنی بوونی خۆیەتی، وەکو شتێکی

---

[81] ئاشکرا-بوون و ئاشکرا-کراو دوو چەمکی جیاوازن. دووەمیان ڕۆڵی سەرەکی بکەرێک بۆ ئاشکراکردنەکە یان ئاشکرابوون دیاریدەکات. هایدیگەر جەخت لەسەر چەمکی دووەمیان دەکات تاکو ڕۆڵی سەرەکی مرۆڤ بۆ دامەزراندنی (ڕاستی) باسبکات. بۆ ئەو ڕاستی بەبێ بوونی دازاین لەنێو جیهاندا نییە. (م. ک)

'ڕاست' خۆی دەردەخات و هەبووەکان ئاشکرادەکات. دازاین "لەنێو-ڕاستیدایە".

ئەم داکۆکیکردنەش ئۆنتۆلۆجییانە واتای هەیە. مەبەستمان ئەوە نییە دازاین ئۆنتیکییانە هەمیشە یان زۆرجار هەموو ڕاستییەکان دەناسێت. بەڵکو دەرخستن سەر بە پێکهاتە بوونگەرایەتییەکەیەتی. ئەگەر ئاکامەکانی توێژینەوەکەمان پەسەندبکەین، واتای تەواوی بوونگەرانەی ئەو بنەمایەی (دازاین لەنێو ڕاستیدایە) لەسەر ئەم بۆچوونانە ڕادەوەستێت؛

یەکەم، بەگشتی ئاشکرا-بوون بۆ بارودۆخی بوونی دازاین دەگەڕێتەوە. باوەش بەسەرجەمی بونیادی ئەم بوونە دەکات، کە بە دیاردەی نیگەرانییەوەیە. نیگەرانیش بە تەنیا پەیوەندی بە بوون لەنێو-جیهاندا نییە و بۆ هەبووەکانی نێو جیهانیشە. ئاشکرابوونی ئەم هەبووانە هاوتەراز لەگەڵ دەرکەوتنی بوونی دازایندا گرنگە.

دووەم، 'فڕێدان' سەر بە بارودۆخی بوونی دازاینە؛ پێکهاتەی دەرکەوتنی بوونیەتی. فڕێدان ئەوە بەرجەستەدەکات، کە دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی منە لەوێدا و لەگەڵ هەبووەکان لەنێو-جیهاندایە. دەرکەوتن فاکتۆرییە.

سێیەم، 'پڕۆژەدانان' سەر بە بارودۆخی بوونی دازاینە و کردنەوەی بوونێتی بەرەو تەواناییەکانی. دازاین تێگەیشتنە و دەتوانێت لەبەر ڕۆشنایی جیهان و بوونی کەسانی دیکەدا یان لەبەر ڕۆشنایی تەواناییەکانی-بۆ بوون لە خۆی تێبگات.

تێگەیشتنی لەبەر ڕۆشنایی تەواناییەکانی بۆ بوون خۆدەرخستنێکە و دیاردەی ڕاستی لەنێو شێوازی بوونی ڕەسەنانەیدا ئاشکرادەکات.

[٢٢٢] گرنگترین و ڕەسەنترین تەوانایی-بوونی دازاین دەرخستنی ڕاستی بوونە. ئەمەش لەنێو توێژینەوە بونگەرایەتییە-ئۆنتۆلۆجییەکەدا دادەمەزرێت.

چوارەم. 'کەوتن' سەر بە بوونی دازاینە. لە نزیکەوە و زۆربەی کات دازاین لەنێو جیهانیدا گومبووە. تێگەیشتنیشی، وەکو پرۆژە بەسەر ئەگەرەکانی بوونییەوە لەوێدا ڕووی لەلایەکی دیکە کردوە. نوقمبوونی لەنێو (ئەواندا)، ئەوە دەگەیەنێت ڕاڤەکردنی (ئەوان) بۆ شتەکان بوونی ئەوی داگیرکردوە. ئەوەی دەرکەوتوە و ئاشکرا بووە لەنێو گوتاری لەکارکەوتو، خۆ تێهەڵقورتاندن و ئاڵۆزیدا شاراوتەوە. بوون-ڕووەو-بابەتەکان لەناونەچووە، بەڵکو بە ڕەگەوە هەڵکێشراوە. هەبووەکانیش بەتەواوی شاراوە نین و دەرکەوتوون، بەڵام ڕوخساریان گۆڕاوە و بە ژاکاوی خۆیان دەرخستوە.

ئەوەی لەپێشتر ئاشکرا بووە جارێکی دیکە دەشاردرێتەوە و ڕووی دەرناخات. مادام دازاین 'کەوتنە' ئەوا بارودۆخی بوونیشی لەنێو (نا-ڕاستیدا)یە.

لێرەدا چەمکی ناڕاستی، وەکو کەوتن ئۆنتۆلۆجییانە بەکاریدەهێنین. ئەگەر بمانەوێت لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەماندا جێگەی بکەینەوە دەبێت ئۆنیکییانە و نێگەتیڤانە بەهای بۆ دانەنێین.

خۆدەرخستن و شاردنەوە سەر بە فاکتۆری دازاینن. هەروەها، واتای دەستەواژەکانی (دازاین لەنێو ڕاستیدایە) و (دازاین لەنێو ناڕاستیدایە) لە

شیکردنەوە بوونگەرانە-ئۆنتۆلۆجییەکەماندا یەک تەراز گرنگ ڕادەوەستن. لەوێدا دازاین خۆی دەردەخات، کە دەرنەکەوتبێت؛ ئەو هەبووانەی لەگەڵ بوونی دازایندا ئاشکرادەکرێن هەمانکات دەشاردرێنەوە و ڕوخسار دەگۆڕن.

کەوابوو، گرنگە دازاین ببێت بە خاوەنی هەبووە ئاشکراکراوەکان و لە ژاکاوی و ڕوخسارگۆڕین و شاردنەوە بیانپارێزێت. دۆزینەوەی نوێ لە شاردنەوەیەکی تەواوەوە پەیدانابێت، خاڵی دەرچوونەکەی لە ئاشکراکردنێکەوە دەستپێدەکات، کە لە شێوازی ژاکاویدایە. هەبووەکان، وەکو ئەوەن... وایە، هەیانە، بەو جۆرە هەن، وادەرکەوتوون کەچی هێشتا بەتەواوی ڕوخساری خۆیان نیشاننەداوە.

ڕاستی (ئاشکرا-بوون) هەمیشە ڕوو لە هەبووەکان دەکات. هەبووەکان ئاشکرادەکرێن. ئاشکراکردنی فاکتۆریانەی هەموو شتێک هەمیشە، وەکو ڕووتکردنەوەیە.

ئایا لەخۆڕا یۆنانییەکان چەمکی (ئەلەتیا) بۆ جەوهەری ڕاستی دادەنێن؟ ئایا دازاین لە تێگەیشتنی سەرەتایی بوونی خۆیدا لە چەمکی تێگەیشتندا لە بوونی خۆی تێناگات (گرنگ نییە پێش-ئۆنتۆلۆجییانە بێت) و ئەوە دەرناخات، کە بوون-لەنێو-ناڕاستیدا خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوونە-لەنێو-جیهاندا؟

[٢٢٣] ئەو خوداوەندەی ڕاستی بەپارمەنیدس ناساند دوو ڕێگەی دەرکەتن و شاردنەوەی لەبەردەم دادەنێت؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دازاین لەنێو ڕاستی و ناڕاستیدایە. ڕێگەی دەرکەتن لە تێگەیشتنی

جیاوازی لەنێوانیاندا و بڕیاردان لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە دەدۆزرێتەوە.[82]

بارودۆخی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی فاکتۆری بوون-لەنێو-جیهان و (لەنێو-ڕاستی) و(لەنێو-ناڕاستی) دەکەوێتە سەر پێکهاتەی بوونی دازاین، کە خەسڵەتی پرۆژەیەکی فرێدراوی هەیە. ئەمەش پێکهاتەی بونیادی نیگەرانییە.

ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییە-ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ دیاردەی ڕاستی دەریدەخات: یەکەم، ڕاستی بە واتا گرنگەکەی دەرخستنی دازاینە، کە تیایدا ئاشکرابوونی هەبووەکانی نێو-جیهان ڕوودەدات؛ دووەم، دازاین لەنێو ڕاستی و ناڕاستیدایە. لەنێو ڕاڤەی نەریتی بۆ دیاردەی ڕاستی ئەم خاڵانە نادۆزینەوە تاکو نیشانی نەدەین، کە: یەکەم، ڕاستی، وەکو ڕێکەوتن لەنێو دەرکەوتندایە و شێوازی خۆی هەیە؛ دووەم، ئەو هەبووەی سەر بە دەرکەوتنە لە شێوازەکەیدا، کە یەکەمجار دەبینرێت ڕێگە بۆ بیردۆزەی بونیادی ڕاستی خۆشدەکات.

---

[82] پارمەنیدس بانگەشەی ئەوەی کردوە، کە بۆچوونە فەلسەفییەکەی بەرهەمی ئەزمونێکی گیانەکییە و خوداوەند ئەو ڕاستییەی فێرکردوە. شایەنی باسە ئەمجۆرە بانگەشەکردنە لەو سەردەمەدا لەلایەن چەند بیریارێکی دیکەوە، وەکو پیتاگۆراس و ئەمپادۆکلیس کراوە. ئەمپادۆکلیس، بۆنموونە، لەو باوەڕەدابووە، کە خاوەنی زانینی پیرۆزە و دەتوانێت دیاردە سروشتییەکانی، وەکو باوباران بوەستێنێت. پیتاگۆراسیش خۆی بە پیرۆز داناوە و دواجاریش ڕۆمانییەکان بە کوڕی خوا (ئەپۆلۆ) دایاننناوە. هەروەها، هایدیگەر بۆ گوتەکەی پارمەنیدس ئاماژە بۆ پەرتووکە بەنرخەکەی (کارڵ ڕاینهارد) دەکات، کە لە ساڵی ١٩١٦ دا بڵاوکرایەوە. (م. ک)

داکۆکیکردن و بونیادەکەی (لە وشەی، وەکو ئەو...) لە ڕاڤەکردن و بنەما هێرمینۆتیکییەکەی (وەکو...) هەروەها تێگەیشتنی دازاین لە خۆدەرخستنیدا دەدۆزێتەوە. بەهەرحاڵ ڕاستی بە خەسڵەتێکی تایبەتی داکۆکیکردن دادەنرێت. ڕەگوڕیشەی ڕاستی لە داکۆکیکردنیشدا لە تێگەیشتندایە. [83] لەسەرو ئەمانەوە، دیاردەی (ڕێکەوتن) دەبێت بە شێوەیەکی دەرهێنراو دابنرێت و باسبکرێت.

[٢٢٤] بوونمان لەگەڵ هەبووەکان-لەنێو-جیهاندا نیگەرانییە. ئەمەش ئەو بوونەیە، کە شتەکان ئاشکرادەکات. گوتاریش لە بنەڕەتەوە سەر بە دەرکەوتنی دازاینە.[84] دازاین بوونی خۆی دەردەبڕێت: بوونی خۆی ڕووەو هەبووەکان و ئاشکراکردنیان دیاریدەکات. لە داکۆکیکردنەکەیدا بوونی خۆی و هەبووە ئاشکراکراوەکان بەرجەستەدەبن. داکۆکیکردن (چۆن)ی ئاشکراکردنی هەبووەکان ڕادەگەیەنێت. دازاین لەم ڕاگەیاندنەدا لە ئاشکرابوونی هەبووەکان، کە باسیاندەکات ئاگادار دەبێتەوە. داکۆکیکردنێکی دەربڕاو سەبارەت هەبوویەکە و لەنێویدا شتێک لە بارەی ئەو هەبووەوە ئاشکراکراوە. ئاشکرابوونەکە لەنێو دەربڕینەکەدا دەپارێزرێت. ئەوەی دەردەبڕێت دەبێت بە بابەتێکی بەردەستی-نێو-جیهان و جارێکی دیکە دەتوانین باسیبکەین. لەبەر ئەوەی شتە ئاشکراکراوەکە پارێزراوە ئەوەی دەریدەبڕین لەنێو خۆیدا پەیوەندی بەو

---

[83] بڕوانە پارچەی ٣٣، ١٥٣ (داکۆکیکردن شێوازێکی دەرهێنراوی ڕاڤەکردنە).

[84] پارچەی ٣٤، ١٦٠.

هەبووانەوە هەیە، کە داکۆکیکردنەکەیان لەسەر دەکرێت. هەموو ئاشکرابوونێک ئاشکراکردنی شتێکە. ئەگەر دازاین گوتەی کەسێکی دیکەش دووبارەبکاتەوە ڕوو لەو هەبووانە دەکات، کە باسکراون. جارێکی دیکە ئەو هەبووانە ئاشکراناکات و لەو باوەڕەشدایە، کە پێویست نەکات ئەو کارەبکات.

پێویست ناکات دازاین لە ئەزموونەکانیدا ڕووبەڕووی شتەکان ببێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بوونێکە، کە ڕوو لە شتەکان دەکات. زۆرجار ئاشکرابوونەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە[ئەزمونی] دازاینەوە نییە و لە کەسانی دیکەی دەبیسێت. نوقمبوونیش لەنێو ئەو باسانەدا خەسڵەتێکی بوونی (ئەوان)ە. شتە دەربڕاوەکە دەبێت بە دۆزینەوەی لەنێو داکۆکیکردندا. ئەگەر [بمانەوێت] بەتەواوی ببین بە خاوەنی شتە ئاشکراکراوەکە دەبێت بیسەلمێنین ئێمە داکۆکیکردنەکەمان دامەزراندوە. بەڵام داکۆکیکردنە دەربڕاوەکە دەبێت بە بابەتێکی بەردەست و شتێکی ئاشکرابوو تیایدا دەپارێزرێت. پەیوەندیشی بە هەبووە ئاشکراکراوەکانەوە هەیە. بۆ ئەوەی بیسەلمێنین شتێک ئاشکرادەکات دەبێت پەیوەندییەکەی بە شتە ئاشکراکەوە دامەزرێنین. داکۆکیکردن، وەکو بابەتێکی بەردەستە. ئەو هەبووانەی تیایدا ئاشکرادەبن بابەتی بەردەست یان بابەتی دەرەکین لەنێو-جیهاندا. پەیوەندییەکەشیان، وەکو بابەتێکی دەرەکی دەردەکەوێت و دەریدەخات ئەوەی لە داکۆکیکردندا ئاشکرابووە و پارێزراوە لە هەموو حاڵەتێکدا ئاشکرابوونی شتێکە. کانت گوتەنی (ئەوەی لەنێو دەستەواژەدایە سەر بە بابەتەکەیە). بەڵام لێرەدا، کاتێک پەیوەندییەکە دەگۆڕین بە پەیوەندی نێوان بابەتە دەرەکییەکان،

خودی پەیوەندییەکەش دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی. ئاشکراکردنی شتێک دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی سەر بە بابەتێکی دەرەکی. داکۆکیکردنێکی دەربڕاو-دەبێت بە شتێکی دیکە، کە بابەتێکی دەرەکی و هەبوویەکە داکۆکی لێدەکرێت. ئەگەر ئەم سەلماندنە پەیوەندییەک لەنێو بابەتە دەرەکییەکان بێت ئەوا دەبێت بە ڕێکەوتن لەنێوان دوو بابەتی دەرەکیدا یان ڕێکەوتنی بابەتێکی دەرەکی لەگەڵ خۆیدا.

[٢٢٥] لەگەڵ دەربڕینی داکۆکیکردندا ئاشکرابوونی هەبووەکە دەبێت بە بابەتێکی-بەردەست-لەنێو-جیهاندا. لەم ئاشکرابوونەدا، کە ئاشکرابوونی هەبوویەکە، پەیوەندیش لەگەڵ بابەتی دەرەکیدا دەمێنێتەوە. ئاشکرا بوونەکە (ڕاستی) دەبێت بە پەیوەندی نێوان بابەتەدەرەکییەکانی (وەکو بیرکردنەوە و بابەتەکەی)، خودی پەیوەندییەکەش بابەتی دەرەکییە. هەرچەندە لەسەر دەرکەوتنی دازاین دادەمەزرێت، دیاردەی بوونگەرانەی ئاشکرابوون دەبێت بە خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی بەبێ ئەوەی پەیوەندیدارێتی خۆی گومبکات؛ پەیوەندییەکەشی دەبێت بەدەرەکی. ڕاستی، وەکو دەرکەوتن و بوون-ڕووەو-ئاشکراکردنی هەبووەکان، دەبێت بە ڕێکەوتن لەنێوان هەبووەکاندا، کە بابەتی دەرەکین و لەنێو جیهاندان. لەمەوە خەسڵەتی چەمکی ڕاستی لەنێو نەریتە کۆنەکەدا ئۆنتۆلۆجییانە دەردەهێنین.

ئەوەی ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانە پێکەوە گرێدراون و دەبن بە بناخەی فاکتۆر و بوونە ئۆنتیکییەکان نزیکترین شتە لە ئێمەوە. پێویستی ئەم فاکتۆرە دەکەوێتە سەر بوونی دازاین. دازاین، بەنیگەرانییەوە، لە ڕوانگەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەبووەکانی نێو جیهاندا لەبوونی خۆی

تێدەگات. ئەو ئاشکرابوونەی لە ئاشکراکردندایە لەنێو جیهاندایە و دەردەبڕێت. تەنیا ڕووبەڕووبوونەکە لەگەڵ ڕاستیدا، وەکو بابەتێکی دەرەکی ڕوونادات: بەگشتی، تێگەیشتنمان لەبوون بە جۆرێکە هەموو هەبوویەک تیایدا یەکەمجار دەبێت بەبابەتێکی دەرەکی. ئەگەر 'ڕاستی' لەسەرەتاوە ئۆنتیکییانە بدۆزینەوە و دوایی ئۆنتۆلۆجییانە بەوشتەی دابنێین نزیکترینە لە ئێمەوە داکۆکیکردنەکەی دەبێت بە (داکۆکیکردن لەسەر، ئاشکراکردنی ئەوە...) دیاردەکەش، وەکو بابەتێکی دەرەکی ڕاڤە دەکرێت. لەبەرئەوەی بابەتی دەرەکی و واتای بوون بەگشتی بەیەک شت دانراون، پرسیار سەبارەت گرنگی ئەم بوونەی ڕاستی یان سەبارەت گرنگی لەبونیادی ئەوەی لەئێمەوە نزیکترینە سەرهەڵنادات. تێگەیشتنی دازاین لەبوون دیاردەی گرنگی ڕاستی شاردۆتەوە. ئەم تێگەیشتنە، کە لەسەرەتاوە سەرەکی بوو، ئەمڕۆش وەکو خۆی ماوەتەوە و تێپەڕمان نەکردوە.

هەمانکات، پێویستە چاوپۆشی لەو فاکتۆرە نەکەین، کە یۆنانییەکان یەکەم کەس بوون ئەم تێگەیشتنەیان لە بوون (لە نزیکترین هەبووەوە) پێشخستوە و بەجۆرێک لە زانینیان داناوە. ئەم تێگەیشتنەش لە ڕاستی تەنانەت پێش ئۆنتۆلۆجییانەش زیندوو بوو، لەنێو ئۆنتۆلۆجییەکەشیاندا، بەتایبەتی ئۆنتۆلۆجی ئەریستۆ بەرانبەر شاردنەوە باسکراوە.[85]

---

[85] Aristotle, *Ethica Nicomachea*, Z, and *Metaphysics*, 9, 20.

[٢٢٦]ئەریستۆ بەرگری لەوبۆچوونە نەکردوە، کە ڕاستی دەخاتە نێودەستەواژەوە. لەو باوەڕەدابوو (لۆگۆس) شێوازێکی بوونی مرۆڤە و شتەکان ئاشکرادەکات یان دەشارێتەوە. دوولایەنی ئەم ئەگەرە خەسڵەتی بەڕاستی-بوونی لۆگۆس دیاریدەکات؛ لۆگۆس ڕوو لە خۆی دەکات و تەوانای شاردنەوەشی هەیە. بەڵام ئەریستۆ خاوەنی ئەم بۆچوونە نییە و هەرگیز نەیویستوە چەمکی ڕاستی لۆگۆس، وەکو بیرکردنەوەی (نۆین) ڕووت بەرفراوان بکات. ڕاستی (ئەلەتیا) و بینی (ئایدیاکان) دۆزینەوەیەکی گرنگە. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە (نۆیەسس) تەوانای دۆزینەوەی هەیە و (لۆگۆس)یش خاوەنی هەمان تەوانابییە ئەرکی ئاشکراکردنیان هەیە.

ئەو بۆچوونەی ڕاستی دەخاتە نێو دەستەواژەوە ناڕەوا ئەریستۆی پێتاوانباردەکرێت و ناتوانێت بونیادی ڕاستیمان پێبناسێنێت. داکۆکیکردن بە هەردوو شێوەکانی، کاتێک ئاشکرابوونەکە وەردەگیرێت یان دەبێت بە جۆرێک لە بوون-لەنێو-جیهان، لەسەر زەمینەی ئاشکراکردنی دازاین یان خۆدەرخستنی ڕادەوەستێت.

ڕاستی ناوەڕۆکی داکۆکیکردنە؛ مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ ئەگەری دروستی و نادروستی داکۆکیکردن. دەریدەخات [داکۆکیکردن] شتەکان ئاشکرادەکات یان دەشارێتەوە.

ڕاستی، بە واتا سەرەکییەکەی، سەر بە پێکهاتەی بوونی دازاینە و جۆرێکە لە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی. لەگەڵ ئەمەدا وەڵامی ئەو پرسیارەمان سەبارەت ئەو بوونەی خاوەنی ڕاستییە داوەتەوە و باسمانکرد بۆچی پێویستە بزانین ڕاستی هەیە.

## جیم. شێوازی بوونی ڕاستی و گریمانەی ڕاستی

دازاین، کە دەرکەوتن لە پێکهاتەی بوونیدایە، لە بنەڕەتەوە لەنێو ڕاستیدایە. دەرکەوتن شێوازێکی بنەڕەتی بوونی دازاینە. **لە هەر شوێنێک دازاین هەبێت ڕاستیش هەیە و تاکو دازاین هەبێت ڕاستیش بەردەوام دەبێت**. ئەو کاتەی دازاین هەبێت هەبووەکان ئاشکرادەبن؛ تاکو دازاینیش هەبێت ئاشکرابوونەکە هەیە. یاساکانی نیوتن، یاسای خۆیەتی [لۆجیک]و هەموو ڕاستییەکان دروستن چونکە دازاین هەیە. پێش پەیدابوونی دازاین ڕاستی نەبووە؛ دوای لەناوچوونی دازاینیش ڕاستی نابێت. لەم حاڵەتەدا، ڕاستی، وەکو دەرکەوتن، ئاشکراکردن و ئاشکرابوون نابێت. پێش ئەوەی نیوتن یاساکان بدۆزێتەوە ئەو یاسایانە 'ڕاستی' نەبوون؛ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە 'نا-ڕاست' بوون یان ئەگەر ئۆنتیکییانە نەدۆزرێنەوە دەبن بە نا-ڕاست.

[٢٢٧] ئەگەر بڵێین پێش نیوتن ئەو یاسایانە نە ڕاست و نە ناڕاست بوون ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە پێش ئەو ئەم یاسایانە نەبوون. هەرچەندە لەگەڵ نیوتندا یاساکان بوون بەڕاست و لە ڕێگەیانەوە دازاین بە هەبووەکان گەیشتوە. کاتێک هەبووەکان ئاشکرادەبن خۆیان بەتەواوی بەو شێوەیەی هەبوون دەردەخەن. ئەم ئاشکراکردنە شێوازێکی بوونە و سەر بەڕاستییە. ئەو بۆچوونەی بانەگەشەی "ڕاستی هەمیشەیی" دەکات دژوارە بسەلمێنرێت ئەگەر خودی دازاین هەمیشەیی نەبێت. مادام ئەمەش سەلماندنی مەحاڵە ئەوا باوەڕکردن بە[ڕاستی هەمیشەیی] ئەندێشاوییە و فەیلەسوفەکان شوێنی ناکەون.

**لەبەرئەوەی دازاین ئەو هەبووەیە ڕاستی بۆ بوونی گرنگە، هەموو ڕاستییەک پەیوەندی بە بوونی دازاینەوە هەیە.** ئایا ئەم پەیوەندییە ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕاستی (خۆیەتی)یە؟ ئەگەر پێناسەی خۆیەتی ئەوە بێت (هەموو شتێک بدرێتە خۆ و حوکمی بەسەردا بدات)، ئەوا بەدڵنیاییەوە (خۆیەتی) نییە. بەگوێرەی واتاکەی، ئاشکراکردن داکۆکیکردنەکان لەنێو سنوری حوکمدانی (خۆیەتی) دەردەهێنێت و ئاشکرابوونی دازاین ڕووبەڕووی هەبووەکان دەکاتەوە. مادام ڕاستی ئاشکرا-بوونە و سەر بە بوونی دازاینە، دەتوانرێت لەنێو سنوری حوکمدانی دازاین لابرێت. تەنانەت "دروستی هەمەکی"یش ئەو واتایە دەگەیەنێت دازاین دەتوانێت هەبووەکان ئاشکرا و بەربڵاو دابنێت. ئەگەر بە دروستی لە ڕاستی تێبگەین، ئایا بوون و نەبوونی ئۆنتیکییانە ناکەوێتەسەر (خۆ)؟ لەوێدا لە واتای گریمانەی ڕاستیش تێدەگەین، کە بوونگەرانە ئەو هەبووە بدۆزینەوە ڕاستی بۆ بوونی دەگەڕێتەوە. بۆچی دەبێت بڵێین گریمان ڕاستی هەیە؟ گریمان چ واتایەک دەبەخشێت؟ ئایا واتای (پێویست) و (ئێمە) چییە؟ (ڕاستی هەیە) چ واتایەکی هەیە؟ 'ئێمە' دەڵێین گریمان ڕاستی هەیە چونکە دازاینین و بوونمان لەنێو-ڕاستیدایە. گریمانەکەمان ئاماژە بۆ بوونی ڕاستی لە دەرەوە یان لە ژوور ئێمەوە ناکات، لەگەڵ بەهاکانی دیکەدا ڕوویانتێبکەین. هەروەها ئێمە گریمانەکە دروستناکەین؛ بەڵکو خودی ڕاستی ئۆنتۆلۆجییانە ئێمە دەخاتە ئاستی ئەو تەوانایەی گریمانە دروستبکەین. ڕاستییە لەپێش هەموو شتێکدا ئەگەری گریمانە دادەمەزرێنێت.

[٢٢٨] ئایا گریمانە چ واتایەکی هەیە؟ تێگەیشتنە لە هەبوویەک، وەکو زەمینە بۆ هەبوویەکی دیکە. ئەم تێگەیشتنە لەو هەبووە لە بەستێنی بوونەوە، لەسەر زەمینەی دەرکەوتن دادەمەزرێت، کە ئاشکرابوونی دازاینە. گریمانەی ڕاستی، کەوابوو، واتای تێگەیشتن لە هەبوویەک دەبەخشێت، کە دازاین لە پێناویدا هەیە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دازاین بوونی خۆی تێپەڕدەکات؛ ئەمەش بوونی دازاینە بە نیگەرانییەوە.
دازاین ئەو هەبووەیە لە بوونیدا و بە تەواناییەوە-بۆ-بوون، بوونی دەبێت بەکێشە. بوونی دازاین بە تەوانایی-بۆ-بوون و لەنێو-جیهاندا دەبێت بە خاوەنی دەرکەوتن و ئاشکراکردن. تەوانایی-بۆ-بوون و بوون-لەنێو-جیهان بۆ دازاین کێشەیە. ئەمە نیگەرانی دازاین بۆ هەبووەکانی-نێو-جیهان و ئاشکراکردنیان لە تەماشاکردنەکەیدا دەگرێتەوە. گریمانە لەنێو دازاین-وەکو نیگەرانی و خۆ ڕەتکردنیدایە. لەبەر ئەوەی گریمانە لە بوونی دازایندایە پێویستە گریمانە بکەین بە خەسڵەتی خۆ دەرخستنمان. هەڵبەتە هەبووی دیکە هەن خەسڵەتی دازاینیان نییە و گریمانەی بوونی دازاین ئاماژەیان بۆ ناکات؛ تەنیا پەیوەندی بە بوونی دازاینەوە هەیە. ئەو ڕاستییەی لە گریمانەدا ئاماژەی بۆ کراوە و لەوێدایە دەبێ پێناسبکرێت واتای بوون و شێوازی بوونی بەشێکە لە دازاین ئێمە لەبەر ئەوەی هەین دەتوانین گریمانەی ڕاستی بکەین.
پێویستە بڕیار لەسەر بوونی ڕاستی بدەین. خودی دازاین، کە لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی منە یان ئەو دازاینەیە، دەبێ هەبێت؛ بەهەمانشێوەش؛ ڕاستی، کە دەرکەوتنی دازاینە دەبێ هەبێت. ئەمەش سەر بە بوونی

فرێدراوی دازاینه لەنێو جیهاندا. ئایا دازاین سەربەستانە بڕیاریداوە یان دەتوانێت بڕیاربدات بێتە-ئێرە؟ ناتوانین بزانین بۆچی دەبێت هەبووەکان ئاشکرابکرێن و دازاین و ڕاستیش هەبن. ڕەتدانەوەی گومانکاری لەوەدا، کە باوەڕ بە بوونی ڕاستی یان ناسینی ڕاستی ناکات، لە نیوەی ڕێگە دەچەقێت. تەنیا ئەوە دەردەخات، کە لە بەڵگە فۆرمەڵییەکەدا ئەوەی داکۆکی لەسەر دەکرێت گریمانەی ڕاستییە. لێرەدا، ڕاستی بە داکۆکیکردنەوە دەبەسترێتەوە و ئاماژەکردنیش بۆ شتێک دەبێت بە ئاشکراکردنی ڕاستییەکەی. بەڵام بوونی پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکەی نێوان ڕاستی و داکۆکیکردنەکە ڕووناناکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی واتای ئەم بوونە و گریمانە و بناخە ئۆنتۆلۆجییەکەی نێو دازاینیش. ناتوانین ئەوەش ببینێت، کە گرنگ نییە کەسێک داکۆکی لەسەر ڕاستییەک بکات یان، نا. مادام دازاین هەیە گریمانەی ڕاستیش دەبێ هەبێت.

[٢٢٩] بەبێ سەلماندنی بوونی ڕاستی گومانکاری ڕەتنادرێتەوە. پێویست ناکات ئەو گومانکارەی باوەڕی بە ڕاستییەکی فاکتۆری نییە، ڕەتی بدەینەوە. مادام ئەو هەیە و لە بوونی خۆی تێدەگات دازاین و ڕاستی لە ئاستی خۆکوشتندا نەهێشتۆتەوە. لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بوونی دازاین بسەلمێنرێت، بوونی ڕاستیش پێویستی بە بەڵگە نابێت. هەروەها سەلماندنی بوونی گومانکار لە سەلماندنی بوونی "ڕاستی هەمیشەیی" دەچێت. هەڵبەتە ئەمجۆرە گومنکارانە زۆرتر لەو کەسانە دەردەکەون، کە دەیانەوێت بە پاکییەوە باوەڕ بە وەرگێڕانی (گومانکاری) لە ڕێگەی دیالێکتیکی فۆرماڵەوە بکەن. کەوابوو، لەگەڵ پرسیارکردن سەبارەت

بوونی ڕاستی و پێویستی دامەزراندنی گریمانەکەی، وەکو پرسیارکردن سەبارەت ناوەڕۆکی زانین (خۆیەکی ئایدیاڵ) دەستنیشانکراوە. هۆکاری ئەمەش لەوەدایە، کە گوایە فەلسەفە داوای تێزێکی (لەپێشتر) نەک (فاکتۆرە ئەزمونییەکان) دەکات. هەرچەندە دەبێت ئەمە ئۆنتۆلۆجییانە بسەلمێنرێت بەڵام بناخەی خۆی هەیە.

ئایا ئەم داواکردنە"خۆیەکی ئایدیالی" هێناوەتەکایەوە؟ ئایا ئەم خۆیە بەرهەمی فەنتازیا نییە؟ ئایا بە بەکارهێنانی ئەم چەمکە ئێمە خەسڵەتی لەپێشتری فاکتۆری دازاینمان وازلێنەهێناوە؟ ئایا ئەم خەسڵەتە لەپێشترەی فاکتۆری دازاین نییە، کە لەنێو ڕاستی و نا ڕاستیدایە؟ بیرۆکەکانی "خۆیەکی ڕەوان" و "ئاگامەندی گشتی' لەگەڵ خەسڵەتی لەپێشتری خۆیەکی ڕاستەقینە نابن بە خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی فاکتۆری دازاین و پێکهاتەی بوونی. هۆکاری مشتومڕکردن لەسەر "ڕاستی هەمیشەیی" تێگەیشتن لە بوونی دازاین لەسەر بیرۆکەی خۆیەکی ڕەهای ئایدیالیستانە مانەوەی بۆچوونەکانی لاهوتی مەسیحایەتیی و لەناونەبردنیانە لەنێو گرفتە فەلسەفییەکاندا. بوونی ڕاستی [٢٣٠]پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە دازاینەوە هەیە. لەبەر ئەوەی دازاین هەیە و دەرخستنیش لە پێکهاتەی بوونیدایە (لە ڕێگەی تێگەیشتنەوە) لە بوون تێدەگات و تێگەیشتنیش لە بوون ڕوودەدات. مادام ڕاستی هەیە بوونیش (نەک هەبووەکان) هەیە. ڕاستیش بۆ دازاین هەیە. بوون ڕاستی وەکو یەک گرنگن. ئایا مەبەست لەوە چییە، بوون هەیە و لەکوێدا لە هەبووکانیشەوە جیاوازە؟ ئەم پرسیارەش لەوێدا ڕەوایە، کە بەتەواوی لە واتای بوون تێبگەین و ڕوونکرابێتەوە. لێرەدا دەتوانرێت بواری زانستی

بوون دەستنیشان بکرێت و ئەگەر و جۆرەکانی بناسرێت.[86] توێژینەوەکە و ئەو ڕاستییەی بە دوایدا دەگەڕێت ئۆنتۆلۆجییانە پێناس بکرێت و ڕاستی و هەبووەکان بدۆزێتەوە. دەبێت وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت واتای بوون بدەینەوە. ئایا شیکردنەوە سەرەکییەکەمان بۆ بوونی دازاین بۆ ئەم مەبەستە چ ئاسانکارییەکی بۆکردوین؟

بە دەرخستنی دیاردەی نیگەرانی حاڵەتی بوونی ئەو هەبووەمان باسکرد، کە لە بوونیدا تێگەیشتن هەیە. ئەمەش بوونی دازاین لە بوونی هەبووەکانی دیکە (وەکو بابەتەکانی-بەردەست، بابەتە دەرەکییەکان و ڕاستەقینە) جیادەکاتەوە. ئێمە واتای تێگەیشتنمان ڕوونکردەوە؛ ئەمەش میتۆدێکی شەفافی ڕاڤەکردنی بوونی بۆ مسۆگەرکردین.

ئەگەر توانیبێتمان لە باسەکەماندا بۆ نیگەرانی بە حاڵەتی سەرەکی بوونی دازاین گەیشتبین، ئەوا ئەمەش دەکەین بە بناخەی تێگەیشتنمان

---

[86] ئەم پرسیارە (ئایا مەبەست لەوە چییە، بوون هەیە و لەکوێدا لە هەبووەکانەوە جیاوازە؟) هایدیگەر دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکی گرنگی فەلسەفی بەناوی (جیاوازی ئۆنتۆلۆجی) بکات. جیاوازی ئۆنتۆلۆجی لەنێو هەموو سیستەمێکی فەلسەفییدا هەیە، بەڵام بیریارە بوونخوازەکان، بەتایبەتی هایدیگەر، لە هەموویان زۆرتر بایەخی پێداوە. ئەمەش جەخت لەسەر جیاوازی و چوونییەکی نێوان بوون و هەبوو دەکات و دواجاریش دەبێت بە بنەمای یاسای جیاوازی لەنێو چوونییەکیدا یان چوونییەکی بە جیاوازییەوە. (م. ک)

لەو بوونەی خاوەنی نیگەرانییە؛ واتە دەکرێت پێناسەی واتای بوون بکەین. بەڵام ئایا لە نیگەرانیدا گرنگترین پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانەی دازاین دەردەکەوێت؟ ئایا بونیادە فرە لایەنییەکەی لەنێو ئەم دیاردەیەدایە بە سەرجەمی فاکتۆرەکانی بوونی دازاینەوە دەبینرێت؟ ئایا توێژینەوەکەمان تاکو ئەم ڕادەیە توانیویەتی سەرجەمی بوونی دازاین دیارییبکات؟

# کەرتی دووەم

## دازاین و کات

### ٤٥. سەرەنجامی شیکردنەوە بنەڕەتییە سەرەتاییەکە بۆ بوونی دازاین و ڕۆڵی ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی ئەم هەبووە

[٢٣١] ئایا ئێمە چ دەستکەوتێکمان لە شیکردنەوە بنەڕەتییە سەرەتاییەکەمان بۆ دازاین هەیە؟ بەدوای چییدا دەگەڕێین؟ لەگەڵ بوونـ لەنێوـ جیهاندا، کە خەسڵەتی بنەڕەتی بونیادەکەی دەرخستنە، حاڵەتی سەرەکی ئەو هەبووەمان دۆزییەوە، کە دەمانەوێ باسیبکەین. سەرجەمی بونیادی بوونـ لەنێوـ جیهاندا خۆی، وەکو نیگەرانی بەرجەستەکرد. بوونی دازاین بە نیگەرانییەوەیە. هەروەها کاتێک بوونی دازاینمان شیکردەوە جەوهەریمان بە بوونی دانا. چەمکی (بوون) واتە دازاین، وەکو تێگەیشتن لە تەواناییـ بوونی هەیە و بوونیشی دەبێت بە کێشە بۆی. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو بوونە منم. باسەکەشمان لەسەر نیگەرانی ڕۆشنایی خستەسەر پێکهاتەی کۆنکرێتی بوون، کە فاکتۆری دازاین و کەوتنی بوو لەنێو جیهاندایە. ئەوەی دەمانەوێت وەڵامی پرسیارەکەیە سەبارەت واتای بوون بەگشتی و لەسەرو ئەمەشەوە پێشخستنی ڕادیکاڵانەی پرسیارە بنەڕەتییەکەی هەموو جۆرەکانی ئۆنتۆلۆجییە. بەڵام ئاشکراکردنی ئەو ڕەهەندەی بوون بەگشتی تیادا دەناسرێت پەیوەندی بە تێگەیشتن لە بوونی دازاینەوە هەیە. بێگومان، واتای بوون بەگشتی ڕادیکاڵانە لەسەر بوونی دازاین ڕووننـاکرێتەوە ئەگەر بوونی ئەو ڕاڤەنەکریت. ئایا دەتوانین

بانگەشەی ئەوە بکەین، کە ئۆنتۆلۆجییانە لەگەڵ دانانی بوونی دازاین بە نیگەرانی ڕاڤەیەکی سەرەکی ئەم هەبووەمان کردوە؟ بە چ پێوەرێک شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ دازاین بە سەرەکی یان ناسەرەکی دابنێین؟ مەبەستمان لە 'سەرەکی' ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکە چییە؟

[٢٣٢] توێژینەوەی ئۆنتۆلۆجییانە ڕاڤەکردنێکی گونجاوە و لەسەر تێگەیشتن دامەزراوە. هەموو ڕاڤەکردنێک هەیەی-لەپێشتر، پێش-بینین و پێش-چەمکەکانی هەیە.[87] ئەگەر ڕاڤەکردن ئەرکی توێژینەوەبێت، ئەوا ئەم پێشمەرجانە (کە دەبن بە هەڵوێستی هێرمینۆتییکانە) پێویستە لەبەر ڕۆشنایی بابەت و ئەزمونەکەدا پێشتر ڕوونبکرێنەوە.

لە ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەدا بوونی هەبووەکە دەردەخرێت؛ ڕاڤەکردنەکە زۆرمان لێدەکات لە سەرەتاوە دیاردەی هەبووەکە بناسین و لەبەر ڕۆشنایی هەیەی-لەپێشتر دایبنێین و لەوێوە دەست بە شیکردنەوەکە بکەین. ئەم هەنگاونانەش پێویستی بە پێش-بینین بۆ ڕێنمایکردن هەیە. ئەمانیش پێویستیان بە پێش-چەمکەکان بۆ ناسینی هەموو بونیادێکی بوون دەبێت.

ئەگەر ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکە سەرەکی بێت تەنیا داوای هەڵوێستە هێرمینۆتیکییەکە و گونجاندنی لەگەڵ دیاردەکەمان لێناکات. دەبێت ئەو

---

[87] هایدیگەر لە پارچەی (١٥٠)ی ئەم پەرتووکەدا باسی ئەم سێ مەرجانەی بۆ ڕاڤەکردن کردوە و ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کە ڕاڤەکردن لەسەر زەمینەی تێگەیشتن دادەمەزرێت. تاکو لە بابەتەکە تێنەگەین ناتوانین واتاکەی ڕاڤەبکەین. (م. ک)

هەبووەی لیی دەکۆڵینەوە بخەینە بەردەم هەیەی-لەپێشتر. هەروەها، نابێت هێلکارییەکی ڕووتی هەبووەکە بکەین هەرچەندە هێڵکارییەکەمان پەیوەندییەکی پتەویشی بە دیاردەکەوە هەبێت. ئەگەر پێش-بینی بوون بکەین دەبێت بونیادەکەشی بناسین. لەم بۆچوونەوە دەتوانین پرسیار سەبارەت یەکێتی سەرجەمی بوون بکەین. ئایا شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ دازاین، کە لەم هەڵوێستە هێرمینۆتیکییەوە سەریهەڵداوە گرنگێتی ئۆنتۆلۆجییە بنەڕەتییەکەمان دەسەلمێنێت؟ ئایا دەکرێت لەو ئاکامەوە، کە دازاین بە نیگەرانی دادەنێت، پرسیارەکە سەبارەت یەکێتی سەرەکی سەرجەمی بونیادەکە دابمەزرێنین؟ ئەو پێش-بینینە بۆ ڕێنمایکردنی ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەمان چییە؟ ئێمە چەمکی 'بوون'مان بە تەوانایی-بۆ-بوون-ئەو تەواناییەی تێدەگات و بوونی خۆی دەکات بە کێشە دانا. بەڵام ئەم تەواناییە-بۆ-بوون، کە لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی منە، ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانەیە یان بۆ ئەو شێوازەیە ئەم جیاوازییەی تێدا نادۆزرێتەوە.

لە ڕاڤەکردنەکەمان بۆ ژیانی ڕۆژانە و مامناوەندێتی شیکردنەوەکەمان لەسەر ناڕەسەنی یان گوێنەدان بوو. لەم بۆچوونەشدا گرنگ بوو بوونگەرانە خەسڵەتی بوون دیاریبکەین. بەڵام ڕوونکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەمان لە کەموکورتی بەدەرنەبوو. 'بوون' واتە تەوانایی-بۆ-بوون. بەڵام تەواناییەکی ڕەسەنانە. ئەگەر بونیادی بوونگەرانەی تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-بوون ڕووننەکەینەوە پێش-بینە ڕێنماییکەرەکە بۆ ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکە ناتەواو دەبێت. ئایا ئەو هەیەتییە-لەپێشترەی بۆ هەڵوێستە هێرمینۆتیکییەکە هەمانە چییە؟ چۆن و کەی

دڵنیایین لەوەی شیکردنەوە بوونگەرانەکەمان، کە لە ژیانی ڕۆژانەوە دەستپێدەکات سەرجەمی بوونی دازاین، لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، دەخاتە بەردەم تێڕوانینێکی فینۆمینۆلۆجییانە و دەیکات بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان؟

[٢٣٣] ئێمە نیگەرانیمان بەسەرجەمی بوونی دازاین دنا.[88] بەڵام لە سەرەتای ڕاڤەکردنەکەمان بانگەشەی دەرخستنی سەرجەمی بوونی دازاینمان نەکردووە؟ ژیانی ڕۆژانە بوونی دازاینە لە ساتی لە دایکبوونییەوە تاکو دەمرێت. ئەگەر بوون خەسڵەتەکانی دازاین دیارییبکات و جەوهەری ئەم هەبووەش تەواناییەکەیـ بۆـبوون بێت، ئەوا تاکو دازاین هەبێت و بوونی بەردەوام بێت، وەکو تەوانایی نەک شتێک، دەمێنێتەوە. هەموو ئەو بووانەی جەوهەریان لە بوونیاندا بێت دژوارە بتوانین سەرجەمی بوونیان بناسین. هەڵوێستە هێرمینۆتیکییەکەمان نەک ڕێگەمان نادات ئەم کارەبکەین؛ تەنانەت پرسیایش لەسەر ئەگەری ناسینی سەرجەمەکە دەکین.

ئێمە دەزانین لە شوێنێکدا توشی هەڵە نەبووین: شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ بوونی دازاین بە سەرەکی دانەنراوە. هەیەیـ لەپێشتریش لە شیکردنەوەکەماندا بێجگە لە بوونی ناڕەسەنانەی دازاین و بەشێکی بوونی چی دیکە ناگرێتەوە. ئەگەر شیکردنەوەی بوونی دازاین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتیەکە سەبارەت واتای بوون ببێت بە

[88] بڕوانە پارچەی ١٩١.

سەرەکی، دەبێت لەپێشدا بوونگەرانە بوونی دازاین بە ئەگەرەکانییەوە بۆ ڕەسەنێتی و گەیشتن بە سەرجەمی بوونی ڕوونبکاتەوە.

[٢٣٤] لێرەدا، پێویستە سەرجەمی بوونی دازاین بە هەیەی-لەپێشترەوە ببەستینەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پرسیار سەبارەت سەرجەمی-تەوانایی-ئەم هەبووە بۆ بوونی، خۆی دەسەپێنێت. تاکو دازاین هەبێت، هێشتا لە بوونیدا شتێک هەیە، کە دازاین دەیەوێ بیگاتێ. ئەو شتەی لەوێدایە و دەیەوێت بیگاتێ 'کۆتاییە'. کۆتایی بوون-لەنێو جیهانیش مردنە. ئەم کۆتاییە، کە لە تەوانایی دازایندایە بۆ بوون ئەگەری سەرجەمی بوونی دازاین سنورداردەکات. ئێمە چەمکی ئۆنتۆلۆجییانەی مردن لەوێدا دەدۆزینەوە کاتێک بوون-لەئاستی-کۆتاییدا، مردنی دازاین و سەرجەمی بوونی دەکەین بە بابەتی شیکردنەوەکەمان. بەڵام بوونی دازاین جۆرێکە، کە لە ژیانی ڕۆژانەشیدا ڕووەو مردنە. هەروەها، بونیادی بوونگەرانەی دازاینیش ئۆنتۆلۆجییانە تەوانایییە-بۆ-سەرجەمی-بوون. کەوابوو، سەرجەمی بوونی دازاین دەبێت بە هەیەیەکی-لەپێشتری بوونگەرانە بۆ توێژینەوەکەمان. بەڵام ئایا دازاین دەتوانێت لە سەرجەمی بوونیدا ڕەسەنانە هەبێت؟ چۆن ڕەسەنێتی بوون بناسین؟ چ پێوەرێکی بۆ دابنێین؟ ئەگەر ئەم شێوازی بوونە لە دەرەوەدا ئۆنتیکییانە و ئۆنتۆلۆجییانە بەسەر دازایندا نەسەپێنراوە، ئەوا خودی دازاین دەبێت ئەگەری ئەم شێوازی بوونە دیاریبکات. بەڵام تەوانایی-ڕەسەنانە بۆ-بوون ویژدان بەڵگەی دەداتێ. ویژدانیش کە دیاردەیەکی دازاینە، وەکو مردن، داوای ڕاڤەکردنێکی بوونگەرانەمان لێدەکات. لەم ڕاڤەکردنەدا دەردەکەوێت تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-بوون دەیەوێت ببێت بە خاوەنی

ویژدان. لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-سەرجەمی-بوون شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکە داوای دڵنیابوون لە پێکهاتەی سەرەکی بوونی دازاینمان لێدەکات. هەمانکات، تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-سەرجەمی بوون، وەکو نیگەرانی دەبینرێت. لێرەدا زەمینەیەکی دروست بۆ دامەزراندنی ڕاڤەکردنەکەمان بۆ واتای بوونی دازاین دەدۆزینەوە. بەڵام (کات) بناخەیەکی سەرەکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی بوونگەرانەی دازاینە. لەبەر ڕۆشنایی (کات)دا سەرجەمی بونیادی بوونی دازاین بوونگەرانە دەناسرێت. ئەمەش نابێتە هۆی کۆتایهێنان بە ڕاڤەکردنی واتای بوونی دازاین. شیکردنەوە بوونگەرانە و کاتییەکەی بوونی دازاین پێویستی بە سەلماندنی کۆنکرێتییانە هەیە و پێویستە بگەڕێینەوە دواوە و بونیادی دازاین لە واتای کاتیبوونی بوونییەوە شیبکەینەوە. ژیانی ڕۆژانەش لە شێوازی کاتیبووندا خۆی دەردەخات. لەگەڵ دووبارەکردنەوەی شیکردنەوە سەرەتاییەکەمان بۆ دازاین دیاردەی کاتیش باشتر دەناسرێت. لەبەر ڕۆشنایی (کات)دا تێدەگەین بۆچی دازاین هەیە و چۆن دەبێت بە هەبوویەکی مێژوویی و لەوێوە مێژوو پێشدەخات.

[٢٣٥] ئەگەر کات واتای سەرەکی بوونی دازاین پێکبهێنێت، ئەگەر ئەم بوونەش بایەخ بە بوونی بدات، ئەوا نیگەرانی پێویستی بە کاتە و پێکەوەن. کاتی دازاینیش (کات-ژماردن) پێشدەخات. ئەو کاتەی لە ژماردنەکەدا دەیناسین دەبێت بە نزیکترین کات [لە بوونی دازاینەوە]. لەوێوە واتای کات لە ژیانی ڕۆژانەدا سەرهەڵدەدات و چەمکی کات لەنێو نەریتدا ئاشکرا دەکات. بە ڕوونکردنەوەی بنەڕەتی (کات)، کە تیایدا ڕووبەڕووی هەبووەکانی نێو جیهان دەبینەوە، ئەگەری بنەڕەتی بە

کاتیبوونی کات دەناسین. لێرەوە زەمینە بۆ تێگەیشتن لە بەکاتیبوونی سەرەکی کات خۆشدەکەین. لەوێوە لە بوونی دازاین تێدەگەین و واتای بوونیش بەگشتی لەبەر ڕۆشنایی کاتدا دەبینین.

بەمجۆرە، توێژینەوەکەمان لەم بەشەدا ئەم قۆناخانە بەخۆوە دەگرێت: ئەگەری دازاین بۆ-سەرجەمی-بوون و بوون-ڕووەو-مردن (بەشی یەکەم)؛ سەلماندنی دازاین بۆ تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-بوون و بڕیاردان (بەشی دووەم)؛ تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-سەرجەمی بوون و کات، وەکو واتای ئۆنتۆلۆجییانە بۆ نیگەرانی (بەشی سێیەم)؛ کات و ژیانی ڕۆژانە (بەشی چوارەم)؛ کات و مێژوو (بەشی پێنجەم)؛ کاتیبوون و لەنێو-کاتدا، وەکو سەرچاوەی چەمکی باوی کات (بەشی شەشەم).

# بەشی یەکەم

# ئەگەری دازاین بۆ-سەرجەمی-بوون و بوون-ڕووەو-مردن

## ٤٦. دەرکەوتنی مەحاڵبوونی تێگەیشتن و دیاریکردنی ئۆنتۆلۆجییانە لە سەرجەمی بوونی دازاین

[٢٣٦] پێویستە چارەسەری ناجۆرییەکەی هەڵوێستە هێرمینیۆتیکییەکە بکەین، کە شیکردنەوەی بوونی دازاین تێیدا سەرهەڵدەدات. گرنگە سەرجەمی بوونی دازاین لە پێش خۆمان دابنێین و ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا دەتوانین لە سەرجەمی بوونی ئەم هەبووە تێبگەین؟ لە حاڵەتی بوونی دازایندا هۆکارگەلێک هەن دژی باسکردن لە سەرجەمی بوونی ڕاوەستن.

ئەگەری سەرجەمی بوونی ئەم هەبووە لەگەڵ واتای ئۆنتۆلۆجییانەی نیگەرانیدا ناڕێکە و نیگەرانیش هەموو لایەنەکانی بونیادی دازاین کۆدەکاتەوە. خاڵی سەرەکی نێو نیگەرانیش لەوەدایە، کە ئەم هەبووە پێش بوونی خۆی دەکەوێت و دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا لە پێناو بوونی خۆیدا هەیە. تاکو دازاین هەبێت و بە کۆتایی نەگات بە تەواناییەکەیەوە-بۆ-بوون ڕوو لە خۆی دەکات. تەنانەت ئەو کاتەی نەتوانێت شتێک لە پێش خۆشیەوە ببینێت، هێشتا خۆ-ڕەتکردن بوونی داگیردەکات. نائۆمێدی، بۆنموونە، دازاین لە ئەگەرەکانی دانابڕێت و شێوازێکی بوونی دازاینە لە ئاستی ئەگەرەکانیدا. ئەگەر دازاین لەنێو وەهمیشدا نەژی و

ئامادە دەبێت هەرشتێک بکات خۆ-ڕەتکردنەکە لە گەڵیدایە. خۆ-ڕەتکردن، وەکو توخمێکی نێو بونیادی نیگەرانی ئاشکرا پێمان دەڵێت لە بوونی دازایندا شتێکی زەق و بە دەرەوە هەیە، کە لە تەوانایی-بۆ-بوونیدا نەبووە بە ڕاستەقینە. گرنگە لە بوونی دازایندا بەردەوام شتێک هەبێت دایبمەزرێنێت. ناتەواوی ئەوە دەگەیەنێت شتێک لەنێو-تەوانایی-بۆ بوونی ئەم هەبووەدا هەیە، کە ئەنجام نەدراوە. ئەگەر دازاین بە جۆرێک پەیدا بێت، کە لە یەکەم ساتی بوونییەوە پڕ و تەواوە و هیچ شتێک لە بوونیدا نییە تاکو دایبمەزرێنێت، دەبێت بەو هەبووەی-لەوێدا-نییە. نەبوونی کەمی لە بوونیدا بوونی لەناودەبات. دازاین تاکو لە بووندا بێت بە سەرجەمی بوونی ناگات. ئەگەر بتوانێت خۆی تەواوبکات و بە تەواکۆیی بگات، ئەوا نابێت لە-نێو-جیهاندا بێت و لەمحاڵەتەدا ئێمەش وەکو هەبوویەک نایناسین. نەناسینی ئۆنتیکییانەی بوونی پڕوتەواوی دازاین و دیارینەکردنی خەسڵەتەکانی بۆ کەمی دەستەڵاتی زانین ناگەڕێنەوە. خودی بوونی ئەم هەبووە دەبێت بە ڕێگرمان. ئایا لە هەوڵدانەکەمان بۆ ئاشکراکردنی سەرجەمی بوونی دازاین ئۆنتۆلۆجییانە توشی نائومێدی نابین؟

[٢٣٧] ئێمە ناتوانین واز لە خۆ-ڕەتکردن، وەکو خەسڵەتێکی جەوهەری بۆ نیگەرانی بهێنین. ئایا تاکو چ ڕادەیەک ئەنجامەکانمان، کە لەم بۆچوونەوە پێیانگەیشتن، دروستن؟ ئایا ئێمە مەحاڵبوونی ناسینی سەرجەمی بوونی دازاینمان دیارینەکرد؟

ئایا لە بۆچوونەکەماندا (هێشتا-پەیدانەبووە) و (پێش-خۆ-کەوتن)مان بوونگەرانە دانەنا؟ ئایا باسەکەمان لەسەر (کۆتایی) و (تەواوی) بۆ دازاین

لەبارە؟ ئایا چەمکی (مردن) گرنگییەکی بایۆلۆجی یان بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە و توانیومانە پێناسەی بکەین؟ ئایا هەموو تەواناییەکمان بۆ ناسینی سەرجەمی بوونی دازاین بەکارهێناوە؟

پێش دانانی سەرجەمی بوونی دازاین بە هیچ و ناجۆر دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. پرسیارەکە سەبارەت سەرجەمی بوونی دازاین، ئۆنتیکییانە لەسەر ئەگەری تەوانایی دازاین بۆ سەرجەمی بوونی و بوونگەرانەش، وەکو پێکهاتەی بوونی کۆتایی و (تەواوی) دازاین، پێویستی بە شیکردنەوەیەکی پۆزەتیڤانەی ئەو دیاردە هەبووانە هەیە، کە تاکو ئێستا باسنەکراون.

لەگەڵ ئەمەدا دەبێت ئۆنتۆلۆجییانە بوونی دازاین ڕووەو کۆتایی دیارییبکەین و بوونگەرانەش لە واتای مردن تێبگەین. باسەکەشمان لەسەر ئەم خاڵانە بەمشێوەیە دابەشکراون: ئەگەری ئەزموونی مردنی کەسانی دیکە و ئەگەری ناسینی سەرجەمی بوونی دازاین (کورتەبەشی ٤٧)؛ ئەوەی زەق و دیارە و پێینەگەیشتوین، کۆتایی و تەواوی (کورتەبەشی٤٨)؛ چۆن شیکردنەوەی بوونگەرانە بۆ مردن لە ڕاڤەکردنەکەنی دیکە بۆ ئەم دیاردەیە جیادەکرێتەوە (کورتەبەشی٤٩)؛ هێڵکارییەکی سەرەتایی بۆ بونیادی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی مردن (کورتەبەشی٥٠)؛ بوون ڕووەو مردن و ژیانی ڕۆژانەی دازاین (کورتەبەشی٥١)؛ ژیانی ڕۆژانەی بوون ڕووەو مردن و چەمکی پڕوتەواوی بوونگەرانەی مردن (کورتەبەشی٥٢)؛ پرۆژەی بوونگەرانەی بوونی ڕەسەن ڕووەو مردن (کورتەبەشی٥٣).

## ٤٧. ئەگەری ئەزموونی مردنی کەسانی دیکە و ئەگەری ناسینی سەرجەمی بوونی دازاین

کاتێک دازاین لە مردندا بە سەرجەمی بوونی دەگات، هاودەم بوونیش (لێرە) تەواودەبێت. بەم گۆڕانکارییە و بوون بەوەی نییە ئەگەری ئەزموونی گۆڕانەکەی لەناودەچێت و ناتوانێت لێیتێبگات. بێگومانە ئەمە بۆ مردنی دازاین و ئەزموونی ئەو دازاینە دروستە، بەڵام کێشەکە لەگەڵ مردنی کەسانی دیکەدا سەرنجڕاکێشترە.

لەناوچوونی دازاین، وەکو شتێکی دەرەکی دەناسرێت. کەوابوو، دازاین دەتوانێت ئەزموونی مردنی هەبێت چونکە بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. لێرەدا، مردن، وەکو بابەتێک دەردەکەوێت و شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانەی سەرجەمی بوونی دازاین دەگونجێنێت. کەوابوو، لە شێوازی بوونی دازاینەوە و بوونیـلەگەڵـکەسانی دیکەدا زانیارییەکی دروستمان لەسەر کۆتاییهێنان بەمشێوازی بوونە دەستدەکەوێت. ئێمەش دەتوانین بۆ شیکردنەوەی سەرجەمی بوونی دازاین بەکاریبهێنین. بەڵام، ئایا ئەمە بە ئامانجەکەمان دەگەیەنێت؟

[٢٣٨] لە مردندا کەسانی دیکەش لە بوونـبە ـدازاین دەکەون و لەنێوـجیهاندا نامێنن. ئایا مردن دەرچوونـلەنێوـجیهان و دۆڕانی بوونـلەنێوـجیهان نییە؟ کاتێک مرۆڤێک دەمرێت نەمانیـلەنێوـجیهاندا (ئەگەر بۆچوونێکی توندڕەوانەشمان هەبێت) هێشتا بوونە و واتای بوونێکیـدەرەکی لە لاشە بەدەری هەیە: ئێمەش ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئێمە بەمردنی کەسانی دیکە ئەزموونی ئەو دیاردەیەی بوونمان دەستدەکەوێت،

که له بوونی دازاینەوە (یان ژیانەوە) دەبێت بە دازاینێکی نەماو. کۆتایی بوونی دازاین دەبێت بە سەرەتا بۆ بوونێکی دەرەکی.

بەهەرحاڵ، لەم ڕاڤەکردنەوە بۆ گۆڕانکارییەکە لە دازاینەوە بۆ بوونێکیِ نەماوەیِ بابەتیِ دەرەکی، ناوەڕۆکی دیاردەکە نابینرێت چونکە ئەوەی ماوەتەوە نوێنەرایەتی لاشەکە ناکات. لە ڕوانگەی بیردۆزەییانەوە لاشەکە، کە شتێکی دەرەکییە دەبێت بە بابەتی تاقیکردنەوە بۆ خوێندکارانی زانستی لەشناسی تاکو لە چەمکی ژیان تێبگەن. ئەم شتەیِ کە-بابەتێکیِ دەرەکی و نەماوەیە لە لاشەیەکی لە ژیان بەدەر زۆرترە. لەگەڵ ئەوەدا توشی شتێک دەبین، کە ژیانی ونکردوە. لەسەرو ئەمەوە، ناسینی ئەو شتەی بەجێماوە دازاینمان بەتەواوی پێناناسێنێت. مردووەکە، کە لەکەسە (مردووەکەوە) جیاوازە، لە کەسانی دیکە دابڕاوە و جێیهێشتون. لە ناشتن و گۆڕهەڵبەستن و پرسەداناندا بووە بە بابەتی بایەخدان و نیگەرانی. هۆکاری ئەمەش لەوێدایە، کە لاشە مردووەکە لەم شێوازی بوونەدا کەلوپەل و بابەتێکی بەردەستی نێو دەروبەر نییە. ئەوانەی پاش ئەو ماونەتەوە لە پرسەدانان و یادکردنەوەیدا بەرێز و نیگەرانییەوە لەگەڵیدان. کەوابوو، نیگەرانیمان لە پەیوەندیماندا بە کەسێکی مردووەوە لە نیگەرانیمان بۆ بابەتە-دەرەکییەکانی دەوروبەرمان ناچێت. لە بوونمانِ-لەگەڵِ-مردوودا، خودی کەسە مردووەکە فاکتۆریانە لێرە نییە. هەروەها، مەبەست لە بوونِ-لەگەڵ بوونە لەگەڵ کەسانی دیکە لەنێو هەمان جیهاندا. بەڵام مردووەکە لە جیهانی ئێمەدا نەماوەو جێیهێشتوین. کەچی ئەوانەی پاش ئەو بەجێماون دەتوانن لەگەڵیدا بن.

[٢٣٩] چەند باشتر لە نەمانی مردووەکە لە بووندا تێبگەین بۆمان دەردەکەوێت بوون-لەگەڵ-مردوو هەروەها گەیشتن-بەکۆتایی مردووەکە بەتەواوی ناکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئەزموونمان. خودی مردن دۆڕان نییە بەڵکو لە ئەزموونی ئەوانەی دەمێننەوە دەبێت بە دۆڕان. لە ئازارخواردنیشدا بۆ دۆڕاندنەکە ئەو دۆڕاندنەی کەسە مردووەکە دەیچێژێت دەرناکەوێت. ئێمە ئەزموونی مردنی کەسانی دیکەمان نییە؛ ئەو پەڕی، دەتوانین لەو شوێنە بین، کە تیایدا دەمرن.

ئەگەر سایکۆلۆجییانەش بگونجێت مردنی کەسانی دیکە ڕوونبکەینەوە، هێشتا ناتوانین لەو گەیشتن-بە-کۆتاییە تیبگەین. ئێمە دەمانەوێت پرسیار سەبارەت واتای ئۆنتۆلۆجییانەی مردنی کەسەکە بکەین، کە ئەگەرێکە لە بوونی ئەودایە نەک پرسیار سەبارەت بوونی مردووەکە لەگەڵ ئەوانەی پاش ئەو بەجێماون. ئەگەر مردنی کەسانی دیکە بابەتی شیکردنەوەکەمان بۆ کۆتایی و سەرجەمی بوونی دازاین بەکاربهێنین ئەوا ناتوانین بەگریمانەکەمان ئونتیکییانە و ئۆنتۆلۆجییانە بگەین.

لەگەڵ ئەمەشدا، پێشنیاری دانانی مردنی کەسانی دیکە لە جێگەی تێزەکەمان بۆ شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی سەرجەمی بوونی دازاین سەرکەوتوو نابێت. سەرکەوتنی ئەم پێشنیارە لەوێدا ڕوودەدات دازاینێک لە جێگەی دازاینێکی دیکە دابنرێت و ئەوەی من لە ئەزموونەکەمدا نایدۆزمەوە لە ئەزموونی کەسێکی بێگانەدا دەتوانم بیبینم. ئایا ئەم گریمانەیە بێ بناخەیە؟ بێ مشتومڕکردن، ئەو بۆچوونەی گوایە دازاینێک نوێنەرایەتی دازاینێکی دیکە دەکات لەسەر بناخەی ئەگەرەکانی بوونی لەنێو-جیهاندا-لەگەڵ-کەسانی دیکە دامەزراوە. لە نیگەرانبوونی ژیانی

ڕۆژانەدا نوێنەرایەتی بەردەوام و جۆراوجۆر باسدەکرێت. بۆ هەر شوێنێک بڕۆین یان هەر شتێک بکەین لە دەوروبەرماندا کەسێکی دیکە دەتوانێت نوێنەرایەتیمان بکات. شێوازە فرەجۆرەکانی بوون-لەنێو-جیهاندا، کە کەسێک لەلایەن کەسێکی دیکەوە تیایاندا نوێنەرایەتی دەکرێت تەنیا نابن بە ژیانێکی گشتی نێو خەڵکی، لەنێو بازنە سنوردارەکانی پیشە، چینەکانی کۆمەڵ و قۆناخەکانی تەمەندا دەبن بە نیگەرانیش. نوێنەرایەتییەکە دەبێت بە نوێنەرایەتیکردن لەنێو شتێکدا یان بایەخدان بە شتێک. ژیانی ڕۆژانەی دازاینیش بایەخدانە بە شتە باوەکان. مرۆڤ دەبێت بەوەی دەیکات. لەم پەیوەندییەدا (لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە لەگەڵ کەسانی دیکە لەنێو-جیهاندا نوقم دەبین) نوێنەرایەتیکردن بە تەنیا ئەگەر نییە و دەبێت بە پێکهاتەی بوونمان-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا. لێرەدا، دازاینێک، وەکو ئەوانی دیکەی لێدێت.

[٢٤٠] بەهەرحاڵ، ئەگەری نوێنەرایەتیکردن بە نوێنەریکردنی ئەو ئەگەری بوونەی کۆتایی دازاین پێکدەهێنێت و بە سەرجەمبوونی دەگەیەنێت گیردەخوات. کەس ناتوانێت مردنی کەسێکی دیکە بوەستێنێت. هەڵبەتە کەسێک مردنی خۆی لەجێگەی مردنی کەسێکی دیکە هەڵبژێرێت. ئەمەش قوربانیدانە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بۆ کەسەکە. بەڵام ئەو واتایە نابەخشێت، کە ئەو کەسەی[قوربانی بۆ دراوە] نامرێت. مردن شتێکە هەموو دازاینێک لە کاتی خۆیدا دەیگاتێ. مردنیش بە جەوهەر لە هەموو حاڵەتێکدا مردنی منە. من و بوون ئۆنتۆلۆجییانە پێکهاتەی مردنین. مردن ڕوداو نییە؛ دیاردەیەکە پێویستە بوونگەرانە تێیبگەین؛ دەبێت بەتایبەتی لە واتاکەی بکۆڵینەوە تاکو بەتەواوی لێی نزیک

ببینەوە. ئەگەر(کۆتایی) مردن بێت و ببێت بە پێکهاتەی سەرجەمی بوونی دازاین ئەوا پێویستە بوونە سەرجەمەکە بە دیاردەیەکی بوونگەرانەی دازاین دابنرێت، کە لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی ئەو دازاینەیە. لە(کۆتایی) و سەرجەمی بوونی دازایندا لە ناوەڕۆکەوە هیچ شتێک نوێنەرایەتی ناکات. ئێمە ناتوانین فاکتۆرە بوونگەرایەتییەکە لە دانانی مردنی کەسانی دیکە لەنێو بابەتی توێژینەوەکەمان بۆ سەرجەمی بوون بناسینەوە.

کەوابوو، لێرەشدا هەوڵدانەکەمان بۆ ناسینی سەرجەمی بوون فینۆمینەلانە گیردەخوات. بەڵام ئاکامەکانی تەنیا نێگەتیڤانە نین؛ ڕوویان لە دیاردەکان کردووە، هەرچەندە ڕووکردنەکە بەتەواوی دروستیش نییە. ئێمە ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە کرد، کە مردن دیاردەیەکی بوونگەرانەیە. توێژینەوەکەمان، لەبەر ئەم هۆکارە، بوونگەرانە لە بوونی دازاین دەکۆڵێتەوە، کە هەمیشە بوونی خودی دازاینە. تەنیا ئەگەرێک، کە پێوسیتە لە توێژینەوەکەماندا لەسەری بدوێین شیکردنەوەی مردنە، وەکو لەناوچوون؛ تێگەیشتنی بوونگەرانەیە لە[مردن] یان وازهێنانە لە هەموو ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە[بۆ ئەم دیاردەیە].

ئێمە لە ڕوونکردنەوەکەماندا بۆ گۆڕانکارییەکە لە بوونی دازاینەوە بۆ نەبوون یان نەمانی-لەنێو-جیهاندا باسمانکرد دەرچوونی-دازاین-لەنێو-جیهان دەبێت لە دەرچوونی هەبوویەکی زیندووی دیکە لەنێو-جیهان جیابکرێتەوە. ئێمە چەمکی(لەناوچوون) بۆ کۆتاییهێنان بۆ هەبووە زیندووەکان دادەنێین. جیاوازی و واتای ئەم چەمکەش لە بەراوردکردنی

کۆتاییهێنان بە دازاین و ژیانی هەبووە زیندووەکاندا دەردەکەوێت. بێگومان، ڕاڤەکردنی فسیۆلۆجییانە و بایۆلۆجییانەش بۆ مردن دەکرێت. بەڵام واتای چەمکە پزیشکییەکە (دەرچوون- ئێگسەتوس) لەگەڵ چەمکی (لەناوچوون) ڕێکناکەوێت.

[٢٤١] بەگوێرەی باسەکەی پێشومان لەسەر تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانە لە مردن، دەرکەوت بونیادەکانی ئەو هەبووانەی (بابەتی دەرەکین یان ژیان)، لە ڕاڤەکردنەکەدا توشی ئاڵۆزیمان دەکەن. بۆ دوورخستنەوەی ئاڵۆزییەکە پێویستە بەدوای ڕێگەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی دروستدا بگەڕێین تاکو ئەو دیاردانەی، وەکو (کۆتایی) و (سەرجەم) تیایاندا پێناسبکەین، کە دەبن بە پێکهاتەکەیان.

## ٤٨. ئەوەی هێشتا لە دەرەوەدا وەستاوە؛ کۆتایی و سەرجەمی بوون

لە چوارچێوەی توێژینەوەکەماندا، خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی کۆتایی و سەرجەمی بوون بەتەواوی دیارینەکراوە. بۆ ئەم کارە پێویستیمان بە بونیادی فەرمی کۆتایی و سەرجەمی بوون بە واتا گشتییەکەیان نییە؛ دەبێت بونیادە جۆراوجۆرەکان جیابکەینەوە، کە هەر یەکەیان سەر بە هەبوویەکن و ناوەڕۆکیان دیارییبکرێت. ئەمکارە بڕیار لەسەر ڕاڤەکردنەکەمان بۆ جۆرەکانی بوون دەدات و داوامان لێدەکات لە خانەی جیاوازدا دایانبنێین. بۆ تێگەیشتن لە جۆرە جیاوازەکانی بوون، پێویستیمان بە بیرۆکەی ڕوونکراوەی بوون بەگشتی هەیە. شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ کۆتایی و سەرجەمی بوون لەبەر دووری بابەتەکە

گیرناخوات، بەڵکو لە بنەڕەتەوە توشی کێشە و گرفت دەبین: بۆ ئەوەی لەم کارەدا سەرکەوتووبین دەبێت لەپێشتر(واتای بوون بەگشتی)، ئەو واتایەی دۆزیمانەوە و لەگەڵیدا ئاشنابووین، لەبەردەستدا بێت.

[٢٤٢] ئەو بابەتە جیاوازانەی بیریانلێدەکەینەوە و دەمانەوێت لێیان بکۆڵینەوە کۆتایی و سەرجەمی بوونن؛ بە هۆی ئەمانەوە دازاین خەسڵەتی چەسپاوی ئۆنتۆلۆجییانەی پێدەدرێت. لەبەر ئەمە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین ڕاڤەکردنێکی تەواوی بوونی دازاین بکەین. گرنگە پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاین لە بیرنەکەین، کە باسمانکرد و تێبگەین چۆن ئۆنتۆلۆجییانە هەموو چەمکێکی کۆتایی و سەرجەم بۆ ئەم هەبووە ناجۆرن و ڕەتدەدرێنەوە. لێرەوە، تێگەیشتنەکەمان لە کۆتایی و سەرجەمی بوون لە شێوازە جیاوازەکانیاندا بەهێزتر دەبێت و ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ مردن مسۆگەردەکات.

ئەگەر شیکردنەوەی کۆتایی و سەرجەمی بوونی دازاین بوارێکی فراوان بە خۆوە بگرێت ئەوە ناگەیەنێت، کە چەمکە بوونگەرانییەکانی کۆتایی و سەرجەمی بوون بە (دیدەکشن) دەرهێنراون. بەپێچەوانەوە، دەمانەوێت واتای بوونگەرانەی گەیشتن-بەکۆتایی-دازاین لە خودی بوونی دازاینەوە وەرگرین و ڕوونیبکەینەوە چۆن ئەم(کۆتاییە) سەرجەمی بوونی پێکدەهێنێت. باسەکەمان لەسەر مردن، تاکو ئێرە، لەم سێ خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

یەکەم، مادام دازاین هەیە و هێشتا نەبووە بەوەی دەیەوێت، شتێک بەردەوام لە دەرەوەیدا ڕادەوەستێت.

دووەم، لەگەڵ گەیشتنی-بەکۆتایی ئەوەی هێشتا-بەکۆتایی- نەگەیشتوە، لە دەرەوەدا ڕادەوەستێت و لەناودەچێت خەسڵەتی بەدازاین نەبووی هەیە.

سێیەم، گەیشتن-بەکۆتایی ئەو شێوازی بوونەیە هیچ کەسێک ناتوانێت تیایدا نوێنەرایەتی دازاینێکی تاک بکات.

نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە بوونی دازاین ناتەواوە و کۆتاییشی بە مردن دێت. تاکو دازاین لە بووندا بێت بەم ناتەواوییەوە (هێشتا-نەبووە)وە دەژی؛ ئەمەش فاکتۆرێکی فینۆمینەلانەیە. ئایا بەمە دەوترێت (شتێکی لەدەرەوەدا ڕاوەستاو)؟ لە ئاستی چ جۆرە هەبوویەکدا لەدەرەوە ڕاوەستان هەیە؟ مەبەستمان لە چەمکی (لەدەرەوە ڕاوەستاو) ئەوەیە، کە بوونی ئەو هەبووە کەمی تێدایە. لەدەرەوە ڕاوستان، وەکو کەمی سەر بە بوونە. بۆنموونە، بیری قەرزەکەمان دەکەوێتەوە، کە دەبێت بیدەینەوە. ئەوەی لەدەرەوەدا ڕاوەستاوە هێشتا ڕووینەداوە. بە قەرزدانەوەکە یان دانانی پارەکە قەرزەکە تەواودەبێت. لەم پرۆسەیەدا (هێشتا-نییە) پڕدەبێتەوە و لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی [هەبووەکەدا] کۆدەبێتەوە. کەوابوو، لەدەرەوەدا ڕاوەستان واتە، هێشتا کۆکردنەوەکەمان دەستنەکەوتوە. ئۆنتۆلۆجییانەش، ئەوە دەگەیەنێت، کە لایەنە بەبابەت نەکراوەکانی-بەردەست بە بەشەکانیانەوە کۆنەکراونەتەوە. بەشەکانیش لە شێوازی بوونیاندا بابەتی بەردەستن. ئەوانەی لەدەرەوەدا ڕاوەستاون و هێشتا کۆنەکراونەتەوە لەگەڵ پێکەوە بەستنەوە و دانانیان کۆدەبنەوە. هەر هەبوویەک هەبێت، کە شتێک لەدەرەوەیدا بۆی ڕاوەستابێت بوونی

سەر بەبابەتی-بەردەستە. پێکەوەبوون و پێکەوەنەبوون بە (کۆ)وە دەبەستینەوە.

[٢٤٣] پێکەوە-نەبوون، کە سەر بە شێوازی بوونی پێکەوە-بوونە کەمییە لەو بوونەدا و ناتوانێت ئۆنتۆلۆجییانە (هێشتا-نەبوو)ی دازاین، کە ئەگەری مردنێتی پێناسبکات. شێوازی بوونی دازاین بابەتێکی بەردەستی-نێو-جیهان وەرناگرێت. (پێکەوەبوونی) بوونی دازاین لە پرۆسەی ژیانیدا و تاکو کۆتایی پێکەوەدانانی بابەتەکانی بەردەستی لەنێو شوێنی تایبەت و جۆری دانانەکە پێکنایەت. پێکەوەبوونی دازاین لەوەدایە بە (هێشتا-نەبوو)ی بوونی بگات و لەوە زۆرتریش دازاین بەچی دیکە نەبێت. بەڵام تاکو دازاین لە بووندا بێت (هێشتا-نەبوو)ەکە لەگەڵیدا بەردەوام دەمێنێتەوە. ئایا هەبووی دیکە هەیە، کە خاوەنی (هێشتا-نەبوو) بێت و دازاینیش نەبێت؟

ئێمە دەڵێین، "مانگ چارەکێکی ماوە پڕ بێتەوە"، هێشتا نەبووەو لەگەڵ نەمانی سێبەرەکەدا لەناودەچێت. بەڵام مانگ هەمیشە بابەتێکی دەرەکییە. تەنانەت، کە پڕیش دەبێت ناتوانین هەموو لایەنەکانی ببینین. کەموکورتی بینینەکەمان واتای پێکەوە-نەبوونی ئەو هەبووە نابەخشێت و پەیوەندی بە هەستکردنمانەوە هەیە. (هێشتا-نەبوو)ی بوونی دازاین شتێکی کاتی نییە، کە نەتوانێت لەنێو ئەو بارودۆخەدا بیگاتێ؛ بەڵکو (هێشتا-نەبوو)یەکی (ڕاستەقینەیە). کێشەکە لەوێدا نییە چۆن لە هێشتانەبووی دازاین، وەکو خەسڵەتێکی بوونی تێبگەین. ئێمە دەمانەوێت بوون و نەبوونی هێشتا-نەبووەکە بناسین. پێویستە دازاین ببێت بەوەی هێشتا نەبووە. کەوابوو، بۆ بەراوردکردنی هێشتا-نەبووی

دازاین پێویستیمان بەو هەبووانە هەیە، کە بوونیان لە پێکهاتندایە. میوەیەک، بۆ نموونە، هێشتا کاڵە و دوایی پێدەگات. لە پرۆسەی پێگەیشتنەکەدا، کە میوەکە هێشتا پێنەگەیشتوە، لەگەڵ پێگەیشتنەکەدا نابێت بە پێکەوەبوونی بابەتێکی دەرەکی میوەکە، خۆی بە پێگەیشتنەکە دەگەیەنێت و خەسڵەتی بوون بە (میوە) بە خۆی دەدات. ئەگەر میوەکە پێنەگات ئێمە ناتوانین بە بیرکردنەوە و ئەندێشەمان پێیگەیەنین. کاڵی و پێنەگەیشتنی میوەکە شێوازێکی دیاریکراوی بوونیەتی. سەرجەمی بوونی میوەکە، یان (کۆ)ی بوونی، کە هێشتا تەواو نەبووە بابەتێکی-بەردەستە و پەیوەندی بە نەبوونی ئەوەوە هەیە. میوە پێگەیشتن بەتەنیا نەک گوێ ناداتە لایەنی جیاوازی پێنەگەیشتنەکە، بەڵکو لە پێنەگەیشتنەکەدا بایەخ بە پێنەگەیشتنەکەش نادات. هێشتا-نەبوو خەسڵەتێکی بە ڕووداو پەیدابووی میوەکە نییە و پێکهاتەی بوونییەتی. بەهەمان شێوەش، دازاین تاکو هەبێت ئەوەیە، کە هێشتا-نەبووە.[89]

[٢٤٤] ناتەواوی دازاین و خۆ-ڕەتکردنی پەیوەندی بە کۆی لەدەرەوە ڕاوەستاوی بوونیەوە و شتێکەوە نییە، کە هێشتا دەستی نەکەوتوە. هێشتا-نەبووی بوونە، کە لە دازاینیدا هەیە. هەروەها، بەراوردکردنەکەش

---

[89] جیاوازی نێوان (کۆ) و (هەموو) لە سەردەمی ئەفلاتون و ئەریستۆوە دیاریکراوە، بەڵام تاکو ئەمڕۆ کەس لە سیستەمی جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە کاتیگۆریانە تێنەگەیشتوە. بۆ تێگەیشتن لە شیکردنەوەی بونیادەکەیان بڕوانە:

Edmund Hussrel, *Logische Untersuchungen*, vol. 2, *Untersuchung*, vol. 3: “*Zur Lehre von den Ganzen und Teilen*”.

لەگەڵ پێگەیشتنی میوەکەدا، کە بەڕادەیەک جۆرە، جیاوازییەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەگەر بیر لە جیاوازییەکان بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت چەند باسەکەمان لەسەر کۆتایی و کۆتاییهێنان بێسنور دەمێنێتەوە.

پێگەیشتن شێوازێکی بوونی میوەکەیە. هەمانکات هێشتا-نەبوویەتی؛ لەبەر ئەمە شێوازێکی لێکچوی بوونی دازاینە. دازاین، وەکو میوەکە، خاوەنی بوونێکی هێشتا-نەبووە، کە پێناسنەکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین واتای پێگەیشتنی میوەکە و مردن ئۆنتۆلۆجییانە بە یەک شت دابنێین. بە پێگەیشتن میوەکە (ناتەواوییەکەی) خۆی تەواودەکات. ئایا دازاین بە مردن ئەم کارە دەکات؟ بێگومان، بە مردن پرۆسەی [بوونی] دازاین کۆتایی دێت. ئایا بەم کارە هەموو ئەگەرەکانی بوونی وەدەستدەهێنێت؟ ئایا بە مردن دازاین ئەگەرەکانی لەدەستناچێت؟

تەنانەت ئەوانەی ناتەواوییەکانی بوونیشیان تەواوناکەن دەمرن. لەلایەکی دیکەوە، دەشێ دازاین پێش مردن بتوانێت بوونی خۆی تەواوبکات. زۆربەی کات، دازاین بە ناتەواوییەوە کۆتایی بە بوونی دێت. کۆتایی لە هەموو حاڵەتێکدا واتای تەواوبوون نابەخشێت. لێرەدا، پێویستە ئەو پرسیارە بکەین، لەچ ڕوویەکەوە مردن بە کۆتایی دازاین دادەنرێت؟

[٢٤٥] لەسەرەتاوە، (کۆتاییهێنان) واتای (وەستان) دەبەخشێت و ئەمەش ئۆنتۆلۆجییانە لە جیاوازی بەدەر نییە. باران دەوەستێت و لەوە زۆرتر بە بابەتێکی دەرەکی ناناسرێت. شەقامەکە دەگیرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت شەقامەکە وندەبێت یان نامێنێت. کەوابوو، کۆتاییهێنان یان وەستان گۆڕانە بۆ بابەتێکی دەرەکی-نەبوو یان بابەتێکی-دەرەکی هەبووە. شێوازی دووەمیان دەبێتەوە بە خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی

دیکەی تەواونەبوو، بۆ نموونە لە کاتی چاککردنی شەقامەکەدا ڕێگەی هاتووچۆ دەگوێزرێتەوە یان دەبێت بە خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی دیکەی تەواوبوو، بۆ نموونە تابلۆکە بە دوا فلّچەی ڕەنگدانانەکە تەواو دەبێت.

مەرج نییە کۆتاییهێنان تەواوبوون بێت. بەڵام هەموو شتێکی تەواوکراو دەبێت کۆتایی هەبێت. تەواوبوون شێوازێکی کۆتاییهێنانە و لەسەر ئەو دادەمەزرێت. کۆتاییهێنان خەسڵەتی بابەتیَ-بەردەست و بابەتی دەرەکییە. کۆتاییهێنان بەدیارنەمانیش بەگوێرەی هەبووەکەی دەبێت بە خاوەنی و گۆڕانی بەسەردادێت. بارانەکە لەوەستاندایە، واتە دیارنامێنێت. نانەکە تەوادەبێت، واتە خوراوە و لەبەردەستی کەسێکی دیکەدا نامێنێت. مردنی دازاین لەبەر ڕۆشنایی ئەم شێوازی کۆتاییهێنانەدا ناناسرێت. ئەگەر مردن، وەکو بوونَ-لە-کۆتاییدا، بەو جۆرەی باسمانکرد باسبکرێت ئەوا دازاین دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی یان بابەتێکی بەردەست. لە مردندا دازاین نە خۆی تەوادەکات نە دیارنامێنێت؛ نە بەتەواوی کۆتایی پێهاتووە و نە وەکو بابەتێکی بەردەستیش هەیە.

بەو شێوەیەی دازاین هەبوویەکی هێشتا-نەبووە و بەردەوام بەمجۆرە دەژی، بۆ بوونی خۆی دەبێت بە کۆتایی. ئەو کۆتاییەی بە مردنی دادەنێین واتای بوونیَ-دازاینَ-لەبەردەمَ-کۆتاییەکدا نابەخشێت، بەڵکو بوونە-ڕووەو—کۆتایی ئەم هەبووە. مردن شێوازی بوونە، کە دازاین لە یەکەم ساتی بوونیەوە دەبێت بە خاوەنی. "هەر کە دازاین پەیدابوو، بە تەمەن بۆ مردن گەورەیە."

کۆتاییهێنان، وەکو بوون-ڕووەو-کۆتایی لە بوونی دازایندا پیویستی بە ڕوونکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانە هەیە. هەروەها دەبێت ئەگەری ئەو هەبووەی (هێشتا-نەبوو)ە و لەبەردەم (کۆتایی) بوونیدا ڕادەوستێت، بوونگەرانە دیاریبکرێت. ئوم ڕوونکردنەوە بوونگەرانەیەی بوون-ڕووەو-کۆتایی زەمینە بۆ باسەکەمان لەسەر سەرجەمی بوونی دازاینیش خۆشدەکات ئەگەر سەرجەمەکە لە کۆتاییەکەدا بە (مردن) بگات.

[٢٤٦] تێگەیشتنەکەمان لە سەرجەمی بوونی دازاین لە ڕوونکردنەوەی واتاکانی (هێشتا-نەبوو) هەروەها (کۆتاییهێنان)وە سەرکەوتوو نییە. (هێشتا-نەبوو) لە ڕاڤەکردنەکەماندا لایەنێکی نێگەتیڤی هەیە چونکە ئاماژە بۆ لایەنێکی لەدەرەوە وەستاو دەکات، کە دازاین پێینەگەیشتوە و ئێمەش ناتوانین باسیبکەین. هەروەها، ناکرێت بەتەواوی پێناسەی بوونی دازاین، وەکو بوونێک-لەئاستی-کۆتاییەکدا بکەین. لەبەر ئەمە دەبێت واز لەم باسانە بهێنین. خەسڵەتی پۆزەتیڤانەی (هێشتا-نەبوو، کۆتاییهێنان و سەرجەم) بە بەستنەوەیان بە بوونی دازاینەوە دەردەکەون. ئەگەر بمانەوێت ڕاڤەکردنێکی پۆزەتیڤانەی مردن و خەسڵەتی کۆتایی بوونگەرانە بکەین، پێویستە لە بارودۆخی سەرەتایی دازاینەوە، کە دیاردەی نیگەرانی تێدا دەبینرێت، دەست بە گەشتەکەمان بکەین.

## ٤٩. چۆنیەتی جیاوازی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ مردن لەگەڵ ڕاڤەکردنەکانی دیکەی ئەم دیاردەیەدا

خەسڵەتی یەک واتایی ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ مردن بە ئاماژەکردنی ئەو خاڵەی ڕاڤەکەمان ڕوویتێناکات، بەهێز دەکەین. مردن،

به واتایەکی فراوان، دیاردەی ژیانە. ژیانیش سەر بە بوونە-لەنێو-جیهاندا. بەجەختکردنیش لەسەر شێوازی بوونی تایبەتی دازاین خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکەی دیاریدەکەین. دەشێ بیر لە دازاین، وەکو ژیانێکی ڕەوان بکەینەوە. کاتێک پرسیارکردنەکە لەسەر بنەمای بایۆلۆجی یان فسیۆلۆجی دادەمەزرێنین، بوونی دازاین دەخەینە نێو جیهانی ئاژەڵ و ڕووەکەوە و ئۆنتیکییانە داکۆکی لەسەر دەکەین. پەیوەندییەکانی نێوان تەمەن و درێژی، گەورەبوون و گەشەکردن دەناسینەوە. لە جۆرەکانی مردن، هۆکارەکان و پەیدابوون ئەو ڕێگایانەی [ژیان] تیایدا سەرهەڵدەدات، دەکۆڵینەوە.

[٢٤٧] لە ژوور ئەم لێکۆڵینەوە بایۆلۆجییە-ئۆنتیکییەوە بۆ مردن گرفتێکی ئۆنتۆلۆجییانە هەیە. پێویستە بپرسین لە بەستێنی ژیانەوە چۆن ناوەڕۆکی ئۆنتۆلۆجییانەی مردن پێناسدەکرێت؟ لەلایەکەوە، ئەم کارە لەنێو لێکۆڵینەوە ئۆنتیکییەکە بۆ مردن کراوە و چەمکە سەرەتاییەکانی ژیان و مردنیش ڕوونکراونەتەوە. بەڵام پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئۆنتۆلۆجی دازایندا واتاکانیان لێکبدەینەوە. لە ئۆنتۆلۆجی دازایندا، کە لەژێر ئۆنتۆلۆجی ژیاندایە، شیکردنەوەی بوونگەرانەی مردن دەکەوێتە ژێر بارودۆخی بنەڕەتی بوونی دازاین. کۆتایی هەبوویەکی زیندوومان بە لەناوچوون ناوزەدکرد. دازاینیش خاوەنی مردنی فسیۆلۆجییە. مردنەکەشی ڕووداوێکی ئۆنتیکی دابڕاو نییە و لە بوونیدایە. دازاینیش دەتوانێت مردنێکی ناڕەسەنانەی هەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە، وەکو دازاین لەناوناچێت. ئەم دیاردە ناوەندییەیە بە (دەرچوون لەنێو ژیان)ی دادەنێین. هەروەها، چەمکی مردن دەخەینە

بەرانبەر ئەو شێوازی بوونەی ڕووەو مردنە. لەم بۆچونەوە نابێت بڵێین دازاین لەناوچووە و بە مردن لە ژیان دەردەچێت. توێژینەوەی پزیشکی و بایۆلۆجی لەسەر (دەرچوون لەنێو ژیان) دەتوانێت ئۆنتۆلۆجییانە گرنگ بێت ئەگەر شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەی مردن مسۆگەر بکرێت یان تەماشاکردنی مردن و نەخۆش لە ڕوانگەی زانستی پزیشکییەوە، وەکو دیاردەیەکی بوونگەرانە ببینرێت.

ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی مردن ژوور تێگەیشتنی بایۆلۆجییانە و ئۆنتۆلۆجییانەی ژیان دەکەوێت. هەروەها دەبێت بە بناخە بۆ هەموو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ژیاننامە، ڕەگەزناسی و دەروونناسی. شیکردنەوەی شێوازەکانی نێو ئەزمونی لەژیان دەرچوون لەسەر گریمانەی مردن ئەنجامدەدرێت. لە سەرو ئەمەوە، لێکۆڵینەوەی دەروونناسانە بۆ مردن زانیاریمان سەبارەت ژیانی مردووەکە دەداتێ نەک خودی مردن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کاتێک دازاین دەمرێت، ئەگەر مردنەکەی ڕەسەنانەش بێت، بە ئەزمونی فاکتۆری دەرچوونەکەیدا تێناپەڕێت. بەهەمانشێوە، مردن لەنێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا و ناسینی لە ڕێگەی جادوکردن و ژیانی بەکۆمەڵبوونیان جۆرێکە لە تێگەیشتنی دازاین؛ بەڵام ڕاڤەکردنی ئەمجۆرە تیگەیشتنە پێویستی بە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مردن و چەمکی مردن هەیە.

[٢٤٨] لەلایەکی دیکەوە، شێکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ بوون-ڕووەو-کۆتایی داوای هەڵوێستی ئۆنتیکییانەی ئێمە بۆ مردن ناکات. ئەگەر 'مردن' 'کۆتایی' دازاین بێت یان کۆتایی بوونی-لەنێو-جیهان بێت، ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە پاش مردن ئەگەری بوون بە بەرزی یان نزمی

دەمێنێتەوە و دازاین دەبێت بە هەبوویەکی نەمر. شیکردنەوەکەمان بۆ مردن پەیوەندی بەم جیهانەوە هەیە و ڕاڤەکردنەکەش لەسەر بوونی هەر یەکێک لە دازاینەکانە. بۆ دۆزینەوەی میتۆدێک لە تێگەیشتن لە حاڵەتی بوونی پاش مردن دەبێت لە ناوەڕۆکی ئۆنتۆلۆجییانەی مردن بکۆڵینەوە. بەڵام دانانی پرسیارەکە بە شێوەیەکی بیردۆزەییانە تاکو ئێستا نەگونجاوە. ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی مردن لەنێو ئەم جیهانەدا پێش هەموو بیرکردنەوەیەکی ئۆنتیکییانەی نێو ئەم جیهانە دەکەوێت. دواجاریش، باسکردنی مێتافیزیکییانە بۆ مردن دەکەوێتە دەرەوەی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان. پرسیارکردن سەبارەت چۆن و کەی مردن دێتە نێو جیهانەوە، وەکو (خراپە) یان (ئازار) لە بوونی هەبووەکاندا چ واتایەکی هەیە، سەرهەڵدەدات.

هەندێک لە پرسیارەکان پێویستیان بە تێگەیشتن لە ئۆنتۆلۆجی هەموو هەبووەکان و ڕوونکردنەوەی واتای خراپ و نێگەتیڤ بەگشتی هەیە. میتۆدۆلۆجییانە، شیکردنەوەی بوونگەرانە ژوور پرسیارەکانی نێو زانستی بایۆلۆجی، دەروونناسی و لاهوتی یان جیهانی پاش مردن لەسەر مردن، دەکەوێت. لە ڕوانگەیەکی ئۆنتیکیشەوە شیکردنەوەکە خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی نییە.

بەهەرحاڵ، ئەمەش لە ئاستی چڕی و پڕی بونیادی ئاڵۆزی دیاردەکەدا چاوبەستمان ناکات. مادام بوونی دازاین ئەگەرەکانێتی و هەرگیز نابێت بە بابەتێکی دەرەکی، ناتوانین لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی مردنیش تێبگەین ئەگەر مردن ئەگەرێکی بوونی بێت.

[٢٤٩] لەلایەکی دیکەوە، شیکردنەوەکەمان لەسەر بیرۆکەی مردنێک دانامەزرێت، کە کتوپڕ لەخۆیەوە ڕوودەدات.
ئەم شیکردنەوەیەش لەسەر بنەمایەکی لەپێشتری ئۆنتۆلۆجییانەی ئەو هەبووە ڕادەوەستیت، کە (کۆتایی) لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێت بە مردنی.
بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە بونیادەکانی ژیانی ڕۆژانە بکۆڵینەوە. لەڕاستیدا، لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ مردن ئەگەرە ئۆنتیکییەکانی بوون-ڕووەو-مردن لەنێو توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییەکەماندا ناجوڵێن. بە شێوەیەکی ئاشکراتر، دەبێت هەڵوێستە ئۆنتیکییەکان لەگەڵ پێناسەکردنەکەمان بۆ چەمکە بوونگەرایەتییەکان سەبارەت مردنێک، کە ئەگەری بوونی دازاینی تێدا دەبینرێت، هاوتەراز دابنرێن. کێشەی بوونگەرانە دەیەوێت بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی بوون-ڕووەو-کۆتایی دازاین بەرەو پێشەوە بەرێت.

### ٥٠. هێڵکاری سەرەتایی بۆ بونیادی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی مردن

[٢٥٠] لەگەڵ بۆچوونەکانمان لەسەر سەرجەمی بوون، کۆتایی و ئەوەی لەدەرەوەدا ڕاوەستاوە و پێینەگەیشتوین، پێویستی بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی مردن، وەکو بوون-ڕووەو-کۆتایی سەریهەڵدا.
لێرەوە دەتوانین لە واتای سەرجەمی بوون تێبگەین، کە لەسەر بوون-ڕووەو-کۆتایی دادەمەزرێت. بینیمان، نیگەرانی بارودۆخی بنەڕەتی بوونی دازاینە. گرنگی چەمکی نیگەرانیش لەو پێناسەیەدا ئاشکرا دەبێت، کە

دازاین بەو بوونە-خۆ-تێپەڕکەرەی-نێو-جیهان، وەکو بوونێک-لەگەڵ ئەو هەبووانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە دادەنێت.[90]
لەم پێناسەیەدا خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی بوونی دازاینمان دەربڕیوە: بوون، وەکو خۆ-تێپەڕکەر؛ فاکتۆر لەسەر بنەمای بوون-لەنێودا؛ کەوتن لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا. ئەگەر مردن بۆ بوونی دازاین بگەڕێنینەوە ئەوا دەبێت ئەم بوونە-ڕووەو-کۆتاییە لەبەر ڕۆشنایی ئەم خەسڵەتانەدا پێناسبکرێت.
ئێمە لەسەرەتاوە هێڵکاری بۆ بوونی دازاین، فاکتۆر و کەوتن، بەو شێوەیەی لە دیاردەی مردندا دەردەکەون دەکەین. ڕاڤەکردنی (هێشتا-نەبوو) بەو پەڕی واتاکەیەوە و کۆتایی دازاین، وەکو شتێکی لەدەرەوە ڕاوەستاو لەبەر ناجۆرییەکەی ڕەتدرایەوە. ئەم ڕاڤەکردنە بوونی دازاینی بە بابەتێکی دەرەکی دادەنا و ئۆنتۆلۆجییانە دەیشێواند. واتای بوونگەرانەی بوون-لەئاستی-کۆتاییدا بوونە-ڕووەو-کۆتایی. (هێشتا-نەبوو) ئەوەیە دازاین ڕوویتێدەکات. کۆتایی بۆ دازاین حەتمییە. مردن بابەتێکی دەرەکی هێشتا-نەبوو نییە، ئەوەش نییە لەدەرەوەدا ڕاوەستابێت بەڵکو لەبەردەم ئێمەدایە و حەتمییە.
بەهەرحاڵ، بوون-لەنێو-جیهانیش بۆ دازاین حەتمییە. حەتمییەت بەتەنیا خەسڵەتی مردن نییە. بەپێچەوانەوە، لەم ڕاڤەکردنەوە، دەشێ وا تێبگەین، کە مردن ڕووداوێکی حەتمی نێو ژینگەیە. بۆ نموونە، زریان،

---

[90] بڕوانە کورتەبەشی (٤١)ی ئەم نوسراوە.

نەخشەدانانێکی نوێ بۆ خانووەکە یان هاتنی هاوڕێیەک، لەوانەیە حەتمی بن؛ ئەمانە لەم ڕیزکردنەدا دەبن بە بابەتی-دەرەکی، بابەتی-بەردەست و لەوێدا-لەگەڵ ئێمەدان. حەتمییەتی مردن ئەم شێوازی بوونەی نییە. هەروەها، گەشتێکی دازاین، گفتوگۆکردنی لەگەڵ کەسانی دیکەدا یان ڕووکردن لە ئەگەرێک خەسڵەتی حەتمییەت وەردەگرن.

مردن ئەگەرێکی-بوونە، کە دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا ڕوویتێدەکات. لەگەڵ مردندا، دازاین بە هەموو تەواناییەوە-بۆ-بوون لەبەردەم خۆیدا ڕادەوەستێت. ئەمەش ئەگەری بوونە-لەنێو-جیهاندا. مردن ئەگەری نەتواناییەتی-بۆ-بوون-لێرەدا. ئەگەر دازاین لەبەردەم خۆیدا ببێت بەم ئەگەرە، بە هەموو تەواناییەوە لەئاستیدا دەبێت ڕاوەستێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دازاینەکانی دیکەدا ببڕێت. ئەم ئەگەرە لەپەیوەندی بەدەرە هەمانکات دوا ئەگەرە.

[٢٥١] دازاین، وەکو تەوانایی-بۆ-بوون، ناتوانێت واز لە مردن بهێنێت. مردن ئەگەری حەتمییەتێکی ڕەهای بوونی دازاینە. کەوابوو، مردن ئەگەری خودی دازاینە، لە پەیوەندی بەدەرە و ناتوانین لێیبەرینەوە. لەم ڕووەوە مردن حەتمییە. ئەگەری بوونیشی لەسەر خۆ-دەرخستنی دازاین و شێوازی خۆ-ڕەتکردنی ئەم هەبووە پەیدادەبێت. لە بونیادی نیگەرانیدا خەسڵەتێکی کۆنکریتی گرنگ بە بوون-ڕووەو-کۆتاییەوە هەیە. دیاردەی بوون-ڕووەو-کۆتایی تیایدا دەبێت بە بوون ڕووەو ئەو ئەگەرە تایبەتمەندەی دازاین، کە لێرەدا باسیدەکەین. ئەم ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرەو وازلێنەهێنراوە. دازاین لەنێو ڕووداوەکانی بوونیدا وەدەستی ناهێنێت، بەپێچەوانەوە، پەیدابوونی دازاین فڕێدانێتی بۆ نێو ئەم ئەگەرە.

دازاین نه له نزیکەوە یان دوورەوە و بیردۆزەییانەش زانینی سەبارەت فرێدانەکەی بۆ نێو مردن نییە و نازانێت مردن بە بوونی-لەنێو-جیهانەوە بەستراوە. فڕێدان بۆ نێو مردن لەو مەزاجەدا بەرجەستە دەبێت، کە بە دوودڵی ناوزەدمانکرد.[91] دوودڵی لە ئاستی مردندا دوودڵییە لە ئاستی تەوانایی-بۆ-بوون، کە سەر بە خودی دازاینە، لە پەیوەندی بەدەرە و وازی لێناهێنرێت. ئەوەی لە ئاستیشدا دوودڵین خودی بوون-لەنێو-جیهانە. پێویستە دوودڵی لە ئاستی مردن و ترس لە لەناوچوون تێکەڵ نەکەین. دوودڵی مەزاجێکی کتوپڕی سەرهەڵدراو یان لاوازی تاکە کەس نییە؛ وەکو مەزاجێکی سەرەکی دازاین بوونی فڕێدراوی ئەم هەبووە لەبەردەم کۆتاییدا دەردەخات.

لێرەدا، چەمکی (مردن) بوونگەرانە واتای فڕێدان لە ئاستی تەوانایی-بۆ-بوونێکی لە پەیوەندی بەدەر و وازلێنەهێنراو دەبەخشێت. کارەندازییەکەمان لە جیاکردنەوەی ئەم شێوازی ونبوونە و جۆرەکانی دیکەی لەناوچوون و ئەزموونی لەناوچوونەکەدایە. بوون-ڕووەو-کۆتایی پەیوەندی بە هەڵوێست و ڕووداوەوە نییە، لە بنەڕەتەوە لە فڕێدانی دازایندایە و لە مەزاجدا بەرجەستە دەبێت. بوون و نەبوونی زانینی فاکتۆری بوون-ڕووەو-کۆتایی لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا تەنیا شێوازی دەربڕینە سەبارەت ئەم دیاردەیە. لە زۆر حاڵەتی فاکتۆریدا دازاین لە مردن ئاگا نییە؛ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، مردن بەگشتی سەر بە بوونی

---

[91] بڕوانە کورتەبەشی (٤٠)ی ئەم نوسراوە.

دازاین نییە. تەنیا شاردنەوەی بوونی-ڕووەو-مردن دەگەیەنێت، کە دازاین دەیەوێ لێیڕابکات. لە ڕووی فاکتۆرییەوە، مادام دازاین هەیە دەبێت بمرێت؛ مردنەکەش بە هۆی فڕێدانییەوە ڕوودەدات.

[۲۵۲] بوونی فاکتۆری، بێجگە لەوەی فڕێدانە لەنێو-جیهاندا، دەبێت بە نوقمبوونیش لەنێو ئەو جیهانەی دازاین بایەخی پێدەدات. لەم کەوتنەدا، بوونی-لەتەنیشت شتەکانەوە و ڕاکردن پەیدادەبن. ئەمەش ڕاکردنە لە بوونی-ڕووەو-مردن. بوون، فاکتۆر و کەوتن دەبن بە خەسڵەتی بوونی-ڕووەو-کۆتایی و پێکهاتەی چەمکی بوونگەرانەی مردن. لە ڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەشەوە مردن لەسەر زەمینەی نیگەرانی دادەمەزرێت.

ئەگەر لە بنەڕەتەوە دازاین خاوەنی بوونی-ڕوەو-مردن بێت پێویستە باسی مردنی ناڕەسەنانە یان مردن لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا بکەین. ئەگەر بوونی-ڕووەو-کۆتایی ئەگەرێکی بوونگەرانەی سەرجەمی بوونی ژیانی ڕۆژانەش پیکبهێنێت ئەوا تێدەگەین، کە نیگەرانی دەبێت بە چەمکێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ سەرجەمی بونیادی دازاین. ئەگەر بتوانین ئەمە بسەلمێنین، ئەوا هێڵکاری پەیوەندی نێوان بوونی-ڕووەو-مردن و نیگەرانی نابێت بە زەمینەیەکی پڕ و تەواو. پێویستە پەیوەندییەکە لە شێوازی کۆنکرێتیدا ببینین، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە دازاینەوە نزیکدەبێتەوە.

### ٥١. بوونی-ڕووەو-مردن و ژیانی ڕۆژانەی دازاین

بۆ تێگەیشتن لە بوونی-ڕووەو-مردن لەژیانی ڕۆژانەدا پێویستیمان بەو بونیادانەی ژیانی ڕۆژانە هەیە لەپێشتر باسمانکردن. لەبوونی-ڕووەو-مردندا

دازاین، وەکو تەوانایی-بۆ-بوونی ڕوو لە خۆی دەکات. بەڵام (خۆ) لە ژیانی ڕۆژانەدا بووە بە (ئەوان). [92] لە پێکهاتەی ئەواندا خەڵکی ڕاڤە بۆ شتەکان دەکات. ئەم ڕاڤەکردنەش بە گوتاری لەکارکەوتوو دەردەبڕێت. بەگوێرەی ئەمە، دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە گوتاری لەکارکەوتوو بوونی خۆی-ڕووەو-مردن ڕاڤەدەکات. تێگەیشتنیش بناخەی هەموو ڕاڤەکردنێکە و بەردەوام مەزاجیشی لەگەڵدایە یان بە واتایەکی دیکە مەزاجییە. ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە بکرێت، ئەوەیە، چۆن بوون-ڕووەو-مردن لە تێگەیشتنێکدا بە مەزاجەوە و گوتاری لەکارکەوتووی (ئەوان)ەوە دەردەکەوێت؟ چۆن (ئەوان) بە تێگەیشتنەوە ڕوو لەم دوا ئەگەرەی دازاین دەکەن، کە ئەگەرێکی لە پەیوەندی بەدەرو وازلێنەهێنراوە؟ چ جۆرە مەزاجێک و چۆن بۆ (ئەوان)ی دەردەخات مردن هەیە؟

[٢٥٣] لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لەنێو کەسانی دیکەدا (مردن) بە ڕووداو دادەنرێت. ڕۆژانە کەسێک دراوسێ یان بێگانەیە دەمرێت. بە ڕۆژ و بە کاتژمێر خەڵکی دەمردن. مردن بووە بە ڕووداوێکی ناسراو لەنێو جیهاندا و بە ئاشکرا ڕۆژانە دەبینرێت. (ئەوان)یش ڕاڤەکردنەکەیان بۆ [ئەم ڕووداوە] ئامادەکردووە. وەکو هەڵتوویەک باسیدەکەن و ئاشکرای دەکەن، کە "لەم ڕۆژانەدا و لە کۆتاییدا کەسێک دەمرێت، بەڵام ئێستا[ئەو مردنە] پەیوەندی بە ئێمەوە نییە."

شیکردنەوەی واتای (کەسێک دەمرێت) بە ئاشکرا بوون-ڕووەو-مردن لە

---

[92] بڕوانە کورتەبەشی (٢٧)ی ئەم نوسراوە.

ژیانی ڕۆژانەدا دەردەخات. لەم شێوازی دەربڕینەدا مردن بە شتێکی نادیار دادەنرێت، کە لە شوێنێکی دیکەوە بەرەو ئێرە دێت، هێشتا نەبووە بە بابەتێکی دەرەکی بۆ کەسەکە و هەڕەشە کەر نییە. لە ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانەی دازایندا (کەسێک دەمرێت) بەکارهێنراوە چونکە من و هەموو کەسێک دەتوانین بڵێین، ئەوەی دەمرێ من نیم و ئەوەی دەمرێت (هیچ کەسێک نییە). [93]

مردن کراوە بە ڕووداو، کە بە دڵنیاییەوە، دازاین توشی دەبێت، بەڵام ئەو ڕووداوە سەر بە بوونی هیچ تاکێک بەتایبەتی نییە. ئەگەر گۆتاری لەکارکەوتوو هەمیشە ئاڵۆز بێت ئەمجۆرە باسکردنەی مردنیش ئاڵۆزە.

مردن، کە لە بنەڕەتەوە من خاوەنیم و کەسێکی دیکە ناتوانێت نوێنەرایەتی منی تێدابکات، بووە بە ڕووداوێکی گشتی و (ئەوان) ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لەم شێوازی باسکردنەی مردندا، مردن بووە بە کێشەیەکی هەمیشەیی؛ شتێکی ڕاستەقینە و خەسڵەتەکەشی، وەکو ئەگەر بە هەردوو خەسڵەتەکەیەوە (لە پەیوەندی بەدەری و وازلێنەهێنراو) دەشارێنەوە. لەم ئاڵۆزییەدا، دازاین بوونی خۆی لەنێو (ئەوان)دا وندەکات.

---

[93] مەبەست ئەوەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا تایبەتمەندێتی تاکەکەس لەناوچووە و مرۆڤ ناڕەسەنانە دەژی. لەبەر ئەمە مردنەکەشی لە تایبەتمەندێتی دەردەچێت. مادام هەموو تاکەکان، وەکو یەکن و ڕەسەنێتی خۆیان دۆڕاندوە مردنی یەکێک لە ئەوان کۆتایی بە هیچ شتێک ناهێنێت، وەکو ئەوە وایە کەس نەمردبێت. (م. ک)

(ئەوان)خۆیان دەسەپێنن.[94] تاکیش هاندەدات خۆی لە بوونی-ڕووەو-مردن بشارێتەوە. ئەم خۆ شاردنەوەیە لە ئاستی مردندا ژیانی ڕۆژانە ملهوڕانە داگیردەکات. خەڵکی لەگەڵ دراوسێکانیاندا باسی مردووەکە دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لە مردنی خۆیان بکەنەوە.

ئەمجۆرە نیگەرانییە سەرخۆشی لێکردنی خۆیانی تێدایە. تاکەکان بەرەو بوونی دازاینی خۆیان دەگەڕێنێتەوە و هەمانکات یارمەتیان دەدات، بوونی لە پەیوەندی بەدەری خۆیان بەتەواوی داپۆشن. بەم شێوەیە، بەردەوام (ئەوان) ئاسودەیی لە ئاستی مردندا دەبینن. ئاسودەبوونەکەش تەنیا بۆ ئەو کەسە نییە، کە لە سەرەمەرگدایە، بەڵکو بۆ ئەوانەشە سەرخۆشی لێدەکەن. لە حاڵەتی لەناوچوونیشدا خەڵکی ئاسودەییەکە دەهێڵنەوە و ڕێگەنادەن ئەو ڕووداوە لەناوییەرێت.

[٢٥٤] لەگەڵ ئاسودەبوونەکەدا، کە دازاین لە مردنی خۆی دووردەخاتەوە، (ئەوان)، هەمانکات، خۆیان بە ڕاست و ڕێزدار دادەنێن چونکە ڕێگەیەکیان بۆ مامەڵەکردن لەسەر مردنی تاکەکان پەیداکردوە. بەگوێرەی بیروڕای گشتی (بیرکردنەوە لە مردن) ترسنۆکانەیە، بێ دڵنیابوونی دازاینە و ڕاکردنە لە جیهان.

(ئەوان) ڕێگەی ئازایەتییەکەمان بۆ دوودڵی لە ئاستی مردندا دەبەستن.

---

[94] هایدیگەر (ئەوان) وەکو کۆ بەکارناهێنێت و وەکو (تاک) مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە زمانی کوردیدا ئەگەر بڵێین (ئەوان) خۆی دەسەپێنێت، هەڵەیە. (م. ک)

لە دوودڵی لە ئاستی مردندا دازاین بە ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرەکەی و وازلێنەهێنراوەکەیەوە ڕووبەڕووی بوونی خۆی دەبێتەوە. (ئەوان) دوودڵی بۆ ترس لە ئاستی ئەو ڕووداوەدا دەگۆڕن. هەمانکات، دوودڵییە گۆڕاوەکە بۆ ترس بە زەبوونی دادەنێن، کە هیچ دازاینێکی خۆڕاگر نابێ بیناسێت. بەگوێرەی یاساکانی (ئەوان) پێویستە دازاین ئاسودە بێت و گوێ بە مردن نەدات. بەرهەمی ئەم ئاسودەبوونە بەرزەو گوێنەدانەش نامۆبوونی دازاینە لە تەوانایی-بۆ-بوونە لەپەیوەندی بەدەرەکەی خۆی. بەڵام، هاندان، ئاسودەیی و نامۆبوون خەسڵەتی ئەو شێوازی بوونەن، بە (کەوتن) ناوزەدمانکرد. لە کەوتندا، بوون-ڕووەو-مردنی ژیانی ڕۆژانە بەردەوام ڕاکردنە لە مردن. بوون-ڕووەو-کۆتایی ناڕەسەنانە ڕاڤەی نوێی بۆ دەکرێت و دەشاردرێتەوە.

لەڕووی فاکتۆرییەوە، بوونی دازاین مردووە؛ واتە بوونە-ڕووەو-کۆتایی. ئەم ڕاستییەش لە باسکردن لەسەر مردنی کەسانی دیکەدا دادەپۆشێت و خۆی دڵنیادەکات، کە زیندووە. **لە کەوتن، ڕاکردن و ژیانی ڕۆژانەدا دازاین دەیسەلمێنێت، کە (ئەوان)یش بوونیان-ڕووەو-مردنە، هەرچەندە بە ئاشکرا بیر لە مردن ناکەنەوە. لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئەم تەوانابییە-بۆ-بوون، کە لە پەیوەندی بەدەرە و وازلێنەهێنراوە، بەردەوام دەبێت بە کێشە. ئەم کێشەیە لەوەدایە، کە نیگەرانبوونەکەی دازاین لە شێوازێکی نەشێواودا بەبێ گوێدان ڕوو لە ئەگەری بوون دەکات.**

[٢٥٥] بەهەرحاڵ، باسەکەمان لەسەر بوون-ڕووەو-مردن لە ژیانی ڕۆژانەدا توانیویەتی چەمکی بوونگەرانەی بوون-ڕووەو-کۆتایی لەگەڵ ڕاڤەکردنی کەوتن و بوون-ڕووەو-مردن مسۆگەربکات. ئێمە دەزانین دازاین [لە ژیانی

ڕۆژانەیدا] لەچی ڕادەکات. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، دەمانەوێت لە پرۆژە فینۆمینۆلۆجییەکەماندا ئەو ڕێگەیە بدۆزینەوە دازاین تیایدا لە مردنی خۆی تێدەگات.[95]

## ٥٢. ژیانی ڕۆژانەی بوون-ڕووەو-مردن و چەمکی پڕ و تەواوی بوونگەرانەی مردن

لە هێڵکارییە سەرەتاییەکەمان پێناسەی بوون-ڕووەو-کۆتاییمان بە تەوانایی دازاین بۆ-بوونێکی لە پەیوەندی بەدەر و وازلێنەهێنراو پێناسکرد. بوون بەرەو ئەم ئەگەرەمان بە ڕووبەڕووبوونەوەی بوونێکی حەتمی دانا. لەپشت ئەمەوە واتای بوون-ڕووەو-مردنمان لە ژیانی ڕۆژانەدا باسکرد. لە کەوتندا، کە سەر بە ژیانی ڕۆژانەیە، بوون-ڕووەو-مردن بوو بە خۆدۆزینەوە لە ئاستی مردن و شاردنەوەیدا. لە کاتێکدا توێژینەوەکەمان لە هێڵکاری ئۆنتۆلۆجییانەوە بۆ بونیادی مردن لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی بە چەمکی کۆنکریتی بوون-ڕووەو-کۆتایی گەیاندوە، لێرەوە، ڕێگەکەمان دەگواسینەوە و هەوڵدەدەین بە چەمکی پڕ و تەواوی بوونگەرانەی مردن بگەین.

بە ئاشکراکردنی بوون-ڕووەو-مردن لە ژیانی ڕۆژانەدا و گوتاری لە کارکەوتووی (ئەوان) لەنێو بۆچوونەکەدا، کە گوایە (کەسێک، نەک ئێستا، دوایی دەبێ بمرێت) باسکرد. ئەوەی ڕاڤەی بۆ کرا (مردنی کەسێک)بوو.

---

[95] بڕوانە کورتەبەشی (٦٢)ی ئەم نوسراوە.

لە گوتارەکەدا (کەسێک، نەک ئێستا، دوایی دەبێ بمرێت) ژیانی ڕۆژانەی مردنەکە بە دڵنیاییەوە دەردەبڕێت. هەموو کەسێک لەو مردنە دڵنیایە. لەلایەکی دیکەوە، دڵنیابوونەکە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو بوونە دێتە نێو دازاینەوە. ژیانی ڕۆژانە بە ئاڵۆزی (دڵنیابوون) لە مردن دەردەبڕێت و بە مانەوەی مردنەکەش دڵنیابوونەکە لاوازدەکات.

[٢٥٦] ئەم خۆدزینەوە و شاردنەوەیە دڵنیابوونێکی ڕەسەنانە لە مردن ناهێنێتەکایەوە و هەمانکات دڵنیابوونیشە. ئایا بۆچوونی ئێمە لەسەر دڵنیابوون لە مردن چییە؟

دڵنیابوونمان لە هەبوویەک دامەزراندنی بوونی، وەکو ڕاستی دەگرێتەوە. بەڵام (ڕاستی) دەرخستنی شتێکە. هەموو دەرخستنێکیش ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر دەرکەوتنی دازاین ڕادەوەستێت.[96] ئەو هەبووەی دازاینە و خۆی دەردەخات و شتەکانیش ئاشکرادەکات لە بنەڕەتەوە لەنێو ڕاستیدایە. بەڵام دڵنیابوون لەگەڵ ڕاستیدا پەیدادەبێت و سەر بە ئەوە. چەمکی (دڵنیابوون)، وەکو چەمکی (ڕاستی) دوو واتا دەبەخشێت. لە سەرەتاوە، ڕاستی واتە بوونێکی-دەرکەوتوو بەو جۆرەی دازاین ڕوویتێدەکات. لەمەوە واتایەکی دیکە دەردەهێنین: ئەویش دەرکەوتنی هەبووەکانە. بەگوێرەی ئەمە، دڵنیایی لە بنەڕەتەوە دەبێت بە (دڵنیا-بوون)ی دازاین. لە واتای دووەمیشدا، ئەو هەبووەی دازاین لە بوونی دڵنیایە بە (دڵنیا) ناودەبرێت.

---

[96] بڕوانە کورتەبەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

(دانپیادانان) یەکێکە لە شێوازەکانی دڵنیابوون، کە دازاین تیایدا بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە هەبووە دەرکەوتووەکە دەکات. بە ڕاستدانانی هەبوویەک بوونە لەنێو ڕاستیدا. لە بۆچوون و حوکمدانێکی لە خۆڕا ئەم خەسڵەتە[بوون لەنێو ڕاستییە] نییە. دروستی ڕاستی ناسین لە خودی بانگەشەکردنەکەدایە بۆ ڕاستی. بانگەشەکردنەکە لەسەر هەبووە دەرکەوتووەکە دادەمەزرێت. ڕاستی و دڵنییابوونەکەش لەگەڵ جۆری هەبووەکاندا دەگۆڕێن. بەڵام لێرەدا، باسەکەمان لەسەر دڵنیابوونە لە مردن؛ ئەم دڵنیا-بوونە لە کۆتاییدا دڵنیاییەکی گرنگی دازاینمان پێدەناسێت.

[٢٥٧] بەگشتی، ژیانی ڕۆژانە ئەگەری لە پەیوەندی بەدەر و وازلێنەهێنراوی بوونی دازاین دەشارێتەوە. ئەم هاندەرە فاکتۆرییە بوونی دازاین دەخاتە نێو (نا-ڕاستییەوە).[97] کەوابوو، ئەو دڵنیابوونەی سەر بە شاردنەوەی بوون-ڕووەو-مردنە ڕێگەیەکی نادروستی ڕاستییە و دڵنیانەبوونێکی گومانکارانە نییە. دڵنیابوونی نادروست دڵنیابوون دەشارێتەوە. ئەگەر کەسێک مردن بە ڕووداوێکی پەیدابووی دەوروبەری تێبگات دڵنیابوونەکە لە بوون-ڕووەو-کۆتایی دەستناکەوێت. گوایە، (بەدڵنیاییەوە مردن دێت)، هەروەها (ئەوان) دەڵێن، بۆ دڵنیابوون لە مردن پێویستە دازاین بەردەوام لە پەیوەندییە بەدەرەکەی و تەوانایی-بۆ بوونی وازلێنەهێنراوی دڵنیابێت. ئەوان دەڵێن، مردن حەتمییە؛ بەمە

---

[97] بڕوانە کورتەبەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

دەیانەوێت وەهمی دڵنیابوون لە مردن لای دازاین دروستبکەن. ئایا بناخەی دڵنیابوونەکە لە ژیانی ڕۆژانەدا چییە؟ ئاشکرایە، کە هەوادارییەکی یەکسان نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، مرۆڤ لە ئەزمونی ڕۆژانەیدا مردنی کەسانی دیکە دەبینێت. مردن فاکتۆرێکی ئەزمونییە و نکۆڵی لێناکرێت.

بەوجۆرەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی بوون-ڕووەو-مردن لە دڵنیابوون تێدەگات، کاتێک بیر لە مردن دەکاتەوە، ئەگەر بیرکردنەوەکەی ڕەخنەگرانەش بێت. تاکو مرۆڤ بزانێت هەموو کەسێک دەمرێت توشی ناکۆکی دەبێت و مردن بەبێ مەرج دەبێت بە ڕووداو لە ژیانی هەموو کەسێکدا. لێرەدا دڵنیابوونێکی ئەزموونی دەخرێتە سەر مردن. ئەم دڵنیابوونە ئەوە نییە ئێمە دەمانەوێت بیردۆزەییانە باسیبکەین.

لە ڕەخنەکەمان لەسەر دڵنیابوون لە مردن، ئەوەی سەرهەڵدەدات سەرنەکەوتنە لە ناسینی بوونی دازاین، وەکو بوونێک-ڕووەو-مردن و سەرنەکەوتنی خەسڵەتی ژیانی ڕۆژانەشە. لەڕاستیدا، دڵنیابوون لە ڕووداوی لەناوچوونەکە ئەزمونگەرانەیە. دەگونجێت بڵێین فاکتۆری مردن دەبێت بە جێگەی سەرنجدانی دازاین. تاکو دازاینیش لەنێو دڵنیابوونە ئەزمونگەرییەکەدا بمێنێتەوە ناتوانێت لە مردن دڵنیابێت.

[٢٥٨] لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەی (ئەوان)دا دەردەکەوێت دازاین لە ڕوانگەی ئەزمونەکانەوە باسی مردن بکات، بەڵام لە نزیکەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی مردندا نییە. کاتێک لە مردن ڕادەکات، تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەی ڕووەو-کۆتایش، دازاین لە مردنی خۆی بە شێوەیەکی جیاواز ئاگایە، هەرچەندە گرنگیش نییە بیردۆزەییانە هەوڵی تێگەیشتنی بدات.

ژیانی ڕۆژانه، زۆربەی کات، مردنەکەی دەشارێتەوە. ئەویش نایەوێت بە ڕووتی بوونی خۆی ببینێت. ئێمە باسی خۆبەگەورەدانانی مەزاجی ژیانی ڕۆژانەمان لە ئاستی فاکتۆری مردندا کرد. خۆبەگەورەدانانەکە دەریدەخات چۆن دوودڵییەکە دادەپۆشێت و دەیەوێت خۆی لێڕزگاربکات. لە مەزاجی ژیانی ڕۆژانەدا بانگەشەی دڵنیابوونێک لە ژوور دڵنیابوونی ئەزمونگەری [تاکەکانەوە] دەکرێت.

مرۆڤ لە مردن دڵنیایە، بەڵام ڕەسەنانە مردنی خۆی ناناسێت. کەوتنی ژیانی ڕۆژانەی دازاین دڵنیابوون لە مردنی تێدایە، بەڵام مرۆڤ خۆی لە دڵنیابوونەکە دەدزێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی خۆدزینەوەکەیدا، خۆدزینەوەکە، وەکو ئەگەرێکی لە پەیوەندی بەدەر و وازلێنەهێنراوی دازاین دەبێت بە بەڵگە بۆ ناسینی مردن؛ لەسەرو ئەمەشەوە خۆدزینەوەکە دڵنیابوونی دازاینە لە مردن.

کەسێک دەڵێت، "حەتمەن مردن دێت، بەڵام ئێستا نا." لەگەڵ بەکارهێنانی (بەڵام...) ئەوان نکۆڵی لە دڵنیابوون لە مردن دەکەن. (ئێستا نا) داکۆکیکردنێکی نێگەتیڤی ڕووت نییە، ڕاڤەکردنی (ئەوان)ە. بەم ڕاڤەکردنە (ئەوان) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە دازاین دەتوانێ بیگاتێ و بایەخی پیبدات. ژیانی ڕۆژانە جۆرە نیگەرانییەک بە پەلە دەسەپێنێت و بیرکردنەوە لە مردنی لێدەسەنێت. مردن بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگیرێت. ئەمەش لە ڕێگەی بیری گشتییەوە ڕوودەداوت. کەوابوو، (ئەوان) تایبەتمەندێتی دڵنیابوون لە مردن دەشارنەوە، کە ئەو ئەگەرەیە هەموو کاتێک دەشێ بێتەکایەوە. دڵنیابوون بە کاتی دیارینەکراوی مردنەوە بەستراوە. بوون-ڕووەو-مردن لە ژیانی ڕۆژانەدا بە دیاریکردنی کاتەکە

دەستنیشانی کاتی دیارینەکراوی مردن دەکات. ئەمەش بەتەواوی کاتی سەرهەڵدانی لەناوچوونەکە دەرناخات. دازاینیش زوو لە ئاستی دیاریکردنەکەدا ڕادەکات.

بە داپۆشنی دیارینەکردنەکە، دڵنیابوونەکەش نامێنێت. ئەگەری مردن دەشاردرێتەوە. لەگەڵ ئەمەدا، ڕاڤەکردنەکەمان بۆ باسکردنی (ئەوان) لە ژیانی ڕۆژانەدا لەسەر مردن و دیارینەکردنی مردن تەواودەبێت. چەمکی تەواوی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی مردن بەمجۆرە پێناسدەکەین:

**وەکو کۆتایی دازاین، مردن ئەگەرێکی لە پەیوەندی بەدەر و وازلێنەهێنراوی نادیاری بوونی دازاینە. مردن، وەکو کۆتایی دازاین لەم هەبووەدا، بوونە-ڕووەو-کۆتایی.**

[٢٥٩] پێناسەکردنی بونیادی بوونگەرانەی بوون-ڕووەو-کۆتایی یارمەتیمان دەدات لەسەر شێوازی بوونی دازاین، کە بە سەرجەمی بوونی دەگەیەنێت، کاربکەین. هەرچەندە بوونی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەشدا ڕووەو کۆتایی دەڕوات، لە خۆدزینەوەکەدا دەبێت ڕوو لە مردن بکات و کۆتاییەکە سەرجەمی بوونی لەگەڵ لەناوچوونەکەیدا دەستنیشاندەکات.

بوونی-ڕووەو-کۆتایی دازاین (هێشتا-نەبوو)ی ئەم هەبووەش دەگەیەنێت. ئەگەر کەسێک ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی نادروست بۆ هێشتا-نەبوو یان لەدەرەوە ڕاوەستاوی ئەم بوونە بکات هەموو ئاماژەکردنێکی فۆرمەلێستی بۆ ناتەواوی بوونەکە ناڕاست دەردەچێت.

**دیاردەی (هێشتا-نەبوو) شێوازی بوونی-خۆ-تێپەڕکەری وەرگرتوە؛ ئەمیش لە بونیادی نیگەرانی بەگشتی، بۆ بڕیاردان لەسەر سەرجەمی بوون**

**کەمتر نییە؛ بێگومان، خۆ-تێپەڕکردنی ئەگەری بوون-ڕووەو-کۆتاییش دادەمەزرێنێت.** هاوکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت پرسیار لە خۆمان بکەین.

بوون-ڕووەو-مردن لەسەر زەمینەی نیگەرانی لە هەموو حاڵەتێکدا لەبەردەم مردندایە. تاکو ئەو ساتەی لەناودەچێت، دازاین فاکتۆریانە و بەردەوام بە مردنەوە هەیە. ڕاکردنی لە مردن لە ژیانی ڕۆژانەیدا شێوازی ناڕەسەنانەی بوونە-ڕووەو-مردن. بەڵام ناڕەسەنی پەیوەندی بە ئەگەری ڕەسەنبوونیشەوە هەیە.

ناڕەسەنێتی شێوازێکی بوونە، کە دازاین خۆی تێدا لادەدات و ڕوو لەلایەکی دیکە دەکات؛ خۆلادانەکەش پێویست ناکات بەردەوام بێت چونکە دازاین لە بووندایە و دەتوانێت خەسڵەتەکانی خۆی دیارییبکات. ئەمەش ئەگەرێکە و پەیوەندی بە بوونی و تێگەیشتنی لەو بوونە هەیە.

[٢٦٠] ئایا دازاین لەو ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرە و وازلێنەهێنراوەی بوونی، کە حەتمی و نادیارە، ڕەسەنانە تێدەگات؟ ئایا دەتوانێت بە ڕەسەنی ڕووەو-مردن بمێنێتەوە؟ تاکو ئۆنتۆلۆجییانە ئەم بوونە ڕەسەنە-ڕووەو-مردنە پێناسنەکەین ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکەشمان بۆ بوون-ڕووەو کۆتایی تەواو نابێت. بوونی ڕەسەنانەی-ڕووەو-مردن ئەگەری مردن لە ژیانی ڕۆژانەشدا پیکدەهێنێت.

ئەگەری ئۆنتیکییانەی تەوانایی-بۆ-بوون دەبێت ئۆنتۆلۆجییانە بگونجێت. ئایا مەرجە بوونگەرایەتییەکان بۆ ئەم ئەگەرە چین؟

چۆن خودی ئەو مەرجانە پەیدادەکرێن؟

## ٥٣. پرۆژەی بوونگەرانەی بوونی ڕەسەنی ڕووەو مردن

لە ڕووی فاکتۆرییەوە دازاین لە نزیکەوە و بەردەوام ناڕەسەنانە ڕوو لە مردن دەکات. ئەگەر دازاین ڕەسەنانە ڕوو لە کۆتایی بوونی نەکات واتای بوونی ڕەسەنانە بۆ کەسانی دیکە دەرناکەوێت یان چۆن بابەتگەرانە دەتوانین ئەگەری ئۆنتۆلۆجییانە و ڕەسەنانەی بوونی ڕووەو مردن باسبکەین؟ ئایا تەماشاکردنی تەوانایی ژیانی ڕۆژانە بۆ بوون لە ئەگەرێکی بوونگەرانەوە فەنتازیا نییە؟ چی بۆ ئەم پرۆژەیە پێویستە تاکو خۆی بگەیەنێتە ئەودیو وەسفکردنێکی شیعری و دامەزراندنێکی لە بناخەبەدەر؟ ئایا خودی دازاین ڕێنمایمان دەکات؟ ئایا شیکردنەوەکەمان بۆ دازاین ڕێگەیەکی ئۆنتۆلۆجیمان نیشاندەدات؟

ئێمە چەمکی بوونگەرانەمان بۆ مردن داهێناوە؛ لێرەوە بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو مردن دادەمەزرێت. هەروەها، خەسڵەتەکانی بوونی ناڕەسەنانەی ڕووەو مردنمان دیاریکردوە. نێگەتیڤانەش باسمانکرد چۆن بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو مردن دەبێ نەبێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤانەدا بونیادی بوونگەرانەی بوونی ڕەسەنی ڕووەو مردن دەکەین بە پرۆژەی توێژینەوەکەمان.

[٢٦١] دازاین بە مەزاج و تێگەیشتنەوە خۆی دەردەخات. بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو مردن لە ئاستی ئەگەری لە پەیوەندی بەدەرو وازلێنەهێنراوی بوونیدا ڕاناکات یان ئەو ئەگەرە ناشارێتەوە و لەسەر جۆچوونی (ئەوان) واتای پێنابەخشێت. لە پرۆژە بوونگەرایەتییەکەدا بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو مردن ئاماژە بۆ ئەو خەسڵەتانە دەکەین، کە بۆ ئەم بوونە تایبەتن و بە تێگەیشتنەوە و بەبێ ئەوەی لێیڕابکەین، ڕوو لە

مردن دەکەین. یەکەمجار خەسڵەتی بوون-ڕووەو-مردن، وەکو بوون-ڕووەو-ئەگەرێک دیاریدەکەین؛ بێگومان ئەم ئەگەرەش لە بوونی دازایندا گرنگە. (بوون-ڕووەو-ئەگەر) بوونە ڕووەو-شتێکی گونجاو یان چوونە دەرەوەیە بەرەو شتێک. ئەمجۆرە ئەگەرە بەردەوام لە ئاستی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان، ئەوانەی بەکاریاندەهێنین و دەستیان بەسەردادەگرین، توشمان دەبێت. لەم دەرچوونەدا و بە نیگەرانییەوە لەگەڵ وەدەستهێنانی ئەو شتانەی ڕوویانتێدەکەین ئەگەرەکەیان لە ناودەبەین. بەکارهێنانی بابەتەکانی بەردەستیش (دروستکردن، ئامادەکردن و چاککردنیان) ڕێژەییە چونکە ئەوەی وەدەستمان هێناوە کاری لەسەر دەکەین. هەرچەندە دەستمانکەوتوون هێشتا لەناونەچوون و ماونەتەوە. لەپێناوی—شتێکدا سودیان لێوەردەگرین. گرنگە لە شیکردنەوەکەماندا بزانین چۆن چوونە دەرەوە بۆ وەدەستهێنانی شتێک بە نیگەرانییەوە پەیوەندی بە (ئەگەر)ەوە هەیە. ئەمەش ناکەوێتە سەر ناسینێکی بیردۆزەییانە بۆ (ئەگەر)، بەڵکو دەبێت لە ئەگری تەماشاکردنەوە بڕوانینە ئەگەرەکە.

ئاشکرایە، بوون-ڕووەو-مردن، کە پرسیاری لەسەر دەکەین بە نیگەرانییەوە ناچێتە دەرەوە تاکو خۆی بە دەست بهێنێت. ئەگەری مردنیش بابەتێکی بەردەست یان دەرەکی نییە، بەڵکو ئەگەری بوونی دازاینە. کەوابوو، نیگەرانبوونی کەسێک بۆ وەدەستهێنانی دەبێت بە (لەناوبردنی کەسەکە بە دەستی خۆی). ئەگەر مرۆڤ ئەم کارەبکات ئەوا خۆی لە بوون-ڕووەو-مردن بێبەش دەکات. کەوابوو، ئەگەر بوون-ڕووەو-مردن خودی مردن یان دانیشتن لە کەناری کۆتاییدا نەبێت، ئەوە

دەگەیەنێت، کە بیرکردنەوەیە لە مردن و لەو ئەگەرەی دەمانەوێت وەدەستی بهێنین. ئەمەش خەسڵەتی (ئەگەرایەتی) لە مردن ناسەنێت. مردن، وەکو شتێک، کە دەبێ ڕووبدات دەمێنێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ شێوازی مامەڵە کردنەکەماندا لاوازی دەکەین و بە ئەگەری دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بوون-ڕووەو-مردن بە تێگەیشتنەوە ئەم ئەگەرەمان پێبناسێنێت لاواز دەرناکەوێت: وەکو ئەگەر تێیدەگەین و ڕووی تێدەکەین.

[٢٦٢] بەهەرحاڵ، دازاین ڕوو لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی دەکات. هەرکەسێک ڕوو لە شتێک بکات نازانێت ئەو شتەی دەستدەکەوێت یان نا. ئایا لە باسەکەماندا لەسەر دیاردەی شتە چاوەڕوانکراوەکە لەسەر دەرچوونی دازاین بە نیگەرانییەوە بۆ وەدەستهێنانی شتێک نەدواین؟ چاەڕوانیکردنی ئەگەرێک تێگەیشتنە لەو ئەگەرە و چۆنیەتی و کاتی پەیداکردنەکەیەتی. چاوەڕوانی بە تەنیا ئەگەری تەماشاکردنی ئەگەری پەیداکردن نییە؛ لە بنەڕەتەوە چاوەڕوانیکردنی وەدەستهێنانەکەیە. لە چاوەڕوانیدا مرۆڤ دەتوانێت لە ئەگەرەوە بە ڕاستەقینە بگات. لەو ڕاستەقینەدا چاوەڕوانی دەبێت بە چاوەڕوانیکردن؛ ئەگەر دەبێت بە شتێکی ڕاستەقینە، لەوەوە دەردەچێت و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە.

بەڵام لەم بوونەدا ڕووەو ئەم ئەگەرە مردن خۆی، وەکو ئەگەرێک دەردەخات. چەمکی (پێشبینیکردن)یشی بۆ بەکاردەهێنین. ئایا ئەمە نزیکبوونەوە لەو ئەگەرە و سەرهەڵدانی نییە؟ لەم نزیکبوونەوەیەدا کەسێک بە نیگەرانییەوە ڕوو لە ئامادەکردنی شتێک ناکات؛ بەڵام کاتێک کەسەکە بە تێگەیشتنەوە ڕوویتێدەکات ئەگەری ئەم ئەگەرە گەورەتر

دەبێت. نزیکترین نزیکی بوونی‌ڕووەو‌مردن، وەکو ئەگەرێک دوورخستنەوەیە لە بوونە ڕاستەقینەکەی. چەند بە باشی لەم ئەگەرە تێبگەین ئەوەندەش تێگەیشتن ڕۆشنایی دەخاتە سەر و لە بوونی بەگشتییەوە دەیکات بە ئەگەرێکی حەتمی. ئەگەری مردن هیچ شتێکی ڕاستەقینە بە دازاین نادات. ئەگەرێکی حەتمییە بۆ بەئەگەرنەبوونی هەموو شتێک لە بووندا و پێشبینیکردنەکەش گەورەتری دەکات؛ واتە، ئەگەرەکە بە جۆرێک خۆی دەردەخات، کە بە هیچ پێوەرێک نەخوێندرێتەوە؛ حەتمییەتێکی لەپێوەر بەدەری بوونە. لە ناوەڕۆکدا ئەم ئەگەرە پشتگیری هیچ شتێک ناکات. پێشبینیکردنەکە بوونی‌ڕووەو‌مردن دەکات بە ئەگەر و دواییش بەریدەدات.

[٢٦٣] بوونی‌ڕووەو‌مردن پێشبینیکردنی تەواناییە‌بۆ‌بوون لەو هەبووەدا، کە بوونی پێشبینیکردنە. لە پێشبینیکردندا دازاین بوونی خۆی لە ئاستی ئەگەرەکانی بوونیدا دەردەخات. بە پرۆژەکردنی تەواناییەکەی‌بۆ‌بوون ئەو واتایە دەبەخشێت، کە دەتوانێت لە بوونی تێبگات. پێشبینیکردن دەبێت بە ئەگەری تێگەیشتن لە تەوانایی دازاین‌بۆ‌بوون یان ئەگەری بوونیکی ڕەسەنانە. دامەزراندنی بونیادی کۆنکریتی پێشبینیکردنی مردن پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجی ئەم شێوازی بوونەمان پێدەناسێت. چۆن پێناسە بۆ بونیادەکە فینۆمینەلانە بکەین؟ ئاشکرایە، پیویستە خەسڵەتەکانی دیاردە دەرکەوتووەکانی پێشبینیکردنەکە دەستنیشانبکەین تاکو بە ڕوونی لەو ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرە و وازلێنەهێنراوە، کە بە دڵنیاییەوە ڕوویتێدەکەین، تێبگەین. دەبێت ئەو خاڵەشمان لەبیرنەچێت،

که تێگەیشتن تەماشاکردنی واتا نییە؛ تێگەیشتنی تەواناییە-بۆ-بوون لەو پرۆژەیەدا.[98]

مردن ئەگەری خودی دازاینە. بوون ڕووەو ئەم ئەگەرە تەوانایی-بۆ-بوونی ئاشکرادەکات، که بوونی بە تەواوی تیایدا دەبێت بە کێشە. لێرەدا بۆ دازاین دەردەکەوێت لەم ئەگەری بوونیدا لە (ئەوان) دادەبڕێت. بەڵام کاتێک دازاین تێدەگات، کە ئەگەری مردن شتێکە دەتوانێت بیکات، ئەگەرەکە دەبێت بە فاکتۆرێکی ژیانی ڕۆژانە و خۆی (ئەوان).

ئەم ئەگەرەی خودی دازاین لە پەیوەندی بەدەرە. لە پێشبینیکردنەکەدا دازاین تێدەگات ئەم تەواناییەی-بۆ-بوون، کە بوونی تێدا بووە بە کێشە دەبێت خۆی بە تەنیا بیخاتەگەر. مردن ئەوە نییە بەبێ جیاوازی ڕوو لە هەموو کەسێک بکات؛ بەڵکو مردنی تاکە کەسە. خەسڵەتی لە پەیوەندی بەدەری مردن لە پێشبینیکردنەکەدا تاکە کەسی دازاین بەرجەستەدەکات. تاکە کەسی ئەو شێوازەیە (لێرەدا)ی تیدا دەردەکەوێت. بۆمان ڕووندەبێتەوە هەموو ئەو شتانەی هەمانە و بۆیان نیگەرانین و بوونمان-لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ئاستی بە کێشەبوونی تەواناییمان-بۆ-بوون یاریدەدەر نین. خۆ-بەخاوەنکردنی ئەم ئەگەرە دازاین دەکات بە هەبوویەکی ڕەسەن. سەرنەکەوتنی نیگەرانییەکەی ئەوە ناگەیەنێت دازاین لە هەموو لایەکەوە نەیتوانیوە بە بوونی ڕەسەنی بگات. نیگەرانی، وەکو پێکهاتەیەکی بوون، لەلایەن خۆیەوە جۆرە بەشدارییەک لە سنوردانان بە

---

[98] بڕوانە کورتەبەشی (٣١)ی ئەم نوسراوە.

دەوری ئەگەرەکەدا دەکات. دازاین بە پرۆژەکردنی بوونی بەنیگەرانییەوە لە ئاستی هەبووەکانی دەوروبەری و کەسانی دیکەدا دەبێت بە هەبوویەکی ڕەسەن نەک دامەزراندنی ئەگەرەکانی (ئەوان). ئەو هەبووەی ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرەکە پێشبینیدەکات، پێشبینیکردنەکە زۆری لێدەکات ببێت بە خاوەنی بوونی خۆی.

ئەگەری خودی دازاین و لە پەیوەندی بەدەر وازیلێناهێنرێت. بوون-ڕووەو-ئەم ئەگەرە دازاین تێدەگەیەنێت ئەمە ئەگەرێکی بوونی ئەوە و دەبێت خۆی بیگاتێ. پێشبینیکردن، بەپێچەوانەی بوونیکی-ناڕەسەنی-ڕووەو-مردن، نکۆڵی لە وازلێهێنان لە مردن ناکات؛ بەڵکو سەربەستانە دان بە بوونی ڕاستییەکەیدا دەنێت. وەستانی سەربەستانە لە ئاستی مردندا و لە پێشبینکردنەکەدا دازاین خۆی لەو ڕێکەوتانە ڕزگاردەکات، کە فاکتۆری مردن دەخەنە پێش و ڕەسەنانە بە تیگەیشتنەوە لەودیو فاکتۆرەکانەوە ئەگەرە وازلێنەهێنراوەکە هەڵدەبژێرێت.

پێشبینیکردن دواترین ئەگەری بوون دیاریدەکات، کە دازاین بوونی خۆی بە گەیشتنی لە ناودەبات و لە هەموو ئەو شتانەی هەیەتی دەستبەردار دەبێت. لە کەوتن بەرەو دواوە یان بەرەو تێگەیشتنەکەی لە تەوانایی-بۆ-بوون یان نیتشە گوتەنی، (لە پیربوون لە ئاستی سەرکەوتنەکانیدا) خۆی دەپارێزێت. لە سەربەستییەکەیدا بۆ دامەزراندنی ئەگەرەکانی و تێگەیشتن لە بوونی بڕاوەی دازاین خۆی لە مەترسی داگیرکردنی لەلایەن (ئەوان)ەوە بە سەپاندنی ئەگەرەکانیان دەپارێزێت یان بە هەڵە لێیان تێدەگات و بە ئەگەری بوونی خۆی دایاندەنێت. مردن، وەکو ئەگەرێکی لە پەیوەندی بەدەر تاکە کەسی[دازاین] دەچەسپێنێت؛ بە

مەرجێک بە ئەگەرێکی وازلێنەهێنراو دابنرێت و دازاینیش بە تێگەیشتنەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبێت. مادام پێشبینیکردنی ئەم ئەگەرە لە پێشوەختا سەرجەمی بوونی دازاین ئۆنتیکییانە دەردەخات؛ وەکو سەرجەمی-تەوانایی-بۆ-بوون دەبێت بە ئەگەری بوون.
دازاین لە ئەگەری پەیوەندی بەدەر و وازلێنەهێنراوی بوونی دڵنیایە. دڵنیابوونەکەی پەیوەندی بە ڕاستی دەرکەوتنەکەیەوە هەیە، کە لە پێشبینیکردنەکەدا ئەگەرەکە دەبێت بە تەوانایی دازاین-بۆ-بوون. ئەگەرەکەش دەردەکەوێت چونکە پێشبینیکردنەکە ڕووی تێدەکات. مانەوەی دازاینیش لەنێو ئەم ڕاستییەدا پێویستی بە پێشبینکردن هەیە. ژماردنی مردووەکانی دەوروبەرمان بەم دڵنیابوونەمان ناگەیەنێت و ڕاستییەکەشی پەیوەندی بە بابەتە دەرەکییەکانەوە نییە. تەماشاکردنی ئێمە بابەتێکی دەرەکی دەردەخات و ڕووبەڕووی دەبینەوە. بۆ دابینکردنی بۆچوونێکی ڕووتی بابەتگەرانە دازاین دەبێت خۆی لەنێو فاکتۆرەکانی دەوروبەری نوقم بکات، ئەگەر دڵنیابوون لە مردن ئەم پەیوەندییە نەبێت ئەوە ناگەیەنێت [ڕاستییەکەی] پلەیەکی نزمتری هەیە؛ هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئەو جۆرە بەڵگەیەمان ناداتێ لەلای بابەتە دەرەکییەکان دەستمان دەکەوێت.
[٢٦٥] بە ڕاستی دانانی مردن و(بەخۆکردنی مردن) جۆرێکی دیکەی دڵنیابوونە. ئەم دڵنیابوونە لە جۆرەکانی دیکە، ئەوانەی پەیوەندییان بە جیهان و بابەتەکانەوە هەیە، سەرەکیترە؛ چونکە دڵنیابوونە لەنێو جیهاندا. لەبەر ئەمە داوای شێوازێکی هەڵوێست لە دازاین ناکات و

ڕەسەنییەتی تەواوی بوونی بە زەقی دادەنێت.[99] لە پێشبینیکردنەکەدا دازاین لە تەواوی بوونی خۆی دڵنیادەبێت. ئەمەش تەواوییەکی وازلێنەهێنراوە. کەوابوو، لەم ئەزموونەدا (خۆ) یان ئاگامەندی لە پشت دڵنیابوونی پێشبینیکردنەکەوە دەبینرێت. هۆکارەکەشی لەوەدا نییە، کە تێگەیشتن لێیان ناتەواوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە شتێک لەوێدا هەیەتی ناکات بە بناخە بۆ ڕاستی: ئەوەش خودی دازاینە، کە منم و لە ڕێگەی تەوانایم-بۆ-بوون و لە پێشبینیکردندا دەبم بە کەسێکی ڕەسەن.

ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرە وازلێنەهێنراوە دڵنیاکە خاوەنی دڵنیابوونێکی نادیارە. ئایا چۆن پێشبینیکردن ئەم ئەگەرە تایبەتییەی بوونی دازاین دەردەخات؟ چۆن تێگەیشتن و پێشبینیکردن دەبن بە پرۆژەی تەوانایی بۆ بوون، کە بەردەوام بە ئەگەری دەمێنێتەوە و (کات)ی سەرهەڵدانی ئەگەرە حەتمییەکە تیایدا نادیارە؟ لە پێشبینیکردنی دڵنیابوون لە مردنی نادیار، دازاین بەردەوام ڕوو لە مەترسییەک (لەوێدا) دەکات.[100] هەڕەشەکردنی بوون-بەرەو-کۆتایی دەمێنێتەوە.

چۆن ئەم هەڕەشەکردنە بەردەوامە بوونگەرانە دەناسرێت؟

---

[99] بڕوانە کورتەبەشی (٦٢)ی ئەم نوسراوە.

[100] مەبەستی هایدیگەر لە چەمکی (لەوێدا) بوونە-لەنێو-جیهان. مادام مرۆڤ لەنێو-جیهاندایە و هەیە دەبێ بمرێت. مەترسی لەناوچوونەکەی بەردەوام لەگەڵ بوونیدایە. ئەو تاکو هەبێت پێشبینی مردنیش دەکات، بەڵام کاتی مردنەکە نادیارە. مرۆڤ نازانێت (کەی) دەمرێت ئەوەندە دەزانێت، کە دەبێ بمرێت. (م. ک)

هەموو تێگەیشتنێک مەزاجیشی لەگەڵدایە. مەزاج دازاین ڕووبەڕووی فڕێدانەکەی لەوێدا دەکاتەوە.[101] بەڵام مەزاج، کە هەڕەشەکردنە ڕەهاکە لەبەردەم خۆیدا بەردەوام ڕادەگرێت، لە دوودڵی دازاینەوە سەرهەڵدەدات.[102] لە مەزاجدا دازاین خۆی لەبەردەم (نەبوون)ی ئەگەری حەتمی بووندا دەدۆزێتەوە. دوودڵی لە ئاستی تەواونایدایە-بۆ-بوون و ئەگەری بوون دەردەخات. پێشبینیکردن دازاین دەکات بە تاکە کەس و لە سەرجەمی تەوانایيەکەی-بۆ-بوونی دڵنیایدەکات. لەبەر ئەمە دوودڵی، وەکو مەزاجێکی بنەڕەتی سەر بە تێگەیشتنی دازاینە لە بوونی خۆی.

[٢٦٦] بوون-ڕووەو-مردنیش دوودڵییە. ئەمەش بەبێ هەڵە دەسەلمێنرێت هەرچەندە سەلماندنەکە ناڕاستەوخۆیە. کاتێک باسی بوون-ڕووەو-مردن دەکەین دوودڵییەکە بۆ ترس دەگۆڕێت و بۆ داپۆشینی ترسەکەش ترسنۆکانە لەبەردەم دوودڵیدا ڕادەوەستێت.

ئێمە، لێرەدا، دەتوانین بە کورتی لە خەسڵەتەکانی بوونێکی ڕەسەن-ڕووەو-مردن، بەو شێوەیەی بوونگەرانە بە پرۆژەمان دانا، بدوێین: **پێشبینیکردن ونبوونی دازاین لەنێو(ئەوان)دا بەرجەستەدەکات، ڕووبەڕووی ئەگەرەکانی بوونی خۆی دەکاتەوە و لە سەرەتاوە هیچ نیگەرانییەک پشتگیری ناکات تەنیا ئەوە نەبێت، کە دەیەوێت ببێت بە خاوەنی بوونی و سەربەستانە بە دوودڵییەوە ڕوو لە مردنێک بکات بۆچوونی (ئەوانی) بەسەرەوە نەبێت و خۆی لێی دڵنیابێت.**

---

[101] بڕوانە کورتەبەشی (٢٩)ی ئەم نوسراوە.

[102] بڕوانە کورتەبەشی (٤٠)ی ئەم نوسراوە.

پەیوەندییەکانی بوون-ڕووەو-مردن، بە ناوەڕۆکی تەواوی ئەگەری دازاینەوە، پێشبینیکردنێک پێکدهێنن، کە لە بەرجەستەکردن و ئاشکراکردنەکەدا ئەگەرەکە دەکەن بە حەتمی. پڕۆژە بوونگەرایەتییەکەی سنورەکانی پێشبینیکردنەکە دەکاتەوە ئەگەر ئۆنتیکییانەی بوون-ڕووەو-مردن ڕەسەنانەی ئۆنتۆلۆجییانە دەرخستوە. لێرەوە، ئەگەری سەرجەمی بونی دازاین، وەکو ئەگەرێکی ئۆنتۆلۆجییانە، سەرهەڵدەدات.

لە پڕۆژە بوونگەرایەتییەکەماندا بۆ پێشبینکردن ئاماژەمان بۆ ئەو بونیادانەی دازاین کردوە، کە لەپێشتر باسمانکردن. لەم خاڵەشەوە گرنگە دازاین پڕۆژەی بوونی لەسەر ئەم ئەگەرە دابمەزرێنێت بەبێ ئەوەی هیچ هێزێک لە دەرەوەیدا ناوەڕۆکی بۆ دابنێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەری بوونگەرانەی بوون-ڕووەو-مردن، لە ڕوانگەی ئۆنتیکییەوە، داواکارییەکی گرنگە. لە ڕاستیدا، بوونی ڕەسەنانە-ڕووەو-سەرجەمی بوون، وەکو ئەگەرێکی ئۆنتۆلۆجییانە بەبێ بەستنەوەی بە تەوانایی ئۆنتیکی-بۆ-بوون هیچ واتایەک نابەخشێت. ئایا دازاین فاکتۆریانە خۆی فڕێدەداوەتە نێو بوون-ڕووەو-مردن؟ ئایا لە پێشبینیکردنەکەیدا داوای تەواناییەکی ڕەسەنانە-بۆ-بوون دەکات؟

[٢٦٧] پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە بزانین دازاین لە تەوانایی خۆیەوە-بۆ-بوون، وەکو ئەگەری بوونێکی ڕەسەن، گەواهی دەدات و ئەمە دادەمەزرێنێت. کێشەی سەرجەمی بوونی دازاین ڕەسەنانە و پێکهاتەی بوونگەرانەی بوونی ماونەتەوە و چارەسەنەکراون. دەکرێت لەسەر زەمینەی فینۆمینەلانە دابنرێن، کە دەکەونە بەر ئەزمونی ئەگەری ڕەسەنانەی دازاینەوە. ئەگەر بتوانین فینۆمینۆلۆجییانە سەلماندنەکە

مسۆگەر بکەین ئەوا گرفتەکە سەرهەڵدەداتەوە؛ ئاخۆ پێشبینیکردنی مردن، کە بە ئەگەرێکی ئۆنتۆلۆجییانەمان دانا، پەیوەندییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو تەوانایە ڕەسەنەدا-بۆ-بوون هەیە، کە دەیسەلمێنن.

# بەشی دووەم

# بەڵگەنامەی تەوانایی ڕەسەنی دازاینـ بۆ ـبوون و بڕیاردان

## ٥٤. گرفتی بەڵگەدانان بۆ ئەگەری ڕەسەنایەتی ئۆنتیکییانە

ئێمە دەمانەوێت لە تەوانایی ڕەسەنی دازاینـ بۆ ـبوون لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەی شێوازی ئۆنتیکی ئەگەری دازایندا تێبگەین. بەڵام دەبێت بەڵگەنامەکە بدۆزینەوە. ئەگەر لە بەڵگەنامەکەدا خودی دازاین، کە خاوەنی ئەگەری ڕەسەنایەتییە، بە تێگەیشتنەوە بەرجەستەبێت، ئەوا پێویستە بەڵگەنامەکە لە بوونی دازایندا بێت. لەبەر ئەمە، دامەزراندنی [بەڵگەنامەکە] فینۆمینۆلۆجییانە داوامانلێدەکات بۆ بارودۆخی بوونی دازاین بگەڕێینەوە.

لەم بەڵگەنامەیەدا تەوانایی ـڕەسەنانەـ بۆ ـبەخۆبوون بۆ ئێمە دانراوە تاکو تێیبگەین. پرسیارەکەش سەبارەت دازاین (کێیە؟) لەگەڵ دەربڕینی (خۆ)دا وەڵامی دراوەتەوە. فۆرمەڵییانە، (خۆ)ی دازاین بە شێوازی بوونی پێناسکراوە و بابەتێکی دەرەکی نییە. زۆربەی کات منیش ئەو (کێیە؟)ی دازاین نیم و بوونی خۆی (ئەوان) دەگرێتەوە. خۆی ڕەسەن، وەکو هەبوویەکی ئۆنتیکی لەنێو (ئەواندا) خۆی دەردەخات و دەبێت بوونگەرانەش پێناسبکرێت.[103]

---

[103] بڕوانە کورتەبەشی (١٣)ی ئەم نوسراوە.

ئایا ئەم گۆڕانکارییە چ واتایەکی هەیە و مەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی چین؟ [٢٦٨] بە ونبوونی دازاین لەنێو (ئەوان)دا تەواناییە فاکتۆرییەکەی-بۆ-بوون، کە لەوەوە زۆر نزیکە (ئەرک، یاسا، پەلەکردن و نیگەرانییەکەی بۆ بوون-لەنێو-جیهان) بڕیاریان لەسەر دەدرێت. (ئەوان) ڕێگە نادەن دازاین ڕوو لە ئەگەرەکانی بکات و بیانگرێت. کەس نازانێت (کێ) ئەگەرەکان هەڵدەبژێرێت. لێرەدا،دازاین ناتوانێت هەڵبژاردنی هەبێت و کەسایەتیشی نییە. بوونێکی نارەسەنانەی هەیە. دەکرێت ئەم پرۆسەیە هەڵگێڕینەوە ئەگەر دازاین بتوانێت بوونی ونبووی لەنێو (ئەوان)دا بدۆزێتەوە و بیناسێت. گەڕانەوەکە دەکەوێتە سەر ڕەتدانەوەی ونبوونەکە و شێوازی نارەسەنبوونەکەی لەنێو (ئەوان)دا. کاتێک دازاین بوونی خۆی دەدۆزیتەوە و خۆکەی ئەوان ئۆنتیکیانە دەبێتەوە بە خۆی-دازاین. ئەمەش بە بڕیاردان لەسەر هەڵنەبژاردن دێتەکایەوە.

بەڵام بڕیاردان لەسەر هەڵنەبژاردن هەڵبژاردنی ئەم هەڵنەبژاردنەیە؛ بڕیاردانە لەسەر تەوانایی-بۆ-بوون. بڕیارەکەش لە خودی دازاینەوە دەردەچێت. لە هەڵبژاردنی ئەم هەڵبژاردنەدا دازاین تەوانایی ڕەسەنانەی-بۆ-بوون دیاریدەکات.

مادام دازاین لەنێو (ئەوان)دا بوونی ونبووە پێویستە خۆی بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بوونی خۆی ڕەسەنانە بناسێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەگەرەکانیدا، دازاین تەواناییە بۆ-بەخۆبوون؛ بەڵام پێویستە تەواناییەکەی بسەلمێنێت. لە ڕاڤەکردنەکەماندا دەمانەوێ ڕوونیبکەینەوە، کە بەڵگە بۆ تەوانایی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئاشکرایە

و به (دەنگی ویژدان) ناوزەدیدەکەین.[104] هەڵبەتە مشتومڕ لەسەر ڕاستی (ویژدان)، ئەرکەکەی، وەکو دادگایەکی بەرز لە بوونی دازایندا کراوە و تاقیکردنەوەی فرەجۆری لەسەر کراوە. هەروەها دەنگی ویژدانیش بۆچوونی جیاوازی بۆ دانراوە. دەشێ هەموو ئەم بیروڕا و بۆچوونانە توشی ئالۆزیمان بکەن ئەگەر خودی دیاردەکە بەرانبەر خۆمان دانەنێن. لەم شیکردنەوەیەدا بیردۆزەییانە لە ویژدان دەکۆڵینەوە و ئینجا بوونگەرانە لەبەر ڕۆشنایی ئۆنتۆلۆجییەکەماندا ڕووی تێدەکەین.

[٢٦٩] یەکەمجار پێویستە ویژدان بۆ بناخەو بونیادە بوونگەرایەتییەکان بگەڕێنینەوە، وەکو دیاردەیەکی بوونی دازاین تەماشایبکەین. شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانەش بۆ ویژدان، کە دەبێت بە بناخە پێش هەموو باسکردن و دابەشکردنی جۆرەکانی ئەزموونی ویژدانی و بۆچوونی بایۆلۆجییانە دەکەوێت. بەڵام لە ڕاڤەی تیۆلۆجییانەش[خواناسی] بۆ ویژدان یان بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە بۆ سەلماندنی بوونی خوا و ئاگایی لەخوا، کەمتر نییە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر توێژینەوەکەشمان سنورداربێت پێویست ناکات زیادەڕۆیی بە ئاکامەکانییەوە بکەین یان لە گرنگی کەم بکەینەوە. ویژدان دیاردەی بوونی دازاینە و فاکتۆرێک نییە ڕووبدات و ببێت بە بابەتێکی دەرەکی. ئەم دیاردەیە تەنیا لە بوونی دازایندا هەیە و لەنێو فاکتۆری

---

[104] ئەم بۆچوونانەی لێردا باسیاندەکەم لە کۆڕێکی گشتیدا لەسەر (چەمکی کات) لە ماربۆرگ، مانگی ٧ی ١٩٢٤ ئاماژەم بۆ کردوون.

بووندا خۆی دەردەخات. سەلماندنی بە فاکتۆربوونی ویژدان (بە بەڵگەی ئیندەکشنی ئەزموونگەرانەوە) و ناسینی دەنگی شێواندنی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەم دیاردەیەیە. شێواندنەکەش لەوجۆرە ڕەخنانەدا دەبینرێت، کە ویژدان بە ڕووداوێکی کاتی نەک (فاکتۆرێکی هەمەکی و سەپێنراو)دادەنێن. لەنێو ئەم بەڵگەو دژەبەڵگانەدا ڕاستەقینەی ویژدان دەرناکەوێت. ئەمەش کەموکورتی-ویژدان نییە بەڵکو هێمایەکە جیاوازی ئۆنتۆلۆجییانەی ویژدانمان لەگەڵ بابەتە دەرەکییەکانی دەوروبەرمان پێدەناسێت. ویژدان (شتێک) دەخاتە بەردەم تێگەیشتنمان؛ دەریدەخات. باسکردنی ویژدانیش بەمشێوەیە بۆ خۆدەرخستنی دازاینمان دەگەڕێنێتەوە. خۆدەرخستن، کە خەسڵەتی بوونی ئێمەیە، لەنێو مەزاج، تێگەیشتن، کەوتن و گوتاردا بەردەوام دەمێنێتەوە. ئەگەر لە نزیکەوە سەرنجی ویژدان بدەین دەبێت بە (بانگکردن). بانگکردن شێوازێکی (گوتارە). بانگکردنی ویژدان داوا لە دازاین دەکات تەوانایی بەخۆبوونی بخاتەگەر؛ داوای لێدەکات خۆی بە تاوانبار دابنێت.

[٢٧٠] ئەم ڕاڤەکردنە بوونگەرانەیە پێویستە و هەرچەندە ئۆنتۆلۆجییانەش بناخەی ڕاڤەکردنی ویژدان بەو جۆرەی بەگشتی تێیدەگەین و بیردۆزەییانە لێکیدەدرێتەوە، دادەمەزرێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئۆنتیکییانە نییە. بۆ سەلماندنی ڕاڤەکردنەکەشمان دەبێت بۆچوونە گشتیەکان بخەینە بەر ڕەخنە. کاتێک ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت دەتوانین باسیبکەین چۆن تەوانایی ڕەسەنانە-بۆ-بوون بەرجەستەدەکات. هەروەها، لەگەڵ بانگکردنی ویژداندا ئەگەری بیستنیش پەیدادەبێت.

تێگەیشتنمان لە واتای داواکردنەکە پەردە لەسەر بوونمان بە ویژدانەوە لادەبات. لەم دیاردەیەدا هەڵبژاردنی ئۆنتیکییانەی هەڵبژاردنی بەخۆ-بوون دەبینین، کە ئێمە بە دوایدا دەگەڕێین و ناوی دەنێین (بڕیاردان). لێرەوە دابەشکردنی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەیە: بناخە بوونگەرانە-ئۆنتۆلۆجییەکانی ویژدان (کورتەبەشی ٥٥)؛ خەسڵەتی ویژدان، وەکو بانگکردن (کورتەبەشی ٥٦)؛ ویژدان، وەکو بانگکردنی نیگەرانی (کورتەبەشی ٥٧)؛ تێگەیشتن لە داواکردن و هەست بە تاوانکردن (کورتەبەشی ٥٨)؛ ڕاڤەکردنی بوونگەرانە و ڕاڤەکردنی باو بۆ ویژدان (کورتەبەشی ٥٩)؛ بەڵگەی بونیادی بوونگەرانەی تەواناییی ڕەسەن-بۆ-بوون لەنێو ویژداندا (کورتەبەشی ٦٠).

## ٥٥. بناخە بوونگەرانە-ئۆنتۆلۆجییەکانی ویژدان

ئێمە دۆزیمانەوە، کە دیاردەی ویژدان شتێکمان تێدەگەیەنێت. شیکردنەوەکەمان لەم دۆزینەوەیەوە دەستپێدەکات. ویژدان دەرخستنە، لەبەر ئەمە سەر بەو دیاردە بوونگەرانەیە، کە بوون (لەوێدا) و دەرکەوتن پێکدەهێنن.[105] هەروەها، ئێمە بونیادە هەمەکییەکانی مەزاج، تێگەیشتن، گوتار و کەوتنمان شیکردەوە. ئەگەر ویژدانیش بخەینە نێو بەستێنی ئەم دیاردانەوە ئەوە ناگەیەنێت بونیادەکان بەسەر دەرکەوینی دازایندا (بیردۆزەییانە) دەسەپێنین. بەپێچەوانەوە، ڕاڤەکردنەکەمان بۆ ویژدان

---

[105] بڕوانە کورتەبەشی (٢٨) ی ئەم نوسراوە.

نەک تەنیا بۆچوونەکەی پێشومان بۆ دەرکەوتن بەرەوپێشەوە دەبات، بە قوڵیش دەڕوانێتە بوونی ڕەسەنانەی دازاین.
[٢٧١] لە خۆدەرخستندا ئەو هەبووەی بە دازاین ناوزەدمانکرد بە ئەگەری بوون (لەوێدا) خۆی دەدۆزێتەوە. خودی خۆی و جیهانی دەبینێت و تەوانایی-بۆ-بوون لەبەر ڕۆشنایی نیگەرانبوونی بۆ جیهان نیشانداوە. تەواناییەکەی-بۆ-بوون شێوازی ئەگەری دیاریکراو وەردەگرێت چونکە فڕێدراوەتە[جیهانەوە]. فڕێدانەکەشی توشی مەزاجی دەکات. تێگەیشتنیش لەگەڵ مەزاجدایە. لەبەر ئەمە، دازاین دەزانێت چی دەکات و چۆن ئەگەرەکانی دەکات بە پڕۆژە؛ چۆن لەنێو (ئەوان)دا ونبووە و ئەوان ئەگەرەکانی بەگوێرەی ڕاڤەکردن و بۆچوونیان بۆ ئەو دادەنێن. ئامادەکردنی ئەو ئەگەرانە بەو شێوەیە پەیوەندی بە بوونی دازاین-لەگەڵ کەسانی دیکە و گوێگرتن لە ئەوانەوە هەیە. ونبوون لەنێو (ئەوان)دا و خۆ خەریکردن بە گوتاری لەکارکەوتووەوە ڕێگەنادات بە دازاین دەنگی خۆی ببیستێت و تەنیا (ئەوان) دەبیسێت. ئەگەر دازاین بتوانێت گوێی لە دەنگی خۆی بێت دەبێ خۆی بدۆزێتەوە؛ بزانێت، کە نەیتوانیوە گوێی لە دەنگی خۆی بێت چونکە تەنیا دەنگی ئەوان دەبیستێت.
بیستنی دەنگی[ئەوان] دەبێت بوەستێت؛ واتە، پێویستە جۆرێکی دیکەی بیستن بە دازاین بدرێت. ئەگەری ئەمجۆرە بیستنە داواکردنێکی ڕاستەوخۆیە. دازاین ناتوانێت گوێی لە دەنگی خۆی بێت و گوێ لە ئەوان دەگرێت. بیستنی دەنگی (ئەوان) لەگەڵ بانگکردندا دەوەستێت. جۆرێکی دیکەی بیستن دێتەکایەوە، کە خەسڵەتی جیاوازی لەگەڵ جۆری بیستنی پێشودا هەیە. ئەگەر ئەم نەبیستنە دەنگ و هاژەی ژیانی ڕۆژانە و

گوتاری لەکارکەوتووی نوێ سرپیکات دەبێت باگکردنەکەی خامۆش و ئاشکرا بێت و خەسڵەتی خۆتێهەڵقورتانی نەبێت. لەمجۆرە بانگکردنەوە لە واتای ویژدان تێدەگەین.

بانگکردن شێوازێکی گوتارە. هەروەها گوتار تێگەیشتن دادەمەزرێنێت. بانگکردنی ویژدانیش وێنەیەکی وەرگیراوی، وەکو بیرۆکە لای کانت نییە و نوێنەرایەتی دادگایەکی دادپەروەری ناکات. دەنگ دەربڕینیش بۆ گوتار جەوهەریی نییە و لەبەر ئەمە بۆ بانگکردنیش گرنگ دەرناکەوێت. گوتار لە هەموو شێوازێکی دەربڕیندا هەیە. ئەگەر لە ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانەدا (دەنگی) ویژدان ببیسرێت، لە ئاکامی بیرکردنەوە لە دەربڕینەکە نییە، کە فاکتۆریانە هەرگیز نادۆزرێتەوە. بەڵکو دەنگ بەرزدەکرێتەوە تاکو بخرێتە بەر تێگەیشتن. لە هەڵوێست بەرانبەر گوتاردا فاکتۆری هەڵچونی کتوپڕانە سەرهەڵدەدات. بانگکردنەکە لە دوورەوە بانگماندەکات. بەو کەسە دەگات، کە دەیەوێت [بۆ بوونی خۆی] بگەڕێتەوە.

[٢٧٢] ئەمجۆرە باسکردنە بۆ ویژدان تەنیا هێڵکارییەک بۆ شیکردنەوەی بونیادە بوونگەرانەکەی دەکات. ئێمە ئەم دیاردەیەش لەگەڵ بانگکردندا بەراودناکەین، وەکو گوتار تێیدەگەین چونکە جۆرێکە لە خۆ-دەرخستنی بوونی دازاین.

تێڕوانینەکەمان لە سەرەتاوە ڕوو لەو بۆچوونە ناکات، کە بۆ ڕاڤەکردنی ویژدان دانراوە:[بۆنموونە] ئەو بۆچوونەی ویژدان بۆ دەروون، تێگەیشتن، ویست و هەست دەگەڕێنێتەوە یان بە بەرهەمی هەموویانی دادەنێت. کاتێک، کەسێک ڕووبەڕووی دیاردەیەکی، وەکو ویژدان دەبێتەوە، توشی

چوارچێوەیەکی قایم نەکراوی بەشەکانی دەروون یان کردەوەکان دەبێت، کە ئۆنتۆلۆجییانە و ئەنترۆپۆلۆجییانە ناجۆرە.[106]

## ٥٦. خەسڵەتی ویژدان، وەکو بانگکردن

هەموو گوتارێک باس لە بابەتێک دەکات و بە شێوەیەکی دیاریکراو زانینمان لەسەری دەداتێ. باسەکە لەسەر ئەو بابەتە دەبێت بە گوتار. لە گوتاردا، کە ڕاگەیاندنیشە، بابەتەکە بە بوونی دازاینەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەناسرێت و لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت.

ئایا لە بانگکردنی ویژداندا بابەتی باسکردنەکە چییە؟ کێ بانگدەکرێت؟ ئاشکرایە، کە بابەتەکە خودی دازاینە. بەڵام ئەم وەڵامە زۆر ئاشکرا نییە. ئەگەر بانگکردن ئامانجێکی ئاشکراکراویشی نەبێت، هێشتا دەبێت دازاین بیبیسێت. ئەوەش دەزانین لە خۆدەرخستنی بوونی دازایندا

---

[106] بێجگە لەو ڕاڤەکردنانەی کانت، هیگڵ، شۆپنهاوەر و نیتشە بۆ ویژدانیان کردووە. بڕوانە ئەم سەرچاوانەش؛

M. Kähler, *Gewissen, erster geschichtlicher Teil (1878),* and his article in *Realenzyklopadie für Protestantische Theologie und Kirche*’

A. Ritschl’s, *Uber das Gewissen (1876),* reprinted in his *Gesammelte Aufsätze, Neue Folge (1896).* See Finally, H. G. Stoker’s monograph, *Das Gewissen,* Which has recently appeared in *Schriften zur Philosophie und Soziologie,* vol. 2 (1925), under the editorship of Max Scheler.

جیهانیش دەردەکەوێت و بەردەوامیش لە بوونی خۆی تێدەگات. بانگکردنەکە لەم بوونەیدا و بە تێگەیشتنەوە بە بوونی خۆی لەنێو ژیانی ڕۆژانەیدا و نیگەرانبوونی بە دازاین دەگات. خۆیە بە (ئەوان) کراوەکە لەنێو ئەواندا و بە نیگەرانییەوە بانگکردنەکە دەبیسێت.

[٢٧٣] ئایا بانگکردنەکە داوا لە کێ دەکات؟ داوا لە خودی [بە (ئەوان)کراوی] دازاین دەکات. داواکردنەکە بۆ چییەتی دازاین، کردەوەکانی، نیگەرانبوونی بۆ شتەکان لە ژیانی ڕۆژانەیدا و لەگەڵ ئەواندا نییە. بانگکردنەکە بوونی دازاین دەگرێتەوە و ئاوەڕ لە لایەنانە ناداتەوە. لەبەر ئەوەی دازاینیش لەنێو خۆی (ئەواندا) گوێی لە بانگکردنەکە دەبێت، بە بیستنی [بانگکردنەکە] خودی (ئەوان) دەڕوخێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت (ئەوان) ئاگاداری بانگکردنەکە نەبن. بەڵام خۆ بانگکراوەکە[بە بیستنی] ڕووبەڕووی بوونی خۆی دەبێتەوە. بانگکردنەکە داوا لە خۆی (ئەوان)یش دەکات. بەڵام، ئەم خۆیە ناتوانێت بۆ خۆی ببێت بە (بابەت) و حوکم بەسەر خۆیدا بدات. داواکردنەکە ئەم خۆیە بۆ نێو خۆی ناگەڕێنێتەوە تاکو دەرگاکانی لەسەر جیهانی دەرەکی دابخات.

ئایا چۆن دەتوانین ئەوەی لە گوتارەکەدا باسدەکرێت دیاریبکەین؟

ئایا ویژدان داوای چی لە دازاین دەکات؟ ئەگەر بە وردی سەرنجی بدەین داوای هیچ ناکات. بانگکردنەکە هیچ داکۆکیکردنێکی نییە و زانینمان سەبارەت ڕووداوەکانی نێو جیهان ناداتێ. لەسەرو ئەمەوە، هیچ دایەلۆگێک لەگەڵ خۆی (ئەوان)دا دروستناکات. بانگکردنەکە بێجگە لە تەوانایی-بۆ-بوون داوای چی دیکە ناکات. لەلایەکی دیکەوە، بانگکردن

دادگا بۆ کەسە داواکراوەکە دانانێت؛ تەنیا بانگی دازاین دەکات بۆ نێو ئەگەرەکانی بوونی بگەڕێتەوە. ئەمەش داواکردنی تەواناییە-بۆ-بوون.

[٢٧٤] بانگکردنەکە شێوازی دەربڕینی نییە و بە ڕیزکردنی وشە دروستنابێت. لەگەڵ ئەمەشدا شاراوەو نادیار نییە. ویژدان بەردەوام بەبێ دەنگی دەدوێت. ئەمەش ویژدان ناخاتە ئەودیو هەستکردنەوە و داواش لە دازاین دەکات لەگەڵ بوونی خۆیدا بێت. هەرچەندە بانگکردنەکە بە وشە نەڕازاوەتەوە، بە شاراوە و(دەنگێک لە نادیارەوە) دانانرێت. ئەوەندە دەڵێن، کە نابێت ئەم بانگکردنە لەگەڵ شێوازەکانی ڕاگەیاندندا تێکەڵ بکرێت.

هەرچەندە ڕاڤەکردنی جیاواز لەلایەن تاکەکانەوە بەگوێرەی تێگەیشتن لە ئەگەرەکانی بوون، بۆ داواکارییەکە دەکرێت، بانگکردنەکە بە ئاڵۆزی داواکردنەکەی دەرناخات. هەڵبەتە ناوەڕۆکی بانگکردنەکە نادیارە، بەڵام ڕێگەگرتنێکی ئاشکرا و دیاری هەیە. بانگکردنەکە داوامان لێناکات بە دوای کەسە بانگکراوەکەدا بگەڕێین و پێویستی بە هێمایەکیش بۆ دەستنیشانکردنی کەسەکە نییە. سەرهەڵدانی ئاڵۆزیش فریودان لەنێو ویژداندا پەیوەندی بە بانگکردنی ناجۆرەوە نییە، لەبەر ئەوەیە، کە ڕەسەنانە لە بانگکردنەکە تێنەگەیشتوین و خۆی (ئەوان) لەنێو دایەلۆگدا شێواندویانە و داپۆشراوە. پێویستە ئەو خاڵەمان لەبیرنەچێت، کاتێک ویژدان بە بانگکردن دادەنێین، بانگکردنەکە دەبێت بە داواکردن لە خۆی (ئەوان) لەنێو خودی خۆیدا و دازاین بەرەو ئەگەرەکانی بوونی خۆی [لەنێو (ئەوان)ەوە] بانگدەکات. پێش ڕاڤەکردنێکی دروستی ئۆنتۆلۆجییانەش بۆ ویژدان دەبێت بزانین کێ بانگدەکرێت، کێ

بانگکردنەکە دەکات و چۆن بانگکەر و بانگکراوەکە پێکەوە دەبەسترێنەوە. هەروەها پێویستە چۆنیەتی ئەم پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییانە لە بوونیاندا بزانین.

## ٥٧. ویژدان، وەکو بانگکردنی نیگەرانی

[٢٧٥] ویژدان بانگی دازاینی ونبوو لەنێو ئەواندا بەرەو بوونی خۆی دەکات. ئەو خۆیەی داوای [گەڕانەوەی] لێدەکرێت نادیارە و خاوەنی (چییەتی) نییە. دازاینیش بە پێناسەکردنی بوونی بەگوێرەی نیگەرانییەکەی بۆ هەبووەکان و بانگکردنەکە لە بوونی خۆی تێدەگات. بەڵام خۆی (ئەوان) دیارە و ئاشکرا دەناسرێت. بانگکردنەکە نەک بە تەنیا داوا لە کەسێکی (نەناسراو) دەکات بانگکەرەکەش بە تەواوی دەرنەکەوتووە. بانگکەرەکە خۆی، بنەڕەت، ارودۆخی و ناوی ناناسێنێت و تۆزقاڵێکیش ئەگەری ئاشنابوونی دازاین لەگەڵ جیهاندا دانامەزرێنێت.
لەلایەکی دیکەوە، شێوەی خۆی لە بانگکردنەکەدا دادەپۆشێت. بەکورتییەکەی، ئەوەی باگکردنەکە دەکات ڕێگەنادات بەتەواوی بناسرێت. ئەمەش خەسڵەتی فینۆمینانەی ئەوە. ناسینی و باسکردنی لەگەڵ بوونیدا ناکۆک ڕادەوەستن. ئەم نادیاربوونە تایبەتییەی بانگکەرەکە و مەحاڵبوونی ئەگەری دیاردیکردنی بێ بناخە نین؛ خەسڵەتی پۆزەتیڤانەی ئەون. نیشانیدەدەن، کە بانگکەرەکە لەنێو داواکردنەکەیدا تواوەتەوە و دەیەوێت [دەنگی] ببیسترێت و لەوە زۆرتر هیچ لەبارەوە باسنەکرێت. ئایا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە نابێت پرسیار لەبارەی بانگکەرەکەوە بکرێت؟ هەڵبەتە، بەمجۆرەیە، بیستنی بانگکردنی ویژدانی لەنێو

بارودۆخە فاکتۆرییەکاندا ئۆنتیکییانەیە. بەڵام شیکردنەوەی بوونگەرانە بۆ فاکتۆری بانگکردن و بیستنی جیاوازە. ئایا پێویستە بزانین بانگکەرەکە کێیە؟ ئایا ئەمەش، وەکو پرسیار سەبارەت بانگکراوەکە وەڵامەکەی ئاشکرا نییە؟ دازاین بە ویژدانی بانگی خۆی دەکات. تێگەیشتن لە بوونی ئەم بانگکەرە کەم یان زۆر ئاگاییە لە بیستنی فاکتۆریانەی بانگکردنەکە. ئۆنتۆلۆجییانەش ناتەواوە بانگکەر و بانگکراو لەهەمانکاتدا بە یەک هەبوو دابنرێت. داوا لە دازاین دەکرێت، ئایا ئەو (لەوێدا) بە شێوەیەکی جیاوازتر لەوەی بانگکردنەکەدەکات ڕاناوەستێت؟ ئایا دەتوانین بڵێین تەواناییـ بەخۆبوونیـ دازاین ڕۆڵی بانگکراوەکە دەبینێت؟

بێگومان، ئێمە خۆمان بۆ بانگکردنەکە ئامادە ناکەین و نەخشەی بۆ ناکێشین. هەڵماننەبژاردووە و لەپێشتریش توشی نەبووین. بانگکردنەکە چاوەڕوان نەکراوە و دژی ویستی ئێمەشە. لەسەرو ئەمەشەوە، بانگکردنەکە کەسێکی دیکە[لە دەرەوەی دازاینەوە] نایکات؛ لەنێو منەوە سەرهەڵدەدات و کەچی لەودیو یان لەژوور منیشەوەیە.

واز لەم دۆزینەوانە ناهێنرێت و بۆ باسەکەمان لەسەر دەنگی ویژدان، وەکو دەسەڵاتێک لە بوونی دازایندا، دەبن بە خاڵی دەستپێکردن. لە درێژەپێدانیش بەم باسە، دەشێ کەسێک بگاتە ئاکامی باوەڕهێنان بە بوونی خاوەنێک بۆ ئەو دەستەڵاتە لەنێو خۆیدا یان بەخشینی بە هەبوویەکی دیکەی، وەکو خوا. لەگەڵ ئەمەشدا، دەگونجێت ئەم بۆچوونە ڕەتبدرێتەوە ڕاڤەکردنی بایۆلۆجییانەشی بۆ بکرێت. هەردوو ئەم ڕاڤەکردنانە بایەخ بە دۆزراوەکانی ئێمە نادەن و پشت بەو دۆگما

ئۆنتۆلۆجییە دەبەستن. گوایە ئەوەی هەیە (وەکو فاکتۆری بانگکردن) بابەتێکی دەرەکییە و ئەوەی بوونیشی نەسەلمێنرێت بە بابەت دانانرێت. [٢٧٦] شیکردنەوەکەی پێشومان بۆ بوونی دازاین ئۆنتۆلۆجییانە بۆ ناسینی بوونی بانگکەر و بانگکردن یاریدەدەرە. لەڕاستیدا بانگکردن شتێک نییە من ئاشکرا بیکەم و بانگکراوەکەش بێجگە لە خودی دازاین کەسێکی دیکە نییە. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو دازاینێک فاکتۆریانە هەیە و بوونی ئەو پڕۆژەدانانێکی لەخۆڕا نییە؛ فڕێدانی، وەکو فاکتۆر خەسڵەتی بوونی دیاریدەکات و لەژێر ئەم بارودۆخەدا دەژی. هەروەها، فاکتۆری بوونی دازاین لە بنەڕەتەوە لە فاکتۆری بابەتە دەرەکییەکان ناچێت. دازاین بوونی خۆی بە بابەتێکی دەرەکی لەنێو جیهاندا دانانێت. فڕێدانیش خەسڵەتێکی نەناسراوی ئەم هەبووە و ناگرنگ نییە. دازاین فڕێدراوەتە بوونەوە و بەو شێوەیە و بەگوێرەی تەواناییەکەی هەیە.

بوونی فاکتۆری بەو شێوەیە هەندێکجار بەتایبەتی، کە دەپرسین (بۆچی) وایە، شاراوە و نادیارە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شێوازی بوونە بۆ دازاین دەرکەوتووە. فڕێدانی ئەم هەبووە بوونی (لەوێدا) دەردەخات و بەردەوام بە مەزاجەوە ڕایدەگرێت. مەزاج ڕەسەنانە دازاین ڕووبەڕووی فاکتۆری بوونی دادەنێت. لە ئاستی فڕێدانەکەدا دازاین ڕادەکات و هەوڵدەدات بە سەربەستییەکەی (ئەوان) ئارام بێتەوە. ئەم ڕاکردنەش، لەپێشتر باسمانکرد، هەڵوێستی ڕاستگۆیانەی تاکەکەسی دازاین و بوونێتی-لەنێو-جیهاندا. ڕاستگۆییەکەش ڕەسەنانە لەنێو (دوودڵیدا) خۆی دەردەخات؛ وەکو ڕێگەیەکی سەرەتایش بۆ خۆدەرخستنی دازاینی فڕێدراو بوونی دازاین-لەنێو-جیهاندا بەرانبەر (نەبوون)ی جیهان دەوەستێنێت؛ لە ئاستی

ئەم (نەبوون)ەدا دازاین لە تەوانیی خۆی-بۆ-بوون دوودڵ دەبێت. چی دەبێت ئەگەر دازاین بەم ڕاستگۆییەوە ببێت بە بانگکەری بانگکردنی ویژدانی؟ هیچ شتێک دژی ئەمە نادۆزینەوە؛ هەموو دیاردەکانیش بۆ بانگکەر و بانگکردنەکە بوون بە خەسڵەت و پشتگیری لێدەکەن.

[٢٧٧] هیچ شتێکی جیهانی پێناسەی بانگکەرەکە ناکات. بانگکەر خودی دازاینە بە ڕاستگۆییەوە: کە لە بنەڕەتەوە فڕێدراوەتە نێو-جیهانەوە و هەست بەوە ناکات لە نیشتمانی خۆیدایە و بە فاکتۆرەکەیەوە بەرامبەر (نەبوون)ی جیهان ڕاوەستاوە.

بانگکەر لەگەڵ شتەکانی نێو جیهانی (ئەوان) هەست بە ئاشنابوون ناکات؛ دەبێت بە دەنگێکی نامۆ. چی هەیە ئەوەندەی ئەم تاکەکەسە بە ڕاستگۆییەکەیەوە و فڕێدانی لەنێو نەبووندا لە (ئەوان) و نیگەرانبوونیان بۆ جیهان نامۆبێت؟ ئەو، بەبێ گوێدان بە گوتە و باسی ئەوان، بانگکردنەکە دەکات. ئایا دەبێت چ ڕاپۆرتێک بە ڕاستگۆییەکەی بەرانبەر فڕێدانی لە بووندا ئامادەبکات؟ چی دیکە بێجگە لە تەوانایی-بۆ-بوون لە دوودڵییەکەدا سەرهەڵدەدات؟ بێجگە لە داواکردن کە دازاین بەرەو تەوانایی-بۆ-بوونی خۆی بگەڕێتەوە و بوونی خۆی بکات بە کێشە، ئایا بانگکردنەکە شێوازێکی دیکە وەردەگرێت؟

بانگکردنەکە هەواڵی ڕووداوەکان ناگەیەنێت؛ وشەش بەکارناهێنێت و لەنێو شێوازی ڕاستگۆییەکەدا بێ دەنگە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، کە بانگکردن لە داواکردنەکەدا کەسەکە بەرەو گوتاری لەکارکەوتووی ژیانی ڕۆژانەی (ئەوان) پەلکێشناکات. بەپێچەوانەوە، لەنێو (ئەوان)ەوە بەرەو تەوانایی خۆی-بۆ-بوون بانگیدەکات. بانگکەرەکە

به دڵنیابوونێکی ساردوسڕ و نادیارەوە ژیرانە بانگی بانگکراوەکە دەکات. چی دازاین ڕادیکاڵانە لە ئەگەری تێنەگەیشتن لە بوونی خۆی و خۆ نەناسین دووردەخاتەوە؟

ژیریی بوونێکی بنەڕەتییە لەنێو-جیهاندا، هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەدا شاردراوەتەوە. لە قوڵایی ئەم شێوازی بوونەوەوە، دازاین، وەکو ویژدان، بانگدەکات. (ئەو بانگی من دەکات) بۆ دازاین دەبێت بە گوتارێکی تایبەتی. بانگکردنەکەی لە مەزاجی دوودڵیدا پەیدابووە و هانی دازاین دەدات تەوانایی خۆی-بۆ-بوون بکات بە پڕۆژە. بانگکردنی ویژدانی، لە تێگەیشتنی بوونگەرانەوە، ئەوەی لەپێشتر داکۆکیمان لێکرد، پێدەناسێت: باسمانکرد، کە ژیری دازاین هاندەدات و هەڕەشە لە شێوازی ونبووی بوون دەکات.[107]

[٢٧٨] ئێستا خەسڵەتی فۆرمی و بێ ناوەڕۆکی دەستەواژەکەمان (دازاین بانگکەر و بانگکراوە) دەبێت بە شتێکی دیار وئاشکرا. ئاگامەندی، وەکو بانگکردنی نیگەرانی خۆی دەردەخات: خودی دازاین بانگکەرەکەیە و بە فرێدانی لەنێو جیهاندا بەرانبەر تەوانایی-بۆ-بوون دوودڵە. بانگکراوەکەش هەمان دازاینە و داوای لێکراوە بۆ تەوانایی بوونی خۆی بگەڕێتەوە. دازاین لە (بوونی-لەتەنیشت و لەنێو-جیهاندا) دەکەوێتە نێو (ئەوان) و بانگکردنەکە داوایلێدەکات لەم کەوتنە هەستێتەوە. بانگکردنی ویژدانی، کە خودی ویژدانە، ئۆنتۆلۆجییانە ڕەگوڕیشەی لەنێو نیگەرانبوونی

[107] بڕوانە کورتەبەشی (٤٠)ی ئەم نوسراوە.

دازایندا داکوتاوە. کەوابوو، پێویست ناکات پەنا بۆ هێزێک، بێجگە لە بوونی دازاین، بەرین. ئەم پەنابردنە ژێری بانگکردنەکە لەناودەبات. ئەگەر بانگکەر هیچ کەس نەبێت پاش ئەوەی بە هێز ناوزەدیدەکەین، دەبێت بە ناسینەوەی ئەو هێزە و شتیکی دەرەکی. کاتێک بە دروستی ڕاڤەی بۆ دەکەین، بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەم بۆچوونە ڕاکردنە لە ویژدان و جیاوازی نێوان (ئەوان)و ڕاستگۆیی بوون. هەروەها بانگکردنە ویژدانییەکەش دەکات بە دەنگێکی (هەمەکی)، کە دەبێت هەموو کەسێک گوێی لێبگرێت و تەنیا لەنێو خۆدا نییە. ویژدانێکی جیهانییە، کە (ئەو)ە و (هیچ کەس)یش نییە. لەهەمانکاتدا خاوەنی دەنگی خۆیەتی و لەنێو خۆی هەموو کەسێکدایە.

ئایا ئەم 'ویژدانە گشتییە' دەنگی (ئەوان) نییە؟ ویژدانی جیهانی ساختەیە. دازاینیش لەم خاڵە تێدەگات چونکە ویژدان لە بناخە و جەوهەریدا و لە هەموو بارودۆخێکدا ویژدانی منە. هۆکاری ئەمەش تەنیا ئەوە نییە، کە داوام لێدەکرێت بۆ تەوانایی بوونم بگەڕێمەوە. لەوێدایە، کە من بانگکەرەکەشم. لەگەڵ ئەم ڕاڤەکرنەدا بۆ بانگکەر، کە لەگەڵ دیاردەی بانگکردنەکەدا دەگونجیت، دەستەڵاتی ویژدان لەناوناچێت و دەبێت بە دەستەڵاتێکی خۆیەتی. لەم ڕاڤەکردنەشەوە ویژدان سەربەست دەناسرێت. هەروەها داواکردن پاش دەرچوونی لەنێو سنوری دەستەڵاتی (ئەوان)دا و جێهێشتنی جیهانی خۆیەتی دەبێت بە شتێکی دەرەکی.

[٢٧٩] ڕاڤەکردنەکەمان بۆ ویژدان، وەکو بانگکردنی نیگەرانی ڕووبەڕووی پرسیار سەبارەت مانەوەی ڕاڤەکردنەکە بەلابردنی (ئەزمونی سروشتی)

دەبێتەوە. ئەو ویژدانەی داوامان لێدەکات بەرەو تەواناییی بوونمان بڕۆین، کاتێکیش وریامان دەکاتەوە و سەرزەنیشتمان دەکات، چۆن نائاشکرا و بێ ناوەڕۆکانە باسی تەواناییی بوونمان دەکات؟ ئایا ئاشکرا باسی سەرنەکەوتنەکانمان ناکات؟ ئایا سەرچاوەی داواکردنەکە ویژدانێکی چاک یان خراپە؟ ئایا ویژدان شتێکی پۆزەتیڤمان دەداتێ؟ ئایا هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی نییە؟

ئەم بیرکردنەوانە دروستن. دەتوانین بڵێین لە ڕاڤەکردنی ویژداندا پێویستە ئەو دیاردەیەی پرسیاری سەبارەت دەکرێت، بناسرێت. ئەمەش نابێت تێگەیشتنی ئۆنتیکیمان لە ویژدان لە ژیانی ڕۆژانەدا بکات بە دادگا و بناخەی ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ ئەم دیاردەیە. هەمانکات، بیرکردنەوەکان گرنگن و دەبێت ئاوەڕیان لێبدرێتەوە ئەگەر ڕاڤەکردنەکە ناتەواو ببینرێت. تاکو ئەم ڕادەیەش ئیمە ویژدانمان بۆ دازاین و پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی گەڕاندۆتەوە. ئەمەش بووە بە بەڵگەی تەواناییی دازاین بۆ بوونی.

بەڵگەی ویژدانیش لەوێدا خۆی دەسەپێنێت، کە پەیوەندی نێوان بانگکردن و بیستن دروستدەبێت. لە تێگەیشتندا داواکردنی ویژدان لە ئەزمونی ویژداندا دەناسرێت. ئەگەر لە هەموو بارودۆخێکدا بانگکەر و بانگکراو خودی دازاین بێت، ئەوا نەبیستنی بانگکردنەکە یان بە هەڵە بیستن دەکەوێتەسەر بوونی دیاریکراوی دازاین. بوونگەرانە بانگکردنێکی لەخۆڕا و بێ مەبەست مەحاڵە هەبێت. لە بوونی دازایندا ئەو(هیچ)ەی بە دوایدا دەگەڕێت هەبوویەکی پۆزەتیڤە.

[٢٨٠] کەوابوو، شیکردنەوەی تێگەیشتن لە داواکردنەکە گفتوگۆ لەسەر بابەتی بانگکردنەکە لە تێگەیشتنەکەدا دروستدەکات. لەگەڵ دانانی خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکەی ویژداندا بوونگەرانە لە بانگکردنی (هەست بە تاوانکردن) دەگەین. هەموو ڕاڤەکردن و ئەزموونەکان لەسەر ویژدان دەنگی ویژدان لە شێوازی (هەست بەتاوانکردن) بەرزدەکەنەوە.

## ٥٨. تێگەیشتن لە داواکردن و هەست بەتاوانکردن

بۆ ناسینی ئەوەی لە داواکردنەکەی دەبیستین پێویستە سەر لە نوێ ئاوەڕ لە داواکردن بدەینەوە. داواکردن لەو دازاینەی لەنێو (ئەوان)دا نوقم بووە بۆ گەڕانەوەیەتی بەرەو تەوانایی-بۆ-بوون. هەروەها دازاینیش بە نیگەرانییەوە لەنێو-جیهاندا و لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە. کەوابوو، لە ڕاڤەکردنی بوونگەرانەدا داواکردنەکە ڕوو لە ئەگەرێکی کۆنکرێتی ناکات. ئەوەی دادەمەزرێت یان دەخوازین دایمەزرێنین بانگکردنی بارودۆخێکی ئۆنتیکی هەر یەکێک لە دازاینەکان نییە، بەڵکو بارودۆخێکی بوونگەرانەیە بۆ ئەگەری هەموو فاکتۆرێکی ئۆنتیکییانەی تەوانایی-بۆ-بوون.

تێگەیشن لە بانگکردن ڕەسەنانەترە و باشتریش دازاین گوێیلێدەبێت. لە کاتێکدا بیستنی ئۆنتیکییانە دەیناسێت کەمتر واتاکەی دەشێوێت. ئایا جەوهەری تێگەیشتنی ڕەسەنانەی داواکردنەکە چییە؟ چی بە تێگەیشتن لە بانگکردنەکەدا دەدرێت، هەرچەندە مەرجیش نییە هەمیشە فاکتۆریانە تێیبگەین؟

ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوە. باسمانکرد، کە بانگکردن (هیچ) ناڵێت و زانیاریمان سەبارەت ڕووداوەکان ناداتێ. بانگکردن ئاماژە بۆ تەوانایی دازاین-بۆ-بوون دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی بانگکردنێکی ڕاستگۆیانەوە ڕوودەدات. بانگکەرەکە دیار نییە، بەڵام بانگکردن و شوێنی بانگکردنەکە جیا نین. ئەو شوێنەی بانگکردنەکەی لێوە دەکرێت دەبێت بە شوێن بۆ گەڕانەوەکە. بانگکردن تەوانابییەکی هەمەکی و بیرۆکەیی بۆ-بوون دەرناخات. ئێمەش ناتوانین تێبگەین، کە بانگکردن چی دەوێت تاکو تێنەگەین، کە مەبەستی بانگکردنەکە گەڕانەوەیە.

[٢٨١] ئایا وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت ناوەڕۆکی بانگکردن بە ئاسانی دەستناکەوێت ئەگەر بەگشتی لە گوێگرتنەکەمان لەنێو ئەزمونی ویژداندا سەرکەوتوانە یان ناسەرکەوتوانە بێت؛ واتە بانگکردنە دازاین توشی (هەست بەتاوانکردن)دەکات یان ئاماژە بۆ ویژدانێکی چاکی دەکات و هەست بەتاوانکردن ناکات؟ گرنگ نییە چ جۆرە ئەزمون و ڕاڤەکردنێکمان هەبێت، هەموو ئەزمونەکانمان لەگەڵ (هەست بە ئازارکردن) ڕێکدەکەون. کاتێک دازاین هەستی تاوانکردنی تێدا دروستدەبێت، بێجگە لەنێو ڕاڤەکردنی بوونییەوە لە کوێی دیکەدا بیرۆکەی هەست بەتاوانکردن سەرهەڵدەدات؟ پرسیارەکان سەر لە نوێ توشمان دەبنەوە: کێ دەڵێت ئیمە هەست بەتاوانکردن دەکەین؟ چۆن ئەو هەستەمان لادروستدەبێت و هەست بە تاوانکردن ئاماژە بۆ چی دەکات؟ لەلایەکی دیکەوە، بیرۆکەی هەست بەتاوانکردن لە خۆڕا پەیدا نابێت و لە دەرەوەشدا بەسەر دازایندا ناسەپێنرێت. ئەگەر تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی هەست بەتاوانکردن مسۆگەربکەین، پێویستە لەپێش دازایندا و

لەپێشوەختا، وەکو نەخشە دابنرێت. چۆن ڕێگەیەک بدۆزینەوە بەرەو ئەم دیاردەیەمان بەرێت؟ هەموو توێژینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی دیاردەکانی، وەکو هەست بەتاوانکردن، ویژدان و مردن لە بۆچوونەکانی ژیانی ڕۆژانەی دازاینەوە لەسەر ئەم دیاردانە دەستپێدەکەن. لەبەر ئەوەی دازاین بوونێکی کەوتووی هەیە زۆربەی جار ڕێگەی ڕاڤەکردنی بوونی ناڕەسەنانەیە و جەوهەری دەرناخات؛ شێوازی پرسیارکردنی ئۆنتۆلۆجییانەشی نامۆدەکرێت. لە کوێوە پێوەرێکمان بۆ واتای بوونگەرانەی (هەست بەتاوانکردن) دەستدەکەوێت؟ لەوێوە، کە هەست بەتاوانکردن دەبێت بە (بار) بۆ (من هەم). ئایا ئەو هەست بەتاوانکردنەی لە ڕاڤەکردنی ناڕەسەنانەدا تێیدەگەین و لە بوونی دازایندایە، فاکتۆری و ڕاستەقینەیە؟

کەوابوو، کارکردنمان لەگەڵ کەسێکدا، کە هەست بە تاوانکردن دەکات، هەموومان لەسەرئەوخاڵەش هاوڕاین، کە ئەو کەسە [بانککردنەکە] دەبیسێت، هێشتا بوونگەرانە وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت واتای بانکردن نەداوەتەوە. پێویستەی بیرۆکەی ئەوشتەی بانگدەکرێت دروستبکەین، ئەگەر بمانەوێت واتای (کەسێکی هەست بەتاوانکردن)لێکبدەینەوە. هەروەها دەبێت بزانین چۆن و بۆچی واتاکەی لەڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانەدا دەشێوێنرێت.

لەسەرەتاوە، تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانە لەهەست بەتاوانکەری واتای (خاوەنێتی)یا (هەیەتی)پێدەبەخشێت. کەسێک شتێکی لایەو دەبێت بیداتەوە بەخاوەنەکەی. ئەمجۆرە هەست بەتاوانکەرییە (وەکو قەرزداری) شێوازی بوونە لەگەڵ-کەسانی دیکەدا و نیگەرانبوون بۆ هەبووەکان،

وەکو باخشین یان هێنانی کەلوپەلێک. جۆرەکانی دیکەی ئەم نیگەرانییە ئەمانەن: بێ بەریکردن، وەرگرتن، هێشتنەوە و دزیکردن. ئەم هەست بە تاوانکەرییە پەیوەندی بە نیگەرانی بەم هەبوانەوە هەیە.

[٢٨٢] (هەست بە تاوانکەری)هەستکردنە بە لێپرسینەوە؛ مرۆڤەکە خۆی بە هۆکار یان دروستکەری ڕووداوەکە دادەنێت. لێپرسینەوە لەشتێک ئەوەش دەدەخات، کە مرۆڤ بێ ئەوەی خۆی بە قەرزاری کەسێک دابنێت، هەست بە تاوانکردن دەکات. هەمانکات، دەکرێت مرۆڤ قەرزاری کەسێک بێت و لەئاستیدا بەرپرس نەبێت، بۆنموونە کەسێکی دیکە قەرزەکەی بۆ وەرگرتوە.

ئەم واتا باوانەی هەست بە تاوانکردن، وەکو قەرزی کەسێکت لەلابێت یان بەرانبەر کەسێک بەرپرس بێت، پێکەوە هەڵوێستی (لێپرسینەوە) پێناسدەکەن؛ بۆنموونە کەسێک لە لێپرسینەوەکەیدا لە ئاستی قەرزدانەوەدا دەتوانێت یاساشکێن بێت و لەسەر ئەو تاوانەش سزابدرێت. هەمانکات ئەوەی کەسەکە بە ئەنجامی ناگەیەنێت مەرج نییە خاوەنی بێت و لەبەردەستیدا بێت؛ دەشێ هەڵسوکەوتی ئەو لەنێو کۆمەڵدا کۆک بکات. ڕووبەڕووبوونی لێپرسینەوە بە شکاندنی یاسا هەست بە لێپرسینەوەیە لە ئاستی کەسانی دیکەدایە. ئەمەش تەنیا بە شکاندنی یاسا دروستنابێت و پەیوەندی بە وەستانی کەسانی دیکەوە لە ئاستی مەترسیدا هەیە. ئەم لێپرسینەوەیە بەبێ شکاندنی یاساش هەیە. لێرەدا واتای هەست بە تاوانکردن، وەکو لێپرسینەوە لە ئاستی کەسانی دیکەدا بەمجۆرە لێکدەدەینەوە: "بوون-بەزەمینە بۆ کەمی لە دازایندا بەرانبەر کەسانی دیکە بە شێوەیەک، کە خودی بوون-بەزەمینەکە بە کەمی

دابنرێت. کەمییەکەش سەرنەکەوتنە لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا."

[٢٨٣] ئەوەی لیرەدا دەمێنێتەوە پرسیارکردنە سەبارەت سەرهەڵدانی داواکارییەکان و تێگەیشتن لە سەرچاوەکانیان. بەهەرحاڵ، واتای هەست بەتاوانکران بەم واتایەی دوایی، شکاندنی داواکارییەکی ڕەوشتی، شێوازێکی بوونی دازاینە. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە بۆ سزادان لە ڕێگەی شکاندنی یاسا، قەرزاری و لێپرسینەوە بەرانبەر کەسانی دیکەش دروستە. ئەوانەش شێوازی هەڵوێستی دازاینن. ئەگەر تەنیا باسی هەست بەتاوانکردنی ڕەوشتی بکەین زۆرکەم لە دازاین تێدەگەین. کەوابوو، دەردەکەوێت ئەم دیاریکردنە بۆ جیاکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەم شێوازی بوونەی دازاین و هەستەکانی دیکەی ناتەواوە. واتای چەمکی هەست بە تاوانکردنی ڕەوشتی ئۆنتۆلۆجییانە کەم ڕوونکراوەتەوە. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئاڵۆزی تێگەیشتنمان لە سزادان بۆ شکاندنی یاسا و قەرزدانەوەش. هەروەها، پاڵ بە تاوانکەرەکەشەوە دەنێت بایەخ بە شتەکان بدات و هاوتەراز ڕیزیانبکات.

دیاردەی هەست بە تاوانکردن پەیوەندی بە شکاندنی یاسا و قەرزدانەوە نییە، تەنیا بە ئاماژەکردن بۆ هەست بە تاوانکردنی خودی دازاین واتاکەی ڕووندەبێتەوە؛ ئەگەر هەست بە تاوانکردن بە شیوازێکی بوونی دازاین دابنرێت. لەبەر ئەوە دەبێت واز لە جۆرەکانی دیکەی هەست بە تاوانکردن، ئەوانەی پەیوەندییان بە بوونەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە، بهێنرێت. وازلێهێنانەکەش نیگەرانی بۆ هەبووەکان و پەیوەندی لەگەڵ یاسا و یاساشکاندنیش دەگرێتەوە. لەنێو ئەم هەڵوێستانەدا

هەست بەتاوانکردن بە (کەمی) دادەنرێت بەتایبەتی لە کاتێکدا، کە شتێک دەبوایە لەوێدا بوایە و نییە یان کارێک دەبوایە بکرایەو نەکراوە.

دیارنەبوونی شتێک ئامادەنەبوونێتی، وەکو بابەتێکی-دەرەکی. ئامادەنەبوونی شتێک، وەکو بابەتێکی دەرەکی، کە دەبوایە لەوێدابوایە، ئاماژە بۆ هەبوویەکی دیاریکراو دەکات. ئەوە دەگەیەنێت، کە نە دەبوو ئەو کەمییە هەبوایە، نەک لەبەر ئەوەی تەواوکۆ دەردەچوو، بەڵکو خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی وەرنەگرتووە. لەنێو چەمکی (هەست بە تاوانکردن) خەسڵەتی (نەریَ-نا)هەیە. ئەگەر هەست بە تاوانکردن بەرانبەر بوون بێت ئەوا کێشەی ڕوونکردنەوەی واتای (نا) ئۆنتۆلۆجییانە توشمان دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، لەنێو چەمکی هەست بە تاوانکردن بەبێ جیاوازی (لێپرسینەوە بەرانبەر) و (بوون-بەزەمینە-بۆ...) دەدۆزینەوە. بوونگەرانەش بەمجۆرە پێناسەی هەست بە تاوانکردن دەکین و دەڵێین، "بوون-بەزەمینە بۆ ئەو بوونەی، کە خەسڵەتی (نا)ی تێدایە"-واتە، "بوون-بەزەمینە-بۆ هیچ".

خەسڵەتی (نا) بە واتا بوونگەرایەتییەکەی پەیوەندی بە بابەتی دەرەکییەوە ڕەتدەداتەوە، کە دەبێت بە ئەگەر یان ئەو شتەی دەیخوازین. لەسەرو ئەمەوە دازاین خۆی لەگەڵ هیچ بابەتێکی دەرەکی یان ئەو شتە باوانەی پەیوەندییان بە خودی ئەوەوە نییە ناگونجێنێت.

بوون-بەزەمینە-بۆ کەمی هەمان خەسڵەتی (نا)ی تێدا نییە، کە بێبەریبوون هەیەتی. زەمینەکە لە ڕێگەی ئەوەی لەسەری دامەزراوە (هیچ)ی خۆی وەرناگرێت. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، هەست بە تاوانکردن ئاکامی قەرزاری نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوەیە: قەرزاری لەسەر

هەست بە تاوانکردن ڕادەوەستێت. ئایا ئێمە دەتوانین ئەمە لە بوونی دازایندا ڕوونبکەینەوە؟ چۆن بوونگەرانەش دەگونجێت؟

[٢٨٤] بوونی دازاین نیگەرانییە. لەنێو خۆیدا فاکتۆر(فڕێدان) و بوون (پڕۆژەدانان) و کەوتن هەڵدەگرێت. دازاین ئەو هەبووەیە، کە فڕێدراوە؛ بێ بڕیاردانی خۆی هێنراوەتە(ئێرە). تەوانابیەکی دیاریکراوی-بۆ-بوون هەیە، کە گوێ لە دەنگی خۆی دەگرێت و بۆ خودی خۆی تەرخان دەبێت، بەڵام وەکو خۆی نا. وەکو هەبوویەک هەرگیز ناتوانێت بەودیو فاکتۆری فڕێدانەکە بگات. فڕێدانیش ڕووداوێکی ئەودیو بوونی دازاین نییە و لێیدانابڕێت. تاکو دازاین هەبێت، بوونی بەردەوام ئەوەیە و بە نیگەرانییەوە دەژی. بوونی ئەو بەمجۆرەیە و بناخەی تەوانابیەتی-بۆ-بوون. هەرچەندە خۆی ئەم بناخەیەی دانەمەزراندوە و بە مەزاجەوە ڕووی تێدەکات.

چۆن دازاین لەنێو فڕێدانەکەدا ڕادەوەستێت؟ ڕاوەستانەکەی دەکەوێتە سەر بە پڕۆژەکردنی ئەگەرەکانی. ئەو(خۆ)یەی، کە دەبێت بناخە دروستکەربێت، هەرگیز ناتوانێت بناخەکە داگیربکات و بیخاتە ژێر دەستەڵاتی؛ لەگەڵ ئەمەشدا مادام هەیە دەبێت ببێت بە بوون-بەزەمینە. بوون-بەزەمینەش تەوانایی-بۆ-بوونە بە نیگەرانییەوە

[٢٨٥] لە بوون-بەزەمینەدا، کە خۆی فڕێدانەکەیە دازاین دەکەوێتە پشت ئەگەرەکانی. ئەو هەرگیز ناتوانێت پێش زەمینەکە هەبێت. کەوابوو، بوون-بەزەمینە ناتەوانایی دازاینە لە ئاستی بوونی خۆیدا و لە ژوور زەمینەکەوە. ئەم(نا)یە پەیوەندی بە واتای بوونگەرانەی فڕێدانەوە هەیە. بوون-بەزەمینە ڕەتدانەوەی خودی بوونە. ڕەتدانەوەکە واتای

ئامادەنەبوونی بابەتێکی دەرەکی یان بەردەوام نەبوونی ناگرێتەوە؛ (نا)یەکە لەنێو پێکهاتەی بوونی دازایندا و دەکرێت خەسڵەتەکەشی بوونگەرانە دیارییبکرێت؛ ئەویش لەوێدایە، کە دازاین بووە بە (خۆ) یان ئەو هەبووەی فڕێدراوەتە[ئێرە]. لەسەر زەمینەکەی خۆی دەرچووە و بووە بە خودی زەمینەکە. بەڵام دازاین زەمینەی بوونی خۆی نییە، چونکە لە ئاکامی پڕۆژەدانانی دادەمەزرێت؛ دازاین، کە (خۆ)ی خۆیەتی هەمانکات دەبێت بە زەمینەش بۆ بوونی. ئەم زەمینەیەش بێجگە لەو بناخەیەی هەبوویەک، کە دەیەوێ ببێت بە زەمینە بۆ بوونی چی دیکە نییە.

دازاین دەبێت بە زەمینە بۆ بوونی چونکە بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە ئەگەرەکانی دەکات. تێگەیشتنیش شتێکی فڕێدراوە. ئەم خاڵەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دازاین لە تەواناییـ بۆـ بوونی لەبەردەم ئەو یان ئەم ئەگەرەدا ڕادەوەستێت؛ لە پڕۆژەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوو لە ئەگەرەکانی دیکە ناکات. فڕێدان تەنیا خەسڵەتی بە زەمینە نەبوونی نییە، بەڵکو خودی خۆی لە بنەڕەتەوە پڕۆژەیەکی هیچە. ئەمەش (سەرنەکەوتن) و (بێ بەها)یی لە ژیانی ڕۆژانەدا نییە و پەیوەندی بە بونیادی بوونگەرانەی پڕۆژەدانانەوە هەیە. ئەو (هیچ)ەی لێرەدا باسیدەکەین سەر بە بوونیـ سەربەستانەی دازاینە لە ئاستی ئەگەرەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا.

سەربەستیش هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەگەرەکان و لە خۆبوردنە لە ئاستی هەڵنەبژاردنی هەموویاندا.

بونیادی فڕێدان، وەکو بونیادی پڕۆژەدانان لە بنەڕەتەوە (هیچ)ە. ئەم (هیچ)ە دەبێت بە بناخەی ئەگەری ناڕەسەنبوونی دازاین لە

کەوتنەکەیدا؛ لە کەوتندا هەموو دازاینێک فاکتۆریانە هەیە. نیگەرانیش دەچێتە نێو هیچەوە. کەوابوو، نیگەرانی، کە بوونی دازاینە، وەکو پرۆژەیەکی فرێدراو، بناخەیە بۆ بوونی هیچ. واتە دازاین هەست بە تاوان دەکات ئەگەر ئەم پێناسەیە (بوون-بەزەمینە بۆ هیچ) بۆ هەست بە تاوانکردن دروست بێت. (هیچ)ی بوونگەرانە بێ بەریبوون نییە، بەڵکو لەوەدایە، کە بوونی دازاین، وەکو پرۆژە، پێش بڕیاردان لەسەر بابەتی ئەو پرۆژانە، هیچە. لەنێو ڕووداوەکانیشدا سەرهەڵنادات.

[٢٨٦] هێشتا واتای ئۆنتۆلۆجییانەی ئەم (هیچ)ە بوونگەرایەتییە و ناوەڕۆکی ئۆنتۆلۆجییانەی (نا) بە تەواوی ڕووننەکراونەتەوە. بەدڵنیاییەوە، ئۆنتۆلۆجی و لۆجیک چاوەڕوانی زۆرتریان لە (نا)کردوە و ئەگەرەکانیشیان دیاریکردوە؛ ئۆنتۆلۆجی (نا)ی بەکارهێناوە بەڵام واتاکەی باسنەکردوە. ئایا (نا) ئاماژە بۆ لایەنێکی نێگەتیڤ یان کەمی ناکات؟ ئایا بەتێپەڕکردنی لایەنە پۆزەتیڤەکەی دەرناکەوێت؟ ئەگەر زەمینەیەکی دیالێکتیکی دانەمەزرێنێت بۆچی دیالێکتیک پەنا بۆ ڕەتدانەوە بەرێت؟ ئایا کەس باسی کێشەی سەرچاوەی ئۆنتۆلۆجی (نا)ی یان مەرجەکانی کردوە؟ ئایا بەبێ گەڕانەوەمان بۆ بوون چۆن ئەو مەرجانە بدۆزینەوە؟

چەمکەکانی کەمی و بێبەریبوون، کە واتاکانیان زۆر ئاشکرا نییە، بۆ ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی دیاردەی هەست بە تاوانکردن، ناتەواون. بەهەمانشێوە، چەمکی (خراپ) لە هەست بە تاوانکردنی بوونگەرانە نزیکمان ناکاتەوە. هەروەها، بیرۆکەی (بەها)ش، وەکو ئەو چەمکانەی پێشو هەمان بناخەی ئۆنتۆلۆجییانەی بابەتی دەرەکییان هەیە.

ئەو هەبووانەی بە نیگەرانییەوە هەن توشی هەست بە تاوانکردن نابن، بەڵکو هەست بە تاوانکردن لە بوونیاندا هەیە؛ ئەم هەستکردنە مەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان بە دازاین دەدات تاکو فاکتۆریانە خۆی بکات بە خاوەنی شتێک. ئەم هەستکردنەیە دەبێت بە مەرجێکی بوونگەرانە بۆ ئەگەرەکانی (چاکەی ئاکاری) و(خراپە) یان ڕەوشت بەگشتی. لەبەر ئەمە (بوونی-هەست بە تاوانکەر) پێناسەیەکی ڕەوشتی بۆ ناکرێت چونکە ڕەوشت ئاکامی ئەم هەستکردنەیە نەک بناخەی. ئایا چ ئەزمونێک دەبێت بە گوتەبێژی بوونی-هەست بە تاوانکەری دازاین؟ یان بەپێچەوانەوە دەپرسین، ئایا هەست بە تاوانکردن لەگەڵ لە خەو ڕاچڵەکان لە ئاگامەندییدا سەرهەڵدەدات؟

لەڕاستیدا، بوونی-هەستبەتاوانکەر زۆربەی کات لە کەوتنەکەی دازایندا دەرناکەوێت. پێویستە ئەوەش بزانین، کە هەست بە تاوانکردن لە زانین سەبارەت ئەو هەستکردنەوە گرنگترە. لەبەر ئەوەی دازاین، لە بناخەی بوونییەوە، هەست بە تاوان دەکات، بە فڕێدان و کەووتنەکەش بوونی وندەبێت. تەنیا بانگکردنەکە یارمەتیمان دەدات لە تاوانی بوونی تێبگەین.

[٢٨٧] نیگەرانی بانگکردنەکە دەکات. بوونێکی-هەست بە تاوانکەر نیگەرانە. لەڕاستگۆییدا دازاین ڕووبەڕووی بوونی خۆی دەبێتەوە، لە ئاستی (هیچ)دا دایدەنێت و تەوانایی-بۆ-بوونی دەردەخات. بەو ڕادەیەی بوون بۆ دازاین کێشەیە، نیگەرانی بانگی ئەو دازاینە دەکات، کە لە کەوتنەکەیدا بووە بە (ئەوان). دەیەوێت بە ژیری و ڕاستگۆییەوە بەرەو تەوانایی-بۆ-بوون بگەڕێتەوە. داواکردنەکە بانگکردنە بۆ گەڕانەوە؛ داوا لە

دازاین دەکات لە هیچی پڕۆژەکانی تێبگات و ڕوو لە ئەگەرەکانی بکات؛ بوون و نبووی خۆی لەنێو (ئەوان)دا بدۆزێتەوە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەم بوونە هەست بە تاوان دەکات.

لەمحاڵەتەدا، زانیارییەکەی دازاین دەستیدەکەوێت، سەبارەت بوونی خۆیەتی. بیستنی بانگکردنەکەش سەلماندنی هەست بە تاوانکردنە. ئەگەر بانگکردنەکە خەسڵەتی داواکردنی هەبێت، ئایا ڕاڤەکردنەکە بۆ ویژدان نابێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کارکردنەکەی؟ ئایا بانگکردنێک بەرەو هەست بە تاوانکردن بەرەو خراپە نییە؟ ئەگەر کەس نەیەوێت ئەم واتایە بە ویژدان بدات، ئایا بانگکردنی ویژدان بۆ چییە؟

واتای بانگکردن، بەگوێرەی تێگەیشتنەکەمان، بوونگەرانە هەست بە تاوانکردن دەگرێتەوە و پەیوەندیشی بە هەڵسوڕان و هەڵنەسوڕانی کارێکەوە نییە. داواکارییەکەش لەخۆڕا سەرهەڵنادات ئەگەر بانگکردنە لە دازاینەوە دەرچێت و ڕوو لە بوونی ئەویش بکات. کەوابوو، داواکارییەکە بانگکردنی دازاینە بەرەو تەوانایی-بۆ-بوون؛ لە هەموو بارودۆخێکیشدا، من دازاینم. دازاین بە هۆی سەرنەکەوتنیەوە توشی هەست بە تاوانکردن نابێت؛ پێویستە ڕەسەنانە و لەئاستی بوونیدا هەست بە تاوان بکات. بیستنی دروست لە داواکردنەکە تێگەیشتنی[دازاینە] لە بوونی خۆی، وەکو تەوانایی-بۆ-بوون و بە پڕۆژەکەردنی تەواناییەکەی ڕەسەنانە تاکو هەست بە تاوان بکات. کاتێک دازاین بە تێگەیشتنەوە گویّ لە بانگکردنەکە دەگرێت سەربەستانە ڕووی تێدەکات؛ خۆی بۆ تەوانایی-بۆ-بوون ئامادەدەکات. تێگەیشتنی بانگکردنەکە دازاین بەرەو ئەگەری بوونی دەبات و دازاینیش بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت.

[٢٨٨] لەم هەڵبژاردنەدا دازاین دەبێت بە بوونێک، کە هەست بە تاوانکردن دەکات. ونبوونی لەنێو (ئەوان)دا ڕێگەی نەدەدا ئەم هەستەی دەرکەوێت. هەستکردنی گشتی (ئەوان) تەنیا کارکردن لەسەر یاساکان و نەریتە باوەکان دەناسێت، کە پەیڕەوییان دەکرێت یان تاکەکان لە پەیڕەویکردنەکەیاندا سەرناکەون. (ئەوان) دازاین لەئاستی هەست بە تاوانکردن دووردەخەنەوە و باسی هەڵەکانی دەکەن. تێگەیشتن لە بانگکردنەکەش هەڵبژاردنە، بەڵام هەڵبژاردنی ویژدانییە، کە هەڵنابژێردرێت. ئەوەی هەڵدەبژێرێت بوونی ویژدانە و سەربەستانە دەبێت بە بوونیک هەست بە تاوان دەکات. تێگەیشتن لە داواکارییەکە ویستی دازاینە بۆ ویژدان.

مەبەست ئەوە نییە کەسێک دەیەوێت ویژدانێکی چاکی هەبێت و گوێ لە بانگکردنەکەش بە ئارەزووی خۆی بگرێت؛ بەڵکو ئامادەبوونە بۆ داواکارییەکە. ویستی ویژدان گرنگترین گریمانەی ژیانی ڕۆژانەیە بۆ ئەگەری هەست بە تاوانکردنی فاکتۆری. لە تێگەیشتنی بانگکردنەکەدا دازاین هەڵوێست وەردەگرێت و بەرەو تەوانایی-بۆ-بوونی خۆی دەڕوات. فاکتۆریانەش هەموو کردەوەیەکی بەبێ ویژدانە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی خۆی لە قەرزاری ڕەوشتی دوورناخاتەوە، بەڵکو لە بناخە هیچەکەوە بۆ پڕۆژە هیچەکانی بەرانبەر کەسانی دیکە هەست بە تاوانکردن دەکات. بەمشێوەیە، ویستی ویژدان کەموکورتییەکەی ویژدان دادەپۆشێت و لەم ڕووەوە ئەگەری (چاکە) لە ژیانی ڕۆژانەدا سەرهەڵدەدات.

[٢٨٩] بانگکردنەکە تەنیا ڕەخنەگرانە نییە و زانیاریشمان ناداتێ؛ پۆزەتیڤانەیە و تەوانایی-بوونی دازاین، وەکو بوونێک هەست بە تاوان

بکات دەردەخات. کەوابوو، ویژدان داکۆکیکردنە لە بوونی دازایندا و بەرەو تەواناییِ-بۆ-بوون بانگیدەکات. ئایا لەمە زۆرتر و بوونگەرانە هیچ خەسڵەتێک هەیە تەواناییِ ڕەسەنیِ-بۆ-بوون دیاریبکات؟ لێرەدا پرسیاری گرنگتریش دێتە پێش: ئایا بەڵگەی تەواومان بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە بە دەستەوەیە؟ ئایا لە ڕاڤەکردنەکەماندا دیاردەی ویژدان دەناسرێتەوە؟ ئایا ئێمە بەدڵنیاییەوە بیرۆکەی ویژدانمان لەنێو پێکهاتەی بوونی دازاینەوە دەرنەهێناوە؟

دوا هەنگاومان لە ڕاڤەکردنی ویژداندا لابردنی بوونگەرانەی سنوورەکانی تەواناییِ ڕەسەنە-بۆ-بوون، کە ویژدان دەیەوێت بیسەلمێنێت. ئەگەر ڕێگاکەمان دۆزییەوە ئەوا پەیوەندی نێوان ئاکامەکانی شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەمان و ئەزمونی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ویژدان دادەمەزرێنین.

## ٥٩. ڕاڤەکردنی بوونگەرانە و ڕاڤەکردنی باو بۆ ویژدان

ویژدان بانگکردنی نیگەرانییە لە ڕاستگۆییەوە و لەنێو-جیهاندا؛ بانگی دازاین بۆ تەواناییِ بەرەو بوونێکیِ-هەست بە تاوانکردن دەکات. لەم ویژدانەشەوە تێگەیشتن لە داواکارییەکە بەرجەستەدەبێت. ئەم پێناسەیە لەگەڵ ڕاڤەکردنی باو بۆ ویژدان ناکۆکە و ڕاستەوخۆ بەرانبەری یەکدی دژانە ڕادەوەستن. ئێمە ئەمجۆرە ڕاڤەکردنەش بە (باو) ناوزەددەکەین، چونکە (ئەوان) خەسڵەت و کارکردنەکانی دیاریدەکەن و ڕاڤەی بۆ دەکەن.

ئایا پێویست دەکات ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە و ڕاڤەکردنی باو هاوتەرازبن؟ ئایا ئۆنتۆلۆجییانە گومان لە ڕاڤەکردنی باو دەکرێت؟ ئەگەر زۆربەی کات و لە نزیکەوە دازاین بوونی خۆی و هەموو هەڵوێستەکانی بە نیگەرانییەوە ببینێت، لە ڕاڤەکردنەکەیدا بۆ ئەو شێوازی بوونەی بانگکردنەکە داوایدەکات و لەنێو (ئەوان)ەوە پەلکێشیدەکان، کەوتن و شاردنەوەی تێدا ڕوونادەن؟ ژیانی ڕۆژانە دازاین دەکات بە بابەتێکی دەرەکی بۆ نیگەرانی و بەڕێوەدەبرێت. ژیانیش دەبێت بە بازرگانی و باسدەکرێت چەندی تێدەچێت.

[٢٩٠] ئێمە دڵنیانین ئەو ڕاڤەکردنانەی بۆ ویژدان لە ژیانی ڕۆژانەی دازایندا کراون لە ئاستی ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەدان. لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە ئەزمونی ڕۆژانە بۆ ویژدان لە ڕوویەکەوە پێش-ئۆنتۆلۆجییانە بێت. لێرەدا دوو خاڵ سەرهەڵدەدەن: لەلایەکەوە، ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانەی ویژدان بۆ شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجییانە نابێت بە دوا پێوەر. لەلاکەی دیکەوە، ئەم شیکردنەوەیە دەبێت ئاوەڕ لە تێگەیشتنی ڕۆژانە لە ویژدان بداتەوە و بەسەر بیردۆزە ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی و تیۆلۆجییەکاندا تینپەڕێت. ئەگەر شیکردنەوەی بوونگەرانە دیاردەی ویژدانی بە بنەما ئۆنتۆلۆجییەکانییەوە دەرخستبێت ئەوا ڕاڤە باوەکانیش لەبەر ڕۆشنایی ئەم شیکردنەوەیەدا دەناسرێن. بەهەرحاڵ، مادام لە بەستێنی گرفتەکانی توێژینەوەکەمانەوە شیکردنەوەی ویژدان دەکەوێتە ژێر پرسیارە ئۆنتۆلۆجییە سەرەکییەکانەوە، پەیوەندی نێوان ڕاڤەکردنی بوونگەرانە و ڕاڤەکردنی باو بۆ ویژدان دەبێت بەم گرفتانەوە ببەسترێنەوە. لە ڕاڤەکردنی باودا چوار خاڵ دژی ڕاڤەکردنەکەمان بۆ

ویژدان، وەکو دەنگی نیگەرانی بۆ هەست بە تاوانکردن، بەرزدەکرێنەوە: یەکەم، ویژدان لە بنەڕەتەوە ڕەخنەگرانەیە؛ دووەم، بانگی ویژدان ڕوو لە کردەوەیەکی دیاریکراو دەکات، کە کەسێک کردوویەتی یان دەیەوێت بیکات؛ سێیەم، دەنگی ویژدان هێندە ڕادیکاڵانە پەیوەندی بە بوونی دازاینەوە نییە؛ چوارەم، ڕاڤەکردنەکەمان بایەخ بە شێوە بنەڕەتییەکانی ویژدان، وەکو ویژدانی چاک و خراپ، ئەوانەی لۆمەی مرۆڤ دەکەن و وریایدەکەنەوە، نادات.

[٢٩١] ئێمە باسەکەمان لەم بۆچوونانەوە دەستپێدەکەین. لە هەموو ڕاڤەکردنێکدا بۆ ویژدان، ویژدانی خراپ لەپێش ئەوانی دیکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت: گوایە ویژدان لە سەرەتاوە (خراپەیە)؛ لەم ئەزمونەدا هەست بە تاوانکردن پەیدا دەبێت، ئایا چۆن لەم ئەزمونەدا لە خراپە تێدەگەین؟ ئەزموونی ویژدان دەبەسترێت بە کارێکەوە، کە کراوە یان نەکراوە. دەنگەکە لەم سەرنەکەوتنەوە ڕوو لە دازاین دەکات و توشی هەست بە تاوانکردنی دەکات. ئەگەر ویژدان، کەسێکی هەست بە تاوانکەر دیارییبکات ئەوا ئێمە بەرەو شتێک بانگ ناکات و تەنیا بیری هەست بە تاوانکردنمان دەخاتەوە. ئایا ئەو ڕاستییەی، کە دەنگەکە لە دواییدا دێت ڕێگەی بانگکردنەکە بەرەو شتێک لە بەردەمدا ناگرێت؟ دەنگەکە، کە وروژاندنی ویژدانە و دوایی بەرزدەبێتەوە بۆ تێگەیشتنمان لە دیاردەی ویژدان نابێت بە بەڵگەیەکی سەرەکی. چۆنە ئەگەر فاکتۆری قەرزاری ببێت بە ڕووداو بۆ بانگکردنی فاکتۆری ویژدان؟ یان ڕاڤەکردنی ویژدانی (خراپ) بە ناتەواوی دابمەزرێت؟ ئەمەش لە هەیەتی-لەپێشتری ئۆنتۆلۆجییانەدا بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکە دەبینرێت. دەنگەکە شتێکە

بەرزدەبێتەوە؛ لەنێو ئەزمونی بابەتە دەرەکییەکاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە و دوای ئەزمونی کردەوەکان دەکەوێت. بەڵام، بانگکردنەکە، کردەوەکە و هەست بە تاوانکردن ئەو ڕووداوانە نین، کە خەسڵەتی بابەتی دەرەکییان هەیە. بوونی بانگکردنەکە سەر بە نیگەرانییە. لە بانگکردندا دازاین پێش بوونی خۆی دەکەوێت و ئاوەڕ لە فڕێدراوی بوونی دەداتەوە. لەگەڵ دانانی دازاین بە زنجیرەیەک ئەزمون دەتوانین بیر لە دەنگەکەش، وەکو شتێک دوایی پەیدادەبێت و داوای گەڕانەوە بۆ پێشو دەکات، بکەینەوە. دەنگەکە داوای گەڕانەوە[لە دازاین] دەکات، لەودیو کردەوەکەشەوە سەرهەڵدەدات و بۆ بوونی هەست بە تاوانکردن دەڕوات، کە دازاین تێدا فڕێدراوە و پێش قەرزارییەکە خۆی دەردەخات. هەمانکات، بانگکردنە دواییەکە بۆ گەڕانەوە بۆ بوونی دازاین و بوونی ڕەسەنانەی هەست بە تاوانکردنی ئەویش لە ژیانی ڕۆژانەیدا پاش دەنگەکە دێت نەک بەپێچەوانەوە. ویژدانی خراپ لە بنەڕەتەوە، کە لۆمەکردنە و ئاماژە بۆ پاشگەزبوونەوە دەکات، لەڕاستیدا ڕوو لە پێشەوە دەکات و دازاین فڕێدەداتە نێو (ئەوان)ەوە. هەروەها ڕیزکردنی ئەزمونەکانیش بونیادی بوونی[دازاین]مان ناداتێ.

ئێمە بە دیاریکردنی خەسڵەتەکانی ویژدانی چاک و خراپ بە ناوەڕۆکی ئەم دیاردەیە ناگەین. وەکو چۆن ویژدانی خراپ بوونی دازاینمان پێدەناسێنێت، ویژدانی چاکیش دەبێت بوونی چاکی دازاین دەربخات. بە ئاسانیش کەسێک دەتوانێت ببینێت چۆن ئەو ویژدانەی سەرچاوەیەکی

پیرۆزی هەبوو دەبێت بە کۆیلەی (فاریسایزم).[108] بەم ویژدانەوە مرۆڤ خۆی بە کەسێکی چاک دادەنێت. کێ دەتوانێت خۆی بە چاک دابنێت؟ یان داکۆکی لەسەر بکات؟ ئەگەر لە ویژدانی چاکەوە مەحاڵ بێت بەم ئاکامە بگەین، بوونی-هەست بە تاوانکردن تەنیا لەگەڵ بانگکردنەکەدا سەرهەڵدەدات.

[٢٩٢] بۆ ئەوەی بەم ئاکامە نەگەین ویژدانی چاک بە ئامادەنەبوونی ویژدانی خراپ دادەنێین، وەکو ئەزموونی نەبوونی ویژدانی خراپ پێناسیدەکەین.[109] لەم ئەزمونەشدا بانگکردنەکە پەیدا نابێت چونکە لە ئاستی هیچ شتێکدا لۆمەی خۆم ناکەم. ئایا چۆن هەست بەو (نەبوون)ە دەکرێت؟ ئەمە ئەزمونی بانگکردن نییە؛ ئەوە دەگەیەنێت، کە دازاین خاوەنی کردەوەکە نییە و لە ئاستیدا هەست بە تاوان ناکات. دڵنیابوون لەوەی دازاین کارێکی نەکردبێت خەسڵەتی ویژدان دیاریناکات و بەڵکو ویژدان لە بیر دازاین دەباتەوە. لەم دڵنیابوونە کە دازاین بوونی-هەست بە تاوانکردنی خۆی لەبیردەکات. ویژدانی چاک بە شێوازێکی سەربەخۆ

---

[108] فاریسایزم یان فاریسیزم بزوتنەوەیەکی کۆنی توندڕەوی ئایینی جولەکەیە. ئەوانەی سەر بەم بزوتنەوەیەن کوێرانە شوێن یاساکانی (تەورات) دەکەون باوەڕیان بە هاتنی (مەسیح) هەیە. (م.ک)

[109] Cf. Max Scheler, ‘Der Formalismus in der Ethik und die Materiale Wertethik’, Part two, *Jabrbuch für Philosophie und Phänomenologische Forschung*, vol. 2, (1916), p.192.

یان دامەزراوی ویژدان دانانرێت و بە هیچ شێوەیەک واتای دیاردەی ویژدان نابەخشێت.

مادام باس لەسەر ویژدانی چاک و خراپیش لەنێو ئەزمونی ژیانی ڕۆژانەی دازاینەوە دێتەکایەوە، ناتوانێت دیاردەی ویژدانمان پێبناسێنێت چونکە لە ڕووی فاکتۆرییەوە بیرۆکەی ویژدانی خراپ پەیوەندی بە ویژدانی چاکەوە هەیە. ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەی هەست بە تاوانکردن و هەست بە تاوان نەکردن لە نێو ڕەهەندی نیگەرانیدا دەکات و هاوتەراز دایاننانێت. لەم ڕەهەندەدا گوێمان لە دەنگی ویژدان دەبێت. بە دیاریکردنی خەسڵەتەکانی بیرۆکەی ویژدانی چاک و خراپ جیاوازی نێوانیان لەسەر ئاماژەکردنیان بۆ شتێکی لە پێش، لۆمە و وریاکردنەوەمان ڕوونکردەوە. بیرۆکەی وریاکردنەوە لە داواکردنەوە نزیکە. هەردووکیان خەسڵەتی لە پێش یان لە بەردەمدا هەیە. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە لە بناخە بەدەرە. کاتێک بە ئەزمونی ویژدانی وریاکەرەوەدا تێپەڕدەبین دەنگەکە ڕوو لەو کردەوەیە دەکات دەمانەوێ بیکەین. ئەمەش لەسەر بناخەی تەوانایی دازاین-بۆ-بوون ڕادەوەستێت، کە تێگەیشتنە لە هەست بە تاوانکردنی بوونی خۆی. ئەو ویژدانەی وریاماندەکاتەوە سات لە دوای سات سەربەستییەکەمان لەگەڵ قەرزاریدا کۆکدەکات. لە ئەزمونی وریابوونەوەکەدا ویژدان، کە هاندەری بانگکردنەکەیەتی، لەبەر ڕۆشنایی هەستی (ئەوان)دا دەبینرێت.

[٢٩٣] بۆچوونی سێیەم باس لەوەدەکات، کە ئەزمونی ویژدانی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاشنایی لەگەڵ هیچ بانگکردنێکی هەست بە تاوانکردندا نییە. ئێمەش ئەم باوەڕەمان هەیە. ئایا ئەزمونی ڕۆژانە بیستنی ئەگەری

ناوەڕۆکی بانگکردنە ویژدانییەکەمان بۆ مسۆگەردەکات؟ ئایا ئەو بیردۆزەیانەی پشت بە ئەزمونی ژیانی ڕۆژانە دەبەستن توانیویانە لە ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆجییانەی دروستەوە دیاردەکە شیبکەمەوە؟ ئایا کەوتن، کە دیاردەیەکی بنەڕەتی بوونی دازاینە، دەریناخات ئەم هەبووە ئۆنتیکییانە لە بوونی خۆی، وەکو نیگەرانی تێدەگات و ئۆنتۆلۆجییانەش (بوون)، وەکو بابەتێکی دەرەکی پێناسدەکات؟ بەهەرحاڵ، لێرەدا دیاردەکە بە دوو شێوە دەبینرێت: بیردۆزەکە زنجیرەیەک ئەزمون یان پرۆسەی دەروونی دەناسێت، کە بوونێکی نادیاریان هەیە؛ ئەزمون لە ئاستی ویژداندا، وەکو دادوەر یان بەڕێوەبەرێک ڕادەوەستێت، کە دازاین لێیدەکۆڵێتەوە.

کانت بە ڕێکەوت ویژدانی بە (دادگای دادوەری) دانەناوە و ئەمخاڵەشی نەکردوە بە ڕێنیشاندەری ڕاڤەکردنەکەی؛ بۆچوونەکەی پەیوەندی بە یاسای ڕەوشتییەوە هەیە. بەڵام لە[بیردۆزەی ڕەوشتی] یوتەلیتاریانیزم و یودامۆنیزمەوە دوورە.[110] تەنانەت بیردۆزەی بەها، لە شێوە و ناوەڕۆکدا، "مێتافیزیکی ڕەوشت"ی هەیە و ئەمەش لە ئۆنتۆلۆجی دازاین و بووندا گریمانەیەکی شاراوەیە. دازاین بەو هەبووە دادەنرێت، کە بۆی نیگەرانین، نیگەرانبوونەکەش بەهاکان دەهێنێتەکایەوە و یاساکان دەسەپێنێت.

---

[110] یوتالیتاریانیزم و یودامۆنیزم دوو فێرگەی ڕەوشتین. یەکەمیان ئەو کردەوەیە بە چاک دادەنێت، کە سود بە زۆرترین بگەیەنێت. دووەمیان، لەو باوەڕەدایە ئەو کردەوەیە چاکە، کە مرۆڤ بەختەوەر دەکات. (م.ک)

دانانی ویژدان لە ژیانی ڕۆژانەدا بە دادگایەکی دادوەری ناسەلمێنرێت تاکو کەسێک لەپێشتر ڕەسەنانە ویژدان نەناسێت.

[٢٩٤] کەوابوو، ئەو ڕەخنەیەی گوایە ڕاڤەکەدنی بوونگەرانە بانگکردنی ویژدان چاو لە کارکردنێکی دیاریکراو دەپۆشێت و ڕوویتێناکات، پوچەڵ دەبێتەوە. نکۆڵی لەوە ناکرێت، بانگکردنەکە ئەم ڕووتێکردنەی هەیە. بەڵام کێشەی دەرخستنی گرفتەکە بەتەواوی لە بانگکردنەکەدا دەمێنێتەوە. لە ڕاڤەکردنی باودا، دەشێ کەسێک فاکتۆرەکان دیارییبکات؛ لە کۆتاییشدا بانگکردنەکە سنوردار دەکات. بەو کەمییەی (ویژدانی چاک) خزمەتی (فاریسایزم) دەکات، بەهەمانشێوە، (ویژدانی خراپیش) ڕۆڵی خۆی لە کەمکردنەوەی قەرزارییەکەدا دەبینێت، کە بابەتێکی دەرەکییە. ئەگەر بانگکردنەکە هیچ پەیوەندییەکی بەفاکتۆری دەرەکی هەستبەتاوانکردن یان کردەوەیەکەوە نەبێت، کە فاکتۆریانە ئەنجامدراوە؟ ئەگەر لۆمەکردن و ورباکردنەوە لە بانگکردنەکەدا سەرەکی نەبن ئەوا بایەخ بەو بۆچوونەش نادەین و ڕاڤەکردنە بوونگەرایەکە لە ناسینی خەسڵەتی ڕەخنەگرانەی ویژداندا سەرکەوتوو نابێت. لە ناوەڕۆکی بانگکردنەکەدا هیچ دیاردەیەکی پۆزەتیڤانە لە داواکارییەکەدا نابیسرێت. ئایا چۆن لە ئامادەنەبوونی ئەم لایەنە پۆزەتیڤەی ویژدان تێبگەین؟ ئایا لە هەڵوێستی نێگەتیڤانەی ویژدانەوە دەرهێنراوە؟ ئێمە ناوەڕۆکە پۆزەتیڤەکە وندەکەین چونکە چاوەڕوانی شتێکی سودبەخش سەبارەت ئەگەرەکانی (کردەوەکەمان) دەکەین. چاوەڕوانییەکەش لەسەر بناخەی ڕاڤەکردنە گشتییەکە بۆ نیگەرانبوونمان بەرانبەر هەبووەکان ڕادەوەستێت، کە بە زۆر دازاین دەخاتە ژێر بیرۆکەی بەڕێوەبردنی

کاروبارەکانی. ویژدان چاوەڕوانیکردنەکان نائومێددەکات. بانگکردنەکەش هیچ بیرۆکەیەکی پراکتیکی نیشانناداتچونکە داوا لە دازاین دەکات بۆ تەوانایی بوونی-خۆی بگەڕێتەوە. لێرەدا ویژدان نکۆڵی لە ئەگەری کارکردنەکە دەکات. لەبەر ئەوەی ناتوانێت پۆزەتیڤ بێت تەنیا ڕۆڵی نێگەتیڤانەش نابینێت. لەڕاستیدا، بانگکردنەکە هیچ شتێک نێگەتیڤانە یان پۆزەتیڤانە دەرناخات؛ ئەوەی لەوێدا هەیە بوونە، کە ئۆنتۆلۆجییانە جیاوازە. لەلایەکی دیکەوە، کاتێک لە بانگکردنەکە بە دروستی تێدەگەین، بوونگەرانە شتێکی پۆزەتیڤمان دەداتێ، ئەویش ئەگەری بوونی دازاینە و بانگکردنی دازاینە بۆ گەڕانەوە بەرەو تەوانایی-بوونی-خۆی. بیستنی ڕەسەنانەی بانگکردنەکە دازاین بۆ کارکردنی فاکتۆری ئامادەدەکات. ئەمەش لەنێو بونیادە بوونگەرایەتییەکەدا لە تێگەیشتنمان لە داواکردنەکە ڕوودەدات و ئێمەش ڕەسەنانە واتای بانگکردنەکە ڕاڤەدەکەین. پێویستە ڕوونیبکەینەوە چۆن ئەو دیاردەیەی ڕاڤەکردنی گشتی بۆ بانگکردنی ویژدانی خۆی لەگەڵدا ئاشنادەکات ئۆنتۆلۆجییانە دروستە؛ هەروەها، ڕوونیبکەینەوە چۆن ڕاڤەکردنی گشتی بە ڕاڤەکردنی دازاین بۆ کەوتنەکەی [لەنێو جیهاندا] سنوردار دەبێت؛ مادام کەوتنیش سەر بە نیگەرانییە ڕاڤەکردنەکە ڕووداو نییە.

[٢٩٥] دەشێ هەندێ کەس ڕەخنەکەمان بۆ ڕاڤەکردنی باو بۆ ویژدان لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆجییەوە بەهەڵە بخوێننەوە و تێبگەن، کە نەبوونی گرنگییەکی بوونگەرانە لە ئەزمونی ژیانی ڕۆژانەدا بۆ ویژدان داکۆکی لەسەر خەسڵەتی ڕەوشتی ئۆنتیکی دازاین دەکات. بەوجۆرەی بوون لە ئاستی نەبوونی تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانەدا بۆ ویژدان ناشێویت،

تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانەش لە ویژدان لەسەر زەمینەی ڕاڤەکردنێکی بوونگەرانەی دروست مەرج نییە مسۆگەر بکرێت. دەگونجێت کەسێک لە ئەزمونەکانی ژیانی ڕۆژانەی بۆ ویژدان (جیدی)و تێگەیشتنەکەی بەپێچەوانەوە بێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو ڕاڤەکردنەی بوونگەرانە گرنگە، ئەگەری تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانەش پەیدادەکات، بە مەرجێک بیرۆکە ئۆنتۆلۆجییەکەمان خۆی لە ئەزمونە ئۆنتیکییەکە دانەبڕێت.

## ٦٠. بەڵگەی بونیادی بوونگەرانەی تەوانایی ڕەسەن بۆ-بوون لەنێو ویژداندا

ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی ویژدان بۆ مەبەستی سەلماندنی تەوانایی دازاینە-بۆ-بوون. سەلماندنەکەش لەنێو خودی دازایندایە و بانگکردنە بەرەو هەست بە تاوانکردن. بە بیستنی دەنگەکە و تێگەیشتن لە بانگکردنەکە سەلماندنیش دەناسرێت. تێگەیشتن لە داواکردنەکە شێوازێکی بوونی دازاینە و تەنیا لەم ڕووەوە ویژدان خۆی دەسەپێنێت. ویستی بۆ ویژدان تێگەیشتنی ڕەسەنانەیە لە بانگکردن. ئەمەش هۆکاری هەڵوێست وەرگرتنە لەلایەن دازاینەوە و نوێنەرایەتی تەوانایی ڕەسەن-بۆ-بوون کردنە. لێرەدا، پێویستە بونیادی بوونگەرانەی ئەمە ڕوونبکەینەوە تاکو بتوانین بە بناخەی پیکهاتەی ڕەسەنبوونی دازاین، بەو جۆرەی خۆی دەناسێت، بگەین.

کەسێک بیەوێت خاوەنی ویژدان بێت و لە تەوانایی-بۆ-بوونی تێبگات، شێوازێکی دەرکەوتنی بوونی نیشاندەدات. ئەم دەرکەوتنە بە مەزاج و تێگەیشتنەوە بەستراوە. تێگەیشتن لە بوون لە شێوازی ژیانی ڕۆژانەدا

پرۆژەدانانی فاکتۆریانەیە لەسەر تەوانایی-بۆ-بوونە. تەوانایش-بۆ-بوون لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەدانانەکەدا دەبینرێت.

[٢٩٦] چ جۆرە مەزاجێک بەرانبەر ئەم تێگەیشتنە دادەنرێت؟ تێگەیشتن لە بانگکردن بوونی ڕاستگۆیانە و تاکەکەسی دازاین دەردەخات. ڕاستگۆییەکەی لەنێو تێگەیشتنەکەدا لەنێو مەزاجی دوودڵیدا ڕەسەنانە سەرهەڵدەدات. لە فاکتۆری دوودڵی ویژدانیدا دازاین ڕاستگۆیانە ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە. ویستی [دازاین] بۆ ویژدان دەبێت بە ئامادەبوونی دوودڵی.

سێیەم خەسڵەتی بنەڕەتی لە ئاشکرابوونەکەدا (دەرکەوتنە). خودی بانگکردنەکە بۆ دازاین جۆرێکە لە گوتار؛ بەڵام دژە-گوتار لە ویژداندا نییە. لە بیستندا، بانگکردنەکە بە تێگەیشتنەوە، دژە-گوتار وەرناگرێت. نەک لەبەر ئەوەی هێزێکی نادیار هێرش دەکاتە سەر دازاین و ڕێگەی بیستن دەگرێت، بەڵکو بیستنەکە لە ناوەڕۆکی بانگکردنەکە تێدەگات. دازاین بەردەوام لە بانگکردنەکەدا هەست بە تاوان دەکات. ئەمەش، (خۆ)ی دازاین لە گوتاری لە کارکەوتوو ڕزگاردەکات، کە (ئەوان) بەکاریدەهێنن. کەوابوو، گوتاری ویژدان کەم دوویيە. بێدەنگی یەکێکە لە ئەگەرە بنەڕەتییەکانی گوتار.[111] هەرکەسێک لە ئاستی تیگەیشتندا بێدەنگ بێت دەیەوێ شتێک بڵێت. لە داواکردنەکەدا دازاین دەیەوێت لە تەوانایی-بوونی-خۆی تێبگات. کەوابوو، بانگکردنەکە بێدەنگبوونە.

---

[111] بڕوانە کورتەبەشی (٣٤)ی ئەم نوسراوە.

گوتاری ویژدان بە گوتن دەرنابڕێت. ویژدان بەبێ دەنگ [دازاین] بانگدەکات؛ بانگکردنەکە لە ڕاستگۆیی دازاینەوە بێ دەنگ دەردەچێت و دازاین بەرەو بوونی خۆی دەگەڕێنێتەوە. تەنیا بە کەم دوویی لە گوتاری ویژدان تێدەگەین. [ئەم گوتارە] پەنا بۆ بەکارهێنانی وشە و زمانی لە کارکەوتووی (ئەوان) نابات.

ڕاڤەکردنی گشتی بۆ ویژدان، کە پەیوەندی بە فاکتۆرەکانەوە هەیە، گوتاری بێدەنگی ویژدان بە ڕووداو دادەنێت، کە [دازاین] تیایدا دڵنیانییە. لەڕاستیدا، (ئەوان)، کە بەبێ تێگەیشتن هەموو شتێک دەبیستن خۆیان بە گوتاری لە کارکەوتووەوە خەریکدەکەن و هیچ بانگکردنێکیان نییە. (ئەوان) دەنگی ویژدان نابیستن یان بیستنەکەیان دوور بڕناکات.

ئاشکرابوونی ویستی دازاین بۆ ویژدان لە پێکهاتەی دوودڵیدایە و لە تێگەیشتنیشدا دەبێت بە پرۆژەی تەوانایی دازاین-بۆ-هەست بە تاوانکردن. ئەمەش بە کەم دوورییەوە بەرجەستەدەبێت. ئەم ئاشکرابوونە ڕەسەن و گرنگە لە ویژدانی دازایندا، **ئەم پرۆژە بێدەنگەی تەوانایی-دازاین-بۆ هەست بە تاوانکردن بە دوودڵییەوە، ناودەنێین 'بڕیاردان'**.

[٢٩٧] بڕیاردان شێوازێکی گرنگی ئاشکرابوونی دازاینە. ئێمە لەپێشتر ڕاڤەی ئاشکرابوون [دەرکەوتن]مان بوونگەرانە کرد و بە (ڕاستی)مان دانا.[112] لێرەدا، بەدڵنیاییەوە، ڕاستی خەسڵەتی دەستەواژە یان جۆرێک

[112] بڕوانە کورتەبەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

هەڵوێست نییە و پەیوەندی بە بوون-لەنێو-جیهاندا هەیە. پێویستە ڕاستی بوونگەرانە باسبکرێت. لە ڕوونکردنەوەکەمان بۆ دەستەواژەی "دازاین لەنێو ڕاستیدایە" ئێمە ئاماژەمان بۆ دازاین وەکو ڕاستی کردووە؛ بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕەسەنبوونی دازاین دواین.[113]

لە بڕیارداندا بە ڕاستیبوونی دازاین دەگەین، کە زۆر گرنگە چونکە ڕەسەنانەیە. هەر کاتێک ئاماژەمان بۆ (ئەوی) کرد هەمووی بوون-لەنێو-جیهان؛ واتە خودی جیهان، بوون-لەنێو هەروەها خۆ (وەکو من)، ئەم هەبووە دەردەکەوێت. هەر کاتێک جیهان دەرکەوێت، هەبووەکانی نێو جیهانیش دەدۆزرێنەوە. دۆزینەوەی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکان دەکەوێتەسەر دەرکەوتنی جیهان.[114] بۆ ناسینی کارکردنەکەش لەگەڵ هەبووەکاندا دەبێت لە گرنگی و ئاماژەکردنەکانیان لەپێشتر تێبگەین. لەم تێگەیشتنەوە دازاین بە نیگەرانییەوە بابەتەکانی بەردەستی بەکاردەهێنێت. دۆزینەوەی هەموو لایەنەکانی کارکردنەکەش پەیوەندی بە مەبەست یان (لە پێناوی-ئەو-شتەوە) هەیە؛ ئەمەش لەسەر دەرکەوتنی جیهان ڕادەوەستێت. جێنشینبوون لەنێو خانوودا، گوزەرانی و بەردەوامی ژیان لە پێناوی ئەگەرە نزیکەکانی دازایندایە. بە هۆی ئەوانەوە، دازاین بە نیگەرانییەوە پرۆژەکانی بوونی دادەمەزرێنێت. مادام دازاین فڕێدراوەتە (ئەوی)، هەر یەکێک لە دازاینەکان فاکتۆریانە دەبێت بە خاوەنی جیهانێکی تایبەت. هەمانکات، پرۆژە فاکتۆرییە نزیکەکان بە

---

[113] بڕوانە هەمان کورتەبەشی پێشوی ئەم نوسراوە.

[114] بڕوانە کورتەبەشی (١٨)ی ئەم نوسراوە.

نیگەرانییەوە لەبەر ونبوونی لەنێو ئەواندا و لەلایەن ئەوانەوە ڕێنمایی دەکرێت. لەم ونبوونەوە دازاین داوا لە خۆی دەکات و داواکردنەکەشی بڕیاردانە. بەڵام دەرکەوتنی ڕەسەنانە لەگەڵ خۆیدا جیهان و بوون-لەگەڵ بە شێوەیەکی جیاوازتر دەدۆزرێتەوە. جیهانی دەرەکی لە ناوەڕۆکدا ناگۆڕێ و نابێت بە شتێکی دیکە، کەسانی دیکەش ئاڵوگۆڕ ناکرێن؛ بەڵکو نیگەرانبوونی دازاین بۆ بابەتەکانی بەردەست و کەسانی دیکە بەگوێرەی تەوانایی دازاین بۆ-خودی-بوونی پێناسدەکرێت.

[٢٩٨] بڕیاردان، وەکو بەخۆ-بوونێکی ڕەسەنانە، دازاین لە جیهان دانابڕێت و نایکات بە خۆیەکی بێدەربەست. چۆن بڕیاردان بوونی ڕەسەنانە لەنێو-جیهاندا دەردەخات؟ بڕیاردان (خۆ) بۆ نیگەرانبوونی لەگەڵ-کەسانی دیکە و بابەتەکانی بەردەستدا دەگەڕێنێتەوە تاکو بایەخیان پێبدات. لەبەر ڕۆشنایی لە پێناوی-ئەو-شتەدا و تەوانایی-بۆ-بوون، دازاینی بڕیاردەر خۆی لە جیهان ڕزگاردەکات. یەکەمجار، بڕیاردان دازاین بەرەو ئەگەری وازهێنان لە تەوانایی-بوونی کەسانی دیکە دەبات، هەروەها بە نیگەرانییەوە ئەو تەواناییە دەردەخات، کە پێش خۆی دەکەوێت و دەبێت بە ڕزگارکەر. دازاینی بڕیاردەر دەتوانێت ببێت بە ویژدانی کەسانی دیکە. تەنیا لەسەر بنەمای بە خۆبوونێکی ڕەسەنانە لە بڕیارداندا خەڵکی دەتوانن ڕەسەنانە پێکەوە بژین نەک بە ئاڵۆزی و هەست بە (غیرە)کردن یان زۆرگوتنی برایانە لەنێو (ئەوان)دا و لە ڕێگەی تێگەیشتنی ئەوانەوە.

بەگوێرەی ناوەڕۆکە ئۆنتۆلۆجییەکەی، بڕیاردان هەمیشە بڕیاردانی فاکتۆری دازاینە و سەر بە کاتێکی دیاریکراویشە. جەوهەری دازاینیش لە

بوونیدایە. بڕیاردان، وەکو بڕیاردان هەیە، کە بە تێگەیشتنەوە خۆی دەکات بە پڕۆژە. بەڵام لەسەر چ بناخەیەک دازاین لە بڕیارداندا بوونی خۆی دەردەخات؟ بڕیار لەسەر چی دەدات؟ تەنیا بڕیاردانەکە دەتوانێت وەڵام بداتەوە. ئەگەر بڵێین بڕیاردانەکە داوای ئەگەرێکمان لێدەکات بە پرۆژە بکرێت و دابمەزرێت بە هەڵەدا دەچین. بڕیاردان پڕۆژەیەکی بەرجەستەبووی دیاریکراوی ئەگەرێکی فاکتۆری ڕاستەقینەیە. نادیاری هەموو پڕۆژەیەکی تەوانایی-بۆ-بوونی دازاین سەر بە بڕیاردانە. بڕیاردان تەنیا بە بڕیاردان لە بوونی خۆی دڵنیادەبێت. بەڵام شێوازی نادیاری فاکتۆریانەی بڕیاردان هەرگیز بوونی خۆی بەبێ بڕیاردان دیاریناکات؛ لەگەڵ ئەمەشدا، دیاریکردنی بوونگەرانەی هەیە.

[٢٩٩] دازاین لە بڕیاردانەکەیدا ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانە بڕیار لەسەر تەوانایی-بۆ-بوون بە نیگەرانی و خەمخۆرییەوە دەدات. نیگەرانبوونی دازاینیش فاکتۆریەتی بوونی و کەوتنی سنوورداریدەکەن. دەرکەوتنی دازاین (لەوێدا) لەنێو ڕاستی و ناڕاستیدا دایدەنێت.[115] ئەمەش بۆ بڕیاردان، وەکو ڕاستییەکی ڕەسەن دروستە. بڕیاردان ڕەسەنانە ناڕاستیش دەناسێت. دازاین لە بڕیارنەدانەوە بەرەو بڕیاردان دەڕوات. بڕیارنەدان ئاماژە بۆ ئەو دیاردەیە دەکات، کە هەبوویەکی ملکەچی ڕاڤەکردنەکانی (ئەوان)ە. دازاین، لەنێو خۆی-ئەواندا بە ئاڵۆزی دەژی و ژیانێکی گشتی هەیە. لەم ژیانەگشتیەدا کەس بڕیار لەسەر شتەکان

---

[115] بڕوانەکورتەبەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

نادات چونکە بڕیارەکە دراوە. بڕیاردان داواکردنە بۆ خۆ-دۆزینەوە لەنێو ونبوونی (ئەوان)دا. بەڵام دەستەڵاتی بڕیارنەدانی ئەوان دەمێنێتەوە. ئەمەش، کە دژی چەمکی بوونگەرانەی بڕیاردانە، خەسڵەتێکی ئۆنتیکی و سایکۆلۆجی ناگرێتەوە بەو واتایەی کەسێک توشی بارگرانی بووبێت. تەنانەت بڕیاردانەکان لەنێو جیهاندا پشت بە (ئەوان) دەبەستن. تەوانایی-بۆ-بوون لە بڕیاردانی دازایندا دەبێت بە کێشە، کە شتێکی فڕیدراوە و کار لەسەر ئەگەری فاکتۆرییەکانی دەکات. بڕیاردان خۆی لە ڕاستەقینە دانابڕێت، بەڵام لەپێشدا ئەگەرە فاکتۆرییەکە دەدۆزێتەوە. دیاریکردنی بوونگەرانەی ئەگەری بڕیاردان بۆ دازاین دیاردەی بونگەرانەی ئەو ساتانەیە ئێمە بە (هەڵوێست) ناوزەدیدەکەین، کە هێشتا باسماننەکردوە.

[٣٠٠] چەمکی 'هەڵوێست' (بوون لەنێو هەڵوێستدا) ئاماژە بۆ شوێن دەکات. ئەم ئاماژەکردنە لە چەمکە بوونگەرایەتییەکە دانابڕین چونکە پەیوەندی بە بوون لە (ئەوێدا)ی دازاینەوە هەیە. بوون-لەنێو-جیهان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و خەسڵەتی دووری و نزیکی و لایەنەکان وەردەگرێت. دازاین فاکتۆریانە هەیەو شوێن بۆ خۆی دیاریدەکات.[116] بەڵام شوێنی دازاین، بەگوێرەی بوونی، دەبێت بە (ناوچە)و لەسەر بناخەی بوون-لەنێو-جیهان دادەمەزرێت و دەرکەوتنیش دەبێت بە پێکهاتەی. بەو جۆرەی شوێنی (لەوێدا) دەبێت بە زەمینە بۆ دەرکەوتن،

---

[116] بڕوانە کورتەبەشەکانی (٢٣،٢٤)ی ئەم نوسراوە.

بڕیاردانیش زەمینەیە بۆ هەڵوێست. هەڵوێست واتە ئەو(لەوێدا)یە، کە بڕیاردان ئاشکرایکردوە. ئەو قاڵبە دەرەکییە نییە بوونی دازاین تیایدا ڕوودەدات یان بوونی خۆی تیدا دادەنێت. دوور لە هەموو بابەتێکی دەرەکی تێکەڵەی ڕووداوەکان و بەرەنگاریکردنیان، هەڵوێست تەنیا لە بڕیاردانەوە سەرهەڵدەدات و لە نێو ئەودا پەیدادەبێت. ئەوانەی بە ڕووداو دادەنرێن لەنێو جیهان و دەوروبەردان لەگەڵ بڕیارداندا دێنەکایەوە.

بۆ (ئەوان) هەڵوێست لە بنەڕەتەوە نییە؛ تەنیا بەگشتی دەیناسن و هەڵە و ئەگەرە نزیکەکانی دەدۆڕێنن؛ بیر لە 'ڕووداوەکان' دەکەنەوە و [هەڵوێست] ناناسنەوە. بڕیاردان بوونـ-لەوێدا دەخاتە نێو هەڵوێستەوە. بێگومان، بونیادی بوونگەرانەی تەوانایی ڕەسەنـ-بۆ-بوون، کە ویژدان دەیسەلمێنێت و دەبێت بە ویستیش بۆ ویژدان، سنورداردەکات. لەم تەواناییەدا دەتوانین تێگەیشتن لە داواکردنەکە بناسینەوە. ئێمەش تێدەگەین ویژدان بەرەو بۆشایی بانگمان ناکات و داوای هەڵوێستمان لێدەکات. تێگەیشتنی دروست لەم لایەنە پۆزەتیڤە بوونگەرایەی بانگکردنی ویژدانی ڕوونیدەکاتەوە تاکو چ ڕادەیەک لە ناسینەوەی خەسڵەتی دەرخستنی ویژداندا سەرکەوتوونابین ئەگەر بانگکردنەکە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی بەردەممانەوە هەبێت. هەروەها، لەو ڕێگەیەوە دەبینین چۆن تێگەیشتنی کۆنکرێتی لە دەنگی ویژدان لەو پەیوەندییەدا بە ئێمە دەگات. ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی تێگەیشتن لە داواکردنەکە، وەکو بڕیاردان، ویژدان دەکات بە هەبوویەکی نێو بوونی دازاین، کە ئەویش بوونی فاکتۆری خۆی و تەوانایی-بۆ-بوون دەسەلمێنێت. دیاردەی 'بڕیاردان' خۆگرتنێکی بێ ناوەڕۆک یان ئارەزووکردنێکی نادیار نییە.

هەروەها پێش بڕیاردان، بڕیاردانەکە نایەوێت خۆی بناسێت؛ لەپیش بڕیاردانەکەدا خۆی ناسیوە. دازاین، وەکو بڕیاردەرێک [لەگەڵ بڕیاردانەکەدا] ڕوو لە کارکردن دەکات. بەڵام ئێمە بە مەبەستەوە لە چەمکی کارکردن دووردەکەوینەوە چونکە واتاکەی هێندە فراوانە لایەنی ناچالاکی بەرگریکردنیش دەگرێتەوە.

دووەمجاریش، تێنەگەیشتن لە ئۆنتۆلۆجی دازایندا دروستدەکات و دەریدەخات بڕیاردان ڕەفتارێکی دازاین و سەر بە لایەنی کردەوەیی بێت و بەرانبەر لایەنی بیردۆزەیی دابنرێت. بەڵام نیگەرانی هێندە لە بوونی دازایندا سەرەکییە (سەرجەمی) ئەم بوونە کۆدەکاتەوە و پێش ئاماژەکردنی لایەنی کردەوەی و بیردۆزەیی پێویستە بناسرێت. لەپێشدا و لەگەڵ کۆکردنەوەی ئە لایەنانە بە یارمەتی دیالێکتیک، کە بوونگەرانە نادۆزرێتەوە و بێبناخەیە، دانامەزرێت. بڕیاردان ڕەسەنبوونی نیگەرانییە. ئەگەری نیگەرانیش ڕەسەنبوونی خودی نیگەرانییە.

[٣٠١] ئەگەرە فاکتۆرەییەکانی ژیانی ڕۆژانە، لە پەیوەندییەکانیاندا و ڕاڤەکردنی بونیادە بوونگەرایەتییەکەیان دەبن بە بابەتی ئەنترۆپۆلۆجی بوونگەرانە.[117] لەم تویژینەوەیەدا، کە مەبەستمان ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییە، پێناسەکردنەکەمان بوونگەرانە بۆ تەوانایی ڕەسەنانە-بۆ-بوونی دازاین، کە

---

[117] لەم ڕووەوە، کارڵ یاسپەرز یەکەم کەسە لە ڕۆڵی ڕاڕەوی جیهان-بینین بکۆڵێتەوە و بەرەو پێشەوەی بەرێت. بڕوانە نوسراوەکەی:

*Psychlogie der Weltanschauuning,* چاپی سێیەم ١٩٢٥. لێرەدا وەڵامی پرسیارەکە (ئایا مرۆڤ چییە؟) لەبەر ڕۆشنایی تەوانایی مرۆڤ دراوەتەوە. بناخەی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی سنوری-هەڵوێست باسکراوە.

ویژدان دەیسەلمێنێت لە جێگەی خۆیدایە. ئێستا، بڕیاردانمان بە بوونی هەست بە تاوانکردنەوە گرێداوە و ئەمەش دەبێت بە خۆ-بەپرۆژەکردنی[دازاین] بە دوودڵییەوە. هەوڵمانداوە پێناسەی واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی ئەو تەوانایییە بکەین، کە بە دوایدا دەگەڕێین؛ تەوانایی ڕەسەنانەی دازاین بۆ-سەرجەمی-بوونی-خۆی. ڕەسەنبوونی دازاینیش چەمکێکی لە واتا بەدەر یان داتاشراو نییە. ئەگەر بەم شێوەیەش بێت، هێشتا تەوانایی ڕەسەنانە-بۆ-سەرجەمی-بوون، بوونی ڕەسەنانەی-ڕووەو-مردن پرۆژەیەکی بوونگەرانەیە و سەلماندنی دازاینی تێدا ونبووە. کاتێک سەلماندنەکە دۆزرایەوە توێژینەوەکەمان تەوانایی ڕەسەنانە-بۆ-سەرجەمی-بوون بوونگەرانە لە بوونی دازایندا ڕووندەکاتەوە. لەگەڵ ناسینی سەرجەمی بوونی ئەم هەبووە بە ڕەسەنییەوە وەڵامی پرسیارکردنیش سەبارەت بوونی ئامادەدەکرێت و تێگەیشتن لە بوون بەگشتیش مسۆگەر دەبێت.

# بەشی سێیەم

# تەوانایی ڕەسەنی دازاین-بۆ-سەرجەمی-بوون، کات، وەکو واتای ئۆنتۆلۆجی بۆ نیگەرانی

## ٦١. نەخشەدانانی سەرەتایی هەنگاوی میتۆدۆلۆجییانە لە پێناسەکردنی بوونی سەرجەمی ڕەسەنانەی دازاینەوە بۆ ئاشکراکردنی کات، وەکو دیاردە

[٣٠٢] تەوانایی ڕەسەنانەی-سەرجەمی-بوونی-دازاین لەلایەن دازاینەوە بوونگەرانە دەکرێت بە پرۆژە. بە شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە بوونی ڕەسەنانەی-دازاینمان-ڕووەو-مردن دەرخستوە، کە دەبێت بە 'چاوەڕوانکردن'. تەوانایی ڕەسەنی دازاین-بۆ-بوون، لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێت و لە ڕاڤەکردنە بوونگەرانەکەشماندا دەبێت بە 'بڕیاردان'. ئایا چۆن 'چاوەڕوانکردن' و 'بڕیاردان' لە یەکدی نزیک بکەینەوە؟ ئایا پرۆژە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ تەوانایی-ڕەسەنی-سەرجەمی-بوون ئیمەی بەو ڕەهەندەی دازاین نەگەیاندوە، کە بەرانبەر دیاردەی بڕیاردان دوور ڕانەگرێت؟ ئایا چی هاوبەشییەک لەنێوان مردن و "هەڵوێستی کۆنکرێت"دا هەیە؟ لە هەوڵدانەکەمان بۆ نزیککردنەوەی چاوەڕوانکردن لە بڕیاردانەوە بە زۆر، ئایا بونیادێکی لێنەبوردراو یان نا-دیاردەیی دانامەزرێنین، کە خەسڵەتی پرۆژەدانانی ئۆنتۆلۆجییانەی بۆ دیاردەکە تێدا وندەبێت؟

ئێمه هەموو پەیوەندیدارێتییەکی ساختە لەنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا ڕەتدەدەینەوە. تەنیا ڕێگەیەک لەبەردەمماندا دەمێنێتەوە ڕێگەی میتۆدە: واتە، بڕیاردان دەکەین بە خاڵی دەرچوونمان و پاش سەلماندنی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەپرسین: "ئایا بڕیاردان، لە بوونی ژیانی ڕۆژانەدا، وەکو ئەگەرێکی ڕەسەن، دەبێت بە بڕیاردانێکی چاوەڕوانکراو؟" چۆنە ئەگەر بڕیاردان، بەگوێرەی واتاکەی خۆی بەرەو ڕەسەنبوون تەنیا لەوێدا بەرێت، کە دەبێت بە پڕۆژە، نەک بەسەر ئەگەرە لەخۆڕا پەیدابووە نزیکەکانەوە، بەڵکو بەسەر ئەگەرە سەرەکییەکانی ژوور فاکتۆری تەوانایی دازاین-بۆ-بوونەوەوە خۆی بسەلمێنێت؟ چۆنە ئەگەر تەنیا لە چاوەڕوانبوونی مردندا بڕیاردان، وەکو ڕاستی ڕەسەنی دازاین، بە دڵنیابوونی ڕەسەنانە بگات؟ چۆنە ئەگەر لە هەموو چاوەڕوانکردنێکی فاکتۆریانە، کە بە چاوەڕوانکردنی بوونگەرانەی مردنەوە بەستراون، ڕەسەنانە تێبگەین؟

[٣٠٣] لە ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکەماندا، ئەو هەبووەی لە بوونی دەکۆڵینەوە دازاینە. ئەمیش نابێت بە بابەتێکی دەرەکی دابنرێت. تاکو ئەم خاڵەمان لەبیربێت بەردەوام بیرۆکەی (بوون) دەبێت بە ڕێنماکەری ڕاڤەکردنەکەمان. ئەمەش ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات، کە پڕۆژە بوونگەرایەتییەکەمان بەسەر ئەگەرە ئۆنتیکییەکاندا دامەزرێنین و لە ڕوانگەیەکی بوونگەرانەوە تەماشایان بکەین.

هەنگاونانەکە خەسڵەتی متیۆدۆلۆجییانەی ڕاڤەکردنە بوونگەرانەکەش دەردەخات. تاکو ئێرە، بێجگە لە ئاماژەکردن لە چەند شوێنێکدا، بە ئاشکرا باسی میتۆدمان نەکردووە. ئەرکی سەرەتاییمان ڕووکردن لە دیاردەکان بوو. بەڵام، پێش ئاشکراکردنی واتای بوونی هەبوو، کە لە

ناوەڕۆکەکەیدا دەبینرێت، دەبێت بوەستین، نەک بۆ پشودان بەڵکو بۆ بیرکردنەوە لە هەوڵدانەکەمان. هەموو میتۆدێکی دروست لەسەر ناسینی پێکهاتەی بابەتی توێژینەوەکە یان بەستێنی دەوروبەری بابەتەکەوە ڕادەوەستێت. کەوابوو، میتۆدی دروست، کە لە تەکنیکی گفتوگۆی بێ ناوەڕۆکەوە جیاوازە، زانینمان سەبارەت بوونی ئەو هەبووە دەداتێ، کە بووە بە بابەتی توێژینەوەکەمان. ڕوونکردنەوەی ئەگەر و مەرجەکان، هەروەها کەموکورتییەکانی میتۆدی شیکردنەوەی بوونگەرانە، بەگشتی، شەفافییەت دەپارێزێت، کە بۆ هەنگاونانەکەمان ناسینی واتای بوون، وەکو نیگەرانی پێویستە. بەڵام ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی واتای نیگەرانی دەبێت فینۆمینۆلۆجییانە و بەگوێرەی پێکهاتەی بوونگەرانەی بوونی دازاین بکرێت.

ئۆنتۆلۆجییانە، دازاین لە بابەتە دەرەکییەکانەوە یان ڕاستەقینەوە جیاوازە. ناوەڕۆکی لەسەر (جەوهەر) دانەمەزراوە، خۆیەکی بەردەوامە و بوونێکە بە نیگەرانییەوە. دیاردەی (خۆ) لەنێو نیگەرانیدا دەبێت بوونگەرانە پێناسبکرێت و ڕەسەنییەتی بەرانبەر ناڕەسەنی (خۆی-ئەوان) نیشانبدرێت. لەگەڵ ئەمەدا، دەبێت بزانین چ جۆرە پرسیارێکی ئۆنتۆلۆجییانە سەبارەت (خۆ) بکریت ئەگەر ئەم خۆیە جەوهەر نەبێت.

[٣٠٤] لەم ڕێگەیەوە، بۆ یەکەمجار دیاردەی نیگەرانی بە دروستی ئاشکرادەبێت و ئێمەش لە واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی دەکۆڵینەوە. لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا واتای (کات)یش دەردەکەوێت. ئەمەش دوورکەوتنەوە لە دازاین نییە؛ ناوەڕۆکی تەواوی پێکهاتە بوونگەرایەتییەکەی دازاینمان لەنێو زەمینە ئۆنتۆلۆجییەکەوە دەستدەکەوێت. کات لەنێو ئەزمونی

بوونی-ڕەسەنانە و سەرجەمی دازایندا، لەنێو دیاردەی بڕیاردانێکی چاوەڕوانکراودا دەردەکەوێت. ئەگەر کات بەم شێوەیە دەرکەوێت ئەوا کاتی بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکە دەبێت بە فۆرمێکی گرنگی کات [بەگشتی]. کات ئەگەری جۆراوجۆری هەیە و لە فۆرمی جیاوازدا دەبینرێت. ئەگەرە بناخەییەکانی بوون، ڕەسەنییەت و ناڕەسەنییەتی دازاینن و ئۆنتۆلۆجییانە سەر بە ئەگەری بەکاتبوونی کاتن. ئەگەر کەوتن تێگەیشتنی دازاین لە خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دووربخاتەوە بناخە گرنگەکانی بوونیشی ناناسێتەوە. لەبەر ئەمە، ئەگەر(کات) لێرەدا لەگەڵ چەک و تێگەیشتنی باو بۆ کات نەگونجێت نابێ سەرسام بین. کەوابوو، چەمکی کات، کە لە ئەزمونی ڕۆژانەدا دروستدەبێت و ئەو کێشەیەی لەوەوە پەیدادەبێت بۆ ڕاڤەکردنەکەمان بۆ کات نابن بە پێوەر. پێویستە توێژینەوەکەمان پێش هەموو شتێک بە کات ئاشنابێت و لەوێوە ڕۆشنایی دەخەینە سەر بواری چەمکە باوەکە بۆ کات. دیاردەی سەرەکی کات، بە دیاریکردنی ئەگەری سەرجەم و یەکێتی و گەشەکردنی بونیادی دازاین، کە باسمانکردوە و بە فۆرمێکی کاتی بەکاتبوون دامانناوە، دەپارێزین. لەگەڵ دەرکەوتنی کاتدا، کەوابوو، شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بونیادی دازاین لە بەستێنی کاتەوە جارێکی دیکە ڕاڤەدەکات.

لێرەدا، بۆ ئەم مەبەستە باسەکەمان بەسەر ئەم خاڵانەدا دابەش دەکەین: بڕیاردانی چاوەڕونکراو، وەکو ڕێگەیەک تەواوایی دازاین-بۆ-سەرجەمی-بوونی تیایدا ڕەسەنییەتێکی ئۆنتیکی وەردەگرێت(کورتەبەشی٦٢): هەڵوێستی هێرمینیۆتیکیی بۆ ڕاڤەکردنی واتای بوونی نیگەرانی و

نیگەرانی و خۆ (کورتەبەشی٦٤)؛ کات، وەکو واتای ئۆنتۆلۆجییانە بۆ نیگەرانی (کورتەبەشی٦٥)؛ کاتی دازاین و ئەرکەکانی دووپاتکردنەوەی شیکردنەوەی بوونگەرانە (کورتەبەشی٦٦).

## ٦٢. بڕیاردانی چاوەڕوانکراو، وەکو ڕێگەیەک تەوانایی دازاینی بۆ سەرجەمیی بوونی تیایدا ڕەسەنییەتێکی ئۆنتیکی وەردەگرێت

[٣٠٥] کاتێک بیر لە بڕیاردان تاکو کۆتایی دەکرێتەوە و ڕوو لە هاندەری بوون دەکات، تاکو چ ڕادەیەک ئێمە بەرەو بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو مردن دەبات؟ چۆن لە پەیوەندی نێوان ویست بۆ ویژدان و پرۆژەی تەوانایی ڕەسەن بۆ سەرجەمیی بوون تێبگەین؟ ئایا بڕیاردانەکەمان ئۆنتیکییانە سەلمێنراوە و دەبێت بە فۆرمی بوون ڕووەو مردن؟ ئایا واتای 'بیرکردنەوە تاکو کۆتایی' بوونگەرانە بۆ دیاردەی بڕیاردان چییە؟

ئێمە بڕیاردانمان بە پرۆژەی دازاین لەسەر هەست بە تاوانکردن دانا، کە بە دوودڵییەوە داوایدەکات. هەست بە تاوانکردن لە بوونی دازانیدایە و واتای هیچ دەبەخشێت، کە دەبێت بە بناخەی هیچ. هەست بە تاوانکردن نە ڕادەگیرێت نە لەناویش دەبرێت. پێش هەموو بەڵگەنامەیەک دەکەوێت ئەگەر بەڵگەنامە واتای هەبێت. بێجگە لەمە، دازاین لە بنەڕەتەوە هەست بە تاوان دەکات- نەک لە ئاستی ڕووداو یان چەند ڕووداوێکدا. ویستی دازاین بۆ ویژدان پەیوەندی بە هەست بە تاوانکردنەوە هەیە. بە پرۆژەکردنی هەست بە تاوانکردن، کە دازاین بەردەوام دایدەمەزرێنێت، بە واتای بڕیاردانەوە بەستراوە. هەست بە تاوانکردنی ژیانی ڕۆژانە لە

بڕیارداندا لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتن لە بەردەوامبوونی هەست بە تاوانکردندا دازاین دەناسرێت. تێگەیشتنەکەش لەگەڵ خۆدەرخستنی دازاین بە تەواناییەکەوە-بۆ-بوون تاکو کۆتایی، مسۆگەر دەکرێت. لە ڕوانگەی بوونگەرانەوە بوونی-دازاین-لەبەردەم-کۆتاییدا بوونە-ڕووەو-کۆتایی. وەکو بوونێک-ڕووەو-کۆتایی، کە چاوەڕوانکردنی مردنە، بڕیاردان دەچێتە شێوازێکی ڕەسەنانەوە. لەنێو خوێدا ڕەسەنانە بوون-ڕووەو-مردن، وەکو فۆرمێکی ڕەسەنانەی ژیانی ڕۆژانە، هەڵدەگرێت و دەبێت ئەم پەیوەندییەش ڕوونبکرێتەوە.

[٣٠٦] بڕیاردان واتە، "کەسێک ڕیگە بە خۆی دەدات بەرەو هەست بە تاوانکردن بانگبکرێت". هەست بە تاوانکردن سەر بە بوونی دازاینە و ئەمەش تەواناییەتی-بۆ-بوون. کاتێک دەڵیین، دازاین بەردەوام هەست بە تاوان دەکات، مەبەستمان ئەوەیە، کە لە هەموو حاڵەتێکدا دازاین ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە لەم شێوازی بوونەدایە. هەست بە تاوانکردن خەسڵەتی بابەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو ئەگەری ئۆنتیکییانەی ئەو هەبووەیە، کە ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە هەستیپێدەکات. لە هەموو حاڵەتێکیشدا، ئەو کەسەی هەست بە تاوان دەکات لەنێو فاکتۆرێکی ئامادەبوونی تەواناییە-بۆ-بوون. مادام هەست بە تاوانکردن لە بوونی دازایندایە دەبێت، وەکو تەوانایی-بۆ-هەست بە تاوانکردن دابنرێت. بڕیاردانیش بەسەر ئەم تەواناییەوە-بۆ-بوون خۆی دەکات بە پرۆژە، واتە لەنێو ئەودا لە خۆی تێدەگات. تێگەیشتنەکەش ڕەسەنانە دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو خاڵەشمان باسکرد، کە تەوانایی-دازاین-بۆ-بوون تەواناییەتی-ڕووەو-مردن. چاوەڕوانی ئەم ئەگەرە، وەکو ئەگەر دەردەخات. کەوابوو،

بڕیاردان لە چاوەڕوانیدا دەبێت بە بوون ڕووەو تەوانایی-دازاین-بۆ-بوونی. کاتێک دەبێت بە بوون-ڕووەو-مردن بڕیاردان لە تەوانایی-بۆ-هەست بە تاوانکردن تێدەگات.[118] کاتێک دازاین بڕیاردەدات، ڕەسەنانە خۆی دەکات بە بناخەی هیچبوونی خۆی. ئێمە لە باسەکەماندا مردنمان بە ئەگەری مەحاڵبوونی بوون ڕاڤەکرد، واتە دوا هیچبوونی دازاینە. مردن، وەکو کۆتایی نەخراوەتە سەر دازاین؛ وەکو نیگەرانی و هەبوویەکی فڕێدراو، (کە هیچە) بناخەی مردنی خۆیەتی. ئەو هیچبوونەی بەردەوام دازاین داگیردەکات لە بوونی ڕەسەنانەی-ڕووەو-مردن بۆ دازاین ئاشکرادەبێت. لەسەر بناخەی سەرجەی بوونی دازاین چاوەڕوانی هەست بە تاوانکردن بەرجەستەدەکات. نیگەرانیش مردن و هەست بە تاوانکردن بەبێ جیاوازی دەگرێتە خۆی. تەنیا لە بڕیاردانی چاوەڕوانکراودا لە تەوانایی-بۆ-هەست بە تاوانکردن ڕەسەنانە تێدەگەین.[119]

[٣٠٧] کاتێک لە بانگکردنی ویژدان تێدەگەین هەست بە ونبوون لە نێو (ئەوان)دا دەکەین. بڕیاردان دازاین بەرەو تەوانایی-بۆ-بوونی-خۆی دەگەڕێنێتەوە. لە تێگەیشتندا بوون-ڕووەو-مردن، وەکو تەواناییەک-بۆ-

---

[118] بڕوانە کورتەبەشی (٣٤)ی ئەم نوسراوە.

[119] پێویستە بوونی-هەست بە تاوانکردن، کە ئۆنتۆلۆجییانەیە لە واتای هەست بە تاوانکردنی تیۆلۆجی [بۆچوونی ئایینەکان] جیابکرێتەوە دووەمیان فاکتۆرییە. هەست بە تاوانکردنی بوونگەرانە پەیوەندی بە ئەگەری گوناهکردنەوە نییە. تەنانەت ئۆنتۆلۆجی دازاین نابێتە بناخەی ئەم ئەگەرە؛ چونکە ئەم ئۆنتۆلۆجییە، کە توێژینەوەیەکی فەلسەفییانەیە باس لە گوناهکردن ناکات.

بوون ڕەسەن دەبێت و شەفافییەت وەردەگرێت. بانگکردنی ویژدان لە داواکردنەکەدا چاوپۆشی لە جیهانی دازاین و تەوانایی و دەستکەوتەکانی دەکات. تاکەکەسی دازاین بەبێ ئەمانە و ڕەسەنانە دەخاتە بەردەم تەوانایی-بۆ-هەست بە تاوانکردن. ئەمەش چاوەڕوانکردنی مردنی دازاین، وەکو ئەگەرێکی لە پەیوەندی بەدەر دەردەخات. بڕیاردانی چاوەڕوانکراو تەوانایی-هەست بە تاوانکردن، وەکو ئەگەرێکی لە پەیوەندی بەدەری بوونی دازاین دەهاوێتە نێو ویژدانەوە. هەست بە تاوانکردن لە پێش هەروەها لە پاش فاکتۆری قەرزاریدا، کاردەکاتە سەر هەموو دازاینێک؛ کەسێکیش بیەوێت خاوەنی ویژدان بێت دەیەوێت پەیڕەوی داواکاری هەست بە تاوانکردن بکات. ئەم هەست بە تاوانکردنە لەپێشترە، کە بەردەوام لەگەڵماندایە، دەبێت ئاشکرابکرێت. کاتیک لە چاوەڕوانکردندا بڕیاردەدرێت ئەگەری مردن، وەکو تەوانایی-بۆ-بوون دەگیرێت، ڕەسەنییەتی بوونی دازاینیش بەرقەراردەبێت.

[٣٠٨] دیاردەی بڕیاردان لەبەردەم ڕاستی بووندا ڕاماندەگرێت. وەکو بڕیاردەرێک، دازاین بوونی خۆی لە فاکتۆری تەوانایی-بۆ-بوون دەناسێت، دەبێت بەو هەبووەی خۆی دەردەخات و خۆی دەبینێت. لە هەموو ڕاستییەکدا ڕاستی هەڵگیراوە. خاوەنێتی ئاشکراش لەوەدایە لە بابەتە دۆزراوەکە یان دەرکەوتووەکە دڵنییابین. دڵنیابوون داواکارییەکی سەرەکی ڕاستییە. هەڵوێستی فاکتۆری بە خۆی دەدات و خۆی لە ئاستی هەڵوێستدا ڕادەگرێت. هەڵوێست لەپێشتر دیاریناکرێت و بابەتێکی دەرەکیش نییە تاکو چاوەڕوانی بکەین و بیگرین. لە بڕیاردانێکی سەربەستانەدا دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی لەپێشتر دیاریکرابێت. ئایا

دڵنیابوون، که سەر بە بڕیاردانە چ واتایەک دەبەخشێت؟ پێویستە دڵنیابوونەکە لەنێو دەرکەوتنی بڕیاردانەکەدا بمێنێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ئاستی هەڵوێستەکەدا توند ڕاناوەستێت. دەبێ بزانێت بڕیاردان، بەگوێرەی واتاکەی، پێویستە کراوەبێت و سەربەستانە ڕوو لە ئەگەری فاکتۆری بکات. دڵنیابوونی بڕیاردان، واتە کەسێک سەربەستانە ئەگەری پاشگەزبوونەوە دادەنێت. ئەمەش ئەگەرێکە لە ڕووی فاکتۆرییەوە پێویستە. بەهەرحاڵ، ڕاستی لە بڕیارداندا (وەکو ڕاستی بوون) ڕێگەمان نادات بڕیارنەدەین. بەپێچەوانەوە، بڕیاردانێکی ڕەسەنانەیە، کە بەردەوام بوونی خۆی چەندبارە دەکاتەوە. کەوابوو، لە ژیانی ڕۆژانەدا، ونبوونی تاکەکەس لەنێو بڕیارداندا ئاوەڕی لێنادرێتەوە. دڵنیابوونە بەردەوامەکەش لە بڕیارداندایە. هەروەها، لە مردنیدا، دازاین دەبێت هەموو شتێک بۆ بوونی خۆی بگەڕێنێتەوە. مادام بڕیاردان بەردەوام لە مردن دڵنیایە یان چاوەڕوانی مردنە، ئەوا بڕیاردان دەبێت بە خاوەنی دڵنیابوون، کە ڕەسەنانە و سەرجەمییە. هەمانکات دازاین لەنێو نا-ڕاستیدایە. بڕیاردانی چاوەڕونکراو دازاین دڵنیادەکات و بەردەوامیش بوونێکی کراوەی لەبەردەم خۆ-ونکردن و بڕیارنەدانەکەیدا لەنێو (ئەوان)دا بۆ دادەنێت. بڕیاردانیش، کە ئەگەرێکی بەردەوامی دازاینە، هاو-دڵنیابوونە. کاتێک بڕیاردان شەفافییەت وەردەگرێت تێدەگات، کە تەوانایی نادیاری بوونی کەسێک لەنێو هەڵوێستێکدا دیاریدەکرێت. ئەو نادیارییەکە دەناسێت. ئەگەر ناسینەکەی دیاریکردنێکی ڕەسەنانەی تەوانایی-بۆ-بوون بێت، لە بوون-ڕووەو-مردندا شکۆفە دەکات. چاوەڕوانی دازاین ڕووبەڕووی ئەو ئەگەرە دەکاتەوە، کە بەردەوام دڵنیایە، بەڵام

نازانرێت کەی دەبێت بە ئەگەرێکی مەحاڵ. چاوەڕوانی بوونی فرێدراوی ئەم هەبووە لەنێو "هەڵوێستە بڕاوە" و دیارینەکراوەکاندا ئاشکرادەکات؛ دازاین لە بڕیاردانەکەیدا تەوانایی ڕەسەنی-بۆ-سەرجەمی-بوونی مسۆگەردەکات. نادیاردی مردنیش لەنێو دوودڵیدا دەردەکەوێت. دوودڵییەکە هەوڵی بڕیاردانددات. بوونی تەنیا و تایبەتمەندی دازاین بە دازاین دەناسێنێت. ئاماژە بۆ' نەبوون'ێکی دیاریکراو دەکات؛ کە لە بناخەوە فرێدانی دازاینە بۆ نێو مردن.

[٣٠٩] لە شیکردنەوەکەماندا باسی ئەو شێوازانەمان کردووە، کە بڕیاردان ڕوویانتێدەکات؛ لە بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو-مردنەوە سەرهەڵدەدەن و دەبن بە ئەگەری لە پەیوەندی بەدەر، وازلێنەهێنراو، دڵنیا و هەمانکات دیارینەکراویشە؛ بڕیاردان بەگشتی و ڕەسەنانە بڕیاردانێکی چاوەڕوانکراوە. لەلایەکی دیکەوە، لە ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان بڕیاردان و چاوەڕوانیکردندا، بە تەواوی و بوونگەرانە لە واتای چاوەڕوانیکردن گەیشتین. تاکو ئێرە بە پرۆژەیەکی ئۆنتۆلۆجی دادەنێین. باسمانکرد، کە چاوەڕوانیکردن ئەگەرێک نییە ئەندێشەمان پەیدایکردبێت و بە زۆر بیدەین بەسەر دازانیدا؛ شێوازێکی تەوانایی-بۆ-بوونە لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە دازاین بەڵگەنامەی دەداتێ. چاوەڕوانیکردن ڕەفتارێکی لە خۆڕا و بێ دەربەست نییە، بەڵکو ئەگەرێکی ڕەسەنانەی بڕیاردانە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەسەلمێنرێت. ئەگەرێکە لەنێو بڕیارداندا شاراوەتەوە و بەڵگەشی بۆ دادەنرێت.

بیرکردنەوەی ڕەسەنانە لە مردن خواستنی ویژدانە لە ئاستی خۆیدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا شەفافییەت وەردەگرێت. ئەگەر بڕیاردانی ڕەسەنانە ڕوو لە

شێوازێک بکات چاوەڕوانی سنورداریکردبێت، چاوەڕوانیش تەوانایی ڕەسەنانەی دازاینٖ-بۆ-سەرجەمی بوونی پێکبهێنێت، ئەوا لە بڕیارداندا، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەسەلمێنرێت، لەگەڵ ئەودا تەوانایی ڕەسەنانە-بۆ-سەرجەمی بوونی دازاینیش بەڵگەی بۆ دادەنرێت. پرسیاکردن سەبارەت تەوانایی-بۆ-سەرجەمی بوون فاکتۆرێکی ئۆنتیکییە و دازاین بە بڕیاردان وەڵامی دەداتەوە.

[٣١٠] ئێستا ئەو خەسڵەتەی پێشو دامانا، کە پەیوەندی بە پرسیارێکی بیردۆزەیی و میتۆدی شیکردنەوی دازاینەوە هەبوو، لە پرسیارەکەدا سەبارەت تەوانایی بۆ-سەرجەمی-بوون پشتگۆێخراوە.[120] ئێمە لە سەرەتاوە لەگەڵ کارکردنمان لەسەر میتۆدی ئۆنتۆلۆجییانە بایەخمان بەم پرسیارەدا و گرنگییەکەیمان سەلماند. بەڵام ئەگەری ئۆنتیکی دازاین بۆ سەلماندنەکەی دەبێت بە زەمینە. باسکردنەکەمان لەسەر پەیوەندی نێوان چاوەڕوانیکردن و بڕیاردان بووە بە بەڵگە بۆ سەلماندنی تەوانایی ڕەسەنانەی دازاینٖ-بۆ-سەرجەمیٖ-بوونی. ئەگەر لەم دیاردەیەوە لە شێوازی بوونی دازاینیش تێبگەین، کە تیایدا ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، ئەوا [ئەمشێوازە] لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئۆنتیکییانە، ئۆنتۆلۆجییانە و بەو جۆرەی (ئەوان) لە دازاین تێدەگەن ناناسرێت. بڕیاردانی چاوەڕوانکراو ڕاکردن یان شتێکی دروستکراو نییە بۆ ئەوەی بەسەر مردندا تێپەڕێت؛ بەڵکو تێگەیشتنێکە دوای بانگکردنی ویژدان دەکەوێت و ئەگەری دەسەڵات بەسەر بووندا سەربەستانە بە دازاین دەبەخشێت. نەخواستنی

120 بڕوانە کورتەبەشی (٤٥)ی ئەم نوسراوە.

ویژدانیش، که ئێمە بە بوون-ڕووەو-مردن پێناسەمانکرد، وازهێنانە و مرۆڤ بە هۆیەوە لە جیهان ڕادەکات. هەمانکات، کەسەکە لەبەردەم بڕیاردان لەسەر 'کارکردن' ڕادەگرێت. بڕیاردانی چاوەڕوانکراو سەرچاوەیەکی 'ئایدیالیستی' لەژوور بوون و ئەگەرەکانی بوونەوە نییە؛ لەنێو تێگەیشتنی دازاینەوە لە ئەگەرە فاکتۆرییەکانی بوونییەوە هەڵدەقوڵێت. دوودڵییەکی هێوەر، کە ڕووبەڕووی تایبەتمەندێتی و تاکەکەسی تەوانایمان-بۆ-بوون دەکاتەوە و خۆشییەکی توندوەستاویش لەم ئەگەرەدا هاوشان ئامادەدەبن. لەنێو ئەمەدا دازاین لە خۆ-ماندووکردن و خۆ-تێهەڵقورتانی ڕووداوەکانی نێو جیهان ڕزگاردەبێت. بەڵام، شیکردنەوەی ئەم مەزاجانە لە هەوڵدانەکەماندا بۆ گەیشتن بە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی دەکەوێتە ژوور سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێستاوە. ئایا ڕێگەیەکی ئۆنتیکی دیاریکراو بۆ بوونی ڕەسەنانە و فاکتۆری نموونەیی دازاین لە ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەمان دەدۆزرێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە. ئایا ئەو فاکتۆرە ئەوە نییە، کە ناتوانین نکۆڵی لێبکەین و بە زۆر خۆی سەپاندوە؟ لەڕووی لێکۆڵینەوەی بیردۆزەییانەوە بە پێویستییەکی پۆزەتیڤانەی دابنێین؟ فەلسەفە نکۆڵی لە (پێشبیرەکان)ی خۆی ناکات و بە ئاسانیش باوەڕ بە بوونیان ناکات. هەوڵی ناسین و پێشخستنیان دەدات. ئەمەش ئەرکی تێگەیشتنی میتۆدییە و لێرەدا یەخەمان دەگرێت.

## ٦٣. هەڵوێستی هێرمینیۆتیکی بۆ ڕاڤەکردنی واتای بوونی نیگەرانی و میتۆدۆلۆجی شیکردنەوەی بوونگەرانە بەگشتی

[٣١١] دازاین لە بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکەیدا و لە ڕووی ئەگەری بەڕەسەنبوون و سەرجەمی بوونییەوە خۆی دەردەخات. هەڵوێستی هێرمینیۆتیکییانە، کە لەپێشتر بۆ ڕاڤەکردنی بوونی نیگەرانی ناجۆر دامانناا ئێستا پێویستە ئاماژەی بۆبکەینەوە.[121] دازاین، لە ڕووی تەواناییەکەی-بۆ-سەرجەمی بوونی بووە بە هەبوویەکی لەپێشتر؛ بیرۆکەی بوون، کە ڕێنمایمان دەکات و لەپێشتر بینیمان، بە هۆی تەوانایی-بۆ-بوونەوە بووە بە شتێکی دیاریکراو؛ ئێستا کارکردنە کۆنکرێتییەکەمان لەسەر بونیادی بوونی دازاین و خەسڵەتی تایبەتمەندی ئۆنتۆلۆجییانەی لە بابەتێکی دەرەکی چاکتر ئاشکرابووە. بوونی دازاین بوونگەرانە لەپێشتر ناسراوە و دەتوانێت ڕێنمایمان بکات.

شیکردنەوەکەمان بۆ بوونی دازاین ڕێگەمان دەدات کۆنکرێتییانە تێزەکەمان بسەلمێنێن،[122] کە لە سەرەتاوە باسمانکرد و گوتمان، ئەو هەبووەی لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی ئێمە دەگرێتەوە، لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە دوورتر نییە. هۆکاری ئەمەش لە نیگەرانبووندایە. بوونمان لە تەنیشت ئەو هەبووانەی لە نزیکەوە و لەنێو جیهاندا بۆیان نیگەرانین، ئەو هەبووەی دەکەوێتە[نێو جیهانەوە] لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕێنمایمان دەکات و بوونی دازاینی تێدا ڕاڤەدەکرێت. ئۆنتیکییانەش بوونی ڕەسەنی

---

[121] بڕوانە کورتەبەشی (٤٥)ی ئەم نوسراوە.

[122] بڕوانە کورتەبەشی (٥)ی ئەم نوسراوە.

دازاین دەشارێتەوە و بنەما ئۆنتۆلۆجییەکەی ناناسێت. کەوابوو، ئامادەبوونی سەرەکی ئەم هەبووە نادیارە. ئاشکراکردنی بوونی سەرەکی دازاین دەبێت بەپێچەوانەی ڕاڤەکردنی کەوتنی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانەوە بێت. سەلماندنی خەسڵەتەکانی بونیادی بوون-لەنێو جیهان، پێناسەی چەمکی جیهان، نزیکی و ژیانی ڕۆژانەی دازاین، بوونی (ئەوان) و ڕاڤەکردنی چەمکی (لەوێدا)؛ لەسەرو ئەمانەوە، شیکردنەوەی نیگەرانی، مردن، ویژدان و هەست بە تاوانکردن، بایەخدانی گشتی بە نیگەرانبوون بۆ بابەتەکان، کە تەوانایی دازاین-بۆ-بوون داگیردەکات و دەرکەوتنی تەواناییەکە، گرنگن و دەبێت ڕوونبکرێنەوە.

[٣١٢] هەرچەندە دازاین دەیەوێت هەندێک دیاردە بشارێتەوە، بەڵام ئەم هەبووە لە وباوەڕەدایە، کە ئامانجی ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە دەرخستنی دیاردەکان و بوونی دازاینە. هەرچەندە ئەمە خەسڵەتێکی سەرەکی ئۆنتۆلۆجی دازاینە، هەمانکات لە هەموو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی، کە بونیادی پڕۆژەیی هەیە، دەدۆزرێتەوە. ئایا ئەمەش نابێت بە ڕێنماکەر و ڕێکخەری خۆی؟ لە کوێوە پڕۆژە ئۆنتۆلۆجییەکان بەڵگە بۆ دۆزینەوە و دەستکەوتەکانیان دەهێنن؟ ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە ناسینی بوونی هەبووە ئامادەبووەکەی دەکات بە پڕۆژە و دەیەوێت لە بونیادەکەی تێبگات. چ هێمایەک ڕێگە نیشان پڕۆژەکە دەدات و بە (بوون)ی دەگەیەنێت؟ چۆنە ئەگەر بابەتی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکە (بوون)ی خۆی بشارێتەوە؟ پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە واتای شیکردنەوەی دازاین ڕووندەکەینەوە. ڕاڤەکردنی (خۆ) پەیوەندی بە بوونی دازاینەوە هەیە. لە تەماشاکردنی دەوروبەردا بە نیگەرانییەوە و

دۆزینەوەی (جیهان)دا، نیگەرانیش دەڕوانێت. گرنگ نییە پرۆژەکانی لە (ئەوان)ەوە دەرچووبن، دازاین هەمیشە لەنێو فاکتۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەشیدا هەوڵدەدات لە خۆی تێبگات. دیارونادیار، بە دروستی یان نادروستی ئەو بە ڕادەیەک لە بوونی بە ئاگایە. ئۆنتیکییانە و پێش-ئۆنتۆلۆجییانە لە چەند هەبوویەک تێدەگات بەبێ ئەوەی زانینی بیردۆزەییانەی لەبارەیانەوە هەبێت. خودی دازاین دەبێت بە ڕێنیشاندەری هەموو پرسیارێکی ئاشکرای ئۆنتۆلۆجییانە سەبارەت بوونی دازاین. ئێمە لە کوێوە بڕیار لەسەر 'ڕەسەنییەتی' بوونی دازاین دەدەکەین؟ بەبێ تێگەیشتنمان لە ژیانی ڕۆژانەی دازاین شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بێ زەمینە دەمێنێتەوە. ئایا لەودیو ڕاڤەکردنەکەمان بۆ ڕەسەنییەت و سەرجەمی بوونی دازاین ڕێگەیەکی ئۆنتیکی نییە، کە بۆ هەموو کەسێکیش نابێت بە مەرج؟ ڕاڤەکردنی بوونگەرانە نایەوێت بە زۆر دەستەڵاتی خۆی بەسەر هەبووەکاندا بسەپێنێت، کە ئۆنتیکییانە هەن و پەیڕوییان دەکرێت. ئایا نابێت بەرگری لە دامەزراندنی ئەم بناخە ئۆنتیکییە بۆ ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەی بکات؟ ئەگەر بوونی دازاین لە بنەڕەتەوە تەوانایی-بۆ-بوون و بوونێکی سەربەست لە ئاستی ئەگەرەکانیدا بێت، هەمیشە بە سەربەستییەوە یان ناسەربەستییەوە لەبەردەمیاندا ڕاوەستێت، ئایا ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە ئەگەرە ئۆنتیکییەکەمان (شێوازەکانی تەوانایی-بۆ-بوون) ناکات بە بناخە و پرۆژە بۆ ئەگەرە ئۆنتۆلۆجییەکان؟ ئەگەر دازاین لە زۆربەی خاڵەکاندا بوونی خۆی بە نیگەرانییەوە لەنێو جیهاندا ونبکات، ئایا شێوازی خۆدەرخستنە دروستەکەی ئەم هەبووە بە دیاریکردنی ئەگەرە ئۆنتیکییەکانی ژیانی

ڕواژانە سەرهەڵنادات، کە بۆ شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەی ئەگەرەکان دەبێت بە زەمینە؟ لەمحاڵەتەدا، بە زۆردانانی ئەم پڕۆژەیە، وەکو ڕزگارکردنی ناوەڕۆکی نەشاراوەی دازاین نییە.

[٣١٣] لەوەدەچێت میتۆدەکە داوای بە زۆردانانی ئەگەرەکانی بوونمان لێبکات. ئایا ئامادەبوونەکەی لەسەر ئەو ڕێگەیەدایە سەربەستانە گرتومانەتەبەر؟ ئەگەر شیکردنەوەکە بڕیاردانی چاوەڕوانکراو بکات بە بناخەی تەوانایی-بۆ-بوون، کە خودی دازاین داوایدەکات، ئایا دەبێت ئەم ئەگەرە لەخۆڕا هەڵبژێرین؟ ئایا ئەو بوونە بەگوێرەی تەوانایی-بۆ-بوون، کە دازاین تیایدا ڕوو لە ئەگەرەکانی دەکات، بەتایبەتی ئەگەری مردن بە ڕێکەوت توشماندەبێت؟ ئایا بوون-لەنێو-جیهان بۆ تەوانایی-بۆ-بوون نیشانەیەکی بەرزتری لە مردن نییە؟ ئەگەر پڕۆژەی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانە بۆ تەوانایی ڕەسەنانەی-سەرجەمی-بوون بکەوێتە سەر ڕێگەمان، دەبێت بە بەڵگە بۆ سەلماندی ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکە بۆ ئەم دیاردەیە؟ بێجگە لە بیرۆکەی بوون بەگشتی، کە لەپێش خۆمان دایدەنێین، لە کوێوە کلیل بۆ کردنەوەی ڕاڤەکردنەکەمان پەیدادەکات؟ چۆن لە هەنگاونانە ناڕەسەنەکانی ژیانی ڕۆژانە تێبگەین، ئەگەر چەمکی بوونمان لە بەردەستدا نەبێت؟ ئەگەر بڵێین دازاین (دەکەوێت)، ئەوا ڕەسەنییەتی تەوانایی-بۆ-بوون لە دازاین دەسەنرێت؛ ئایا ئێمە لە چ ڕوانگەیەکەوە ئەم باسەدەکەین؟ ئایا هەموو شتێک لەبەر ڕۆشنایی بووندا نابینرێت؟ چۆن ئەم بیرۆکەیە بسەلمێنین؟ ئایا پڕۆژەکەمان بە هیچ شوێنێکمان دەگەیەنێت؟ تێگەیشتنمان لە بوونی دازاین یاریدەدەرە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنە فۆرمییەکانی بوون. بەبێ شەفافییەتێکی

ئۆنتۆلۆجییانە ناتوانین ئەو ڕاستییە بناسین، کە لە هەموو حاڵەتێکدا دازاین بوونی منە و منیش ئەو تەواناییەم-بۆ-بوون. هەمانکات، بوونم دەبێت بەکێشە. دازاین لە بوونی خۆی لەنێو-جیهاندا تێدەگات ئەگەر خاوەنی بیرۆکەی دروستی ئۆنتۆلۆجییانەش نەبێت. بوونیش هەموو بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان دەگرێتەوە. جیاوازی نێوان بوون و ڕاستەقینەش دەبێت بناسرێت. دازاین لە تێگەیشتنی بوونیدا خۆی بە بابەتێکی دەرەکی دانانێت. ئەگینا، خۆی بە ئەفسانە و جادو لەنێو نەریتی کەلتوریدا ماندوو نەدەکرد. بیرۆکەی ئەو بوونەی باسیدەکەین نەخشەی بونیادی تێگەیشتنمان لە دازاین بۆ دادەنێت. ئەمەش بەبێ خۆبەستنەوە بە ژیانی ڕۆژانەوە ئەنجام دەدرێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیەدا شیکردنەوە ئامادەکراوەکەمان بۆ ژیانی ڕۆژانە، کە لە ئێمەوە نزیکترینە، تاکو یەکەم پێناسە بۆ نیگەرانی بە ئەنجام گەیشتوە. نیگەرانیش بۆ تێگەیشتنمان لە بوون و پەیوەندییەکەی لەگەڵ فاکتۆر و کەوتندا یاریدەدەرە. پێناسەکردنی بونیادی نیگەرانی بۆ یەکەمجار، جیاوازی ئۆنتۆلۆجییانەی نێوان بوون و ڕاستەقینەی بە ئێمە ناسیوە.

[٣١٤] هێشتا، لەم بیرۆکەیەی بووندا، کە بە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەوە نەبەستراوە، ناوەڕۆکێکی ئۆنتۆلۆجییانەی پێوە دیارە، کە دەبێت بە پێشبیرێک بۆ [تێگەیشتنمان] لە بوون بەگشتی. ئەمەش لە بیرۆکەی ڕاستەقینە دەچێت، کە لەگەڵیدایە. لە ڕوانگەی ئەو بیرۆکەیەوە سەبارەت بوون جیاوازی نێوان بوون و ڕاستەقینەش دەرکەوتوە. پاش هەموو شتێک، لە هەردووکیاندا، ئەوەی هەیە بوونە.

ئایا بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون بەگشتی پێویست ناکات لە تێگەیشتن‌ لە واتای‌ بوونی‌ دازاینەوە دەستپێبکەین؟ تێگەیشتن لە واتای بوون لە ڕاڤەکردنمان بۆ بوونی دازاینەوە ڕێدەکات و بیرۆکەی بوون دەکەین بە کلیلی باسەکەمان. ئایا دواجار ئەم هەوڵدانە کێشەی ئۆنتۆلۆجییە بنەڕەتییەکەمان لەنێو سوڕانەوەیەکی بازنەییدا دانانێت؟

[٣١٥] ئێمە لە بونیادی تێگەیشتندا ڕوونمانکردەوە، ئەو خاڵەی بە هەڵە سەبارەت 'بازنە' ئاماژەی بۆ دەکرێت خەسڵەتێکی جیاوازی تێگەیشتنە.[123] ئەگەر، لەسەرو ئەمەوە، هەڵوێستی هێرمینیۆتیکییانەی کێشەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی ڕوونبکرێتەوە، توێژینەوەکەمان بۆ ئەم "بەڵگە سوڕاوە"یە دەگەڕێتەوە. کاتێک لەسەر سوڕانەوە بازنەییەکەی ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکە ڕەخنەمان لێدەگیرێت و گوایە ئێمە لەپێشتر بیرۆکەی بوون و بوون بەگشتیمان لەبەردەستدایە و لەوێوە ڕاڤەی بوونی دازاین دەکەین، دەتوانین بیرۆکەی بوونی لێوەوەرگرین. ئایا پێشبیر چ واتایەکی هەیە؟ دروستە لە ئاماژەکردن بۆ بیرۆکەی بوون چەند دەستەواژەیەک دادەمەزرێنێت. بەڵام ئایا دەتوانین بە هۆی ئەوانەوە دەستەواژە سەبارەت بوونی دازاین دروستبکەین؟ ئایا پێشبیرەکە خەسڵەتی پرۆژەدانانی تێگەیشتنی هەیە، کە لە گەڵیدا ڕاڤەکردنی بابەتی نێو تێگەیشتن، بۆ یەکەمجار خۆی لەنێو وشەدا بەرجەستەدەکات، وەکو ئەو هەبووە خۆی دەناسێت و پێکهاتەی ئەو بوونەش دەردەخات، کە لەو

[123] بڕوانە کورتەبەشی (٣٢)ی ئەم نوسراوە.

پرۆژەیەدا هەوڵی دەرخستنی دراوە؟ هیچ ڕیگەیەکی دیکە بۆ خۆدەرخستنی هەبووەکان لەنێو وشەدا هەیە تاکو بوونیان بناسرێت؟ ئێمە لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەماندا ناتوانین لە بەڵگەی سوڕاوە دوورکەوینەوە چونکە شیکردنەوەکە بەگوێرەی یاساکانی لۆجیکی گونجاو هیچ ناسەلمێنێت. هەڵبەتە هەوڵی لەناوبردنی سوڕانەوەی بازنەیی دەدرێت، گوایە ئەمکارە سودی بۆ توێژینەوەی زانستیانە هەیە و بەهەمانشێوەش بۆ بونیادی نیگەرانی چاکە.

لەبەر ئەوەی نیگەرانی پێکهاتەی دازاینە، ئەوا ئەم هەبووە پێش بوونی خۆی دەکەوێت. بەردەوام پرۆژەکانی لەسەر ئەگەرەکانی بوونی دادەمەزرێنێت؛ پرۆژەی ژیانی ڕۆژانە، وەکو هەموو توێژینەوەیەک، ئەو توێژینەوەیەی هەوڵی پێشخستن و تێگەیشتن لە چەمکی بوون دەدات خاوەنی ڕەفتاری پێش-ئۆنتۆلۆجییانەیە و بوونیشی کردوە بە پرۆژە. هەمانکات، بوونی دازاینیش ئاشکرادەکات؛ ئایا ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت نکۆڵی لەم پرۆژەیە بکات، کە بۆ دازاین بنەڕەتییە؟

ئەوەی ڕەخنە لە "بەڵگەی سوڕاوە" دەگرێت خودی دازاینە. پرۆژەدانان، تەنانەت پرۆژەی ئۆنتۆلۆجییانەش، لەنێو بۆچوونی گشتی و نوقمبوونی نیگەرانیمان لەنێو (ئەوان)دا، بە بێگانەیی دەمێنێتەوە چونکە بۆچوونە گشتییەکە بنبەستیدەکات. بۆچوونی گشتی، لە ڕووی بیردۆزە و کردەوەوە، خۆی بە هەبووەکانی دەوروبەرەوە ماندوودەکات، کە هەبووی فاکتۆرین. لەبەر ئەمە خۆی بە تێگەیشتن لە بوون ناگەیەنێت. ئەو ڕاستییە ناناسێت، کە ئەزمونی هەبووە فاکتۆرییەکان بە تێگەیشتن بە بوونەوە گرێدراوە. بۆچوونی گشتی تیگەیشتنی هەڵەی لە تێگەیشتن

هەیە بۆیە بە توندی ڕەتی ئەو شتە دەداتەوە، کە ناگاتە ئاستی تێگەیشتن.

[٣١٦] کاتێک باس لە سوڕانەوەی بازنەیی نێو تێگەیشتن دەکرێت دوو خاڵ لەبیردەچێت: یەکەم، خودی تێگەیشتن بناخەی بوونی دازاین پێکدەهێنێت. دووەم، بوونی دازاین نیگەرانییە. نکۆڵیکردن لە سوڕانەوەی بازنەیی، شاردنەوەی ئەم لەبیرچوونە دەسەلمێنێت. بۆ دازاین دەبێت سوڕانەوە لە دازاینەوە بۆ بوون ببینین. ئەگەر، لە ئۆنتۆلۆجی دازایندا، توێژینەوەکەمان لە (خۆ)یەکی لە جیهان بەدەرەوە دەستپێبکەین تاکو ئە (خۆ)یە بکەین بە بابەت بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ دیارییبکرێت، ئەوا ئێمە پێشبیرێکی لاواز و بچوکمان هەڵگرتوە. ئەگەر گرفتی (ژیان) وەرگرین و بە کەمی باسی مردن بکەین کورت-بین دەردەچین. بابەتی توێژینەوەکەمان دەبێت بە دۆگما و لەنێو بوارێکی تەسکدا دەمێنێتەوە ئەگەر، لەسەرەتاوە، خۆمان بە (بابەتێکی بیردۆزەییانەوە) ببەستینەوە و دوایی بە ئاماژەکردن بۆ (ڕەوشت) لایەنی کردەوەیی بخەینەسەر. لەمە زۆرتر لەسەر ڕوونکردنەوەی واتای بوونگەرانەی هەڵوێستی هێرمینیۆتیکی لە شیکردنەوەکەماندا بۆ بوونی دازاین ناڕۆین.

لەباسکردنی بڕیاردانی چاوەڕوانکراودا ڕەسەنییەت و سەرجەمی بوونی دازاینمان بینی و ئێستا لەپێش چاومان دایدەنێین. تەواناییی-ڕەسەنانە-بۆ-بەخۆبوون گەرەنتییەکی بوونگەرانەیە و چەمکە بوونگەرایەتییەکانمان دەخاتە بەردەست. هەمانکات، شیکردنەوەکەمان بۆ بڕیاردانی چاوەڕوانکراو بەرەو ڕاستییەکی ڕەسەنمان دەبات. ئێمە، لەپێشتر،

باسمانکرد چۆن تێگەیشتن-لە-بوون، ئەو تێگەیشتنەی بوون دەکات بە بابەتێکی دەرەکی، دیاردەی ڕاستی دادەپۆشێت.[124] ئەگەر (بوون) هەبێت و ئەویش (ڕاستی) بێت، هەروەها تێگەیشتن لە بوونیش بەگوێرەی جۆری ڕاستی بگۆڕێت، ئەوا ڕاستی ڕەسەن دەبێت تێگەیشتنمان لە بوونی دازاین و بوون بەگشتی بۆ مسۆگەربکات. ڕاستی ئۆنتۆلۆجییانەی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان لەسەر زەمینەی ڕاستی ئۆنتیکی بەرەو پێشەوە بردوە. مەرجیش نییە دووەمیان پێویستی بە یەکەم بێت. ڕاستی بنەڕەتی و سەرەکی بوونگەرانە، کە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی دەیەوێت بیگاتێ و پرسیارکردنەکەی سەبارەت بوون بەگشتی لەسەر دادەمەزرێنێت، ئاشکراکردنی واتای بوونی نیگەرانییە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم واتایە پێویستە بونیادی تەواوی نیگەرانی بناسین.

## ٦٤. نیگەرانی و خۆ

یەکبوونی ئەو توخمانە، وەکو بوونگەرایەتی، فاکتۆری و کەوتن لە بونیادی نیگەرانیدا یەکەم پێناسەی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ سەرجەمی بوونی دازاین ئامادەدەکات. ئێمە شێوازی بوونگەرانەی نیگەرانیمان باسکرد و بە (بوونیکی-خۆ-ڕەتکەری-نێو-جیهان و لە تەنیشت-هەبووەکانەوە)دامانا. بینیمان، کە بونیادی نیگەرانی بە کۆکردنەوە پێک نایەت و خۆی دروستدەبێت.[125] لە هەڵسەنگاندنی ئەم ئاکامە ئۆنتۆلۆجییەدا دەبێت

---

[124] بڕوانەکورتە بەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

[125] بروانە کورتەبەشی (٤١)ی ئەم نوسراوە.

بزانین چۆن بۆ ڕاڤەکردنی دازاین باکاردێت.[126] لەم تێڕامانانەوە دەردەکەوێت سەرجەمی بوونی دازاین و تەوانایی ڕەسەنانەیَ بۆَ بوون هێشتا نەبووە بە بابەتی توێژینەوە. بەڵام، بونیادی نیگەرانی بۆ تێگەیشتن لە سەرجەمی بوونی دازاین دەبێت بە زەمینە. بوونیَ خۆَ ڕەتکەر ئەو واتایە دەبەخشێت، کە[ئەم هەبووە] هێشتا بە بوونی نەگەیشتوە. کاتێک ئەم واتایە ڕەسەنانە لێکدەدەینەوە، تێدەگەین ئاماژە بۆ بوونَ ڕووەوَ کۆتایی لە بوونی هەموو دازاینێکدا دەکات. هەروەها، باسمانکرد لە بانگکردنی ویژداندا نیگەرانی داوا لە دازاین دەکات بەرەو تەوانایی خۆیَ بۆَ بوون بگەڕێتەوە. تێگەیشتن لە داواکردنەکەش دەبێتە هۆکاری بڕیاردانی چاوەڕوانکراو، کە تەواناییَ ڕەسەنانەَ بۆَ سەرجەمیَ بوونیَ دازاین بەرجەستەدەکات. کەوابوو، بونیادی نیگەرانی دژی ئەگەری سەرجەمیَ بوون ڕاناوەستێت و مەرجە بۆ ئەو. لەم شیکردنەوەیەدا دیاردەی بوونگەرانەی مردن، ویژدان و هەست بە تاوانکردن بە دیاردەی نیگەرانییەوە بەستراونەتەوە. هەموو لایەنەکانی بونیادە سەرجەمییەکە دەوڵەمەنتر بووە؛ بەڵام پرسیار سەبارەت بوونی زەمینەیەک بۆ یەکگرتنی بەپەلە سەرهەڵدەدات.

[٣١٨] چۆن ئەم یەکگرتنە بناسین؟ چۆن یەکێتی بوونی دازاین لەنێو ئەگەرەکانیدا دادەمەزرێت؟ ئاشکرایە، دازاین لەنێو ئەگەرەکانیدا ئەو هەبووەیە، کە منم. دیارە (من) سەرجەمی بوون پێکەوە دەبەستێتەوە. لە ئۆنتۆلۆجی بوونی مرۆڤدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن (من) و (خۆ) کراون بە

---

[126] بڕوانە کورتەبەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

زەمینەی یەکگرتنەکە. تەنانەت لە ڕاڤەکردنەکەمان بۆ ژیانی ڕۆژانەی دازاین پرسیارمان سەبارەت (کێ)یەتی ئەم هەبووەکرد. دۆزیمانەوە چۆن دازاین زۆربەی کات لە خۆی دابڕاوە و بووە بە (ئەوان). لەبەر ئەمە وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی (خۆ) نەدراوەتەوە و تەنیا ئاماژەمان بۆ ڕێگەیەک کردوە، تاکو چارەی گرفتەکە بکات؛[127] چونکە ئەگەر (خۆ) بەشێک لە خەسڵەتی جەوهەریی دازاین و جەوهەری دازاینیش هەبێت ئەوا (خۆ) یان (من) دەبێت بوونگەرانە بناسرێت. نێگەتیڤانەش، زانیمان، کە خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی (ئەوان) ڕێگە نادەن ئەو کاتیگۆریانەی بۆ بابەتێکی دەرەکی (وەکو جەوهەر) دادەنرێن، بەکاربهێنین. ئاشکراشە، ئۆنتۆلۆجییانە نیگەرانی لە ڕاستەقینەوە دەرناچێت و لەسەر کاتیگۆرییەکانی دانامەزرێت.[128]

نیگەرانی دیاردەی (خۆ) لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت. لەبەر ئەمە دەستەواژەی (بۆ خودی خۆی نیگەرانە) خەسڵەتی تۆتەلۆجی وەردەگرێت ئەگەر بەرانبەر نیگەرانبوون بۆ کەسانی دیکە دابنرێت.[129] لێرەدا دەبێت پرسیار لەسەر پەیوەندی بوونگەرانەی نێوان (خۆ) و نیگەرانی بکەین. بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی بوونگەرانەی خۆ لە هەڵوێستی سروشتانەی ژیانی ڕۆژانەی دازاینەوە ڕێدەگرین و دەڵێین، (من)ی دازاین سەبارەت خۆی دەدوێت. ئەمەش پێویستی بە دەنگ بەرزکردنەوە نییە.

---

[127] بڕوانە کورتەبەشی (٢٥)ی ئەم نوسراوە.

[128] بڕوانە کورتەبەشی (٤٣)ی ئەم نوسراوە.

[129] بڕوانە کورتەبەشی (٤١)ی ئەم نوسراوە.

لەگەڵ (من)دا، ئەم هەبووە دەڕوانێتە بوونی خۆی. ناوەڕۆکی ئەم گوتەیەش سادەیە. لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ بوونی من ڕادەوەستێت و لەوە زۆرتر چی دیکە نییە. هەروەها، ئەم (من)ە سادەیە خەسلەتی شتێکی دیکە نییە؛ نابێت بە بار [بۆ بارهەڵگرێک] و (خۆ)یەکی ڕەهایە. ئەوەی لە بەکارهێنانی (من)دا دەریدەبڕین هەمیشە وەکو خۆیەتی. خەسڵەتەکانی (سادەیی)، (جەوهەرێتی) و (کەسایەتی)، کە کانت، بۆ نموونە، کردوونی بە بناخەی پەرەلۆجیزمی هۆشی ڕەوان، لە ئەزمونی پێش-فینۆمینۆلۆجییانەوە سەرهەڵدەدەن.[130]

پرسیارەکەش سەبارەت بە ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ ئەو بابەتە ئۆنتیکییەی ئەزمونەکەمان بە یارمەتی کاتیگۆرییەکان بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە. بێگومان، کانت لەگەڵ گونجاندنی ناوەڕۆکی دیاردەییدا و دەربڕینی (من)، دەیەوێت بڵێت، بابەتە ئۆنتیکییەکانی جەوهەری-خۆ، کە لەو خەسڵەتانەوە دەردەچن، دروست بۆ کێشەکە دەچێت. بەڵام، ئەو توێژینەوەی بە هەڵەداچووی ئۆنتیکییانە بۆ (من) ڕەتدەداتەوە؛ هیچ دەستکەوتێکی ئۆنتۆلۆجییانەش دیارناکات.

کانت، لە بیریارانی پێش خۆی چاکتر هەنگاوی ناوە و ناوەڕۆکی (من)ی پاراستوە؛ هەرچەندە لەسەر بنەمای بیردۆزەیی ڕەتی بنەما ئۆنتیکییەکان بۆ ئۆنتۆلۆجی (خۆ) دەداتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانیوە ئۆنتۆلۆجییەکی دروست دابمەزرێنێت. ئێمە باشتر ئەم خاڵە

---

130 Kaut, *Critique of Pure Reason*, second edition, p. 399.

ڕووندەکەینەوە تاکو بزانین ئۆنتۆلۆجییانە (من) بۆ سەرەتای گەشتەکەمان چ واتایەک دەبەخشێت.

[٣١٩] شیکردنەوەی کانت بۆ "من بیردەکەمەوە" دەبێت بکەین بە وێنە، بەڵام بە مەرجێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گرفتانە بەکاربهێنرێت. (من) ئاگامەندییەکی ڕووتە و لەگەڵ هەموو چەمکەکاندایە. لەنێو (من)دا، بێجگە لە خۆیەکی بەرزی بیرۆکەکان چی دیکەی تێدا نییە. ئاگامەندی لەنێو خۆیدا نوێنەرایەتی ناکات.... و شێوازێکی گشتی نوێنەرایەتی کردنە. [131] "من بیردەکەمەوە" فۆڕمێکی هەستکردنە، کە لەگەڵ هەموو ئەزمونێکدایە و پێشیان دەکەوێت.[132] کانت لە شێوازی دەربڕینی "من بیردەکەمەوە"دا لە ناوەڕۆکی (من) تیدەگات یان کاتێک باسی 'ئاگامەندی' دەکەین گوێ بە لایەنی کردەوە دەدات. بە دیدی ئەو، (من) دەبێت بە "من بیردەکەمەوە" و ناوەڕۆکی (من)یش دەکات بە "هەبوویەکی بیرکەرەوە".

ئەگەر ئەم بۆچوونەش (من) بۆ "بارهەڵگرێکی لۆجیکی" بگۆڕێت مەبەست لەمەدا ئەوە نییە لۆجیک ناوەڕۆکیمان پێدەناسێت. (من) بارهەڵگری چالاکییەکی لۆجیکیم، کە توخمەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. "من بیردەکەمەوە" واتای "من توخمەکان پێکەوە دەبەستمەوە" دەبەخشێت. (من) بە هەموو بەستنەوەیەک هەڵدەسم. کەوابوو،

---

[131] Kant, *op.cit.*, second edition, p. 404.

[132] Kant, *op.cit.*, frist edition, p. 354.

خودی (خۆ) ئاگامەندییە و نوێنەرایەتیکردن نییە، بەڵکو فۆرمی نوێنەرایەتیکردنە.

واتە شتێک نوێنەرایەتی "من بیردەکەمەوە" ناکات و بونیادێکی فۆرمییە بۆ نوێنەرایەتیکردن. ئەو بونیادەش ئەگەری نوێنەرایەتیکردن دروستدەکات. کاتێک باسی فۆرمی نوێنەرایەتیکردن دەکەین، بیر لە چێوە و چەمکێکی هەمەکی ناکەینەوە، بەڵکو دەڕوانینە دیاردەکە، کە نوێنەری هەبووەکەیە. ئەگەر (من) بە فۆرمی نوێنەرایەتیکردن دابنرێت ئەوا هەمانکات، دەیکەین بە بارهەڵگری لۆجیکی.

[٣٢٠] شیکردنەوەکەی کانت دوو ئەنجامی پۆزەتیڤانەی هەیە، بۆ ئەو مەحاڵە ئۆنتیکییانە (من) بە جەوهەر دابنرێت؛ و (من) دەکات بە "من بیردەکەمەوە". لەگەڵ ئەمەشدا، (من) بە بارهەڵگر دادەنێت، بەڵام ئەمە لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە ناجۆرە. لە چەمکی ئۆنتۆلۆجییانەدا (من) نابێت بە خۆیەکی نەگۆڕ، بەڵکو شتیک، کە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و هەمیشەش بابەتێکی دەرەکییە. پێناسەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی (من)، وەکو (خۆ) ئەم هەبووە بۆ هەمیشە دەکات بە بابەتێکی دەرەکی. بوونی (من) دەکات بە ڕاستەقینەی شتێکی بیرکەرەوە.[133]

---

[133] لە ڕاستیدا، کانت خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی (خۆ)ی کەس بۆ جەوهەر دەگەڕێنێتەوەو لەنێو بواری ئۆنتۆلۆجییانەی بابەتی دەرەکی نێو جیهاندا دایناوە .[ئەمە ئۆنتۆلۆجییە ناجۆرە] باشتر لای هایمسۆت لە نوسراوەکەیدا باسکراوە. *'Persönlich Keitsbewusstsein und Ding an sich in der Kantischen Philosophie*' (reprinted fram Immanuel Kant. *Festschrift zur zweiten Jahrhundertfeier seines Geburtstage*, 1924). ئەم نوسراوە

[٣٢١] لە کاتێکدا "من بیردەکەمەوە" بۆ کانت دەبێت بە خاڵی سەرەتایی، چ هۆکارێک ڕێگەی نادات ئۆنتۆلۆجییانە سودی لێوەرگرێت و ناچاریبکات بۆ (خۆ)، وەکو جەوهەر بگەڕێتەوە؟ (من) تەنیا "من بیردەکەمەوە" نیم و "بیر لە شتێکیش دەکەمەوەیە". ئایا کانت بەردەوام جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان من و نوێنەرایەتیکردن نەکردوە و ناڵێت بەبێ نوێنەرایەتیکردن (من) هیچ نیم؟

بۆ کانت، نوێنەرایەتیکردنەکان ئەزمونین، لەگەڵ (من)دان و دەبن بە دیاردە پێکەوە بەستراوەکانی. بەڵام، لە هیچ شوێنێکدا بوونی پێکەوە بەستنەوەکە دەرناخات. بوونیان بووە بە بابەتێکی-دەرەکی (من) لەنێو نوێنەرایەتیکردنەکاندا. هەڵبەتە کانت نایەوێت (من) لە بیرکردنەوە دابڕێت؛ هەوڵیشی نەداوە ناوەڕۆکی "من بیردەکەمەوە"، کە "من بیر لە شتێک دەکەمەوە"یە باسبکات و پێشبیرە ئۆنتۆلۆجییەکەی شیبکاتەوە. تەنانەت "من بیر لە شتێک دەکەمەوە" سەرەتایەکی ئۆنتۆلۆجییانەی نادروستە چونکە (شتەکە) نادیارە. ئەگەر ئەو شتە هەبوویەکی نێو جیهان بێت ئەوا جیهان پێش بوونی شتەکە دەکەوێت؛ دیاردەی جیهانیش لەگەڵ شتەکەدا پێکەوە حاڵەتی بوونی (من) سنوردارەدەکەن. کاتێک دەڵێم (من) مەبەستم لەو هەبوویە، کە منە و لەنێو-جیهاندایە. کانت دیاردەی جیهانی نەبینیوە و تەنیا باسی نوێنەرایەتیکردنی بەبێ بناخە لەپێشترەکە کردوە. لە ئاکامدا، (من) بەزۆر کراوە بە خۆیەکی لە

---

تەنیا ڕاپۆرتێکی مێژوویی نییە. هەوڵدەدات کاتیگۆرییانە لە گرفتی کەسایەتی بکۆڵێتەوە.

جیهاندابڕاو و نوێنەرایەتیکردنەکەشی بە شێوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی نادیار پێوە بەستراو.[134] کاتێک دەڵێین (من)، دازاین بوونی خۆی لەنێو-جیهاندا دەردەبڕێت. ئایا ئەم دەربڕینە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەمان خەسڵەتی هەیە؟ لێرەدا دەبێت جیاوازی دروستبکەین. (من) واتای بوونی دازاین دەبەخشێت، کە لە هەموو حاڵەتێکدا خودی خۆیەتی. ڕاڤەکردنی خۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاماژە بۆ جیهانێک بە نیگەرانییەوە دەکات. کاتێک دازاین ئۆنتیکییانە خۆی دەبینێت ناتوانێت پەیوەدنی لەگەڵ ئەو هەبووەدا دروستبکات، کە بوونی خۆیەتی. ئەمەش بۆ پێکهاتەی بنەڕەتی بوونی دازاین-لەنێو-جیهاندا ڕاڤەکردنێکی ڕاستە.[135] ئایا هاندەری ئەم ڕاکردنە لە دەربڕینی (من)دا چییە؟ هاندەرەکەی کەوتنی دازاینە؛ لە کەوتندا دازاین لە خۆی ڕادەکات و [دووردەکەوێتەوە] و دەکەوێتە نێو (ئەوان).

[٣٢٢] لە دەربڕینەکەمدا [بۆ بوونی خۆم] ئەوان دەدوێن. ئەوەی بوونی خۆی دەردەبڕێت ناڕەسەنە. کەسێک لەنێو ژیانی ڕۆژانەیدا نوقم بووبێت و بەنیگەرانی ڕوو لە فرەلایەن و دووبارەبووە خێراکانەوە بکات، هەرچەندە خۆ سادە دەبینرێت، بەڵام نادیار و بێ ناوەڕۆکە. هەڵبەتە مرۆڤ نیگەرانییە. لە ڕووە سروشتی و ئۆنتیکییەکەوە، کە تاک تیایدا دەردوێت ناوەڕۆکی دازاینیش ئاوەڕی لێنەدراوەتەوە؛ ئەمەش نابێت

---

[134] بڕوانە کورتەبەشی (٤٣)ی ئەم نوسراوە و ڕەخنە فینۆمینۆلۆجییانەکەمان لەسەر (ڕەتدانەوەی ئایدیالیزمی) کانت.

[135] بڕوانە کورتەبەشەکانی (١٢،١٣)ی ئەم نوسراوە.

زۆرمان لێبکات پەیڕەوی بکەین، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خۆ پەنا بۆ کاتیگۆرییە ناجۆرەکان بەرین و لە ڕاڤەکردنە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ (من) بەکاریان بهێنین. بەدڵنیاییەوە، شوێننەکەوتنی شێوازی ژیانی ڕۆژانەی خۆ دەربڕینەکە نابێتە هۆکاری چارەسەرکردنی گرفتە ئۆنتۆلۆجییەکەمان؛ تەنیا ڕێگەیەکمان بۆ توێژینەوەکە دەدۆزێتەوە. هەروەها، (من) ئەو هەبووە دەردەخات، کە لەنێو-جیهاندایە.

بوون-لەنێو-جیهان، کە بوونە-لەگەڵ-بابەتەکانی بەردەستی-نێو-جیهان لە بنەڕەتەوە بۆ دازاین خۆ-ڕەتکردنە. لە (من)دا ئەو هەبووە دەبینرێت، کە بوونی بووە بە کێشە. لەگەڵ (من)دا نیگەرانیش دەردەبڕین. بەڵام زۆربەی کات لێی ڕادەکەین چونکە نیگەرانییەکە ڕوو لە یەک بابەت دەکات. خودی (ئەوان)یش بە دەنگێکی بەرز بەردەوام (من) دەردەبڕن، بەڵام ئەو (من)ە بوونێکی ناڕەسەنانەی هەیە و ئاوەڕ لە تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ-بوون ناداتەوە. ئەگەر پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی خۆ جەوهەر یان بارهەڵگر نەبێت و بەپێچەوانەی ئەمەوە، (من)ی ڕاکردووی نێو ژیانی ڕۆژانە بە تەوانایی-ڕەسەن-بۆ-بوون دابنرێت، ئەوا دەستەواژەکەی تیایدا (خۆ) بە بناخەی نیگەرانی دادەنێین، بەردەوام دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی ناجۆر. لە ڕوانگەی بوونگەرایەتییەوە، خۆ لەسەر بناخەی تەوانایی-ڕەسەنانە-بۆ بوون دەناسرێتەوە و لەوێوە دازاین ڕەسەنانە بە نیگەرانییەوە دەژی. لەوێدا واتای بەردەوامی (خۆ) ڕووندەبێتەوە. بەردەوامی خۆ، بە واتای سەقامگیربوون و پێداگرتن دژی پێدانەگرتن و بەردەوامنەبوونی خۆیە لە کەوتنی بێ بڕیاردانی دازایندا. بوونگەرانە

"بەردەوامیـخۆ" واتای بڕیاردانی چاوەڕوانکراو دەبەخشێت. بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی بڕیاردانەکە لایەنی بوونگەرانەی خۆ ئاشکرا دەکات.
[٣٢٣] دازاین، لە بریارداندا، ڕەسەنانە خۆیەتی و بە دوودڵییەوە هەیە. وەکو هەبوویەکی بێدەنگیش، (خۆ)ی ڕەسەن بەردەوام نالێت (من)؛ بەڵکو کەمدووە. ئەو خۆیەی لە کەمدوویی و بڕیارداندا بەرجەستە دەبێت دیاردەیەکی بنەڕەتییە بۆ پرسیارەکەمان سەبارەت بوونی (من). ئێمە لە جەختکردن لەسەر واتای بوونی ڕەسەنانە لە تەوانایی-بۆ-بەخۆبوون دەتوانین ئۆنتۆلۆجییانە مامەڵەش لەگەڵ جەوهەر، سادەیی و کەسایەتی خۆدا بکەین. پرسیاری ئۆنتۆلۆجی سەبارەت بوونی خۆ دەبێت لە هەیەتی لەپێشتری دەربڕینی (من)ەوە دەستپێبکات.
نیگەرانی پێویستی بە بناخە لەنێو خۆدا نییە. بەڵام، بوونگەرانە، وەکو پێکهاتەی نیگەرانی، دەبێت بە پێکهاتەت ئۆنتۆلۆجییانەی بەردەوامیـخۆ، کە تیایدا بونیادی نیگەرانیش لە کەوتن و فاکتۆری بەردەوام نەبوونیـخۆدا دەدۆزێتەوە. کاتیک بەتەواوی تێیدەگەین، بونیادی نیگەرانی دیاردەی (خۆ)ش هەڵدەگرێت. ئەم دیاردەیە لە ڕاڤەکردنی نیگەرانیدا ڕوونکراوەتەوە؛ سەرجەمی بوونی دازاینمان، وەکو نیگەرانی پێناسکردوە.

## ٦٥. کات، وەکو واتای ئۆنتۆلۆجییانە بۆ نیگەرانی

لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان نیگەرانی و خۆدا مەبەستمان تەنیا ڕوونکردنەوەی گرفتی (خۆیەتی)نەبوو، ویستمان لە سەرجەمی بوونی دازاینیش بدوێین. ئەگەر بمانەوێت بوونی دازاین نەشێوێنین و بە

بابەتێکی دەرەکی دانەنێین پێویستە بە سەرنجەوە پرسیارەکەمان بوونگەرانە و لە ڕوانگەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەوە ئامادەبکەین. دازاین لە بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکەیدا دەبێت بە هەبوویەکی ڕەسەن. بڕیاردان، کە شێوازێکی ڕەسەنانەی نیگەرانییە، سەرجەم و بەردەوامی بوونی دازاینی تێدایە. بۆ تێگەیشتنمان لە واتای ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دازاین، پێویستە بە وردی تەماشای ئەم خاڵانە بکرێت.

[٣٢٤] چۆن ئۆنتۆلۆجییانە لە واتای نیگەرانی تێدەگەین؟ 'واتا' ئاماژە بۆ چی دەکات؟ ئێمە لە توێژینەوەکەمان لەسەر تێگەیشتن و ڕاڤەکردن توشی ئەم کێشەیە بووین. باسمانکرد، کە واتا لەوێدایە تێگەیشتن خۆی بە بابەتەکەی بگەیەنێت و گرنگیش نییە بیردۆزەییانە ئەو بابەتە بناسرێت. 'واتا' بەپڕۆژەکردنی پڕۆژە سەرەتاییەکەیەوە بابەتەکەش بەو شێوەیەی هەیە تیایدا دەردەکەوێت. پڕۆژە ئەگەرەکان دەردەخات و بوونیان دەگونجێنیت. پڕۆژەدانان دۆزینەوەی ئەو ئەگەرەیە پڕۆژەکەی بۆ دادەنرێت. ئەم دەرخستنەش پێویستی بە میتۆدۆلۆجی بۆ پڕۆژەدانانەکە هەیە، کە زەمینە بۆ ڕاڤەکردنی بابەتی پڕۆژەکە خۆشدەکات. ئامادەکردنی واتای نیگەرانی پێویستی بە شوێنکەوتنی پڕۆژەیەکە، کە بۆ ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی بوونی دازاین ڕێنماییمان دەکات. ئێمە بوونی دازاینمان کردوە بە پڕۆژە و لە پێکهاتەی تەوانایی ڕەسەنانەیَ-بۆ-سەرجەمیَ-بوونی دەرکەوتوە. پڕۆژەکە سەبارەت ئەم بوونەیە و هەمانکات پێکهاتەی بوونی، وەکو نیگەرانی دەخاتە بەردەم. کاتێک لە واتای نیگەرانی دەکۆڵینەوە دەپرسین چی دەبێت بە سەرجەمی پێکهاتەی نیگەرانی؟

لە ڕاستیدا، 'واتا' ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات پڕۆژەکەی بۆ تێگەیشتن لە بوونیدا بۆ دادەنرێت. کاتێک بوون-لەنێو-جیهان خۆی دەبینێت، بوونی هەبووە دۆزراوەکانی دەوروبەری دەناسێت. گرنگیش نییە بیانکات بە تێزێکی بیردۆزەییانە و ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان هەبووەکان و ڕاستەقینە بکات. ئەزموونی ئۆنتیکییانە بۆ هەبووەکان؛ بابەتەکانی بەردەست و زانینی زانستانە و پۆزەتیڤانەی بابەتە دەرەکییەکانیش لەسەر پرۆژەکانی بوون ڕادەوەستن. بەڵام ئەوەی پڕۆژەکەی بۆ دادەنرێت لەنێویاندا نادیارە بۆیە تێگەیشتن ڕوویان تێدەکات. ئەگەر بڵێین، هەبووەکان "واتایان هەیە" ئاماژە بۆ دەرکەوتنی بوونیان لەنێو پڕۆژەکەدا دەکەین. هەبووەکان واتابەخشن چونکە لەنێو پڕۆژەکەدا بوونیان دەناسرێت. پڕۆژە بنەڕەتییەکەی تێگەیشتن واتاکەیان دەدۆزێتەوە. پرسیار سەبارەت واتای بوونی هەبوو بۆ 'ئەو شتەی' پڕۆژەکەی بۆ دادەنرێت و دەمانەوێت لە واتای بوونی تێبگەین، دەمانگەڕێنێتەوە.

[٣٢٥] دازاین ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە بوونی خۆی دەناسێت. دازاین لە بووندا لە خۆی تێدەگات و تێگەیشتنەکەشی تەنیا شتێک ناخاتە بەردەستی، بەڵکو تەوانایی فاکتۆریانەشی-بۆ-بوون لەلا ئاشکرادەکات. ئەو بوونەی دەیناسێت ئەوەیە، کە لەلای دەبێت بە کێشە. واتای ئەم بوونە، کە نیگەرانییە، پێکهاتەی نیگەرانی دادەمەزرێنێت و دەبێت بە تەوانایی-ئەم هەبووە-بۆ-بوون. واتای بوونی دازاین ئەوە نییە، کە شتێکە لە دەرەوەی بوونیدایە، بەڵکو خودی خۆ-تێگەیشتن دازاینە. ئایا چی بوونی دازاین و فاکتۆری بوونگەرانەی مسۆگەردەکات؟ بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکە بووە بە پڕۆژەی بوونگەرانەی ئەم هەبووە. ئایا چی

سەرجەمی ڕەسەنانەی بوونی دادەمەزرێنێت؟ کاتێک بوونگەرانە بیر لە بڕاردانی چاوەڕوانکراو دەکەینەوە بەبێ دیاریکردنی ناوەڕۆکی، دازاین ڕووبەڕووی تەوانایی خۆی-بۆ-بوون دەبێتەوە. ئەمەش بە گەڕانەوەی دازاین بۆ بوونی مسۆگەردەکرێت. گەڕانەوە-بەرەو-بوون ئەگەرێکی تایبەتی دازاینە، کە ڕووبەڕووی داهاتووی دەکاتەوە. ئەگەر بوونی-ڕووەو-مردنی ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە سەر بە بوونی دازاین بێت، ئەوا ئەم بوونە-ڕووەو-مردنە دەبێت بە ئەگەرێکی داهاتوویی. مەبەست لە داهاتوویی ئەو (ئێستا)یە نییە، کە هێشتا پەیدانەبووە و بۆ یەکەمجار دێتەکایەوە. ئەوەی بیرلێدەکەینەوە هاتنی دازاینە ڕووەو خۆی. چاوەڕوانی ڕەسەنانە دازاین دەکات بە هەبوویەکی داهاتوویی. ئەگەری چاوەڕوانیش دەکەوێتەسەر داهاتووی بوونی دازاین .

[٣٢٦] بڕیاردانی چاوەڕوانکراو لە دازاین، بوونێکی-هەست بە تاوانکەرانەیە؛ واتە دازاین لە بوونیدا هەست بە تاوان دەکات و فڕێدانی بوونی بووە بە بنەما بۆ هیچ. ڕەتکردنی ئەم بارودۆخە تێپەڕبوونێکی ڕەسەنانەیە. ئەمەش دازاین بەو جۆرەی خاوەنی ڕابردوویەتی دەکات بە خاوەنی داهاتووی یان خاوەنی بوونی خۆی. بوونی ڕەسەنانەی دازاین خاوەنی داهاتوویەکی ڕەسەنانەیە. چاوەڕوانکردنی ئەگەری بوونی بە تێگەیشتنەوە بۆ ئەو بوونە دەگەڕێتەوە. تەنیا لە داهاتوویەکی ڕەسەندا بوونی دازاین ڕەسەن دەبێت. بوونی دازاین بە داهاتوویەوە بەستراوە. بڕیاردانی چاوەڕوانکراو بوونی هەنووکەیی 'لەوێدا' بە فاکتۆری بابەتەکانی بەردەستی دەوروبەرەوەوە دەردەخات. بڕیاردانیش لەنێو (ئێستا)دا دەبێت بە بڕیاردان؛ بێ خۆشاردنەوە و بە کردەوە ڕووبەڕووی بابەتەکەی

دەبێتەوە. بڕیاردان، لە گەڕانەوەیدا بەرەو خۆی و ڕووکردنی لە داهاتوو، خۆی لەنێو (ئێستا)دا دەبینێت. بەڵام خەسڵەتی بوونی داهاتووییە و لەو داهاتووەوە ئێستای خۆی دەناسێت. ئەم دیاردەیەش یەکێتییەکی تێدایە، کە ئێستا و داهاتووی پێکەوە گرێداوە و بە (کاتیبوون) ناوزەدیدەکەین. لەبەر ئەوەی دازاین خەسڵەتێکی دیاریکراوی کاتی هەیە، تەوانایی ڕەسەنانەی-بۆ-سەرجەمی-بوونی لە بڕیاردانەکەدا دێتەکایەوە. کاتیبوون دەبێت بە واتای نیگەرانبوونی ڕەسەنانەی دازاین.

ناوەڕۆکی ئەم واتایە لە پێکهاتەی بوونی بڕیاردانی چاوەڕوانکراوەوە دەستمان کەوتووە و بۆ کاتیبوون جۆرە. ئێمە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە واتاکانی 'ڕابردوو'، 'ڕانەبردوو' هەروەها 'داهاتوو'، کە لە چەمکی (کات) لە تێگەیشتنە باوەکەوە پەیدادەبن، دووردەخەینەوە. بەهەمانشێوەش مامەڵە لەگەڵ چەمکەکانی کاتی خۆیەتی، دەرەکی، ناوەکی و بەرزدا دەکەین. مادام دازاین لە بوونی خۆی تێدەگات زۆربەی کات ناڕەسەنە، دەکرێت بەو باوەڕە بگەین، کە تێگەیشتن لە واتای باوی کات دیاردەکەمان پێدەناسێت، بەڵام ئەو چەمکە لە شوێنێکی دیکەوە پەیداکراوە. واتاکەی لە چەمکی ناڕەسەنانەوە هاتووە، کە سەرچاوەی خۆی هەیە و ڕەهەندەکانیشی (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو) سەر بەو کاتە ناڕەسەنن. بەهەرحاڵ، بۆ سەلماندنی بوونی ناڕەسەنانەی کات لەسەر بناخەی بوونی ڕەسەنانەی کاتیبوون دەبێت یەکەمجار بە دروستی کار لەسەر دیاردەکە بکەین، کە تاکو ئێستا بە وردی سەرنجمان نەداوە.

[٣٢٧] ئەگەر بڕیاردان شێوازی ڕەسەنانەی نیگەرانی دروستبکات، ئەمەش لە نێو کاتیبووندا ڕوودەدات، ئەو دیاردەیەی لە بڕیاردانەکەدا

دەیگەینێ لە شێوازی کاتدا دەردەکەوێت و نیگەرانیش دەهێنێتەکایەوە.
سەرجەمی بوونی دازاین، وەکو نیگەرانی واتای بوونێکی-خۆ-ڕەتکەری-نێو-جیهانی-تەنیشت-هەبووەکان دەبەخشێت. تەماشاکردنی ئەم بونیادە ئاشکرایدەکات، کە پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکەمان داوای وەڵامی زۆرترمان لێدەکات و دەبێت بەرەودواوە بگەڕێینەوە تاکو یەکگرتنی سەرجەمی ئەم بونیادە فرەلایەنە دەدۆزینەوە. یەکێتی بنەڕەتی بونیادی نیگەرانیش لەنێو کاتدایە .

"خۆ-ڕەتکردن" بە داهاتووەوە بەستراوە. لە "بوون-لەنێودا..." خەسڵەتی 'هەیە' دەناسرێت. "بوون-لەتەنیشت..." پەیوەندی بە ڕانەبردووەوە هەیە. هەرچەندە لەنێو چەمکی پێش-خۆکەوتندا چەمکی لەپێشتریش دەدۆزرێتەوە، بەڵام نابێت واتاکانیان بە تێگەیشتنی باو لە کاتەوە لێکبدەینەوە؛ ئەمەش لە باسەکەی سەرەوەدا ئاشکرا دەرکەوتوە. لەگەڵ ئەم 'لەپێشتر'ەدا بیر لە شتێکی لەپێشتر [پەیدابوو] ناکەینەوە، کە هێشتا ڕووی نەدابێت و دوایی پەیدا ببێت؛ "ئێستا هەیە" ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە لەپێشتر هەبووە. ئەگەر چەمکەکانی 'لەپێشتر' و "ئێستا هەیە" لەنێو کاتدا واتایەکی دیاریکراویان هەبووایە، ئەوا دەبێت بڵێین نیگەرانی شتێکە 'لەپێشتر' هەیە و لەدوایدا نییە. دەبێت بە ڕووداوێکی کاتی و بوونی دازاینیش بە بابەتێکی-دەرەکی. 'لەپێشتر' و "پێش-خۆکەوتن" ئاماژە بۆ داهاتووی دازاین لەنێو تەوانایی-بۆ-بوونی دەکەن، کە دەبێت بە کێشە بۆی. خۆ-بەپرۆژەکردن "لەپێناوی-بوونی-خۆیدا" لەسەر زەمینەی داهاتوودا ڕادەوەستێت و خەسڵەتێکی سەرەکی بوونگەرانەیە. 'داهاتوو' واتای سەرەکی بوونگەرایەتییانەیە.

[٣٢٨] بەهەمانشێوە، "ئێستا هەیە" واتای بەکاتبوونی هەبوویەکە، کە فڕێدراوەتە[ئێرە]. لەبەر ئەوەی نیگەرانی پەیوەندی بە 'هەبوون'ەوە هەیە، دازاین، وەکو هەبوویەکی فڕێدراو، کە هەیە،[لێرەدا]یە. تاکو دازاین فاکتۆریانە هەبێت هەرگیز نابێت بە ڕابردوو، بەڵکو شتێکە بەو جۆرەی"من-هەم" ئەویش هەیە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو هەبووە بە شتێکی ڕابردوو دادەنرێت، کە لەوە زۆرتر نەبێت بە بابەتێکی-دەرەکی. کەوابوو، دازاین هەیە و نابێت بە فاکتۆری بابەتێکی دەرەکی لەنێو کاتدا پەیدابێت و لەناوبچێت. دازاین هەمیشە، وەکو فاکتۆرێکی فڕێدراو خۆی دەبینێت. لەنێو مەزاجدا بەردەوام بوونی خۆی بە شتێکی هەبوو [ئامادەبوو لەنێو ئێستادا] دەدۆزێتەوە. واتای بوونگەرانەی فاکتۆری لە هەبوونی ئێستادایە. چەمکەکانی 'لەپێشتر' و "ئێستا هەیە" ئاماژە بۆ واتای بوونگەرانەی کات و فاکتۆر لە بونیادی نیگەرانیدا دەکەن، کە ئێمە باسمانکرد .

لەلایەکی دیکەوە، ئەم ئارەزووکردنە بۆ پێکهاتەی سێیەمی نیگەرانی نییە؛ وەکو بوون-لەتەنیشت هەبووەکانە، کە جۆرێکە لە کەوتن. ئێمە ناڵێین، کەوتن پەیوەندی بە کاتەوە دروستناکات؛ ڕانەبردوو دەبێت بە بناخەی کەوتنە نێو ئەو بابەتانەی بەردەست و بابەتە دەرەکییانەوەی ئێمە بۆیان نیگەرانین و لەنێو داهاتووشدا بەردەوام دەبن. بڕیاردانەکە دازاین بۆ بوونی دەگەڕێنێتەوە تاکو ڕەسەنانە 'لەوێدا' بێت و هەڵوێستی خۆی داریبکات. کات یەکێتی نێوان بوون، فاکتۆر و کەوتن دادەمەزرێنێت و لەم ڕووەوە دەبێت بە سەرجەمی بونیادی نیگەرانی. توخمەکانی نیگەرانی کۆنەکراونەتەوە و پێکەوە ڕیزنەکراون، بەهەمانشێوەش

ڕەهەندەکانی 'داهاتوو'، 'ڕابردوو' هەروەها 'ڕانەبردوو'ی کات جووت نەکراون. کات هەبوو نییە، بەڵام کاتیبوونە. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین نەڵێین، "کات هەیە." ...، کە واتای نیگەرانی دەبەخشێت یان کات 'هەیە' و دەتوانین پێناسیبکەین؛ هۆکاری ئەمەش کاتێک ئاشکرا دەبێت، ئێمە بتوانین لە بیرۆکەی بوون و چەمکی (هەیە) بەگشتی تێبگەین. کات کاتیبوونی خۆی لە چەند شێوازێکیدا دەردەخات. ئەو شێوازانەش دەبن بە شێوازی فرەجۆری بوونی دازاین، بەتایبەتی ئەگەری بوونی ڕەسەن و ناڕەسەنانەی ئەون.

[٣٢٩] داهاتوو، خەسڵەتی هەبوو، هەروەها ئێستا لایەنەکانی "ڕووەو-خۆ"، "گەڕانەوە-بۆ" و "ڕووبەڕووبوونەوە-لەگەڵ شتێکدا" دیاریدەکەن. دیاردەکانی، وەکو 'ڕووەو...'، 'بۆ...' و 'لەتەنیشت...'، کات دەکەن بە هەڵچوونێکی ڕەوان و سادە. کاتیبوون لە دەرەوەی-خۆیدا لەنێو خۆیدایە و بۆ خۆیەتی. لەبەر ئەمە دیاردەی داهاتوو خەسڵەتی 'هەبوو' و 'ئێستا'ی هەیە و هەڵچوونێکی کاتیشە. کات پێش ئەمە ناکەوێت و هەبوویەکیش نییە، کە دەبێت لە بوونی خۆیەوە دەرچێت؛ جەوهەرەکەی پرۆسەی بەکاتیبوونە لەنێو یەکێتییە هەڵقوڵاوەکەیدا. بەگوێرەی تێگەیشتنی باو کات زنجیرەیەکی بەردەوامی 'ئێستا'یە و لە سەرەتا و کۆتایش بەدەرە. خەسڵەتی هەڵچونی باسنەکراوە. ئەم باسنەکردنە، لەبەررۆشنایی واتا بوونگەرایەتییەکەدا، پەیوەندی بە ئەگەری جۆرێکی دیاریکراو لە کات هەیە، کە ناڕەسەنانە بەکاتیبوونی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەگەر ئێمە بیسەلمێنین ئەو کاتەی لە ژیانی ڕۆژانەی دازاییندایە بێ بایەخە و کاتی ڕەسەنانە بایەخدارە، ئەوا لەسەر بنەمای ( *a potiori*

*(fit denominatio)* بۆچوونەکەمان بۆ کات جێگیردەبێت. لە ڕیزکردنی ڕەهەندەکانی هەڵچوونی [کاتدا] یەکەمجار داهاتوو دادەنێین تاکو نیشانیبدەین، کە داهاتوو لەنێو کاتی ڕەسەندا لە ڕەهەندەکانی دیکە لەپێشترە. کاتی ڕەسەنانە ڕووەو داهاتووە، تایبەتمەندێتی خۆی دیاریدەکات و لەنێو ئێستاوە دەکەوێتە ڕێ. **داهاتوو دیاردەی سەرەکی و کاتیبوونی ڕەسەنانەیە**. بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی نێو کاتیبوونی ناڕەسەنانە گرنگی داهاتووش دەگۆڕێت. بەڵام وەکو کاتێکی دەرچوو دێتەکایەوە.

[٣٣٠] نیگەرانی بوونە ڕووەو-مردن. ئێمە بڕیاردانی چاوەڕوانکراومان، وەکو بوونێکی ڕەسەنانەی ڕووەو ئەگەری مەحاڵی دازاین پێناسکرد. دازاین لە بوونید+ڕووەو-کۆتایی ڕەسەنانە سەرجەمی بوونی خۆی و فرێدانی بۆ نێو مردن دەبینێت. بوونی دازاینیش ئەو هەبووە نییە لە خۆیەوە کۆتایی بێت و بوەستێت، بەڵکو لە بنەڕەتەوە بوونێکی بڕاوەی هەیە. داهاتووی ڕەسەنی دازاین بە کاتی بڕیاردانی چاوەڕوانکراوییەوە بەستراوە: ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دازاین، وەکو هەبوویەکی بڕاوە خۆی دەردەخات. ئایا پاش نەمانی منیش کات بەردەوام نابێت؟ ئایا هەبووی دیکەش نییە بەرەو داهاتووی خۆی بڕوات؟ ئێمە پۆزەتیڤانە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، بڕانەوەی کات ڕەتناداتەوە. پرسیارەکە سەبارەت شتێک نییە کە ڕوودەدات، لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەبووەکانە لە ئاستی خۆیاندا. بوونی بڕاوەی [دازاین] وەستان نییە و خەسڵەتی بەکاتیبوونە. داهاتووی ڕەسەنانە ڕووکردنی دازاینە لە بوونی خۆی و وەستانە لەبەردەم ئەگەری نەبووندا، ئەگەرێک،

کە ناتوانێت دەستی لێبەردات. خەسڵەتی هەڵچوی داهاتووی ڕەسەن لەوێدایە، کە[دازاین] لە تەوانایی-بۆ-بوون نزیک بکاتەوە؛ داهاتوو ڕووەو ئەو بێت و دازاینیش لە بڕیاردانەکەیدا لە نەبوون تێبگات. ڕووکردنی ڕەسەنانە و سەرەکی لە بوون واتای وەستان لە ئاستی نەبووندا دەبەخشێت. لە بیرۆکەکەماندا لەسەر بڕاوەیی کات ئێمە باسی بەردەوامبوونی کات ناکەین، تەنیا دەڕوانینە دیاردەی کات و لەنێو پڕۆژە دانانی بوونگەرانەی دازایندا دەیناسین.

[٣٣١] هاندرەری تەماشانەکردنی داهاتوویەکی ڕەسەنانە و سەرەکی، هەروەها بڕاوەیی کات یان بیرکردنەوەی پێشوەخت لە مەحاڵبوونی بڕانەوە لەنێو تێگەیشتنی باو لە کاتەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەر تێگەیشتنی باو دروستبێت و کات نەبڕاوە بێت هێشتا ناتوانرێت نەبڕاوەیی کات بسەلمێنرێت و بناسرێت. ئایا گوتەی "کات بەردەوام دەڕوات" یان "کات تێدەپەڕێت" چ واتایەکی هەیە؟ ئایا دەربڕینەکانی، وەکو "لەنێو کاتدا" بەگشتی و دوایی "لەنێو داهاتوودا" و "لە دەرەوەی داهاتوودا" ئاماژە بۆ چی دەکەن؟ بەچ شێوەیەک کات لە کۆتایی بەدەرە؟ دەبێت ئەم خاڵانە ڕوونبکرێنەوە ئەگەر ڕەخنە باوەکان لەسەر بڕاوەیی کات ڕەتبدرێنەوە. ئەم کارەش بە دروستکردنی پرسیارەکە سەبارەت بڕاوە یان نەبڕاوەیی کات بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجام دەدرێت. دروستکردنی پرسیارەکە پەیوەندی بە تێگەیشتنمان لە دیاردەی کاتەوە هەیە. گرفتەکەش لە چۆنییەتی گەیشتن لە بیرۆکەی نەبڕاوەیی کات نییە، کە تیایدا بابەتەکانی بەردەست دێنەکایەوە، لەناودەچن و دەبن بە شتێکی کاتیی و بڕاوە؛ گرفتەکە لە پەیدابوونی

کاتی ناڕەسەنانەدایە لەنێو کاتی بڕاوەی ڕەسەنانەدا. چۆن کاتی ناڕەسەنانە لەنێو کاتێکی بڕاوەدا نە-بڕاوەیی خۆی دادەمەزرێنێت؟ لەبەر ئەوەی کاتی سەرەکی بڕاوەیە کاتە دەرچووەکە خۆی، وەکو نە-بڕاوە دیاریدەکات. لە شێوازی ڕیزکردنی هەبووەکاندا لەنێو تێگەیشتنماندا، خەسڵەتی بڕاوەی کات بەتەواوی دەرناکەوێت تاکو ئێمە بیر لە "کاتێکی لە کۆتایی بەدەر" نەکەینەوە و لەگەڵیدا بەراود نەکرێت.

باسەکەمان سەبارەت کاتی سەرەکی لەم خاڵانەدا ڕووندەبێتەوە. کات، وەکو بەکاتیبوونی کات بنەڕەتییە و دەبێت بە پێکهاتەی نیگەرانی. کات لە جەوهەردا هەڵچوونە. کات لەنێو داهاتوودا بەکاتیبوونی خۆی دەسەلمێنێت. کاتی سەرەکی بڕاوەیە. بەهەرحال، ڕاڤەکردنی نیگەرانی، وەکو کات لەنێو ئەم بوارە تەسکانەدا نابێت گیربخوات هەرچەندە هەنگاو بەرەو سەرجەمی بوونی ڕەسەنانەی دازاینیش دەنێت. تێزەکەمان، کە جەخت لەسەر بەکاتیبوونی دازاین دەکات پێویستە لەسەر ناوەڕۆکی کۆنکرێتی ئەم هەبووەوە بسەلمێنرێت.

## ٦٦ . کاتی دازاین و ئەرکەکانی دووپاتکردنەوەی شیکردنەوەی بوونگەرانە

[٣٣٢] دیاردەی کات لە بۆچوونەکەماندا تەنیا پیویستی بە سەلماندن نییە، بەڵکو لەو سەلماندنەدا زەمینەی ئەگەرەکانی بەکاتبوونی دەناسرێت. هەروەها، لێرەدا ڕاڤە بۆ سەلماندنی ئەگەری بوونی دازاین لەسەر زەمینەی کات دەکەین. دوایی شیکردنەوە کاتییەکە بۆ تەوانایی

ڕەسەنانەی سەرجەمی-بوونی دازاین و خەسڵەتی گشتی بەکاتبوونی نیگەرانی ڕەتدەکەین تاکو بوونی ناڕەسەنانەی دازاین لەنێو کاتە تایبەتییەکەیدا دەربخەین. یەکەمجار، کات لەنێو بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکەدا بینرا. ئەمەش، شێوازی ئاشکرابوونێکی ڕەسەنانەیە، هەرچەندە زۆربەی کات ئاشکراکردن بوونی ناڕەسەنانەی کەوتووی (ئەوان) دەخاتەڕوو. لە دیارکردنی خەسڵەتی کاتی ئاشکرابوون بەگشتی، ئێمە لە کاتی نیگەرانییەکەمان لەنێو-جیهاندا، کە لێمانەوە نزیکە تێدەگەین. ئێمە بوونی مامناوەندی دازاینمان بە هەبوویەکی نێو ژیانی ڕۆژانە ناوزەدکرد. لە دووبارەکردنەوەی شیکردنەوەکەماندا واتای ژیانی ڕۆژانە لەنێو کاتدا ئاشکرادەکەین. بەدڵنیاییەوە، لە بونیادی سەرەکی دازاینیشدا بوونی کاتەکە دەسەلمێنرێت. بەڵام نابێ ڕووکەشانە بە شیکردنەوەکەماندا بچینەوە: ئەگینا باسەکەمان لەسەر کات ڕوو لە جێگەیەکی دیکە دەکات؛ پێویستە پەیوەندییەکان دابمەزرێنین. لەودیو پێویستییەکانی میتۆدەوە خودی دیاردەکە هانماندەدا لە دووبارەکردنەوەکەدا شیکردنەوەی جیاوازی بۆ بکەین. بەردەوامی بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەو هەبووەی، کە منم، لەبوونیدایە چونکە (خۆ)، وەکو جەوهەر نابینرێت و هەبووە. شیکردنەوەکەشمان بۆ (خۆ)ی ناڕەسەنانە یان (ئەوان) دوو جۆر ڕاڤەکردنی بوونی دازاینی ئامادەکردوە.

ئێستا ئەو (خۆ)یەمان بۆ بونیادی نیگەرانی گەڕاندۆتەوە و لەوێوە پەیوەندییەکەیمان لەگەڵ کاتدا باسکردوە. ڕاڤەکردنی بەردەوامبوونی خۆ و نا-خۆ [لەم بۆچوونەوە] گرنگی خۆی هەیە و دەبێت بیردۆزەییانە لێیبکۆڵینەوە. ئەمەش دژی پارالۆجیزمەکان و پرسیارە ئۆنتۆلۆجییە نا

دروستەکان سەبارەت بوونی (من) بەگشتی دڵنیاماندەکات و ڕۆشنایش دەخاتەسەر بونیادی بەکاتیبوونی کات، کە دەبێت بە مێژووی دازاین. دەستەواژەی "دازاین مێژووییە" دەبێت بە داکۆکیکردنێکی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی بنەڕەتی. ئەم داکۆکیکردنە پەیوەندی بە فاکتۆری ئۆنتیکی بوونی دازاین لەنێو "مێژووی-جیهان"دا نییە. مێژووی دازاین زەمینەیە بۆ سەرهەڵدانی ئەگەری تێگەیشتنی مێژوویی و پێشخستنی مێژووناسی، وەکو زانست .

[٣٣٣] ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانە و مێژوو لەبەر ڕۆشنایی کاتدا ئەزمونمان بۆ کات بە پێویست و گونجاو دادەنێت. دازاینیش، کە ئەو هەبووەیە بوونی خۆی دەکات بە کێشە، خۆی [بۆ ئەم مەبەستە] دیار و نادیار بەکاردەهێنێت. لە هەموو بارودۆخێکدا و لە نزیکەوە بە نیگەرانییەوە تەماشای دەوروبەری دەکات. لە بەکارهێنانی خۆی و لەپێناوی خۆیدا، دازاین سود لە خۆی وەردەگرێت. سود لە خۆوەرگرتنیش سود وەرگرتنە لە کات. یەکەمجار، کات لە نیگەرانیدا و بە بیرکردنەوە دەدۆزرێتەوە، کە تەماشای دەوروبەر دەکات. دۆزینەوەکە دەبێتە هۆکاری پێشخستنی کات و بیرکردنەوەکە و ئەوانیش [واتە، کات و بیرکردنەوە] دەبن بە پێکهاتەی بوون-لەنێو-جیهان.

[ئێمە] لە تەماشاکردنی دەوروبەردا بە نیگەرانییەوە بۆ دۆزینەوە و لە بیرکردنەوەدا لەگەڵ کاتەکەی و بابەتەکانی بەردەست و دەرەکییەکانیش، لەنێو کاتدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. هەبووەکانی نێو جیهان دەبن بە "بوونی نێو کات". ئێمە خەسڵەتی کاتی هەبووەکانی نێو جیهان بە "لەنێو-کات" دادەنێین. ئەم جۆرە (کات)ەی ئۆنتیکییانە دەناسرێت دەبێت بە بناخە بۆ

تێگەیشتنی نەرێتییانە و باو لە چەمکی کات. بەڵام کات، وەکو "لەنێو-کات" لە بنەڕەتەوە لەنێو جۆرێک بەکاتیبوونی کات سەرهەڵدەدات. ئەم بنەڕەتەش، واتە ئەو(کات)ەی بابەتە دەرەکییەکان تیایدا پەیدا دەبن و لەناودەچن دیاردەیەکی ڕەسەنی کاتە؛ دانانی دەرەکییانەی "کاتی چەندەکی" لەنێو شوێندا نییە بەو جۆرەی برگسۆن ڕاڤەیدەکات، کە ئۆنتۆلۆجییانە نادیار و نادروستە .

بۆ کارکردن لەسەر کاتی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەدا، لەنێو-کات و مێژوودا دەبێت بڕوانینە فرەلایەنی و ئاڵۆزی ئۆنتۆلۆجی بوونی دازاین. دازاین، کە هەبوویەکە-لەنێو-جیهاندا، فاکتۆریانە لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدایە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. کەوابوو، شەفافییەتی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دازاین لەگەڵ ناسینی بوونی ئەو هەبووایەی دازاین نین، [بۆ نموونە] بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکان مسۆگەردەکرێت. ئەگەر 'هەیە' بۆ هەبووە فرەجۆرەکانیش بەکاربهێنین پێویستیمان بە 'بوون' بەگشتی دەبێت. ئەمەش دەبێت لەپێشتر ڕوونکرابێتەوە. ئەگەر چەمکی 'بوون' نەناسین شیکردنەوە کاتییەکەمان بۆ دازاین، لە دووبارەکردنەوەشیدا، شاراوە و ناتەواو دەردەچێت. شیکردنەوە بوونگەرانە و کاتییەکەمان بۆ دازاین لە دووبارەکردنەوەیدا داوای ڕوونکردنەوەی چەمکی 'بوون'مان لێدەکات.

# بەشی چوارەم

## کات و ژیانی ڕۆژانە

### ٦٧. ناوەڕۆکی بنەڕەتی پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاین و نەخشەی سەرەتایی بۆ ڕاڤەکردنێکی کاتیی ناوەڕۆکەکە

[٣٣٤] شیکردنەوە ئامادەکراوەکەمان دیاردە فرەجۆرەکانی بۆ دەرخستین؛ گرنگیش نییە چەند جەخت لەسەر سەرجەمی بونیادی نیگەرانی دەکەین، نابێت ئەم دیاردانە لە تێڕوانینەکەماندا نەبینرێن و ئاوەڕیان لێنەدرێنەوە. هەروەها پێکهاتەی بوونی دازاین پێویستی بەم دیاردانە هەیە. سەرچاوی ئۆنتۆلۆجی بوونی دازاین لەو شتەی لێوەی دەردەچێت کەمتر نییە و بەڵکو بەو هێزەی هەیەتی زووری دەکەوێت و تێپەڕیدەکات؛ لەبواری ئۆنتۆلۆجیدا دەرچوون لەناوبردنە. ئەگەر ئۆنتۆلۆجییانە بچینە نێو سەرچاوەکەوە بابەتە ئۆنتیکییەکان نادۆزینەوە؛ بەڵکو پرسیار سەبارەت خەسڵەتی هەموو شتێک دەکەین.

پێناسەکەمان بۆ نیگەرانی لەنێو شیکردنەوەکەمان بۆ ئاشکرابوونی بوون (لەوێدا) دامەزرا. ئەم دیاردەیەش هانیداین ڕاڤەکردنێکی کاتی بۆ بوون-لەنێو-جیهان، کە بناخەی سەرەتایی دازاینە بکەین. توێژینەوەکەمان پێویستی بە باسکردنی بوون-لەنێو-جیهاندا بوو تاکو لە سەرەتاوە بواری فینۆمینۆلۆجییانە، کە دژی بۆچوونە نادروستە جیاوازەکانە لەسەر سروشتی دازاین، مسۆگەربکەین. بوون-لەنێو-جیهانیش خەسڵەتی دیاردەی جیهان بوو. ئەم دیاردەیەشمان لەسەر

خەسڵەتی ئۆنتیکۆ-ئۆنتۆلۆجییانەی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکانی (نێو) ژینگە ڕوونکردەوە. دواییش جیهانێتی جیهانمان خستە بەرچاو. بەڵام تێگەیشتن لە جەوهەردا سەر بە ئاشکراکردنە؛ هەروەها بونیادی جیهانێتی و ئاماژەبۆکردن بەو بابەتەوە بەسترابوون، کە تێگەیشتن دەیکات بە پرۆژە، ئەویش تەوانابییە-بۆ-بوون، کە لە پێناویدا دازاین دەژی .

[٣٣٥] پێویستە ڕاڤەکردنی کاتی ژیانی ڕۆژانەی دازاین لەو بونیادانەوە دەستپێبکات، کە ئاشکراکردن پێکدەهێنن: وەکو، تێگەیشتن، مەزاج، کەوتن و گوتار. ئەو شێوازانەی کات لەنێویاندا بەکاتیبوونی خۆی بەرجەستەدەکات دەبێت بەگوێرەی ئەم دیاردانە ڕوونبکرێنەوە و دەبن بە بناخە بۆ پێناسەکردنی کاتی بوون-لەنێو-جیهاندا. ئەمەش ئێمە بۆ دیاردەی جیهان دەگەڕێنێتەوە و ڕێگەمان دەدات سنورەکانی گرفتە کاتییەکانی جیهانبوون بشکێنین. سەلماندنی ئەم خاڵە دەکەوێتە سەر خەسڵەتی شێوازی ژیانی ڕۆژانەی بوون-لەنێو-جیهاندا، کە لە ئێمەوە نزیکە و لەنێو کەوتنەکەدا تەماشاکردنی دەوروبەرە بە نیگەرانییەوە. بەکاتیبوونی ئەم نیگەرانییەش تەماشاکردنەکە بۆ هەستکردن و زەمینەی بیردۆزەیی لەو هەستکردنەدا دەگۆڕێت.

کەوابوو، بەکاتیبوونی بوون-لەنێو-جیهان سەرهەڵدەدات و هەمانکات دەبێت بە بناخە بۆ (شوێن)ی تایبەتی دازاین. هەروەها، پێویستە پێکهاتەی کاتیی شایستەیی و ڕێنماگەری دەربخەین. بەگشتی، ئەم شیکردنەوانە ئەگەری بەکاتیبوونی کاتی نارەسەنانەی دازاین ئۆنتۆلۆجییانە دەردەخەن؛ لەبەردەم پرسیارەکە سەبارەت خەسڵەتی

کاتیی ژیانی ڕۆژانە-واتای کاتیی گوتەی "لە نزیکەوە و زۆربەی کات"، کە بەردەوام بەکاریدەهێنن، ڕاماندەگرێت. لەگەڵ جەختکردن لەسەر ئەم گرفتە دەردەکەوێت ڕوونکردنەوەکەمان بۆ ئەم دیاردەیە تەواو نییە. کەوابوو، بەگوێرەی ئەم خاڵانە ئەم بەشە باسدەکەین: کاتی ئاشکراکردن بەگشتی (کورتەبەشی ٦٨)؛ کاتی بوون-لەنێو-جیهان و گرفتی بەرزێتی جیهان (کورتەبەشی٦٩)؛ باکاتیبوونی شوێن، وەکو خەسڵەتی دازاین (کورتەبەشی٧٠)؛ واتای کاتیی ژیانی ڕۆژانەی دازاین (کورتەبەشی ٧١)

## ٦٨. کاتی ئاشکراکردن بەگشتی

بڕیاردان، پاش دیاریکردنی واتا کاتییەکەی، ئاماژە بۆ ئاشکراکردنی ڕەسەنانەی دازاین دەکات و بوونی (لەوێدا) دیاریدەکات. بەگوێرەی واتا کاتییەکەی خەسڵەتی نیگەرانیش، لەسەر بناخەی لایەنە بنەڕەتییەکانی باسکراوە. بۆ دەرخستنی پێکهاتەی کۆنکرێتی کاتیی دەبێت ڕاڤەکردنی کاتی بۆ توخمەکانی بناخەکەی بکەین و هەر یەکێک لەم توخمانە بە تەنیا ئاوەڕیان لێبدەینەوە؛ کە تێگەیشتن، مەزاج و گوتارن. هەموو تیگەیشتنێک خاوەنی مەزاجە. لە هەموو مەزاجێکدا تێگەیشتن هەیە. ئەو تێگەیشتنەی کەسێک لەنێو مەزاجدا هەیەتی خەسڵەتی کەوتن وەردەگرێت. ئەو تێگەیشتنەی مەزاجییە لەنێو کەوتندا کۆککراوە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ زانیندا لەنێو گوتاردا دروستدەکات. پێکهاتەی کاتی ئەم دیاردانە لە هەموو حاڵەتێکدا ئیمە بەرەو جۆرێک کات

دەگەڕێننەوە، کە ئەگەری تێگەیشتن، مەزاج، کەوتن و گوتار مسۆگەردەکات و لەنێو بونیادەکەشدا پێکەوە گرێیاندەدات.

### ئەلف. کاتی تێگەیشتن

[٣٣٦] تێگەیشتن پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتییە، کە لە زانینەوە، با بڵێین لە باسکردن، هەستکردن یان ناسینێکی بیردۆزەییانەوە پەیدانابێت . تێگەیشتن بوون (لەوێدا) پێکدەهێنێت، کە لەسەر بناخەکەی دازاین دەتوانێت لە بوونیدا ئەگەرەکانی بینین. لە هەموو باسکردنێکدا دازاین بە تێگەیشتنەوە ئەوە دەردەخات، کە کەس تێیناگات؛ هەموو باسکردنێک، کەوابوو، ڕەگی لەنێو تێگەیشتنی دازایندا داکوتاوە. ئەگەر 'تێگەیشتن' بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دابنرێت ئەوا واتای **پڕۆژەدانان بەرەو تەوانایی-بۆ-بوون لەپێناوی ئەوەی دازاین بۆی دەژی، دەبەخشێت**. لە تێگەیشتندا تەوانایی-بۆ-بوونی دازاین بە جۆرێک ئاشکرادەبێت، کە دازاین بە تێگەیشتنەوە تەواناییەکەی خۆی دەناسێت. ئەو ئەمە نەک پاش دۆزینەوەی چەند فاکتۆرێک سەبارەت بوونی، بەڵکو بە هێشتنەوەی خۆی لەنێو ئەگەرە ئۆنتیکییەکانیدا دەزانێت. نەزانینی، لەمحاڵەتەدا، نەبوونی تێگەیشتن نییە، کەمی پڕۆژەدانانەکەیە لەسەر تەوانایی-بۆ-بوون. دەکرێت پرسیار سەبارەت بوون بکرێت؛ ئەگەر بۆ شتێک ئەگەری بوون هەبێت و ئاشکراکردنیش، وەکو پێویستی خۆی بسەپێنێت. کاتێک دازاین لە پڕۆژەداناندا لەسەر ئەگەرە ئۆنتیکییەکانی لە بوونی تێدەگات، ئەمەش بەگەڕانەوە بەرەو خۆی ڕوودەدات، داهاتووش بوونی زۆرتر مسۆگەردەکات. پڕۆژەدانان لە بنەڕەتەوە داهاتوویانەیە؛ لە سەرەتاوە

ئەگەری پرۆژەکە بیردۆزەییانە دەرناخات، بەڵکو خۆی، وەکو ئەگەر دەهاوێتە نێوییەوە. لە هەموو حاڵەتەکاندا دازاین بە تێگەیشتنەوە ڕێگا دەگرێت. بڕیاردانیش شێوازێکی ڕەسەنانە و گرنگی بوون دیاریدەکات. بەدڵنیاییەوە و زۆربەی کات دازاین بڕیاردەر نییە؛ دەرگا لەسەر تەوانایی-بۆ-بوونی دادەخرێت، کە لەوێوە دەتوانێت بەرەو خۆی بگەڕێتەوە و بوونی تاکەکەسی خۆی بناسێت. ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە کات بەردەوام نابێت بە داهاتوویەکی ڕەسەنانە. مەبەست لەم خاڵەش کەمی داهاتوو لەنێو کاتدا نییە، بەڵکو بەکاتیبوونی داهاتوو چەند شێوازێک وەردەگرێت.

[٣٣٧] بۆ داهاتووی ڕەسەنانە چەمکی 'چاوەڕوانکردن' بەکاردەهێنین؛ واتە، دازاینی ڕەسەن بەرەو بوونی خۆی دەڕوات و تەوانایی-بۆ-بوونی دەناسێت. داهاتوو گرەوی خۆی نەک لە ڕانەبردوو بەڵکو لە داهاتووی ناڕەسەنانە دەباتەوە. ئەگەر یەک چەمک بۆ شێوازەکانی داهاتوو بەکاربهێنین و لە یەکدییان جیانەکەینەوە، باشترە "خۆ-تێپەڕکەر"، کە لە بونیادی نیگەرانیدایە، دابنێین. دازاین بەردەوام پێش بوونی دەکەوێت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەیدا چاوەڕوانکردنەکەی نابەردەوامە. ئایا چۆن داهاتووی ناڕەسەنانە لەسەر ئەمە دادەمەزرێت؟ بەو شێوەیەی داهاتووی ڕەسەنانەمان لەنێو بڕیارداندا دۆزییەوە، داهاتووی ناڕەسەنانەش، وەکو لایەنێکی هەڵچووی کات، لەگەڵ گەڕانەوەمان ئۆنتۆلۆجییانە لە تێگەیشتنی ناڕەسەنانەی نیگەرانیمان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرەو واتای بوونگەرانەی کات دەناسینەوە. دازاین، وەکو نیگەرانی پێش بوونی خۆی دەکەوێت. زۆربەی کات بوونی نیگەرانەی-نێو-جیهان بەرانبەر ئەو شتەی

بۆی نیگەرانە لە خۆی تێدەگات. تێگەیشتنی نارەسەنانە بەرانبەر ئەو شتەی دازاین بایەخی پێدەدات یان ئەوەی پێویستە بە پەلە ئاوەڕی لێبدرێتەوە، بە ئاسانی دەستدەکەوێت و لەکاروکاسبی ڕۆژانەدایە خۆی دەکات بە پرۆژە. بەڵام هەموو پرۆژەیەک لەپێناوی تەواناییدایە-بۆ-بوون. تەوانایی دازاین بەرەو بوونی دەگەڕێنێتەوە و لەگەڵ هەبووەکاندا بە نیگەرانییەوە ڕایدەگرێت. گەڕانەوەی دازاین بەرەو تەوانایی-بۆ-بوون لە پەیوەندی بەدەر نییە؛ بە نیگەرانییەوە ڕوو لە هەبووەکان دەکات. ئەو لەو نیگەرانییەوە بۆ ئەو هەبووە ڕوو لە بوونی خۆی دەکات. داهاتووی نارەسەنانە خەسڵەتی 'چاوەڕوانی' هەیە. تێگەیشتن بە نیگەرانییەوە لەنێو (ئەوان)دا بە داهاتووەوە بەستراوە. مادام دازاین فاکتۆری [نێو ژیانی ڕۆژانە] چاوەڕێی تەوانایی-بۆ-بوونی دەکات، ئەوا چاو دەبڕێتە سەرهەڵدانی [ئەگەرەکانی]. ئەم چاوەڕوانییە شێوازێکی چاوەڕوانکردنی کاتی ڕەسەنانەیە. لەم بۆچوونەوە، لە چاوەڕوانکردنی [کاتی ڕەسەنانەدا] بوون —ڕووەو-مردن ئاشکرا دەردەکەوێت.

[٣٣٨] تێگەیشتن، کە لەنێو تەوانایی-بۆ-بووندایە، لە پرۆژەداناندا داهاتووییە. ئەگەر کاتیش نەبێت خۆی ناکات بە ڕەهەندێکی کات و گرنگییەکەش لە ئاستی 'ڕانەبردوو'دا هاوتەراز ناکرێت. لە داهاتووی نارەسەنانەدا شێوازێکی تایبەتی بوون-لەتەنیشت هەبووەکان بە نیگەرانییەوە هەیە؛ ڕەهەندی 'ڕانەبردوو' هەروەها "چاوەڕوانی-شتێک"ی هەیە. بەڵام چاوەڕوانکردن لە بڕیاردانیشدا خاوەنی 'ڕانەبردووە'، کە بڕیاردانەکە هەڵوێستەکەی تیادا دیاریدەکات. لە بڕیارداندا ڕانەبردوو بە تەنیا لە دابڕین لەگەڵ هەبووەکاندا، کە لە ئێمەوە نزیکن و بۆیان

نیگەرانین، نەهاتۆتە بەردەممان، بەڵکو لەنێو داهاتوودا دەیگرین و لەوێدا دەیدەۆزینەوە. ڕانەبردووی نێو کاتی ڕەسەن ناودەنێین "ساتی تێڕوانین". پێویستە واتای ئەم چەمکەش بە چالاکی و لایەنی هەڵچووی کاتەوە ببەستینەوە. واتای بڕیاردانێکی پچڕاو دەبەخشێت، کە دازاین لەنێو هەڵوێستەکەیدا بە ئەگەر و بارودۆخ و هەموو ئەوانەی بە نیگەرانییەوە ڕوویانتێدەکات، دەبەخشێت. ساتێک بۆ تێڕوانین دیاردەیەکە، لەبەر ڕۆشنایی 'ئێستا'دا واتاکەی ڕووناکرێتەوە. 'ئێستا' دیاردەیەکی کاتییە و بەشێکە لە کات: دیاردەیەکە تیایدا هەبوویەک پەیدادەبێت، لەناودەچێت یان بابەتێکی دەرەکییە. لە ساتی تێڕوانیندا هیچ شتێک ڕوونادات؛ بەڵام، وەکو ڕانەبردوویەکی ڕەسەن بۆ یەکەمجار ڕێگەمان بۆ خۆشدەکات ڕووبەڕووی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکان 'لەنێو-کاتێکدا' ببینەوە.[136] ئێمە بۆ جیاکردنەوەی "ساتی تێروانین" لە ڕانەبردووی ڕەسەندا چەمکی "دروستکردنی ئێستا" بۆ ڕانەبردووی ناڕەسەن بەکاردەهێنین.

---

[136] کیرکیگارد یەکەم بیریارە باسی ساتی تێڕوانینی کردبێت. ئەمەش ئەوەناگەیەنێت توانیبێتی بوونگەرانە و سەرکەوتوانە واتاکەی ئاشکرابکات. ئەو لەبەر ڕۆشنایی چەمکی باوی کاتدا واتاکەی لێکدەداتەوە و بە 'ئێستا' و 'هەمیشەیی'یەوە دەیبەستێتەوە. کاتێک کیرکیگارد باسی کات دەکات مەبەستی "بوون-لەنێو-کات"ە. بۆ خوێندنەوەی زۆرتر لەسەر "ساتی-تێڕوانین" بڕوانە:
Karl Jaspers, *Psychologie der Weltan Schauungen*, third unaltered edition, 1925, pp. 108 ff, and further his (Review of Kierkegaard),(ibid., pp. 419-432).

بەگشتی ڕانەبردوو هەموو ئێستایەک دروستدەکات. بەڵام هەموو ڕانەبردوویەک خەسڵەتی "ساتی تێڕوانین" نییە. کاتێک چەمکی "دروستکردنی ئێستا" بە دابڕاوی بەکاردەهێنین بیر لە [ئێستا]یەک دەکەینەوە، کە بڕیاردان و ساتی تێڕوانینی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتوە. لەگەڵ ڕاڤەکردنی کەوتنی [دازاین] بۆ نێو جیهان و نیگەرانییەکەیدا واتاکەی دەردەکەوێت. بەو ڕادەیەی تەوانایی-بۆ-بوون نارەسەنانە لەسەر هەبووەکان کراوە بە پڕۆژە، کە دازاین بۆیان نیگەرانە، ئەوا تێگەیشتنەکەی دەبێت بە دیاردەیەکی کاتی 'دروستکراوی ئێستا'. ساتی تێڕوانین بەم شێوەیە پڕۆژە دانانێت و ڕوو لە داهاتوویەکی ڕەسەن دەکات.

[٣٣٩] تێگەیشتنی نارەسەنانە لە شێوازی کاتدا خۆی بەرجەستەدەکات و ڕانەبردوو دەکات بە چاوەڕوانی بۆ ئەوانەی لە بوونیاندا هەموو ڕەهەندەکانی کات یەکیانگرتووە و دەبن بە هەبوو. هەمانکات گەڕانەوەی ڕەسەنانەی ڕووەو خۆ لە بڕیاردانی چاوەڕوانکراودا گەڕانەوەیە بەرەو بوونی فڕێدراوی تاکەکەسی. یارمەتی دازاین دەدات بڕیار لەسەر بوونی بدات. لەمجۆرە چاوەڕوانیکردنەدا دازاین لەئاستی تەوانایی-خۆی-بۆ-بوون ڕادەوەستێت.

ئێمە ئەم هەبووە ڕەسەنە ناودەنێین 'دووبارەبوونەوە'. بەڵام، کاتیک دازاین نارەسەنانە لە بایەخدانی بە ئێستاوە ئەگەرەکانی دەکات بە پڕۆژە، هۆکاری هەڵسوڕانی ئەم کارە لەوەدایە، کە دازاین تەوانایی خۆی-بۆ-بوون لەبیرچووە. ناکرێت ئەم لەبیرچوونە بە هیچ دابنرێت و سەرنەکەوتنی دازاینیش لە بیرکەوتنەوەدا نییە؛ خەسڵەتێکی پۆزەتیڤی

بوونی دازاینە بەو شێوەیەی هەیەتی. بیرچوونەکە خەسڵەتی پاشگەزبوونەوە لەوەی دازاین هەیەتی، تێدایە. بیرچوونەکە لە بابەتەکەی پاشگەزدەبێتەوە و دەرگاکان لەسەر خۆی دادەخات. بیرچوون، وەکو شێوازی ناڕەسەنانەی هەبوون پەیوەندی بە بوونی فڕێدراوی دازاینەوە هەیە؛ واتای کاتیی ئەو بوونەیە، کە لە نزیکەوە و زۆربەی حاڵەت شێوازی هەبووی منە. لەسەر بناخەی لەبیرچوونەکە [دازاین] دەتوانێت ئێستای دروستبکات و چاوەڕوانییەکەشی هەبووەکان بپارێزێت. بەرانبەر ئەم پاراستنەش نە-پاراستن، کە جۆرێک لەبیرچوونی دەرهێنراومان پێدەناسێت، ڕادەوەستێت.

بەوشێوەیەی چاوەڕوانی لەسەر بناخەی چاوەڕوانیکردن [بەگشتی] دادەمەزرێت، بیرکەوتنەوە لە بیرچوونەوە پەیدادەبێت و ئەمەش بەپێچەوانەوە ڕوونادات؛ لە شێوازی بیرچووندا دازاین هەبووی خۆی بە ونبوویی لەنێو نیگەرانییە ڕووکەشییەکەیدا بۆ هەبووەکان ئاشکرادەکات و دەتوانێت بیری ئەو شتانەی بکەوێتەوە.

ئەو چاوەڕوانییەی بیرچوونی تێدایە و ئێستا دروستیدەکات یەکگرتنی ڕەهەندەکانی کات بە ڕادەیەک و بەگوێرەی تێگەیشتنە ناڕەسەنە کاتییەکە پێکهێناوە. ئەم یەکگرتنە بوارەکانی تەوانایی ڕەسەن-بۆ-بوون دەبەستێت و دەبێت بە مەرجێکی بوونگەرانە بۆ ئەگەری بڕیارنەدان. لەگەڵ ئەمەشدا تێگەیشتن ناڕەسەنانە لە نیگەرانی لەبەر ڕۆشنایی ئێستادا بایەخ بە هەبووەکان دەدات، بەڵام کاتی تێگەیشتن بە سەرەکی لە داهاتوودایە.

**با. کاتی مەزاج**

[٣٤٠] تێگەیشتن جوڵانێکی لەخۆڕا نییە و هەمیشە بە مەزاجەوەیە. بوون (لەوێدا) لە ڕێگەی مەزاجەوە ئاشکرا یان شاراوەدەبێت. مەزاج بوونی دازاین بە فڕێدراوی بە جۆرێک دەردەخات، کە خودی فڕێدانەکە ناناسرێت و ئەوەی دازاین هەستیپێدەکات "چۆنییەتی بوونێتی". بوونگەرانە، و "بوونی فڕێدراو" واتای هەبوویەکی خاوەن مەزاج دەبەخشێت. کەوابوو، مەزاجی کەسێک دەکەوێتە سەر بوونی فڕێدراوی ئەو. مەزاجی من نوێنەری بارودۆخی بوونی فڕێدراوم دەکات. چۆن پێکهاتەی کاتیی مەزاج دەردەکەوێت؟ چۆن یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتی دازاینێک ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندی بوونگەرانەی نێوان تێگەیشتن و مەزاج؟ مەزاج دازاین لە بوونی خۆی دووردەخاتەوە، بەرانبەر "ئەو-بوونەی-هەیەتی" و فڕێدراوە ڕاستەوخۆ ڕایدەگرێت؛ هەندێکجار ڕەسەنانە و جاری دیکەش ناڕەسەنانە بوونی ئاشکرادەکات.

یەکەمجار دازاین هەست بە بوونی خۆی بەو شێوەیەی 'هەیە' و فڕێدراوە ناکات؛ هەڵچوونی کاتی شێوازی هەیەتی لە سەرەتاوە یارمەتی دەدات لە مەزاجەکەدا هەوڵی خۆ دۆزینەوە بدات. لە بنەڕەتەوە، تێگەیشتن بە داهاتووەوە بەستراوە؛ مەزاجیش سەر بە کاتی شێوازی ئەو بوونەیە، کە [ئێستا] هەیە. کاتی مەزاجیش ئێستا و داهاتووی هەیە، بەڵام سەر بەو بوونەی دازاینە، کە 'هەیە'.

ئێمە جەختمان لەسەر ئەو خاڵەکرد، کە مەزاجەکان ئۆنتیکییانە دەناسین، بەڵام ئەرکی بوونگەرانەی ئەوان باسنەکراوە. بەو ئەزمونانە دادەنرێن، کە توشی دازاین دەبن، تێدەپەڕن و "بارودۆخی دەروونی" ئەو

ڕەنگدەکەن. هەر شتێک بەمجۆرە ببینرێت، کە دێت و دەڕوات سەر بە هەبوویەکی بەردەوامە. ئایا مەزاجەکان چ خەسڵەتێکی هاوبەشیان لەگەڵ (کات)دا هەیە؟ ئەزموونەکانی [مەزاج] لەنێو کاتدا سەرهەڵدەدەن و لەناو دەچن. بەڵام هێشتا سەلماندنی پەیوەندییەکە بەمجۆە کەمە و ئێمە دەتوانین ئۆنتیکۆ-سایکۆلۆجییانەش دایبمەزرێنین. ئەرکی ئێمە، بەهەرحاڵ، دیاریکردنی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی مەزاجە لەنێو پێکهاتەی کاتیێ-بوونگەرانەدا. لێرەوە دەتوانین باسی کاتی مەزاج بکەین. ئەو تێزەی مەزاج دازاین لەسەر زەمینەی هەبووی [ئێستا] ڕادەگرێت ئەو واتایاش دەبەخشێت، کە خەسڵەتی بوونگەرانەی مەزاج لەوەدایە بۆ شتێک دەگەڕێنێتەوە. گەڕانەوەکە ئەوەی ئێستا هەیە پێکناهێنێت؛ بەڵکو لە هەموو مەزاجێکدا جۆریک (ئێستا هەیە)، کە بۆ شیکردنەوەی بوونگەرانە دێتەکایەوە. ئەگەر بمانەوێت ڕاڤەیەکی کاتی بۆ مەزاج بکەین مەبەستمان دەرهێنانی مەزاج لەنێو کاتدا نییە، تاکو بە دیاردەیەکی کاتی بناسرێت. دەیسەلمێنین، کە بەبێ زەمینەی کات مەزاجەکان مەحاڵن و ناتوانن لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئاماژە بۆ هەبووەکان بکەن. [لێرەدا] ڕاڤەکردنە کاتییەکەمان بۆ دیاردەکانی ترس و دوودڵی تەرخاندەکەین، کە لەپێشتریش بسمانکردن.

[٣٤١] شیکردنەوەکەمان بە کات بۆ ترس دەستپێدەکەین.[137] ترس مەزاجێکی ناڕەسەنانەیە. بە چ ڕادەیەک واتای بوونگەرانەی ئەم مەزاجە

---

[137] بڕوانە کورتەبەشی (٣٠)ی ئەم نوسراوە.

لەوەدایە، کە هەیە؟ چ ڕەهەندێکی کات ئاماژەی بۆ دەکات؟ ترس هەستکردنە لە ئاستی شتێکی هەڕەشەکەر لە فاکتۆری تەوانایی-بۆ-بوونی دازاین. ترس شتێکی هەڕەشەکەر لە ژیانی ڕۆژانەدا لەنێو بەستێنی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکاندا ئاشکرادەکات. ئایا ئەم هەستکردنە ئاشکراکردنی شتێک نییە، کە ڕووەو [هەستکەرەکە] دێت؟ ئایا بە دروستی پێناسەی ترسمان، وەکو "چاوەڕوانیکردنی شتێکی خراپ" نەکردووە؟ ئایا داهاتوو، نەک ئێستای هەبوو، کاتی ترس نییە؟ ترس تەنیا لە سەرهەڵدانی بابەتەکەیدا پەیوەندی بە داهاتووەوە دروستناکات؛ بەڵکو خودی پەیوەندییەکەش داهاتوویيە و گومان لەم پەیوەندییە ناکرێت. دەردەکەوێت چاوەڕوانی سەر بە پێکهاتەی بوونی-کاتی ترس بێت. ئەمەش کاتی ترس دەکات بە ناڕەسەن. ئایا ترس لە ئاستی شتێکدا چاوەڕوانییە؟ ئەوەی لە داهاتوودا چاوەڕوانی هەڕەشەکردنی لێدەکرێت ترس نییە، ئەوەندەش لە ترسەوە دوورە، کە خەسڵەتی ترسی پێنادرێت. لە ترسدا چاوەڕوانییەکە بابەتە هەڕەشەکەرەکە و ڕووەو تەوانایی-بۆ-بوون فاکتۆریانە دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر ئەوەی هەڕەشەی لێدەکرێت و ڕوو لە مەترسیەکەدەکات (من) بم، دازاین خۆی لە ئاستی هەڕەشەکردنەکەدا دەبینێت. ئەو چاوەڕوانییەی بە هۆکاری ترسەکەوە سەرهەڵدەدات مەترسی لە خۆی هەیە؛ واتە، ترسە لە ئاستی شتێکدا و ترسە لە شتێک؛ لێرەدا ترس دەبێت بە مەزاج و کاریگەر دەبێت. کاتێک تاکێک خۆی بە بابەتەکانی-بەردەستەوە ماندوودەکات و هەڕەشە لە بوونی-لەنێو-جیهاندا دەکرێت تەوانایی-بۆ-بوونی فاکتۆریانە دەردەکەوێت. لەبیرچوون بوونی کاتی ترس

پێکدەهێنێت: کە دازاین بە شپرزەییەوە لە تەوانایی-بوونی-ڕادەکات، چونکە بوونی-لەنێو-جیهاندا و نیگەرانبوونی بۆ بابەتەکانی-بەردەستی هەڕەشەیان لێدەکرێت.

[٣٤٢] ئەریستۆ بە دروستی پێناسەی ترس، وەکو خەم و شپرزەیی دەکات.[138] ئەم خەمە بە زۆر دازاین بۆ نێو بارودۆخی فڕێدراوی دەگەڕێنێتەوە. شپرزەبوونەکە لەسەر بیرچوون ڕادەوەستێت. کاتێک مرۆڤ شتێکی لەبیردەچێت و خۆی لە تەوانایی-بۆ-بوون دووردەخاتەوە، کە دەبێت بڕیاری بۆ بدات، پەنا بۆ ئەگەرەکانی خۆ-پاراستن و خۆدزینەوە دەبات. کاتێک نیگەرانی دەبێت بە ترس لە شتێکەوە بۆ سەر شتێکی دیکە بازدەدات چونکە خۆی لەبیردەچێت و ناتوانێت سەقامگیربێت. هەموو ئەگەرێک بە ئەگەرە مەحاڵەکانیشەوە لەبەردەمیدا سەرهەڵدەدەن.

ئەگەر مرۆڤ بترسێت لە ئاستی هیچیاندا ڕاناوەستێت؛ دەوروبەرەکەی لەناوناچێت، بەڵام بەبێ ڕێگە دۆزینەوە خۆی تیایاندا دەبینێت. لەم شپرزەبوونەدا مرۆڤ لەنێو ترسەکەدا خۆی لەبیردەکات. بۆ نموونە، ئەوانەی خانوەکەیان ئاگردەگرێت [لە شپرزەییدا] دەست بۆ ئەو شتانەش دەبەن، کە بێ بایەخن و دەیانەوێت لە سوتان بیانپارێزن. ئەو کاتەی

[138] هایدیگەر لە دەقە ئەڵمانییەکەدا ئەم دوو چەمکەی بە یۆنانی داناوە (لوپاتیس و هیتاراکە)، کە واتای خەمخواردن، خەمۆکی و شپرزەیی یان ئاڵۆزی دەبەخشن. هەروەها بۆ ئەم پێناسەیەی ئەریستۆ بڕوانە:
Aristotle, *Retorica*, B5, 1382a-21. (م.ک)

مرۆڤ خۆی لەبیردەچێت کۆمەڵێک ئەگەری بێ بایەخی تێکەڵ لەبەردەمیدا سەرهەڵدەدەن شپرزەییەکەی دەبێت بە پێکهاتەی مەزاجی ترس. لەبیرچوونەکەش بەم شپرزەییەوە گۆڕانکاری بەسەر چاوەڕوانییەکەدا دەهێنێت و دەیکات بە چاوەڕوانییەکی خەمۆکی، کە لە جۆری چاوەڕوانیکردنی ڕووتەوە جیاوازە.

یەکێتییەکی کاتی بۆ سەرهەڵدانی ئەگەری ترس لەبیرچوونەکەدا دروستدەبێت، کە شێوازی (ئێستا-هەیە) وەردەگرێت و ئێستا و داهاتووش دەگۆڕێت. کاتی ترس لەبیرچوونی چاوەڕوانییەکەی ئێستایە. لەم بۆچوونەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتەکانی نێو جیهان ڕاڤەکردنە گشتییە باوەکە ڕایدەگەیەنێت، کە ترس ئاماژە بۆ "هاتنی خراپ" دەکات و ئێمەش پەیوەندییەکەمان بەو خراپەیەوە بە 'چاوڕوانی' ناوزەدەکەین. ئەوەی دەکەوێتە ئەودیو ئەم دیاردەیەشەوە "هەستکردنە بەچێژ و ئازار".

[٣٤٣] لە چ ڕوویەکەوە کاتی دوودڵی پەیوەندی بە کاتی ترسەوە هەیە؟ ئێمە دیاردەی دوودڵیمان بە مەزاجێکی بنەڕەتی دانا.[139] دوودڵی دازاین بۆ بوونی-فڕێدراوی دەگەڕێنێتەوە و ڕاستگۆیانە لەبەردەم ژیانی ڕۆژانەی لەنێو-جیهاندا ڕایدەگرێت. دوودڵی، وەکو ترس، خاوەنی بابەتێکە، کە دازاین ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لە ئاستیدا دوودڵە. شیکردنەوەکەشمان جۆرە ڕێکەوتنێکی لەنێوانیاندا دەرخست. ئەمەش هەردووکیان لەسەر

---

[139] بڕوانە کورتەبەشی (٤٠)ی ئەم نوسراوە.

یەکجۆر بونیاد دانامەزرێنێت. ڕێکەوتنەکەیان لەسەر بوونی دازاین ڕادەوەستێت. بابەتی دوودڵی شتێکی دیاریکراو نییە، کە مرۆڤ بۆی نیگەرانە؛ هەڕەشەکردنەکەش لە بابەتێکی-بەردەست یان دەرەکییەوە دەرناچێت. کەلوپەلەکانی دەوروبەرمان هیچ ڕۆڵێکی تێدا نانوێنن.

ئەو جیهانەی منی تێدایە بێبایەخ خۆی دەردەخات؛ لەنێو ئەم جیهانەدا، کە بەم شێوەیە دەردەکەوێت بابەتەکانی [بۆ دازاین] گرنگێتی نیشانناەدەن. دوودڵی، [کەوابوو] هەستکردنە لە ئاستی (هیچ) نەبوونی جیهان؛ بەڵام ئەم هەستکردنە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە لە ئەزمونەکەماندا ئامادەبوونی بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان نابینین. تەنیا نامانەوێت خۆمانیان پێوە خەریک بکەین. چاوەڕوانییەکەمان بە نیگەرانییەوە هیچ شتیک نادۆزێتەوە لێیتێبگەین؛ (هیچ) نەبوونی جیهان دەدۆزێتەوە. بەڵام، کاتێک تێگەیشتنمان ڕوو لە جیهان دەکات لە ڕێگەی دوودڵییەوە بۆ بوون-لەنێو-جیهان دەڕوات. بوون-لەنێو-جیهان ئەو بابەتەیە، کە دوودڵی لە ئاستیدا دوودڵە. دوودڵی لە ئاستی...خەسڵەتی چاوەڕوانی بۆ شتێکی چاوەڕوانکراو نییە. هەڵبەتە، خودی دازاین، ئەو شتەیە، کە دوودڵی لەئاستیدا و (لەوێدا) دوودڵە. ئایا لێرەدا داهاتوو نابێت بە پێکهاتەی دوودڵی؟ بەدڵنیاییەوە؛ بەڵام ئەمە داهاتوویەکی ناڕەسەنانەی چاوەڕوانی نییە.

دوودڵی ناگرنگی جیهان دەردەخات؛ ناگرنگییەکەش هیچبوونی ئەوەیە مرۆڤ بۆی نیگەرانە یان مەحاڵبوونی پرۆژەدانانە لەسەر تەوانایی-بۆ-بوون، کە لە نیگەرانبوون بۆ هەبووەکاندا دەدۆزێتەوە. مەحاڵبوونەکەش ئاماژە بۆ ئەگەری تەوانایی-ڕەسەن-بۆ-بوون دەکات و بەرجەستەی

دەکات. ئایا واتای کاتیی ئەم دەرکەوتنە چییە؟ دوودڵی هەستکردنە بە ڕووتەڵەیی دازاین، وەکو هەبوویەک فرێدراوەتە نێو ڕاستگۆییەوە. دازاین بۆ تاکەکەسی و ئەوەی هەیە دەگەڕێتەوە. گەڕانەوە کە خەسڵەتی خۆ-دزینەوە، بیرچوون و بیرکەوتنەوەشی نییە. تەنیا ئەوە دەگەیەنێت، دازاین بڕیار لەسەر بوونی خۆی دەدات؛ دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەگەری بوونی فرێدراوی، کە دەکرێت دووبارە ببێتەوە. لەمڕووەوە، ئەگەری تەواناییی ڕەسەن-بۆ-بوون دەردەخات، کە بە دووبارەکردنەوەی بۆ (ئێرە) دەگەڕێتەوە، بەڵام گەڕانەوەکەی خەسڵەتی داهاتوو وەردەگرێت. ئەوەی ئێستا هەیە دەبێت بە پێکهاتەی مەزاجی دوودڵی؛ مرۆڤیش بەردەوام لەبەردەم بوونی خۆیدا ڕادەگرێت ئەم چەندبار بوونەوەیەش خەسڵەتی شێوازی هەڵچوونی [کاتی] ئەوە.

[٣٤٤] بیرچوون، کە خەسڵەتی ترسە، دازاین شپرزەدەکات و لەنێوان ئەگەرە نەگیراوەکانی نێو جیهاندا سەری لێدەشێوێنێت. بەپێچەوانەی ئەم ڕانەبردووە نەگیراوەوە، ڕانەبردووی دوودڵی دەگیرێت و دازاین تیایدا بەرەو بوونی فرێدراوی خۆی دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی واتا بوونگەرایەتییەکەی، دوودڵی لەنێو ئەو بابەتانەی [دازاین] بۆیان نیگەرانە وننابێت. ئەگەر ئەمە لەنێو مەزاجدا ڕووبدات مەزاجەکە دەبێت بە ترس، کە لە تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانەدا [بە هەڵە] بە دوودڵی دادەنرێت.[140]

هەرچەندە ڕانەبردووی دوودڵیش دەگیرێت، بەڵام خەسڵەتی (ساتی)ی

---

[140] زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەدا چەمکەکانی ترس و دوودڵی بە هەڵە بەکاردەهێنین. کەسێک دەڵێت دەترسم لە پرۆژەکەمدا سەرنەکەوم. لێرەدا پرۆژەکە داهاتوویە و

لەنێو کاتی بڕیاردانەکەدا نییە. دوودڵی دازاین دەخاتە نێو مەزاجی ئەگەری بڕیاردانەوە. ڕانەبردووی دوودڵی تێڕوانینێکی (ساتی)یە بۆ ئامادەبوون؛ لەم بۆچوونەوە، ئەو ساتە دەبێت بە ئەگەر.

کاتی دوودڵی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە؛ چونکە دوودڵی لەسەر زەمینەی ئەوەی هەیە ڕادەوەستێت و لەوێوە ڕانەبردوو هەروەها داهاتوو دەردەکەون. ئەم کاتە تایبەتەش خاوەنی هێزێکە، کە تەنیا لە دوودڵیدا پەیدادەکرێت. ئەم هێزە دازاین ڕووەو بوونی ڕووتەڵە و ڕاستگۆ دەبات و لە ئاستیدا سەرسام دەبێت. سەرسامبوونەکەش تەنیا لەنێو ئەگەرە جیهانییەکانەوە بەرەو بوونی پەلکێش ناکات، هەمانکات ئەگەری تەوانایی ڕەسەنی-بۆ-بوون پێدەدات.

ئەم دوو جۆرە مەزاجە؛ ترس و دوودڵی، لەنێو شەپۆلی ئەزمونەکاندا، بە دابڕاوی بێ پەیوەندی سەرهەڵنادەن؛ هەریەکێک لە ئەوان جۆرێک تێگەیشتن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەکایەوە. ترس پەیوەندی بە بابەتەکانی دەوروبەرەوە هەیە، کە[دازاین] بۆیان نیگەرانە. دوودڵیش لەنێو بوونی دازاینەوە هەڵدەقوڵێت. ترس لەنێو جیهانەوە ڕوومانتێدەکات و داگیرمان دەکات. دوودڵی لەنێو بوون-لەنێو-جیهان، وەکو شتێکی فڕێدراوی بوون-ڕووەو-مردن پەیدادەبێت. ئەم پەیدابوونەش، لە ڕووی تێگەیشتنمان لەو

---

هێشتا دانەمەزراوە یان بە کۆتایی نەگەیشتوە تاکو ئەو کەسە لە سەرنەکەوتن بترسێت. ترس بەرانبەر فاکتۆرێک لە (ئێستا)دا دروستدەبێت. بۆنموونە، من لەو مارە زەهراوییە دەترسم، کە هاتۆتە نێو ژوورەکەم، بەڵام لە ئاستی بڕیاردان لەسەر پڕۆژەیەکی داهاتوومدا دوودڵم. (م.ک)

کاتەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە لە دوودڵیدا ڕانەبردوو و داهاتوو لەسەر زەمینەی ئەوەی هەیە دادەمەزرێن و دازاین بەرەو بوونی خۆی دەگەڕێننەوە. بەڵام، بڕیاردانی ڕەسەنانە بۆ سەرهەڵدانی دوودڵی پێویستە. کەسێک خاوەنی بڕیار بێت نەترسە و تێدەگات، کە دوودڵی شپرزەی ناکات و نابێت بە ڕێگری. دوودڵی دازاین لە (هیچبوونی) ئەگەرەکان ڕزگاردەکات و ڕەسەنانە ڕوویانتێدەکات.

[٣٤٥] هەرچەندە ترس و دوودڵی، کە مەزاجن، پەیوەندییان بە (ئێستا-هەیە)وە هەیە، بەڵام لە ڕووی بەکاتیبوونیانەوە بەتایبەتی لەنێو کاتیبوونی نیگەرانیدا دوو سەرچاوەی جیاوازیان هەیە. دوودڵی لەنێو بڕیاردانی داهاتووەوە دەردەچێت و ترسیش لە ڕانەبردوویەکی ونبووەوە، کە ترس لە ئاستیدا ڕادەوەستێت، دەبێت بەنێچیری.

ئایا تێزەکەمان لەسەر کاتی مەزاج تەنیا بۆ ئەو دیاردانە جۆرە، کە هەڵمانبژاردوون؟ چۆن واتای کاتیی بۆ کەمی و بێ ڕەنگی مەزاج لەنێو (ژیانی ڕۆژانەی بۆر)دا بدۆزینەوە؟ ئایا کاتی ئەو مەزاجانەی، وەکو هیوا، خۆشی و جۆش چییە؟ مەزاجەکانی دیکەش، وەکو ترس و دوودڵی پەیوەندییان بە (ئێستا-هەیە)وە هەیە؛ ئەمەش زۆرتر لەگەڵ مەزاجی خەم، پەژارە و زوێریدا ئاشکرادەبێت.

بێگومان پێویستە لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ دازاین کار لەسەر ئەمانیش بکەین. دیاردەیەکی، وەکو هیوا، کە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە دەبێت، وەکو ترس شیبکرێتەوە. هیوا چاوەڕوانییە و پەیوەندی بە (*bonum futurum*)وە هەیە و لە ترس جیا

دەکرێتەوە، کە ڕوو لە (*malum futurum*) دەکات. [141] بەڵام خەسڵەتی داهاتوویی بۆ بونیادی هیوا هێندەی واتای بوونگەرانەی ئەم دیاردەیە گرنگ نییە. خەسڵەتی ئەم مەزاجە بۆ دەستکەوتنی شتێک بۆ خودی دازاین لە هیوادایە. هیوادار بوونی خۆی دەخاتە نێو هیواکەوە و ڕووبەڕووی بابەتی هیواکەی دەبێتەوە. لێرەدا، هیوادارەکە دەبێت بە بوونی خۆی گەیشتبێت. کاتێکیش دەڵێیین، هیوا مرۆڤ لە دوودڵی ڕزگاردەکات هێشتا پەیوەندی بە بارگرانی-ئەوەی ئێستا-هەمانە ناپچڕێنێت. بەرزدانانی مەزاجەکان ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر زەمینەی ڕەهەندە کاتییەکانی بوونی فڕێدراوی دازایندا دەگونجێت.

کەمی و بێ ڕەنگی مەزاجی گوێپێنەدان بە هەبووەکان، کە پەیوەندی بە هیچ شتێکەوە نییە و لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەشدا دەگوزەرێت، هەمانکات، هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت و هێزی لەبیرچوونیش دەسەلمێنێت. ژیان لەگەڵ هەبووەکاندا و دەرخستنیان بەو شێوەیەی هەن جۆرێکە لە خۆ-لەبیرچوون و وازهێنان لەخۆ لەنێو بوونە فڕێدراوەکەدا. گوێپێنەدان لە ماندوبوونی دازاینەوە لە نوکی پێیەوە تاکو سەری جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ تووڕەنەبووندا هەیە. توڕە نەبوون بڕیاردانە، کە دازاین لەوێوە دەڕوانێتە بارودۆخەکانی تەوانایی-بۆ-بوون بەگشتی، کە لەچاوەڕوانیکردنماندا بۆ مردن دەردەکەوێت.

---

[141] ئەم دوو چەمکە لاتینین. (بۆنوم)-واتە چاک و (مانوم)-خراپ. داهاتوو (هیوا) چاکە و ترسیش-خراپ. (م.ک)

[٣٤٦] ئەو هەبووەی، بەگوێرەی واتای بوون، خۆی لەنێو مەزاجدا دەدۆزێتەوە، ئێستا هەیە و بەردەوام مەزاج کاریتێدەکات. ئۆنتۆلۆجییانەش، کارتێکردنەکە پێویستی بە دروستکردنی ڕانەبردوو هەیە و لەوێوە دازاین بۆ بوونی خۆی دەتوانێت بگەڕێتەوە. هەروەها، پێناسەکردنی چۆنییەتی وروژاندن و دەستدان لە هەستەکان لەو هەبووانەدا، کە خاوەنی ژیانن، چۆن و لە کوێدا ئاژەڵەکان، بۆنموونە، لەنێو جۆرێک (کات)دا پێکدێن، ئۆنتۆلۆجییانە بە گرفتی دەمێنێتەوە.

## جیم. کاتی کەوتن [142]

ئێمە لە ڕاڤەکردنەکەمان بۆ کاتی تێگەیشتن و مەزاج باسی ڕەهەندی کاتی هەریەکێک لەوانەمان کرد و توشی (کات) بەگشتیش بووین. بەو شێوەیەی تێگەیشتن پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە و مەزاجەکانیش بە ئێستای-هەبووەوە، توخمی سێیەمی بونیادی نیگەرانیش، کە کەوتنە، سەر بە ڕانەبردووە. لە باسکردنی پێشوماندا لەسەر (کەوتن) بە گوتاری لەکارکەوتوو، خۆتێهەڵقورتاندن و ئاڵۆزی ڕاڤەکردنەکەمان دەستپێکرد.[143] لە شیکردنەوەی کات بۆ کەوتن هەمان ڕێگە دەگرینەبەر. بەڵام زۆرتر جەخت لەسەر خۆتێهەڵقورتاندن دەکەین چونکە بە هۆیەوە کاتی (کەوتن) چاکتر دەناسرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، شیکردنەوەکەمان بۆ گوتاری

---

[142] بڕوانە کورتەبەشی (٣٨)ی ئەم نوسراوە.

[143] بڕوانە کورتەبەشی (٣٥)ی ئەم نوسراوە.

لەکارکەوتوو هەروەها ئاڵۆزی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی کاتی گوتار و ڕاڤەکردن لەپێشخۆیدا هەیە.

[٣٤٧] خۆتێهەڵقورتاندن هەڵوێستێکی دیاربووی بوونی دازاینە، کە تیایدا بایەخ بە تەواناییِ-بۆ-بینین دەدات.[144] وەکو چەمکی تێڕوانین، بینین بە ئاگامەندییەوە لە ڕێگەی چاوەکانی لەشەوە سنوردار نەکراوە. ئاگامەندی بە واتا بەرفراوانەکەی ڕێگە بە بابەتەکانیِ-بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان دەدات بە هۆی (تەن)یانەوە خۆیان نیشانبدەن. ئەم ڕێگەپێدانەش پەیوەندی بە ڕانەبردووەوە هەیە. ڕانەبردوو، بەگشتی، بواری ئامادەبوونی تەنەکانە.[145]

پێویستە بزانین، خۆتێهەڵقورتاندن ڕانەبردوو ناکات بە بابەتێکیِ-دەرەکی تاکو لییتێبگات؛ ئەو تەنیا دەیەوێت لە پێناوی بینیندا ببینێت. لەبەر ئەوەی بە ڕانەبردووەوە ئالاوە خۆتێهەڵقورتاندن یەکگرتن لەگەڵ (ئێستایِ-هەیە) و داهاتووشدا دادەمەزرێنێت. پەلاماردانی شتێکی نوێ ڕووکردنە لەوەی لەپێشتر نەبینراوە، بەڵام ڕووکردنەکە جۆرێکە، کە لەنێو ئێستادا واز لە چاوەڕوانی دەهێنێت. خۆتێهەڵقورتاندن داهاتوویەکی ناڕەسەنانەی هەیە، چاوەڕوانی ئەگەر ناکات و حەزدەکات ئەو ئەگەرە شتێکی ڕاستەقینە و دامەزراوبێت. ئەو (ئێستا) دادەمەزرێنێت و لە

---

[144] بڕوانە کورتەبەشی (٣٦)ی ئەم نوسراوە.

[145] لێرەدا لە جێگەی لەش یان جەستە چەمکی (تەن)م بۆ بابەتە بەردەستەکان و بابەتە دەرەکییەکان بەکارهێناوە تاکو لە (لەش) یان (جەستە)ی دازاین جیابکرێتەوە. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا چەمکی (body) بۆ هەموویان دانراوە. (م.ک)

چاوەڕوانی ڕادەکات. بەڵام، دامەزراندنی ئەو(ئێستا)یەی تێدەپەڕێت زۆر بە کەمی بایەخ بە بابەتی خۆتێهەڵقورتاندنەکە دەدات. ئەو کاتەی چاو دەخاتە سەر شتێک بە خێرایی وازیلێدەهێنێت و دەڕوانێتە شتێکی دیکە. سەرهەڵدانی (ئێستا) ڕەهەندێکی گۆڕاوی چاوەڕوانییە بە شێوەیەک، کە چاوەڕوانییەکە دەبێت بە دروستکەری(ئێستا). چاوەڕوانییەکە واز لە چاوەڕوانی دەهێنێت و لەوە زۆرتر ڕێگەنادات ئەگەرە ناڕەسەنەکانی نیگەرانی ڕوو لەو بکەن ئەگەر ئەگەرەکان نەبن بە دروستکەری ئێستای و نەتوانێت ڕایانگرێت. لەگەڵ گۆڕانکارییەکەش لە دروستکردنی ئێستا و ڕاگرتنیدا حاڵەتی کاتی بوونگەرانە بۆ ئەگەری(سەرلێشێوان)دێتەکایەوە.
لەگەڵ تێپەڕبوونی چاوەڕوانیدا دروستکردن(ئێستا)ش زۆرتر جێدەمێنێت. ئێستا لە پێناوی ئێستادا دروستدەکرێت، بە دەوری خۆیدا پێچدەخوات و ڕێگەنادات سەرلێشێواندنەکە لە هیچ شوێنێکدا جێنشین بێت. ئەم شێوازەی ڕانەبردوو لە نێو ساتی تێڕوانیندا دەبێت بە لایەنێکی ئەوپەڕگیری دژە-دیاردە. بوون-لەوێدا، کە لە هیچ شوێنێکدا ئۆقرە ناگرێت لە هەموو شوێنێک و لە هیچ شوێنێکدا نییە. بەڵام ساتی تێڕوانین بوون بۆ نێو هەڵوێست دەگەڕێنێتەوە و(لەوێدا)ی ڕەسەن ئاشکرادەکات.

چەند ڕانەبردوو ناڕەسەنانە بێت، ئەوەندەش لە ئاستی تەوانابییەکی دیاریکراو- بۆ-بوون ڕادەکات و دەرگا لەسەر خۆی دادەخات؛ داهاتووش ڕوو لەم بوونە فڕێدراوە ناکات و[دازاین]یش لەنێو ڕابردوودا داهاتوو لەبیردەکات. لەڕاستیدا، لەبەر ئەوەی خۆتێهەڵقورتاندن مامەڵە لەگەڵ هەبووە نزیکەکان دەکات هەبووەکانی پێشو لەبیردەکات. ئەمحاڵەتەش لە

خودی خۆتێهەڵقورتاندنەوە سەرهەڵنادات و لەنێو بارودۆخی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ خۆتێهەڵقورتاندن پەیدا دەبێت.

[٣٤٨] سەبارەت واتای کاتیی خەسڵەتەکانی (کەوتن)، کە ئاماژەمان بۆ کردن، وەکو هاندان، ئاسودەیی و نامۆیی ئێستای دروستکراو لە دەرەوەی خۆیدا بە دوای بەکاتبووندا دەگەڕێت. واتای ڕەهەندەکانی کات لەلای دازاین لەگەڵ خۆخەریکردنەکەدا دەردەکەوێت. بێگومان کاتێک مرۆڤ باس لە داپچڕان دەکات بەو جۆرەی لەوێوە بوونی ئەو (ئێستا) دروستدەکات، مەبەست ئەوە نییە، کە دازاین لە (خۆ)ی جیادەبێتەوە. ئەو لە هەموو حاڵەتێکدا لەنێو لەبیرچوون و چاوەڕوانیدا بوونێکی کاتی هەیە و لە خۆی تێدەگات. لەگەڵ ئەمەشدا لە تەوانایی-بۆ-بوونی نامۆیە، کە پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە ڕانەبردوو هەروەها داهاتووی ڕەسەنەوە هەیە. بەو ڕادەیەی دروستکردنی (ئێستا) شتێکی نوێ دەهێنێتەکایەوە، ئەوا ڕێگەنادات دازاین بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە و بەردەوامیش ئاسودەیی پێدەبەخشێت. ئەم ئاسودەییە سەرهەڵدانەکە بەهێزتر دەکات. بەڵکو بەکاتیبوونی (کەوتن)، کە سەر بە ڕانەبردووە، نەک ئەو بابەتانەی هێشتا نەماندیون، خۆتێهەڵقورتاندن دەوروژێنێت. ئەگەر مرۆڤێک هەموو شتێک بینیبێت هێشتا خۆتێهەڵقورتاندن بە جۆرێک خۆی دەردەخات، کە شتێکی نوێ دەدۆزێتەوە.

وەکو شێوازێکی بەکاتیبوون سەرهەڵدانی ڕانەبردوو لە ناوەڕۆکی کاتدایە، کە'بڕاوە'یە. دازاین، بە فڕێدانی بۆ نێو بوون-ڕووەو-مردن لە بارودۆخی فڕێدانەکە ڕادەکات. ڕانەبردوو لەنێو (ئێستا-هەیە) و داهاتووی ڕەسەندا سەرهەڵدەدات و ڕێگە بە دازاین دەدات لەوێوە بەرەو بوونی ڕەسەنی

بگەڕێتەوە. بنەڕەتی سەرهەڵدانی ڕانەبردوو، کە خۆخەریکردن و ونبوونە، گرنگە و کاتیبوونێکی ڕەسەنانەیە، کە فڕێدان-ڕووەو-مردن دەردەخات.
کاتێک دازاین دەتوانێت بوونی فڕێدراوی خۆی ڕەسەنانە بناسێت هێشتا نازانێت لە کوێوە هاتووە و چۆن ئۆنتیکییانە فڕێدراوەتە[ئێرە]. ئەم نا-دیاربوونە تەنیا کەمی زانین نییە، فاکتۆری بوونی دازاینیش پیکدەهێنێت. ڕەهەندە کاتییەکانی بوونیش لە شێوازی بەجێماوی نێو (هیچ)دا دەردەخات.
[٣٤٩] فڕیدانی دازاین بۆ نێو جیهان شتێک نییە ڕەسەنانە بگیرێت. جوڵانی فڕێدانەکە ناوەستێت چونکە دازاین (لەوێدا) و ئێستا پەیدابووە؛ بە زۆر فڕێدراوە و لەنێو فاکتۆرەکانی بوونیدا وندەبێت. ئەو ڕانەبردووەی واتای بوونی ئەو لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا دیاریدەکات بە هیچ ڕەهەندێکی دیکە ناگات ئەگەر دازاین بەرەو بوونی خۆی نەگەڕێتەوە و بە بڕیارەوە خۆی لە ونبوونەکە ڕزگار نەکات. لەوێدا هەڵوێستی (ئێستا) و بوونی-ڕووەو-مردن لەنێو ساتی تێڕوانینەکەیدا دەردەکەون.

## دال. کاتی گوتار[146]

تێگەیشتن، مەزاج و کەوتن پێکهاتەکانی بوونن (لەوێدا)؛ دەرکەوتنی ئەمەش پەیوەندی بە گوتارەوە هەیە. کەوابوو، گوتار بەکاتیبوونی خۆی ناهێنێتەکایەوە. هەروەها، گوتار زۆربەی کات لە ڕێگای زمانەوە خۆی

---

[146] بڕوانە کورتەبەشی (٣٤)ی ئەم نوسراوە.

دەردەبڕێت و لەسەر هەبووەکانی دەوروبەر بە نیگەرانییەوە دەدوێت. کرداەکان، وەکو دیاردە کاتییەکانی دیکەی زمان، شێوەو قۆناخەکانی، لە فاکتۆری خۆدەربڕینی گوتارەوە سەبارەت کات، سەرهەڵنادەن. ئەوەش ناگەیەنێت، کە گوتن سەر بە کاتی دەروونییە. مادام هەموو گوتنێک لەسەر...، سەبارەت...، لەنێو یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتدا دروستدەبێت، ئەوا خودی گوتار کاتییە. شێوەکانی ڕەگیان لەنێو کاتی نیگەرانیدا داکوتاوە. بمانەوێ و نەمانەوێ نیگەرانی ڕوو لە هەبووەکانی نێو کات دەکات.

گرفتی بونیادی بوونگەرانە و کاتی ئەوان لەبەر ڕۆشنایی چەمکە باوەکە بۆ کات چارەسەرناکرێت.[147] مادام لە گوتاردا کەسێک باس لە هەبووەکان دەکات، گرنگ نییە باسکردنەکە بیردۆزەییانەش نەبێت، شیکردنەوەی پێکهاتە کاتییەکانی گوتار و دەرخستنی خەسڵەتی کاتییەکانی شێوەکانی زمان کاتێک دەگونجێت، کە پەیوەندی نێوان بوون و ڕاستی کاری لەسەر بکرێت و بە کێشەی کاتەوە ببەسترێتەوە. ئێمە ئەو کاتە دەتوانین واتای ئۆنتۆلۆجی (هەیە)، کە بیردۆزە ڕووکەشییەکانی دەستەواژە و داکۆکیکردنەکان بە (پەیوەندی)یەکی ڕووت [لەدەستەواژەدا]

---

[147] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Jakob Wackernagel, Vorlesungen über Syntax, vol.1, 1920, p.15, and especially, pp.149-210. See further G. Herbig, 'Aktionsart und Zeitstufe' in Indogermanische Forschung, vol. 6, 1896, pp.167ff.

ناوزەدیدەکەن. لە کاتیبوونی گوتارەوە، کە بوونی گشتی دازاینە، دەتوانین ڕوونیبکەینەوە چۆن گرنگێتی سەرهەڵدەدات، ئۆنتۆلۆجییانەش چەمکەکان پێکەوە گرێدەدات و ئێمەش [لە واتاکانیان] تێدەگەین.

[٣٥٠] تێگەیشتن لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە. مەزاجیش لەنێو کاتی (ئێستای-هەبوو)دایە. کەوتن لە بنەڕەتەوە لەنێو ڕانەبردوودایە. هەمانکات، لە هەموو حاڵەتێکدا تێگەیشتن ئەو ڕانەبردووەیە، کە 'لە پرۆسەی ئێستای-هەبوودایە' مەزاجی مرۆڤیش بە دروستکردنی ڕانەبردوو لەنێو داهاتوودا بەکاتیبوونی خۆی دەسەلمێنێت. ڕابردوو لەنێو داهاتووەوە، لەنێو پرۆسەی دروستکردنی ئێستای-هەبووەوە، سەرهەڵدەدات. **کەوابوو، ئێمە دەبینین، لە هەموو ڕەهەندێکدا کات بە کاتیبوونی خۆی بەگشتی بەرجەستەدەکات؛ ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە یەکێتی ڕەهەندەکانی [کات] لە کاتیبوونی خودی کاتدا لەسەر زەمینەی بونیادی سەرجەمی بوون، فاکتۆر و کەوتن یان یەکێتی بونیادی نیگەرانی ڕادەوەستێت.**

بەکاتیبوونەکە ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕەهەندەکان زنجیرەن. داهاتوو لە ئێستای هەبوو درەنگتر و ئێستای هەبووش لە ڕانەبردوو زووتر نییە. بەکاتیبوونی کات خۆی بەو داهاتووە دەکات، کە ڕانەبردوو تیایدا دەبێت بە پرۆسەی [دروستبوونی] ئێستای هەبوو.

دەرکەوتنی (ئەوێ) و ئەگەرەکانی ژیانی ڕۆژانەی دازاین، ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە، لەسەر کات دادەمەزرێن. بەڵام دەرکەوتن و گرنگییەکەی هەمیشە بە بوون-لەنێو-جیهان و بوون-لەنێودایە. ئەگەر بمانەوێت پێکهاتەی کاتی دەرکەوتن بناسین ئەگەری ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی

هەبووەکان لەوێدا، کە وەکو هەبووی نێو-جیهان هەن، پێویستە ئاشکرا بکرێن.

## ٦٩. کاتی بوون-لەنێو-جیهان و گرفتی بەرزێتی جیهان

یەکێتی ڕەهەندەکانی کات-یەکێتی خۆی لە دەرەوەدا و لە پچڕانی داهاتوودا لەوەی ئێستا هەیە و ڕانەبردوو مەرجە بۆ ئەگەری بوونی هەبوویەک، کە لە (لەوێدا)یە. ئەو بوونەی (لەوێدا) هەیە ڕوونکراوەتەوە.[148] ئەوەی ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئاشکرابوونی دازاین بابەتێکی دەرەکی، هێز یان سەرچاوەیەکی تیشک هاوێژ نییە. ئەوەی ئەم هەبووە ڕوون دەردەخات 'نیگەرانییە'، کە پێش ڕاڤەکردنێکی کاتی دەکەوێت. دەرکەوتنی تەواوی بوونی [دازاین] لەوێدا دەکەوێتە سەر نیگەرانی. لەوێوە ئەگەری بینین و پەیداکردن دێتەکایەوە. ئێمە لە ڕووناکبوونەوەکە تێدەگەین ئەگەر هەوڵی وەدەستهێنانی ئەو هێزە نەدەین، کە لە بوونماندا دانراوە. لە جێگەی ئەوە لە نیگەرانی تێبگەین، وەکو زەمینەیەک بۆ یەکێتی ئەگەرەکانی بوون لێیبکۆڵینەوە گونجاوترە. ڕەهەندەکانی کات بوون (لەوێدا) ڕووندەکاتەوە و ئەگەری یەکێتی بونیادی بونگەرانەی دازاین پێکدەهێنێت.

[٣٥١] بە هۆی بوون-لەوێدا، کە ڕەگی لەنێو کاتدا داکوتاوە، ئەگەری بوونگەرانەی ئەو دیاردەیەی لە سەرەتای توێژینەوەکەمان بۆ دازاین

[148] بڕوانە کورتەبەشی (٢٨)ی ئەم نوسراوە.

باسمانکرد؛ بوون-لەنیو-جیهان دەبینین. پێویستە لە سەرەتاوە دڵنیابین لەوەی بونیادی یەکگرتوی ئەم دیاردەیە لەناوناچێت. بۆ بەردەوامبوون و هێشتنەوەی یەکێتی دیاردەکە بە وردی ڕاڤەی شێوازی بوونی[دازاین]مان لە ژیانی ڕۆژانە لەنێو-جیهاندا کرد، کە شێوازێکی نزیکە لە ئێمەوە و بە نیگەرانییەوە لە تەنیشت-بابەتەکانی بەردەستی نێو-جیهاندا هەڵسوکەوت دەکات. ئێستاش، ئۆنتۆلۆجییانە پێناسەی نیگەرانی دەکەین و بە زەمینەیەکی بوونگەرانەی نێو کاتی دادەنێین. بایەخدانیش، لەم بۆچوونەوە لەبەر ڕۆشنایی نیگەرانی یان کاتدا دەناسین.

لە سەرەتاوە، شیکردنەوەی بەکاتیبوونی نیگەرانی پەیوەندی بە شیوازی کارکردن لەسەر بابەتەکانی بەردەستەوە لە تەماشاکردنی دەوروبەرماندا هەیە. کەوابوو، شیکردنەوەکەمان ئەگەری بەکاتیبوونی بوونگەرانە دەدۆزێتەوە، کە لە تەماشاکردنەکەدا بە نیگەرانییەوە شێوازی پەیداکردنی هەبووەکان لەنیو-جیهاندا دەخاتە نێو توێژینەوەیەکی زانستانەوە و تەنیا بە تەماشاکردن دەیاندۆزێتەوە. ڕاڤەکردنەکەمان بۆ کاتی بوون لە تەنیشت بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەنەوە لە تەماشاکردنی دەوروبەر و بایەخدانێکی بیردۆزەییانەش هەمانکات، ئاشکرایدەکات چۆن ئەم(کات)ە بۆ ئەگەری بوون-لەنێو-جیهان، کە بوونی هەبووەکانی لە تەنیشت یەکدییەوە تیدایە، دەبێت بە مەرجێکی لەپێشتر. ئەگەر بیر لە پێکهاتەی کاتیی بوون-لەنێو-جیهان بکەینەوە و بیکەین بە تێزی شیکردنەوەکەمان، دەبێت ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین: لە چ ڕوویەکەوە ئەگەری بوونی جیهان مسۆگەر دەکرێت؟ چۆن جیهان هەیە؟ جیهان زوور چی دەکەوێت و چۆن؟ چۆن هەبووە

سەربەخۆکان لەنێو جیهاندا و لەگەڵ بەرزێتی جیهاندا پێکەوە دەبەسترێنەوە؟ کارکردنی ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر ئەم پرسیارانە ئەوە ناگەیەنێت وەڵامیان بدەینەوە. بەپێچەوانەوە، ئێمە بونیادەکانیان ڕووندەکەینەوە تاکو بزانین چ جۆرە گرفتێکی بەرزێتی توشمان دەبێت. لە ڕاڤەکردنی کاتی بوونگەرانە بۆ بوون-لەنێو-جیهان پێویستە ئاوەڕ لە سێ خاڵ بدەینەوە: ئەلف. کاتی تەماشاکردنی دەوروبەر بە بایەخدانەوە؛ با. واتای کاتیی ئەو شێوازەی تەماشاکردنە بایەخدارەکە دەکات بە زانینێکی بیردۆزەییانەی بابەتە-دەرەکییەکانی-نێو-جیهان؛ جیم. گرفتی بەکاتیبوونی بەرزێتی جیهان.

### ئەلف. کاتی تەماشاکردنی دەوروبەر بە بایەخدانەوە

[٣٥٢] لە چ گۆشەنیگایەکی دروستەوە ئێمە دەتوانین کاتی بایەخدان شیبکەینەوە؟ ئێمە ئەو هەبووە بایەخدارەمان لە تەنیشت جیهانەوە بە "کارکردن لەنێو هەروەها لەسەر دەوروبەر" ناوزەدکرد.[149] ئەو دیاردانەی لەگەڵ بوون-لەتەنیشت جیهانەوە هەڵمانبژاردن، بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی بابەتەکانی بەردەست و شێوە تەواو و ناتەواوەکانیان بوو؛ ئەمانەش پەیوەندییان بە پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەوە هەبوو.[150] لەم جۆری نیگەرانبوونەدا دازاین بوونی ڕەسەنانەی خۆی دەهێڵێتەوە. هەروەها، بابەتەکانی-بەردەست، کە بایەخیان پێدەدەین نابن بە

---

[149] بڕوانە کورتەبەشی (١٥)ی ئەم نوسراوە.

[150] بڕوانە کورتەبەشی (١٢)ی ئەم نوسراوە.

سەرچاوەی بایەخدانەکەمان. بوون-لەگەڵ بابەتەکانی بەردەستدا ئۆنتیکییانە باسناکرێت و بابەتەکانیش لەو بوونەوە پەیدانابن. نیگەرانی، وەکو شێوازێکی بوونی دازاین و بابەتە بایەخپێدراوەکان، وەکو بابەتی بەردەستی نێو جیهان پێکەوە نابن بە بابەتی-دەرەکی. هەمانکات پەیوەندییەکەشمان لەناوناچێت. ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەر بە دروستی تێیبگەین، ڕۆشنایی دەخاتە سەر کارکردنەکەمان و [هەبووەکان] بە نیگەرانییەوە. لەسەرو ئەمەوە، ئەگەر نەڕوانینە بونیادی بابەتەکەمان ئەوا مەرجی بوونگەرانەش بۆ مامەڵەکردنەکە نادۆزینەوە. بێگومان ئێمە توانیمان لە شیکردنەوەکەماندا خەسڵەتی جەوهەری بابەتەکان، کە ئامێرن بناسین. بەڵام پێویستە لەمە زۆرتر لەبارەیانەوە فێربین و ڕوونیبکەینەوە، کە مامەڵەکردنمان بە نیگەرانییەوە بەسەر هیچ تاکە ئامێرێکەوە ناگیرسێتەوە. بەکارهێنانی هەموو ئامێرێک پەیوەندی بە بەستێنەکەیەوە هەیە. ئەگەر، بۆنموونە، بۆ ئامێرێکی ونبوو بگەڕێین، تەنیا بیر لە خودی ئامێرەکە ناکەینەوە؛ پەنا بۆ یەک کردەوەش نابەین؛ بەستێنی گشتی ئامێرەکە پێش ئامێرەکە دەناسین. کاتێک بۆ سەرکار دەڕۆین و شتێک دەگرین لە هیچەوە دەستپێناکەین و ئامێرەکەی [بەکاریدەهێنین] بوونێکی دابڕاوی نییە؛ لەنێو جیهانی-کارکردندایە، کە لە پێش ئامێرەکەوە دەیناسین.

[٣٥٣] ئەگەر شیکردنەوەکەمان ڕوو لە بابەتی کارکردنەکە بکات ئەوا بوونی دازاین لەگەڵ ئەو هەبووانەی بۆیان نیگەرانە نابێت بابەتەکە بە دابڕاوی [لە هەبووەکانی دیکە و بەستێنەکەیەوە] تەماشابکرێت. پێویستە لەنێو بەستێنە سەرتاپاگیرەکەدا دابنرێت. ئەم جۆری تێڕوانینە بە زۆر

خۆی دەسەپێنێت لە کاتێکدا بیر لە خەسڵەتی 'دەورگرتن' لە ئامێرەکان یان بابەتەکانی-بەردەست دەکەینەوە.[151] ئێمە لە واتای 'دەورگرتن' ئۆنتۆلۆجییانە تێدەگەین. لەوێدا، کە دەڵێین شتێک لەگەڵ شتێکی دیکەدا دەوردەگرێت فاکتۆرێکی ئۆنتیکی باسناکەین. ئاماژە بۆ بوونێک دەکەین، کە سەر بە بابەتی-بەردەستە. خەسڵەتە پەیوەندیدارەکەی لە (دەورگرتنەکەدا) لەگەڵ شتێکی دیکەدا دەریدەخات، کە بوونی ئامێرێک بە تەنیا و دابڕاوی [لە هەبووەکانی دیکەوە] ئۆنتۆلۆجییانە مەحاڵە. هەڵبەتە ئامێرێکی ونبوو بە تەنیا لە شوێنێکدا دەدۆزرێتەوە. هیشتا، لەمحاڵەتەشدا دەزانین، کە بابەتێکی-بەردەست پەیوەندی بەوی دییەوە هەیە. بوون-لەتەنیشت [هەبووەکانەوە]، کە لە تەماشاکردنەکەی دەوروبەردا بە نیگەرانییەوە شتەکان دەدۆزێتەوە، دەورگرتنی هەبوویەک نیشاندەدات و پرۆژەدانانی دەورگرتنەکەشە بە تێگەیشتنەوە. **دەورگرتنی هەبووەکان لە بونیادی بوونگەرانەی نیگەرانیدایە. بەڵام نیگەرانی، لە بوون-لەتەنیشت [هەبووەکانەوە] سەر بە پێکهاتەی جەوهەری نیگەرانییە؛ نیگەرانیش لەسەر زەمینەی کات ڕادەوەستێت. ئەگەر ئەمانە دروستبن، ئەوا ئەگەری بوونگەرانەی دەورگرتنی هەبووەکان لەنێو شێوازی بەکاتیبوونی کاتدا دەبێت پەیدابکرێت.**

دەورگرتنی هەبوویەک لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرەکاندا دەردەکەوێت. ئەو هەبووەی دەور وەردەگرێت ڕوو لە شتێک دەکات. لەم لایەنەوە ئامێر

---

[151] بڕوانە کورتەبەشی (١٨)ی ئەم نوسراوە.

بەکارهێنراوە یان بەکاردێت. تێگەیشتن لە خەسڵەتی "ڕوو لە شتێک کردن" یان دەورگرتنی ئامێرەکە بونیادی کاتی 'چاوەڕوانی' هەیە. لە چاوەڕوانی ڕوو لە شتێک کردنەکەدا نیگەرانی دەتوانێت بگەڕێتەوە و بەرەو هەبووە دەوروەرگرتووەکە بڕوات. چاوەڕوانی دەورگرتنەکە و هێشتنەوەی هەبووە دەوروەرگرتووەکە بەگوێرەی بەکارهێنانەکەش ئامێرەکە ئامادەدەکات.

[٣٥٤] چاوەڕوانیکردنی شتێک نەدامەزراندنی ئامانج و نەتەواوکردنی کارکردنە. هەروەها تێگەیشتنی بیردۆزەییانەش نییە. ڕێگەدان بە شتێک دەوری خۆی وەرگرێت لە هێشتنەوەی چاوەڕوانییەکەدایە و بە جۆرێکە، کە دروستکردنی ئێستای-هەبوو خەسڵەتی خۆونکردنی نیگەرانی لەنێو بەئامێربوونی جیهاندا وەردەگرێت. خۆخەریککردن بە کارێکەوە تەنیا لەگەڵ کارەکەدا یان ئامێرەکان و کارەکەدا ڕوونادات. یەکێتی پەیوەندییەکان، کە نیگەرانی تیایدا کاردەکات لەپێشتر لەگەڵ ڕێگەدان بە دەورگرتنەکە لەسەر زەمینەی کاتیبوون دامەزراوە. جۆرێکی دیاریکراوی لەبیرچوون بۆ کاتیبوونی پێکهاتەی ڕێگەدانەکەش پێویستە.(خۆ) خۆی لەبیردەچێت ئەگەر لەنێو جیهانی بەئامێربوودا ونبێت. بەڵام، مادام چاوەڕوانییەکە ڕێنمایی یەکێتی کاتیبوونی بایەخدانەکە دەکات ئەوا تەوانایی-دازاین-بۆ-بوون، کە پێویستە ڕوونیبکەینەوە لەنێو نیگەرانییەوە دێتەکایەوە.

دروستکردنی ئێستای-هەبوو لە چاوەڕوانییەکە و هێشتنەوەی ئاشنابوونی دازاین "زانینی ڕێگای خۆی"، وەکو بوونێک-لەگەڵ-ئەواندا و لە جیهانی گشتی ئەواندا پێکدەهێنێت. ڕێگەدان بە دەورگرتن [بەگشتی] لە ژیانی

ڕۆژانەدا دەبێت بە ڕێگەدان بە ئەوان. لەم لایەنەوە، لە تەماشاکردنی دەورووبەردا ڕووبەڕووی بابەتێکی بەردەست دەبینەوە، کە هەیە. ئێمە دەتوانین بەکاتیبوونی نیگەرانی زیاتر ئاشکرابکەین لەکاتێکدا ڕووبەڕووی ئەو بابەتە دەبینەوە، کە لەپێشتر باسمانکرد[152] و دەڕوانینە شێوازەکانی تەماشاکردنی دەورووبەر، وەکو لەبەرچاودانان، سەرهەڵدانی بێ مۆڵەت و ملهوڕی. ناسینی بیردۆزەییانە ڕووبەڕوو بوونەوەی بابەتەکانی-بەردەست بەو شێوەیەی هەن، نییە؛ بەڵکو ڕووکردنە لەلایەنی لەبەرچاو دانەنراوی ئەوەی لە دەرەوەدایە و ئاشکرایە. ئەگەر لەبەرچاودانان لە سەرجەمی بوونی ئەو هەبووانەدا هەبێت دەریدەخات، کە لە سەرجەمی ئامێرەکاندا جۆرە سەرهەڵدانێکی بێ مۆڵەت هەیە. ئایا ڕێگەدان بە دەورگرتنی هەبووەکان چ بونیادێکی بوونگەرانەی هەیە ئەگەر ڕێگەدانەکە ببێت بە لەبەرچاودانان؟ ئیستا ئەم پرسیارە پەیوەندی بە واتای ئۆنتۆلۆجی فاکتۆرەوە هەیە نەک ڕووداوە فاکتۆرییەکان.

[٣٥٥] کاتێک شتێک لەکاردەکەوێت، بۆنموونە، ئامێرێک لەوە زۆرتر بەکارنایەت، تەنیا لە هەڵنەسوڕانی بۆ ئەو کارەی پێی سپێردراوە ئامێرەکە دەبێت بە بابەتێکی لەبەرچاودانراو. هەستکردن و نوێنەرایەتیکردنی بەهێزیش ناتوانێت لەکارکەوتنی ئامێرەکە بدۆزێتەوە. بۆ دۆزینەوەی لەکارکەوتنی ئامێرەکە دەبێت کار لەگەڵ ئامێرەکەدا بکەین. ئایا ئەم خاڵە چ واتایەکی ئۆنتۆلۆجییانەی هەیە؟ دروستکردنی

---

[152] بڕوانە کورتەبەشی (١٦)ی ئەم نوسراوە.

ئێستایـ هەبوو، کە چاوەڕوانی و هێشتنەوەیە لە ونبوون و پەیوەندییەکەی ڕاگیراوە. هۆکاری ڕاگیرانەکەشی شکاندنە و بۆیەکەم جاریش ئەوەی لەپێناویدا ئامێرەکە بەکاردێت بە زەقی خۆی دەردەخات. هەروەها دروستکردنی ئێستایـ هەبوو توشی بابەتێکی ناجۆر دەبێت چونکە لە چاوەڕوانییەکە و هێشتنەوەکەیدا ماوەتەوە. دروستکردنی ئێستایـ هەبوو لە چاوەڕوانی و هێشتنەوەیدا ڕادەگرێت. ئەمەش دەبێت بە هۆکاری سەرهەڵدانی 'پشکنین' و دۆزینەوەی شێواندنەکە. ئەگەر پەیوەندییەکانی نیگەرانی زنجیرەیەک ئەزمونی نێو کات بوونایە، ئەم ئەزمونانەش لە پەیوەندییەکەیان بە یەکدییەوە قوڵبوایە و ئامێری نائاسایی و دەگمەنی لەبەرچاو دابنرایە، ئۆنتۆلۆجییانە مەحاڵ دەبوون. هەرشتێکمان لەنێو بەستێنی ئامێرە سودبەخشەکانەوە بەدەست گەیاندبێت لەسەر زەمینەی یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتی دروستکردنی ئێستایـ هەبوو بە چاوەڕوانی و هێشتنەوەوە ڕەگی داکوتێت. چۆن لەوەی نەماوە 'دڵنیابین'، کە بابەتێکی بەردەستی نا-بەردەستە؟ کاتێک هەست بەو بابەتە نا-بەردەستە دەکەین، کە بە دوایدا دەگەڕێین و نایدۆزینەوە. داکۆکیکردن لەسەر ئەوەی هەبوویەک بابەتێکی-دەرەکی نییە پەیوەندی بە نەدۆزینەوەکەمانەوە هەیە؛ نەدۆزینەوە و داکۆکیکردنەکەشمان زەمینەی بوونگەرانەی لەپێشتریان هەیە. نەدۆزینەوەکە دروستکردنی ئێستایـ هەبوو نییە؛ شێوازێکی کەمی ڕانەبردووە، کە شتێکی چاوەڕوانکراو بۆ بەکارهێنان تیایدا ئامادە نەبووە. ئەگەر تەماشاکردنەکەی شتەکان دەردەخات بە نیگەرانییەوە و لە سەرەتاوە بە چاوەڕوانییەوە ڕوونەدات، چاوەڕوانییەکەشی لەنێو یەکێتی دروستکردنی

ئێستایـ هەبوودا کاتی نەبێت، ئەوا دازاین هەرگیز ناتوانێت هەبووە دیارنەماوەکە بدۆزێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، کاتێک لە چاوەڕوانیدا شتێک دەکرێت بە بابەتێکیـ بەردەست ئەگەری سەرسوڕمان لەنێو بەستێنی شتی یەکەمدا بکەوێتە سەر چاوەڕوانی نەکردنی شتێکی دیکە. لە چاوەڕوانینەکردنی دروستکردنی ئێستایـ هەبووی ونبوودا ئەو ڕەهەندە دەبینرێت، کە تیایدا دازاین توشی سەرسوڕمان دەبێت.

[٣٥٦] لە نەهاتیدا مرۆڤ لە کارکردنەکەی بە نیگەرانییەوە لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت یان وازی لێدەهێنێت، خۆی لێ دووردەخاتەوە، خۆی دەپارێزێت و ناتوانێت بگونجێت. نیگەرانی بەمە ڕازیدەبێت. بەڵام ڕازیبوون شێوازێکی تەماشاکردنە، کە دازاین ڕووبەڕووی بابەتە دەرکەوتووەکە دەکاتەوە. لەم دۆزینەوەیەوە نیگەرانی مامەڵە لەگەڵ ڕێبەست، مەترسیدار یان بەرگریکردن بەگشتی دەکات. بونیادی کاتی ڕازیبوون لە شتێک لە نەهێشتنەوەدایە، کە بە چاوەڕوانییەوە ئێستا دروستدەکات. چاوەڕوانیکردنی ئێستای دروستکراو لەسەر شتێکی ناجۆر ڕاناوەستێت. بیرنەکردنەوە لە شتێک شێوازێکی بیرکردنەوەیە لەو شتەی کەسێک ناتوانێت دەستی بکەوێت. ئەمە لەبیرچوونەوە نییە؛ بەڵام لەگەڵ ناجۆرییەکەیدا خۆی، وەکو بابەتێکی بەردەست دەهێڵێتەوە. لەم شێوازەدا بابەتیـ بەردەست دەبێت بە یەکێک لە ئامێرەکانی ژیانی ڕۆژانە و فاکتۆری دەوروبەر دەردەخات. بە دۆزینەوەی ئەو بابەتانەی بەرەنگاری دەکەن لەسەر بناخەی ڕەهەندەکانی کاتی نیگەرانی، لەگەڵ وازهێنانی لەو جیهانەی ناتوانێت ببێت بە خاوەنی دازاین لە بوونی خۆی تێدەگات. ئەگەر نیگەرانی خۆی بە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەشەوە

سنورداربکات، هێشتا ئێستا-هەیەی دروستکراو ڕووتناکرێتەوە و لەو هێشتنەوەیەوە سەرهەڵدەدات، کە چاوەڕواندەکرێت؛ بەگوێرەی هێشتنەوەکە دازاین بوونی خۆی لەنێو جیهاندا ڕادەگرێت. دازاینی فاکتۆری، بەم ڕادەیە، ڕێگاکانی خۆی پەیدادەکات ئەگەر لە 'جیهان'ێکی نەناسراویشدا بژی. مرۆڤ لە نیگەرانیدا بابەتەکانی دەگونجێنێت. ئەمەش لەسەر زەمینەی کات ڕادەوەستێت و هەڵوێستێکی پێش-ئۆنتۆلۆجییانە و تێگەیشتنێکی ناڕەسەنانەیە لە گوونجاندن و بابەتەکانی بەردەست. لەم بۆچوونەوە، باسیدەکەین چۆن تێگەیشتن لەم شێوازی بوونە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە و پێویستیشە کاتی بوون-لەنێو-جیهان زۆرتر کۆنکریتییانە ڕوونبکەینەوە. لێرەوە هەوڵدەدەین بنەڕەتەکانی هەڵوێستی بیردۆزەییانە بەرانبەر جیهان لە تەماشاکردنەکەماندا بە نیگەرانییەوە بۆ بابەتەکانی-بەردەست پەیدابکەین. ئەمەش تەنیا دۆزینەوەی بابەتەکانی نێو-جیهان نییە، کە بە نیگەرانییەوە تەماشایاندەکەین. ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە دۆزینەوەی بیردۆزەییانەی بابەتەکان بە بوون-لەنێو-جیهانەوە بەستراوە. ڕاڤەکردنی بوونگەرانە و کاتی ئەم ڕێگایانەیدۆزینەوە خەسڵەتی بەکاتیبوونی پێکهاتەی بنەڕەتی دازاینیش ئامادەدەکات.

### با. واتای کاتیی ئەو شێوازەی تەماشاکردنە بایەخدارەکە دەکات بە زانینێکی بیردۆزەییانەی بابەتە-دەرەکییەکانی-نێو-جیهان

کاتێک لە شیکردنەوە بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییەکەماندا دەپرسین چۆن دۆزینەوەی بیردۆزەییانە لە تەماشاکردندا بە بایەخدانەوە [نیگەرانییەوە] سەرهەڵدەدات، مەبەستمان بیرکردنەوە لە کێشەی مێژووی ئۆنتیکی و

گەشەکردنی زانست نییە. لەگەڕان بە دوای سەرچاوە ئۆنتۆلۆجییەکانی هەڵوێستی بیردۆزەییانەدا دەپرسین، کە چی لەو بارودۆخانەی بوونی دازاین بوونگەرانە بۆ ئەگەری توێژینەوەی زانستانە پێویستە. ئەم پرسیارکردنە ڕوو لە چەمکی بوونگەرانەی زانست دەکات. ئەمەش لە چەمکی لۆجیکمەندانەوە بۆ زانست جیاوازە، کە زانست بۆ ئاکامەکان و دەستەواژە ڕاستەکان دەگەڕێنێتەوە. چەمکی بوونگەرانە زانست بە شێوازێکی بوون یان بوونـ لەنێوـ جیهان دادەنێت، کە هەبووەکان یان بوون، دەردەخات. لەگەڵ ئەمەشدا، تاکو لە واتای بوون و پەیوەندی نێوان بوون و ڕاستی لەنێو بەستێنی بەکاتیبووندا ڕوونکەینەوە،[153] ڕاڤەکردنێکی تەواوی بوونگەرانەش بۆ زانست ناکرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین خۆمان بۆ تێگەیشتن لەم کێشە ناوەکییە ئامادەبکەین، کە لەوێوە بیرۆکەی فینۆمینۆلۆجی بەرەوپێشەوە دەبرێت و لەو چەمکەی جیادەکەینەوە لە پێشەکییەکەماندا ئاماژەمان بۆکرد.[154]

لەم ئاستەدا سنوری زۆرتر بە دەوری ڕاڤەکردنەکەماندا بۆ هەڵوێستی بیردۆزەییانە دەکێشرێت. لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا ڕوو لەو ڕێگایە دەکات، کە تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە لەگەڵ بابەتەکانیـ بەردەستدا بۆ ناسینی بابەتەـ دەرەکییەکان لەنێوـ جیهاندا دەگۆڕێت؛ ئەمەش ئامانجمان بۆ گەیشتن بە پێکهاتەی کاتیی بوونـ لەنێوـ جیهان بەگشتی ڕێنمایمان دەکات.

---

[153] بڕوانە کورتەبەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

[154] بڕوانە کورتەبەشی (٧)ی ئەم نوسراوە.

[٣٥٨] له دیاریکردنی ئەم گۆڕانکارییەدا لەلایەن (پراکتیکەوە) بۆ 'بیردۆزەیی'، ئاساییە پێشنیاری ئەو خاڵە بکەین، کە تەماشاکردنی هەبووەکان لەوێدا ڕوودەدات کاتێک نیگەرانی لە بەکارهێنانیاندا پاشەکشەدەکات. کەوابوو، نەمانی لایەنی پراکتیکی بۆ سەرهەڵدانی هەڵوێستی بیردۆزەییانە گرنگە. ئەگەر لایەنی پراکتیکی بکرێت بە سەرەکی و بنەڕەتیی لە بوونی فاکتۆریانەی دازایندا، ئەوا ئەگەری ئۆنتۆلۆجییانەی 'بیردۆزە' دەکەوێتە سەر ئامادەنەبوونی ئەم لایەنە پراکتیکییە، کە بێبەریبوونە. بەڵام بەکارنەهێنانی هەبوویەک لە نیگەرانیدا ڕێنمایکردنی تەماشاکردنەکە، وەکو شتێک، کە بیرماندەخاتەوە، جێناهێڵێت. بەپێچەوانەوە، نیگەرانییەکە دەبێت بە تەماشاکردنێکی ڕووت. ئەمەش بە هیچ شێوەیەک ئەو ڕێگەیە نییە هەڵوێستی بیردۆزەییانەی زانست دەیگرێتەبەر. لەوانەیە، وەستانەکەی نابەردەوامییەکە بسەپێنێت و شێوازێکی دیکەی تەماشاکردن، وەکو چاودێریکردن و پێداچوونەوەی هەموو پرۆسەکە وەربگرێت. لایەنی پراکتیکی لە ڕێگەی خۆیەوە دەمێنێتەوە و (تێڕوانینی) تایبەتی خۆی هەیە. گەیشتنی بیردۆزەییانەش بەبێ لایەنی پراکتیکی خۆی نادۆزێتەوە. خۆێندنەوەی پێوەرێک پێویستی بە دامەزراندنی لایەنە تەکنیکییەکانی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە هەیە. تەماشاکردن لە ڕێگەی مایکرۆسکۆپەوە بە بەرهەمهێنانی ئامێرەکەوە بەستراوە. دۆزینەوەی ئاسەوارەکان دەکەوێتە سەر کارکردن بۆ هەڵکۆڵینی زەوی و دەرهێنانیان. لە ڕێگە ڕوتکراوەکانیشدا، بۆ کارکردن لەسەر کێشەیەک، بۆنموونە لە نوسیندا، ئامێر بەکاردێت. چەند توخمەکانی پێکهاتەی زانست [بۆ ئێمە] بێبایەخ و

ئاشکرابن، گرنگی ئۆنتۆلۆجی خۆیان هەیە. هەڵوێستی زانستانە، کە شێوازێکی بوونە-لەنێو-جیهاندا چالاکییەکی هۆشەکی ڕووت نییە.
هەندێک لەو باوەڕەدان هەموو بەکارهێنانێک لەنێو زانستەکاندا لەخزمەتی تەماشاکردنی ڕووتدایە، کە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی بابەتەکان لە توێژینەوەکەدا دەگرێتەوە.(بینین) بە واتا فراوانەکەی پێش هەموو پرۆسەکانی دیکە دەکەوێت. هەرچ زانینێکمان سەبارەت بابەتێک هەبێت، لە هەرچ ڕێگەیەکەوە دەستمان کەوتبێت، پەیوەندییەکەی و بیرکردنەوەش، کە خۆی پێدەگەیەنێت لە درککردندایە.[155] بیرۆکەی درککردن هەموو ڕاڤەکردنەکانی بۆ زانین لە سەرەتای ئۆنتۆلۆجی یۆنانەوە تاکو ئەمڕۆ کردوە. گرنگیش نییە ئێمە فاکتۆریانە بە درککردن بگەین یان نا. ئەگەر بمانەوێت بوونگەرانە سەرچاوەی زانست بەگوێرەی لەپێشترێتی (بینین) دەربخەین پێویستە بۆ تەماشکردنەکە، کە دەبێت بە پێشەنگی لایەنی پراکتیکی بگەڕێینەوە.
[تەماشاکردن] لەنێو بەستێنی ئامێرەکانەوە، کە بابەتی-بەردەستن کاری خۆی دەکات. هەمانکات، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێنمایکردنە گشتییەکەی سەرجەمی بابەتە سودبەخشەکان و ئامێرەکان و دەوروبەری کۆمەڵایەتییان لەنێو جیهاندا. ئەم تەماشاکردنە لە کارخستنی بابەتە دەرەکییەکان پێکەوە نییە. ئەوەی گرنگە تێگەیشتنی سەرەتاییمانە لە سەرجەمی خۆ-خەریکردنەکەمان، کە فاکتۆری نیگەرانی پێشەنگی دەکات. تەماشاکردن ڕۆشنایی دەخاتەسەر نیگەرانی. ئەویش

---

[155] Kant, *Critique of Pure Reason*, second edition, p. 33.

ڕۆشناییەکەی لە تەوانایی-بۆ-بوونەوە، کە نیگەرانی دازاینە بۆ بوون، وەردەگرێت. لە بەکارهێنانی هەبوویەکدا تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە بابەتی-بەردەست لە بوونی دازاین نزیکدەکاتەوە. ئەمکارەش لەسەر ڕاڤەکردنی هەبووە بینراوەکە ڕادەوەستێت.

ئێمە ئەم نزیکبوونەوەیە ناودەنێین (ویستن). ئەو بەرنامە تایبەتەی سەر بە ئەمە لە شێوازی (ئەگەر-ئەمەبوو)دا دەبینرێت؛ بۆنموونە دەڵێین، ئەگەر ئەمە یان ئەوە دروستبکرێت، بەکاربهێنرێت یان وازیلێبهێنرێت، ئەوا بارودۆخ و ئامێر و چەند هەلومەرجێکمان پێویستە. تەماشاکردن بە ویستنەوە فاکتۆری ئێستای بوونی دازاین لەنێو دەوروبەردا دەردەخات، کە بە نیگەرانییەوە تیایدا دەژی. ویستنەکە هیچ بابەتێکی دەرەکی ناسەلمێنێت و خەسڵەتەکانی دیاریناکات. لەگەڵ ئەمەشدا، ویستن دەتوانێت بیسەلمێنێت ئەو بابەتەی لە تەماشاکردنەکەدا نزیک دەبێتەوە بابەتێکی-بەردەستی ئاشکرا نییە و هێشتا لە ئێمەشەوە دوورە. نزیک کردنەوەی دەوروبەر لە تەماشاکردنەکەدا بە ویستنەوە بوونگەرانە واتای (دروستکردنی-ئێستا) دەبەخشێت؛ چونکە نوێنەرایەتیکردن شێوازێکی بوونی [تەماشاکردنەکەیە]. لە نوێنەرایەتیکردندا تەماشاکردن بە ویستنەوە خۆی بە بابەتە پێویستەکە ڕاستەوخۆ دەگەیەنێت، بەڵام ئەو بابەتە هێشتا نەبووە بە شتێکی بەردەست. تەماشاکردن، کە نوێنەرایەتی دەکات، پەیوەندی خۆی بە (وێنە ڕووتەکانەوە) دروستناکات.

[٣٦٠] ئەوتەماشاکردنەی دروستکەری-ئێستایە دیاردەیە و خاوەنی چەند بناخەیەکە. یەکەمجار، سەر بە یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتە. لەسەر

هێشتنەوەی بەستێنی ئامێرەکانیش ڕادەوەستێت، کە دازاین ئەگەری چاوەڕوانی تێدا دروستدەکات. ئەگەر ویستن لە بەرنامەی (ئەگەر-ئەوا)دا کاربکات، پێویستە نیگەرانیش بە بەستێنی دەوروبەردا بگەڕێت و لێیتێبگات. دەبێت لەوەی لەگەڵ (ئەگەر)دایە یان شتێکی جیاوازە تێبگەین. ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتنێک نییە [لە دەستەواژەیەکدا] بکرێت بە بار بۆ بارهەڵگرەکەی.

بەرنامەی ئەو شتەی، وەکو شتێک هەیە لەپێشتر لە بونیادی ئەمجۆرە تێگەیشتنەدا هێڵکاری بۆکراوە. (بونیاد-وەکو) ئۆنتۆلۆجییانە بەکاتبوونی تێگەیشتن دادەمەزرێت. لەلایەکی دیکەوە، بەو ڕادەیەی دازاین، لە چاوەڕوانییەکەیدا بۆ چەند ئەگەرێک (لێرەدا واتە "ڕووەو-ئەو شتە")، "بەرەو ئەو شتە" دەگەڕێتەوە (مەبەست هێشتنەوەی شتێکە، وەکو بابەتێکی بەردەست)، دروستکردنی ئێستای-هەبوو، کە پەیوەندی بەم چاوەڕوانی و هێشتنەوەیەوە هەیە، لە شتە هێشتراوەکەوە دەستپێدەکات و ئەوەی بەرەوڕووی دەچێت نزیک دەبێتەوە. خەسڵەتی دەورگرتنی بابەتی-بەردەست بە ویستن نادۆزرێتەوە، تەنیا نزیک دەبێتەوە تاکو تەماشاکردنەکە دەریبخات.

بەو جۆرەی ڕانەبردوو ڕەگی لەنێو هەبووی ئێستا و داهاتوودا هەیە و مەرجێکی بوونگەرانە و کاتیی ئەگەری تێگەیشتنە، لە نزیکبوونەوە و چاوەڕوانی و هێشتنەوەدا دەبێت ئەو ڕانەبردووە لەسەر بەرنامەی (بونیادی-وەکو) ڕاڤەبکرێت. لێرەدا وەڵامی پرسیارەکەی پێشومان ، ئەو پرسیارەی (بونیاد-وەکو) هیچ پەیوەندییەکی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی بە دیاردەی پڕۆژەوە هەیە یان نا؟

داوەتەوە.[156] (وەکو) بەهەمانشێوەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن بەگشتی، لەسەر یەکێتی ڕەهەندەکانی کات دادەمەزرێت. لە شیکردنەوە بنەڕەتییەکەمان بۆ بوون لەسەر ڕاڤەکردنی 'هەیە'، (کە لە دەستەواژەدا پەیوەندی نێوان بار و بارهەڵگر دیاریدەکات)، دبێت جارێکی دیکە بۆ دیاردەی 'وەکو' بگەڕێینەوە و ناوەڕۆک و بەرنامەکەی بوونگەرانەی دیارییبکەین. وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت بنەڕەتی هەڵوێستی بیردۆزەییانە نەداوەتەوە. ئایا بە چ ڕادەیەک خەسڵەتی بەکاتیبوونی تەماشاکردن بە ویستنەوە و بە بیرۆکەکردن ڕۆشنایی دەخاتە سەر؟ هەڵوێستی دازاین ڕوونیدەکاتەوە چۆن تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە دەبێت بە دۆزینەوەی بیردۆزەییانە. کەوابوو، دەبێت ئەم گۆڕانکارییە شیبکەینەوە.

[٣٦١] کاتێک تەماشای ئامێرێک دەکەین، بۆنموونە چەکوشێک، دەڵێین گران یان سوکە. دەستەواژەی چەکوشەکە گرانە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە بەکارهێنانی کارێکی ئاسان نییە؛ واتە دەبێت هێز باکاربهێنین. دەستەواژەکە ئەو واتایەش دەگەیەنێت، چەکوشەکە کێشی هەیە یان خەسڵەتی (گرانی) هەیە: گرانی دەخاتە سەر ئەو شتەی لەژێریدایە و ئەگەر بجوڵێت دەکەوێتە خوارەوە. تێگەیشتن لەمجۆرە باسکردنە لە سنوری چاوەڕوانی و هێشتنەوەی سەرجەمی بوونی ئامێرەکان و پەیوەندی-دەورگرتنیان دەردەچێت. ئەوەی باسکراوە پەیوەندی بە تەنی

[156] بڕوانە کورتەبەشی (٣٢)ی ئەم نوسراوە.

بابەتەکەوە هەیە. ئێمە لایەنێکی دیکەی چەکوشەکەمان دەرخستوە، کە بە ئامێر داینانێت، وەکو تەنێک پەیوەندی بە یاسای ڕاکێشانەوە هەبێت و دەبینرێت. باسکردنی لە تەماشاکردنەکەدا، وەکو شتێکی گران یان سوک لەوە زۆرتر واتا بەخش نییە؛ ئەو هەبووەی دەردەکەوێت هیچیان لە پەیوەندییەکەی بۆ دۆزینەوەی گرانی و سوکی ناداتێ.

بۆچی ئەوەی باسیدەکەین (گرانی چەکوشەکە)جیاواز دەردەکەوێت کاتێک شێوازی گوتنمان دەگۆڕین؟ هۆکارەکەی دوورکەوتنەوەمان لە بەکارهێنانی یان گوێنەدان بە خەسڵەتی بە ئامێربوونی[چەکوشەکە] نییە. تێگەیشتنمان لە بوون، کە نیگەرانیمان بۆ هەبووەکانی نێو-جیهان ڕێنمایکەرێتی، گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئایا گۆڕانەکە لە تەماشاکردنی بابەتێکی-بەردەستەوە بۆ بابەتێکی-دەرەکی هەڵوێستی زانستانە پێکدەهێنێت؟ لەسەرو ئەمەوە، پێویستە بزانین، کە دەکرێت بابەتێکی-بەردەست بکەین بە تێزی لێکۆڵینەوەی زانستانە، بۆنموونە کەسێک بارودۆخی ژینگەی لە بەستێنی مێژوویی و ژیاننامەی خۆی دەخوێنێت. بەستێنی ئامێرەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا، مێژووی سەرهەڵدان و بەکارهێنانیان، دەوری فاکتۆرییان بۆ دازاین بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی ئابوورین. بابەتێکی-بەردەست دەبێت بە بابەت بۆ زانست بەبێ ئەوەی خەسڵەتی بەئامێربوونی بدۆڕێنێت. گۆڕانکاری لە تێگەیشتنماندا بۆ بوون دەردەکەوێت بۆ پێکهێنانی بنەڕەتی هەڵوێستی زانستانەمان لە ئاستی هەبووەکاندا ناپێویست بێت. بەڵام بەدڵنیاییەوە، ئەمە نادروستە. ئەگەر 'گۆڕانکارییەکە' ئاماژە بۆ گۆڕان لە بووندا بکات، کە بوونی هەبووەکەی

نێو تێگەیشتنمانە، ئەوا ئێمە بۆ ئەوەی خۆمان بە خاوەنی دابنێین، دەمانەوێت لێی تێبگەین.

[٣٦٢] لە باسەکەماندا بۆ بنەڕەتی هەڵوێستی بیردۆزەییانە لە تەماشاکردندا، ناسینی بیردۆزەییانەمان بۆ هەبووەکانی-نێو-جیهان یان سروشت، کە گۆڕانکاریی لە تێگەیشتنمان بۆ بوون تیایدا ڕوویدا، کرد بەبناخە. لە داکۆکیکردنە سروشتییەکەدا (چەکوشەکە گرانە) ئێمە ئاوەڕمان لە خەسڵەتی بەئامێربوونی چەکوشەکە نەداوەتەوە، کە بۆ هەموو بابەتەکانی-بەردەست دروستە: ئاماژە بۆ شوێنیشی دەکاتبەڵام گوێ بە شوێن نادەین. مەبەستمان ئەوە نییە، کە بابەتە-دەرەکییەکان شوێن وندەکەن. بەپێچەوانەوە، شوێنەکە دەبێت بە شوێنێکی بە کاتەوە بەستراو (خاڵێکی-جیهانی) و لەوانی دیکە جیاناکرێتەوە. شوێنە جیاوازەکانی ئامێرەکان لەنێو چواردەورەکەدا دەبن بە حاڵەتی دانانی فرەجۆر و سنوریان بۆدانانرێت. لێرەدا، کەڵەکی بابەتە-دەرەکییەکان دەبێت بە تێزی [لێکۆڵینەوەکە] و تێگەیشتنمان بۆ بوون دەگۆڕێت؛ ڕوو لە بێ سنووری بابەتە-دەرەکییەکان دەکات و دەمانەوێت لێیان تێبگەین. بوونی ئەم هەبووانە دەدۆزینەوە و سەرجەمیان دەکەین بە بابەت بۆ لێکۆڵینەوەی زانست و میتۆدەکەمانی لەسەر مسۆگەر دەکەین. نموونەی کلاسیکی بەردەستیش بۆ گەشەکردنی زانست لە مێژوودا و ناسینی بنەڕەتە ئۆنتۆلۆجییەکەی لە سەرهەڵدانی زانستی ماتماتیکدایە. تەماشاکردنی فاکتۆرەکان بۆ سەرهەڵدانی ئەم زانستە چەسپاندنی گرنگ نییە؛ بەڵکو پەیوەندی بە پرۆژەکردنی ماتماتیکییانەی سروشتەوە هەیە. لەم پرۆژەدانانەدا بابەتێکی دەرەکی (ماتەر) بەردەوام ئاشکراکراوە و

ڕەهەندەکانی (وەکو جوڵان، هێز، شوێن و کات) تەماشاکراوە. لەنێو بەستێنی سروشتەوە فاکتۆریش سەرهەڵدەدات و لە پرۆژەدانانەکەدا دەدۆزرێتەوە. فاکتۆری زانستانە لەسەر ئەو باوەڕەی هیچ فاکتۆرێکی ڕووت نییە دامەزرا، کە توێژەرەکان پێیگەیشتن. لە پرۆژەی ماتماتیکییانەی سروشتدا خودی ماتماتیک گرنگ نییە؛ ئەوەی گرنگە لەپێشترێتی ئەو ڕاستییەیە دەستەواژەیەکی ماتماتیکی دەریدەخات. بۆچوونی ماتماتیکییانەی زانستە سروشتییەکان لە دروستی ئاکامەکانیدا بۆ هەموو کەسێک دەرناکەوێت. لە دۆزینەوەی بابەتەکانیدایە بەو جۆرەی هەن. کاتێک چەمکەکانی ئەو شێوازی تێگەیشتنە لە بوون پەیدادەکەین میتۆد و بونیادی ناسینیان، ئەگەری ڕاستی و دڵنیابوون؛ شێوازی ڕاگەیاندنیان دادەمەزرێنین. سەرجەمی ئەم خاڵانە چەمکی بوونگەرانەی زانست دروستدەکەن.

[٣٦٣] بە پرۆژەکردنی ئەو بابەتەی دەمانەوێت زانستانە بیناسین و ڕووبەڕووی ببینەوە بوونی خۆی بۆ تێگەیشتنەکەمان بە شێوەیەک دەردەخات، کە ناسینی لەنێو-جیهاندا مسۆگەربێت. تێگەیشتن لە بوون و سنوورفراوانی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان، دیاریکردنی ڕێگاکان بۆ ناسینی بابەتەکە بەگوێرەی چونییەتی بابەتەکە سەر بە سەرجەمی پرۆژەکەن؛ ئەم سەرجەمەش بە (بیرۆکەدانان) ناوزەدەکەین، کە ئامانجی ئازادکردنی هەبووەکانە لەنێو-جیهان، کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە تاکو خۆیان [بۆ ئێمە] بکەن بە بابەت. بیرۆکەکردن بە بابەتکردنە. یەکەمجار، ئەم هەبووانە دەرناخات، بەڵکو ئازادیان دەکات تاکو توێژەر بتوانێت خەسڵەتەکانیان بابەتگەرانە بدۆزێتەوە. ئەو هەبووەی بوونی خۆی

دەردەخات و لەگەڵ بابەتە-دەرەکییەکان لەناو جیهاندایە خەسڵەتێکی تایبەتی دروستکردنی-ئێستا هەیە.[157] دروستکردنی-ئێستا لە ئێستای-تەماشاکردنەوە، کە دۆزینەوەکە تیایدا پەیوەندی بە پرسیارە زانستییەکان و چاوەڕوانییەوە هەیە، جیاوازە.

ئەم چاوەڕوانییە بۆ دۆزینەوە ڕەگی لەسەر بناخەی بڕیاردانی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەسەر بەپرۆژەکردنی تەواناییِ-بۆ-بوون لەنێو (ڕاستی)دا داکوتاوە. پرۆژە دانانەکەش دەگونجێت چونکە بوونی-لەنێو-ڕاستی شێوازێکی ناسراوی بوونی دازاین دیاریدەکات. پێویست ناکات لەمە زۆرتر باس لەوە بکەین چۆن زانست لە بوونی ڕەسەنانەوە ڕێدەکات. گرنگە ئەوەندە بزانین، کە بیرۆکەکردنی هەبووەکان پێویستی بە بوونی-لەنێو-

[157] ئەو بۆچوونەی، گوایە هەموو (زانینێک) درککردن دەکات بە ئامانجی خۆی واتایەکی کاتیی هەیە؛ واتە هەموو زانینێک (ئێستا) دروستدەکات. ئێمە، لێرەدا، نامانەوێت باس لەو خاڵە بکەین، کە هەموو جۆرە زانستێک یان زانینی فەلسەفییانە ئەم خەسڵەتەی هەیە یان نا. هوسرڵ دروستکردنی-ئێستای بۆ هەستکردن بەکارهێناوە. پێویستە ئەمەش بە (مەبەستکارییەوە) ببەستینەوە. مەبەستی ئاگامەندی پەیوەندی بە دەرچوونی دازاینەوە هەیە، کە ئێمە دوایی باسیدەکەین. بۆ بۆچوونی هوسرڵ بڕوانە:
*Logische Untersuchungen*, first edition, 1901, vol. 2, pp. 588 and 620.
[لێرەدا، هایدیگەر بەڵێنی ڕوونکردنەوەی مەبەستدارێتی ئاگامەندی و دەرچوونی لە بوونی دازاینەوە لە بەشێکی دیکەی ئەم نوسراوەدا دەدات، بەڵام ئەو بەشەی نەنوسیوە. (م.ک)]

جیهانە، وەکو barودۆخێکی بنەڕەتی بۆ بوونی دازاین و هەروەها پێویستە تێبگەین ئەم بوونەی دازاین چۆن دەردەکەوێت.

[٣٦٤] ئەگەر بیرۆکەکردنی بابەتێکی-دەرەکی و پرۆژەدانانی سروشت زانستانە ڕوویدات، پێویستە دازاین لەو بابەتانە بەرزتربێت، کە بوون بە بیرۆکە. بەرزێتی بەبابەتکردن نییە، بەڵکو بەبابەتکردن داوایدەکات و پێویستی پێیەتی. ئەگەر بیرۆکەکردنی بابەتێکی-دەرەکی نێو-جیهان گۆڕانکاری لە نیگەرانبوون لە تەماشاکردنەکەدا بێت، ئەوا بوونی (پراکتیکی) کەسەکە لەتەنیشت بابەتێکی-بەردەستەوە دەکەوێتە ژێر بەرزێتی دازاینەوە.

ئەگەر بیرۆکەکردن تێگەیشتنمان لە بوون مسۆگەر بکات و بیگۆڕێت، بەو ڕادەیەی دازاین بەو هەبووە دابنرێت، کە خاوەنی بە بیرۆکەکردنەکەیە، ئەوا لە شتێک، وەکو بوون تێدەگات. ئەمجۆرە تێگەیشتنە لە بوون دەشێ بێلایەنانە بێت. لەمحاڵەتەدا، جیاوازییەکانی نێوان بابەتی-بەردەست و بابەتی-دەرەکی نابینرێن؛ بوونی ئۆنتۆلۆجییانەیان ناناسرێت. بەڵام، کاتێک دازاین بتوانێت کار لەسەر بەستێنی ئامێرەکان بکات، لە دەورگرتن تێدەگات ئەگەر تێگەیشتنەکەی بیرۆکەییش نەبێت: جیهان بۆ ئەو خۆی دەردەخات. جیهانیش لەگەڵ فاکتۆری بوونی دازایندا دەردەکەوێت، ئەگەر دازاین بوونی-لەنێو-جیهاندا بێت. ئەگەر ئەو بوونەشی کاتیی بێت ئەوا کات بوون-لەنێو-جیهان و بەرزێتی دازاین ئاشکرادەکات؛ بەرزێتییەکەش پشتگیری لە هەڵوێستی بیردۆزەیی و پراکتیکی بوونی نیگەرانی دازاین لەتەنیشت هەبووەکانەوە و لەنێو-جیهاندا دەکات.

## جیم. گرفتی بەکاتیبوونی بەرزێتی جیهان

تەماشاکردن بە نیگەرانییەوە تێگەیشتن لە سەرجەمی دەورگرتن پێکدەهێنێت. تێگەیشتنەکەش لەسەر تێگەیشتنی لەپێشتر لە پەیوەندی "لەپێناوی-ئەوەدا"،"ڕووەو-ئەوە" و "بۆ-ئەو-مەبەستە" دادەمەزرێت. ئێمە هاریکارییەکانی نێوان ئەم پەیوەندییانەمان باسکردوە.[158] یەکێتییەکەیان 'جیهان' دروستدەکات. لێرەدا پرسیارێک سەبارەت پێکهاتنی جیهان و دازاین ئۆنتۆلۆجییانە سەرهەڵدەدات؛ لە چ شێوازێکدا پێویستە جیهان هەبێت ئەگەر دازاین هەبوویەک لەنێو-جیهاندا بێت؟

دازاین لەپێناوی تەوانایی خۆی-بۆ-بوون هەیە. بوونێکی فڕێدراوی هەیە؛ وەکو هەبوویەکی فڕێدراو ڕووبەڕووی ئەو هەبووانە دەبێتەوە، کە لەپێناوی بوونی خۆیدا پێویستی پێیانە. بوونی فاکتۆری دازاین ئەوە دەگەیەنێت لەپێناوی-بوونی-خۆی تێدەگات و پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە. تێگەیشتنی دازاینیش لەخۆی(لەوێدا) لەگەڵ بوونی فاکتۆری ئەودایە. دازاین بوونگەرانە جیهانی خۆیەتی.

[٣٦٥] ئێمە بوونی دازاینمان، وەکو نیگەرانی پێناسەکرد. کاتیش واتای ئۆنتۆلۆجییانەی نیگەرانییە. باسمانکرد چۆن کات دەبێت بە پێکهاتەی دەرکەوتن(لەوێدا) و لەگەڵ ئەودا جیهانیش دەردەکەوێت. پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەی جیهانیش بەمجۆرە دەبێ لەسەر کات دابمەزرێت. مەرجی بوونگەرانە و کاتیی بۆ ئەگەری بوونی جیهان لەو ڕاستییەدایە، کە کات

[158] بڕوانە کورتەبەشی (١٨)ی ئەم نوسراوە.

به یەکێتی ڕەهەندەکانییەوە، ئاسۆییە. دەرچوونی کات پچڕان نییە. لە هەموو ساتێکدا (لەوێدا) دازاین هەیە. ئەم ساتەی کات ناودەنێین (بیرۆکەی ئاسۆ). ئاسۆ بەگوێرەی ڕەهەندەکانی کات دەگۆڕێت. لەو بیرۆکەیەدا، کە دازاین ڕووەوخۆی لە داهاتوودا دێت، گرنگ نییە ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە بێت، ئەو لەپێناو-خۆیدایە. لە بیرۆکەی خۆناسینی دازاین لەنێو مەزاجدا، کە بوونێکی فڕێدراوی هەیە، دەبێت بە ڕووبەڕووبوونەوە لەبەردەم ئەو شتەی فڕێدراوە و وازی لێهێنراوە. ئەمەش ئاسۆی (ئەوەی هەبووە) دیاریدەکات. لەپێناوی-بوونی-خۆیدا لەنێو بوونی فڕێدراو، هەروەها وازلێهێنراوی، دازاین لەتەنیشت هەبووەکانی دیکەوە ئێستای خۆی دروستدەکات.

بیرۆکەی ئاسۆی ڕانەبردوو بە"لەپێناو-ئەوەدا" پێناسدەکرێت. یەکێتی ئاسۆی بیرۆکەی ڕانەبردووی ئەوەی-هەبووە و داهاتووش دەکەوێتە سەر یەکێتی ڕەهەندەکانی کات. ئاسۆی کات دەرکەوتنی هەبووەکان دیاریدەکات. تەوانایی-بۆ-بوون لەگەڵ بوونی فاکتۆری دازاین لەوێدا لە نێو ڕەهەندی داهاتوودا دەکرێت بە پڕۆژە. بارودۆخی دازاین پەیوەندی بە ئێستای-هەبووەوە هەیە و نیگەرانییەکەشی بە ڕانەبردووەوە. ئەم یەکێتییە دەبێتە هۆکاری پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەوەی دازاین-لەپێناویدا هەیە. لەسەر بناخەی یەکێتی ڕەهەندەکانی کات هەبوویەک دەناسرێت، کە (لەوێدا) جیهانی بۆ دەردەکەوێت.

بەو جۆرەی (ئێستا) لەنێو یەکێتی بەکاتیبوونی کاتی ئەوەی هەیە و داهاتوو دێتەکایەوە، ڕەهەندی ڕانەردوو لەگەڵ ئەوەی هەیە و داهاتوو بەکاتیبوونی خۆی دەردەخات. بەو ڕادەیەی دازاین بوونێکی کاتی هەیە

جیهانیش دەبێت بە کاتی. بەکاتیبوونی دازاین لە بنەڕەتەوە لەنێو جیهاندا ڕوودەدات. جیهان بابەتێکی-بەردەست یان بابەتێکی-دەرەکی نییە و بەکاتیبونیشی لەنێو کاتدایە. ئەو (هەیە) و لەوێدایە. ئەگەر دازاین نەبێت جیهانیش نابێت.

[٣٦٦] جیهان بۆ بوونی دازاین لەگەڵ بابەتەکانی-بەردەست، نیگەرانی و فاکتۆرەکان و بیرۆکەکردنی بابەتە دەرەکییەکان مەرجێکی لەپێشترە. هەموو ئەمانە دەبن بە ئەگەرەکانی بوون لەنێو-جیهاندا. جیهان لەنێو یەکێتی ڕەهەندەکانی کاتیشدا دەبێت بە شتێکی بەرز. هەبووەکان لەگەڵ فاکتۆری بوونی دازایندا و لەنێو جیهاندا هەن. بوونی دازاین (لەوێدا) ئاشکرایان دەکات و لەژێر دەستەڵاتی دازایندا نین. چی، چۆن و بۆچی ئەوەی دەدۆزرێتەوە و ئاشکرادەکرێت پەیوەندی بە سەربەستی دازاینەوە هەیە. ئەمەش بوونی فڕێدراوی دازاین سنورداریدەکات. کەوابوو، پەیوەندییەکانی ئاماژەکردن لە پێکهێنانی بونیادی جیهاندا کۆمەڵێ فۆرم نین، کە (خۆ)یەکی لە جیهان بەدەر بەسەر بابەتەکاندا بیانسەپێنێت. لەڕاستیدا، فاکتۆری بوونی دازاین بە تێگەیشتنەوە لە بوونی خۆی و جیهان لە ڕەهەندی ئەو هەبووانەوە سەرهەڵدەدات، کە ڕوویان تێدەکات. گەڕانەوە بۆ ئەو هەبووانە بە تێگەیشتنەوە واتای بوونگەرانە بۆ دەرخستنیان لە ئێستادا دیاریدەکات؛ لەبەر ئەمە دەبن بەو هەبووانەی-لەنێو-جیهاندان. جیهانیش لە هەموو بابەتێک زۆرتر لە دەرەوەدایە. گرفتی بەرزێتی پەیوەندی بەو پرسیارەوە نییە چۆن (خۆ) بۆ گەیشتن بە بابەتەکەی دەچێتە دەرەوە یان چۆن سەرجەمی هەبووەکان بە جیهان دابنرێت، بەڵکو پێویستە بپرسین: چی ئۆنتۆلۆجییانە دەبێتە هۆکار بۆ

بەبابەتکردنی هەبووەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەنێو-جیهاندا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە گەڕانەوە بۆ بەرزێتی جیهان مسۆگەردەکەین. ئەگەر (خۆ) ئۆنتۆلۆجییانە بە دازاین دابنرێت، کە بوونی کاتییە ئەوا دەتوانین بڵێین جیهان 'خۆیەتییە'. بەڵام، لێرەدا، ئەم جیهانە خۆیەتییە، کە لە ڕووی کاتەوە بوونێکی بەرزی هەیە، لە هەموو بابەتێک زۆرتر بابەتییە.

کاتێک بوون-لەنێو-جیهان بۆ یەکێتی ڕەهەندەکانی کات دەگەڕێنینەوە ئەگەری بوونی دازاین بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانە دەناسرێت. هەمانکات، پەرەپیدانی کۆنکرێتی بونیادی جیهان بەگشتی و ئەگەری فرەلایەنی ئاشکرادەبێت، ئەگەر ئۆنتۆلۆجی هەبووەکانی نێو-جیهان لەسەر بیرۆکەی بوون و ڕوونکردنەوەی واتاکە دابمەزرێنین ڕاڤەکردنی ئەم بیرۆکەیەش پێش هەموو شتێک پیویستی بە ناسینی کاتی دازاین دەبێت؛ لێرەدا دەتوانین خەسڵەتی بوون-لەنێو-جیهان بەکاربهێنین.

### ٧٠. بەکاتیبوونی شوێن، وەکو خەسڵەتی دازاین.

[٣٦٧] هەرچەندە چەمکی (بەکاتیبوون) واتای (کات) نابەخشێت، کە باسی کات و شوێن دەکەین، لەگەڵ ئەمەشدا شوێن خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوونی دازاینە و پەیوەندی بە کاتیشەوە هەیە. کەوابوو، شوێنی دازاین شیکردنەوە بوونگەرایەتییە-کاتییەکە سنوردادەکات. ئەو هەبووە کاتییەی بە دازاین ناوزەدیدەکەین دەبێت بە خاوەنی شوێن. ئایا ئەم دیاردەیە شیکردنەوە بوونگەرایەتییە-کاتییەکەمان، کە سەر بە بوونە

لەنێو-جیهاندا، ڕادەگرێت؟[159] ئەگەر لە ڕاڤەکردنە بوونگەرایەتییەکەماندا باسی خەسڵەتی کات و شوێنی دازاین بکەین مەبەستمان ئەوە نییە، کە ئەم هەبووە بابەتێکی دەرەکی نێو شوێن و کاتە. کات واتای بوونی نیگەرانییە. پێکهاتەی دازاین و شێوازەکانی بوونی ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر بناخەی کات پەیدادەبن. گرنگیش نییە بزانین ئەم هەبووە لەنێو کاتدایە یان نا. لەم ڕووەوە پێویستە شوێنی دازاین بە کاتەوە گرێبدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە، دامەزراندنی ئەو ڕاستەقینە بوونگەرایەتییەی، کە شوێنی دازاین لەسەر کات هەڵدەبەستێت، لە دەرهێنانی شوێن لە کاتەوە یان توانەوەی لەنێو کاتی ڕووتدا بەدەست ناهێنرێت.

ئەگەر شوێنی دازاین پەیوەندی بە کاتەوە هەبێت ئەوا پەیوەندییەکەیان لە پەیوەندی نێوان کات و شوێن، لە فەلسەفەی کانتدا، کە کات پێش شوێن دەخات جیاوازە. ئەگەر بڵێین بیرۆکە ئەزمونییەکانمان سەبارەت بابەتە دەرەکییەکان 'لەنێو شوێن'، وەکو هەبووە ماتەرییەکان 'لەنێو کات'دان، وەکو فۆرمێکی درککردن نابێت بە ڕاڤەکردنێکی ئۆنتۆلۆجییانەی-بوونگەرانە بۆ شوێن. تەنیا ئەوە دەردەخات، کە بابەتە ئۆنتیکییە دەرەکییەکان لەنێو کاتدا هەن.

[٣٦٨] ئێستا پێویستە شیکردنەوەیەکی بوونگەرانە بۆ بارودۆخی بەکاتیبوونی ئەگەری شوێن بۆ دازاین بکەین، کە دەبێتە هۆکاری ئاشکراکردنی (شوێن) لەنێو-جیهاندا. دەبێت بزانین لە چ ڕوویەکەوە

---

[159] بڕوانە کورتەبەشی (٢٢-٢٤)ی ئەم نوسراوە.

بوونی دازاین سەر بە شوێنە. دازاین، وەکو نیگەرانی بوونێکی سەر بە شوێنی هەیە، کە بە فاکتۆری (کەوتن)ەوە دەژی. نێگەتیڤانە، ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە دازاین هەرگیز، وەکو بابەتێکی-دەرەکی لەنێو شوێندا نییە. دازاین بە شێوەی هەبوویەکی ڕاستەقینە یان ئامێرێک شوێن داگیرناکات. ئەو شوێن دەخاتە نێو بوونی. تەنانەت لەشی، وەکو بابەتێکی دەرەکی لەنێو شوێندا نییە. بە (بوونی) شوین بۆ خۆی دیاریدەکات و لەو شوێنەوە دەیکات بە ژوور و بۆ (جێگە)ی دیاریکراوی دەگەڕێتەوە. ئێمە ئۆنتۆلۆجییانە لە دازاین نادروست تێدەگەین ئەگەر بوونی بە بابەتێکی-دەرەکی-لەنێو شوێندا بناسین. جیاوازی نێوان شوێن بۆ دازاین و شوێنی بابەتێکی ڕاستەقینەی درێژەوەبووی نێو شوێنیش ناکەوێتە سەر زانینی دازاین لەبارەی شوێنەوە؛ چونکە شوێن خستنە نێو بوون و یەکچون لەگەڵ نوێنەرایەتیکردنی شوێن لەنێو بیرکردنەوەدا نییە. نابێت شوێنی دازاین بە شتێکی نزم دابنرێت و بە پەیوەندی نێوان گیان و لەشەوە ببەسترێتەوە. بەپێچەوانەوە، مادام دازاین بوونێکی گیانی هەیە هەبوویەکیشە لەنێو شوێندا، بەڵام بە جۆرێک، کە هەبووە ڕاستەقینە خاوەن تەنەکان نەتوانن هەبن. ژوور دروستکردنی دازاین لەسەر ئاڕاستەگەری و نزیکی پێکدێت. ئایا ئەمە چۆن بوونگەرانە لەسەر بناخەی بەکاتیبوونی دازاین دادەمەزرێت؟ ئێمە بەکورتی ئاماژە بە پەیوەندی نێوان بەکاتیبوون و شوێنی دازاین دەکەین بەبێ ئەوەی لە سنوری ئۆنتۆلۆجی جووتبوونەکەیان بچینەدەرەوە.

لە دروستکردنی ژووردا دازاین خۆی ئاڕاستەی (ناوچە)یەک دەکات؛ واتە بیر لەو (جێگە)یە دەکەینەوە بۆ بابەتەکانی-بەردەست و ئامێرەکان

دەیدۆزێتەوە. هەرکاتێک ڕووبەڕووی ئامێرێک دەبینەوە، بەکاریدەهێنن یان شوێنگۆرکێی پێدەکەین ناوچەیەک دیاریدەکەین. بوون-لەنێو-جیهان بە نیگەرانییەوە خۆ-ئاڕاستەکردنە. سەر بە شوێن لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بە دەورگرتنەوە هەیە. پەیوەندی دەورگرتنیش دەرکەوتنی لەپێشتری بۆ جیهان دەگەڕێتەوە. دۆزینەوەی ناوچە لە خۆ-ئاڕاستەکردندا لە ئەگەری لێرە و لەوێوە دەردەچێت. ژوور دروستکردن چاوەڕوانییە بۆ سەرهەڵدانی ناوچەیەک، کە خۆمانی بۆ ئاڕاستە دەکەین و لەبەر ئەمە نزیکبوونەوەی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکانە. لەناوچە دۆزراوەکەوە نیگەرانی ڕوو لەو بابەتانە دەکات، کە نزیک بوونەتەوە و نزیکترینن. نزیکبوونەوە و پێوانەی دووری ئەو بابەتە-دەرەکییەی نێو-جیهان، کە نزیک بۆتەوە لەسەر دروستکردنی-ئێستا ڕادەوەستێت، سەر بە یەکێتی کاتە و ئەگەری ئاڕاستەکردنی تێدا مسۆگەر دەکرێت.

[٣٦٩] لەبەر ئەوەی دازاین بوونێکی کاتی هەیە دەتوانێت ژووریش لەنێو شوێندا فاکتۆریانە و بەردەوام دروستبکات. لەم شوێن وەگرتنەدا (لێرە)ی فاکتۆری ئاماژە بۆ شوێن ناکات، بەڵکو دیاریکردنی سەرجەمی ئامێرەکانە، کە خۆی لەگەڵیاندا لە نزیک و دوورەوە خەریک دەکات. نزیک-کردنەوە ئەگەری بەکارهێنان و خۆ-خەریککردن دەهێنێتەکایەوە و جەوهەری بونیادی نیگەرانی و کەوتنی تێدا دەناسرێت. لە کەوتن و نزیکردنەوەدا لەبیرچوونە چاوەڕوانکراوەکە پاش ڕانەبردوو دەکەون؛ ئەمەش خەسڵەتێکی تایبەتی پێکهاتەی کاتی و بوونگەرانەی کەوتنە. کاتێک شتێک بە هێنانی 'لەوێوە' ئامادەدەکەین، دروستکردنی ئێستا (لەوێدا) خۆی لەبیردەچێت و ونده‌بێت.

ئەگەر تەماشاکردنی هەبووەکانی نێو-جیهان لە دروستکردنی ئێستاوە دەستپێبکات، ئەو هەڵخەڵەتاندنە سەرهەڵدەدات، کە یەکەمجار هەبوویەک، وەکو بابەتێکی دەرەکی و لەنێو شوێن بەگشتی دەبینرێت. دازاین لە ڕێگەی کات و ڕەهەندەکانییەوە دەتوانێت خۆی بە شوێن بگەیەنێت. جیهان بابەتێکی-دەرەکی نێو شوێن نییە؛ لەگەڵ ئەمەشدا شوێن لەنێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە.

خەسڵەتی بەکاتیبوونی شوێنی دازاین دەریدەخات شوێن سەربەخۆ بێت و بۆ بوونی پێویستی بە کات نەبێت؛ لەلایەکی دیکەوە، بەکاتبوونەکە پێویستی دازاین بۆ شوێن ئاشکرادەکات. ئەم پێویستییەش لەو دیاردەیەدایە، کە ڕاڤەکردنی بوونی دازاین و هەموو ئەو ئاماژەکردنانەی سەر بە زمانن بەگشتی دەخاتە ژێر کاریگەرێتی نوێنەرایەتیکردنی شوێنەوە. پێویستی لەپێشتر بۆ دامەزراندنی چەمکەکان و ئامارژەکردنەکان بۆ هێزێکی سەر بە شوێن ناگەڕێنەوە و لە بوونی دازایندان. بەکاتیبوون لە بنەڕەتەوە کەوتنە و لەنێو ڕانەبردوودا خۆی وندەکات؛ لەسەر نیگەرانبوونیشی بۆ بابەتەکانی-بەردەست لە بوونی خۆی تێناگات، بەڵکو دەکەوێتە سەر پەیوەندییەکانی نێو شوێن، کە دروستکردنی ئێستا بەردەوام ڕوو لە بابەتە-بەردەستەکان لە ڕیگەیانەوە دەکات. لەوێوە کلیلی تێگەیشتنەکە بۆ ڕاڤەکردن بەگشتی بەکاردەهێنێت.

## ٧١. واتای کاتیی ژیانی ڕۆژانەی دازاین

ڕاڤەکردنەکەمان بۆ حاڵەتی بوونی دازاین گرنگە و پێش ڕوونکردنەوەکەمان بۆ کات ئەمکارەمان بەجێهێنا، بەڵام بەو ئومێدەوە بووین بەم قۆناخە بگەین. شیکردنەوەکەمان بۆ کاتی نیگەرانی دەریخست، کە پێویستە بونیادەکان بۆ بەکاتیبوونی بوونگەرانە بگەڕێنەوە. لە سەرەتای شیکردنەوەکەمان لایەنێکی دیاریکراوی بوونی دازاینمان بۆ تێزەکە هەڵنەبژارد؛ بەڵکو لە شێوازێکی مامناوەندی بوونەوە، کە هیچ لایەنێکی شاراوەی نییە، بەڕێکەوتین. ئەم شێوازی بوونەشمان بە "ژیانی ڕۆژانە" ناوزەدکرد.[160]

[٣٧٠] واتای ئەم چەمکە ئۆنتۆلۆجییانە زۆر ئاشکرا نییە. لە سەرەتای توێژینەوەکەمان نەمانتوانی واتای بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی "ژیانی ڕۆژانە"، وەکو کێشە باسبکەین. ئێستا، بەهەرحاڵ، تاکو ڕادەیەک، وەکو کات ڕۆشنایمان خستۆتە سەر بوونی دازاین. ئایا هیچ گومانێک لە واتای بوونگەرانەی-کاتیی چەمکی "ژیانی ڕوژانە" دەکرێت؟ هێشتا لە چەمکی ئۆنتۆلۆجییانەوە لەم دیاردەیە دوورین. تەنانەت پرسیاریش لەسەر دروستی بەکاتیبوون بۆ ڕوونکردنەوەی واتای بوونگەرانەی "ژیانی ڕۆژانە"دەکەین. "ژیانی ڕۆژانە" ئاماژەکردنە بۆ شێوازی بوونی دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا. هەمانکات سەرجەمی ڕۆژەکانی ناگرێتەوە، کە تەمەنی دازاین دیاریدەکات. "ژیانی ڕۆژانە" بە پێوەری (ڕۆژمێر) ناخوێندرێتەوە.

---

[160] بڕوانە کورتەبەشی (٩)ی ئەم نوسراوە.

مەبەست لەم چەمکە 'چۆنیەتی'یەکی دیاریکراوی بوونە، دازاین بە درێژایی تەمەنی تیایدا دەژی. ئێمە لە شیکردنەوەکەماندا زۆرجار وشەی (لە نزیکەوە) و (زۆربەی کات)مان بەکارهێناوە. 'لە نزیکەوە' ئاماژە بۆ ئەو ڕێگەیە دەکات دازاین تیایدا "لەگەڵ-کەسانی دیکە" و شوێنە گشتییەکان دەردەکەوێت. (زۆربەی کات)یش ئاماژەکردنە بۆ شێوازی خۆدەرخستنی دازاین بۆ هەموو کەسانی دیکە، نەک بەردەوام بەڵکو، وەکو یاسایەک.

[٣٧١] "ژیانی ڕۆژانە" چۆنیەتی بوونی ڕۆژانەی دازاین، بەگشی یان بەتایبەتی لەگەڵ-کەسانی دیکەدایە. حەسانەوەش لەنێو نەریتێکدا سەر بەم چۆنیەتییەیە تەنانەت لە کاتێکدا نەریتەکە حاڵەتێکی ناحەز و نالەباریشمان بەسەردا بسەپێنێت. ئەوەی سبەینێ ڕوودەدات (ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا چاوەڕێ دەکرێت) بۆ هەمیشە دەبێت بە دوێنێ. لە ژیانی ڕۆژانەدا هەموو شتێک یەک شت و وەکو خۆیەتی. بەڵام ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕوودەدات بە شتێکی جیاوازدادەنرێت. ئەگەر دازاین (ئەوان)یش بە 'قارەمان' دانەنێت هێشتا ژیانی ڕۆژانە حوکم بەسەر دازایندا دەدات.

فرەلایەنی ژیانی ڕۆژانە پەیوەندی بە ڕوانین و کردەوەکانی دازاینەوە هەیە. ژیانی ڕۆژانە شێوازی بوونە و شوێنە گشتییەکانی تێدا بەرجەستەدەبێت. وەکو شێوازی بوون ژیانی ڕۆژانە بەتایبەتی لەنێو مەزاجی دازایندا، بە تاکە کەس ئاشنایە. هەروەها دازاین توشی ئەشکەنجە دەکات؛ لەلایەکەوە لەنێو دەبەنگیدا نوقمی دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە دازاین دەیەوێت لێیدەربازبێت و ڕێگەیەک بدۆزێتەوە تیایدا پەرتوبڵاوی خۆی زۆرتر ئەنجام بدات. لەو کاتەدا، تێڕوانین ڕوودەدات.

بێگومان لەو ساتەدا، بوون دەتوانێت خۆی بکات بە دروستکەری ژیانی ڕۆژانە؛ بەڵام ناتوانێت لەناوی بەرێت.

ئەوەی لە ڕاڤەکردنی بوونی فاکتۆری و ئۆنتیکی دازایندا ئاشنادەکرێت، ئەوەی بایەخی بۆ دانانێین لە ڕووی ئۆنتۆلۆجی و بوونگەرانەشەوە دەبێت بە نادیارییەکی نادیار. ئاسۆی 'سروشتی' بۆ سەرەتای شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ بوونی دازاین کەم دەردەکەوێت. ئایا پاش ڕاڤەکردنی کات ئێمە بە قۆناخێکی باشتر بۆ ڕوونکردنەوەی بونیادی ژیانی ڕۆژانە بە شێوەی بوونگەرانە گەیشتوین؟ ئایا ئەم دیاردە ئاڵۆزە بەڵگەیەکی نادروست بۆ ڕاڤەکردنی کات دەهێنیتەپێش؟ ئایا ئێمە دازاینمان لەنێو هەڵوێستەکاندا چەقاندوە، لە کاتێکدا ئەو بەردەوام و درێژایی کاتە بە نێو ڕۆژەکاندا تێدەپەرێت؟ هەموو ئەو چەمکانەی، وەکو "یەک شت، وەکو خۆی، وەکو دوێنێ، ئەمرۆ، سبەینێ" بەکارمانهێنان بەبێ گەڕانەوە بۆ درێژبوونەوەی دازاین لەنێو کاتدا، لە واتاکانیان تێناگەین.

[٣٧٢] ئایا دازاین بە 'کات' تێپەڕین لە ڕوانگەی ئەستێرەناسی و ڕۆژمێرییەوە لە کات تێدەگات؟ ئەگەر ژیانی ڕۆژانەی دازاین (وەکو مێژوو) هەروەها بیرکردنەوەی لە کات بە نیگەرانییەوە لە ڕاڤەکردنەکەماندا بۆ دازاین ئاوەڕیان لێبدەینەوە، دەتوانین ئۆنتۆلۆجییانەش لە واتای ژیانی ڕۆژانە تێبگەین. بەڵام، مادام لە بنەڕەتەوە، مەبەستمان لە چەمکی "ژیانی ڕۆژانە" بەکاتیبوونە، بەکاتیبوونیش پەیوەندی بە بوونی دازاینەوە هەیە، سنورشکاندنی بیرۆکەییانەی ژیانی ڕۆژانەش لە چوارچێوەی واتای بوون بەگشتی و شێوازەکانیدا دەستدەکەوێت.

# بەشی پێنجەم

# کات و مێژوو

## ٧٢. ئاشکراکردنی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی گرفتی مێژوو

شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکە سەبارەت واتای بوون بەگشتی بوو. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئەو دیاردەیەی بە بوونمان دەگەیەنێت و لەوێوە لە واتای بوون تێدەگەین سنوردارنەکرێت. ئەو دیاردەیەش، کە باسمانکرد، سەر بە بوونی دازاین بوو. پاش ڕاڤەکردنی بوونی دازاین دەتوانین تێگەیشتن لە بوون مسۆگەر بکەین؛ لەم بناخەیەوە پرسیارەکەش سەبارەت واتای بوون بە دروستی دادەمەزرێت و ئەو تێگەیشتنەش [لە بوونی دازاین] دەبێت بە مەرجێکی لەپێشتر.[161]

هەرچەندە هەندێک بونیادی دازاین ئاڵۆز دەردەکەون و بەتەواوی ئاشکرا نین، بەڵام لە ڕۆشنایی خستنەسەر(کات)، وەکو مەرجێکی گرنگی بۆ نیگەرانی، توانیومانە ڕاڤەیەکی سەرەکی بۆ بوونی دازاین بکەین.

---

[161] ئەم خاڵە هەڵوێستێکی هێرمینۆتیکی گرنگە، کە هایدیگەر لە سەرەتای ئەم پەرتووکەشدا باسیکردوەو پەیڕوی دەکات. لە هێرمینۆتیکدا پەیوەندییەکی بنەڕەتی لەنێوان کەرت و هەمووادا هەیە. لە ڕێگەی هەر یەکێکیانەوە لەوی دیکەش تێدەگەین. ئەمەش بە بازنەی هێرمینۆتیک ناسراوە. (م.ک)

ئێمە (کات)مان لەنێو بەستێنی تەوانایی ڕەسەنی دازاین بۆ-سەرجەمی-بوون دانا. بە سەلماندنی بەکاتیبوونی بایەخدان بە بوون-لەنێو-جیهان توانیمان ڕاڤەی بەکاتیبوونی نیگەرانیش بکەین. شیکردنەوەکەمان بۆ تەوانایی ڕەسەنی دازاین بۆ-سەرجەمی-بوون پەیوەندییەکی پێویستی لەنێوان مردن، هەست بە تاوانکردن و ویژدان ئاشکراکرد. ئایا دەتوانین باشتر لە بوونی دازاین لە دەرەوەی پرۆژەی بوونی ڕەسەنی تێبگەین؟

[٣٧٣] تاکو ئەم ڕادەیە بۆچوونێکی ڕادیکاڵترمان لە شیکردنەوەی بوونگەرانە نەدۆزیوەتەوە. ئەگەر جێگە بۆ باسەکەمان لەسەر واتای ئۆنتۆلۆجی ژیانی ڕۆژانە دابنێین، دەشێ ئەم بڕیارە دژواربێت. ئێمە بەدڵنیاییەوە سەرجەمی بوونی دازاینمان لە شێوازی بوونی ڕەسەنانەدا لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەدا ناسیوە. لەواندا و لە پرسیارکردنەکەماندا سەبارەت بوون-ڕووەو-کۆتایی وەڵامەکەمان دەستکەوە. بەڵام مردن تەنیا 'کۆتایی' دازاینە؛ سەرێکە بۆ کۆتایهێنان بە بوونی دازاین و سەرەکەی دیکەی بوونی 'دەستپێکردن' یان 'لەدایکبوون'ە. ئەم هەبووە لەنێوان لەدایکبوون و مردندا خاوەنی سەرجەمی بوونە. لێرەوە، مەبەستی شیکردنەوەکەمان لایەنێکی [دازاینی] ڕوونکردۆتەوە هەرچەندە باسی سەرجەمی بوونی ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە و بوون-ڕووەو-مردنیش دەکات. دازاین بەو شێوەیەی ڕوو لە پێشەوە دەکات و شتەکان پاش خۆی جێدەهێڵێت بووە بە تێزی توێژینەوەکەمان. بوون-ڕووەو-دەستپێکردن، بەڵکو، لەسەرو ئەمەوە، ئەو شێوازەی دازاین لەنێوان لەدایکبوون و مردنیشدا هەیەتی، نەبینراوە. ئەو پەیوەندییەی دازاین بەردەوام [لە ژیانیدا] دەیهێڵێتەوە لە شیکردنەوەکەماندا بۆ سەرجەمی بوون ئاوەڕی

لێنەدراوەتەوە. ئێمە کاتمان بە واتای سەرجەمی بوونی دازاین دانا؛ ئایا پێویست ناکات ئێستا بۆ ئەم خاڵە بگەڕێینەوە هەرچەندە پەیوەندییەکەی نێوان لەدایکبوون و مردن ئۆنتۆلۆجییانە ڕوون نییە؟ ئایا کات، بەو جۆرەی باسمانکرد، لەم پرسیارەدا دەتوانێت ببێت بە بناخە بۆ لایەنە بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییەکانی پەیوەندییەکە ؟ نابێت ئەم گرفتانە لە بواری توێژینەوەکانماندا بە ئاسانی وەربگیرێن.

چی هەیە لە خەسڵەتی پەیوەندی نێوان لەدایکبوون و مردن ئاسانتربێت؟ پەیوەندییەکە لە زنجیرەیەک ئەزمون لەنێو کاتدا پێکهاتوە. ئەگەر کەسێک قوڵتر لە پەیوەندییەکە بکۆڵێتەوە، بەتاییەتی بڕوانێتە لایەنە ئۆنتۆلۆجییەکانی، دەردەکەوێت لەم زنجیرەیەدا خودی ئەزمونەکە، کە بابەتێکیَ-دەرەکی نێو 'ئێستا'یە دەبێت بە شتێکی ڕاستەقینە. دازاین بەدرێژایی ئەو کاتەی هەیەتی لە گەشتکردندایە، لە هەموو حاڵەتێکدا لەنێو 'ئێستا'دایە و بەسەر ئێستاکاندا لەنێو کاتەکەی خۆیدا تێدەپەڕێت. ئەمەش بوونی ئەو دەکات بە هەبوویەکی کاتی. لەگەڵ گۆڕانکاری ئەزمونەکانیدا (خۆ)ی [دازاین] جۆرە چوونیەکی خۆی دەپارێزێت. بۆچوونی جیاوازیش بۆ پێناسەکردنی بناخەی چوونیەکییەکە هەیە و باسیدەکەن چۆن کەسێک پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەزمونە گۆڕینۆکەکاندا دروستدەکات. بەڵام بوونی بەردەوامی پەیوەندییەکە بە ئەزمونە گۆڕینۆکەکانەوە دیارینەکراوە. ئێمە بمانەویَ و نەمانەویَ باسکردنی پەیوەندی بە ژیانەوە بەم شێوەیە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی بابەتێکیَ-دەرەکی نێو کات، هەرچەندە ئەو بابەتە خەسڵەتی (شت)بوونی نییە.

[٣٧٤] ئەگەر گرنگی بە کارکردنەکەمان لەسەر(کات) بۆ واتای نیگەرانی بدەین دەردەکەوێت ڕاڤەکردنی باو بۆ بوونی دازاین لە سنوری خۆیدا جۆربێت. بەڵام ناتوانین بۆ شیکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی بوونی دازاین لەنێوان لەدایکبوون و مردندا بەکاریبهێنن. بوونی دازین کۆی ئەو ئەزموونە ساتەوەختانە نییە، کە پەیدادەبن و لەناودەچن. هیچ قەوارەیەکیش نییە ئەم ئەزموونانە پڕیبکەنەوە. چۆن دەبێت ئەو ئەزمونانەی ئێستا هەن بە ڕاستەقینە دابنێن و لەدایکبوون، کە ڕابردووە و مردنیش، کە هێشتا ڕووینەداوە بە ڕاستەقینە دانەنێین؟

لە کاتێکدا کەسێک ئۆنتۆلۆجییانە دەڕوانێتە ئەم هەبووە و بە بابەتیکی- دەرەکی نێو کات دایدەنێت، هەوڵدانەکەش بۆ دیاریکردنی پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکەی نێوان لەدایکبوون و مردن لەکاردەکەوێت. دازاین ژیان بە ڕاستەقینە ساتەوەختەکان پڕناکاتەوە. بەجۆریکیش درێژە بە خۆی دەدات، کە لەگەڵ درێژبوونەکەدا لەپێشتر بوونی خۆی پێکدەهێنێت. ناوەندی نێوان لەدایکبوون و مردن لەبوونی دازایندایە. لەلایەکی دیکەوە، ناتوانین بڵێین دازاین لە کاتێکی ڕاستەقینەدا 'هەیە' و بێجگەلەمەش نا- ڕاستەقینەبوونی لەدایکبوون و مردن دەوریداوە. لە تێگەیشتنی بوونگەرانەوە، لەدایکبوون نە ئێستا هەیە و نە بووە بە بابەتێکی دەرەکی نێو ڕابردووش؛ مردنیش نە بابەتێکی دەرەکی و نە شتێکی دوورە، بەڵکو لەگەڵ بوونی دازایندایە. لە ڕووی فاکتۆرییەوە دازاین لەدایکدەبێت، مادام لەدایکیشدەبێت پێویستە بمرێت، چونکە بوونێکی-ڕووەو-مردنی هەیە. تاکو دازاین فاکتۆریانە هەبێت ناوەند و کۆتایی بوونی لەسەر نیگەرانبوونی ڕادەوەستن. بوونی فرێدراوی دازاین و بوونی-ڕووەو-مردن،

که دازاین لێیڕادەکات یان چاوەڕوانیدەبێت، یەکێتی [بوونی] دروستدەکەن؛ لەنێو ئەم یەکێتییەدا لەدایکبوون و مردن یەکدەگرن. دازاینیش، وەکو نیگەرانی لەو ناوەندەدا دەژی.

[٣٧٥] لەنێو کاتدا، سەرجەمی پێکهاتەی نیگەرانی لەو یەکێتییەدا دەبێت بە ئەگەر و سەرهەڵدەدات. بەگوێرەی ئەمە، پێویستە لە ڕەهەندی بەکاتیبوونی دازاینەوە بڕوانینە پەیوەندییە ئۆنتۆلۆجییەکانی ژیان، کە درێژەپێدانی بوونی دازاین و جوڵان و مانەوەیەتی. جوڵانی [بوونی دازاین] لە جوڵانی بابەتێکی دەرەکی ناچێت. لەبەر ڕۆشنایی درێژەپێدانی بوونیدا پێناسدەکرێت. جوڵانی دازاین لەنێو درێژەپێدانی بوونیدا ناودەنێین 'مێژووکاری'. پرسیار سەبارەت پەیوەندییەکانی نێو ناوەندەکە لە[بوونی دازایندا] گرفتێکی ئۆنتۆلۆجییانەی مێژووکاری دازاینە.[162] ڕوونکردنەوەی بونیادی مێژووکاری و مەرجە بوونگەرانە-کاتییەکانیش بۆ ئەگەری بوونی ئۆنتۆلۆجییانە تێگەیشتنمان لە مێژوو مسۆگەردەکات. لەگەڵ شیکردنەوە جوڵان و مانەوەیەکی ناسراو لە ئاسۆی مێژووکاری دازایندا بۆ گرفتی بەردەوامبوونی (خۆ) دەگەڕێینەوە، کە بە (کەسێتی) دازاین ناوزەدمانکرد.[163] بەردەوامبوونی (خۆ) شێوازی بوونی دازاینە و

[162] چەمکی 'مێژووکاری' وەکو چەمکی 'فەلسەفەکاری' بۆ دروستکردنی مێژوو بەکارمهێناوە. مەبەستی دازاین لە بەکارهێنانی ئەم چەمکە ئەوەیە، کە دازاین لە ژیانیدا، لە ناوەندی نێوان لەدایکبوون و مردنیدا بەردەوام سەرقاڵی دروستکردنی مێژووە یان ژیانی لەنێوان ئەو دوو ڕووداوەدا میژووکارییە. (م.ک)

[163] بڕوانە کورتەبەشی (٦٤)ی ئەم نوسراوە.

لەسەر بناخەی بەکاتیبوونێکی دیاریکراوی کات ڕادەوەستێت. شیکردنەوەکەمان بۆ مێژووکاری ڕاستەوخۆ لەبەردەم توێژینەوەی بیردۆزەییانە بۆ کات ڕاماندەگرێت.

ئەگەر پرسیارەکەمان سەبارەت مێژوو بۆ ئەو 'سەرچاوانە' بمانگەڕێنێتەوە ئەوا ناوەڕۆکی گرفتی مێژوومان دۆزیوەتەوە. ئەم ناوەڕۆکەش سەر بە زانستی مێژوو یان مێژووناسی نییە؛ تەنانەت ئەگەر بەو جۆرەش بێت (سیمڵ) باسی کێشەی مێژوو دەکات تەنیا ئەپستمۆلۆجییانەش نەبێت، یان (ڕێکارت) گوتەنی لۆجیکی دامەزراندنی چەمکەکانی مێژووناسی نەبێت و ڕوو لە بابەتە دەرەکییەکان بکات. دیاردەی سەرەکی مێژوو، کە پێش دامەزراندنی بیردۆزەی مێژوو دەکەوێت دۆزراوەتەوە. چونییەتی ئەگەری دانانی مێژوو بەبابەتی مێژووگرافی لەبوونێکی مێژوویدا پەیدادەکرێت. ئەو بوونەش مێژووکارە و ڕەگوڕیشەی لەنێوکاتدا داکوتاوە.

[٣٧٦] ئەگەر بمانەوێت لەبەر ڕۆشنایی کات لە مێژوو تێبگەین بەتایبەتی کاتێکی ڕەسەنانە پێویستە بۆچوونەکەمان فینۆمینۆلۆجییانە بێت. [164] ڕاڤەکردنی باو بۆ مێژووی دازاین پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانە و بوونگەرانەی مێژووی داپۆشیوە؛ پێویستە ئێمە ئاشکرای بکەین. بێگومان تێگەیشتنی باو لە بوونی دازاین بۆ ناسینی شێوازی بوونگەرانەی مێژوو دەبێت بە یاریدەدەر و لەو بونیادەوەی باسمانکرد ڕێنمایمان دەکات. لە سەرەتاوە

---

[164] بڕوانە کورتەبەشی (٦٣)ی ئەم نوسراوە.

باسی ئەو شێوازە باوانەدەکەین، کە مێژوویان لەسەر ڕاڤەدەکرێت و ڕوو لەو بابەتانە دەکەین بەگشتی دەکرێن بە ناوەڕۆکی مێژوو. پێویستە ئەو خاڵەشمان لەبیرنەچێت ئەوەی هەڵیدەبژری مێژووییە. لێرەوە، شوێنی دەرچوونمان بۆ توێژینەوەکەمان لەسەر گرفتی ئۆنتۆلۆجییانەی مێژوو دیاریکردوە.

ڕاڤەکردنەکەمان بۆ سەرجەمی تەوانایی ڕەسەنانەی دازاین-بۆ-بوون و شیکردنەوەکەمان بۆ نیگەرانی، وەکو کات ڕێنیشاندەرن بۆ دامەزراندنی بوونگەرانەی مێژوو. پڕۆژەی بوونگەرانەی مێژووی دازاین ناوەڕۆکی بەکاتیبوونی کات دەردەخات. لەپەیوەندی نێوان نیگەرانی و مێژووەوە، بوونی ڕەسەن و ناڕەسەنی دازاین دەبێت بە مێژوویی. ئاشکراشە، مێژووی بوونی ناڕەسەنانەی دازاین لەنێو (ژیانی ڕۆژانە)دایە، کە لەپێشتر لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان، وەکو شێوازێکی نزیک لە دازاینەوە باسمانکرد. ڕاڤەکردن و ئاشکراکردن لە بنەڕەتەوە سەر بە مێژووکاری دازاینن. لە بوونی مێژوویی دازاینەوە ئاشکراکردنی ئۆنتیکییانەی مێژوو سەرهەڵدەدات و دەیناسین. لەڕاستیدا، ئێمە دەتوانین مێژوو بکەین بە تێزی لێکۆڵینەوەمان و مێژووناسانە ئاشکرایبکەین. ئامانجی ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی مێژووناسی، وەکو زانست، دامەزراندنی سەرچاوە ئۆنتۆلۆجییەکانە لە مێژووی بوونی دازاینەوە. لێرەوە دەتوانین سنورەکان بۆ بیردۆزەی زانست، کە سەر بە فاکتۆری کارە زانستییەکانە دیارییبکەین و خۆی بخاتە ژێر کاریگەری ئەو ڕوداوانەی پرسیار لە بوونیان دەکات.

**[٣٧٧] هەوڵدەدەین، لەگەڵ شیکردنەوەی مێژووی دازایندا، ڕوونیبکەینەوە ئەم هەبووە لەبەر ئەوەی لەنێو مێژوودایە نابێت بە کاتی.**

**بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو بوونێکی مێژوویی هەیە چونکە لە بنەڕەتەوە کاتییە.**

لەگەڵ ئەمەشدا، بەو واتایەی بوونی دازاین لەنێو کاتدایە، پێویستە بە هەبوویەکی (کاتی) دابنرێت. بەبێ دامەزراندنی مێژووگرافی دازاین کاتژمێر و ڕۆژمێر باکاردەهێنێت و پێویستی پێیان هەیە. هەر شتێک بەسەر دازایندا ڕوودەدات لەنێو (کات)دا توشیدەبێت. بەهەمانشێوە، پرۆسەی (سروشت)، زیندوو یان نازیندوو لەنێو کاتدا دەناسرێت. لەبەر ئەمە شیکردنەوەکەمان بۆ (کات) لەنێو-کاتێکدا، کە سەرچاوەکەی خودی کاتە بۆ بەشێکی دیکە هەڵدەگرین. لێرەدا ئاسانترە پەیوەندی نێوان کات و مێژوو بخەینەپێش چاو.[165] ئەوەی مێژوییە خەسڵەتی لەنێو-کاتی هەیە. ئەگەر ئەم خەسڵەتەی لێبسەنرێت دەبێت لە بەکاتیبوونی دازاینەوە دەربهێنرێت؛ گرنگیش نییە پەیوەندییەکانیان دەرەکی دابنرێن. مادام کات، وەکو لەنێو-کاتیدا لەبەکاتیبوونی دازاینەوە هەڵدەقوڵێت لەنێو-کات و مێژوو دەبن بە دوو کێشەی سەرەکی. کەوابوو، بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە، ڕاڤەکردنی باو بۆ خەسڵەتی بەکاتیبوونی مێژوو ناجۆر نییە. پاش دیاریکردنی خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانەی مێژوو لەبەر ڕۆشنایی کاتدا، ئایا پێویستیمان بە مسۆگەرکردنی ئەوە هەیە توێژینەوەکەمان خۆی بەو باوەڕەوە گرێنەدات، کە گرفتی کات بە ئاسانی

---

[165] بڕوانە کوتەبەشی (٨٠)ی ئەم نوسراوە.

و فێڵبازییەوە چارەسەردەکات؟[166] هەژاری بەکارهێنانی (کاتیگۆری) و دڵنیانەبوون لە ڕەهەندە سەرەتاییە ئۆنتۆلۆجییەکان خۆیان بە زۆر دەسەپێنن لە کاتێکدا گرفتی مێژوو زۆرتر ڕوو لە بنەڕەتە سەرەتاییەکان دەکات. لەم توێژینەوەیەدا تەنیا ناوەڕۆکە ئۆنتۆلۆجییەکەی گرفتی مێژوو باسدەکەین. توێژینەوەکانی (دیلْتی) کاری زۆریان لەم بوارەدا کردوە؛ بەڵام نەوەی ئەمڕۆ خۆی نەکردوە بە خاوەنی. ئێمە بەرەوپێشەوەی دەبەین.

توێژینەوەکەمان لەسەر گرفتی بوونگەرانەی مێژوو، کە توێژینەوەیەکی سنوردارە، ئامانجەکەی یەکێکە لە ئامانجەکانی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بەسەر ئەم باسانەدا دابەشدەبێت: تێگەیشتنی باو لە مێژوو، هەروەها مێژووکاری لای دازاین (کورتەبەشی٧٣)؛ پێکهاتەی بنەڕەتی مێژوو (کورتەبەشی٧٤)؛ مێژووی دازاین و مێژووی جیهان (کورتەبەشی٧٥)؛ سەرچاوەی بوونگەرانە بۆ زانستی مێژووی دازاین (کورتەبەشی٧٦)؛ پەیوەندی ئەم توێژینەوەیە لەسەر گرفتی مێژوو لەگەڵ توێژینەوەکانی دیلْتی و بیرۆکەکانی (کاونت یۆرک)دا (کورتە بەشی٧٧).

---

[166] هایدیگەر وشەی (*Coup de main*)ی لاتینی بەکارهێناوە، واتای هەڵسوڕانی کارێک بە ئاسانی و جوڵانی دەست یان فێڵبازییەوە دەبەخشێت. (م.ک)

## ٧٣. تێگەیشتنی باو لە مێژوو، هەروەها مێژووکاری لای دازاین

[٣٧٨] ئامانجەکەمان دۆزینەوەی خاڵێکی سەرەتاییە بۆ توێژینەوەکەمان لەسەر پرسیار سەبارەت جەوهەری مێژوو، تاکو بتوانین بوونگەرانە مێژوو دابمەزرێنین. ئەم خاڵەش پەیوەندی بەو هەبووەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا مێژووییە. کەوابوو، دەبێت توێژینەوەکەمان لە بەکارهێنانی چەمکەکانی، وەکو (مێژوو)یان (مێژوویی) لە ڕاڤەکردنی باوی دازاینەوە بخەینەگەر. ئێمە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم چەمکانەدا لەچەند لایەنەوە ڕادێین. یەکێک لەو لایەنە نادیار و ئاڵۆزەی لە چەمکی (مێژوو)دا دەبینرێت لەوەدایە، کە گوایە چەمکێکی نزیک و ئاشکرایە. واتای (ڕاستەقینەی میژوو) هەروەها زانستەکەی دەبەخشێت. ئێمە لێرەدا باسی ئاماژەکردنی مێژوو بۆ زانستەکەی (مێژووناسی) ناکەین.

چەمکی (مێژوو) ئاماژە بۆ چەند شتێک دەکات، کە زانستی مێژوو یان مێژوو، وەکو بابەت ناگرێتەوە. یەکێک لەو شتانەی سەر بەم چەمکەیە و خراوەتە بەر ڕۆشنایی تێگەیشتنمان (ڕابردووە). بۆنموونە دەڵێین ئەم یان ئەوشتە "چۆتە نێو مێژووەوە." لێرەدا، (ڕابردوو) ئەوەیە، کە نابێت بە بابەتێکی دەرەکی یان بابەتێکی دەرەکی بەبێ ئەوەی بەسەر ڕانەبردووەوە کاریگەربێت ماوەتەوە. بێگومان ئەو شتە مێژووییەی لە ڕابردوودایە لایەنی دژوەستاویش هەیە. ئێمە دەلێین، "کەس لە مێژوو ڕاناکات." چەمکی (مێژوو) لەم گوتەیەدا ئاماژە بۆ ڕابردوویەک دەکات، کە بەسەر ڕانەبردووەوە کاریگەرە. ئەوەی مێژووییە و لە ڕابردوودایە بە (ئێستا) و (ئەمڕۆ)وە بەستراوە. پۆزەتیڤانە یان لە ژیانی تایبەتی دازایندا کاریگەرە. لەم ڕووەوە ڕابردوو دوو واتای سەرنجڕاکێشی هەیە؛

ڕابردوو بەبێ گەڕانەوە سەر بە کاتی پێشوە و سەر بە ڕووداوەکانی ئەو کاتەیە. لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێت ببێت بە بابەتێکی دەرەکی لە (ئێستا)دا، بۆنموونە ئاسەوارەکانی پەرستگای یۆنانییەکان ماونەتەوە. لەگەڵ مانەوەی پەرستگاکەدا بەشێک لە (رابردوو) کەوتۆتە نێو (ڕانەبردووەوە). ئەوەی سەبارەت (مێژوو) بیریلێدەکەینەوە هێندە پەیوەندی بە (ڕابردوو)ەوە نییە، بەڵکو شتێکی دەرهێنراوە لەو ڕابردووەوە. هەر شتێک مێژووی هەبێت پێکهاتەیە. لە پێکهاتندا، پەرەسەندنیش هەندێکجار ڕوودەدات و هەندێکجاری دیکەش ڕوونادات. هەر شتێک، لەم بۆچوونەوە خاوەنی مێژووبێت، دەبێت بە دروستکەری مێژووەکە. مێژوو-دروستکردن داهاتوو لەنێو ئێستادا دیاریدەکات. لێرەدا، 'مێژوو' دەبێت بە 'بەستێنی' ڕووداوەکان و (کاریگەرێتیان)، کە بەدرێژی ڕابردوو، ڕانەبردوو هەروەها داهاتوو دەمێننەوە. ئەمەش گرنگی و بایەخ تەنیا بە ڕابردوو نادات.

[٣٧٩] بێجگەلەمە، (مێژوو) کۆی هەموو ئەو ڕووداوانەیە "لەنێو-کات"دا گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بێگومان [ئەم ڕووداوانە] گۆڕانکاری و چارەنوسی بوونی مرۆڤ و کەلتوریش دەگرنەوە، کە لە گۆڕانکارییە سروشتییەکانەوە جیاوازن. لەم چەمکەی مێژوودا سروشت و بوونی مرۆڤمان لەیەکدی جیانەکردۆتەوە. دواجاریش، ئەوەی بۆ ئێمە بەجێماوە بە (مێژوویی) دادەنرێت. گرنگیش نییە ئەو شتە بەڵگەنەویست بێت یان لە مێژووناسیدا بە ئێمە گەیشتبێت.

ئەگەر ئەم چوار لایەنە چەمکی 'مێژوو' پێکەوە ببەستێنەوە، مێژوو دەبێت بە ڕوودانێکی دیایکراوی بوونی دازاین لەنێو کاتدا؛ مێژووکاری

بوون-لەگەڵدا و لە ڕابردوودا بە دەست ئیمە گەیشتوەو لەنێو ئێستادا کاریگەرە. ئەم چوارلایەنە بە شێوەی ڕووداو پەیوەندییان بە بوونی مرۆڤەوە هەیە. چۆن بتوانین پێناسەی خەسڵەتی بەمێژووبوونی ئەم ڕووداوانە بکەین؟ ئایا مێژوو زنجیرەی ڕووداوەکان و سەرهەڵدان و دیارنەمانیانە؟

چۆن مێژووکاری لە مێژوودا بە دازاینەوە بەستراوە؟ ئایا دازاین فاکتۆریانە بوونێکی-دەرەکی هەیە تاکو بیکەین بە سەرەتای [تویێژینەوەکەمان] و بە ڕووداوەکانی دەکەوێتە نێو مێژووەوە؟ ئایا دازاین بە تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەبێت بە هەبوویەکی مێژوویی؟ یان، بوونی ئەو لە پێش هەموو شتێکدا پێکهاتەی مێژووکارییەکەیەتی و لەودیو بارودۆخ، ڕووداو و گۆڕانکارییەکانەوە لەسەر بوونی مێژوویی دازاین ئۆنتۆلۆجییانە پەیدادەبن؟ بۆچی ڕابردوو دەور لە بەکاتیبوونی دازاین لەنێو مێژوودا دەبینێت؟ ئەگەر مێژوو سەر بە بوونی دازاین بێت، بوونی دازاینیش پێکهاتەیەکی کاتی بێت، ئەوا ئاسانە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان بۆ مێژوو لە خەسڵەتە مێژووییەکانەوە دەستپێبکەین، کە ئاشکرا واتایەکی کاتییان هەیە. کەوابوو، بە دیاریکردنی شوێن و بایەخی 'ڕابردوو' لە چەمکی مێژوودا ڕێگە بۆ گەیشتن بە پێکهاتەی سەرەتایی مێژوو دەستنیشاندەکەین.

[٣٨٠] کەلوپەلی نێوماڵی کۆمەڵگا دێرینەکان لە مۆزەخانەکاندا هەڵگیراون سەر بە کاتی 'ڕابردوو'ن؛ هێشتا لەنێو 'ڕانەبردوو'دا هەن و بوون و بە بابەتی-دەرەکی. تاکو چ ڕادەیەک ئەم کەلوپەلانە مێژووین، لە کاتێکدا بەتەواوی 'ڕابردوو' نین؟ ئایا لەبەر ئەوەی بۆ مێژووگرافی و

توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگا دێرینەکان بابەتن بەمێژوویی دادەنرێن؟ بەڵام دەزانین ئەم کەلوپەلانە لەبەر ئەوەی مێژووین دەبن بەمێژوویی. لێرەدا پرسیارەکە دووبارە دەکەینەوە: چۆن بەم بابەتە بڵێین 'مێژوویی' لە کاتێکدا بەتەواوی نەبووە بە 'ڕابردوو'؟ ئایا ئەم هەبووانە لەگەڵ ئەوەی ئێستاش، وەکو بابەتی دەرەکی هەن، شتێکی ڕابردوویان لەنێو بوونیادا هەڵگرتوە؟ ئایا بەو جۆرەی بوون بە بابەتی-دەرەکی، هەن؟

بەگوێرەی دەرکەوتنەکەیان، ئەم هەبووانە گۆڕانیان بەسەرداهاتوە. لەبەر کۆنبوونیان ناسک بوونەتەوە یان کرم خواردوونی. بەڵام خەسڵەتی ڕابردوو، کە هەبوویەک دەکات بە بابەتێکی مێژوویی پەیوەندی بەم تێپەڕبوونەوە نییە، کە بە دانانی بابەتەکەش لە مۆزەخانە بەردەوامە. کەوابوو، ڕابردوو بۆ ئەم هەبووە چییە؟ ئەم بابەتانە چین، کە ئەمڕۆ نین؟ ئەوان هێشتا لەبەردەستماندان و ماونەتەوە؛ بەڵام لە کارکەوتوون. ئەگەر، وەکو کەلوپەلەکانی دیکەی ناوماڵ بتوانین ئێستاش بەکاریانبهێنین، ئایادەبن بە نا-مێژوویی؟ ئەوان بەکاربهێنرێن یان نا بوونیان ئێستا، وەکو بوونیان لە ڕابردوودا نییە. ڕابردوو چییە؟ ئەو جیهانەیە کەلوپەلەکان لەنێو بەستێنی بەئامێربوونیان و بوون بە بابەتی-بەردەست دازاین بە نیگەرانییەوە کاری لەسەرکردون. بەڵام ئەو جیهانە 'ئێستا' نەماوە و شتێک، کە پەیوەندی لەگەڵیدا هەیە بەجێماوە و بووە بە بابەتێکی-دەرەکی. وەکو ئامێر، کە ئێستاش بووە بە بابەتێکی-دەرەکی سەر بە 'ڕابردوو'. ئایا واتای ئەو جیهانە لەناوچووە چییە؟ مەبەستمان بوونی فاکتۆریانەی دازاینە لەنێو-جیهاندا. کەوابوو،

خەسڵەتی مێژوویی بابەتە دێرینەکان، ئەو بابەتانەی ئێستا ماونەتەوە پەیوەندی بە جیهانی ڕابردووی دازاینەوە هەیە.

[٣٨١] لەم بۆچوونەوە دازاینی نێو ڕابردوو نەک دازاینی نێو ڕانەبردوو مێژوییە. ئایا دازاین دەبێت بە ڕابردوو، ئەگەر پێناسەی ڕابردوو بەوە بکەین، کە نە بابەتێکی-بەردەست و نە بابەتێکی-درەکییە؟ ئاشکرایە، دازاین نابێت بە ڕابردوو. هۆکاری ئەمەش لەوەدا نییە، کە گۆڕانکاری لە بوونی دازانیدا نەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، دازاین هەرگیز نابێت بە بابەتێکی-دەرەکی. ئەگەر دازاین هەبێت، ئەوا لە بووندایە. ئەو دازاینەی نەماوە لەڕووە ئۆنتۆلۆجییەکەوە نابێت بە ڕابردوو؛ دەبێت بە "هەبوویەک-لەوێدا." ئەو بابەتە دێرینانەی ماونەتەوە و بابەتی-دەرەکین خەسڵەتی 'ڕابردوو'یان هەیە و مێژوویین چونکە لەنێو جیهانی ئامێرەکاندا بوون، کە دازاین باکاریهێناون. بوونی دازاینە، کە لە بنەڕەتدا مێژووییە. ئایا لەبەر ئەوەی دازاین نامێنێت دەبێت بە مێژوویی؟ ئایا بەفاکتۆربوونی نایکات بە مێژوویی؟ ئایا دازاین هەبوویەکە-لەوێدا یان هەبوویەکی داهاتووییە و ڕانەبردووی لەنێو بەکاتیبوونی خۆی دروستدەکات؟

لەم شتیکردنەوە سەرەتاییەوە دەردەکەوێت ئەو ئامێرانەی سەر بە مێژوون و لە ڕابردوودا هاتوونەتەکایەوە و ماونەتەوە و ئێستا بوون بە بابەتی-دەرەکی. مادام لەنێو جیهاندان مێژووین. بەڵام جیهانیش بوونێکی مێژوویی هەیە چونکە خەسڵەتی ئۆنتۆلۆجییانە بە دازاین دەبەخشێت.

بەستنەوەی 'ڕابردوو، بە 'کات'وە چەند واتایەکی جیاواز بە 'ڕابردوو' دەدات. 'ڕابردوو' لەو بوونەی هەبووە، کە بە ڕەهەندێکی بەکاتیبوونی

دازاینمان دانا، جیادەکرێتەوە. کێشەکە لەمە دژوارتر دەردەکەوێت؛ بۆچی مێژوو لەپێش هەموو شتێکەوە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، یان پەیوەندی بە بوونەوە هەیە، کە هەبووە لە کاتێکدا ئەو خەسڵەتە سەر بەکاتیبوونی ئێستا و داهاتووشە؟

ئێمە گوتمان ئەوەی مێژوویییە دازاینە. دوای ئەمە، نەک تەنیا بابەتەکانی-بەردەست، سروشتیش بەگشتی زەمینەیە بۆ مێژوو. هەموو ئەو هەبووانەی شێوازی بوونی دازاینیان نییە، لەبەر ئەوەی لەنێو جیهاندان بە"مێژووی-جیهانی" ناوزەدیاندەکەین. دەتوانین بیسەلمێنین چۆن چەمکی باوی "مێژووی-جیهان" لەم بۆچوونەوە سەرهەڵدەدات. خوێندنەوەی مێژووییانە بۆ هەبووەکانی "نێو-جیهان" خەسڵەتی مێژووییان بەسەردا ناسەپێنرێت. ئەوان مێژووین چونکە لەنێو-جیهاندان و[دازاینیش] ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

[٣٨٢] لەشیکردنەوەی خەسڵەتی مێژوویی ئەو ئامێرانەی ئێستا بوون بە بابەتی-دەرەکی تەنیا بۆ بوونی دازاین نەگەڕاوینەتەوە، کە لە بنەڕەتەوە مێژوویییە؛ هەمانکات، لە خەسڵەتی بەکاتیبوونی مێژوویی بەگشتی لە پەیوەندییەکەی بە بوون-لەنێو-جیهانی هەموو بابەتێکی دەرەکییەوە گومان دەکەین. بابەتەکان بە دانانیان لەنێو ڕابردوودا زۆرتر نابن بە شتێکی مێژوویی، ئەوەی لە هەموویان کۆنترە شتێکی مێژوویی تەواو نییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر دووری ئێستا و ئەمڕۆ لەنێو کاتدا نەبێت بە پێکهاتەی بابەتە مێژوویییەکان ئەوە ناگەیەنێت ئەم بابەتانە لەنێو کاتدا نەبن یان لە کاتبەدەر بن. لەبەر ئەوەیە، کە بوونیان بە جۆرێک لەنێو کاتدایە، پەیدابوون و لەناوچوونیان لە جەوهەرە ئۆنتۆلۆجییەکەیدا

[بەوشێوەیەی ئێمە باسیدەکەین] نابن بە کاتی.[167] دەشێ ئەم بۆچوونانە ئالۆزی دروستبکەن. نکۆڵی لەوەناکرێت، کە بوونی مرۆڤ بابەتی سەرەکی مێژووە. هەروەها، ئەو چەمکە باوەی مێژوو لەپێشەوە باسمانکرد ئەمخاڵەش دیاریدەکات. بیرۆکەی "دازاین-مێژوویيە" واتایەکی فاکتۆری ئۆنتیکی نییە و نامانەوێت مرۆڤ بە 'ئەتۆم'ێک لەنێو مێژووی جیهاندا دابنێین. ئەم بیرۆکەیە گرفتێک دەردەخات، کە لەم پرسیارەدا ئاشکرادەبێت: بۆچی و لەسەر بناخەی چ بارودۆخێکی ئۆنتۆلۆجییانە مێژووکاری سەر بە (خۆ)ی بابەتی مێژوویيە و دەبێت بە حاڵەتی پێکهاتەی بوونی؟

## ٧٤. پیکهاتەی بنەڕەتی مێژوو

لە ڕووی فاکتۆرییەوە، دازاین خاوەنی مێژووە چونکە بوونێکی مێژوویی هەیە. ئێستا هەوڵدەدەین لە ڕێگەی دیاریکردنی گرفتە ئۆنتۆلۆجییەکەی مێژوو، وەکو گرفتێکی بوونگەرانە ئەم بیرۆکەیە بسەلمێنین. ئێمە بوونی دازاینمان بە نیگەرانی دانا. نیگەرانیش لەسەر زەمینەی کات دادەمەزرێت. کەوابوو، ئەو هەبووەی خەسڵەتی لە بوونیدایە دەبێت لەنێو

[167] لەوانەیە بەردێک لە سروشتدا لەو بابەتانە کۆنتربێت، کە لە ئەشکەوتێکی کۆندا دەدۆزرێتەوە. هێشتا بەردەکە بە مێژوویی دانانرێت چونکە لە کۆندا بۆ مرۆڤ نەبووە بە بابەتێکی بەردەست و دازاین، وەکو ئامێر بەکارینەهێناوە. هەمانکات بەردەکە بوونێکە لەنێو جیهان و لەنێو کاتدایە. (م.ک)

کاتدا پەیدابکرێت. لیرەدا ڕاڤەکردنی بەمێژووبوونی دازاین دەبێت بە کارکردن لەسەر کات. لەپێشتر باسی کاتمان لە پەیوەندییەکەی بە شێوازی بوونی ڕەسەنەوە لە چاوەڕوانیکردن و بڕیارداندا کرد. ئایا بە چ ڕادەیەک ئەمە بەسەر مێژووکاری ڕەسەنانەی دازایندا دەسەپێنرێت؟

[٣٨٣] 'بڕیاردان' پڕۆژەی خودی دازاینە لەسەر شێوازی هەست بە تاوانکردنی-بوونی. پڕۆژەیەکە ڕوو لە دوودڵی دەکات.[168] 'بڕیاردان' لە چاوەڕوانیکردندا دەبێت خەسڵەتی ڕەسەنانە وەردەگرێت.[169] لە بڕیارداندا، دازاین لە تەوانایی خۆی-بۆ-بوون تێدەگات و ڕاستەوخۆ بەمکارە لە ئاستی مردندا ڕادەوەستێت تاکو بەسەر بوونی فڕێدراوی خۆیدا تێپەڕێت.

بڕیاردان فاکتۆری بوون 'لەوێدا' ڕەتدەکات؛ واتە[دازاین] بووە بە خاوەنی هەڵوێست. لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەماندا ناکرێت باسی بڕیاردانی فاکتۆری هەموو حاڵەتێکی تایبەت بکەین ئەگەر توێژینەوەکەمان فاکتۆرییەکانی بوونی دازاینیش نەگرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێت بپرسین چۆن دازاین، بەگشتی، ئەم ئەگەرانە، کە پڕۆژەی فاکتۆرین دادەمەزرێنێت؟ پڕۆژەی بڕیاردانی کەسێک لەسەر ئەگەری بوونی، ئەو ئەگەری وازی لێنەهێنراوە و مردنە سەرجەم و ڕەسەنێتی بڕیاردانەکە مسۆگەردەکات. بەڵام ئەو ئەگەرانەی فاکتۆریانە بوون دەردەخەن لە دەوری مردندا پەیداناکرێن. ئایا تێپەڕکردنی بوونی فڕێدراو لەنێو جیهاندا

---

[168] بڕوانە کورتەبەشی (٦٠)ی ئەم نوسراوە.

[169] بڕوانە کورتەبەشی (٦٢)ی ئەم نوسراوە.

ئاسۆیەک بۆ دەرخستنی ئەگەرە فاکتۆرییەکان دەردەخات؟ ئایا دازاین دەتوانێت بوونی فڕێدراوی تێپەڕبکات؟ پێش بڕیاردانێکی پێشوەخت و بە پەلە لەسەر ئەگەرە ڕەسەنەکانی بوون بە[حاڵەتی] فڕێدانەوە دەبێت لە چەمکی (فڕێدان)، وەکو یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی نیگەرانی دڵنیابین. دازاین لەنێو-جیهاندا فڕێدراوەتە بەردەم خۆی و تەوانایی-بۆ-بوون. وەکو بوونێکی فڕێدراو فاکتۆریانە لەگەڵ کەسانی دیکەشدایە. زۆر بەی کات (خۆ) لەنێو (ئەوان)دا ونکردوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەگەرانەی بوونی، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەن، لە بوونی خۆی تێدەگات. ئەم ئەگەرانە لە ئاستی [تێگەیشتنی] ئالۆزدا بە نەزانراوی دەمێننەوە؛ هەمانکات زۆرچاک دەیانناسین.

[٣٨٤] بڕیاردان، کە دازاین بۆ بوونی خۆی دەگەڕێنێتەوە، ئەگەر فاکتۆرییە ڕەسەنەکان ئاشکرابکات و بیانکات بە 'میرات' ئەوا دازاین بۆ نێو (فڕێدان) دەگەڕێتەوە و بە نهێنی ئەو ئەگەرانەی بۆی ماوەتەوە دەهێنێتە بەردەست. ئەگەر هەموو شتێکی (چاک) میراتی بێت، خەسڵەتی چاکیش سەر بە ئەگەری بوونگەرانەی ڕەسەن بێت ئەوا بەدەستهێنانی میراتییەکە لەنێو بڕیاردانادا پێکدێت. چەند دازاین ڕەسەنانە بڕیاربدات، بە ڕوونی لە چاوەڕوانیکردنی مردن تێبگات و بە ئەگەرێکی تایبەتی دابنێت جیاوازی ئەگەری بوونی دەدۆزێتەوە و هەڵیدەبژێرێت؛ بە ڕێکەوتیش ئەم کارە ناکات. لە چاوەڕوانیکردنی مردندا ئەگەرە ڕێکەوتی و کاتییەکان سەرهەڵدەدەن. تەنیا لە سەربەستییەکی ڕووەو مردن دازاین ئامانجی خۆی دیاریدەکات و بوونی بەرەو بڕانەوە دەبات. کاتێک مرۆڤ لە واتای بڕانەوەی بوونی تێدەگات لەنێو ئەگەرە

فرەجۆر و لە کۆتایی بەدەرەکانەوە، ئەو ئەگەرانەی خۆیان بە نزیکترین دادەنێین و کەسەکە خۆشحاڵ دەکەن، بەرەو بوونی خۆی دەگەڕێتەوە و لە ئاستی (چارەنوسی)یدا ڕادەوەستێت. بەمجۆرە مێژووکاری دازاین، کە پەیوەندی بە بڕیاردانی ڕەسەنانەوە هەیە و تیایدا دازاین بوونی خۆی دەبینێت، خۆی لە مردن ڕزگاردەکات، دیاریدەکەین. بوونی چارەنوسی دازاین بە بڕیاردانەوە، کە دازاین بۆ بوونی خۆی دەگەڕێنێتەوە دەبێت بە بوون لەنێو-جیهان بۆ بارودۆخەکانی (بەخت) و زەبری ڕووداوەکان. چارەنوس لە ئاکامی پێدانی بارودۆخ و ڕووداوەکاندا نایەتە کایەوە. تەنانەت کەسێک بڕیاریش نەدات زۆرتر لەو کەسانەی خاوەنی هەڵبژاردنن، توشی دەبێت و هەمانکات کەسێکە بێ چارەنوس.

ئەگەر دازاین لە بڕیاردانەکەیدا ڕێگە بە دەستەڵاتی مردن بدات بەرجەستە بێت، ئەوا وەکو کەسێکی سەربەست لە ئاستی مردندا، لە دەستەڵاتێکی باڵاتری خۆیەوە لە بوونی تێدەگات، کە دەستەڵاتی بڕاوەی سەربەستییەکەیەتی. لەم سەربەستییەدا یان هەڵبژاردنی ئەو جۆرە هەڵبژاردنە، دازاین دەستەڵاتی بەسەر بوونی لە دەستەڵاتبەدەر و جێماویدا دەسەپێنێت. ئەو دەستەڵاتەش لە هەڵبژاردنەکەدایە و بە ڕوونیش ڕووداوەکانی نێو هەڵوێستەکەی دەبینێت. بەڵام، ئەگەر دازاین خاوەنی چارەنوسی لەنێو-جیهاندا لە بنەڕەتەوە لەگەڵ-کەسانی دیکەدا بێت مێژووکارییەکەی دەبێت بە هاو-مێژووکاری و بۆ "چارەنوسێکی مەبەستدار" دەگۆڕدرێت.[170] ئەمەش خەسڵەتی مێژووکاری کۆمەڵ

[170] لە زمانی ئەڵمانیدا دوو چەمکی جیاواز بۆ چارەنوس، وەکو (*schicksal*) و

دیاریدەکات. چارەنوسی مەبەستدار سەرجەمی چارەنوسی تاکەکان نییە چونکە بوون-لەگەڵ-یەکدیدا کۆی چەند (خۆ)یەک نییە، کە پێکەوە دەژین.[171] چارەنوسمان لەپێشتر لە بوونمان-لەگەڵ-یەکدیدا لەنێو هەمان جیهاندا و لە بڕیاردانەکانمان لەسەر ئەگەرە دیاریکراوەکان دەرکەوتوە. تەنیا لە ڕاگەیاندن و تێکۆشاندا دەستەڵاتی چارەنوسی مەبەستدار ڕزگاری دەبێت. چارەنوسی چارەنوسانەی مەبەستداری دازاین لەگەڵ 'نەوە'کەی خۆیدا دەبێت بە فەلسەفەکارییەکی ڕەسەنانە.[172]

[٣٨٥] چارەنوس دەستەڵاتێکی بەرزی بێ دەستەڵاتە، کە خۆی دەخاتە نێو دژایەتییەوە. دەستەڵاتی بەپرۆژەکردنی بوونی دازاینە لە هەست-بە تاوانکردنی بووندا و خۆ ئامادەکردنێکی هێمنە بۆ دوودڵی. وەکو

---

(*Gescihick*) هەروەها لە ئینگلیزیدا (Fate) و (Destiny) بۆ چارەنوس دادەنرێت. بەڵام بۆ هایدیگەر ئەم چەمکانە واتای جیاوازیان هەیە. من بۆ جیاکردنەوەی واتاکانیان (چارەنوس)م بۆ چەمکی یەکەم و (چارەنوسی مەبەستدار)م بۆ چەمکی دووەم داناوە تاکو خوێنەر بزانێت جیاوازییان چییە. بەڵام لە زمانی کوردیدا چەمکی (چارەنوسمان) بۆ هەردووکیان هەیە. (م.ک)

[171] بڕوانە کورتەبەشی (٢٦)ی ئەم نوسراوە.

[172] بۆ ڕوونکردنوەی واتای 'نەوە' بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
Wilhelm Dilthey,’Ûber das Studium der Geschichte der Wissenschaften vom Menschen,der Gesellschaft und dem staat’ (1875).*Gesammelte Schriften*, vel.5 (1924), pp. 36-41.

بارودۆخێکی ئۆنتۆلۆجی، چارەنوس بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی داوای نیگەرانی یان کات دەکات.

بەو شێوەیەی نیگەرانی لە بووندایە ئەگەر مردن، هەست بە تاوانکردن، ویژدان، سەربەستی و بڕانەوە لە بوونی کەسێکدا هەبن، ئەو کەسە دەبێت بە خاوەنی چارەنوس؛ لەم ڕووەوە لە قوڵایی بوونییەوە دەبێت بە هەبوویەکی مێژوویی. ئەو هەبووەی بوونێکی داهاتوویی هەیە خۆی بۆ مردن ڕزگاردەکات و دەتوانێت بە گەڕانەوەی بۆ نێو فاکتۆری (فڕێدان) مردن لەبیر خۆی بباتەوە. واتە، ئەو هەبووە داهاتووییە لە پرۆسەی (ئەوەی-هەیە)دا دەتوانێت ئەو ئەگەرەی بە میراتی بۆی ماوەتەوە بەدەست بهێنێت، بە سەر [بارودۆخی] فڕێدراویدا زاڵبێت و لەنێو کاتی بوونیدا خاوەنی (ساتی تێڕوانین) بێت. تەنیا کاتی ڕەسەنانە، کە هەمانکات بڕاوەیە، چارەنوس دەهێنێتەکایەوە و مێژووی ڕەسەن دروستدەکات.

[٣٨٦] مەرج نییە مرۆڤ لە بڕیارداندا بە ئاشکرا سەرچاوەی ئەو ئەگەرانە بناسێت، کە بڕیاردان لەوانەوە خۆی بەپرۆژەدەکات. بەڵکو لە کاتی دازایندا ئەگەری ڕۆژانەی تەوانایی-بۆ-بوون، کە دازاین لەنێو بەستێنی نەریتدا تێیدەگات، پەیدادەبێت. ئەو بڕیارەی ڕوو لە بوونی خۆی دەکات ئەگەری بوون دووبارە دەکاتەوە. دووپاتکردنەوە بەدەستهێنانێکی ئاشکرایە و گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئەگەرانەی دازاین، کە لەوێدا بۆی دانراون. گەڕانەوەی ڕەسەنانەی ئەگەری بوون، ئەو ئەگەری دازاین قارەمانێتی خۆی تێدا هەڵدەبژێرێت، بوونگەرانە لە چاوەڕوانیکردنی بڕیاردانەکەدایە؛ لە بڕیارداندا مرۆڤ یەکەمجار ئەو

هەڵبژاردنە هەڵدەبژێرێت مرۆڤ بۆ تێکۆشانی داهاتوو خۆی ڕزگاردەکات و بۆ گەڕانەوەکە ئامادەدەبێت. کاتێک مرۆڤ لە گەڕانەوەکەدا ئەو ئەگەرەی هەبووە دەستگیردەکات بوونی لەوێدا ئاشکرا نابێت. ئەگەر دووپاتکردنەوە 'ڕابردوو' زیندوونەکاتەوە و ڕانەبردووش بەئەگەرە نەماوەکانەوە نابەستێتەوە. بەپێچەوانەوە، دووپاتکردنەوە ڕووکردنە لەو ئەگەرەی لەوێدایە. ڕووکردن لە ئەگەرەکە لە بڕیاردانەکەدا، هەمانکات، بەو جۆرەی لە ساتی تێڕوانیندا هەیە، نکۆڵیکردنە لەو (ڕابردوو)ەی لەنێو ئێستادا کاردەکات. دووپاتکردنەوە خۆی بەدەست ڕابردووەوە نادات و ئامانجیشی پێشکەوتن نییە. لەنێوساتێکدا بوونی ڕەسەنانە گوێ بەولایەنانە نادات.

ئێمە دووپاتکردنەوە بەو شێوازی بڕیاردانە دادەنێین، کە بوونی دازاین بە ئاشکرا دەخاتە بەردەم چارەنوس. بەڵام ئەگەر چارەنوس پێکهاتەی بەمێژووبوونی دازاین بێت، ئەوا گرنگی و ناوەڕۆکی مێژوو نە لەڕابردوو نە لە ئێستادایە؛ پەیوەندی بە ڕابردووەوە نییە، بەڵکو لە ڕەهەندەی داهاتووی بوونی ڕەسەنانەی دازاینەوە پەیدادەبێت. مێژوو، وەکو شێوازێکی بوونی دازاین ڕەگوڕیشەی لەنێو داهاتوودایە، کە ئەگەرەی مردنی دازاین خۆی تێدا دیاریدەکات؛ چاوەڕوانییەکە بۆ فاکتۆری (فڕێدان) دەگەڕێنێتەوە و گرنگی بەوەی هەیە دەدات. بوونی ڕەسەنانەی ڕووەو-مردن، ئەو بوونەی کاتی و بڕاوەیە، بۆ مێژووی دازاین دەبێت بە زەمینەیەکی شاراوە. ناتوانین بڵێین دازاین لە دووپاتکردنەوەدا مێژووییە؛ چونکە مێژووییە و بوونێکی کاتی هەیە، مێژووی خۆی بە دووپاتکردنەوە دروستدەکات. لەبەر ئەمە زانستی مێژوو هێشتا نەبووە بە پێویستی.

بڕیاردان لە چاوەڕوانیکردن (لەوێدا) گەڕانەوەیە بەرەو بوون لە ساتی تێڕوانیندا؛ ئەم گەڕانەوەیە ناودەنێین (چارەنوس). ئەمەش دەبێت بە بناخەی (چارەنوسی مەبەستدار)، کە بوونی دازاین-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا دیاریدەکات. لە دووپاتکردنەوەدا چارەنوسە مەبەستدارە چارەنوسەییەکە دەردەکەوێت و پەیوەندی بەو میراتەوە دەبێت، کە بۆ ئیمە بەجێماوە. بە دووپاتکردنەوە دازاین مێژووی خۆی ئاشکرادەکات. مێژووش، بوونگەرانە، پەیوەندی بە بوونی کاتیی دازاینەوە هەیە و خۆدەرخستنی ئەوە.

[٣٨٧] خەسڵەتی بەمێژووبوون لەگەڵ ئەو بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەدا کۆکە ئێمە بە (مێژووی ڕەسەن) ناوزەدیدەکەین. لە دیاردەکانی دووپاتکردنەوە و گەڕانەوە لەنێو داهاتوودا دەردەکەوێت بۆچی مێژووی ڕەسەن پەیوەندیشی بە (ئەوەی-هەیە)وە هەیە. بەڵام دۆزینەوەی ڕیگەیەک بۆ بەستنەوەی هەموو لایەنەکانی دازاین لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تاکو مردنی لەنێو مێژووەکەیدا دەبێت بە کێشە. چۆن گەڕانەوە بۆ بڕیاردان ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەم کێشەیە؟ ئایا هەر یەکێک لە بڕیاردانەکان تاکە ئەزمون نییە؟ ئایا مێژووی ڕەسەن زنجیرەیەکی نەپچڕاوی بڕیاردانەکانە؟ بۆچی پرسیار لەسەر پەیوەندی نێوان ئەزمونەکان وەڵامێکی تەواوی نەدراوەتەوە؟ ئایا ئێمە لە توێژینەوەکەماندا پەلەمان نەکردووە؟ ئایا بەبێ گونجاندنی پرسیارەکە وەڵامەکەمان ئامادەنەکردوە؟ لەوانەیە هەندێک بە سادەیی و نادروستی لەو ئۆنتۆلۆجییەی دازاین تێبگەن، کە لە شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەماندا باسمانکردوە. ئێمەش میتۆدۆلۆجییانە لەگەڵ شوێنکەوتنی سەرچاوەی پرسیارەکە سەبارەت پەیوەندی دازاین و ئاسۆی

ئۆنتۆلۆجییانەی کاری لەسەر دەکەین. گرنگیش نییە پرسیارەکە چەند ڕوون و بەڵگە-نەویست بێت.
ئەگەر مێژوو خەسڵەتی بوونی دازاین بێت، ئەوا بوونی ناڕەسەنانەش مێژووییە. چی ڕوودەدات ئەگەر مێژووی ناڕەسەنانە ڕێنمایی پرسیارەکەمان سەبارەت بەستنەوەی ئەزمونەکانی ژیان بکات؟ بەهەرحاڵ، ئێمە ناتوانین لە گرفتی ئۆنتۆلۆجییانەی مێژوودا باسی مێژووی ناڕەسەنانەی دازاین نەکەین ئەگەر بمانەوێت توێژینەوەکەمان دروست و تەواوبێت.

## ٧٥. مێژووی دازاین و مێژووی جیهان

[٣٨٨] بەگشتی و زۆربەی کات دازاین لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەورووبەر و نیگەرانبوونی بۆ هەبووەکان لە بوونی خۆی تێدەگات. تێگەیشتنەکەشی زانینێکی ڕووت سەبارەت خۆی، وەکو هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نییە. تێگەیشتن خۆ-بەپرۆژەکردنە لەسەر ئەگەرەکانی بوون-لەنێو-جیهاندا؛ بوونیکی ئەگەرانەیە. کەوابوو، بە واتا گشتییەکەی، تێگەیشتن بوونی ناڕەسەنانەی (ئەوان)یش پێکدەهێنێت. کاتێک لە شوێنە گشتییەکاندا لەگەڵ یەکداین نیگەرانبوونی ژیانی ڕۆژانەمان تەنیا ڕوو لە ئامێر و کارەکان ناکات؛ ڕوو لەوانەش دەکات پەیوەندییان بە ئامێر و کارەکانەوە هەیە:[بۆ نموونە] پەیوەندییەکان، خۆخەریکردن و ڕووداوەکان. 'جیهان' سەر بە ژیانی ڕۆژانەی بازرگانی و هاتوچۆوەیە. کاتێک لەو شوێنە گشتییانە پێکەوەین، ڕووبەڕووی کەسانی دیکە لەنێو چالاکییەکاندا

دەبینەوە و لە مەلەکردن لەنێویاندا دەچێت. دازاین شتێک دەناسێت، باسیدەکات، کاری لەسەر دەکات، دژی ڕادەوەستێت، ڕایدەگرێت و لەبیری دەچێت، بەڵام ئەمانە پەیوەندییان بە ئەنجامدانی کارێکەوە یان ئەوەی دێتەپێشەوە هەیە. ئێمە پێشکەوتنەکانی دازاین دەژمێرین و ڕایدەگرین. بەگوێرەی پرۆسەی گۆڕانکارییەکان و بارودۆخی و نیگەرانبوونی بۆ هەبووەکانی ڕێکیدەخەین. گوێ نادەین چەند ئاماژەکردن بۆ تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانەی دازاین ناگرنگ بێت، هێشتا ناتوانین ئەم تێگەیشتنە ئۆنتۆلۆجییانە بە ئاشکرا و ڕوون دابنێین. بۆچی، لەمحاڵەتەدا، نەتوانین بەستنەوەی ئەزمونەکانی دازاین لەبەر ڕۆشنایی نیگەرانی و ئەزمونەکەی پێناسبکەین؟ ئایا ئامێر، کارکردن و هەموو ئەوانەی دازاین لەگەڵیاندا دەژی لەنێو مێژوودا نین؟ ئایا مێژوو (جۆگەی ئەزموونی) دابڕاوی تاکەکەسەکانە؟

[٣٨٩] بەدڵنیاییەوە، مێژوو نە بەستنەوەی گۆڕانکارییەکانە لە بابەتێکدا و نە جوڵانی زنجیرەی ئەزموونەکانی (خۆ)یە. ئایا بەمێژووبوونی مێژوو لە پەیوەندی نێوان (خۆ) و (بابەت) و بەستنەوەیاندایە؟ ئەگەر کەسێک بەمێژووبوون بەم بەستنەوەیەش دابنێت دەبێت بپرسین، کە بەستنەوەکە چ جۆرە بوونێکی هەیە. بەمێژووبوونی دازاین دەریناخات (خۆ)یەکی لە جیهانبەدەر مێژوویی بێت. ئەوەی مێژووییە بوونی-لەنێو-جیهاندایە. **بەمێژووبوونی مێژوو بەمێژووبوونی بوونە-لەنێو-جیهاندا**. بەمێژووبوونی دازاین لە جەوهەردا بەمێژووبوونی جیهانە و لەنێو ڕەهەندەکانی کاتدا بەرجەستەدەبێت. **لەگەڵ بوونێکی مێژوویی بوون-لەنێو-جیهاندا، بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکان لە هەموو حاڵەتێکدا**

**دەخرێنە نێو مێژووی جیهانەوە**. ئامێر، کارکردن هەروەها، بۆنموونە پەرتووکەکان چارەنوسی خۆیان هەیە؛ خانوەکان و دەستگاکان مێژوویان هەیە. تەنانەت سروشتیش مێژووییە. مەبەستمان مێژووی سروشتی نییە؛ لەوەدا مێژووییە، کە دەبێت بە شوێنی جێنشینبوون، داگیرکردن یان مەیدانی جەنگ یان جێگەی کۆمەڵێک لە مرۆڤ.[173]

ئەم بابەتانە مێژوویین؛ مێژووەکەیان ئاماژە بۆ لایەنێکی (دەرەکی) بەرانبەر لایەنی (ناوەکی) مێژووی (خۆ) ناکات. ئێمە ئەم بابەتانە ناودەنێین (مێژوویی-جیهان). لێرەدا، چەمکی (مێژووی-جیهان)، کە هەڵمانبژاردووە و ئۆنتۆلۆجییانە تێیدەگەین ئاماژە بۆ دوو شت دەکات. یەکەم، ئاماژە بۆ پێکەوەبوونی جیهان و دازاین دەکات. دووەمیش، بەمێژووبوونی ئەوانەی-نێو-جیهانە، وەکو بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان چونکە بەردەوام لەنێو جیهاندان و لەوێدا دەدۆزرێنەوە. جیهانی مێژوویی لە ڕێگەی هەبووەکانی نێو جیهانەوە دەبێت بە فاکتۆری. ئەو ڕووداوەی بەسەر ئامێر و کارکردندا دێت خەسڵەتی جوڵانی تێدایە، بەڵام تاکو ئێستا ئەو خەسڵەتە بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. بۆ نموونە، کاتێک مستیلەیەک بە کەسێک دەدرێت و لە پەنجەی دەکات گۆڕانکاری ئەو بابەتە تەنیا لەنێو شوێندا ڕوونادات و ناتوانین لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاری نێو شوێن لەو ڕووداوە تێبگەین. ئەمەش بۆ هەموو

---

[173] پێویستە ڕووداوە سروشتییەکان ئۆنتۆلۆجییانە لە جوڵانی مێژوو جیابکرێنەوە. بڕوانە ئەم لێکۆڵینەوەیەی (ئێف. گوتڵ)، کە ئاوڕی زۆری لێنەدراوەتەوە:
*Die Grenzen der Geschichte* (1904)

ڕووداوەکانی دیکەی نێو-جیهان دروستە و تەنانەت بەسەر (کارەساتە سروشتییەکانیشدا) دەسەپێنرێت. ئێمە نامانەوێت لێکۆڵینەوەکەمان ڕوو لە گرفتی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی ڕووداوەکانی مێژووی-جیهان بکات چونکە بەرەو جولانی ڕووداوەکان بەگشتی پەلکێشمان دەکات.

ئێمە بواری ئەو دیاردانە فراوان دەکەین ئۆنتۆلۆجییانە بیریان لێدەکەینەوە، بەتایبەتی لە کاتێکدا لەسەر مێژووی دازاین دەدوێین. بەرزێتی جیهان بناخەی کاتی هەیە؛ لەبەر ئەمە، مێژووی-جیهان، لە هەموو حاڵەتێکدا، بەبێ ئەوەی مێژووناسانەش بناسرێت، بابەتگەرانە لەنێو جیهاندایە. مادام دازاینی فاکتۆری بە کەوتنی لەنێو جیهاندا لەنێو نیگەرانیدا نوقم دەبێت لە سەرەتاوە مێژووی بوونی، وەکو مێژووی جیهان دەناسێت. هەروەها، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانە 'بوون' دەکات بە بابەتی-دەرەکی، مێژووی-جیهانیش لە ڕاڤەکردن و ئەزموندا بە بابەتێکی-دەرەکی دادەنرێت، کە ئامادەدەبێت و دیارنامێنێت. دواجاریش، چونکە واتای 'بوون' بەگشتی بە بەڵگە-نەویست دانراوە پرسیار سەبارەت شێوازی بوونی مێژووی-جیهان و گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەگشتی ناپێویستە و دەبێت بە کێشەیەکی زمانەوانی.

[٣٩٠] ژیانی ڕۆژانەی دازاین بە سەر زۆر شتدا پەرشوبڵاو دەبێتەوە، کە ڕۆژانە پەیدادەبن و لەناودەچن. هەلومەرج و بارودۆخەکان لەنێو نیگەرانییەکەدا دەبن بە چاوەڕوانکراو و چارەنوس دیاریدەکەن. یەکەمجار، دازاین ناڕەسەنانە مێژووی خۆی بەو شتانەوە گرێدەدات بۆیان نیگەرانە و پەیوەندییەکانیشی دەبن بە هاندەر. ئەگەر بیەوێت ڕوو لە خۆی بکات پێویستە خۆی لەنێو پەرشوبڵاوییەکەدا کۆبکاتەوە. لەوێوە بە

تێگەیشتنەوە لەنێو مێژووە ناڕەسەنەکەوە پرسیار سەبارەت چۆنییەتی (بەستنەوە)ی دەزاین، بە واتای بەستبەوەی ئەزمونەکانی (خۆ)وە، کە هەمانکات بابەتی دەرەکین، سەرهەڵدەدات. گرنگی ئەم پرسیارەش لە زەمینەی بڕیارنەدانەوە پەیدادەکرێت، کە دەبێت بە پێکهاتەی (خۆ)یەکی نابەردەوام.

ئێمە ئاماژەمان بۆ سەچاوەی پرسیارەکە سەبارەت (بەستنەوە)ی ئەزمونەکانی دازاین و دامەزراندنی یەکێتی لە بوونیدا لەنێوان لەدایکبوون و مردندا کرد. هەمانکات سەرچاوەی پرسیارەکە لەگەڵ هەوڵدانەکەمان بۆ ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی سەرجەمی مێژووکاری دازاین ناجۆر دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە، لە دەستەڵاتی 'سروشتی' پرسیارکردنەکەدا دەردەکەوێت بۆچی مێژووی ڕەسەنی دازاین-گەڕانەوە و چارەنووسی-بناخەیەکی فینۆمینەلانە بۆ گرفتە ئۆنتۆلۆجییەکە سەبارەت پرسیارەکەمان لەبارەی (بەستنەوەی ژیان) ئامادەدەکات.

[٣٩١] ئەم پرسیارە کار لەسەر چۆنییەتی پەیداکردنی یەکێتی دازاین بە بەستنەوەی ئەزمونەکانی ناکات؛ دەپرسێت لە چ شێوازێکی بوونیدا خۆی وندەکات، بە پێویستی دەزانێت خۆی کۆبکاتەوە و بیر لە یەکێتی بوونی بکاتەوە؟ دازاین لە ڕاکردنی لە مردن هەست بە بوونی ونبووی خۆی لەنێو (ئەوان) و مێژووی جیهاندا دەکات. ڕاکردنەکە دەریدەخات، کە بوون-ڕووەو-مردن خەسڵەتێکی بنەڕەتی نیگەرانییە. بڕیاردانی چاوەڕوانکراویش دازاین بەرەو بوونی ڕەسەنانە دەبات. بەمێژووبوونی بڕیاردانەکە دووپاتکردنەوەی میراتی ئەگەرەکانە و گەڕانەوەیانە بۆ دازاین. ئێمە ئەمجۆرە بەمێژووبوونەمان بە مێژووی ڕەسەن ناوزەدکرد.

ئایا بوونێکی درێژخایەن و ونبوو، کە پێویستی بە بەستنەوە نییە لەنێو مێژوودایە؟ (خۆ)یەکی خاوەن بڕیار دژی ناجۆری لایەنە لەیەک دابڕاوەکان ڕەوتێکی پتەوی بەردەوامی بەدرێژایی ژیان هەیە.
دازاین لەدایکبوون و مردنی و ئەوەی لەنێوانیاندا ڕوودەدات دەخاتە نێو بەردەوامییەکەوە. لەو بەردەوامییەدا ساتی تێڕوانینی دازاین لە هەڵوێستەکەیەوە بەرەو مێژووی-جیهان دەڕوانێت. لەگەڵ ئەگەرە دووپاتبووەکانی نێو چارەنوسی دازاین ڕاستەوخۆ بەرەو بوونی دەگەڕێتەوە و لەنێو ڕەهەندەکانی کاتی بوونیدا خۆی دەبینێت. بەگێڕانەوەی میرات لەدایکبوون لە ئەگەری مردنەوە ڕوو لە[دازاین] دەکاتەوە (دەبێت بەو ئەگەرەی نەتوانین وازی لێبهێنین)، [لەمحاڵەتەدا] بوون [ڕاستەقینەی] فڕێدان لەوێدا دەناسێت و خۆی هەڵناخڵەتێنێت. بڕیاردان وەفادارێتی بوونە لەگەڵ خۆیدا. بەو شێوەیەی بڕیاردان ئامادەبوونە لە ئاستی دوودڵیدا، ئەم وەفادارییە هەمانکات ڕێزلێنانە لە دەستەڵاتی هەبوویەکی سەربەست و دووپاتکردنەوەی ئەگەرەکانی بوون.
ئێمە ئۆنتۆلۆجییانە بە هەڵە لە واتای بڕیاردان تێدەگەین ئەگەر بە بەکردەوەی بڕیاردان و ئەزمونێکی کورتخایەن دایبنێین. لە بڕیارداندا بەردەوامی ژیانی ڕۆژانە دەبینرێت، کە لەوەوپێش چاوەڕواندەکرا ساتی تێڕوانین تیایدا سەرهەڵدات. بڕیاردانیش بە شێوەی چارەنوس سەربەستییە لە وازهێنان لە چەند بڕیارێکی دیار و ناسراو، کە حاڵەتەکە داوایدەکات. لەبەر ئەمە، بەردەوامییە پتەوەکەی بوون ناپچڕێت و ساتی تێڕوانینەکەش دەبێت بە یاریدەدەری و دەیسەپێنێت. بەردەوامییە پتەوەکە لە ئاکامی پێکەوەبەستنی ساتەکانەوە دروستنابێت؛ لە

دووپاتبوونەوەی ئەو کاتەوە پەیدادەبێت، کە پرۆسەیەکی ئێستا-هەبووی داهاتوویی هەیە و درێژە بە بوونی خۆی دەدات.

لەلایەکی دیکەوە، لە مێژووی ناڕەسەندا درێژەوەبوونی چارەنوس شاراوەیە. لەگەڵ نابەردەوامی (ئەوان)دا دازاین ڕانەبردووی خۆی دەکات بە (ئەمڕۆ). لە چاوەڕوانکردنی شتێکی نوێدا ڕابردوو لەبیردەچێت. (ئەوان) هەڵبژاردنی [دازاین] داگیردەکەن. دازاین کوێرانە لە ئاستی ئەگەرەکاندا ڕادەوەستێت و ناتوانێت دووپاتیان بکاتەوە، بەڵام ئەوەی هەیە و لەنێو مێژووی-جیهاندا بە زانیارییەکانەوە بۆی بەجێماوە، دەیهێڵێتەوە. بە ونبوونی لەنێو دروستکردنی ڕانەبردووی (ئەمڕۆ)دا ڕابردووش بە ڕانەبردوو دادەنێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە، مێژووی ڕەسەن، وەکو ساتی تێڕوانین لە بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکەدا، خۆی بە دروستکردنی (ئەمڕۆ) لەنێو ڕانەبردوودا و نەریتی (ئەوان)ەوە خەریک ناکات. مێژووی ناڕەسەنانە پڕە لە داستانی ڕابردوو، کە ناناسرێنەوە و لەوێوە تەماشای سەردەمی تێدادەکرێت.[174]

مێژووی ڕەسەن تێگەیشتنە لە مێژوو، وەکو ژیانەوەی ئەگەرەکان. لە کاتێکدا ئەگەرەکانیش دەژینەوە ئەگەر بوونی دازاین لە ساتی

---

[174] مەبەستی هایدیگەر لە نەناسینەوەی داستان و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو لە شێواندن و شاردنەوەی ڕاستی ئەو بەسەرهاتانەدایە. زۆرجار بە شێوەیەک زیادەڕۆیی لە گێڕانەوەی قارەمانێتی کەسێک یان ڕووداوێکی ڕابردوو دەکرێت، کە دژوارە ڕاستییەکەی بدۆزرێتەوە. (م.ک)

تێڕوانینەکەدا بڕیاردانە چاوەڕوانکراوەکەی لەسەر چارەنوسی خۆی بدات. [٣٩٢] لەڕاستیدا، ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی مێژووی دازاین بەردەوام بەرەو تاریکی دەڕوات. لایەنە ئاڵۆزەکانیشی زۆرتر توشی کێشەمان دەکەن ئەگەر نەتوانین بە توێژینەوەیەکی دروست گرێکانیان بکەینەوە، بەتایبەتی کاتیک هەموو شتێک بۆ گرفتی بوون یان، بەو شێوەیەی لێرەدا دەردەکەوێت بۆ (جولان) دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەکرێت خۆمان بە سەرچاوەی ئۆنتۆلۆجی مێژووەوە، وەکو زانستێک بۆ مێژووی دازاین، خەریک بکەین. ئەم پرۆژەیە یارمەتیمان دەدات خۆمان بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی مێژووی فەلسەفە، ڕوونکردنەوەیەک، کە لەم بەشەی خوارەوەدا باسدەکرێت، ئامادەبکەین.[175]

## ٧٦. سەرچاوەی بوونگەرانە بۆ زانستی مێژووی دازاین

پێویست ناکات ئەو فاکتۆرە باسبکەین، کە مێژووناسی، وەکو زانست و شێوازێکی بوونی دازاین لەسەر تێڕوانینی باو بۆ جیهان ڕادەوەستێت. لەودیو ئەم فاکتۆرەوە هەوڵدەدەین بزانین چۆن ئۆنتۆلۆجییانە حاڵەتی بوونی دازاین دەبێت بە سەرچاوەی زانستەکان. تاکو ئێرە ئەم سەرچاوەیە ڕوون و ئاشکرا نییە. لەم بەستێنەوەی لەبەردەستماندایە توێژینەوەکە ئێمە بە شیکردنەوەی سەرچاوەی بوونگەرانەی مێژووناسی ئاشنادەکات تاکو بیسەلمێنن مێژووی دازاین لەنێو کاتدا ڕەگ

---

[175] بڕوانە کورتەبەشی (٦)ی ئەم نوسراوە.

دادەکوتێت. ئەگەر دازاین بوونێکی مێژوویی هەبێت، ئەوا هەموو زانستێکی فاکتۆری لەنێو مێژوودا سەرهەڵدەدات. بەڵام، بە شێوەیەکی تایبەتی زانستی مێژوو پێویستی بە مێژووی دازاین هەیە.
[٣٩٣] ئەمەش لەوێدا دەردەکەوێت، کە زانستی مێژوو یان زانستی مێژووی دازاین دەبێت هەبوویەکی مێژوویی بکات بە بابەتی توێژینەوەکەی. بەڵام لەپێشدا نابێ مێژوو هەبێت تاکو دەستمان بە بابەتی توێژینەوەکەی بگات؛ زانینی مێژووییش لەبەر ئەوەی زانینێکە باسی هەڵوێستی دازاین دەکات مێژوویی نییە. گوتاری مێژوویی، مێژوو دەستکەوتێکی فاکتۆریانە بێت یان نا، هێشتا بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەی لەنێو بوونی مێژوویی دازایندایە. ئەمە ئەو پەیوەندییەیە لە مێژووی بوونی دازایندا دەمانەوێت وەکو سەرچاوەیەکی بوونگەرانە بۆ زانستی مێژوو باسیبکەین. ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکەش ئاماژە بۆ میتۆدۆلۆجییەک دەکات، کە بیرۆکەی زانستی مێژوو ئۆنتۆلۆجییانە لەسەر مێژووی دازاین دەکات بە پرۆژە. کێشەکەش دەرهێنانی چەمکی زانستی مێژوو لە ڕێگەی (ڕووتکردنەوە)وە نییە، بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لەنێو زانستەکاندا دەیبینین. ئایا چ گەرەنتییەک لەم پرۆسەیەدا دەستدەکەوێت، تاکو بزانین دەبێت بە زانستێکی مێژوویی ڕەسەن؟ ئەگەر ئەمەش دروستبێت (کە ناتوانین لێرەدا جەختی لەسەر بکەین)، چەمکی دۆزراوەکە لەبەر ڕۆشنایی مێژووناسیدا لەو تێگەیشتنەوەی هەمانە دەناسرێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر مێژووناسیش هەڵوێستی فاکتۆری [دازاین] بە توێژینەوەکەوە ببەستێتەوە و پەیوەندیداری بکات، بیرۆکەی بوونگەرانەی زانستی مێژوو بەرزتر دانانێت. دانەمەزراندنی

پەیوەندییەکەش زانستەکە پوچەڵ ناکاتەوە. بیرۆکەی زانستی مێژوو ئەو واتایە دەبەخشێت، کە گوتاری هەبووە مێژووییەکان توانیویەتی بابەتەکانی بخاتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەکە. هەموو زانستێک لە بنەڕەتەوە خەسڵەتی بە بیرۆکەکردنی هەیە. ئەوەی پێش-زانستانە لە بوونی دازایندا دەیناسین و خۆی لەنێو-جیهاندا دەردەخات دەبێت بە پرۆژەیەکی دیاریکراوی بوون. لەنێو ئەم پرۆژەیەدا جیهانی هەبووەکان سنوردار دەکرێت.

ڕێگاکانی گەیشتن بەو هەبووانە میتۆدۆلۆجییانە دەگرینە بەرو بونیادی چەمکەکانیش بۆ ڕاڤەکردنیان دادەمەزرێنین. ئەگەر بتوانین واز لەو پرسیارە بهێنین ئایا مێژووی ڕانەبردوو هەیە؟ مێژوو بە توێژینەوە لەسەر ڕابردوو دابنێین، ئەوا بەبیرۆکەکردنی زانستی مێژووییانەی مێژوو لەگەڵ دەرخستنی ڕابردوودا بەگشتی دادەمەزرێت. دوور لەو پرسیارەش سەبارەت زۆری و کەمی سەرچاوەکان لەسەر ڕابردوو دەبێت ڕێگایەکی بەگشتی بۆ دەستنیشان بکرێت و بکرێتەوە ئەگەر بمانەوێت مێژووناسانە لێیبکۆڵینەوە.

[٣٩٤] مادام بوونی دازاین مێژووییە، لە خەسڵەتی هەیەی-ئێستایدا و لەنێو ڕەهەندەکانی کاتیدا بوونێکی کراوەی هەیە و ڕێگەیەکیشی بۆ بەبیرۆکەکردنی ڕابردوو ئامادەکردوە. هەروەها، لەبەر ئەوەی دازاین تەنیا هەبوویەکە لە بنەڕەتەوە مێژوویی بێت، ئەو بابەتە مێژووییە بە بیرۆکەکراوەی لێیدەکۆڵێتەوە، دەبێت خەسڵەتی بوونی دازاین-لەوێدا-ی هەبێت. لەگەڵ هەموو فاکتۆرێکی بوونی دازاین-لەنێو-جیهاندا مێژووی جیهانیش هەیە. ئەگەر دازاین لەنێو جیهاندا نەمێنێت، جیهانیش

نامێنیت. ئەمەش لەگەڵ ئەو فاکتۆرەدا ناکۆک نییە، کە ئەو بابەتە-بەردەستەی لەنێو جیهاندا هەبوو ئێستاش ماوەتەوە و بووە بە بابەتێکی مێژوویی. پاشماوەکان، یادگارییەکان و شتە تۆمارکراوەکان بابەتی دەرەکین لەبەردەم دازایندا بۆ دەرخستن (لەوێدا) دانراون. ئەمانە دەبن بە بابەتی زانستی مێژوو چونکە خەسڵەتی مێژووی-جیهانیان تێدایە. لەکاتێکدا ئەمە ڕوودەدات، کە وەکو بابەتی-نێو-جیهان لێیان تێدەگەین. گەڕانەوەمان بۆ 'ڕابردوو' لە دەستکەوتنی ئەم بابەتانە و پاراستنیان مسۆگەرنابێت؛ ئەم چالاکییانە پێویستیان بە بوونیکی مێژوویی ڕوو لە دازاین کردوو (لەوێدا) هەیە؛ واتە پێویستی بە مێژووییەتی بوونی مێژوو هەروەها بۆ پرۆسە ناگرنگ و میکانیکییەکانیشی هەیە.[176] ئەگەر زانستی مێژوو بەمشێوەیە ڕەگی لەنێو مێژووییەتیدا داکوتابێت، ئەوا لێرەوە دەبێت بابەتی ئەم زانستە دیاریبکەین.

سنور لابردن لەسەر تێزی زانستی مێژوو پێویستە پەیوەندی بەمێژووییەتی ڕەسەن و دەرخستنی ڕەسەنانەی ئەو شتەوە هەبێت، کە هەبووە؛ یان بەدووپاتکردنەوە و دەرخستنەوە هەبێت. دووپاتکردنەوە لە بوونی دازایندا، کە وەکو ئەگەرێکی ڕەسەن هەبووە، تێدەگەین. سەرهەڵدانی زانستی مێژوو لە مێژووییەتی ڕەسەنەوە، کەوابوو، ئەو

---

[176] بۆ پێکهاتەی تێگەیشتنی مێژوویی بڕوانە:
Edmund Spranger, ‘Zur Theorie des Verstehens und zur geisteswissenschaftlichen Psycologic, *Festschrift für Johannes Volkelt*, 1918, pp. 357ff.

واتایە دەبەخشێت، تێزی بنەڕەتی زانستەکەمان پڕۆژەی بوونی دازاینە، کە (لەوێدا) بووە. ئایا ئەم زانستە هیچ ئەگەرێکی بۆ تێزەکەی هەیە؟ ئایا ئاماژە بۆ فاکتۆرە هەبووەکان ناکات؟ ئایا فاکتۆرێتی دازاین چ واتایەک دەبەخشێت؟ ئەگەر دازاین بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت ئەوا فاکتۆرییەکەی لەسەر پڕۆژەی تەوانایی-بوون ڕادەوەستێت؟ ئەگەر ئەمەش دروستبێت، ئەوەی ڕەسەنانە لەوێدا هەبووە و فاکتۆریانەیە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و چارەنەس و مێژووی-جیهانەوە هەیە. لە هەموو حاڵەتێکدا بوون فاکتۆریانە فڕێدراوەتە ئێرە.

[٣٩٥] زانستی مێژوو هێزی بێدەنگی ئەگەرەکان ئاشکرادەکات و زۆرتریش کۆنکریتییانە بوون-لەنێو-جیهان لەبەر ڕۆشنایی ئەگەرەکاندا ڕووندەکاتەوە. ئەگەر زانستی مێژوو، کە لە مێژوویەتی ڕەسەنەوە پەیدادەبێت، بەدووپاتکردنەوە بوونی دازاینی لەوێدا هەبوو بە ئەگەرەکانییەوە ئاشکرا بکات، ئەوا مێژوونوس خۆی وەکو شتێکی (هەمەکی) نیشاندەدات. پرسیارکردنیش سەبارەت بابەتەکانی مێژوونوس، کە گوایە ئەم زانستە دەبێت خۆی بەڕووداوە تاکەکانەوە یان یاساکانەوە خەریک بکات، لەڕاستیدا هەڵەیەکی ڕادیکاڵانەیە. تێزی زانستی مێژوو نە ئەو ڕووداوەیە یەکجار سەریهەڵداوە و نە شتێکی هەمەکی ژوور ڕووداوەکەشە، بەڵکو ئەگەرێکی فاکتۆری هەبووە. مێژوویەتییەکی فاکتۆری و ڕەسەن، وەکو بڕیاردان و چارەنوسی ئەوەی لەوێدا هەبووە دەتوانێت بە جۆرێک مێژوو دەربخات، هێزی ئەگەرەکە دووپاتبکاتەوە، کە ڕوو لە داهاتوو بکات. زانستی مێژوو لە (ڕانەبردوو) هەروەها (ڕاستەقینە)ی ئەمڕۆوە دەست بە توێژینەوەکەی ناکات و لەوێوە

بۆ (ڕابردوو) ناڕوات. تەنانەت درخستنە مێژووییەکانیش پەیوەندییان بە داهاتووەوە هەیە. بابەتە (هەڵبژێراوەکە) بۆ زانستی مێژوو لە فاکتۆری ژیانی ڕۆژانەی دازایندا هەڵبژێردراوە و لەوێوە زانستی مێژوو پەیدابووە و هەیە. دەرخستنی ڕابردوو لە زانستی مێژوودا لەسەر دووپاتکردنەوەی چارەنوس و خۆیەتییەک، کە دەبێت بە بابەتگەری بۆ ئەم زانستە، دامەزراوە. بابەتگەرێتی زانست بە پرسیار لەسەر تێگەیشتنی بابەتەکەی بەستراوەتەوە. لەنێو زانستیشدا ستاندارتە (هەمەکییەکان) بەگوێرەی داواکردنی (ئەوان) نادۆزێنەوە و ناتوانین پێوانەیەکمان بۆ (ڕاستی) تیایدا دەستکەوێت.

[٣٩٦] لەبەر ئەوەی لەهەموو حاڵەتێکدا تێزی سەرەکی زانستی مێژوو ئەگەرێکی لەوێدا هەبووی بوونە، ئەو ئەگەرەش فاکتۆریانە هەیە، ئەوا لە فاکتۆرەوە دەست بە گەشتەکەی دەکات. ئەم زانستە فاکتۆرییەش چەند بەشێکی لێوە پەیدادەبێت و دەبن بە مێژووی ئامێرەکان، کارکردن، کەلتوور، گیان و بیرۆکەکان. مێژوو، هەمانکات، لە ڕاڤەکردنەکەیدا مێژووی خۆی هەیە؛ زۆربەی کات لە ڕێگای مێژووی کۆنەوە زانستی مێژوو دەتوانێت روو لە هەبووەکان لەوێدا بکات. لەبەر ئەمەش توێژینەوەی مێژوویيانە دەتوانێت خۆی لە تێزە ڕەسەنەکەی بە چەند شێوەیەک نزیک بکاتەوە. ئەگەر مێژوونوس خۆی بە بیروڕای سەردەمەکەیەوە ببەستێتەوە ناتوانێت بیسەلمێنێت ڕەسەنانە لە بابەتی توێژینەوەکە تێگەیشتوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو مێژوونوسەی تەنیا سەرچاوەکان پۆڵێندەکات دەشێ لەژێر کاریگەرێتی مێژووییەتی ڕەسەندا کاربکات. کەوابوو، مەیلە جیاوازەکانی زانستی مێژوو، بۆ ناسینی

کەلتووره سەرەتایی و دوورەکانیش، ڕەسەنییەتی مێژووی (سەردەمەکە) ناسەلمێنێت. دواجار، سەرهەڵدانی گرفتی (مێژووگەرێتی) دەبێت بە ئاماژەکردن بۆ ئەو خاڵەی، کە زانستی مێژوو هەوڵدەدات دازاین لە مێژووی ڕەسەنی نامۆبکات. مێژووییەتی هەموو کاتێک زانستی مێژووی پێویست نییە. بەمشێوەیە، ئەو سەردەمانەی زانستی مێژوو نایانناسێت نابن بە نا-مێژوویی.

ئەگەری بەکارهێنانی زانستی مێژوو بە چاک و خراپ بۆ ژیان پەیوەندی بە بنەڕەتی مێژوویی ژیانەوە هەیە. فاکتۆریانە لە شێوازەکانی مێژووی ڕەسەن و ناڕەسەندا هەیە. نیتشە خاڵی "چاک و خراپی زانستی مێژووی بۆ ژیان" لە بەشی دووەمی نوسراوەکەیدا (لە دەرەوەی وەرزدا) (١٨٧٤) بە چەند واتایەک بە قووڵی باسکردوە و سێ جۆر زانستی مێژووی دیاریکردوە؛ شکۆدار، دێرینی و ڕەخنەگرانە. بەڵام ئاماژەی بۆ یەکێتی نێوان ئەم سێ لایەنە نەکردووە و بەکەمی لەسەر زەمینەی بەمێژووبوونی دازاین تیشکی خستۆتەسەر. هەمانکات، مێژووییەتی یاریدەدەرە بۆ تێگەیشتنمان لە چۆنییەتی بەفاکتۆربوون و یەکێتی کۆنکریتی نێوان ئەم سێ لایەنە. دابەشکردنەکەی نیتشە ڕووداو نییە و لە سەرەتای نوسراوەکەیدا دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی ئەو باشتر لە کێشەکە تێگەیشتوە و بۆ ئێمەی باسدەکات.

[٣٩٧] دازاین مێژووییە چونکە بوونێکی کاتی هەیە. کاتیش لەنێو ڕەهەندە بەکاتیبووەکاندا یەکێتی دادەمەزرێنێت. دازاینیش لە بڕیاردانەکەیدا و ئاشکراکردنی هەڵبژاردنەکەیدا دەبێت بە هەبوویەکی ڕەسەن و داهاتوویی. گەڕانەوە بەرەو بوون بە بڕیاردانەوە و لە

دووپاتبوونەوەدا دەرگای ئەگەرە شکۆدارەکان لەنێو بوونی دازایندا دەکاتەوە. ئەو زانستە مێژووەی لەم ئەگەرانەوە پەیدادەبێت و [باسیاندەکات] دەبێت بە زانستێکی مێژووی شکۆدار. لەنێو پرۆسەی ئەو بوونەی ئێستا هەیە دازاین دەبێت بە هەبوویەکی فرێدراو. لەمحاڵەتەدا و لە ئەگەری گەڕانەوەکەدا ئاماژەکردنێک بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئەو-بوونەی-لەوێدایە دەکرێت و ئەگەرە ویستراوەکە بەرجەستەدەکات.

بەمشێوەیە، زانستی مێژووی ڕەسەنی شکۆدار دەبێت بە 'دێرینی'.

دازاین بە جۆرێک بەکاتیبوونی خۆی دەردەخات، کە تیایدا داهاتوو لەگەڵ ڕابردوو لەنێو ڕانەبردوویدا یەکدەگرن. ڕانەبردوو ڕەسەنانە (ئەمڕۆ) دەردەخات و دەیکات بە ساتی تێڕوانین. مادام (ئەمڕۆ) ڕاڤەی ئەگەرێکی دەستکەوتووی بوونی بۆ دەکرێت، ڕاڤەکردنەکەش تیگەیشتنە لە دووپاتکردنەوەی داهاتوو، زانستی مێژوویی ڕەسەن خەسڵەتی ڕانەبردوو لە (ئەمڕۆ) دادەماڵێت؛ دەبێت بە دابڕانێکی ئازاراویی دازاین لە کەوتن لەنێو (ئەمڕۆ)ی ژیانی گشتیدا. لەمڕووەوە، زانستە مێژووە ڕەسەنە شکۆدار و دێرینییەکە دەبێت بە ڕەخنەگر لەسەر (ڕانەبردوو). مێژووی ڕەسەنیش بناخەی ئەگەری یەکێتییە لەنێوان ئەم سێ لایەنەی زانستی مێژوودا.

بەڵام زەمینەی زانستی مێژووی ڕەسەن، وەکو واتایەکی بوونگەرانە بۆ نیگەرانی، کاتە.

سەرچاوەی بوونگەرانە و مێژوویی زانستی مێژوو لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی زانستەکە پێکدەهێنێت دیاریدەکرێت. لە بەبیرۆکەکردنی زانستی مێژوودا، هەڵوێستی هێرمینیۆتیکییانە، لە کاتێکدا دازاین

بڕیاردەدات، دەبێت بە خاڵی سەرەکی و دەرگاکانی بۆ ئاشکراکردنی دووپاتکردنەوەی ئەوەی لەوێدا هەبووە دەکاتەوە. ئەگەر و بنەمای ڕاستی مێژووناسی دەبێت، وەکو دەرخستنی ڕەسەنانەی بوونی مێژوویی بناسرێت. لەبەر ئەوەی چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستە مێژووییەکان چەمکەکانی بوونن، بیردۆزەی زانستی مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی لەپێشتر هەیە، کە بە مێژووبوونی دازاین دەکات بە بابەت. ئەم ڕاڤەکردنە بەردەوام لەنێو توێژینەوەکانی (دیلتی)دا بووە بە ئامانج و ئێمە لە بابەتەکە نزیکتر دەکاتەوە. ئەمەش لە بیرۆکەکانی کاونت یۆرک ڤۆن وارتن بۆرگدا زۆرتر ڕۆشنایی خراوەتەسەر.[177]

## ٧٧. پەیوەندی ئەم توێژینەوەیە لەسەر گرفتی مێژوو لەگەڵ توێژینەوەکانی دیلتی و لە بیرۆکەکانی کاونت یۆرکدا

شیکردنەوکەمان بۆ گرفتی مێژوو لەنێو هەوڵدانەکانی دیلتییەوە سەریهەڵداوە. هەوڵدانەکانی [ئەم بیریارەمان] لەگەڵ ئەوانەی خۆماندا جۆر داناوە و بە تیزەکانی کاونت یۆرکیش بەهێزترمان کردوون، کە لە

---

[177] کاونت یۆرک ڤۆن وارتن بۆرگ (١٨٣٥-١٨٩٧) پارێزەر و فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە لەگەڵ (دیلتی) هاوڕێیدا هێرمینیۆتیکی فەلسەفییان بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو بەرەوپێشەوە بردوە. بۆچوونەکانی ئەم بیریارە و دیلتی بەسەر بۆچوونی هایدیگەرەوە لەسەر مێژوو کاریگەربوون و لەم بەشەی (بوون و کات)دا خودی هایدیگەر ئاماژەیان بۆ دەکات. (م.ک)

نامەکانیدا لە شوێنی جیاوازدا باسکراون.[178] تاکو ئەمڕۆ دیلتی، لە ڕاڤەکردنەکەیدا بۆ مێژووی گیان، بەتایبەتی مێژووی ئەدەب، وەکو کەسێکی هەستیار دادەنرێت. [ئەم بیریارە] جیاوازی لەنێوان زانستە سروشتی و مرۆڤییەکان داناوە و دەورێکی گرنگی بە زانستە مرۆڤییەکان و سایکۆلۆجی داوە. لەوێوە (فەلسەفەی ژیانی ڕێژەگەرایەتی) دامەزراندوە. ئەگەر ڕووکەشانە تەماشای بۆچوونەکانی بکەین ئەم هێلکارییەی بۆمان کردووە دروستە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی دەرنەکەوتوە.

[٣٩٨] دەتوانین توێژینەوەکانی دیلتی بەسەر سێ لایەندا دابەشبکەین: توێژینەوە لەسەر بیردۆزەی زانستە مرۆڤییەکان و جیاوازی نێوان ئەمجۆرە زانستانە لەگەڵ زانستە سروشتییەکاندا؛ توێژینەوە لەسەر مێژووی زانستە مرۆڤییەکان، کۆمەڵ و دەوڵەت؛ هەوڵدانێک بۆ دامەزراندنی ئەو سایکۆلۆجییەی (سەرجەمی فاکتۆری بوونی مرۆڤ) دەخاتەڕوو. توێژینەوەکان لە بیردۆزەی زانستدا، لە زانستی مێژوودا و لە سایکۆلۆجی هێرمینیۆتیکی دەچنە تۆی یەکدییەوە. لە کاتیکدا یەکێکیان دەبێت بە پێشەنگ و زەمینەکە داگیردەکات ئەوانی دی بۆی دەبن بە هاندەر و دەستەک. ئەوەی، وەکو جیابوونەوە و دڵنیانەبوون لە دیاریکردنی ڕێگاکەدا دەردەکەوێت بێ ئارامییە لە دۆزینەوەی ئامانجێک بۆ تێگەیشتنی فەلسەفییانە لە (ژیان) و مسۆگەرکردنی بناخەیەکی

---

[178] *Briefwechsel zwischen Wilhelm Dilthey und dem Grafen Paul Yorck von Wartenburg 1877-1897*, Halle-an-der-Saale, 1923.

هێرمینیۆتیکییانە لەسەر خودی ژیان. هەموو شتێک بە دەوری سایکۆلۆجیدا دەسوڕێتەوە، کە تیایدا (ژیان) لە بەستێنێکی مێژوویی پێشکەوتن و کارتێکراوەکانییەوە و لە ڕێگەی بوونی مرۆڤەوە، کە بابەتی ئەم زانستەیە، تێدەگەین. هەروەها هێرمینیۆتیکییانە ڕۆشنایی دەخرێتەسەر. ئەمەش بڕیار لەسەر میتۆدۆلۆجی زانستی مێژوو دەدات. لە گفتوگۆکانی سەردەمەکەماندا، توێژینەوەکانی دیڵتی بۆ دامەزراندنی زانستە مرۆڤییەکان بە زۆر و لە یەک لاوە خزێنراونەتە نێو بواری بیردۆزەی زانستەوە؛ لەنێو ئەم گفتوگۆیانەدا بڵاوکراوەکانی زۆرجار بەرەو ئەم لایەنە براون. (لۆجیکی زانستە مرۆڤییەکان) هێندەی هەوڵدانەکەی بۆ بەرەوپێشەوە بردنی سایکۆلۆجی، وەکو زانستێکی پۆزەتیڤی، گرنگ نەبووە.

[٣٩٩] کاونت یۆرک، هاوڕێی دیڵتی، بە ئاشکرا باسی هەڵوێستی فەلسەفییانەی دیڵتی دەکات، کە چۆن هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی نێوان [ئەو سێ بەشەی]داوە. بەتایبەتی کاتێک ئاماژە بۆ **ئارەزووی گشتیمان لە تێگەیشتنی مێژووییەتی** دەکات.[179] ئێستا دەتوانین هەموو توێژینەوەکانی دیڵتی بخەینە بەردەستمان و هەموو لایەنەکانی ببینین؛ ئەگەر بمانەوێت خۆمان بە خاوەنیان دابنێین، پێویستە بەردەوام کۆنکریتییانە کاریان لەسەر بکەین. ئێمە ناتوانین لەم بوارەدا بە درێژی

---

[179] *Briefwechsel*, p.185 هەروەها هایدیگەر خۆی ئەم نیودێڕەی بە پیتی لار (ئیتالیک) نوسیوە.

باسی ئەو گرفتانە بکەین بۆ توێژینەوەکانی بوون بە هاندەر.[180] بەڵام بە کورتی چەند لایەنێکی بیرۆکە سەرەکییەکانی کاونت یۆرک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چەند بەشێکی نامەکانی ڕووندەکەینەوە. هاندەری یۆرک لە نامەکانیدا ئاشکرا لەژێر کاریگەریێتی کارەکانی دیڵتیدا دەردەکەوێت. هەروەها ئەو هاندەرە لەنێو هەڵوێستەکەشیدا بەرانبەر ئەرکەکانی سایکۆلۆجی شیکاری دەبینرێت. لەسەر بەرهەمە ئەکادیمییەکەی دیڵتی "بۆچوونەکان سەبارەت سایکۆلۆجی شیکاری و وەسفکاری (١٨٩٤)" دەنوسێت:

"بەدڵنیاییەوە ئەو ڕاستییە دامەزراوە، کە خۆ-تێڕامان دەستەکێکی گرنگە، بۆ زانین و پرۆسەی سەرەتایی فێربوونیش شیکردنەوەیە. لەم بۆچوونەوە بنەماکان دادەمەزرێن و بوونیان بە دۆزینەوەیان دەسەلمێنرێت. ئێمە لە هەوڵدانەکەمان بۆ ڕوخاندنی سایکۆلۆجی دامەزرێنراو پێشنەکەوتووین و نەمانتوانیوە ڕەتیبدەینەوە... گوێنەدانی تۆ بە هەڵوەشاندنەوەی شتەکان و ڕەخنەلێگرتنیان (بۆنموونە، سەلماندنی چاوگەکەیان سایکۆلۆجییانە و بە قووڵی)، بە دیدی من، پەیوەندی بە چەمکی تۆوە بۆ بیردۆزەی زانین هەیە".[181] "... تەنیا

---

[180] لێکۆڵینەوەکەی (جیم. میش) بۆ کارکردنێکی کۆنکریتی لەسەر نوسراوەکانی دیڵتی شایەنی باسکردنە و هەوڵدەدات هاندەرە سەرەکییەکانی دەستنیشان بکات.

بڕوانە پێشەکییەکەی بۆ دیڵتی لەم نوسراوەدا:

Gesammelte Schriften, vol.5 (1924, pp.vii-cxvii.

[181] *Briefwechsel*, p. 177

بیردۆزەی زانین دەتوانێت ڕاڤەی ئەم ناسەپاندنە بکات، (فاکتۆری ئەمەش ڕوونکراوەتەوە). دەبێت دروستیی میتۆدی زانستانە بسەلمێنێت؛ زەمینە بۆ ڕاڕەوی میتۆد خۆشبکات. پێویستە بڵێم، نابێت لە بوارە هەندەکییەکانەوە میتۆدەکان وەرگرێت." [182]

[٤٠٠] یۆرک، لە سەرەتاوە، وەکو ئەفلاتون و ئەریستۆ، بە دوای لۆجیکێکدا گەڕاوە پێش زانستەکان بکەوێت و ڕێنماییان بکات: ئەمەش پێویستی جیاکردنەوەیەکی ڕادیکاڵانە و پۆزەتیڤانەی بونیادی کاتیگۆرییەکانی بۆ سروشت و مێژوو (دازاین) هێناوەتە پێش.[183] یۆرک لەو باوەڕەدابوە توێژینەوەکانی دیڵتی جەختی زۆریان لەسەر جیاکردنەوەی [هەبووە] ئۆنتیکییەکان و مێژوویییەکان نەکردوە. "بەتایبەتی، بەراوردکردنەکەی نێوانیان بە میتۆد بۆ زانستە مرۆڤییەکان دانراوە."[184] "لیرەدا من لە گەڵتا هاوڕانیم...بەراوردکردن هەمیشە بەهایەکی ئیستاتیکی و پەیوەندی بە شێوازی هەبووەکانەوە هەیە. بە

---

[182] *Briefwechsel*, p. 179

[183] مەبەستی هایدیگەر لە (لۆجیک) میتۆدی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی چەمکەکانە نەک زانستی لۆجیک. دەزانین ئەفلاتون لۆجیکی وەکو زانست نەناسیوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت لۆجیکمەندە کاری فەلسەفی نەکردبێت. هەروەها، ئەریستۆ یەکەم بیریارە بنەماکانی ئەم زانستەی باسکردوە و بە دامەزرێنەری لۆجیک دادەنرێت، هێشتا ئەو چەمکی (لۆجیک)ی بۆ ئەم زانستە بەکارنەهێناوە و هیچ نوسراوێکیشی بە ناوی (لۆجیک)ەوە نەنوسیوە. چەمکی لۆجیک و بەکارهێنانی، وەکو زانست بۆ سەردەمی ڕۆمانی، بەتایبەتی، بۆ شیشرۆ دەگەڕێتەوە. (م.ک)

[184] *Briefwechsel*, p. 191

دیدیویندڵ باند، ڕیزکردن سەر بە مێژووە. بەڵام چەمکی جۆر لای تۆ ناوەکییە. ئەمەش کێشەی خەسڵەت نەک شێواز دروستدەکات. بۆ ویندڵ باند، مێژوو زنجیرەیەک وێنەی شێوازی تاکەکانە، کە داوای بەهای ئێستاتیکی دەکات. بۆ زانایەکی سروشتناس چێژی ئیستاتیکی بۆ مرۆڤ ئارام بەخشە. چەمکی تۆ بۆ مێژوو، دوای هەموو ئەمانە، دەبێت بە بنکەی هێزەکان و کۆیاندەکاتەوە. لەمحاڵەتەدا کاتیگۆری "شێواز"، وەکو هێما بەسەریاندا دەسەپێنرێت".[185] لە ئارەزووی جیاکردنەوەی هەبووە ئۆنتیکییەکان لە هەبووە مێژووییەکانەوە، یۆرک دەیزانی چۆن توێژینەوە مێژووییە کۆنەکان خۆیان، وەکو "دڵنیاییەکی دوور لەبەر چاو گرتووە."[186] "ڕانکە یەکێشە لەوانەی لە دوورەوە تەماشایاندەکات و هەبووە لەناوچووەکانیش نابینێت. هەڵوێستەکەشی هەبووە مێژووییەکان دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی ڕامیارییەوە. [بۆ ئەو] تەنیا ئەوەی ڕامیارییە دەبێت بە کارەسات."[187] "بۆ من گۆڕانکارییەکانی نێو کات دەردەکەون جەوهەری نەبن. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ئەوی تۆدا جیاوازە. بۆنموونە، ئەوەی بە فێرگەی مێژوویی ناوزەددەکرێت بە خوڕەی ئاوی هەمان ڕووبار دەیبیستم و نوێنەرایەتی بەشێکی هەڵوێستە کۆنەکە و نەیاربوونی دەکات. ناوەکەشی هەڵخەڵەتێنەرە. **ئەو فێرگەیە هەرگیز مێژوویی**

---

[185] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٣.

[186] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٢.

[187] هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

**نییه**.[188] بەڵام شتێکی کۆنە و ئیستاتیکییانە هەبووەکان شیدەکاتەوە، لە کاتێکدا بزوتنەوە سەرەکییەکە میکانیکییانە هەوڵی دامەزراندنی دەدات. لەبەر ئەمە ئەوەی خرایە سەر میتۆدە هۆشەکییەکە هەستکردنێکی گشتی بوو."[189]

[٤٠١] "زمانەوانێکی بلیمەتیش مێژوو بە دۆڵابی کەلوپەلەکۆنەکان دادەنێت."[190] "کاتێک هیچ شتێک هەستپێکراو نییە و لە شوێنێکدا ئەوەی ڕێنماییمان دەکات ئاڵوگۆڕکردنێکی دەروونییە، مرۆڤە چاکەکان ناتوانن بە شوێنی خۆیان بگەن. ئەوان لە ناخەوە زانای سروشتناسن و زۆرتریش دەکەونە نێو گومانەوە چونکە ئەزمون کەمە. پێویستە خۆمان لەو درێژەپێدانە بێ کەڵکەکە دووربخەینەوە، بۆنموونە باسی ئەوە بکەین چەند جار ئەفلاتون چۆتە ماگنا یان سیراکیۆس. ئەمە ناپێویستە و ئارەزووکردنێکی ڕووکەشانەیە، کە بە درێژایی توێژینەوە دەبینم باسکراوە و ڕاستییەکان سەبارەت ئەفلاتون، هۆمەر و ئینجیل توشی شەرمەزاری دەکەن. هەموو شتێکی ڕاستەقینە دەبێت بە پێوەر، ئەگەر بە هەبوویەکی چەسپاو دابنرێت و نەکەوێتە نێو ئەزمونەوە."[191] "زاناکان

---

[188] هایدیگەر ئەم ڕستەیەی بە پیتی لار (ئیتالیکس)نوسیوە.

[189] هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٦٨.

[190] مەبەستی یۆرک لەو زمانەوانە بلیمەتە (کارڵ فردریک هێرمان)ە، کەپەرتووکەکەی (سیستەمی فەلسەفەی ئەفلاتون و مێژوو) ئەو کاتە لە هایدڵبرگ (ساڵی١٨٣٩) کەوتبووە بازاڕەوە و یۆرک دەیخوێندەوە.

[191] هەمان سەرچاوە،ل ٦١.

دژی کات، وەکو کۆمەڵگای فەڕەنسا لە سەردەمی شۆڕشدا، ڕادەوەستن. لێرەدا، وەکو ئەویٚ، فۆرمەلیزم و فۆرمخوازی؛ پێناسەکردنی پەیوەندییەکان دەبن بە دوا وشەکانی زانایی. هەڵبەتە ئەوەی بەرەو ئەم لایەنە ڕێدەکات دەبێت بە خاوەنی مێژووی خۆی، کە لەو باوەڕەدام هێشتا نەنوسراوەتەوە. نەبوونی زەمینە بۆ ئەم بیرکردنەوەیە و ئەو باوەڕەی هەڵیدەگرێت (ئەم بیرکردنەوەیەش ئەپستمۆلۆجییانە دەبێت بە مێتافیزیک) بەرهەمی مێژووە."[192] "بۆ من دەردەکەوێت فراوانبوونی زەمینە دەکەوێتە سەر بنەمای ناچەقی، کە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر سەردەمێکی نوێی هێنایەکایەوە. [ئەو زەمینەیە] گەورەتر و پانتریش بووە؛ زاینیش گەیشتۆتە ئەو ڕادە پێشکەوتووە خۆی ڕەتبداتەوە؛ مرۆڤ لە بوونی خۆی دوورکەوتۆتەوە و خۆی ناناسێت. "مرۆڤی تازەگەری"، بۆنموونە لە سەردەمی ڕێنەسانسەوە بۆ ناشتن ئامادەکراوە."[193] لەلایەکی دیکەوە، "ئەو مێژووەی نوسراوەتەوە، زیندووە و تەنیا ئاماژە بۆ ژیان ناکات ڕەخنەگرانەشە."[194] "بەڵام، زانینی مێژوویی، زۆربەی کات، سەبارەت سەرچاوە نادیارەکانە."[195] "ئەوەی لە مێژوودا سەرنجڕاکێشە

---

[192] هەمان سەرچاوە،ل٣٩.

[193] هەمان سەرچاوە،ل٨٣.

[194] هەمان سەرچاوە،ل١٩.

[195] هەمان سەرچاوە،ل١٠٩.

ڕووداوە سەرەکییەکە نییە. دەمارەکانی شاراوەن و نابینرێن. هەمانکات دەڵێن، ئەگەر ئارام بیت بەهێز دەبیت، ئەوەش دروستە، کە دەڵێن، ئەگەر ئارام بیت لەوە تێدەگەیت، کە هەستی پێدەکەیت!"[196] "هەروەها، حەزدەکەم  بە ئارامی و لەبەرخۆمەوە لەگەڵ گیانی مێژوودا بدوێم. گیان بۆ مامۆستا گۆیتە و فاوست لە خوێندنەکەیدا دەرنەکەوت. ئەوان بیریان لەو گرنگییە نەکردوە و شوێنیان بۆ دانەناوە. ئەو کەسی ئێمەیە و لەوانەی لە دەشت و هەردیشدا دەژین زۆرتر برایانەیە و نزیکە. ئەو هەوڵ و ڕەنجدانانە، وەکو زۆرانبازییەکەی یەعقوب سودیان بۆ خودی زۆرانبازەکە هەیە. ئەمەش بۆ ئێمە گرنگە."[197]

[٤٠٢] یۆرک ئەم تێڕوانینەی بۆ خەسڵەتی بنەڕەتی مێژوو، وەکو کاریگەرێتی لە زانینەکەیەوە سەبارەت خەسڵەتی بوونی مرۆڤ، نەک بابەتەکانی دیکەوە، دەستکەوتووە. لەلای [ئەو] بووە بە پێویستییەک بۆ بیردۆزەی زانست. "هەموو داتایەکی سایکۆ-فیزیایی (هەبوویەکی دەرەکی یان سروشتی نییە) و بابەتێکی زیندووە؛ ئەمە ناوەڕۆکی مێژووە. ئەگەر تێڕوانینەکە ڕوو لە خۆیەکی ڕووتکراوە نەکات و بڕوانێتە سەرجەمی بوونم، ئەوا من ، وەکو هەموویەکی مێژوویی دیاریکراو بەو شێوەیەی بۆ فیزیاش دەبم بە تەنێکی کۆسمۆلۆجی، دەبینێت. بەو ڕادەیەی من تەنێکی فیزیاییم دەبم بە مێژووش..."[198]

---

[196] هەمان سەرچاوە،ل٢٦.

[197] هەمان سەرچاوە،ل١٣٣.

[198] هەمان سەرچاوە،ل٧١.

کاتێک یۆرک پێناسە ناڕاستەکانی بۆ پەیوەندییەکان و ڕێژەگەرایەتی لە زەمینەبەدەر بینی هەوڵیدا لە بەمێژووبوونی دازاینەوە بە دوا ئاکام بگات، "بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، لە ڕوانگەی ناوەکی خۆ-ئاگاییەوە بۆ مێژوو ئەو سیستەمەی لە مێژوودا هەیە نادروستە. بەو جۆرەی فسیۆلۆجی بەبێ فیزیا ناخوێنرێت فەلسەفەش لە مێژوو، بەتایبەتی ئەگەر فەلسەفەیەکی ڕەخنەگرانە بێت، جیانابێتەوە. ڕەفتاری مرۆڤ و مێژوو هەوا و هەناسەدانن؛ لەوانەیە ئەم کێشەیە پارادۆکس دەرکەوێت، بەڵام بۆ من متیۆدۆلۆجییانە، وەکو پاشماوەی مێتافیزیکە نەک بەمێژووبوونی فەلسەفەکاری."[199] "مادام فەلسەفەکاری ژیانە، بە دیدی من، فەلسەفەی مێژوو هەیە. بەڵام کێ دەینوسێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە، ئەوە نییە ڕاڤەی بۆکراوە و هەوڵی نوسینەوەی دراوە. تۆش دژی ئەمە وەستاویت. تاکو ئەمڕۆ پرسیارەکە بە هەڵە دامەزراوە و مەحاڵە؛ ئەمەش تاکە ڕێگەیەک بۆ دامەزراندنی پرسیارەکە نییە. کەوابوو، هیچ فەلسەفەکارییەکی دروست نییە، کە مێژوویی نەبێت. جیاکردنەوەی سیستەمی فەلسەفە و ئامادەکردنی مێژوویی لە بنەڕەتەوە کارێکی ناجۆرە."[200] "ئێستا زانست دەبێت بە پراکتیکی و دەسەلمێنرێت. پراکتیکی ماتماتیکیش تاکە ڕێگە نییە. بۆچوونی ئێمە بۆ پراکتیک بە قوڵی و فراوانی واتاکەی پێداگۆگییانەیە. ئەمە ئامانجی هەموو فەلسەفەیەکی ڕاست و ڕاستییە لای

---

[199] هەمان سەرچاوە،ل٦٩.

[200] هەمان سەرچاوە،ل٢٥١.

ئەفلاتون و ئەریستۆ."[201] "تۆ لەسەر بەزانستبوونی ڕەوشت ئاگاداری بۆچوونەکانمی. هێشتا دەتوانین چاکتر ئەم کارەش بکەین. بۆ کێ ئەم پەرتووکانە نوسراون؟ تۆمارکردن لەسەر تۆمارکراوەکان! ئەوەی لێرەدا شایەنە ئاوەڕی لێبدەینەوە گەیشتنە بە ڕەوشت لە فیزیاوە."[202] "ئەگەر فەلسەفە بەرجەستەبوونی ژیان بێت، پەیوەندی بە بیرکردنەوەی بێ بناخەوە (لە کاتێکدا بیرکردنەوە ڕوو لە ئاگامەندی ناکات) نەبێت، ئەرکەکەمان بۆ مسۆگەرکردنی ئاکامەکان سەخت و ئاڵۆزتر دەبێت. دەبێت خۆمان لە مەبەستە زیانبەخشەکان ڕزگاربکەین، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە."[203]

[٤٠٣] یۆرک هەوڵیداوە کاتیگۆریانە لە مێژوو تێبگات، کە دژی بۆچوونی ئۆنتیکییە و 'ژیان' دەخاتە ئاستی تێگەیشتنی زانستانەوە. ئەمەش بۆ [ئەو] کارێکی دژوارە. بیرکردنەوەی میکانیکی و ئیستاتیکی "ئاسانتر بە وشە لە شیکردنەوەیەک لەودیو درککردنەوە دەردەبڕێن.

ئەمەش بە پەیوەندی نێوان وشە و بابەتە ئۆنتیکییەکانەوە بەستراوە...لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی لەنێو بناخەکەدایە لە دەرەوەدا نوێنەرایەتی دەکات؛ لەبەر ئەمە هەموو زاراوەیەک دەبێت بە هێما و تێگەیشتن لە واتاکەی ئاسان نابێت. هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیش

---

[201] هەمان سەرچاوە،ل٤٢.

[202] هەمان سەرچاوە،ل٧٣.

[203] هەمان سەرچاوە،ل٢٥٠.

زمانی تایبەتی خۆی هەیە."[204] "تۆ دەزانیت من حەزم لە پارادۆکسە، دەڵێم پارادۆکس نیشانەی ڕاستییە و(بۆچوونی گشتی)ش لە ڕاستییەوە دوورە؛ بە نیوە تێگەیشتنەوە بەگشتیکردن دەسەپێنرێت؛ پەیوەندییەکەی بە ڕاستییەوە لە ڕاستی گڕی فسفۆر دەچێت، کە تیشکەکە دوای خۆی جێدەهێڵێت. ڕاستی هەرگیز توخم نییە. بۆ هەڵوەشاندنەوەی توخمەکانی بۆچوونی گشتی و سەقامگیرکردنی بینینی تاکەکان ئەرکێکی پێداگۆگییانەیە. لە جێگەی ویژدانی گشتی و شێوازی دەرەکی و زەقی ئەم لایەنە ویژدانی تاک بەهێز دەبێت."[205]

ئەگەر کەسێک نیازی تێگەیشتنی لە مێژوو هەبێت، دەبێت جیاوازی گشتی نێوان ئۆنتیکی و مێژوویی بکات. **ئامانجی بنەڕەتی فەلسەفەی ژیان،**[206] پەیوەندی بەم جیاکردنەوەیەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێت پرسیارەکە سەر لە نوێ ڕادیکاڵانە دروستبکرێت. ئایا چۆن بتوانین فەلسەفییانە لەو مێژووە تێبگەین، کە ئۆنتیکی نییە و کاتیگۆریانە دەناسرێت؟ ئەوەی مێژوویی و ئۆنتیکییە بناسین تاکو جیاوازییەکانیان دیارییبکەین؟ ئێمە بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە دەتوانین ئەمکارە بکەین: یەکەم، پرسیار سەبارەت مێژوو بکەین بە پرسیارێکی ئۆنتۆلۆجی سەبارەت بوونی بابەتەکانی نێو مێژوو؛ دووەم؛ پرسیارە ئۆنتیکییەکەش

[204] هەمان سەرچاوە،ل٧٠.

[205] هەمان سەرچاوە،ل٢٤٩.

[206] هایدیگەر لە چاپی دووەمی (بوون و کات)دا (فەلسەفەی ژیانی) بە پیتی لار(ئیتالیکس) نوسیوە. دیارە مەبەستی فەلسەفەی دیڵتی بووە.(م.ک)

بکەین بە پرسیاری ئۆنتۆلۆجی سەبارەت بوونی ئەو هەبووانەی لە دازاینەوە جیاوازن؛ سێیەم، ئۆنتیک لایەنێکی هەبووەکانە و بیرۆکەی 'بوون' ئۆنتیک و مێژووش دەگرێتەوە. لەم بیرۆکەیەوە جیاوازییەکان دەناسینەوە.

یۆرک لەخۆڕا ئەو هەبووانەی مێژوویی نین بە ئۆنتیکی ناوزەدیان ناکات. ئەمەش ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەردەوامی ئۆنتۆلۆجی دێرین، کە لە پرسیار سەبارەت بوونەوە لە کۆنەوە کراوە و بواری ئۆنتۆلۆجی تەسکردۆتەوە. جیاکردنەوەی مێژوویی لە ئۆنتیکییەوە نابێت بە گرفتی توێژینەوە ئەگەر ئێمە لە پێشەوە کلیلی جیاکردنەوەکەمان نەبێت و دڵنیانەبین، کە دەکەوێتە سەر ڕوونکردنەوەی پرسیارەکەمان سەبارەت واتای بوون بەگشتی و ئۆنتۆلۆجی بنەرەتی.[207] کەوابوو، لەبەر ڕۆشنایی کارەکانی دیڵتی و یۆرکدا ئاشکرادەبێت چۆن شیکردنەوەی بوونگەرانە و کاتی بۆ دازاین دادەمەزرێنین.

---

[207] بڕوانە کورتەبەشی (٦،٥)ی ئەم نوسراوە.

# بەشی شەشەم

## کاتبوون و لەنێو-کات وەکو سەرچاوەی چەمکی باو بۆ کات

### ٧٨. ناتەواوی شیکردنەوە پێشتر بۆ کاتی دازاین

[٤٠٤] بۆ سەلماندنی کات وەکو پێکهاتەی بوونی دازاین و چۆنییەتی ئەو پێکهاتەیە ڕوونمانکردەوە، مێژوو، کە حاڵەتی بوونی دازاینە لە بنەڕەتەوە کاتییە. توێژینەوەکەشمان بۆ خەسڵەتی کاتی مێژوو بەبێ گوێدان بەو خاڵەی هەموو ڕووداوێکی مێژوویی لەنێو کاتدایە دەستپێکرد. فاکتۆریانە و لە تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانەی دازایندا مێژوو بە ڕووداوەکانی نێو کات ناسراوە؛ بەڵام لە شیکردنەوە بوونگەرانە کاتییەکەماندا بۆ مێژوو ئەمجۆرە تێگەیشتنەمان تێپەڕکردوە.

ئەگەر شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکە ئۆنتۆلۆجییانە فاکتۆرەکانی بوونی دازاین دەربخات، ئەوا فاکتۆری ئۆنتیکی-کاتی ڕاڤەکردنی مێژوو دەبێت تیایدا دەرکەوێت. پێویستە کات، کە تیایدا هەبووەکان بەر یەکدی دەکەون لە بنەڕەتەوە شیبکرێتەوە چونکە نەک تەنیا مێژوو پرۆسە سروشتییەکانیش لەنێو کاتدان. سەرباری ئەمە، پێش ئەوەی دازاین دەست بە توێژینەوەیەکی بیردۆزەییانە بکات، مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات، بەگوێرەی کات خۆی ئامادەدەکات. ئەوەی گرنگە لێرەدا

بیرکردنەوەی دازاین و شێوازی بیرکردنەوەکەیە لە کات، کە پێش بەکارهێنانی ئامێر بۆ پێوانی کاتەکە دەکەوێت. بیرکردنەوەکە لە پێش ئامێرەکەوە پەیدادەبێت و بەکارهێنانی ئامێرەکانی، وەکو کاتژمێر، مسۆگەردەکات. هەموو دازاینێکی تاک لە بوونی فاکتۆریدا کاتی هەیە یان نییە. کات بۆ شتێک دادەنێت یان هیچ کاتێکی بۆ دانانێت. ئایا بۆچی دازاین کات دادەنێت یان دایناینێت؟ لە کوێوە کات دەهێنێت؟ چۆن ئەمکاتە پەیوەندی بە کاتی دازاینەوە هەیە؟

[٤٠٥] دازاینی فاکتۆری بەبێ تێگەیشتنی بوونگەرانە لە کات بیر لە کات دەکاتەوە. ئەم هەڵوێستەش پێش پرسیارەکەمان سەبارەت چۆنییەتی هەبووەکان لەنێو کاتدا پێویستە باسبکرێت. هەڵوێستی دازاین دەبێت بەگوێرەی [شێوازی] بوونی ڕاڤەبکرێت، کە کاتە. پێویستە بزانین چۆن دازاین، وەکو هەبوویەکی کاتی هەڵوێستی بەکاتیبوونی خۆی دیاریدەکات، کە پەیوەندی بە کاتەوە لەنێو بیرکردنەوەکەیدا هەیە. لەبەر ئەمە ڕاڤەکردنەکەی پێشومان بۆ کات ناتەواو دەردەچێت چونکە ئاوەڕمان لە هەموو لایەنەکانی ئەم دیاردەیە نەداوەتەوە؛ باسی کاتی جیهانمان نەکردوە، کە بەشێکە لە خودی کات. گرنگە ئەمە بناسین و بزانین بۆچی پێویستە. کەوابوو، ئەو 'کات'ەی ئێمە لەگەڵیدا ئاشناین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا کاری لەگەڵدا دەکەین، ئەو کاتەی هەبووەکانی تێدایە ئاشکرا دەکەین و لەنێو-کاتبوونی ئەم هەبووانە ڕووندەکەینەوە.

دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا و لە کات وەرگرتندا ڕووبەڕووی بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکانی نێو-جیهان دەبێتەوە. لە ڕوانگەی ئەو بوونە نزیکەوە لەو کاتەی هەیەتی و پیایدا تێدەپەڕێت، تێدەگات؛ واتە،

بۆی دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی. چۆنییەتی هۆی داهێنان و پێشخستنی ئەم چەمکە باوە بۆ کات لای دازاینەوە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی نیگەرانبوونی لەنێو کاتدا بناسرێت. چەمکی باو بۆ کات لە کاتە سەرەکییەکەوە پاش شاردنەوەی پەیدادەبێت. بۆ سەلماندنی ئەم خاڵەش ڕاڤەکردنەکەمان بۆ بەکاتیبوون، وەکو کاتی سەرەکی خۆی دەسەپێنێت.
بۆ پێشخستنی چەمکی کات ئەو گفتوگۆیەش کراوە، گوایە کات خەسڵەتی 'خۆگەرانە' یان 'بابەتگەرانەی' هەیە.
دانانی کات بە بوونـ-لەنێو-خۆ بۆ(خۆ)ی دەگەڕێنێتەوە و لەوێدا، کە خەسڵەتی ئاگامەندی پێدەدرێت بابەتگەریانە کاردەکات. ڕاڤەکردنەکەی هیگڵ ئاماژەی بۆ هەردوو لایەنەکە کردوە و هەریەکەیان ئەوی دیکەیان [دیالێکتیکیانە] لەناودەبات. هیگڵ لە باسکردنی پەیوەندی نێوان کات و گیاندا ڕوونیکردۆتەوە چۆن گیان، وەکو مێژوو "دەکەوێتە نێو کات"ەوە.
بە ڕادەیەک ڕاڤەکردنەکەمان بۆ کاتی دازاین و پەیوەندی بە کاتیـ-جیهانەوە لەگەڵ بۆچوونەکەی هیگڵدا یەک دەگرنەوە. بەڵام، چونکە شیکردنەوەکەمان لە بنەڕەتەوە لە بۆچوونەکەی هیگڵەوە جیاوازە و ئێمە دەمانەوێت بە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی بگەین، لەوانەیە باسکردنێکی کورتی پەیوەندی نێوان گیان و کات لە بۆچوونەکەی هیگڵدا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاڤەکردنە بوونگەرانە ئۆنتۆلۆجییەکەمان بۆ کاتی دازاین و کاتیـ-جیهان، هەروەها چەمکی باوی کات سودبەخش بێت.
[٤٠٦] ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، گوایە کات بوونی هەیە و ئەو بوونە چییە، تاکو باسینەکەین بە چ ڕادەیەک خودی کات لەسەرجەمی بوونیدا، ئەگەری تێگەیشتنمان لە بوون و ڕووبوونەوەمان

لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا دەهینێتەکایەوە. [بۆ ئەم مەبەستە] لەم بەشەدا ئەمانەی خوارەوە شیدەکەینەوە: کاتی دازاین و نیگەرانیمان بۆ کات (کورتەبەشی ٧٩)؛ ئەو کاتەی کاری لەگەڵدا دەکەین و لەنێو-کات (کورتەبەشی ٨٠)؛ لەنێو-کات و سەرچاوەی چەمکی باو بۆ کات (کورتەبەشی٨١)؛ بەراودکردنی پەیوەندی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجی کات، دازاین و کاتی-جیهان لەگەڵ پەیوەندی نێوان گیان و کات لای هیگڵ (کورتەبەشی ٨٢)؛ شیکردنەوەی بوونگەرانە و کاتیی بۆ دازاین و پرسیار سەبارەت واتای بوون بەگشتی لە ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیدا (کورتەبەشی ٨٣).

## ٧٩. کاتی دازاین و نیگەرانیمان بۆ کات

دازاین ئەو هەبووەیە 'بوون' بۆ ئەو بووە بە کێشە. هەبوویەکە پێش خۆی دەکەوێت و تەوانایی-بۆ-بوونی دەکات بە پڕۆژە. لە پڕۆژەدانانەکەیدا، وەکو هەبوویەکی فڕێدراو خۆی دەردەخات، کە لەنێو جیهاندا جێماوە و بە نیگەرانیەوە کەوتووە. وەکو نیگەرانی، واتە یەکێتی پڕۆژەدانانەکەی لەنێو کەوتنەکەیدا هەبوویەکە 'لەوێدا'. وەکو بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەنێو ژیانی ڕۆژانەدایە و بە زمان بوونی خۆی دەردەبڕێت. ئەو دەتوانێت بوونی خۆی لەنێو-جیهان لەتەنیشت ئەو هەبووانەوە بۆیان نیگەرانە دەربڕێت. نیگەرانی لەمڕووە گشتییەوە لەنێو (کات)دایە و شێوازی ئامادەکردنی بە هێشتنەوە و چاوەڕوانییەوە هەیە. ئەم نیگەرانییە، پلاندانان، قەدەخەکردنی یان خۆپاراستنی

دەگرێتەوە؛[دازاین] بیردەکاتەوە ئەو کارەبکات یان نا، لەوەو پێش کراوە و دەبێت 'ئێستا' بیکاتەوە یان 'ئەوجا' دەبێ شتێکی دیکە بکات.

[٤٠٧] 'کەوابوو' واتای چاوەڕوانیی هەیە؛ لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە، هێشتنەوەی لە ئێستادا و ئامادەکردنی پەیدادەبێت؛ واتە لەوەوپێش باسکراوە. مەبەستیش لە"پێشتر ڕوویداوە" ئەوەیە، کە ئێستا نەماوە. لەگەڵ ئەمەدا مەبەست لە 'هێشتنەوە' ئامادەکردنی شتە چاوەڕوانکراوەکەیە. لەم حاڵەتەدا لەبەر ڕۆشنایی "ئێستا'دا لە واتای 'ئەوجا' هەروەها 'ئەوەی لەپێشتر ڕوویداوە" دەگەین. لەم ڕووەوە ئامادەکردن گرنگێتی خۆی هەیە. هەمیشە لە یەکگرتنی چاوەڕوانی و هێشتنەوەدا دەبێت بە کاتی؛ گرنگ نییە ئەگەر لەبیریش بچێتەوە. لە شێوازی بیرچوونەوەدا کات لەنێو 'ئێستا'دا گیردەخوات و دەبێت بە "ئێستایـ-ئێستا". ئەوەی زۆر نزیکە و نیگەرانی چاوەڕوانێتی لە شێوازی "ئەبێت ئێستا هەبێت"دا دەبینرێت؛ ئەوەی ئێستا ئامادەیە یان ئێستا ونبووە. هێشتنەوە، کە لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە و 'ئەوجا' لەگەڵ "دواییـ-داهاتوودا" ڕەهەندی 'ئێستا' یان 'ئەمڕۆ'یان هەیە. بەڵام هەموو 'ئەوجا'یەک دەبێت بە "ئەوجا، کاتێک..."؛ هەموو "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە" دەبێت بە "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە، کاتێک..."؛ هەموو 'ئێستا'یەک دەبێت بە "ئێستا، کە...". ئێمە ئەمە بۆ 'ئێستا'، "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە" و 'ئەوجا' دەکەین بە بونیادێکی پەیوەندیداری بەڵگەنەویست." لەم کات دانانەدا کار لەگەڵ ڕۆژمێردا ناکەین. تەنانەت بەبێ ڕۆژ ژماردن 'ئێستا'، 'ئەوجا' و "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە" کات دانان دیاریکراوە. ئەگەر کاتەکە بەتەواوی دیاریش نەکرابێت ئەوە

ناگەیەنێت بونیادی کات دانان ونکراوە یان بە ڕێکەوت پەیدادەبێت. ئایا چی لە بنەڕەتەوە سەر بەکاتدانانە و کات دانان لەسەرچی ڕادەوەستێت؟ ئایا دەتوانین پرسیارێکی ڕووکەشی لەم بارەیەوە بکەین؟ ئاشکرایە ئەوەی سەبارەت "ئێستا، کە..." بیریلێدەکەینەوە ئاماژەکردنە بۆ کات. 'ئێستا' کاتە. بێ نکۆڵیکردن، لە واتاکانی "ئێستا، کە..."، "ئەوجا...کاتێک"، "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە...کاتێک" لە پەیوەندییان بە کاتەوە تێدەگەین. هەموو ئەمانە واتای (کات) دەبەخشن. چۆن ئەمەش دەگونجێت و (کات) چ واتایەک دەبەخشێت، لە تێگەیشتنی سروشتیمان لە 'ئێستا'، وەڵامەکانیان پەیداناکرێت. ئایا شتێکی بەڵگەنەویستە، کە ئێمە 'ڕاستەوخۆ' بە 'سروشت' لە واتای 'ئێستا'، 'ئەوجا' و "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویداوە" تێدەگەین؟ ئایا ئەمە لەنێو هەبووەکانی نێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە؟ ئاشکرایە نا. کەوابوو، ئایا توانیومانە بیناسین؟ ئایا هەوڵمانداوە بە دوایدا بگەڕێین و خەسڵەتی دیاریبکەین؟ ئێمە هەر کاتێک بمانەوێت لە بەردەمیاندا ئامادە دەبین و بەکاریان دەهێنین. تەنانەت لەگەڵ گوتنە ناگرنگ و بێ بایەخەکانی ژیانی ڕۆژانەدا (بۆنموونە دەڵێن ئەمڕۆ ساردە) "ئێستا، کە..." لەبیرماندا هەیە بۆچی دازاین بەبێ بەکارهێنانی وشە "ئێستا، کە..."، "ئەوجا، کاتێک..." و "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویدا" لەنیگەرانیەکەیدا بۆ هەبووەکان دەردەبڕێت. یەکەم، لە دەربڕینەکەیدا بوونی خۆی دەردەبڕێت؛ تەماشاکردنی دەوروبەری و تێگەیشتنەکەی لەبوون-لەتەنیشت هەبووەکانەوە و دۆزینەوەیان ئاشکرادەکات. دووەم، چونکە دەربڕین و باسکردنەکە ڕاڤەکردنەلەسەر زەمینەی ئامادەکردن

ڕادەوەستێت. دروستکردنی-ئێستا که چاوەڕوانی و هێشتنەوەی [٤٠٨]لەگەڵدایە، ڕاڤەی بوونی خۆی دەکات چونکە شتێک هەیە خۆی بۆ ڕاڤەکردنەکە ئاوەڵا کردبێت و ڕاڤەکردن بە تێگەیشتن و گوتارەوە ڕووی تێدەکات؛ چونکە کات ڕەهەندی شاقوڵی و پێکهاتەیە بۆ ئاشکراکردنی (لەوێدا)، هەروەها (لەوێدا) ڕاڤەی بۆ دەکرێت و دەناسرێت. دروستکردنی-ئێستا، کە ڕاڤەی بوونی خۆی دەکات و ئاماژە بۆ (ئێستا) دەکات، بە (کات) ناوزەدیدەکەین. ئەمەش (کات) بە ئێمە، وەکو ڕەهەندێکی کراوە و زانراو بۆ ڕاڤەکردن دەناسێنێت. لە کاتێکدا دەڵێین کات ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا ئاشنادەبین، مەبەستمان ئەوە نییە ڕێگە لە کات و بنەڕەتی کات بگرین لەنێو دەربڕینەکەدا بە نەزانراوی بمێنێتەوە.

لەڕاستیدا، بونیادی ڕۆژ ژمێری سەر بە ڕاڤەکردنەکەمان بۆ 'ئێستا'، 'ئەوجا' و "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویدا". ئەوە دەسەلمێنێت، کە بنەڕەتی ڕاڤەکراوەکە لە خودی کاتدایە، کە ڕاڤەی بوونی خۆی دەکات. کاتێک دەڵێین، 'ئێستا' مەبەستمان لەو "ئێستایەیە، کە بەم شێوەیەیە" هەرچەندە هەموو [ڕستەکە] دەرنابڕین. بۆچی؟ چونکە 'ئێستا' ڕاڤەی ئامادەبوونی هەبووەکان دەکات. 'ئێستا' خەسڵەتی ڕەهەندی ڕانەبردووی هەیە. 'ئێستا'، 'ئەوجا' و "لەسەر ئەوەی لەپێشتر ڕوویدا" ئاماژە بۆ ڕەهەندەکانی کات دەکەن و گرنگە بۆ کاتیش دەرببڕێن. ئەم بونیادەش لەوێدا ئاشکرا دەردەکەوێت و دەسەلمێنرێت، کە دەبینین لەنێو کاتەوە پەیدادەبێت و خودی بەشەکانی کاتن. لەنێو سێ ڕەهەندەکەی کاتدا، کە لەگەڵ ڕۆژ ژمێردا لە واتاکانیان تێدەگەین و تێگەیشتنەکەشمان بیردۆزەییانە نییە، بوونی دازاین و هەبووەکانی دیکە لەنێو-جیهاندا

دەردەخەن؛ ڕاڤەکردنی کاتیش [لەم حاڵەتەدا] ڕۆژژمێر بۆ ئەم هەبووانەی (لەوێدا) خۆیان نیشاندەدەن دادەنێت؛ "ئێستا، کە دەرگاکە دادەخرێت"؛ "ئێستا، کە پەرتووکەکەم دیار نییە،" و زۆر نموونەی دیکەش، ئەم خاڵە ڕووندەکەنەوە.

[٤٠٩] ئاسۆی 'ئێستا'، 'ئەوجا' و "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویدا" ڕەهەندی کاتییان هەیە. لەبەر ئەم هۆیە ئەم لایەنانە خەسڵەتی ڕۆژمێری، وەکو "ئەمڕۆ، کاتێک..."، "دوایی، کاتێک..." و "لەپێستر، کاتێک..." وەردەگرن. ئەگەر چاوەڕوانی لەبەر ڕۆشنایی 'ئەوجا' ڕاڤەبکرێت بەو جۆرەی دروستکردنی-ئێستا لە چاوەڕوانی تێدەگات و ڕاڤەی 'ئێستا'ی بۆ دەکات، ئەوا "هەروەها ئێستا-هێشتا-نا" [واتاکەی] لەگەڵ 'ئەوجا'دا ڕووندەبێتەوە. چاوەڕوانی دەبێت بە "تاکو-ئەوجا" و لە ڕاڤەکردندا دەردەکەوێت. خاوەنی کاتی خۆیەتی، کە "لە-نێوان"دایە و پەیوەندی بە ڕۆژمێرییەوە هەیە. ئەم پەیوەندییە لە دەربڕینی "لەو-ماوەیەدا" یان 'لەو کاتەدا'، دەناسرێت. 'لەو-کاتەدا'، هەمانکات پەیوەندی بە نیگەرانییەوە هەیەو ئاماژە بۆ 'ئەوجا'ی زۆرتر دەکات.

"تاکو-ئەوجا" بەسەر چەند "لەم ئەو جایەوە تاکو ئەوجا"دا دابەشدەبێت، کە لەپێشتر لەنێو پڕۆژەی 'ئەوجا' سەرەکییەکەدا هەن. 'بەرگەگرتن' لەنێو تێگەیشتن لە "لەو-کاتەدا"، لە چاوەڕوانیکردن و دروستکردنی-ئێستادا، دەردەکەوێت. درێژخایەنی لەنێو ڕاڤەکردنی کاتدایە؛ ئەم جۆرە کاتە نابیردۆزەییانە بە نیگەرانیمانەوە بە 'مەودا'ی دادەنێین. دروستکردنی-ئێستا بە چاوەڕوانی و هێشتنەوەوە زەمینە بۆ 'مەودا'کە 'لەو-کاتەدا' خۆشدەکات چونکە دەریدەخات چۆن کاتی مێژوویی،

تەنانەت بە نەناسینیش، خۆی لەنێو ڕەهەندەکاندا درێژدەکاتەوە. بەڵام لێرەدا خەسڵەتی تایبەتی کات زۆرتر دەناسین. 'لەو-کاتەدا' تەنیا خاوەنی'مەودا' نییە؛ هەموو 'ئێستا'، 'ئەوجا' و "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویدا" خەسڵەتی جۆراوجۆری مەودایان هەیە: مەودای 'ئێستا' لە ڕاوەستانە، لە کاتێکدا کەسێک لە ئێوارەیەکی هاویندا نانئەخوات؛ مەودای 'ئەوجا' لە نانخواردنی بەیانیدایە، کاتێک بەسەر [چیاکەدا] هەڵدەگەڕێت.

[٤١٠] چاوەڕوانی بە نیگەرانییەوە، هێشتنەوە و دروستکردنی-ئێستا، ڕێگە بە کاتی خۆی دەدات؛ بە نیگەرانییەوە پێش ئەوەی بیر لە کات بکاتەوە کات بۆ خۆی دادەنێت. لێرەدا، ڕۆژمێری کات دەبێت بە شێوازی ڕێگە بە خۆدان بە نیگەرانییەوە لەنێو کاتدا؛ ئەمەش پەیوەندی بە نیگەرانبوون بۆ هەبووەکانی دەوروبەرەوە هەیە، کە لەنێو مەزاج و تێگەیشتندا "بە درێژایی ڕۆژ" خۆیان دەرخستوە. تاکو دازاین بە نیگەرانییەوە لەنێو چاوەڕوانکردنی هەبووەکاندا نوقم بێت و خۆی لەبیربچێت و چاوەڕوانی بوونی خۆی نەبێت، کاتە ڕێگە پێدراوەکەشی دیارنامێنێت. کاتێک دازاین ڕۆژانە "لەگەڵ شتەکاندا دەژی" و بۆیان نیگەرانە لەو بوونەی خۆی، کە ڕەوتێکی بەردەوامی 'ئێستا' ڕووتەکانە تێنەگات. بەم شاردنەوەیە، بۆشایی دەکەوێتە نێو ئەو کاتەی دازاین بە خۆی دەدات. زۆرجار ناتوانێت 'ڕۆژێک' بەو کاتەوە، کە هەیبووە و بەکاریهێناوە، ببەستێتەوە. بەڵام، لەگەڵ ئەم دابڕانەشدا ئەو کاتەی بۆشایی تێدەکەوێت پارچە پارچە نابێت. بەو شێوەیەی ئەو کاتەی هەمانە دەگۆڕێت و نیگەرانیشمان بۆ کات کەموزۆر دەبێت، دەتوانین،

وەکو دیاردە باسیبکەین ئەگەر، لەلایەکەوە، خۆمان لە 'نوێنەرایەتیکردن'ی بیردۆزەییانە بۆ پێکەهاتەی ڕەوتی 'ئێستاکان' دووربخەینەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕێگایانەی دازاین تیایاندا کات بۆ خۆی دیاریدەکات بەو شێوەیە ببینرێت چۆن کات دەبەستێت بە بوونی ڕاستەقینەی خۆیەوە.

لەپێشتر خەسڵەتی کات بۆ بوونی ڕەسەن و ناڕەسەنمان باسکرد. لەم بۆچوونەوە، کات بۆ بڕیارنەدانی بوونی ناڕەسەن دەبێت بە دروستکردنی-ئێستا، بە لەبیرچوونەوە و بێچاوەڕوانی. ئەو کەسەی بڕیارنادات بەگوێرەی ڕووداوە نزیکەکانی دەوروبەری لە بوونی خۆی تێدەگات و ئێستای خۆی دروستدەکات. بوون و 'کات'ی خۆی لەنێو ئەو بابەتانەدا وندەکات، کە بە گرنگیان دادەنێت و بایەخیان پێدەدات. لەگەڵ ئەمەشدا شێوازی گوتنی [بۆنموونە دەڵێت] "من کاتم نییە" ڕەنگدانەوەی ئەم ونبوونەیە. بەو جۆرەی ناڕەسەنە و بوونی خۆی ونکردوە خاوەنی کاتیش نییە و بەردەوام بێ کات دەمێنێتەوە. بوونی ڕەسەن و کاتەکەی جیاوازن. [مرۆڤی ڕەسەن]، کە خاوەنی بڕیار و بوونی خۆیەتی هەرگیز کاتی وننابێت و هەمیشە کاتی هەیە. کاتی بڕیاردان، لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ ڕانەبردوودا، خاوەنی ساتی تێڕوانینە. کاتێک ئەو ساتە ڕەسەنانە هەڵوێستێک لە ئێستادا دروستدەکات، دروستکردنی-ئێستای نابێت بە دیاردەیەکی زاڵ و ڕینمایی ناکات، بەڵکو لەوێوە داهاتوو دەبینێت. لەنێو ساتی تێڕوانیندا بوونە ڕەسەنەکە چارەنوسی هەموو بوونی خۆی بە درێژکراوەیی لەنێو کاتدا دەبینێت و بەردەوام دەبێت بە (خۆ)یەکی ڕەسەنی مێژوویی. ئەمجۆرە هەبووە کاتییە کاتی بۆ داواکارییەکانی

هەڵویستی هەیە. بڕیاردانیش بوونی ئەو(لەوێدا)، وەکو هەڵوێست دەردەخات. لەبەر ئەمە، مرۆڤێک خاوەنی بڕیار بێت هەرگیز لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەوانەی دەردەکەون کاتی خۆی بە شێوەی بوونێکی نارەسەن وناکات. **دەردەکەوێت 'لەوێدا' لەسەر زەمینەی کاتی بوونی دازاین دامەزرابێت، کە بە نێو ڕەهەندەکانیدا درێژە دەکێشێت. لەگەڵ ئەم دەرکەوتنەی کاتدا، کە بە بوونی دازاین دراوە، چونکە دازاین بوونێکی فاکتۆریانەی فڕێدراوی هەیە، کات وندەبێت یان وننابێت.**

[دازاین] لە بوونی فاکتۆریدا بوونە لەگەڵ-کەسانی دیکەشدا. ئەو بوونی خۆی دەخانە نێو شێوازێکی گشتی و مامناوەندییەوە. کاتێک "ئێستا، کە..." و "ئەوجا، کاتێک..." ڕاڤەدەکرێن و لە ژیانی ڕۆژانەدا لە پەیوەندیمان بە کەسانی دیکەوە دەناسرێن، دەبن بە بنەڕەتی. ئەوەی 'نزیکترین'ە لەگەڵ-کەسانی دیکەدا، چەند کەسێک دەتوانن بە 'ئێستا'ی دابنێن و هەر یەکەشیان مێژووی جیاوازی بۆ دابنرێت: دەڵێین، ئێستا ئەم یان ئەوە ڕویدا. 'ئێستا' لە دەربڕینی ئەم کەسانەدا چۆتە نێو ژیانی گشتی بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکەی بوون-لەنێو-جیهاندا.

ئەو(کات)ەی دازاین باسیدەکات و ڕاڤەی دەکات لەسەر بناخەی ڕەهەندەکانی لەنێو-جیهاندا کراوە بە کاتێکی گشتی. مادام نیگەرانبوون لە ژیانی ڕۆژانەدا نیگەرانبوونە بۆ جیهان، ئەوا نازانێت خاوەنی کاتەکەیە، بەڵکو ئەو کاتە بەکاردەهێنێت، کە (لەوێدا)یە و (ئەوان)یش بیریلێدەکەنەوە. هەڵبەتە کاتی ژیانی ڕۆژانە و گشتی زۆرتر خۆی دەسەپێنێت ئەگەر دازاین فاکتۆریانە زۆرتر بایەخی پێبدات.

## ٨٠. ئەو کاتەی کاری لەگەڵدا دەکەین و لەنێو-کاتبوون

باسمانکرد چۆن دازاین، کە بوونێکی کاتییە، لە نیگەرانبوونی بۆ کات و ڕاڤەکردنی، دەیکات بە کاتێکی گشتی لەنێو-جیهاندا. ئەگەر ئەم کاتە بە هەبوو دابنرێت ئەوا هێشتا پێناسەنەکراوە. پێش بڕیاردانیش لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە کاتە (خۆگەرانە) یان (بابەتگەرانەیە) یاخود هیچیان نییە، پێویستە خەسڵەتە دیارەکانی بناسین.

کات جاروبار یان لە ئاکامدا نابێت بەگشتی. بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی بوونی دازاین بە ڕەهەندە کاتییەکانییەوە دەردەکەون و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنیش سەر بەو بوونەن ئەوا کات خۆی دەکات بە شتێکی گشتی. مرۆڤیش بەگوێرەی ئەمە ڕوویتێدەکات و دەبێت بەوەی هەموو کەسێک توشی دەبێت.

[٤١٢] هەرچەندە دەکرێت کەسێک بایەخ بەو جۆرە کاتە بدات، کە پەیوەندی بە ڕۆژمێر و ڕووداوەکانی دەوروبەرەوە هەیە. ئەمەش لەسەر ئەستێرەناسی و بیرکردنەوەی ڕۆژمێریانە ڕادەوەستێت. ئەم بیرکردنەوەیە لەخۆڕا پەیدا نابێت. پێویستییەکی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەی لە بونیادی نیگەرانبوونی دازایندا هەیە. لەبەر ئەوەی دازاین بوونێکی فڕێدراو و کەوتووی هەیە، بەو جۆرە بیر لە کات دەکاتەوە. لەم بیرکردنەوەیەدا کات دەبێت بە گشتی. کەوابوو، شێوازی فڕێدراوی بوونی دازاین کات [بۆ هەمووان] دەکات بە گشتی. ئەگەر بیسەلمێنێن کاتی گشتی لەنێو کاتی فاکتۆریدایە لە دروستی سەلماندنەکەش دڵنیابین، ئەگەر بمانەوێت بزانین پەیوەندی جەوهەریی کات و نیگەرانی لە ژماردنی ڕۆژەکاندا نییە پێویستە باسی ئەو کاتە بکەین، کە لەنێو کاتی

نیگەرانیدا ڕاڤەدەکرێت. بیرکردنەوە لە کات ئەوەی لە بۆچوونی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانەدا گرنگە لەسەر چەندەکی کات ناناسرێت، بەڵکو پیویستە بەوکاتە دابنرێت دازاین بیریلێدەکاتەوە.

"کاتی گشتی" ئەو جۆرە کاتەیە لە نێویدا ڕووبەڕووی بابەتەکانی-بەردەست، بابەتە-دەرەکییەکان لەنێو-جیهاندا دەبینەوە. پێویستە ئەم هەبووانەی دازاین نین بە هەبووەکانی "نیو-کات" دابنرێن. ڕاڤەکردنی "نێو-کات" ڕۆشنایی زۆرتر دەخاتە سەر "کاتی گشتی" و لەوێوە دەتوانین پێناسەی بوونی بکەین.

بوونی دازاین نیگەرانییە. ئەم هەبووە کەوتووە، وەکو شتێکی فڕیدراو هەیە و لەنێو جیهاندا جێماوە، کە لە فاکتۆری بوونی 'لەوێدا' دەناسرێت. بە نیگەرانییەوە و بیرکردنەوەوە چاوەڕوانی تەواناییی بوونی-لەنێو-جیهاندا دەکات. ژیانی ڕۆژانە بە تەماشاکردنی دەوروبەرەوە لەنێو-جیهاندا پێویستی بە ئەگەری تێڕوانین هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ڕووناکی هەبێت تاکو بە نیگەرانییەوە کار لەگەڵ بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکاندا بکات. لەگەڵ دەرکەوتنی فاکتۆری جیهانی دازاین 'سروشت' بۆ دازاین خۆی دەردەخات. دازاینی فڕێدراو خۆی دەخاتە نێو گۆڕانی ڕۆژ و شەوەوە. ڕۆژ بە ڕووناکییەکەی ئەگەری تێڕوانین مسۆگەردەکات؛ شەو لەناویدەبات.

[٤١٣] دازاین بە تەماشاکردنێکی پڕ نیگەرانییەوە چاوەڕوانی ئەگەری تێڕوانین دەکات و لەنێو کاروباری ڕۆژانەیدا لە بوونی خۆی تێدەگات؛ لەم چاوەڕوانی و تێگەیشتنەدا کاتی خۆی بە"ئەوجا، کاتێک ڕۆژبۆوە..." دادەنێت. 'ئەوجا' بەگوێرەی ژینگە نزیکەکەوە، بۆنموونە خۆرهەڵهاتن،

بەستراوە بە ڕووناکییەوە. "ئەوجا، کاتێک خۆر هەڵدێت، کاتی ئەم یان ئەو کارە دەستپێدەکات." کەوابوو، ئەو کاتە بۆ خۆی دادەنێت، کە دەبێ بەگوێرەی ڕووبەڕوو-بوونەوەی بوونی فڕێدراوی لەگەڵ هەبووەکاندا و بەجێمانی لەنیو جیهاندا، هەیبێت و پەیوەندیشی بە تەوانایی-بۆ-بوونی دادەمەزرێنیت.

نیگەرانبوونی بابەتی-بەردەستییانەی خۆر بەکاردەهێنێت، کە ڕووناکی و گەرمایی دەبەخشێت. خۆر کاتەکە بۆ نیگەرانی دەژمێرێت. لەو ژماردنەدا ژماردنی سروشتی کات، کە بە (ڕۆژ)ی دادەنێین دێتەکایەوە. لەبەر ئەوەی کاتی ئەو دازاینەی کاتەکە وەردەگرێت بڕاوەیە، ڕۆژەکانیشی دەژمێردرێن و کۆتاییان دێت. نیگەرانی بە چاوەڕوانییەوە هەوڵی پێناسەکردنی 'ئەوجا'کان دەدات تاکو ڕۆژەکان لەیەکدی جیابکاتەوە. ئەمەش "لەنێو-یەک-ڕۆژدا" ڕوودەدات. جیاکردنەوەکەش لەسەر جوڵانی خۆرە. خۆرئاوابوون و نێوەڕۆ، وەکو خۆرهەڵهاتن، پەیوەندییان بە شوێنی ئەو تەنە ئاسمانییەوە هەیە، داگیری دەکات. دووبارەبوونەوەی ئەم جوڵانە بیرۆکەی بەکاتبوونی کات لای دازاین دروستدەکات. دازاین لە ڕۆژ دانانەکاندا و لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی دیکە مێژووی خۆی دیاریدەکات و ڕاڤەی کات دەکات. پێش ئەم کارەش دەبێت بوونێکی فڕێدراوی لەنێو (ئەوێدا) هەبێت.

ئەم ڕۆژدانانە بەگوێرەی تەنە ئاسمانییەکەی ڕووناکی و گەرمایی دەبەخشێت و بەگوێرەی شوێنەکانی لە ئاسماندا کاتدانان بۆ یەکدی لەژێر "هەمان ئاسماندا." دروستدەبێت. هەموو کەسێکیش بەهەمانشێوە دەتوانێت ئەم کارە بکات و لە کاتێکی کەمدا بڕیاری لەسەربدات. ئەوەی

ڕۆژەکانی لەسەر دیاریدەکرێت لەنێو ژینگەدا هەیە و تەنیا پەیوەندی بە ئامێرەکانەوە نییە. بە جۆرێکە، ژینگەی سروشتی و ژینگەی گشتی پێکەوە دەدۆزرێنەوە. ئەم ڕۆژمێرییە گشتییەی هەموو کەسێک کاری لەگەڵدا دەکات، ئەوەیە، کە هەموو کەسێک بیریلێدەکاتەوە؛ پێوەرێکی ئامادەکراوی گشتییە بۆ بەکارهێنان. بیرکردنەوە لەم کاتە و پێوەرەکەی پێویستی بە شتێکە بۆ پێواندن؛ وەکو کاتژمێر؛ واتە، لەگەڵ کاتی دازاین، وەکو هەبوویەکی فڕێدراو، لەنێوجیهاندا جێماو، بەکاتداانان بۆ خۆی کاتژمێری داهێناوە، کە بابەتێکی-بەردەستە و سوڕانەوەکەی دروستکردنی ئێستا لە چاوەڕوانیکردندا مسۆگەردەکات. ئەو هەبووە فڕێدراوەی لەتەنیشت بابەتەکانی-بەردەستەوە هەیە کاتییە. کات هۆکارە بۆ بوونی کاتژمێر. کاتژمێر فاکتۆریانە پێویستە، بەڵام (کات) مەرجە بۆ داهێنانی کاتژمێر.

[٤١٤] بنەڕەتی دازاین لەنێو کاتدایە و کاتژمێری 'سروشتی'، کە لەگەڵ بوونی فڕێدراوی دازایندا دۆزراوەتەوە، هاندەرە بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کاتژمێر. پێش باسکردنەکەمان لەسەر پێشکەوتنی بیرکردنەوە لە کات و بەکارهێنانی کاتژمێر بە واتا بوونگەرانە ئۆنتۆلۆجییەکەی، پێویستە زۆرتر خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە کاتەی دەیپێوین ڕوونبکەینەوە. ئەگەر ئەو کاتەی بایەخی پێدەدەین بە پێواندنی ببێت بە کاتێکی گشتی، ئەگەر کاتی گشتی بۆ هەمووان دیاردەیەکی ئاشکرابێت ئەوا بەگوێرەی ڕۆژدانانەکان بەکاریدەهێنین و بیریلێدەکەینەوە.

کاتێک 'ئەوجا'، کە لەنێو چاوەڕوانیکردن بە نیگەرانییەوە ڕاڤەی بۆ دەکرێت و ڕۆژەکانی بۆ دادەنرێت، لەم ڕۆژدانانەدا دەستەواژەکانی، وەکو "ئەوجا-کاتیک-ڕۆژبۆوە-کارەکەدەکەین" بەکاردەهێنین. کاتی نێو نیگەرانی کاتدانانە بۆ شتێک. ئەو کاتەی ڕاڤەکراوە خەسڵەتی "کاتبوونی بۆ شتێک هەیە" یان "کاتێکی خراپە بۆ شتێک بکرێت! کاتێک نیگەرانی لەچاوەڕوانیکردندا خۆی ئامادەدەکات، کات دەبێت بە "لەپێناوی-شتێکدا"؛ ئەمەش بەستراوە بە لەپێناوی-ئەوەی تەوانایی-دازاین-بۆ-بوون-هەیەتی. لەم پەیوەندییەدا کاتی گشتی ئەو بونیادەی لەپێشتر لەگەڵیدا ئاشنابووین و بە ئاماژەکردنمان دانا و جیهانێتی جیهان پێکدەهێنێت، دەردەکەوێت.[208]

وەکو "کاتدانان بۆ شتێک" کاتی گشتی خەسڵەتی جیهانیی هەیە، بەمەش دەوترێت "کاتی-جیهانی". ئەوە ناگەیەنێت، بابەتێکی دەرەکی نێو-جیهانە (کە هەرگیز نابێت)، بەڵکو بە واتا بوونگەرایەتییە ئۆنتۆلۆجییەکەی سەر بە جیهانە. لەم لاپەڕانەی خوارەوەدا پێویستە ڕوونیبکەینەوە چۆن پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی بونیادی-جیهان (بۆنموونە، لەپێناوی-ئەوەدا) لەگەڵ کاتی گشتیدا (بۆنموونە، ئەوجا، کاتێک...) لەنێو ڕەهەندەکانی کاتدا دروستدەبن. ئێستا، لەمحاڵەتەدا، ئەو کاتەی خۆمانی لەگەڵدا ماندوودەکەین خەسڵەت و بونیادەکەی دەناسرێن: دەژمێرێت، مەودای هەیە و گشتییە؛ هەروەها، بەم بونیادەوە

---

[208] بڕوانە کورتەبەشەکانی (١٨) و (٦٩)ی ئەم نوسراوە.

سەر بە جیهانە. هەموو 'ئێستا'یەک بۆنموونە، ڕۆژانە دەریدەبڕین و هەرچەندە بیردۆزەییانە نییە و دازاین بەکاریدەهێنێت، خاوەنی ئەم بونیادەیە.

[٤١٥] لە بوونی فڕێدراو و کەوتووی دازایندا کاتژمێری سروشتی دەردەکەوێت؛ لەم دەرکەوتنەشدا فاکتۆربوونی دازاین خەسڵەتی بەگشتیبوون بەم کاتە دەدات، بیرکردنەوە لە کات بەرجەستەدەبێت و کاتژمێر بەکاردێت. ئێمە مێژووی بیرکردنەوە لە کات و گەشەکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی کاتژمێر باسناکەین. بەڵکو لە بۆچوونە بوونگەرانە ئۆنتۆلۆجییەکەوە پرسیار سەبارەت ئەو شێوازەی کاتییەی دازاین دەکەین، کە بیرکردنەوە لە کات ڕوویتێدەکات و لە کاتژمێردا بەکاردێت. لەگەڵ مسۆگەرکردنی وەڵامی ئەم پرسیارەدا باشتر لە پێوانی کات تێدەگەین. لێرەشەوە ئاشکرادەبێت چۆن بەگشتیبوونی کات لە کاتی دازایندایە.

ئەگەر بەراورد لەنێوان دازاینی سەرەتایی، کە بۆ شیکردنەوەی بیرکردنەوە لە کاتی سروشتی و دازاینی پێشکەوتوو بکەین، دەبینین بۆ دازاینی پێشکەوتوو ڕۆژ و ڕووناکی خۆر دەورێکی گرنگیان نییە چونکە ئەم دازاینە دەتوانێت شەویش بۆ ڕۆژ بگۆڕێت. پێویست ناکات بۆ کات خوێندنەوە هەمووجارێک تەماشای شوێنی خۆر لە ئاسماندا بکەین. ئێمە دەتوانین کاتەکە بە هۆی ئامێری کاتژمێرەوە بدۆزینەوە.

"ئایا کاتژمێر چەندە؟" واتای "ئایا چ کاتێکە؟" دەبەخشێت چونکە کاتژمێر ئەگەری بەگشتیبوونی بیرکردنەوە لە کات دێنێتەکایەوە و لەسەر کاتی سروشت کۆک دەکرێت. تەنانەت بەکارهێنانی ئامێری کاتژمێر سەر

به کاتی دازاینه، که لەگەڵ دەرکەوتنی 'لەوێدا' ڕۆژەکان بە نیگەرانییەوە دادەنێت؛ ئەم ڕاستییە لەگەڵ نەخوێندنەوەی کاتیشدا بەردەوام دەمێنێتەوە. تێگەیشتنمان لە کاتژمێری سروشتی لەگەڵ پێشکەوتنمان لە دۆزینەوەی سروشتدا گەشەدەکات. ڕێگا بۆ ئەگەرە نوێکان بۆ پێوانی کات نیشاندەدات، کە کەمتر پشت بە ڕۆژ و تەماشاکردنی ئاسمان دەبەستێت.

[٤١٦] بەڵام بە ڕادەیەک دازاینی سەرەتایش بۆ خوێندنەوەی کات پەیوەندییە ڕاستەوخۆکەی لەگەڵ ئاسماندا کەمدەکاتەوە. بۆنموونە، لە بری شوێنی خۆر لە ئاسماندا سێبەری هەبوویەکی نزیک بەکاردەهێنێت. ئەمەش لە "کاتژمێری جوتیار"دا شێوازی کۆنی خوێندنەوەی کاتە. هەموو مرۆڤێک سێبەری هەیە؛ ئەمەش ڕووبەڕووبوونەوەی خۆر و جوڵانی خۆر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دیاریدەکات. بە ڕۆژ دەتوانین سێبەر بە درێژی جۆراو جۆرەوە ببینین. ئەگەر تاکەکان بە باڵا جیاوازیش بن هێشتا پەیوەندییان[بە سێبەرەکانیانەوە] ناگۆڕێت. کاتێک مرۆڤ بڕیار لەسەر ژوانێک دەدات کاتی گشتی بەکاردەهێنێت و دەڵێت، "کاتێک سێبەرەکە ئەوەندە پێ درێژبێت یەکدی دەبینین." لێرەدا، یەکدی بینین یان پێکەوەبوون لەنێو دەوروبەرێکی نزیک لە ئێمەوە ئاماژە بۆ ئەو شوێنە لەپێشترانە دەکات، کە سێبەریان دەکەوێتەسەر. لەمحاڵەتەدا، دازاین پێویستی بە هەڵگرتنی کاتژمێر نییە چونکە خۆی دەبێت بە کاتژمێر.

ئامێری کاتژمێری کۆن، کە هێڵی سێبەرەکە شوێن و جوڵانی خۆر تیایدا دەردەکەوێت، لەمە زۆرتر پێویستی بە باسکردن نییە. بەڵام چۆن شوێنی

سێبەرەکە کات دەخوێنێتەوە؟ سێبەر و ئامێرەکە خودی کات نین. تەنانەت پەیوەندییەکەیان لەنێو شوێندا نابێت بە کات. کەوابوو، کات لە کوێدایە، کە بە کاتژمێرە کۆنەکە و کاتژمێری نێو گیرفانیشمان دەیخوێنینەوە؟ ئایا خوێندنەوەی کات چ واتایەک دەبەخشێت؟ تەماشاکردنی کاتژمێر لە بینینی گۆڕانەکان و جوڵانی قۆڵەکانی نێو ئەو بابەتە بەردەستە زۆرترە. کاتێک بە تەماشاکردنی کاتژمێرەکەمان کاتەکە دەخوێنینەوە بە دەنگی بەرز یان بێدەنگی دەڵێین، "ئێستا کاتژمێر ئەوەندە و خولە ئەوەندەیە؛ ئێستا کاتی ئەو شتەیە..." یان "هێشتا کات ماوە بۆ...". تەماشاکردنی کاتژمێرەکە پەیوەندی بە خوێندنەوەی کاتەوە هەیە و ئەویش ڕێنماییدەکات. ئەوەی لێرەدا خۆی دەردەخات بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییە لە کات: بە تەماشاکردنی کاتژمێرەکە کات بۆ خۆمان ڕێکدەخەین و لە بنەڕەتدا دەڵێین، 'ئێستا' . لێرەدا واتای 'ئێستا' بە تێگەیشتنەوە لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ڕۆژدانان، مەودا، بەگشتیبوون و جیهانێتیدا ڕاڤەدەکەین. ئەمەش ئەوەندە ڕوون و دیارە، کە پێویست ناکات بە دوایدا بگەڕێین؛ بەڵام بە ئاشکراش نایناسین.

[٤١٧] 'ئێستا' جەختکردنێکی نا بەردەوامە لەسەر دروستکردنی ڕانەبردوو، کە لەنێو یەکەیەکی کاتیدا بە چاوەڕوانییەوە خۆی دادەنێت. لەگەڵ دانانی ڕۆژدا بە خوێندنەوەی کاتژمێر بابەتێکی دەرەکی دەکەین بە هەبوویەکی ئامادەکراو. ڕۆژدانان پەیوەندی بە بابەتی دەرەکییەوە نییە؛ بەڵام ئەم پەیوەندییەی [لێرەدا باسدەکرێت] پێوەردانانە. هەڵبەتە ئەو ژمارانە لە پێوەردانانەکەدا هەن ڕاستەوخۆ دەخوێنرێنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاتێک درێژی ئەپێوین دەزانین پێوانەکەی تێدایە.

بیرۆکەی پێوانە بە وەستانەکەیەوە دەبێ بابەتێکی دەرەکی بێت. ئەو کاتەی مەبەستمانە دەیپێوین تەماشای بابەتێکی دەرەکی دەکەین، تەماشاکردنەکە ئەو بابەتە ئامادەدەکات. ئامادەکردنەکەش پێش پێوانەی کات دەکەوێت. پێوەرەکەش، کە کاتەکەی پێدەخوێنرێتەوە ئاماژە بۆ 'ئێستا' دەکات. کەوابوو، پێوانی کات و بەگشتیکردنی بۆ هەموو کەسێک و لە هەموو کات و بۆنەیەکدا "وەکو ئێستای ئێستا لە ئێستادایە". ئەو کاتە جیهانییەی کاتژمێر نوێنەرایەتی دەکات و ئێمە دەیجوێنینەوە فرە 'ئێستاکانە'.

کاتی هەبوویەکی فاکتۆری نێو-جیهان ئەگەری شوێن دەردەخات؛ لە هەموو بارودۆخێکدا دازاین 'لەوێدا' لە شوێندایە. لەبەر ئەمە، ئەو 'کات'ەی دازاین بۆی نیگەرانە بە شوێنەوە گرێدراوە. خودی کات پەیوەندی بە شوێنەوە نییە؛ بەڵام کات بۆ ئەگەری کاتدانان و پێوەری کات لەنێو شوێندا مەرجە. ڕاستەوخۆ کات لەگەڵ شوێندا دانانرێت؛ دانانەکەی بە هۆی ئەو کاتەوەیە[دازاین] بە نیگەرانییەوە ڕوویتێدەکات. بەو ڕادەیەی بیرکردنەوە لە کات و کاتژمێر لەسەر کاتبوونی دازاین دادەمەزرین، کە دەبێت بە پێکهاتەی مێژوویی ئەم هەبووە، دەتوانین بیسەلمێنین چۆن ئۆنتۆلۆجییانە بەکارهێنانی کاتژمێرەکان دەبێت بە مێژوویی و بە چ ڕادەیەکیش هەموو کاتژمێرێک مێژووی هەیە.[209]

---

[209] لێرەدا نامانەوێت بەو شێوەیەی بیردۆزەی ڕێژەگەرایەتی باسی پێوەری کات دەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بۆ ڕوونکردنەوەی بناخە ئۆنتۆلۆجییەکانی ئەم پێوانە پێویستیمان بە کاتی-جیهانی و بوون-لەنێو-کات هەیە، کە لەبەر ڕۆشنایی

[٤١٨] ئەو کاتەی پاش پێواندنی دەبێت بەگشتی نابێت بە شوین چونکە لە پەیوەندییەکەی بە شوێنەوە دەپێورێت. گرنگی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی پێوانی کات لە فاکتۆری ژماردنی کاتدانانەکەدا لەنێو شوێندا و پەیوەندی هەبوویەک بە شوێنەوەیە. ئەوەی ئۆنتۆلۆجییانە سەرنجڕاکێشە ئامادەبوونی ئەو شتەیە پێواندنەکە مسۆگەردەکات. کاتدانان بەگوێرەی بابەتێکی دەرەکی نێو شوێن لە 'ئێستا'دا ڕوو لە بابەتە ئامادەبووەکە دەکات. پێوانی کات لە ناوەڕۆکدا پێویستی بە 'ئێستا' هەیە؛ بەڵام لە وەدەستهێنانی پێوەرەکەدا بابەتەکەی پێواندومانە لە بیردەکەین و بێجگە لە ژمارە و درێژبوونەوە چی دیکە نادۆزینەوە. لەگەڵ نیگەرانبوونی دازاین بۆ کات، کات کەمتر وندەبێت، گرنگییەکەی زۆرتر دەبێت و کاتژمێریش بایەخی پێدەدرێت. ئێمە نامانەوێت بەتەواوی کاتەکە بناسین بەڵکو کاتەکە دەبێت خۆی کورتبکاتەوە و لەگەڵ خوێندنەوەی کەسانی دیکەش بۆ کات بگونجێت.

بەکورتی، لەمە زۆرتر لەسەر پەیوەندییە گشتییەکەی بەکارهێنانی کاتژمێر و کات نادوێین. بەو شێوەیەی شیکردنەوەی بیرۆکەی-کات لە

---

کاتی دازایندا ئاماژەمان بۆ کردوون و بوون بە پێکهاتەی بوونگەرانەی کاتیی بۆ دۆزینەوەی سروشت و واتای کاتی پێوەرەکەش. ئەمەش دەبێت بە زەمینە بۆ هەموو تەکنیکێکی فیزیکی بۆ پێواندن، کە بە تەنیا ناتوانێت چارەسەری کێشەی کات بکات.

ئەستێرەناسیدا پەیوەندی بە ڕاڤەکردنی بوونگەرانەی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ دۆزینەوەی سروشتەوە هەیە، بناخە مێژووییەکانی ڕۆژمێریش لەسەر شیکردنەوەی بوونگەرانە بۆ ناسینی لە زانستی مێژوودا دادمەزرێت.[210]
[٤١٩] پێواندن خەسڵەتی بەگشتیبوون بە کات دەدات و ئێمەش لەم ڕێگەیەوە دەیناسین. نیگەرانیش کات بۆ هەموو شتێک دادەنێت. هەروەها، هەموو شتێک کاتی هەیە چونکە هەبووی نێو جیهانە و لە نێو کاتدایە. کاتی هەبووەکانی نێو-جیهان و نێو کات جیهانییە. بەگوێرەی ڕەهەندەکانیشی کاتی-جیهانی، وەکو خودی جیهان بەرزێتییە. لەگەڵ دەرکەوتنی جیهاندا کاتی-جیهانی دەبێت بە کاتی گشتی و لەنێویدا ڕووبەڕووی هەموو هەبووەکان بە نیگەرانییەوە دەبینەوە.
ئەو کاتەی بابەتێکی دەرەکی تیادا دەجوڵێت یان دەوەستێت 'بابەتگەری' نییە ئەگەر مەبەستمان لە بوونی ئەو بابەتە-دەرەکییەی-نێو-خۆی بێت، کە لەنێو جیهاندا توشی دەبین. هەروەها، کات زۆرکەم 'خۆگەری' دەبێت ئەگەر واتێبگەین بوونی-بابەتی-دەرەکی و پەیدابوونی لەنێو'خۆ'دایە. **کاتی-جیهانی لە هەموو بابەتێک زۆرتر 'بابەتگەرانە'یە چونکە لەگەڵ**

---

[210] نوسەر یەکەمجار لە کۆڕێکدا لە فرایبۆرگ لە هاوینی ١٩١٥ هەوڵی ڕاڤەکردنی کاتی (کرۆنۆلۆجی) و ژماردنی مێژوویدا. پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان ژماردنی مێژوویی، کاتی-جیهان، کە لە ئەستێرەناسیدایە و مێژووی دازاین بە قووڵی ڕوونبکرێنەوە. هەروەها ئەم کۆڕەی نوسەر لەم گۆڤارەدا بڵاوکرایەوە:
Der Zeitbegriff in der Geschichtswissenschaft' (published in *Zeitsgbrift für Philosophie und Philosophische Kritik*, vol. 161, 1916, pp. 173 Ff.)

**دەرکەوتنی جیهان ئەویش بەڕەهەندەکانییەوە، وەکو مەرج بۆ بوونی هەبووەکان لەنێو-جیهاندا دەردەکەوێت.** کەوابوو، بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی کانت، ئێمە توشی کاتی-جیهانی ڕاستەوخۆ لەنێو جیهانی ماتەری و دەروونیدا دەبین و تەنیا ڕوویەکی دەروونی وەرناگرێت. یەکەمجار، کات خۆی لەنێو ئاسمان نیشاندەدات بەتایبەتی ئەو کاتەی مرۆڤ لە ڕێگەی سروشتەوە کات بۆ خۆی دادەنێت.

**کاتی-جیهانی، هەمانکات، زۆرتر لە هەموو خۆکان 'خۆگەرانەیە'؛ چونکە یەکەمجار پێویستی بە بوونی 'خۆ' هەیە، کە ئێستا واتاکەیمان بە نیگەرانی داناوە.** کات ئەو بابەتە-دەرەکییەیە، کە نە 'بابەت' و نە 'خۆ' یە؛ نە لە دەرەوە و نە لە ناوەوەدایە. پێش هەموو بابەتگەری و خۆگەرییەک دەکەوێت چونکە دەبێت بە مەرج بۆ 'پێشترێتی'ییەکە. کەوابوو، هیچ بوونێکی هەیە؟ ئەگەر بوونی نەبێت، دەکرێت بە بابەتێکی نێو ئەندێشە (فانتۆم) دابنرێت؟ ئایا لە هەموو هەبووەکانی دیکە زۆرتر بوونی هەیە؟ توێژینەوەش لە دەرەوەی سنووری ئەم پرسیارانە لە ئاستی بوارێکی تەسکدا بەو جۆرەی لە باسەکەمان لەسەر پەیوەندی ڕاستی و بوون هاتە بەردەممان، ڕاماندەگرێت.[211] گرنگ نییە چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە، پێویستە لە سەرەتاوە تێبگەین کات بە ڕەهەندەکانییەوە، کاتی-جیهانی، ئێمە بۆ بابەتەکانی-بەردەست و بابەتە-دەرەکییەکان دێنێتەکایەوە. لەمحاڵەتەشدا، ناتوانین بەتەواوی بەم

[211] بڕوانە کورتە بەشی (٤٤)ی ئەم نوسراوە.

هەبووانە بڵێین کاتی. وەکو هەموو ئەو هەبووانەی لە دازاین ناچن کاتی نین. گرنگیش نییە پەیدابن، لەناوبچن یان وەکو بیرۆکە بمێننەوە.
ئەگەر کاتی-جیهانی بەکاتیبوونی-کات بێت، ئەوا 'خۆگەرییانە' هەڵناقوڵێت و 'بابەتگەریانەش' پەیدانابێت. دەبێت لەم دوو ئەگەرە دوورکەوینەوە ئەگەر بتوانین تێبگەین چۆن دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا بیردۆزەییانە بیر لە کات دەکاتەوە و بیرکردنەوەکەش بۆ تێگەیشتن لە کاتی گرنگە. نیگەرانبوون لە ژیانی ڕۆژانەدا کات لەنێو هەبووەکانی نێو-جیهان دەدۆزێتەوە، کە لەنێو-کاتدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەگەر بمانەوێت بۆ کات ڕۆشنایی بخەینەسەر سەرچاوی چەمکە باوەکە دەبێت لەنێو-کاتەوە گەشتەکەمان دەستپێبکەین.

## ٨١. لەنێو-کات و سەرچاوەی چەمکی باو بۆ کات

[٤٢١] چۆن کات لە تەماشاکردنی ژیانی ڕۆژانەدا بە نیگەرانییەوە خۆی دەردەخات؟ لەنێو چ جۆرە بەکارهێنانی-ئامێردا بە ئاشکرا دەیناسین؟ ئەگەر لەگەڵ دەرکەوتنی جیهان ئەویش بە شتێکی گشتی کرابێت، ئەگەر لەگەڵ دۆزینەوەی هەبووەکانی نێو-جیهان بە نیگەرانییەوە ڕوویتێبکەین، ئەگەر لە بیرکردنەوەی دازایندا ببێت بە بابەتی نیگەرانبوونەکە، ئەوا ئەو هەڵوێستەی مرۆڤ بە ئاشکرا بەگوێرەی کات وەریدەگرێت لەسەر بەکارهێنانی کاتژمێر ڕادەوەستێت. جوڵانی میلی کاتژمێرەکە لە دروستکردنی-ئێستادا واتای بوونگەرانە و کاتی بە کاتژمێرەکە دەبەخشێت و بەگوێرەی جوڵانی میلەکە ئێستاکان دەژمێرین. دروستکردنی-ئێستا لەنێو یەکێتی ڕەهەندەکاندا و مانەوەی

چاوەڕوانکراوەکەدا دەبێت بە کاتی. مانەوەی "لەسەر ئەوەی پێشتر ڕوویدا" و دروستکردنی-ئێستا دەریدەخات بە دەربڕینی 'ئێستا' مرۆڤ ئاسۆیەکی دواتر "ئەو ئێستایەی هێشتا نەبووە" دەبینێت. لێرەدا کات خۆی دەردەخات.

چۆن پێناسەی ئەو کاتە بکەین، کە لەگەڵ بەکارهێنانی کاتژمێردا دەیناسین؟ ئەم کاتە دەژمێرین و لەگەڵ جولانی میلی کاتژمێرەکە دەیخوێنینەوە. مانەوەی دروستکردنی-ئێستا لەنێو یەکێتی ڕەهەندەکانیدا پەیوەندییان بە 'پێشتر' و 'دواتر' هەیە. ئەمەش پێناسەی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەریستۆیە بۆ کات، کە دەڵێت، "کات ژماردنی جولانەکانە لە بوارەکانی 'پێشتر' و 'دواتر' توشمان دەبن."[212] ئەم پێناسەیە لە سەرەتاوە سەرنجڕاکێش نییە. کاتێک بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانە لە واتاکەی بکۆڵینەوە دەبێت بە پێناسەیەکی بەڵگەنەویست و ڕەسەنانە.

بەڵام سەرچاوەی کات بۆ ئەریستۆ نەبووە بە کێشە. ڕاڤەکردنەکەی زۆرتر سروشتانەیە. بەهەرحاڵ، مادام ئەو تێگەیشتنە و بابەتی تێگەیشتنەکە لە توێژینەوەکەماندا بوون بە کێشە، شیکردنەوەکەی ئەریستۆ بۆ کات پاش چارەسەکردنی پرسیارکردنەکە سەبارەت بوون، بیردۆزەییانە ڕاڤەدەکەین. پێویستە ڕاڤەکردنەکەشمان بە جۆرێک بێت گرنگی پرسیارە دێرینە ئۆنتۆلۆجییەکە و پۆزەتیڤانەش لایەنە کەموکورتەکانی دەربخات.[213] لە

---

[212] Aristotle, *Physics*, 219 b, 1 ff.

[213] بڕوانە کورتە بەشی (٦)ی ئەم نوسراوە.

سەردەمی ئەریستۆوە هەموو مشتومڕەکان لەسەر چەمکی کات لە سنووری پێناسەکەی ئەودا نەچوونەتە دەرەوە؛ هەموویان لەو باوەڕەدابوون کات دەژمێردرێت؛ واتە، ئەوەیە دەریدەبڕین و تەنانەت نا- بیردۆزەییانەش پەیوەندی بە جوڵانی میلی کاتژمێرەکە یان (سێبەر)ەوە هەیە. کاتێک بە هۆی جوڵانەکەوە 'ئێستا' دروستدەکەین دەڵێین، (ئێستا لێرە، ئێستا لێرەو هتد). ئێستاکان دەژمێرین. ئەوانیش لەنێو هەریەکێک لە ئێستاکاندا هەن، کە دەبن بە "ئێستا-هیچ ئێستایەک نییە" یان "ئێستا-نا". ئەم کاتە-جیهانییەی لە بەکارهێنانی کاتژمیردا دەبینرێت ناودەنێین "کاتی-ئێستا".

[٤٢٢] چەند نیگەرانی 'سروشتانە' کار لەگەڵ کاتدا بکات ئەوەندەش کەمتر خۆی بە کاتە خوێنراوەکەوە ماندوودەکات. بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەنێو ئەو ئامێرانەدا وندەبێت، کە بایەخیان پێدەدات و هەریەکێک لەو ئامێرانەش کاتی خۆی هەیە. لە تێگەیشتنە باوەکەدا کات دەبێت بە زنجیرەی 'ئێستاکان'، کە بەردەوام دەبن بە بابەتی-دەرەکی و کتوپڕ سەرهەڵدەدەن و لەناودەچن. ئایا چۆن لەو کاتە جیهانییەی بۆی نیگەرانین تێبگەین؟

ئێمە بە گەڕانەوەمان بۆ بونیادی کاتی جیهانی و بەراوردکردنی لەگەڵ تێگەیشتنی باو لە کات وەڵامەکەمان دەستدەکەوێت. هەروەها گرنگی ڕۆژدانانمان بۆ کات باسکرد، کە پەیوەندی بە ڕەهەندەکانی کاتەوە هەیە. 'ئێستا' لە ناوەڕۆکدا دەبێت بە "ئێستا، کە...". ئەگەر هەست بە بوونی 'ئێستا'ش نەکەین، لە هەموو حاڵەتێکدا یەک ئێستایە، کە ئێمە هەمانە یان نیمانە. ئاماژەکردن سەر بە ناوەڕۆکی 'ئێستا'یە. بەگوێرەی

ئەمەش بۆ کاتیـ-جیهانی نیگەران دەبین. لە تێگەیشتنی باودا کات بووە بە زنجیرەی ئێستاکان، ڕۆژدانان و ئاماژەکردن تیایدا ونبوون. ئەم دوو بونیادەی تیادا دەرنەکەوتوە و داپۆشراوە. پەیوەندی 'ئێستاکان' لەگەڵ ئەم دوو بونیادەدا دەپچڕێت و دوای یەکدی دەکەون و دەبن بەزنجیرە.

[٤٢٣] داپۆشین و شاردنەوەی کاتی جیهانی لەنێو تێگەیشتنی باودا بۆ کات ڕێکەوت نییە؛ بۆ ڕاڤەکردنی ژیانی ڕۆژانە بۆ کات دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندی بە نیگەرانبوونە گشتییەکانەوە هەیە و تەنیا ئەوە دەبینێت، کە لە نێو بوارە گشتییەکەدا دەردەکەوێت. لە پێواندنی کاتدا نیگەرانی ڕوو لە 'ئێستا' دەکات و لەگەڵ بابەتەکانی بەردەست و بابەتە دەرەکییەکاندا هەوڵی تێگەیشتنی دەدرێت. مادام نیگەرانی ڕوو لە کات دەکاتەوە و دەیەوێت تێیبگات لە بەستێنی ئەو بوونەوە ئێستاکان دەبینێت، کە ڕێنمایی خودی نیگەرانییەکە دەکات. [214] کەوابوو، (ئێستاکان) لە ڕوویەکەوە پێکەوە دەبن بە بابەتی دەرەکی: واتە ئێستا ئەو هەبووانەن ڕووبەڕوویان دەبینەوە. هەرچەندە ناتوانین بە ئاشکرا و وەکو هەبووەکان (ئێستاکان) بە بابەتی دەرەکی دابنێین، هێشتا ئۆنتۆلۆجییانە خۆیان وەکو بیرۆکەی بابەتە دەرەکییەکان دەردەخەن. 'ئێستاکان' تێدەپەڕن و ڕابردوو پێکدەهێنن.

ئەو ئێستایانەی دواتر سەرهەڵدەدەن پێناسەی داهاتوو دەکەن. ڕاڤەکردنە باوەکە بۆ کاتی جیهانی، کە بە کاتی-ئێستا دایدەنێت هەرگیز

---

[214] بڕوانە کورتەبەشی (٢١)ی ئەم نوسراوە.

ناتوانێت جیهان، ئاماژەکردن و ڕۆژدانان بناسێت. ئەم بونیادانە نادیاردەمێننەوە. زنجیرەی 'ئێستاکان' لەنێو کاتدا گۆڕانی بەسەردادێت، بە ڕادەیەکیش، وەکو بابەتی دەرەکی دەبینرێت، ئێمە دەڵێین: "لەنێو هەموو 'ئێستا'یەکدا ئێستایە"؛ هەموو 'ئێستا'یەک لەناودەچێت. لەنێو هەموو 'ئێستا'یەکدا 'ئێستا' ئێستایە، کەوابوو بەردەوام هەیە و وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەزانین ئێستا تێدەپەڕێت و ئێستایەکی دیکە سەرهەڵدەدات. ئەم شتە گۆڕاوە بەردەوام ئامادەبوونی خۆی دەسەپێنێت. ئەفلاتون لە باسەکەیدا بۆ زنجیرەی ئێستاکان و سەرهەڵدان و لەناوچوونیان کاتی بە "وێنەیەکی هەمیشەیی" داناوە: " کاتێک گەردوونی ئافەریدکرد، بڕیاریدا وێنەیەکی جوڵاوی هەمیشەیی دروستبکات؛ بەگوێرەی ژمارە وێنە هەمیشەییەکەشی خستنە جوڵان. ئێمەش چەمکی (کات)مان لەو وێنەیەوە دەرهێناوە."[215]

زنجیرەی 'ئێستاکان' ناپچڕێت و بۆشایی تێناکەوێت. گرنگ نییە چەند دوور لە دابەشکردنی ئێستاکاندا بڕۆین، هەمیشە ئێستایە. بەردەوامی کات لەنێو ڕەهەندی شتێکی دانەبڕاوی بابەتێکی دەرەکیدا دەبینرێت. ئەو کەسەی لە بیرکردنەوە ئۆنتۆلۆجییەکەیدا پەنا بۆ بابەتێکی دەرەکی دانەبڕاو دەبات بەدوای گرفتی بەردەوامبوونی کاتدا دەگەڕێت یان وازیلێدەهێنێت. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا بونیادە تایبەتییەکەی کاتی-جیهانی شاراوە دەمێنێتەوە. لەگەڵ ڕۆژداناندا دەبێت بە مەودا. ئەم

---

[215] بڕوانە: Plato, *Timaeus*, 37 d.

مەودایەش درێژبوونەوەی ڕەهەندە یەکگرتوەکانی کات نییە، کە بووە بە کاتی گشتی. لەڕاستیدا، لەنێو هەموو 'ئێستا'یەکدا، گرنگ نییە چەند کورتخایەن بێت، ئێستایە و پەیوەندی بە ئێستاکەی پێشوتروە هەیە، کە ئەم ئێستایەی لێوە دەرچووە: واتە پێویستە بە درێژبوونەوەی ڕەهەندی کات دابنرێت، کە لە بەردەوامی بابەتێکی-دەرەکییەوە دوورە و هەمانکات مەرج بۆ ئەگەری ناسینی هەموو شتێکی بەردەوام مسۆگەردەکات.

[٤٢٤] تێزی سەرەکی ڕاڤەکردنی باو بۆ کات، کە گوایە کات 'نەبڕاوە'یە، بەتەواوی کاتی جیهانی و کات بەگشتی دەشارێتەوە. کات بە زنجیرەیەکی نەپچڕاوی 'ئێستاکان' دادەنێت. هەر یەکێک لە 'ئێستاکان' دەبێت بەوەی ئێستا هەیە یان ئێستا دێتە پێش. ئەگەر ئەمە خەسڵەتی کات بێت ئەوا سەرەتا و کۆتاییەکەی نادۆزرێتەوە. هەر یەکێک لە ئێستا تێپەڕیوەکان دەبێت بە ئێستا و ئەوەی ئێستاش نییە؛ کەوابوو، کات ئەوەیە "ئێستا نییە" و بووە بە ڕابردوو. هەریەکێک لە ئێستایەکەمان ئێستایە، بەو واتایەی هێشتا پەیدانەبووە؛ داهاتووە.

لەبەر ئەمە لە هەردوو سەرەوە کات نەبڕاوەیە. ئەم تێزە لەوێدا دروستە و دەگونجێت، کە بیر لە جوڵانی بێ دەربەستی هەبوویەکی "لەنێو-خۆ"ی بابەتێکی دەرەکی لەنێو 'ئێستاکان'دا دەکەینەوە. دیاردەی 'ئێستا' بەتەواوی لەنێو ڕۆژدانان، جیهانێتی، مەوداو بوونی لە شوێنێکدا، وەکو دازاین دەشاردرێتەوە و ناناسرێتەوە. ئەگەر کەسێک بیر لە زنجیرەی ئێستاکان تاکو کۆتایی بکاتەوە بە بابەتێکی دەرەکی دابنێت یان داینەنێت، هەرگیز کۆتاییەکەی دیاریناکرێت. لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا

پێویسته بیری زۆرتر له کات بکرێتەوە؛ بەو ئاکامەش بگەین، که کات لەکۆتایی بەدەرە.

[٤٢٥] لەچیدا کاتی جیهانی و خودی کات دادەپۆشرێن و دەشاردرێنەوە؟ له بوونی دازایندا، که به نیگەرانی ناساندمان.[216] دازاینی فرێدراو و کەوتوو زۆربەی کات لەنێو بایەخدانەکانیدا وندەبێت. لەم ونبوونەیدا له ئاستی ڕەسەنێتی خۆی ڕادەکات، که دەبێت چاوەڕوانی بێت و بڕیاری لەسەربدات. ئەم ڕاکردنه کاتیش دادەپۆشێت. هەروەها، ئەمه ڕاکردنه له مردن و ئاوەڕدانەوەیه له کۆتایی بوون-لەنێو-جیهاندا.[217]

ئاوەڕنەدانەوە[له کۆتایی] شێوازێکی ڕەهەندی بوونه-بەرەو-کۆتایی و داهاتوویيه. کاتی ناڕەسەنانەی ژیانی ڕۆژانەی دازاین، وەکو کەوتن، ناڕوانێته کۆتایی و له ناسینەوەی ڕەهەندی داهاتووی ڕەسەنانه و کات بەگشتیدا سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر 'ئەوان'یش ڕێنمایی دازاین بکەن ئەوا خۆ-ونکردن و لایەنی نەبڕاوەی کاتی گشتی بەهێزتر دەبن. 'ئەوان' هەرگیز نامرن چونکه ناتوانن بمرن؛ مردن له هەموو حاڵەتێکدا پەیوەندی به بوونی منەوە هەیه و تەنیا له بڕیاردانه چاوەڕوانکراوەکەمدا ڕەسەنانه له واتاکەی تێدەگەم. لەگەڵ ئەمەشدا، 'ئەوان'، که نامرن و له واتای بوون-بەرەو-کۆتایی به هەڵه تێدەگەن، به جۆرێک مردن ڕاڤەدەکن، که بتوانین له ئاستیدا ڕابکەین؛ تاکو کۆتایی کاتیان هەیه. لێرەدا هەبوونی کات بەو واتایەی مرۆڤێک ونیدەکات، دەناسرێت. ئێمه دەڵێین "هەر

---

[216] بڕوانه کورتەبەشی (٤١)ی ئەم نوسراوە.

[217] بڕوانه کورتەبەشی (٥١)ی ئەم نوسراوە.

ئێستا ئەم، ئەوجا ئەو! یان ئەوە هێشتا تەواو نەبووە، کاتێک...".
ئەمانە دەریدەخەن لە واتای کۆتایی و بڕانەوەی کات تێناگەین؛ کەچی بەپێچەوانەوەیە. نیگەرانی هەوڵدەدات زۆربەی کاتەکانی هەبێت. لە ژیانی ڕۆژانە و گشتیدا هەموو کەسێک دەتوانێت کاتی هەبێت و کەس نادیاری زنجیرەی 'ئێستاکان' نابینێت. ئایا نەمانی مرۆڤ، کە وەکو بابەتێکی-دەرەکی لەنێو کاتدایە، چ کاریگەرێتییەکی بەسەر بوونی کاتەوە دەبێت؟ کاتێک مرۆڤ دێتە بوونەوە 'کات'، وەکو جاران بەردەوام دەبێت. تەنیا کاتی گشتی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، کە کاتی هەموو کەسێک و هیچ کەسێکیش نییە.
ئەوەی لە مردن ڕادەکات ڕزگاری نابێت و مردن دەیگاتێ. ئەوەی ئاوەڕی لێناداتەوە هەردەیبینێت، بەهەمانشێوەش زنجیرە نەبڕاوەکەی 'ئێستاکان' کاری خۆی لەسەر بوونی دازاین دەکات. بۆچی دەڵێێن کات دەڕوات و بیر لەوە ناکەینەوە چۆن پەیدادەبێت؟ دازاین لە باسکردنی کات تێپەڕبووندا زۆرتر لە واتای کات تێدەگات و باوەڕی پێدەکات؛ واتە، هەرچەندە کات شاردراوەتەوە، بەڵام لە بەکاتیبوونی جیهاندا خۆی دەردەخات. هەروەها ئەم باسکردنە لە ئەزمونی دازایندا کات بە شتێکی نەوەستاو دادەنێت. هۆکاری ئەم ئەزمونەش ئەوەیە، کە ئێمە دەمانەوێت کات ببڕێتەوە و بوەستێت. لێرەدا، چاوەڕوانییەکی ناڕەسەنانە بۆ 'ساتەکان' سەرهەڵدەدات؛ چاوەڕوانییەک، کە زوو لەگەڵ تێپەڕبوونی ساتەکان لە بیر دەردەکات. چاوەیوانیکردنی ناڕەسەنانە بە لەبیرچوونەوە مەرجە بۆ ئەگەری ئەزمونی باو بۆ تێپەڕبوونی کات. لەبەر ئەوەی دازاین داهاتوییە و پێش-بوونی خۆی دەکەوێت، پێویستە لە چاوەڕوانییەکەیدا

له زنجیرەی 'ئێستا' تێپەڕبووەکان تێبگات. دازاین له ڕێگەی ناسینی ڕاکردنەکەی له مردن له ڕاکردنی کات تێدەگات. له باسەکەشیدا لەسەر تێپەڕبوونی کات له ڕوانگەی ژیانە گشتییەکەیەوە دەڕوانێتە داهاتووی بڕاوەی خۆی. مادام لەمجۆرە باسەدا مردن بە شاراوەیی دەمێنێتەوە ئەوا کاتیش دەبێت بە هەبوویەکی لەنێو-خۆ تێپەڕبوو.

[٤٢٦] تەنانەت له زنجیرەی 'ئێستاکان'یشدا کات بە داپۆشراوی و شاراوەیی خۆی بەرجەستەدەکات. له ڕاڤەکردنە باوەکەدا جوڵانی کات بە نەگەڕاوە دادەنرێت. بۆچی کات ناگەڕێتەوە؟ ئەگەر کەسێک بەتایبەتی بڕوانێتە زنجیرەی 'ئێستاکان' ناتوانێت تێبگات بۆچی ئەم زنجیرەیە ناگەڕێتە دواوە. ئەمەش پەیوەندی بە خوێندنەوە و دانانی کات لەنێو کاتی گشتیدا هەیە، کە داهاتووییە و ڕوو له کۆتایی دەکات.

خەسڵەتەکانی، وەکو زنجیرەی 'ئێستا' نەگەڕاوەکان، له کۆتایی بەدەر لەنێو کاتی دازاینی کەوتووەوە پەیدادەبن. سەر بە بوونی مامناوەندی دازاینن. زۆربەی کات و له نزیکەوە مێژووش لەم بۆچوونە گشتی و باوەوە دەخرێتە نێو کاتەوە. ئەم ڕاڤەکردنە بۆ کات گرنگی خۆی دەدۆڕێنێت ئەگەر نیازی ڕاگەیاندنی 'ڕاستی' سەبارەت کات هەبێت. بەپێچەوانەشەوە، ئێمە له کاتی دازاینەوە دۆزیمانەوە چۆن و بۆچی کاتی جیهانی سەر بە بوونی ئەوە. ئەم ڕاڤەکردنەی بونیادی تەواوی کاتی-جیهانی، کە له خودی کاتەوە وەرگیراوە، یاریدەدەرە بۆ بینینی لایەنە داپۆشراوەکە له ڕاڤەکردنە باوەکەدا بۆ کات. ڕووکردن له کاتی دازاین بنەڕەت و فاکتۆری پێویست بۆ شاردنەوە و داپۆشینەکە دیاریدەکات. هەمانکات بەڵگەکانی تێزە باوەکە بۆ کات دەخاتە بەر تاقیکردنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕوانگەی تێگەیشتنە باوەکەوە کات ناگەڕێتەوە. کاتی-ئێستاش دەبێت بە بەشێک لە کاتی ناڕەسەنانەی دازاین؛ لەبەر ئەمە ئەگەر بمانەوێت ئاوەڕ لە دەرچوونی کاتی-ئێستا لەنێو کاتەوە بدەینەوە ئەوا کات بە سەرەکی دادەنێین.

[٤٢٧] ڕەهەندی ئاسۆیی کات لەنێو داهاتوودا کاتیبوونی خۆی دەردەخات بەڵام لە تێگەیشتنە باوەکەدا کات بە 'ئێستا' دادنرێت و ئێستاش دەبێت بە ڕانەبردوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت چاوەڕوانی پێشکەوتن لە باسەکەماندا یان دیاریکردنی ڕەهەند و ئاسۆی "ساتی تێڕوانین" نەبینین، کە لە کاتی ڕەسەندا هەیە. داهاتووش بەو جۆرەی تێیدەگەین، بە ڕۆژدانان و ئاماژەکردنی 'ئەوجا'وە لەگەڵ واتای داهاتووی تێگەیشتنە باوەکەدا کۆک نابێت چونکە ئەو 'ئێستا' ڕووتانە نییە، کە هێشتا پەیدانەبوون. ڕەهەندەکانی "ئەوەی هەبوو"، ڕۆژدانان و ئاماژەکردنەکە بۆ "ئەوەی پێشتر ڕوویدا" نابن بە ڕابردووی 'ئێستا' ڕووتەکان. لەنێو 'ئێستا'دا ئەوەی هێشتا پەیدانەبووە نادۆزینەوە. بەڵکو ڕانەبردوو لەنێو داهاتوودایە و ڕەهەندەکانی کات لە یەکدی جیانابنەوە.[218]

---

[218] لەڕاستیدا چەمکی کۆنی 'هەمیشەیی' ئاماژە بۆ ئێستایەکی چەقوەستاو دەکات و لە تێگەیشتنی باوەوە بۆ کات وەرگیراوە. کات، وەکو بابەتێکی-دەرەکی بەردەوام پێناسکراوە و ئێمە لێرەدا نامانەوێت زۆر لە سەری بڕۆین. ئەگەر هەمیشەبوونی خوا فەلسەفییانە شیبکرێتەوە ئەوا دەبێت بە کاتێکی نەبڕاوە. بەڵام میتۆدی نێگەتیڤی، کە ئەگەرێکە بۆ شیکردنەوەکە، دەبێت زۆرتر باسبکرێت.

هەرچەندە، زۆربەیکات ئەزمونی باو بۆ کات تەنیا کاتی-جیهانی دەناسێت، هەمیشە پەیوەندییەکی گرنگیش لەنێوان کات و گیان یان دەرووندا بەبێ گوێدان بە نەبوونی پرسیارە فەلسەفییەکە سەبارەت'خۆ'، دیاریدەکات. ئەم دوو پەرەگرافانەش بۆ بەڵگە دەهێنمەوە. ئەریستۆ دەڵیت، "ئەگەر بێچگە لە دەروون یان هۆشی دەروونی بۆ هیچ هەبوویەکی دیکە نەتوانێت کات بپێوێت و دەروونیش نەبوایە، کات نەدەبوو."[219] هەروەها سانت ئۆگستین دەنوسێت،" لێرەدا، بۆ من ئاشکرا دەبێت کات بێجگە لە درێژبوونەوە چی دیکە نییە. بەڵام چ جۆرە درێژبوونەوەیەک؟ من نازانم. جێگەی سەرسوڕمانیشە ئەگەر درێژبوونەوەی خودی دەروون نەبێت."[220] کەوابوو، ڕاڤەکردنی بوونی دازاینیش، وەکو کات لە سنوری چەمکە باوەکە دەرناچێت. هیگڵ بەئاشکرا هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان تێگەیشتنە باوەکە لەکات و گیان دابمەزرێنێت. لەلایەکی دیکەوە، بۆ کانت کات خۆگەڕانەوەیە لەتەنیشت "من بیردەکەمەوە" دا بەبێ گرێدانیان پێکەوە دانراوە.[221] زەمینەی

---

[219] هایدیگەر ئەم گوتەیەی ئەریستۆی بە زمانی یۆنانی لەنێو دەقەکەدا داناوە و لەم پەڕتووکەی ئەریستۆوە وەریگێڕاوە:

Aristotle, **physics**, 223a 25.

[220] St.Augusteine, **Confession** , xl,26.

[221] بۆچوونی کانت، کە لەتێگەیشتنی هیگڵ بۆ کات ڕادیکاڵترە لە بەشی یەکەمی کەرتی دووەمدا باسدەکەین. [حەزدەکەم جارێکی دیکە خوێنەر ئاگاداربکەم، کە هایدیگەر ئەم بەشەی نەنوسیوە و لێرەدا تەنیا بەڵێنی نوسینی داوە. (م.ک)].

پەیوەندی نێوان کات و گیانیش لای هیگڵ بۆ ئێمە بەڕادەیەک جۆرە تاکو بتوانین ناڕاستەوخۆ ڕاڤەی کاتی دازینی لەسەر بکەین و بەسەرچاوەی کاتی-جیهانی دابنێین.

## ٨٢. بەراوردکردنی پەیوەندی بوونگەرانەی-ئۆنتۆلۆجی کات، دازاین و کاتی-جیهان لەگەڵ پەیوەندی نێوان کات و گیان لای هیگڵ.

[٤٢٨]مێژوو، کە لەجەوهەردا مێژووی گیانە، لەنێوکاتدا دەگوزەرێت. کەوابوو، "پێشکەوتنی مێژوو لەنێوکاتدایە".[222] هیگڵ بەدامەزراندنی فاکتۆر لەنێو کاتی گیاندا ڕازی نییە، بەڵام دەیەوێت تێبگات چۆن گیانێکی نا-هەستی دەکەوێتە نێو کاتەوە.[223] کات دەبێت گیان وەرگرێت و گیانیش لە جەوهەردا پەیوەندی بەکاتەوە هەبێت. لێرەدا دووخاڵی گرنگ بۆ باسەکەمان دێنە پێش: یەکەم، چۆن هیگڵ پێناسەی جەوهەری کات دەکات؟ دووەم، چی سەربەجەوهەری گیانە تاکو بیخاتە نێو کاتەوە؟ وەڵامەکانمان ڕاڤەکردنەکەمان بۆ کاتی دازاین باشتر ڕووندەکەنەوە. ئەمەش لەڕێگەی بەراوردکردنەوە ئەنجامدەدەین. هەروەها، ئێمە نامانەوێت کارلەسەر گرفتەکانی هیگڵ بکەین، چونکە مەبەستمان ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی نییە. چەمکی کات لای هیگڵ بۆ تیگەیشتنی

---

[222] Hegel,**Die Vernunft in der Geschichte. Einleitung in die philosophie der weltgeschichte**(ed.G.Lasson,1917),p.133.

[223] هەمان سەرچاوەی پێشو.

باو زۆر ڕادیکاڵانەیە و کەم باسیشی کراوە. ئێمە دەمانەوێت بەراوردی ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکەکەمان بۆ کات بکەین.

## ئەلف. چەمکی کات لای هیگڵ

[٤٢٩] لەگەڵ توێژینەوەی فەلسەفییانە بۆ کات شوێن دەردەکەوێت و دەبێت بە بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لەواتای کات. یەکەم ڕاڤەکردن و بەبیردۆزەکردن لەنێو تێگەیشتنی باودا بۆ کات لە[پەڕتووکی]فیزیای ئەریستۆوە لەزەمینەی ئۆنتۆلۆجی بۆ سروشتەوە دەستپێدەکات.[لێرەدا]کات بە'جوڵان' و 'شوێن' ەوە گرێدراوە. هیگڵیش پەیوەندی ئەم نەریتییەی کردووە و لەبەشی دووەمی (ئینسایکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکاندا)لەژێر سەردێڕی"فەلسەفەی سروشت" داناوە. بەشی یەکەمی باسی میکانیزم دەکات و بەشێکی دیکەشی بۆ"کات و شوێن" تەرخانکردووە. هەروەها، بەڕووتکراوی و دابڕاوی لەیەکدییەوە و لە دەرەوەدا دانراون.[224]

جووتکردنی کات و شوێن لەلایەن هیگڵەوە بێ مەبەست و ڕووکەشانە نییە: [ئەو دەڵێت]شوێن و هەروەها کات. فەلسەفە دژایەتی لەگەڵ 'هەروەها' دەکات. دەرچوون لە لەشوێنەوە بەرەوکات ئەو واتایە

[224] Hegel, **Ency klopadic der phliosophischen wissenschaften im Grundrisse**(ed.G.Bolland, Leiden, 1906),Sections 254 ff. This edition also indudes the '**addenda**'from Hegels' Lestures.

ناگەیەنێت هەردووکیان پێکەوە لەیەک شوێندا باسبکرێن؛ بەڵکو دەرچوونەکە خودی شوێنە. 'شوێن' کاتە؛ واتە کات 'ڕاستی' شوێنە.[225] ئەگەر دیالیکتیکییانە بیر لەشوێن بکرێتەوە، ئەوا بەگوێرەی بۆچوونەکەی هیگڵ، بوونی شوێن، وەکو کات خۆی دەردەخات. چۆن بیر لە شوێن دەکرێتەوە؟

شوێن بوونی ڕاستەوخۆ و لەجیاوازی بەدەری سروشتە.[226] ئەمەش شوێن دەکات بە فرەجۆرێکی ڕووتکراوەی خاڵەکان، کە لەنێویدا لەیەکدی جیادەکرێنەوە. ئەمانەش شوێن دابەشناکەن؛ لەوانیشەوە، کە پێکەوە دەنوسێن شوێن پەیدانابێت. هەرچەندە جیاوازییەکانی نێوان ئەمخاڵانە دەبن بە خودی شوێن، لەگەڵ ئەمەشدا شوێن بەبێ جیاوازی دەمێنێتەوە. جیاوازییەکان هەمان خەسڵەتی جیاکەرەوەکانیان هەیە. خاڵیش، کە جیاوازی لەنێو شوێندا دیاریدەکات 'ڕەتدانەوە' ی شوێنە و لەنێو شوێنیش دەرناچێت؛ خاڵەکە خودی شوێنە. شوێن"هەبووەکانە-لەدەرەوەی-یەکدکدا" و فرە جۆری خاڵەکانە بەبێ جیاوازی. بەڵام خودی خاڵ نییە؛ شوێن، بەو شێوەیەی هیگڵ باسیدەکات، 'کاتپارێزی"، یە.[227] ئەمەبناخەی ئەوڕستەیەیە، هیگڵ تیایدا باسی ڕاستی شوێن دەکات و ئەو

---

[225] هەمان سەرچاوەی هیگڵ، کورتە بەشی ٢٥٧.

[226] هەمان سەرچاوەی هیگڵ، کورتە بەشی ٢٥٤. لێرەدا هایدیگەر دەقی پێناسەکەی هیگڵی وەکو خۆی نەنوسیوە و بەزمانی خۆی دەریدەبڕێت.

[227] هەمان سەرچاوە. کورتەبەشی ٢٥٤. ئەمە دەقەکەی هیگڵە (شوێن کەوابوو، کاتپارێزییە، بەڵام کاتپارێزی، کە هیچە-بەردەوامبوونێکی تەواوە.)

ڕاستییه بەکات دادەنێت: لایەنی نێگەتیڤی خاڵیش بەرانبەرشوێن، دەرکەوتنی لەنێو شوێندا و بوون بە هێڵ و ڕووبەریش دەبن بە خەسڵەتەکانی.[228]

[٤٣٠]ئەگەر ڕاستەوخۆ شوێن لەڕێگەی خەسڵەتی لەجیاوازی بەدەری جیاوازییەکانەوە بناسین ئەوا ڕەتدانەوەکانیش ڕاستەوخۆ دەبینرێن. بەلام ئەم ناسینە بوونی شوێن ئاشکرا ناکات. بیرۆکە دەتوانێت ئەم کارەبکات. لەبیرۆکەدا، کە تێهەڵکێشەی بابەت و دژەبابەتە ئەم لایەنانە تێپەڕکراون و[هەمانکات]پارێزراویشن. لە ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوەدا (کە کاتپارێزییە) خاڵە دەبێت بە بوونێک بۆ خۆی و لەنێو[شوێنە]لەجیاوازی بەدەرەکەوە سەرهەڵدەدات و خۆی دەهێڵێتەوە.[229] وەکو هەبوویەکی-بۆ-خۆ، خۆی لەوانی دیکە جیادەکاتەوە؛ نە ئەم نە ئەو شتەیە. ئاماژەش بۆ بەڕێزهاتن دەکات. خۆڕەتکردنی کاتپارێزییەکەش[وەکو ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە] دەریدەخات، کە نایەوێت لەنێو شوێنە چەقوەستاوەکەدا بمێنێتەوە. ئەم

[228] Hegel, **Encyklopa'die**, Hoffmeisters' critical edition, 1949, section 257.

[229] لە لۆجیکی دیالێکتیکی هیگڵدا هەموو جوڵان و گۆڕانێک سێ کوچکەییە، لە بابەتەوە بۆ دژەبابەت و دوای هەردووکیان لەنێو تێهەڵکێسەکەیاندا دەتوێنەوە. تێهەڵکێشەکەش دەبێت بەبابەتێکی نوێ و دژەبابەتێکی دیکەی بۆ پەیدا دەبێت و ئەمانیش بە یەکگرتنەکەیان تێهەڵکێسەیەکی نوێتر دروستدەکەن. ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەڕوات تاکو هیچ ناکۆکییەک نامێنێت و دژەبابەت سەرهەڵنادات. هەروەها، بابەت لایەنی پۆزەتیڤ و دژەبابەت نێگەتیڤە. تێهەڵکێشەش ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوەیە یان دووجار نێگەتیڤە. (م.ک)

خاڵەش دژی خاڵەکانی دیکە یاخی دەبێت. بەدیدی هیگڵ، ئەم کاتپارێزییە یان ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوەیە کاتە. ئەگەر ئەم بۆچوونە سەلماندنێکی بە خۆوەگرتبێت تەنیا لەوەدایە، کە هەریەکێک لەخاڵە دەرچووەکان دەبێت بە ئێستا-لێرەدا، ئێستا-لێرەدا و هتد. هەریەکێک لەئەوان دەبێت بە خاڵی-ئێستا، "کەوابوو، خاڵ لەڕاستیدا لەنێو کاتدایە." و هەمیشە 'ئێستا' یە. 'ئێستا' دەبێت بەمەرج بۆ سەرهەڵدانی خاڵەکە. مەرجەکەش پێکهاتەی بوونی خاڵەکەیە و لەوێوە بیر لەبوونی دەکرێتەوە. مادام بیرۆکەی ڕووتی کاتپارێزی، کە پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە، هەمیشە سەبارەت بوونی 'ئێستا؛یە، بوونی دەرەکی ئێستاکان کات و شوێنە. ئایا چۆن پیناسەی کات دەکرێت؟

[٤٣١] کات، وەکو یەکگرتنێکی نێگەتیڤی بوون-لەدەرەوەی خۆیدا، ڕووتکراوەو بیرۆکەییە. ئەو بوونەیە، کە لەنێو بووندا نییە و ئەوەشە هەیە بەبێ ئەوەی لەنێو بوونیدا بێت؛ کات پەیدابوونی درک پیکراوە. واتە، جیاوازییەکان ساتین و تێدەپەڕن. بەشتێکی دەرەکیش دادەنرێن.[230] بەدیدی هیگڵ، ئەمە گۆڕانکارییە لەبوونەوە بۆ نەبوون و لەنەبوونەوە بۆ بوون.[231] پەیدابوون سەرهەڵدان و لەناوچوونە. جارێک بوون و جارێکی دیکە نەبوون دەکەوێتە پێش گۆڕانکارییەکە. ئایا ئەمە چ واتایەک بۆ کات دەبەخشێت؟ بنەمای بوونی کات 'ئێستا'یە.

---

[230] هەمان سەرچاوەی پێشەی هیگڵ، کورتەبەشی ٢٥٨.

[231] Cf. Hegel**, Wissenschaft der Logik**,Book 1, Division 1, chapter 1, (ed.G.Lasson, 1923),pp.66 ff.

هەموو'ئێستا'یەک ئێستایەکی تێپەڕیوە یان ئێستایەکی هێشتا پەیدانەبووە؛ کەوابوو دەبێت بە نەبوونیس. هەروەها، کات یەکیربوونی درک پێکراوە. گۆڕانکارییەکەی بیری لێناکەینەوە لەنێو تێپەڕبوونی ئێستاکاندا خۆی دەنوێنێت. ئەگەر جەوهەری کات پەیدابوونی درکپێکراوبێت، ئەوا کات لەبەررۆشنایی 'ئێستا' دا دەناسرێت.

بۆڕوونکردنەوەی ڕاڤەکردنی هیگڵ بۆ کات و خۆبەستنەوەی بە تێگەیشتنە باوەکەوە پێویست ناکات زۆرتر لەسەری بدوێن. کاتێک ئەو 'ئێستا' بەخەسڵەتی کات دادەنێت، پێشنیاری ئەوەش دەکات بۆ ناسینی کات، وەکو بابەتێکی دەرەکی بیرۆکەیی، دەبێت 'ئێستا' بشارینەوە.

ئەم هەوڵدانەی هیگڵ بۆ ڕاڤەکردنی کات و شاردنەوەی 'ئێستا' لەم ڕستانەیدا دەردەکەوێت:"'ئێستا' جێگایەکی دیاریکراوی هەیە، ئێستایەکی تاکە، بەڵام ئەم ئێستا تاکە سەربەخۆیە لەم کاتەدا من باسیدەکەم تواوەتەوە و چۆتە نێو[ئێستاکانی]دیکەوە."[232] "لەنێو سروشتدا، کە کات دەبێت بە 'ئێستا'هیچ جیاوازییەکی وەستاو لەنێوان ڕەهەندەکانی (ڕابردوو و داهاتوودا) سەرهەڵنادات."[233] "کەوابوو، پۆزەتیڤانە، مرۆڤ دەتوانێت کات بە ڕانەبردوو دابنێت؛ 'پێشتر' و 'پاشتر' نییە؛ ڕانەبردوویەکی کۆنکرێتییە لە ڕابردووەوە پەیدابووە و داهاتووشی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە. ڕانەبردووی ڕاستەقینە. کەوابوو هەمیشەییە."[234]

---

[232] Hegel, **Encyklopadie**, section 258, addendum.

[233] هەمان سەرچاوە، کورتە بەشی ٢٥٩.

[234] هەمان سەرچاوە.

[٤٣٢]ئەگەر هیگڵ کات بە پەیدابوونی درکپێکراو دابنێت. ئەوا سەرهەڵدان و لەناوچوون پێش کات ناکەون. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێکجار کاتی، وەکو"بەکارهێنراوێکی ڕووتکراوە" پێناسکردووە، کە پەیوەندی بە ئەزمون و ڕاڤەکردنی باوەوە بۆ کات هەیە.[235] لەلایەکی دیکەوە، کاتێک هیگڵ پێناسەی کات دەکات ئەم ئەزمونە و بەکارهێنانەڕووتە لەژیانی ڕۆژانەدا لەپێشەوە دانانێت؛ بۆ هیگڵ ئەمانە زەمینەیەکی دیالێکتیکیان بۆ پێشخستنەکە نییە بەوشێوەیەی لە'ئێستا؛دا دەبینرێت. لەگەڵ دانانی کات بە (پەیدابوون)یش، هیگڵ تێدەگات، کە'پەیدابوون'، وەکو چەمکێکی ڕووتکراوە، دەکەوێتە ئەودیو تەوژمی کاتەوە. کەوابوو، چاکترین شێوازی دەربڕین لە ڕاڤەکردنەکەی هیگڵدا بۆ کات، لەنێو پێناسەی "ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوەدایە."، کە کاتپارێزییە. لێرەدا زنجیرەی ئێستاکان دامەزراوە و بەجۆرێکیش شاراوەتەوە، کە مەحاڵە کەسێک بتوانێت تێپەڕی بکات.[236]

---

[235] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٢٥٨.

[236]گرنگی هیگڵ بۆ'ئێستا' و شاردنەوەی لەپێناسەکەیدا بۆ چەمکی کات دەریدەخات تاکو چ ڕادەیەک لەژێر کاریگەری بۆچوونی باودا بیریکردۆتەوە؛ ئەمەش، هەمانکات، کاریگەریێتی بۆچوونە نەریتییەکە بۆ چەمکی کات بەسەر هیگڵەوە دەسەلمێنێت. دەتوانین ئەوخاڵەش بسەلمێنین، کە هیگڵ ڕاستەوخۆ سودی لەبۆچوونی ئەریستۆ (بەتایبەتی پەڕتووکی فیزیا)وەرگرتووە. لەپەڕتووکی (لۆجیکدا)و دوایی لە (ئینسایکلۆپیدیا) دا هێگڵ باسی کاتی کردوە. خوێندنەوەی ئەو بەشانەی لەسەرکاتن ئاشکرایدەکات چۆن هیگڵ بۆچوونەکانی ئەریستۆی دوپاتکردۆتەوە. لە (لۆجیکی-جینا)دا چەمکی کاتی لەنێو فەلسەفەی سروشتدا داناوە، (لاپەڕە ١٨٦)، یەکەم بەشی بە (سیستەمی خۆر)ناوزەدکردووە، (لاپەڕە١٩٥ ).هیگڵ چەمکی کاتی بە جوڵان و

لەم بۆچوونە فۆرمەڵیستە-دیالیکتیکییەوە هیگڵ دەتوانێت پەیوەندی نێوان کات و گیان دروستبکات.

---

(ئەسیر)ەوە بەستۆتەوە. دوایی لەسەرشوێن دەدوێت. کاریگەرێتی ئۆنتۆلۆجی ئەریستۆ بەسەر بۆچوونەکانی کانت و هیگڵەوە قوڵە و ناتوانین ئاوەڕپلێنەدەینەوە. ئەم کاریگەرێتییە لەسەرەتاوە زانراوە، بەڵام ئاکامەکەی بە نادیاری ماوەتەوە. ڕاڤەکردنێکی فەلسەفییانەی کۆنکریتی بۆ بەراوردکردنی (لۆجیکی-جینا)ی هیگڵ و 'فیزیا' و 'مێتافیزیک' ی ئەریستۆ ئەمە ڕووندەکاتەوە. ئەریستۆش، وەکو هیگڵ 'ئێستا'بە جەوهەری کات دادەنێت. ئەریستۆ 'ئێستا' بە 'بڕواوە' دادەنێت؛ هەروەها هیگڵیش بۆ ئەریستۆ'ئێستا' ستیگمایە و بۆ هیگڵ 'خاڵ'ە. بۆ ئەریستۆ'ئێستا' شتێکە لێرەدا و بۆ هیگڵیش"ئەو-شتە-ڕەهایە" یە. بەگوێرەی نەریت، ئەریستۆ کات بە بازنەوە دەبەستێتەوە؛ هیگڵ جەخت لەسەر سوڕانەوەی بازنەیی کات دەکات، بەڵام پەیوەندییەکەی ئەریستۆ لەنێوان ئێستا و خال و بازنەکەدا باسناکات. لەسەر وجیاوازییەکانییەوە، بروگسۆن لەگەڵ هیگڵدا بۆ دانانی کات بەشوێن هاوڕایە: ئەم بیریارە تەنیا لەو سەرەوە بۆ کێشەکە دەڕوات؛ کات دەکات بەشوێن. ڕاڤەکردنی برگسۆنیش بۆکات لەنێو نەریتی ئەریستۆدا گەشەیکردوە. لەڕوانگەی پێناسەکەی ئەریستۆوە لەپێشدا ڕاڤە بۆ ژمارە دەکات و دوایی دێتەسەرکات. کات وەکو شوێن دەکات بەزنجیرەیەکی چەندەکی. بەردەوامیش بووە بە زنجیرەیەکی چۆنییەتی. ئێمە لێرەدا نامانەوێت ڕەخنەلەسەر بۆ چوونەکەی برگسۆن بگرین. هەروەها، لەدەرخستنی پەیوەندی نێوان چەمکی کات لای ئەریستۆ و هیگڵ باسی دەرنەچوونی هیگڵ لەژێر ئەم نەریتەدا ناکەم، دەمەوێت ئاماژە بۆ بواری بنەڕەتی لۆجیکی هیگڵ لەم پەیوەندییەدا بکەم. بۆ پەیوەندی نێوان ئەریستۆ و هیگڵ بڕوانە نوسراوەکەی نیگۆلای هارتمان لە: **Beitrage zur philosophic des deutsctschen Idealismus**, vol.3, pp.1-36.

### با. ڕاڤەکردنی هیگڵ بۆ پەیوەندی نێوان کات و گیان

[٤٣٣]ئەگەر هیگڵ لەوباوەڕەدا بێت گیان بە خۆدەرخستنی دەکەوێتە نێو کاتەوە و کاتیش ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە بێت، چۆن لە گیان تێبگەین؟ جەوهەری گیان چەمکە. مەبەستی هیگڵ لەم جەوهەرەش چەمکێکی هەمەکی نێو (جۆری گەورە-جینس)نییە، کە دەبێت بەفۆرمی ئەو بابەتەی بیریلێدەکرێتەوە. بەڵکو فۆرمی ئەو بیرکردنەوەیەیە بیر لە خودی خۆی دەکاتەوە: هەستکردنە بە بوونی خۆی-وەکو نا-خۆ.

بەوڕادەیەی ئەم هەستکردنە بە نا-خۆیی جیاوازی دەهێنێتە کایەوە، لەنێو چەمکدا ئەم جییاوازییە، کە جیاوازی جیاوازییە دەناسرێتەوە. کەوابوو، هیگڵ دەتوانێت فۆرمەلێستانە پێناسی گیان، وەکو ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە بکات. ئەمە ڕەتدانەوە ڕەهایە ڕاڤەکردنێکی لۆجیکمەندانە بۆ (کۆجیتۆ می کۆجیتارە ڕێم)ە کەی دیکات دەکات و جەوهەری 'ئاگامەندی' تێدا دەبینێت.[237]

[٤٣٤]چەمکەکە، بەمشێوەیە، بۆ'خۆ' دەبێت بە خۆ-ناسین؛ لەم ناسینەدا، 'خۆ' ڕەسەنانە دەیەوێت سەربەست بێت. هەروەها'من' چەمکێکی ڕووتە و بووە بە دازاین.[238] هەمانکات، 'من' یەکێتییە و پەیوەندی لەگەڵ بوونی خۆیدا دروستدەکات. دروستکردنی ئەم پەیوەندییەش ڕاستەوخۆنییە؛ پاش ڕووتکردنەوەیەتی لەهەموو خەسڵەت

---

[237] (کۆجیتۆ می کۆجیتارە ڕێم) ڕستەیەکی لاتینییە ( cogito me cogitare rem ) : واتە من بیر لەخۆم، وەکو شتێک دەکەمەوە. (م.ک)

[238] Hegel**, Wissenschaft der Logik**, vol.2(ed.Lasson,1923), fart 2,p.220.

و ناوەڕۆکێک و گەڕانەوەی بۆ سەربەستییەک، کە تیایدا لەگەڵ خۆیدا هاوتایە.[239] کەوابوو، 'من' بەگشتی، شێوازی ڕاستەوخۆ و تاکەکەسی هەیە.

ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوە نائارامییەکی ڕەهای گیان، خۆ-دەرخستن و جەوهەرێتی. بەرەوپێشەوەچوونی گیانیش لەنێو مێژوودا دەبێت بە بنەمای جیاکردنەوە و دابڕان.[240] لەمدابڕانەدا ئەوەی جیادەکرێتەوە لە گیان ناپچڕێت؛ بەڵکو گیان تێپەڕیدەکات. خۆ-ڕزگارکردن و لێبوردن خەسڵەتی سەربەستییەکەی گیانن. لەبەرئەمە، پێشکەوتن چەندەکی نییە و لەزۆریدا نییە؛ لە جەوهەردا سەربە چۆنییەتی گیانە. پێشکەوتن بە زانینەوەیە و ئامانجەکەشی زانراوە. لەهەموو هەنگاونانێکدا بەرەوپێشکەوتن، گیان خۆی تێپەڕدەکات و "بەسەر کۆسپەکانیدا سەردەکەوێت".[241]

گیان لە پێشکەوتنەکەیدا دەیەوێت بە"چەمکی خۆی بگات".[242] پێشکەوتنەکە "جەنگێکی لەکۆتاییبەدەر و سەخت دژی خۆی".[243] لەبەرئەوەی پێشکەوتنە نائارامەکە گیان بە چەمکی خۆی لە ڕەتدانەوەی ڕەتدانەوەدا دەگەیەنێت لەگەڵ دەرکەوتنیدا گیان دەکەوێتە نێو کاتەوە.

---

[239] هەمان سەرچاوە.

[240] Hegel**, Die Vernunft in der Geschichte. Einleitung in die philosophie der weltgeschichte**,(ed.G.Lasson,1917),p.130

[241] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٣٢.

[242] هەمان سەرچاوە.

[243] هەمان سەرچاوە.

کات چەمکە و 'لەوێدا'یە و نوێنەرایەتییەکەشی لەنێو ئاگامەندیدا درکپێکردنێکی بێ ناوەڕۆکە؛ چونکە دەرکەوتنی گیان لەنێوکاتدا پێویستییە و تاکو بەچەمکی بوونی خۆی نەگات و کات لەناونەبات، گیان لەنێو کاتدا دەرناچێت. کات خۆ-دەرخستنێکی-ڕووت و درکپێکراوە، کە 'خۆ'ناتوانێت بیگرێت.[244] کەوابوو، دەرکەوتنی گیان لەنێو کاتدا پێویستییە."مێژووی-جیهان"، لەمڕووەوە و لەسەروهەموو شتێکەوە، ڕاڤەکردنی بوونی گیانە لەنێو کاتدا و لەنێو شوێنیشدا 'بیرۆکە'ڕاڤەی خۆی ، وەکو'سروشت' دەکات.[245] دابڕانەکە، لەجولانە پێشکەوتنی-خوازییەکەدا پەیوەندی لەگەڵ نە-بوونیش دروستدەکات. ئەمەش کاتە، وەکو جەنگی 'ئێستا' دەناسرێت.

[٤٣٥]کات ڕەتدانەوەیەکی ڕووتکراوەیە. وەکو "درکپێکردنی پەیدابوون" جیاکردنەوەی خۆ-جیاکردنەوەیە و ڕاستەوخۆ توشمان دەبێت؛ چەمکێکە 'لەوێدا' یان بابەتێکی-دەرەکییە. وەکو بابەتێکی-دەرەکی و لەدەرەوەی گیاندا، کات دەستەڵاتی بەسەر چەمکەوە نییە. بەڵکو چەمک دەبێت بە "دەستەڵاتی کات."[246]

لەگەڕانەوەی گیان و کات بۆ بونیادە لێکچوەکەیان، وەکو ڕەتدانەوەی ڕەدانەوە، هیگڵ دەیەوێت ڕوونیبکاتەوە چۆن گیان لەنێو کاتدا دەبێت بە ڕاستەقینە. لەبەرئەوەی کات ڕاستەوخۆ، وەکو کاتی-جیهانی دەناسرێت بنەڕەتەکەی بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، بەگیانەوە گرێدەدرێت و بە

---

244 Hegel, **pha’nomenologie des Geistes**, **Werke** vol.2,p.604.

245 Hegel**, Die Vernunft in der Geschichte,p.** 134.

246 Hegel**, Encyklopådie**,section 258.

بابەتێکی-دەرەکی دادەنرێت. لەبەرئەمەشە، پێویستە گیان بکەوێتە نێو کاتەوە. بەڵام لایەنی ئۆنتۆلۆجی ئەم کەوتنە باسنەکراوە و نادیارە.

هیگڵ ڕۆشنایی کەمی خستۆتەسەر بنەڕەتی کات، وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداوەتەوە، کە گوایە گیان لە جەوهەریدا ڕێدانەوەی ڕەتدانەوەیە یان ئەم خەسڵەتەی بۆ بەکاتیبوونی دەگەڕێتەوە.

ئێمە ناتوانین باسی ئەوەبکەین، کە ڕاڤەکردنی هیگڵ بۆ کات و گیان، هەروەها پەیوەندی نێوانیان دروستە و دەکەوێتەسەر زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆجییانە. لەڕاستیدا، دروستکردنی پەیوەندی نێوانیان دیالێکتیکییانە کارێکی بوێرانەیە. هەوڵدانەکەی هیگڵیش لەپێناوی کۆنکریتکردنی گیاندایە، کە لەکۆتایی دوابەشی (فینۆمینۆلۆجی گیان)دا دەنوسێت: "کەوابوو، کات چارەنوس و پێویستییە بۆ گیان، لەکاتێکدا گیان لەنێوەوە بە ناتەواوی دەردەکەوێت: پێویستییە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاگامەندییەکەی خۆی و جوڵانی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (لە فۆرمێکدا، کە جەوهەر لەنێو ئاگامەندییدایە)، یان، بەپێچەوانەوە. لەخۆدەرخستنەکەیدا لەناوەوە (کە لەسەرەتاوە لەم شێوازەدایە) و دەیەوێت لەبوونی خۆی دڵنیابێت".[247]

[٤٣٩]شیکردنەوە بوونگەرانەکەمان بۆ دازاین، بەپێچەوانەی ئەمەوە، لە شێوازی کۆنکریتی و فاکتۆری فڕێدراوی ئەم بوونەوە دەستپێدەکات، تاکو کات لەڕێگەی ئەم شێوازەوە دەربخەین. یەکەمجار گیان ناکەوێتە نێوکاتەوە، بەڵکو، وەکو هەبوویەکی کاتی هەیە. کاتیش بەکاتیبوونی

[247] Hegel, **Phånomenologie des Geistes**, p.605.

کاتی-جیهان، لەنێو ئەوڕەهەندی، مێژووی تێدا دروستدەبێت، دیاریدەکات.

گیان ناکەوێتە نێو جیهانەوە؛ تەنیا بوونی فاکتۆری دەکەوێتە نێووی و بوونی ڕەسەنی بەنێچیردەکات. ئەم کەوتنەش خاوەنی 'ئەگەری' بوونگەرانەیە، کە لەشێوازی کاتیدایە، شێوازێک، کە سەربەخودی کاتە.

## ٨٣. شیکردنەوەی بوونگەرانە و کاتی بۆ دازاین و پرسیار سەبارەت واتای بوون بەگشتی لەئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیدا.

تاکوئێرە لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمانداوە ڕاڤەی سەرجەمی بوونی فاکتۆری دازاین بکەین و ئەگەرکانی لەشێوازی بوونی ڕەسەنانە و نا ڕەسەنانە باسبکەین. هەوڵدانەکەشمان بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانە بوو.

کات بۆ[ئەم شێوازانەی بوون]بووە بە بناخە و واتای نیگەرانی. لەم بۆچوونەوە شیکردنەوەی بوونگەرانەکەمان بۆ بوونی دازاین دامەزراو ئێستاش دەیگەڕێنینەوە بۆ کات. کاتیش دەبێت بە بونیادی سەرجەمی بوونی دازاین. لەبەرڕۆشنایی ئەو شێوازانەی کات خۆی دەردەخات، زەمینەکانمان بۆ ئەو بونیادانە دیاریکردوە، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردن. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕێگاکەمان بۆ گەیشتن بە پێکهاتەی بوونی دازاین بە تاکەڕێگا دەبینرێت. بەڵام ئامانجمان وەڵامدانەوەی پرسیارەکەیە سەبارەت بوون بەگشتی. لەشیکردنەوەی بیردۆزەییانەی بووندا دەبێت بیرۆکەی بوون بەگشتی لەلامان سەرهەڵدات و واتاکەی ڕوونبکەینەوە. ئەمەش دروستە ئەگەر پەیڕەوی ئەوخاڵە بکەین لەسەرەتای توێژینەوە

فەلسەفییەکەماندا جەختمان لەسەرکرد: [گوتمان] فەلسەفە "فینۆمینۆلۆجییەکی ئۆنتۆلۆجییانەی هەمەکییە، لە هێرمینۆتیکی دازاینەوە گەشتەکەی دەستپێدەکات، کە وەکو شیکردنەوەی بوون ڕێنمایی لەو خاڵەوە لێوەی دەردەچێت و بۆی دەگەڕێتەوە ڕێنمایی توێژینەوە فەلسەفییەکە دەکات."[248] ئەم تێزە نابێت، وەکو دۆگما تەماشای بکرێت، بەڵکو دەستنیشانکردنی گرفتێکی بنەماکەیە، کە بە شاراوەیی ماوەتەوە: ئایا دەکرێت زەمینە ئۆنتۆلۆجییەکان بۆ ئۆنتۆلۆجی دروستبکەین یان ئەمیش پێویستی بە بناخەیەکی ئۆنتیکی هەیە؟ ئایا چ جۆرە هەبوویەک دەبێت بەم بناخەیە؟

[٤٣٧]جیاوازی نێوان بوونی دازاین و بوونی هەبووەکان، وەکو خودی ڕاستەقینە، ئەو هەبووانەی خەسڵەتی دازاین هەڵناگرن گرنگە باسبکرێت؛ بەڵام هێشتا بۆ گرفتە ئۆنتۆلۆجییەکە خاڵی دەستپێکردنە؛ هەروەها، ئەوەش نییە فەلسەفە لەڕێگەیەوە خۆی بە دڵنیایی و ئارامبوون بگەیەنێت. ئۆنتۆلۆجی کۆن لەمێژە زانراوە خۆی بە چەمکی-شتەکانەوە ماندوودەکات و مەترسیش لە"بەشتکردنی ئاگامەندی" هەیە. بەشتکردن چ واتایەکی هەیە؟ لەکوێوە پەیدا دەبێت؟ چۆن بوون، وەکو بابەتێکی-دەرەکی نەک بابەتێکی-بەردەست، کە لەئێمەوە نزیکە، دەناسرێت؟ بۆچی بەشتکردن هەمیشە دەگەڕێتەوە و خۆی دەسەپێنێت؟ ئەگەر بەشتکردن بۆ ئاگامەندی نەگونجاوبێت، بوونی ئاگامەندی چ بوونیادێکی پۆزەتیڤانەی

---

[248] بڕوانە کورتە بەشی (٧)ی ئەم نوسراوە.

هەیە؟ ئایا جیاکردنەوەی ئاگامەندی لە شتەوە بۆ گرفتە ئۆنتۆلۆجییەکە یاریدەرە؟ ئایا وەڵامی ئەم پرسیارانە لەسەر ڕێگەمانە؟ ئایا دەتوانین بە دوای وەڵامەکەدا بگەڕێین لەکاتێکدا خودی پرسیارەکە سەبارەت واتای بوون بە دروستی دانەمەزراوە و ڕووننەکراوەتەوە؟

کەس ناتوانێت لەڕێگەی"ڕووتکردنەوە"ی نێو لۆجیکی فۆرمەڵیستی دەست بە توێژینەوەکانی لەسەر سەرچاوە و ئەگەری 'بیرۆکە' ی بوون بەگشتی بکات. ئەو کەوسە دەبێت ڕۆشنایی بخاتە سەر پرسیارە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆجییەکە. ڕاستی و دروستی ئەم ڕێگایەش دەرناکەوێت تاکو نەیگرینەبەر. ناکۆکییە سەبارەت ڕاڤەکردن بۆ بوون لەناو ناچێت، چونکە هێشتا دەستیپێنەکردووە. دواجاریش، ناتوانین بازدەینە نێو ناکۆکییەکەوە، چونکە دەبێت دەستپێکردنەکە پێویستی بە خۆ ئامادەکردنە.

ئەم توێژینەوەیەش ڕوو لەوێ دەکات. ئایا ئەم توێژینەوەیە لەکوێدا ڕادەوەستێت؟

شتێک، وەکو بوون لەتێگەیشتن-لە-بوون دەردەکەوێت، کە لەنێو تێگەیشتنەکەیدا سەر بەبوونی دازاینە. بوون لەشێوازێکی سەرەتاییدا دەرکەوتوە هەرچەندە ئەم شێوازە بیرۆکەییانە نییە؛ ئەمەش یارمەتی دازاین دەدات، وەکو بوونێک-لەنێو-جیهاندا ڕووبەڕووی هەبووەکان لەنێو جیهان و بوونی خۆی ببێتەوە. چۆن ئەم تێگەیشتنە دەرکەوتوەی بوون بۆ دازاین ڕوودەدات؟ ئایا لەگەڕانەوەمان بۆ پێکهاتەی بنەڕەتی بوونی دازاین، کە لەبوون تێدەگات، وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەستدەکەوێت؟ سەرجەمی پێکهاتەی بوونگەرانە و ئۆنتۆلۆجییانەی دازاین لەسەر

زەمینەی کات دادەمەزرێت. لەمڕووەوە، ڕەهەندی پڕۆژەی بوون دەبێت لەنێو کاتدا بێت. چۆن ڕاڤەی بەکاتبوونی کات دەکرێت؟ ئایا هیچ ڕێگەیەک هەیە ئێمە لەکاتەوە بەواتای بوون بەگەیەنێت؟ ئایا کات لەنێو ئاسۆی بووندا خۆی دەردەخات؟